تصوير ابو عبد الرحمن الكردي



مەلا حوسێنی گوڕڕی

گوڵی دڵی

مەلای گەورەی کۆیی

التفسير

بسم الله الرحمن الرحيم

کوڵی دڵی مەلای گەورەی کۆیی

کوڵی دڵی
مەلای گەورەی کۆیی

مەلاحسێن گورژی

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ
نوسینگەی تەفسیر

ناوی کتێب: کوڵی دڵی مەلای گەورەی کۆیی
ناوی نوسەر: مەلاحسێن گورژی
چاپ و بڵاوکردنەوەی: نوسینگەی تەفسیربۆ بڵاو کردنەوەو / هەولێر
خەت: نەوزاد کۆیی
نەخشەسازی ناوەوە: شنۆ حمدامین
بەرگ: ئەمین مخلص
نۆرە و ساڵی چاپ: یەکەم ١٤٣٠ک – ٢٠٠٩ز
تیراژ: ١٥٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی (٦٩١)ی ساڵی ٢٠٠٨ دراوەتێ

تەفسیر
بۆ بڵاوکردنەوە و راگەیاندن
هەولێر- شەقامی دادگا - ژێر ئوتێلی شیرین پالاس
ت : ٢٢٢١٦٩٥ - ٢٢٣٠٩٠٨- ٢٥١٨١٣٨
مۆبایل : ٠٧٥٠ ٤٦٠ ٥١ ٢٢ - ٠٧٧٠ ١٣٨ ٧٢ ٩١
tafseeroffice@yahoo.com
tafseeroffice@maktoob.com
altafseer@hotmail.com



مەلای گەورەی کۆیی

هە تـادەمرم لـەبـۆ کـوردان دەنـاڵم   عیلاجیان چۆن بکەم هاوار بە مـاڵم؟
دە بێ من کە یفی چیم بە دنیـا بـێ   قە ومی من وا ڕە زیل وڕیسوابێ ؟!

مەلا حوسێنی گورژی

ئـەمـن دەمـرم دەمێنـێ پـاشــەوارم	دەزانن ئەو حەلە کوردی هـەژارم
ئەوەی دەینوسم و دەیڵێم و دەیکـەم	لــە دڵـڕایە و لەباوەڕ رایە کـارم
لەبۆیە پاشی خۆم گشتی لەنێو گـەل	هــیوام وایــە ببێتـــە یـادگـــارم
ئەگەر ئەوڕۆش کەسێ ڕێزم نەزانـێ	دەزانێ گورژی گەل دوا،چی بووە کارم

تێبینی

ڕەنگە هێندێک کەس ڕەخنەم لێ بگرن وبڵێن کتێبەکەی خۆی لێوالێو کردووە لە هۆنراوە و گوتاری هۆنەران و نوسەرانی دیکە و کەمی قسەی خۆیەتی و بە مەسنگەلی خەڵک ڕازاندویەتەوە. منیش ئەو ڕەخنە لە سەرچاوم دادەنێم و بە دڵ قبوڵی دەکەم. چونکە تا ڕاددەیەکی زۆر ئەو قسە بەجێیە؛ بەڵام با هەمو کەس بزانێ، کە من ئەو کارەم بە چەند مەبەستی سەرەکی ئەنجام داوە کە بریتین لە:

١- مەبەست و واتای پەرتوکەکە لە هێندێک جێگا بۆ هێندێک کەس کەمێک توند و مەبەستەکانی کەمێک تیژ وداخن و؛ ڕەنگە لە کەسانێکی وەک منی وەرنەگرن، جا منیش بۆئەوەی پێیان بقولێنم و پێیان بڵێم: با بەتەنیا هەر من و مامۆستای کۆیی نین، کە لەگەڵ ئەو جۆرە بیروباوەڕە پڕوپوچەی واندا نەیارین و بەرهەڵستی دەکەین؛ من هیچ کە بە پەیڕەوی لە باشقە مەلاکانی وەک مامۆستای کۆیی لەسەر نەیاری ئەو خورافاتە ساخ بومەتەوە؛ ئەوەتا زۆر لە پێش مەلای گەورەشدا ئەو هەمو کەڵەپیاو و زانا گەورانە و لەدوای ویش هەر ئەو هەمو مەلاو زاناو ڕوناکبیر و تیژهۆش و دوربینانە نەیان هێشتووە ڕێگەی وی کوێر بێتەوەو دڵسۆزی خۆیان بۆ گەل و نیشتمان و ئایینە پیرۆزەکەیان نیشان داوەو لەو ڕێیەشدا خەباتیان کردووەو ڕەنج و ئازاری زۆریان چەشتووە.

٢- ویستومە ئەو شوێنەوار و پاشەوارە بەنرخ و خاوەن بایەخەی وان، کە هەرکامێکیان بەڵگەیەکی زیندوو پەرتویەکی درەوشاوەیە لەسەر هۆشیاری و زانیار و بێداری و دڵسۆزی زانایانی گەلە چەوساوەکەمان تۆمار بکەم و لە پەنای یەکیاندا

خڕبکەمەوە؛ تا هەم لە نەمان و فەوتان و لە بەین بران بییان پارێزم و پەزمەندەیان کەم بۆ دواڕۆژی گەلە هەژار و چاوبەستراوەکەمان و هەروەها بۆئاییینی چاک و پاک و تاک و پیرۆزی ئیسلام. دیارە کە هەر نەمامەی لە جێیەکم ڕا هێناوەو لەپەنای یەکم چەقاندون و کردومەتە ئەو باخچە چکۆلە بۆ بەرەی داهاتوو تۆرەمەی دواڕۆژی گەلەکەمان؛ تا نیشتمانە خۆشەویستەکەمانیان پێ لە فێڵی چاوبەستا بپارێزم، تا جارێکی دیکەش دژمنانی لاوەکی بەهۆی ستونی پێنجەمی خۆیان لەنێو ئێمەدا؛ نەتوانن کوردە موسڵمانەکان لەخشتە بەرنەوە.

٣٣- بێ گومان ئەگەر ئەو کارەشم نەکردبایە هەمو کەس دەستی وە هەموی ئەو بەڵگەو پەرتوکە مێژوییە بەنرخانە ڕانەدەگەییشت و ئەگەر بەدەگمەن یەکێک دەستی وەیەک دۆێک، یا چەن دانەیەکی وانە ڕاگەیبا لەوانەبو، کە هەتا مردن ئەوانی دیکەی هەر نەدیتبان و دەستی وییان ڕانەگەیبایە. بەڵام من ماوەیەکی زۆرم بۆ ئەو کارە تەرخان کردووەو لە ئێران و ئێراقان هەوڵم داوەو کەرەسەم بۆ خڕکردۆتەوە، تا وها شتێکم پێک وەناوە، کە بێ سوو هەمو کەس نەیدەتوانی ئەو کارە بکات، تەنانەت نیوەی ئەو هەمو بەڵگانەش پەیدا بکاو ئەو هەمو زەحمەتە بکێشێ، کە دەبێ قبوڵی بکەم، کە منیش هەر نەمتوانیوە یەک لەسەدی وانیش وەدەس بێنم.

ئەمجا گەلێک بە پێویستی دەزانم، کە لە ناخی دڵ و قوڵایی دەرونەوە سوپاسی زۆری هەمو ئەو کەسانە بکەم، کە تەنانەت بۆ گێڕانەوەی کورتە باسیکی مامۆستای کۆییان بە پێ گوتنی تاقە هۆنراوەیەکی ویش وەیا لە هەر بابەتێکەوە یارمەتییەکی چوکەلەشیان دابم. جا بەتایبەتی بەڕێزان مامو مەلا موحەممەدی بارزانی و جەنابی مامۆستا مەلا موحەممەدی کانی مازووەیی و

ڕێزدار مامۆستا مەلا عەبدووررەئوفی نەقشبەندی بیژوەیی، کە لەنێو ئەم شوێنەوارەدا شوێنی تایبەتی خۆیان دیارە و بەداخەوەش ئێستا هەرسێکیان کۆچی دووایییان کردووە و لەنێومان نەماون، هیوادارم کە خوای گەورە لەبەهەشتی بەریندا نشتەجێیان بکات و لەگەڵ مامۆستای کۆیی لە پەنای میهرو بەزەیی زۆر و بێ پایانی خۆی دا بییان حەوێنێتەوەو بییان حە سێنێتە وە.

نوسەر

بەباڵا برین لە لایەن چاپەمەنی هیواوە

پاشنیوەڕۆی چوارشەممە١٩/ بەفرانباری ٨٠ لە دەفتەری کاری خۆم دانیشتبووم و دەمنووسی، کە جەنابی مەلا (حسین گورژی) لەپڕ لێم وەژوور کەوت. پاش سڵاو و جواب و من خۆش و تۆ خۆش باسی چاپکردنی کتێبی (پرتو آیات رحمانی)یان هێنا گۆڕێ. لە ناکاو دیتم کتێبێکی پێنجسەد لاپەڕەی دەپرێسکە پێچراوی دیکەی لە بنەنگڵی دەرێن و لە پێشی دانام، داوای لێکردم کە لێی بڕوانم و ئەگەر بکرێ شتێکیشی لەسەر بنووسم و چاپی کەم. چاوێکم رێخشاند و لێی خورد بوومەوە زانیم چییە و بۆچی دەبێ. بڕێکیشی بۆ خوێندمەوە. وەرمگرت و شەوێ دەگەڵ خۆم بردەوە ماڵێ، بڕێکم موتالا کرد. پڕ ناوەڕۆکم دی، هەر ئەو شەوەی بە پێی بۆچونی خۆم ئەو شێعرانەم بە زەینی داهات و لەسەرم نووسی.

کتێبێکیان لەپێش دانام بە کوردی
کە کوترا بوو لە کوردێک بە مەردی
بڕژی گورژی کە نووسیوتە کتێبێک
مەلای کۆیە دەناسێنی بە وردی
کتێبی وا بەنرخ و پڕ لە ئەزموون
مەلای گەورە کە فەرموویە بە کوردی!
ئیدی مەعلوومە ئەورۆکە بە چاکی
لە زانستی کەسێک ناگا بە گەردی
ئەتۆ کۆت کردەوە بۆ نەسڵی ئەورۆ

نە خیچـــــــای و نە ژاکـــــــاوی بە ڕژدی
نیـــــشانەی بیـــــری ژیـــــر و تیـــــژی تـــــۆیە
کە لێزانـــــــی و قەڵەمگێڕێکـــــــی خـــــــوردی
لە بـــــــارەی مەردی کوردانـــــــدا دەنووســـــــی
ئیتـــــر هەر بـــــۆیە تـــــۆش لێـــــزان و مەردی
کەســـــێکی بـــــاش موتـــــالای کـــــا بە وردی
مـــــــوداوایە، بـــــۆ ئـــــۆف و ژان و دەردی
لە دیـــــــوانی ئەدەب نەڕڕادی چـــــــاکە
بە جـــــووت دێ دووشەشـــــی، هەر نـــــۆرە نەردی
بە شـــــانازی هیـــــواش بـــــۆ چـــــاپ و نەشـــــری
دەکۆشـــێ ســـوور بـــێ ڕووی، دوور بـــێ لە زەردی

عەبدولقادر قادری "هیوا"

بە باڵا برین لە لایەن مامۆستا ئەسعەدییەوە

بەنێوی خودای گەورە

زۆر لەمێژە لەگەڵ برای بەڕێز و خۆشەویست کاک مەلا حوسێنی گورژی پێوەندی دۆستایەتیمان هەیە و هەربۆیە و بەو بۆنەیەشەوە هاتوچۆمان هەبووە و هەیە. ئەو هاتووە و منیش چووم و من دەچم و ئەویش دێت. ئەوساڵ زۆر جاران کە یادم دەکرد و دەچوومە سەردانی هەموو جارێ دەمدیت وا لە دیوەکەی خۆی‌دا بە سەختی خەریکە یا پێنووسی بە دەستەوەیە و دەنووسێ یا بە تایپە کەجەکەی خۆی خەریکی تایپ کردنە یا لەگەڵ موتاڵا تێکەڵ بووە.

جا ئەوساڵ کە کتێبێکی مەزن و پڕبایەخی سەبارەت بە مەلای گەورەی کۆیە لەبەر دەستا بوو زۆر جاران کە دەچوومە لای یاخۆ بڕێکی بۆ دەخوێنمەوە یا من خۆم هێندێکم لێ دەخوێندەوە کە دەتوانم بڵێم بەو شێوە ئاگاداریم بەسەر زۆربەی کتێبەکەدا پەیدا کردبوو و لاموایە کە بە ڕاستی کتێبێکی زۆر زۆر باش و بایخدارە پەڕتووکێکی زۆر مەزنە لە بارەی ڕابەرێکی ئایینی زۆر مەزنی کوردەوە نووسراوە.

هەموو کەسێکی کورد پێویستە مەلای گەورەی کۆیە بناسێ چونکە ئەو گەورە بەڕێزە گەورەترین دڵسۆزی هەر کوردێک بووە هەرکەس ئەو کتێبەی مامۆستا گورژی بخوێنێتەوە دەتوانم بڵێم کە بەشێکی زۆری مێژووی کورد و کوردستان، کاکڵی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، بەشێکی زۆر جوان و ڕەوانی وێژەی کوردی، خەیانەتکاری شێخەکان و فێڵ و فوت و ڕاووڕوت و چاوبەستنی وان و جۆری

بیرکردنەوە و پلە و پایەی زانیاری و ژیان و خەبات و بەسەرهاتی مەلای گەورە ئاگادار دەبێ و گەلێک شتی وای بۆ دەردەکەوێ کە هەتا ئێستا هەر نەیزانیون.

بەڕاستی کاک مەلا حوسێن زەحمەتێکی یەکجار زۆری کێشاوە و خۆزگە لە کوردستاندا وێنە و نموونەی ئەو پیاوە گەورە و زەحمەتکێشەمان زۆر هەبان بێگومان مامۆستا گورژی گەلێکیان کۆشش کردووە تا کتێبێکی وەها گەورە و بەنرخیان لەبارەی وەها مەلایەکی گەورەی کورددا نووسیوە. هەروەک خۆی دەڵێ لە ئێران و عێراقان، دوای ئەو کەسانە کەوتووە کە هۆنراوەیا نووسراوەی ویان لابووە، یا هەر جۆرە ئاگاداریەکیان سەبارەت بە مەلای گەورە هەبووبێ و لێی کۆڵیونەتەوە و پرسیاری لێکردوون و نامەی بۆ گەلێک کەس لەوبارەوە نووسیوە. زۆر بە دیقەتەوە بەوکارەوە هەڵساون و هەنگاوی گەورەیان هەڵێناوەتەوە. قۆڵی هیممەتیان لێ هەڵماڵیوە، بێترس و گومان بە دڵسۆزییەوە بە وەها کارێکی گەورە هەڵساون، بەڵام سەیرە نە خۆیان ماندوو بوون و نە قەڵەمیشیان کوڵ بووە!! بەڕاستی ئەمە لە وزەی هەموو کەسدا نییە، مامۆستا گورژی کە نووسەر و هۆنەرێکی هێژا و زانا و بەتوانا و شارەزا و بەهێزە بۆ گەشە پێدانی زمان و فەرهەنگ و وێژەی کوردی زۆریان هەوڵ داوە و لەو ڕێیەشدا تەمەن و ژیان و خۆشی خۆیان بەخت کردووە و هەر لەسەر ئەو بیر و باوەڕە بوو کە لە لایەن میرییە چەپەڵەکەی شای گۆڕبەگۆڕەوە هەمیشە زۆر بە سەختی لەژێر چاوەدێری و گوشاردا بووە و تەنانەت ماوەیەکی زۆریش لە گۆشەی زیندانە شەدارەکانی ئەو ڕژێمەدا بە هەژاری و نەداری بەسەری بردووە و گەلێکیش ئازار و ئەشکەنجە دراوە، بەڵام بەوحاڵەش سوپاس بۆ خوا هەرگیز کۆڵیان نەداوە و لەسەر بیر و باوەڕی خۆی هەر سوور بووە.

ئەگەرچی ماڵ و منداڵێکی زۆریشی لەم ڕۆژگارەدا بە ڕیشەوە بووەو دەسکورتی دەستی بەستووە و کتێبەکانی بۆ چاپ ناکرێن، بەڵام بێوچان خەریکی نووسین و توێژکاری و لێکۆڵینەوەیە و لەوەها هەلو مەرجێکی دژواردا ورەی بەرنەدا و لەگەڵ ئەو هەموو کەند و کۆسپەی ڕێگەی ژیانیدا بەربەرەکانی دەکات و چەرخی چەپگەڕ نەیتوانیوە چۆکی پێدابدا و زمانی ببەستێ و دەستی بلەرزێنێ، جا هەر بۆیە جێی خۆیەتی کە هەمووومان ئافەرینی پێبڵێین و لە خودای گەورە داوای سەرکەوتنی بۆ بکەین.

ئەو ڕێگەی پیاوانی گەورەی گرتووە و چاو لە قارەمانانی خواپەرستی کورد دەکا و لاسایی یەکخوا پەرستانی ڕاستەقینە دەکاتەوە. هیوادارم کە خودای گەورە بە ئاوات و ئامانجی گەورەی خۆی بگەیەنێ و لە خوشک و برایانی کوردیش داوا دەکەم کە ئەم کتێبە بەنرخە بخوێننەوە کە بێگومان بە خوێندنەوە و چاوڕێخشانێک دەیان و سەدان ڕاستەقینەی وەهایان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە تا ئێستا هەر بیریشیان لێنەکردۆتەوە و بۆشیان دەردەکەوێ کە دژمنانی ئیسلام و کورد، چ جۆرە نەخشەگەلێکی شومیان بۆ ئێمە کێشاوە و چۆن دەیانهەوێ لۆ هەتاهەتایە خوێنمان بمژن!!

جا منیش بەو چەند هۆنراوە بیروڕای خۆم سەبارەت بەو پەرتۆکە پڕ بایەخەی بەڕێز مامۆستا گورژی دەردەبڕم:

کتێبێکی بەنرخ و قیمەتە باسی مەلای کۆیە
وەکوو ئەستێرەیەکی گەش لە ئاسمانا ئەڵێن کۆیە
مەلای گەورە بەسام و هەیبەت و نەعرەی وەکوو شێر بوو
بە کوردی گوت لە خەو هەستە درەنگە ڕۆژ لە ئاسۆیە
هەتا کەی ژێر چەپۆکی عەیبە بۆ ئێمە ژیانی وا

بەسە خۆ خۆری یەک بگرن جەنابی شێخ خەتای تۆیە
فرِیوە قەل فرِی زۆر چاکی وەخوێنە و پەندی لێ‌بگرە
دەزانی چەندە بەرزە ئەم قسە هەستە لەبۆ تۆیە
ئاخر شێخ کەی فرِیوە خەرقی عادەت چۆن دەبێ گیانە
بەسە واز بێنە ئەی سۆفی کە شێخیش هەروەکوو تۆیە
بەوە هەستان لەخەو زۆرکەس کەچی هەر کوردە دواکەوتوو
نەماوە بۆت لە عالەمدا کەچی شێخ هەروەکوو خۆیە
مەلا شێخی دروست کردووە وەکو ئینگلیزی دین‌دوژمن
بە تەشوێی تیژ لە چۆکی دا بەڵێ هەر بابە رِۆرِۆیە
مەلا تۆ جێگری پێغەمبەری خۆت بۆچی ناناسی
زەلیلی دەستی شێخی شێخ وەکوو ئاغا لەسەر تۆیە
بە قەومی کورد بڵێ هەستن لە خەو شەو رِاپەرِی رِۆیی
فرِۆکە و مووشەکی دوژمن لە ئاسمانا لەسەر تۆیە
بە پێنووس و زمانت کونکە گورزی جەرگی داگیرکەر
بەوە نێو دەردەکەی بێ‌شک ئەتۆش هەروەک مەلای کۆیە
بە رِێبازی ئەوا رِۆیین هەزاران نووسەر و پسپۆرِ
سەر و ماڵیان لەسەر داناوە کاروان هەر وەکوو خۆیە
چرایەک هەڵکراوە رِوونە شەوگاری تەم و تاریک
دەبیسم نێوی ئازادی لە هەولێریش وەکوو کۆیە
برای تێکۆشەر و زانا هەزاران ئافەرین بۆ تۆ
بە خوێنی جەرگە نووسیوتە بەسەرهاتی مەلای کۆیە
بژی هەر سەرکەوی گورزی زمانت کول نەبێ هەرگز
منیش گەر (ئەسعەدیم) باوەرِ دەکەی برِوام وەکوو تۆیە

ئەسعەدی

بە باڵا برین لە لایەن مامۆستا ئەحمەدیانەوە

بەنێوی خودا

سوپاس هەر بۆتۆیە خودایە سەنات بە کەس دوایی نایە، پێنووسی چارەنووسیت گەڵای ڕەنگینی لێنووسیت زەردی ڕۆژی ڕەشی شەوان سوری شەفەق سپی بەیان لەوحی کتێبی تەکوینت حەوای کەوی و زەوی شینت ئەوجار لەلای خۆت ڕابەرە درووود بۆسەر ئەو ڕابەرە بۆ تۆ دووایین پێغەمبەرە. شادیهێنەر و غەمبەرە. سلاو بۆ ئەسحاب و یاران بەقەت دەنکی پەڵەی باران، یارەکانی پێغەمبەری لە یاوەران و کۆچەری.

دوای ئەوانە ئەوەش دەڵێم تەواو لەو کاتەدا کە دنیایەک کار بۆ نۆرە لە دەورم هالابوون و لە نێویاندا سەرەسووڕ و چاوە چاوم بوو، لەناکاو (جەنابی مەلا حوسێنی گورژی) بەسەری کردمەوە و لە ژوورەکەم وەژوور کەوت و دووای تۆخۆش و من خۆش، کتێبێکی گەورەی (ژیاننامەی مەلای کۆیە) کە نووسراوەی خۆی بو لەپێشی دانام و لە منی ویست کە ئەو کتێبە بخوێنمەوە و پێم هەرجۆرێک بوو لەوبارەوە چەند دێڕێکی لەسەر بنووسم.

دیتم قەڵەمەکەم بە دندووک پێوە بووە نە ئەو کۆڵە قورسەی پێهەڵدەگیرێ و نە دەرەتانی هەڵاتنی هەیە، چونکە بە دابی کوردەواری میوان حاکمە و حوکمی حاکمیش ڕەت کردنەوەی نییە. لە لایەکی دیکەش خۆێندنەوەی ئەو کتێبە گەورەیە کە هەڵدانەوەی گەڵاکانی شەپۆلەکانی دەریای وەبەر چاوی دەخستم کاری منی ئەو

هەمـــووە ســـەرقاڵ و کەمکـــات و کـــار زۆر نەبـــوو. وە بەبـــێ خوێندنەوەشــی بڕیــاردان لەســەر ئەو کتێبە کــارێکی خــراپ بــووە لەویش خراپتر وەپشتگوێ خستنی ویستی مەلایەکی ئـاوا زانـا و تێکۆشەر و خوێنگەرم بوو.

لەبەر ئەو هەمــوو هۆیــانە چــاکیم لەوەدا دی کە دوای پەسـند کردنی ئەو ژیاننامە و گوتنی چەند جار دەستخۆشی چەنـد دێڕێکـی کەم و کورت لەبارەی خاوەنی ئەو ژیاننامە و بە قسەی عەرەبەکان (صاحب الترجمە)وە لە بارەی ئەو ژیاننامە بنووسم:

۱ـ خاوەنی ئەو ژیاننامەیە یانی مامۆستا مەلا محەمـمەدی کـۆیی پێـشەنگێکی زۆر گەورە و هەڵــکەوتەی ئــایینە کە نە تەنیــا خــۆی بەخەبەر بووە،بەڵکــو جەمــاوەرێکی یەکجــار زۆریــشی وەخەبەر هێنــاوە و هەتــا توانیــویەتی هەمــوو چەشـنە دەربەگــایەتی دینــی و دنیایی ڕاداوە. وە داموودەزگای ئیستیعمارچییەکانی وەدەر ناوە و نە هەر لە گــریوگــری فنچکــی کارەکــانی زەمــانی خــۆی بەڵەد بــووە بەڵکوو ئاوڕی داوەتەوە سەر ڕۆیـشتووش و تەنــانەت بەرەو پیـری داهــاتووش چــووە و ئــاڵقەی کارەســاتەکانی ڕۆیــشتوو و ئێـستا و داهـــاتووی پـــێکەوە شـــەتەک داوە. لە بـــاری ڕۆشـــنبیریش چـــرا بەدەستێکی ئەوەندە بە زات و زیرەک بووە کە بەبێ ترسـی و خـۆف لە وەزەندەی دێوەزمەکان تیشکی ئەو چرایەی بەهەموو قولینچک و قوژبنە تاریکەکاندا گێڕاوەو هەموو خورافاتێکی ئایینی وئابووری و ڕامیاری دەرپەڕاندووە. ئەو مامۆستا پسپۆڕ و هەڵکەوتەیە هەوەڵین کەسێک بووە کە قورعانی بە کوردی لێکداوەتەوە[(۱)] و نەجیبەی کچی وەبەر خوێنــدن نــاوە و هەتــا توانیــویەتی تەقەی لە دێــوەزمەی نەخوێنـدەواری کـردووە و لە ڕێگـای خوێنـدەواری وڵاتەکەی بەرەو پێش بردووە.

[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]

بۆ پەڕاندنی لەمپەری پێشکەوتنی نەتەوەکەی و سەرکەوتنی نیشتمانەکەی و پشکواندنی گوڵی ئاواتی لاوانی وڵاتەکەی و بۆ بزاوتنی هەستی خواپەرستی و بێزاری لە خۆپەرستی و کاسی و مەستی بە شەو و رۆژ بە قەڵەم و زمان و لە قالبی هۆنراوە و پەخشاندا هەمیشە لە کۆشش و تەقەللادا بووە.

جا ئاگاداری لە ژیاننامەی پێشەنگێکی ئاوا هەڵکەوتە و دڵسۆزو خاوەن شوێنەوارە، جگە لە باری ئەمەگناسین بۆ ئەوەش بکرێتە سەرمەشق و وێنەی لێ‌هەڵگیرێ و بە هیوای خوا ڕێگای وی بۆ پێشکەوت و سەرکەوت دابگیرێ زۆر پێویستە و هیوادارم ئەو ژیاننامەیە دوای پێداچوونەوە و بژارکردنی خێرا لە چاپ بدرێ و بۆ خوێندنەوە وەبەر دەستی خوێندەوارانی بەرێز بخرێ.

٢ـ نووسەری ئەو ژیاننامەیە یانی (جەنابی مەلا حوسێنی گورژی) مەلایەکی زۆر زانا و بە یەکجار ئازایە و بالای بە قورسی بەلادا نایەو ئەوەتی من دیومەو دەیناسم هەر خەریکی دەرس‌دادان و کتێب‌دانان و هۆنینەوەی شیعر و تۆژینەوی مەبەستەکانی کۆمەڵایەتی و ئایینی‌یە و ئارایەکی ئەوەندە زۆری لەگەڵ زانین و فامین و هەراوکردنەوەی جوغزی زانیاری هەیە کە ڕۆژگاریش لێی مۆن بێتەوە، جا وەبیری بێتەوە، ڕێکی گوشێ زۆر کات و سات لەژێر مەنگەنەی کارەسات ڕۆژگار لوتیشی لەو خوار بێ ئەو پیادە بێ و خۆشی سواری بێ بە هەر لایەکدا بیگێڕێ ڕووی لە زانین وەرناگێڕێ هەر لە ڕووی عیلم و زانینە و ئەوی دیکەی پێ چ نینە. خودایە ئەو قەڵەمانە قەت کول نەبن کە زانستی ناساندنی ئیسلامەتی و ئاکارەی ئینسانەتی دەنووسن.

مەهاباد ـ عەبدوڵلا ئەحمەدیان

١٣٨٠/٨/٥

دیباچە

زۆر زۆم پێ خۆش بوو کە سوپاس و ستاییش و پەسنێکی وەهای یەزدانی مەزن بکەم کە هەتا ئەورۆ کەس نەیکردبێ و لە جوانی و لەباری و ڕێکوپێکی و نەخشینی و هێز و پێزە فەرهەنگی وێژەیی‌دا لە هی هەموو کەس جوانتر و بالاتر بێ و کەسیش لە دوایی‌دا ڕەخنەی لێ نەگرێ، بەڵام هەرچی دەکەم و دەکرێنم نە لە توانامدایە و نە هێزی پێنووس و وزەی زانیاریشم بەو پلە و پایە گەیوە.جا لەو ڕێیەوە زۆرم خۆ هێنا و برد و خۆم لێرە و لەوێ دا چم پێ نەکرا و بە ناهومێدی مامەوە و ئیتر تا ماوەیەکی زۆر لە گێژاوی خەیالاتا کەوتمە سەر مەلە و سەرەنجام هاتمە سەر ئەو خەیاڵە ئەو دوو پارچە هەڵبەستەی خۆم کە هی یەکەمم لە ساڵی ١٣٥٠ لە گوندی پاراستان و هی دووهەمیشم لە ١٣٤٨ لە گوندی واوانی ناوچەکانی گەورک و سوێسنی لە هەرێمی سەردەشت لە دەورانی فەقێیەتیە پڕ بڕک و ژان و خەم و پەژارەکەمدا دامناون، بنووسم و لە خوای گەورە بپاڕێمەوە کە لێم قەبووڵ بفەرمێ، کە ئەوەش دەقی هەر دووک پارچە هەڵبەستەکەیە:

خواناسی

نێوی تۆ کە (اللە)یە بە کوردی کە خودایە
سەر لە سوڕمانە لە تۆ، ئیتر دڵ لە کوڵایە
بیر گێژەڵە، ژیر هوڕە، زانایە نەزانە
بێ‌سوو (شک) یەکە سەرسامە لە تۆ هەرچی جیهانە
هەر بووی و دەبی و نابێ و قەت نەبووە نەبوونت
لاچوو نیی و چونیت و نەچووی و نەچوووی نییە چوونت

ناکێـــشریٚ وێــــنەی تـــۆ بە پێنووســـیٚ کە بیـــرە
هـــیچ کەس قـــومی پـــیٚ نـــادریٚ لەم ئـــاوە کە گیـــرە
ئەی خــــوایە منـــــی لات ئەتـــــۆ دەناســــم و بەس
بە خـــــوا بە مــــرێنەر و ژیێـــــنەری هەمـــوو کەس
هەر بیـــریٚ لە هەر شـــتێکی دەکەم تـــۆ دەویـــدا هەی
هەر بلیمەتـــــیٚ لــــێم ونــــی تـــــۆ دەوی نـــاگەی
ئەی چـــاوگەکەی بـــوونم و هەم ژیـــن و ئەویـــنم
بـــــڕوانمە هەر شــــتێک لە دنیـــــا تـــــۆ دەبیـــنم
هـــۆزانم و خـــۆ هەر شـــتێکی تەماشـــای کە دەکەم
ســـا هەر چـــشتیٚ هەیە و مـــن کە ســـەرنجێکی دەدەم
ســـۆمایی لە چـــاوان ئەتـــۆ ئەی هێـــزی دەس و پەل
ئەی گیـان هەمـوو شـتێک و ئەریٚ هەڵـخەری هەر هەل
هەرچـــــــی لە هەبوونـــــایە درشـــــــت و وردی
جێگرتوو، ڕووەک، سست و بچووک، بە دەست و بردی
گیانـــداریٚ کە ســـەختی و خەفەت و شـــادی دەچێـــژیٚ
هەوری رەش و تاریـــــک کە بـــــارانە دەڕێـــــژیٚ
دار و دەوەن، بەرد و گــــڵ و گیـــــا و هەوا گـــــش
هەرچـــی هەیە لە بـــزۆز و تەویـــن بـــوونی تەواگـــش
گـــۆی زەوی، ئـــاوی، بەژی، چـــڕی، دەشـــتی، چەمەنـــی
دونـــدەکەی بەرزی چیاکـــان کە بە خـــۆر پێـــدەکەنی
تەم و گێـــــشوش و حەوا، ئاســــــمان، بەرز و نەوی
شــــــاخ و دار و دەوەن و ســــــــەوزە و زیٚ و زەوی
هەر بوونەوەرێـــک هەبـــووە، هەیە یـــا خـــۆ دەبـــیٚ ئەو
ژیـــن و ئەویـــن، ڕاز و نیـــاز، بێـــداری و هەم خەو
ســـەرپاکی لە تـــۆڕایە، بە هـــۆی تـــۆوە هەیە خـــۆ
هەرچـــی هەیە ئەی خـــوایە کـــری تـــۆیە کـــری تـــۆ

هەر دەنگــێ لە هەر شــتێکەوە دێ پەســن و سوپاســە
بـــۆ تـــووە ئەی دوور لە هەڵە و چەوت لە تاســـە
ئـــاور کە دەســـووتێ بە گـــڕ و کڵـــپە و تینـــی
زانـــا کە ســـرنجێکی بـــداتێ تـــۆ دەبینـــی
زانـــای و توانـــای و تـــۆ بینـــای و بەهێـــزی
خـــاوەن بەزەیـــی و بەخـــشەری، زۆر پـــۆگ و بەرێـــزی
بـــوونێکی ئەتـــۆ ســـادە و هەر گیـــانێکی رووتـــی
تـــێکەڵ نـــی بە کـــۆمەڵ، ئەتـــۆ تـــاقێکی، نە جـــووتی
گیـــانێکی تەواوی ئەتـــۆ ئەی گیـــانی گیانـــان
هەر هێـــز و وزەی تـــۆیە وەکـــا چـــاوی بەیانـــان
زانیـــارییەکەت گـــش گـــری هەر شـــتێکی هەبـــوویە
هەرچـــی لە هەبوونـــایە خـــودا بـــوونی بە تـــوویە
تـــۆ خـــواییکی وەهـــا گەورە و زانـــا و بەرێـــزی
لە هەمـــوو خـــاوەنی هێزێـــک پتـــر خـــوایە بەهێـــزی
بە هەزاران وەکـــوو گـــورژی ســـەری شـــێواوە لە تـــۆ
جدەشـــزانێ کە تـــۆ هەی کەچـــی تێمـــاوە لە تـــۆ

گوندی پاراستان، ساڵی ١٣٥٠ هەتاوی

چۆن تۆ نیی ؟!

ئەی خوداوەنـدی مەزن، ئەی بـێهەڤـاڵ و مـاڵ و حـاڵ
ئەی وەسـتا بـۆ گـش بوونێـک و ڕۆژی روون و کـاتی تـاڵ
ئەی هەمـوو گیانـدار و بێگیـان هێنەدی و پـۆگ و نەمـر
ئەی بهێنـی پـۆلی هەور و کـات و رۆژ و مانـگ و سـاڵ
ئەی هەمـوو بوونێـک بە بـێتـۆ هەر نیـیە و نـابێ ببـێ
بـێ گومـان دانـی بە بوونـت دادەنـێ زمانـدار و لاڵ
بـا کە سـروەی دێـت و رائەبـرێ بە بـن گوێمـا ئەڵـێ
هـیچ خـودایەک نیـیە مەگەر یەزدانـی پـاک و بێهاڤـاڵ
دار کە بـا لێـی دات و هـاژەی لێـوە پەیـدا بـوو ئەڵـێ
هەر تەنیـا تـۆی نـامری یەزدانـی بـێبـاک و خەیـاڵ
خـانووێکی پەسـت و تاریـک و بـێشـۆق و کـاولە
هەر دڵێکـی گەر لە بیـر و تـرس و سـامت بـێ بەتـاڵ
دێرەکـانی رووپەڕەی پەرتـووکی گـش خواناسـەکان
قەت لە باسـی پـڕ لە خێـری تـۆ خـودا نـابن بەتـاڵ
تـۆ نەبـی شـت چۆن وەدی دێ و دێتە مەیـدانی هەبـوون
هەر ئەتـۆی تێـکبەردەدەی ڕێـو و چەقەڵ، شـێر و شەپاڵ
تـۆ کە بـێوێـنە و نمـوونە و بـێلەش و دەسـت و پەلـی
نـابێ بگـرێ هەر نەبـووی وێـنەت بە کـامێرەی خەیـاڵ
ناسـک و باریـک و وردێـک و درشـتێکی وەهـای
نـوێنەرێکی گەورەیـی تـۆنە هەمـوو ئیـسرانی سـاڵ
زینـدووی و زانـای و بینـا و ببیـست و پـۆگی تـۆ
بێ خـواردن و چـاو و دڵ، بێگـوێ و دەسـت و بێهەڤـاڵ
شـەو زریـوە زریـوێکم گـوێ لـێ دەبـێ کـاتی خەوێ
پەسـنی تـۆیە بـوونەوەر دەیـکەن هەمـوو بە زمـانی حـاڵ

بــێ گومــانم کــێ کە نەتناســێت و ئیتکێربیــت نەکــا
تــۆ بە یاســای دادگەری خــۆت و رەدا دەیخەیــتە چــاڵ
نمنمەی باران و کرپەی بەفر و ترووسکەی سوورە گوڵ
گــش سوپاســی تــۆیە، بــێ کەس، بــێ بــرا و بــاب و کــاڵ
بەڵــگە و پەرتــووکی بــێ ئینتکێــرییە بــۆ بــوونی تــۆ
پەلکی گوڵ، ئاونگ لەسەر سەوزە، بە چەشنی زێوی قاڵ
پەنـــجەکەی پرهێـــزی لاوان بەڵـــگەی تـــوانینتە
کــوڵمی شــەرمینی هەزاران کیــژی شــۆخ و چــاو کەژاڵ
بــون لەتــۆڕا، مــان لە تــۆڕا، ژیــن لە تــۆڕایە و نەمــان
هەرلە تــۆڕا شــین و هەســت و بیــر و ژیــری بــێ خەیــاڵ
گــریە و نوســک و گــرووی منــداڵی ســاوای بــێ مەمــیش
گــشتی هەر هــاوار لە تــۆیە ئەی خــودای خــاوەن کەمــاڵ
چــشتێ بــێ وەســتا نیــیە جــا چــۆن بڵــێم تــۆ نیــی خــودا
ســا ئەتــۆی وەســتای هەمــوو شــتێکی لەبەر چــاو و خەیــاڵ
ئەو جیهــانەی نــا لەســـەرخۆ، هەر دەمەی جــۆرێکە خــۆ
هەرچـــی بـــشکۆڕێ وەدیهـــاتۆیە بـــێ بـــاب و منـــاڵ
خـــۆ وەدیهـــاتووش دەبـــێ هەیبـــێ وەدیهێـــنەر کەچـــی
ســـەیرە ناتنـاســـن گەلـــێ خەڵکـــی نەزان و کـــوێر و لاڵ
ڕابگیـــری رایەڵ و پـــۆی تەونـــی گەل تەنیـــا ئەتـــۆی
بـــۆیە قـــڕ نەکـــرا گەلـــی کـــوردت بە ســـەدها بانیپـــاڵ
تـــۆ خـــودایێکی وەهـــا مەزنـــی لە کـــوێ جـــا تێـــدەگا؟
ســـەد هەزارانـــی وەکـــوو مـــن بـــێ دڵ و کڵـــۆڵ و شـــەلاڵ
گـــورزی هەر هێنـــدە دەزانـــێ کـــۆیلەی خـــوایەکیە قەت
نامرێـــــت و نـــــاخوات و نـــــانوێ و نـــــابێ بەتـــــاڵ

گوندی واوان، زستانی ١٣٤٨

مەلای کۆیی

هەتـــــا دەمـــــرم لە بـــــۆ کـــــوردان دەنـــــاڵم
عیلاجیـــــان چـــــۆن بـــــکەم هـــــاوار بە مـــــاڵم
دەبـــــێ مـــــن کەیفـــــی چـــــیم بە دنیـــــا بـــــێ
قەومـــــی مـــــن وا رەزیـــــل و ریـــــسوا بـــــێ
بـــــێکەس و بێـــــدەر و فەقیـــــر و هەژار
بـــــێ ســـــە ر و ســـــە رفـــــراز و بـــــێ ســـــە ردار
ئەوی رێـــــگەی لە کوردەکـــــان گـــــۆڕی
لەعنەتـــــی خـــــودا لە ئەلـــــحەد و گـــــۆڕی

کوڵی دڵی مەلای کۆیی

خۆم زۆر بە بەختەوەر و سەرکەوتوو دەزانم کە خودای گەورە یارمەتی دام تا هێندێک لە کوڵە دڵکانی بەڕێز مامۆستای گەورە و رامیار و شارەزا، مامۆستای هۆشیار و هێژا، مەلای گەورەی کۆیی کە لە ڕاستیدا کوڵی دڵی هەر کوردێکی ستەم لێکراوی زانا و دانا و تێگەیشتوون لەو کتێبەدا بۆ تۆی خوێنەری خۆشەویست ڕوون بکەمەوە.

خوێنەری خۆشەویست! من ناومهەوێ لەو کتێبەدا مەلای گەورە بە تۆ و بە خەڵکی کورد و موسڵمانان بناسێنم، چونکە ئەو بەڕێزە بۆ هەموو کوردێکی هەستیار و هۆشیار و بۆ هەموو موسڵمانێکی دادگەرو ڕووناکبیر ناسراو و ئاشنایە و بۆ زۆرترینیشیان دۆست و خۆشەویستە و هەرکەس داوایەکی ئاوا بکات لام وایە وەک ئەوەیە کە باوکێک بە منداڵەکانی یا برایەکی گەورە بە برا چکۆڵەکانی خۆی یا گەورە و ڕابەرێکی خۆشەویستی هۆزێک بەو هۆزە بناسێنێ، کە دیارە ئەوە کارێکی بێجێ و بێئاکامە.

چونکە بەڕاستی مەلای گەورە لە کاتی خۆیدا بۆ گەلی هەژاری کورد هەرگیز لە ڕابەرێکی گەورە و لێزان و دڵسۆز کەمتر نەبووە و بۆ خەڵکی کوردستانی گەورە کەمتر لە باب و کاک خۆشەویست و بەسۆز نەبووە.

مەلای گەورە کە دڵە گەورەکەی بەقەد کوردستانی گەورە وەک دەریایەکی گەورەی بێسەر و بنی لە کوڵی پڕجۆش و خڕۆش بووەو لە تاوی دەردی گرانی گەلە زۆرلێکراو و چاو بەستراوەکەی خۆی هەمیشە زڵقزڵق کوڵیوە و هەموو کات و ساتان کوڵی گریانێی لە

تـاو هـاوڕەگەزە هەژار و ڕێ لـێونکراوەکـانی دەئەوکـێدا بـووە و جاروباریش ئەو گریانەی بە هۆی پارچە هەڵبەستێک دەربڕیـوە و قوڕقـوڕ گریـاوە و شـیوەن و زایەڵە و شـەپۆڕی جیهـانی کـوردی هەژاندووە و گوێی هەموو کوردێکی زریکاندۆتەوە و خەولێکەوتـوو بێئاگایەکانی هۆشیار کردۆتەوە.

جا هەر بەو کوڵ و گریە و زارییەی خۆی کارێکی وەهای کـردووە کە هەموو کوردێک نەک هەر تەنیـا بیناسـێ و خۆشـی بـوێ و بەس بەڵـکە بە گەورەتـرین دڵـسۆز و خەمخـۆر و ڕێنـوێن و مامۆسـتا و ڕابەری خۆشـی دانـاوە و ئەوپەڕی ڕێـز و حـورمەتی بـۆ دانـاوە و وەکوو باوکێکی دڵسۆز چاوی لێکردووە.

لە کوردستاندا قسە و ڕاوبۆچوونەکـانی مامۆسـتا هەمیـشە لەو مـاوە کەمەشدا بە شـێوەی پەنـد و مەتەڵ دەرهـاتوون. هـۆنراوە و هەڵبەسـتەکانی بـوونەتە سـرودی سەربەسـتی و ئـازادیخوازی و ڕزگاری گەل و گۆرانی و وردە ئاهەنگی بن لێوی هەر لاوێکی جزیـاد دیتـووی کـوردەواری و لەبەر خـۆیەوە خوێنـدونیەتەوە و تەنـانەت بـۆنەتە بەشـێک لە فۆلکلـۆری کـوردی و هێنـدێک لە فەرهەنگـی ڕەسەنی کـوردەواری و ئیتـر لە (دایـرە)ی وێـژەی بژوێنـی کـوردیدا بەڕێزێکی زۆر چاک جێگەی خۆیان کردۆتەوە.

خوێنەری خۆشەویست! گلەییم لێنەکەی کە بۆچی هۆنراوەکـانی مامۆسـتام ووشـە بە ووشـە ڕاڤەنەداون و ئەو کتێـبەم نەکـردۆتە ڕاڤەنامە (تفسیر)ێک بۆ هۆنراوەکانی مامۆستا؟!

بەڵـگەی ئەو کارەشـم تەنیـا ئەوە بـوو کە لاموانەبـوو کە هۆنراوەکـانی مامۆسـتا هێنـدە سەخت و دژوارن وەکـوو هـۆنراوەی گەلێک لە هـۆنەرانی دیکە زۆرتـر وەک مەتەڵـۆکە و گرێپـوچکە و ئیـشکە گـرێ دەچـن نەک هـۆنراوەی وێـژەی و فەرهەنگـی. چـونکە

هۆنراوەکــانی مامۆســتای گەورە جیاوازیــان لەو لایەنەوە و لە گەلێک لایەنی دیکەشەوە لەگەڵ هۆنراوەی هـۆنەرانی دیـکەدا هەیە. جـا هەر بـۆیە مـن هەرگیـز لام وانەبـووە و نیـیە کە هۆنراوەکـانی مامۆستا پێویستیان بە شی کردنەوە و ڕاڤەدانی وشە بەوشە هەیە و ئیتــر دەبــێ زۆر وەســتایانە شــی بکـرێتەوە و شـیتەڵ بکـرێن تــا مەبەستیان لێدەربخرێ،جا ڕاستی هەر بۆیەش بۆ ئەو مەبەستە لام نەداوە و بۆلاشی هەر ئەچووم.

بەڵام هەرجێـیەک کە مامۆسـتای گەورە خـوا بە گەورەیـی خـۆی بیبەخشێ ئاماژەیەکی بە ڕووداوێکی مێژوویی کردبێ و یـا باسـێکی لە شـانازییەکـانی گەلـی کـورد کێـشابێتە پـێش هەروا سـادە لێـی نەگوزەراوم وبە سەریدا بازم نەداوە،بەڵکە بە پێی توانایی وهێز و وزەی زانیـاری خـۆم ڕوونـم کـردۆتەوە و بە باشـی باسـم کـردووە. چەنــدین بەســتە هەڵبەســتی کــورت و درێــژی چەنــدین هــۆنەری کوردیشم بۆ نمونە تێخستووە.

باســی گەلێــک لە بنەماڵەکــانی گەورەی فەرمــانڕەوای کــورد لە کوردســتان و جیهــانی ئیــسلام و هەروەهــا ژومــارەیەکی زۆریــش لە کەســایەتییە ئیــسلامی و کــوردیيەکــانی گەورە و بەرچاویــشم تێــداکردووە. هــۆنراوەی گەلێــک لە هــۆنەرانی دیکەشــم کە وەک مامۆســتا بیریــان کــردۆتەوە و لەســەر ڕێبــازی مامۆســتا و هێڵــی پیرۆزی ئەو پیاوە پیرۆزە بوون هێنـاوە و شـانازی لەسـەر ڕێبـازی مامۆستابوونم بۆیام چەسپاندووە. ژیاننـامەو مێـژووی ژیـانی زۆر کەسی کورد و ناکورد و زنجیرەی چەند زەنجیرە پادشای کوردیـشم تێخستووە.

لەبیر و بۆچوون و ڕاو و نووسراوە و هۆنراوە و پەرتـوکەکـان و شێوەی ڕەفتـار و کـردار و گوتیارەکـانی مامۆسـتا وا دەردەکەوێ کە

تێکۆشان و شۆڕشێکی مەزن و خەباتێکی خوایی دەس پێ کردووە.

هەروەها بۆ ئەوەش بزانی کە دایکی نیشتمانی کورد چ جۆرە ڕۆڵەیەکی لە ئامێزی گەرمی خۆیدا پەروەردە کردووە!! هەروا بۆ ئەوەی بزانی لە کوردی بێبەش و هەژار و دەردەدار چ هەڵکەوتووە!!

هەیە و چەسپاو و سەلمێندراوە، ئێمە بە چاوی خۆمان دەیبینین: زەمینێک کەوا بێهێز و پێزە شیناوەردەکەی چاک و بەڕێزە خوای گەورە و پەروەردگاریش دەفەرموێ (والبلد الطيب يخرج نباته باذن ربه والذي خبث لا يخرج الا نكداً) بەڵێ زەمینی خاوەن هێز و پاک شیناورد و گیا و گوڵەگەی بەو ودمی خوا زۆر چاک و باش دەڕوێت و سەر دەردێنێ، بەڵام ئەوەی کە کڕێنک و خەراپ و شۆرەکاتە گیا و شیناوردی لێنابێتێ مەگەر زۆر بە کەمی و ئەویش هەمووی هەر لاواز و چیلاز و بێهێز و سیسە.

جا کوردستانیش تاکاتێکی، کە بێشکەی شارستانییەت وزانست و هونەر و پیشەسازی و مەکۆی زانایانی گەورە و بنکە و پایەگای گەورەترین زل هێز و باشقە میری جیهان بوو هەتا دەگا بە سەربەخۆیەتی خۆی فەرمانڕەوای بەشێکی زۆر لە گەلانی جیهانیش بوو، گەلێک زانا و کەڵە پیاوی وەهای لێهەڵکەوتوون کە لەڕاستیدا لە جیهانی چاخی خۆیاندا بێوێنە و نموونە بوون.

تەنانەت ئێستاش لەگەڵ ئەو هەموو بەدبەختی و ڕۆژ ڕەشی و ماڵوێرانی ولێقەوماویەی خۆشیدا، ئەوەندەی زاناو دانا و بلیمەت و پسپۆڕی گەورە لێهەڵکەوتووە کە بە ڕێژەی خۆی لەوبارەوە لە هەموو گەلانی دیکەی جیهانی ئیسلام زۆر لەپێشترە و دەتوانم بڵێم نزیکەی نیوەی تەواوی پەرتوکە ئیسلامییەکانیش هەر زانایانی کورد نووسیویانن کە مەلای گەورەی کۆیی یەکێکە لەو زانا و دانا نووسەرو باهونەرانەی ئیسلامی کورد، کە قوڵی خیرەت و

مەردانەییان هەڵماڵیوە و هەمیشە لە مەیدانی خەباتی خودایی‌دا وەک کێوچە قوین و لەدژی خەرافات وپڕوپووچ پەرستی ڕاپەڕیون و خواپەرستی و تەکپەرستی ڕاستەقینەیان هێناوەتە کایەوە و خەڵکیان بۆلای ئایینی بێخەوشی ئیسلام ڕاکێشاوە و گش خواگەلی پوشاڵییان پێ‌فڕێداون و هەروەها تێیان گەیاندوون کە چۆن بەندەگی خوای گەورە بکەن. وەک هۆنەری کوردی دەڵێ:

گش خواگەلی پۆشاڵی بێ نێوەرۆک و خاڵی
بە نووکی شەق تێم هەڵدان هەرکە لێیان بووم حاڵی

جا بەڕاستی من ڕام وایە مامۆستا کۆیی لە چاخی خۆی‌دا لە خەڵکی دی ڕوکبێژتر بووە و لە هیچ کەسی نەپێچاوەتەوە و ئەوەی هەق و ڕەقوورەدا و ڕاستەقینە بووە گوتوویەتی و نووسیویەتی جا یا بە هۆنراوە یا بە ویژامە کاتێک کە پیاو هۆنراوە ئاگرینەکانی ئەو بەڕێزە دەخوێنێتەوە و لە ڕوانگەی هەقوێژییەوە سەرنجێکی ژیرانەی دەداتێ وای دێتە بەرچاوی خەیاڵ، کە هەر دەڵێی ئەو بەڕێزە فەرماندەیەکی زۆر لێزانی سوپایی و شەڕکەرێکی کارامەیە و لێی سواری فڕۆکەی زانیاری و ئایینداری بووە و چۆتە حەوا و ئیتر زۆر بە سرنج و تێبینییەکی تەواوەوە بەڵام خەست و شێلگیرانە هەموو بنکە و پایەگاکانی دوژمنی دین بۆمباران دەکا و قەت نایهەوێ تاقمێکیش لە سوپای دوژمن دەربچێ.!!

بەڵام بۆمبارانەکەی ئەوەندە لێزانانە و بەسرنج و وردبینانەیە کە هەرگیز و هەرگیز تاقە موسڵمانێکی ڕاستەقینەش وەبەرنایە و بەحاڵ و دوبەلاش نای‌گرێتەوە!! تەواوی هۆنراوە و نوسراوەکانی بگەڕێی و هەموو قوژبنەکانیان بپشکنی بە ئەندازەی سەری دەرزییەشت شتێکی نەیار لەگەڵ ئایینی پیرۆزی ئیسلام و ژیریی و

زانیاری دەسناکەوێ و لە هیچ جێگایەک بۆنی بێدینییەیان لێنایەت و هەمووی هەر بۆن و بەرامەی تەکپەرستی و خەڵک ویستی و خوا مەبەستی و پارێزگاری بە هەر چوارلای خۆیدا بڵاو دەکاتەوە.

مەبەستە پڕ هەستەکانی مامۆستا و هەڵبەستە هەستیارانەکانی موسڵمانی خاوەن هەست و مەست دەکەن و خوا نەبێ هەموو شتێکی لەبیر دەبەنەوە، هەر کەس هۆنراوە و نووسراوەکانی مامۆستا بە سرنجێکی پاکەوە بخوێنێتەوە بێگومان دەبێتە خوا ناسێکی گەورەو تەکپەرستێکی ڕاستەقینە و مرۆڤێکی خاوەن خیرەت و پیاوەتی و ژیر و هەرگیز لە دوژمن سڵ ناکا و سەر بۆ خوا نەبێ بۆ هیچ کەس نەوی ناکات.

هۆنراوە بەسۆزەکانی ئەو بەڕێزە مرۆڤ هان دەدەن بۆ خیرەت و شەڕافەت و مەردانەگی و هەستی پاکی ئایینی و نەتەوایەتی دەیبەنە سەر ڕێبازی ئازادی و ڕزگاریخوازی و بێگومان ڕایدەپەڕێنن بۆ خەباتی خوایی و خزمەت و ڕاژەی گەل و نیشتمان.

جا هەربۆیە من لاموایە پێویستە لەسەر هەموو کوردێکی باوەڕدار و تەنانەت بگرە بێباوەڕیش لە ساڵیدا چەنجار هۆنراوە جوانەکانی مامۆستا بخوێنێتەوە ئەگەر لەبەریشی نەبن.

مامۆستای گەورە هەرگیز وەک ئەو کەمە مەلا خۆفرۆشانە نەبووە کە هەم لە پیکێش دەدەن و هەم لە ماپیکێش لەگەڵ گورگی کەلاکی دەخۆن و لەگەڵ مەڕیش شینێ دەکەن!! بۆ پیری دەسەڵاتداری ستەمکار دەس بە سینگییەوە دەنێن و بە ڕواڵەت بۆ هەژار و ستەملێکراوەکانیش دەگرین!! خەڵکی بۆ شێخ کەر دەکەن و دەیانێرنە تەکیەو خانە گایان و دەشزانن کە تاوانە!! ئایەتی (والارض وضعها للأنام) واتا خوا زەمینی بۆو خەڵکە داناوە)

دەخوێننەوە و قەباڵەی تاپۆی شەشدانگی زەمین و ئاسمان و دار و بەرد و ژێر زەوی و سەر زەویش بۆ ئاغاواتە زگزل و ستەمکارەکان دەنووسن و مۆری دەکەن!! مامۆستای گەورەمان ئازادیخوازێکی ئیسلامی بووە کە دەیهەویست گەلی کوردیش وەکوو گەلانی دیکەی جیهان بژیت و چیدیکە زۆر و ستەمی لێنەکرێ و هەرگیزاو هەرگیزیش نەیدەویست کە کورد لە ڕێبازی پاکی ئیسلام لابدا. یان لابدرێ. چونکە لە قوڵایی دڵەوە پێیوابوو کە ڕێبازێک کە بتوانێ گەلانی جیهان ڕزگار بکا تەنیا ئیسلامە. ئەو ڕێزدارەی دەیوست کورد کە پێشێ لە پێشەوەی هەموو گەلانی دیکەی جیهان بووە ئێستاکەش دووبارە وەخۆ کەوێتەوە لانی کەم بێتەوە ڕیزی گەلان. ئەگەر نەشتوانێ لێیان پێشکەوێ.

مامۆستای گەورەمان ڕەحمەتی خوای گەورەی لێ بێ نووسراوەی یەکجار زۆرە بەڵام بە داخەوە نە هەموویان چاپ کراون و نە تەنانەت هەمووشیان خڕ کراونەتەوە، جا من لام وا نییە کە ئەوە هۆیەکەی بێ کەسی مامۆستایە بەڵکەم پێم وایە هۆی بێ کەسی گەلی کوردە، چونکە کورد ئەگەر کەسێکی هەبێ ئەو کەسە کەسی مامۆستایە و ئیتر هەر وەک مامۆستا گوتەنی: لەبەر بێ خاوەنی پاکی خەسار بوو ئەگەر میراودەلی بوو گەر هەماوەند زۆرێک لە کتێبەکانی مامۆستا هەر بگرە لە نێولیزگەی کتێبەکانیشیدا ناویان نەنووسیون و من لەوانە سێ دانەیانم ساخ کردۆتەوە کە بریتین لە ١ـ ڕاڤە (شرح)ێکی دوور و درێژ و باش و جوان لە سەر پەڕتووکی تصریفی مەلا عەلی بە زمانی عەرەبی کە بەڕێز چاپەمەنی جەوانبەختی بانێ بە تازەگی چاپی کردووە. خودا پاداشی بداتەوە ٢ـ طلاق الاکراد کتێبێکی چکۆلەو ژیکەڵەیە و لەمەڕ تەڵاق خواردن و جۆری تەڵاق کەوتن یا نەکەوتنی تەڵاقی کوردانەوە کە ئەوەش هەر بە زمانی عەرەبییە ٣ـ قەل فڕی و قەلەڕەشە لە جێ، کە ئەوەشی

لەبــارەی ئەوەیەوە نووســیوە کە شــێخێک دەمــرێ و بەڵام واش خەڵکی هەر رزگار نابن، چونکە کوڕەکەی یان خزمێکی نزیکی ویـان لە جێ داناوە و ئیتر راستە کە قەل فڕیوە بەڵام قەلە رەشـەیان لە جێ داناوە و کارەکە هەر وەکوو خۆیەتی!!جا دیارە هۆنراوەکانیشی هەر وەک نووســـراوەکانی دیـــکەی هەرگیـــز بە تەواوی خـــڕ نەکراونەتەوەو ڕەنگە لەومیانەشدا گەلێکیـان شرت و گوم ببن و هیج دوور نییە هێندێکیان هەر بە ئەنقەست لە ناو برابن!!جا منیش بۆ پەیدا کردنی هۆنراوەکـانی ئەو بلیمەتە گەلـێکم هەوڵ داوە و بە تەنیا دەستم لە دوو سەرچاوەی چووکە گیـر بـووە. یەکیـان دیـاری مەلای کـۆیی کە بەڕێـز گیـوی موکوریـانی لە چاپخـانەی خـۆی (چاپخـانەی کوردسـتان) چـاپی کـردووە و خـستوویەتە بەر دەسـتی خوێنەران، و یەکیشیان دەسنووسە کۆنەکان و سینە فراوانەکـان و مێشکە روونەکانی پیرە پیاو و کـۆنە مەلایـانی کـورد بـوو کەڵکێکـی زۆر زۆرم لە هەر دووکیان وەرگرتووە و ڕاستی هەردووکیانم گەلێک لە لا گرینگ بوو گەلێک جێگای وەها هەبوون کە لە یەکیان دادەبوو لەوی دیـکە دانـا و بە پـێچەوانەش. منـیش ئەوانـم بە یەکتـر تەواو دەکرد کە بە پێویستی دەزانـم سوپاسـی هەسـتی بـێ خەوشـی خـۆم پێـشکەش بە هەر دوو لا بـکەم و لە خـوای گەورە بپـاڕێمەوە کە پاداشی باشیان بداتەوە و لە بەزە و مێهری زۆری خۆی بێ بەشیان نەکات.

ئەو کتێـبەم نـاو نـاوە بە کـوڵی دڵـی مەلای کـۆیی و لە ماکیـشا کوڵی دڵی هەر کوردێکی خـاوەن بـاوەڕ و هەسـتیار و بەشـەڕەفە کە لە ناو مەنجەڵی دڵی مەلای گەورەدا زڵق زڵـق کوڵیـوە. کـوڵی دڵـی مەلای کۆیی لە ڕاستیدا هەسـتی هەسـتیاران و هۆشـی هۆشـیاران و بیـری بیـرداران و ژیـری و ئـاوەزی ژیرۆمەنـدانی خواپەرسـتی کوردەوارییە. ڕاز و ڕیئۆنی ژیناوەری کـوردی سـتەمکێش و هەژارە،

دەردە دژوارو سەختەکانی گەلـی زۆر لێکراوی کورد کە مامۆستای گەورە لە کـوڵە دڵەکـانی خۆیـدا دەری خـستوون و بە کوردەکـانی ڕاگەیاندوون دەردەخا و کوڵی دڵی نووسەریش هەر ئـاوێتەی کوڵی دڵی مامۆستا دەکا، ئـاوێکی کوڵهاتەی لە سـەر گەرمـای بـاڵاتر لە سـەد پـلە وە پـاڵ ئـاوێکی کوڵهـاتەی تـر دەگێـڕێ و هەر بە هەڵمەتووکەکەی چاوی دوژمنانی کورد کوێر دەکات، کوردی هەژارو بێچـارە لە دەردی خـۆی بە چـاکی حـاڵی دەکـا و پێـشی دەڵـێ کە دەرمانەکەی چییە و لە کوێ دەس دەکەوێ.

جـا لە کتێبـی کـوڵی دڵـی مەلای کۆییـدا هێنـاومە ژیاننـامە و بەسـەرهاتی چەنـدین نـاوداری کـورد و ناکوردیـشم نووسیوە، هەر وەها مێژووی ژیان و سـەربردەی چەنـدین پادشـا و پیـاوی گەورەی کورد و ناکوردیشم تا ڕادەیەک بە درێژی باس کـردووە و کتێـبەکەم پێ ڕازاندۆتەوە.

بە کـوردی کـوڵی دڵـی مەلا دەریـایەکە کە هەروا شـەپۆڵان دەداو هەر شەپۆڵەی لە شێوێک ڕاو هەر بڵـقەی لە زڵقێـک و هەر زڵـقەی لە قوڵتێک و هەر قوڵتەی لە قۆپەنێک را دێت. کەشکۆڵێکە لە گوێن سـندوقی چەرچـی کە هەمـوو جـۆرە وردەواڵەیەکـی تێـدایە و هەر سەری هەڵبگری و لێکـی بکەیەوە و بـۆن و بەرامەکەی پیـاو مەست دەکا. بەڵام بێ گومان هەموو کەس ڕەنگە بە چێژگە(مذاق)ی نەخواو خۆی لە بەرابەر بۆن و بەرامە خۆش و جۆراوجـۆرەکەی ڕانەگرێ، کە ئەمەش هەرگیز بە مانای خەراپـی کتێـبەکە و مەبەسـتەکانی ئەو نییە.

جـا لە خـوێنەری خۆشەویـست ئەخـوازم کە بە سـرنجەوە بیخـوێنێتەوە و بـێ توێژکـاری و لێکـۆڵینەوە و وردەکـارییەکی زۆر چاک و بێ لایەنانە و دادگەرانە بڕیاری نادادگەرانەی لەسەر نەدا و لە خـۆڕایی نەمـشکێنێ چـونکە منـیش هەر ئەوم و ئەویـش مـنە و

کەوایە هەر خۆی دەشکێنێ. بەڵام زۆرم پێ خۆشە کە ڕەخنەی سازێنەر و بەجێیم لێ بگرێ و لە هەڵان بمهێنێتەوە سەر ڕێیە. پێغەمبەری خۆشەویستمان) دەفەرموێ: "المؤمن مرآة المؤمن" باوەڕدار هاوێنەی باوەڕدارە و دەبێ نەنگەکانی پێ بڵێ.

ئاوێنە کە چووی بە ناو دڵی گوشادی
هەر نەنگی لە تۆ کە ئەو ببێتە دە یادی
دەیڵێت بە تۆ کە دڵسۆزە دەسا تۆش
گورزی ئاوا بە ئەگەر خاوەنی دادی

خوشک وبرای خوشەویستم! نزیکەی پتر لە پێنج ساڵی ڕەبەق ئەو کتێبەم لەبەر دەستا بووە و دوو سێ جاری پێدا چوومەتەوە. لە ساڵی ١٣٧٢ی هەتاوی ڕێکەوتی ٢٦٩٣ی کوردی لە گوندی سەرچنار (کەلبی ڕەزاخان)ی ناوچەی چۆمی مەجیدخان دەستم پێ کرد و لە مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٧٨ی هەتاوی ڕێکەوتی ٢٧٠١ی مادی کوردی لە شاری مەهاباد شاری پێشەوا و بوداغ سوڵتان بە یاری خوای مەزن و بێ هاوتا تەواوم کرد.

بەڵام با ئەوەشت هەر پێ بڵێم ئەی خوێنەری خۆشەویست! کارم لەو ماوەدا تەنیا هەر ئەوەندە نەبووە و پێت وا نەبێ، کە ئاوا تەمبەڵ و بێکارە بووم.

وێڕای پێدا چوونەوەو نووسینی ئەو کتێبە مەزنە پێدا چوونەوەو تۆژینەوەی سێ چوار کتێبی دیکەشم هەر دەس پێ کردبوو و کارم تەنیا کوڵی دڵی مەلا نەبوو. ئەگەرچی خۆشم ئەوەندەم کوڵە دڵ هەبوون کە سەرم لێ شێوا بوو، لەگەڵ کۆڵێک کوڵی دڵ و خەم و دەرد و پەژارە و تەنگدەستی ڕووبەڕوو بووم، کەرتێکم ژن و منداڵی ناحاڵی و بێ گوێ و نالەبار هەبوون و ژمارەیەکی زۆر وردو هاژیش کە هەموو چاویان لە چاولێکەری بوو.

جا بەو حاڵەش و هەر لەو ماوەدا نووسین و پێدا چوونەوە و تایپی پەڕتووکی "ڕەخنە لەسەر کۆنگرەی سنە" و هەروەها پێدا چوونەوە و چاپ و بلاو کردنەوەی کتێبەکانی"پەند و پێکەنین، گوڵسروودی گورژی" گوڵپەیامی گورژی"شم هەر بە کارێک لە کارەکانی خۆم دانابوون و زۆر سوپاس بۆ خوای گەورە سەرکەوتووی کردم.

دیارە خۆشت دەزانی کە ئەو ماوە قەیرانی ئابووری پشتی پیاوی دەشکاند، جا بە راستی، چونکە بە دڵێکی بێ کوڵ و خەیاڵێکی خاڵییەوە نەمنووسیوە، سەد لە سەد بێ نەنگ و کەم و کووڕی نییە و نابێ بشبێ. ئیتر لەوانەیە کە هەڵە و چەوت و ناتەواوی زۆر یا کەمی تێدا بن. بەڵام ئەمن ڕاشکاوانە دەیدرکێنم و بێ باکانە ڕایدەگەیەنم:

ئەگەر چاکە و ئەگەر چرووکە، گەر بە هەستە یا زۆر پەستە، ئەگەر خۆشە یا ناخۆشە، زۆر شیرینە یا زۆر تاڵە، کوتییە یا خۆ جندییە، زۆر بەرزە یا زۆر نەوییە، لەوەم چاتر لە لا نییە،چی دیم لە جانتادا نییە، هەر ئەوەندەم زانیاری هەس لەوەم پتر نایە لە دەس، تۆ سلێمان و من مێروولە تۆ شەمی و ئەمن پەپوولە، خۆم لە بڵێسە و لە گرداوی لاقێکی کلۆم بۆ هێناوی، بە کورد یش پێت دەدەم بەڵێن پیر و پێشینەی کورد دە لێن، کا تێ کە دیاری قەسپ بێ، دەبێ شوند یاری ئەسپ[1] بێ، چاوەڕوانی منیش لە تۆ،

١ . (دیاری و شوند یاری: هدیە و عطای مهدی الیە. لە کوردی شکاکیدا مەتەڵەیەک باوە کە دەڵێن: (ئەگەر دبا قەسپە شوندیاری حەسپە) واتا ئەگەر دیاری قەسپێک واتا خورمایەک بێ دەبێ پاداشی ئەو دیارییە ئەسپێک بێ. لە کوردی سۆرانیش نموونەی ئەوە هەیە کە دەڵێن (کەمی هێناوە بۆ زۆری، یا کەمی دێنێ بۆ زۆری) بەڵام وشەی (شوندیاری)

موسڵمان و کورد بوونە خۆ، هـە تـا کو دە مـری هـە ر کـورد بـە، دلێرو بوێر ومەرد بە، فێری خەبات و نەبەرد بە، ڕوسور بە نەقەت ڕو زەرد بە، پێش بونە خاکت خاکی بە،هەمیشە لەگەڵ چـاکی بـە، لەگەڵ خاوێنی و پاکی بە،گورژیش لە خوا داوا ئەکـا، شـەرمەندەی دواڕۆژمان نەکا، دا نمان نەبیتە پوش و کا، ڕێی ڕاستیمان لـێ وون نەکا،بە ولا و بەولامـان دا نەدا، بمـان باتـە سـەر ڕێـی ڕەدا، قەت نەپەرستین چەن خودا، لە تەکپە ڕستین لا نەد ا، گە لی خۆما ن لە بیر نـەکا.

که به ما نای پاداشی د یارییه وشەیەکم لە زاراوەی سۆردانی دا، کە پڕ بە پێستی وی بێ ـهەرچەند زۆر یشی بو گە ڕاوم وهە وڵیشم لە دوا داوە نە د یتەوە.)

سەرەتا

سوپاس و پەسن و ستایشی زۆر بۆ خودای گەورە و تاک و تەنیاو بینا و بیسەر و ئاگا و لێزان و هۆزان و راز زان و بۆگ و بەهێز و وەدیهێنەری بوونەوەر و مرێنەری ژینەوەر و ژینەوەری مردەوەر. خودای گەورەی وێژەوان و دێژەوانان و دۆستی دڵسۆزی باوەڕدار و موسڵمانان.

درووود و سڵاوی شایان و شیاوی خوای مەزن و پۆگ و زانا وێڕای درووود و سڵاوی گەرم و بەتینی ئێمەی لە ننک (سیفر) کەمتر لە سەر گیانی پاکی پێغەمبەری ئیسلام و یار و یاوەرانی و لە سەر گیانی بەسۆ و ژانی زاناکانی ئایینە پیرۆزەکەی بێت.

لە پاشان بە دڵێکی پڕ لە کوڵ و دەرد و پەژارە و دەروونێکی خەمبارەوە کۆیی ئاسایی دەڵێم:

ئەوەی زانایە ناو جەرگی پەلاسە
ئەوەی نادانە نازانێ چ باسە

لە گێڕانەویەکدا ئاوا هاتووە کە لە کاتی کۆچی دوایی پێغەمبەردا هەموو دار و درەخت و شیناوەردێک جگە لە داری سنجوو لە تاوان گەڵای پێوە نەما. گوتیان ئەی سنجوو تۆ چۆنە گەڵایەکت لێ نەوەریوە؟ گوتی: چاو لە دەرونم کەن کە هەمووی سووتاوە و ڕەش هەڵگەڕاوە...

خـوای گەورە لـە قورئـانی پیـرۆزدا دەفەرمـویٚ : ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَٰكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَٰكُمْ شُعُوبًا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓا۟ ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ ٱللَّهِ أَتْقَىٰكُمْ ۚ﴾ ئەی خەڵکینە بیٚ گومان ئێوەمان دروست کردووە لە نێر و مێیەک واتا ئادەم و حەووا و گێڕاومانن بە چەندین گەل و هۆزو تیرە و دەستە تا یەکتر بناسن و بناسنەوە و ڕێز لە یەکتر بگرن و مافی یەکتر بناسن و هیچکامێکتان مافی هیچ کامێکی دی پێشێل نەکا و بشزانن کە ڕێز و گەورەیی ئێوە تەنیا بە خوا پەرستی و پارێزگارییە. نەک بە دەسەڵاتی زۆر و هێز و ماڵ و سامان و ئەو جۆرە شتانە کە وایە بە پێی یاسا و دەستووری خوا هیچ گەلێک مافی چەوساندنەوەی گەلێکی دیکەی نییە و نابیٚ خۆشی پیٚ لە گەلانی دیکە گەورەتر بیٚ بەڵکە خۆی دەفەرمویٚ: ﴿إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا۟ بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ ۚ﴾ واتا موسـوڵمانان و بـاوەڕداران هەموویـان پێکەوە بران و دیارە برایانیش دڵسۆزی یەکترن و هەرگیز مافی یەکتر پێشێل ناکەن. جا کەوایە ئەی خەڵکینە خۆتان ئیسلاح کەن و بەرژەوەندی بکەن لە نێوان برایانی خۆتان و هەرچی بە قازانجی وانە بیکەن و ئەنجامی بدەن و دژایەتی و دووبەرەکایەتی و نەیارییەتی لە نێو خۆتان ڕەگبڕ کەن.

بەڵام بە داخی گرانەوە هەر برا موسڵمانەکانی گەلی کورد بە پێچەوانەی هەموو یاسایەکی یەزدانی و مرۆڤایەتی هەر حاشا لە بوونیشی دەکەن هەتا دەگا بە ناسین و پیٚ لێنانی مافی ڕەوای! یان ڕێز بۆ دانانی!!

جا بۆیە هۆنەری کورد هێمن دەڵیٚ:

شـــیوەنی مـــن شـــینی کـــوردی بێبەشـــە
ئەو گەلەی حاشـــا دەکەن لێـــی و هەشـــە

شـــــیوەنی مــــــن شــــــیوەنی ئینـــــسانییە
بـــــانگی ئـــــازادی و گـــــرووی یەکـــــسانییە

ئەوەیە یەکە زانایـانی ئیـسلام نـاس و یەکخواپەرسـتی وەکـوو مامۆسـتای کـوردی کـۆیی کاتێـک ئەو هەمـوو جیـاوازی و لادان لە ڕەداو ڕاستەقینەیان چـاو پـێ کەوتـووە و ئەو هەمـوو بـێ خـوایی و خواری و خەراپکارییەیان دیتووە بە جارێ دڵیان وە کوڵ هـاتووە و هاواریـــان لـــێ بەرز بـــۆتەوە و بەســـەر نەیـــارانی خۆیانـــدا قیژاندوویانەو تێیان ڕاخوڕیون کە لە ئیـسلام لایـان داوە و یاسـای مرۆڤایەتیشیان پێشێل کردووە. ئیسلام هەموو موسڵمانان بە بـرای یەک دادەنێ و دەڵێ نـابێ یەکتـر وەچەوسێنن. ئەوەتـا مامۆسـتای کۆیی لە داخان و لە تاوان و لە رزەتان نازانێ چ بکا و ناچـار روو دە کوردەکان دەکا و پێیان دەڵێ:

مـــــن یەخەی خـــــۆم لە بـــــۆیە دائەدڕم
ئێـــــوە نـــــابن بە هـــــیچ و مـــــن دەمـــــرم
دەبـــێ مـــــن کەیفـــی چـــیم بە دنیـــا بـــێ
قەومـــــی مـــــن وا ڕەزیـــــل و ریـــــسوا بـــێ
بـــــێکەس و بێـــــدەر و فەقیـــــر و هەژار
بـــێ ســـەر و ســـەرفراز و بـــێ ســـەردار
ئەوەی ڕێـــــگەی لە کوردەکـــــان گـــــۆڕی
لەعنەتـــــی خـــــوا لە ئەلـــــحەد و گـــــۆڕی
ڕەببـــــی هەرکەس کە دوژمنـــــی کـــــورد بـــێ
چـــــاوی بـــــا دەرپەڕێ و ملـــــی ورد بـــێ
میللەتـــــی کـــــورد فەقیـــــر و بەســـــتەزمانی
بە قـــــسەی ئەو کەســـــانە چـــــۆن خەڵەتـــــان

هەروەهـا لـە دڵێکـی پـڕ دەرد و پەژارە و داخ و کەسـەرەوە و بە هەناسە ساردییەوە دەڵێ:

هەتـــا دەمـــرم لە بـــۆ کـــوردان دەنـــاڵم
عیلاجیـــان چـــۆن بـــکەم هـــاوار بە مـــاڵم؟
فەقیـــــر و جاهیـــــل و نەخوێنـــــدەوارن
لە لای نەوعـــی بەشـــەر بـــێ قەدرو خـــوارن

یـان کاتێـک کە دەبینـێ گەلێـک شـتی پڕوپووچیـان لـە ئـایینی پێغەمـبەر زیـاد کـردووە و داموودەزگـایەکی پـان و بەریـن و بەرفراوانیان بە نێوی شێخ و شێخایەتی و تەریقەت ساز کردووە کە لە بنـی ڕا دژی ئیـسلام و یاسـاکانی پێـشکەوتن خـوازی ئیسلامیشە،ڕوو لە هەمو پەیڕەوانی پێغەمبەر دەکاو بانگ رادێڵێ و دەڵێ:

وەرن ئەی ئـــوممەتی خیـــر البـــریە
لە پـــاش تەقـــدیمی ئـــیخلاس و تەحیـــیە
بە عـــیلم و عەقـــڵ و هـــۆش و فیکـــر و عیرفـــان
بە قەولـــی مـــستەفا و ئایـــاتی قورئـــان
بـــزانن ئەو قـــسانە پـــاکی پـــووچن
ئەگەر خوامـــان هەبـــێ ئەقتـــاب لە بـــۆ چـــن؟!
بە قەولـــی جـــاهیلان خۆتـــان مەگـــۆڕن
بە چـــاوی دڵ لە دنیـــایە بنـــۆڕن

مامۆستای بەڕێزمان دڵی گەورە وبەرینـی ئەوەنـدە لە کـوڵ و لە جۆش بـووە کە وەک مەنجەڵـی سـەرگرەپێچەی تەنـدووری نێڵدراو هەر زڵقـی داوە و قژقـژ کوڵیـوە و راستە کە زۆرینـەی هـاواری بـۆ

گەلی هەژار و زۆر لێکراوی کورد بووە بەڵام هەرگیز زۆر لێکراوانـی دیکەشـی فەرامـۆش نەکـردووە و هـاواری ئیسلامیـشی بە گـوێی هەمووواندا داوە.

ئەو لە دژی هەموو جۆرە پڕوپووچ پەرستی و خەرافات و درۆ و دوو روویـیەک راپەڕیـوە. بـێ گومـان ئەگەر بلـیمەت و هـۆزانە دڵسۆزەکانی وەک ئەو بەڕێزە و دەیان و سەدانی وەک بەڕێز موفتی زەهاوی و شێخ مەعرووفی نۆدێیی و.. نەبـان و بەو جـۆرە لە دژی ئەو پڕوپووچ پەرستییەی کەوا بە نێوی تەریقەت و شێخایەتی لە وڵاتی کوردستاندا بڵاویان کردۆتەوە رانەپەڕیبان، رەنگ بـو ئێستا ئێمە کوردستانمان ئاوا بە تەکپەرست (موحد) نەدیتبـایە و یـا هەر بە یەکجـاری لە ڕێبـازی ئیـسلام لا دەدرا، یـان شـێتکیان بە نێـوی ئیـسلام بە گەرووی کـورددا دەکـرد، کە هـیچ مـافێکی بە ئیـسلامەوە نەبایە.

خودا پاداشی ئەو کەڵە پیاوو با شقە مەلایانە بـداتەوە، کە وەک شـێر لە بەرابەر هەمـوو جـۆرە خورافـات و نـاڕە وایـی وپڕوپـووچ پەرستییەک دا ڕاوەسـتان و وە کیـو چەقـین ملیـان دەبەر ملـی نـا و چۆکیان پێ دادان و نەیانهێشت بە تەواوی ڕیـشە لەو وڵاتە پیـرۆزە دابکوتێ.

ئەگەر چی نەیاران و دوژمنانی ئەم ئاینە پیرۆ زەو تـە پرەشـانی ئەو گەل و هۆزە بەهەمو هێز وتوانایی خۆیـان وەخـۆ کەوتـوون و ئەو پەڕی خەبا ت وتێکوشانی خۆیان لەو ڕێگە نـا پیـروزەدا بەئەو پەڕی خۆی گەیانـدووە و هەمـو زلـهێزەچـە وسـێنەر و خـویمژو گەل خورەکـانێش پـشتیوانی هەمەلایەنەیـان لـێ کـردون، بەڵام بەفەر مودەی ڕیزادر سەعدی شیرازی:

چه غم دیوار امت را که باشد چون تو پشتیبـان
چه باک از مو ج بحران را که باشد نوح کشتیبان

ڕاستی تا کەڵـە پیـاوان و باشـقە مەلایـانی وەک مەلای کویەمـان هەبن هەرگیز مەترسی ئەو چەقڵ و گورگانەمان لەدڵدا نابی، بەڵام بە هەزاران داخی گرانەوە ئەوڕۆ گەلێک کوڵکە مەلا ی وامان

خوابە زیادیـان نەکـا کـە لـەبەر نەزانـی خۆیـان پێیـان وایـە جە نابی شێخ کلیلی بەهەشتیی لە گیرفانی دایەوبۆ هەر کەس کە خـۆی خوشی بوی وپتر پوڵ وماڵ و شتی بۆ هێنابی(واتا چـاکتری بـۆ کەر ببێ) دەرکە کە هەڵدە گری و هەبەپیلی دەژ وریی داوی.

مامۆستا گوتەنی:

مـەلایـەکیـــان هەیـــە سـنـــدانی لـێـــدا
نـەخـوێنـــد وو ئەحەمەق و گـــەوج و نـەزانـــە
نـــە وەکـــو کـــەر گـــەر ئـــەخوا دا یم لەدی دا
بەریـشی پـان دەلێـی مامـــی جـــوا نـــــە
ئەو یـش بـو بـو شـێخ وەکـو کەلبـی موعەللـە م
بـــەدەم کەروێـــشکی بـــو دەگـــری لـە لا نـــە
ئەلـــێ تـــوبە بـکەن لای شـێخ بـە گـو رجـــی
قییـــامەت ڕادەبـــێ هـــــەر بەو زووانــــــە

پێشەکی

شتێکی سروشتییە و زانایان و بە تایبەتی مێژووزانان قەبووڵیانە و دەیسەلمێنن کە هەر گەلێکی ئاگای لە ڕابردووی خۆی نەبێ بە داهاتووی خۆشی هیوادار نابێ.

ڕابردوو ئاوێنەیەکی بالانوێنە بۆ ئێستا و داهاتوو، نەنگ و ناتەواوییەکان نیشان دەدا و دەیانخاتە ڕوو و خاڵە لاواز و بەهێزەکان دەس نیشان دەکا. هەر وەک کە ئاوێنە نەنگ و ناتەواوی و نالەباری و ناڕێکوپێکییەکان بۆ کابرا دەردەخات.

جا ئێمەی گەلی کوردی هەژاریش ئەگەر ئاوڕێک لە ڕابردووی خۆمان بدەینەوە و لاپەڕە زێڕین و ڕەنگاوییەکانی مێژووی گەلە بەش خوراو و خەباتکارەکەمان بخوێنینەوە و چاوێک بخشێنین بە دێڕەکانی دیرۆکی نەتەوە چەوسێنراوەکەماندا، بۆمان دەردەکەوێ کە گەلی هەژاری کوردمان لەگەڵ ئەو هەموو ستەمە چەند قاتییەش کە لە سەری بووە و، تا ئێستا لانی کەم بە پێنج دەوڵەتی ستەمکارو دڕندە کوتاویانە و سەرکوتیان کردووە و چەوساندوویانەتەوە و ویستوویانە بە تەواوی نیخەپەستی بکەن و ئیتر بە هیچ جۆرێک نەیانهێشتووە سەر هەڵبێنێ، بەڵام بە هەق توانیویەتی نەک هەر تەنیا سەری خۆی ڕابگرێ و بەس، بەڵکە توانیویەتی شان بە شانی گەلانی ئازاد و زیندوو و پێشکەوتووی جیهان کاروانی خەبات بئاژوێنێ و بیگەیەنێتە گۆڕەپانی شارستانییەت و پێشکەوتن و زانست و زانیاری و لە بەستێنەکانی وێژەیی، مێژوویی، هۆنەری، ئایینی، ڕامیاری، هونەری و هونەر پەروەری هتددا ڕقە و قینە و ململانەی لەگەڵ گەلە ئازاد و ڕزگار و

خـــودا پێـــداوەکانی جیهـــان کـــردووە و لەو بەزێـــنە(مـــسابقە)شـــدا گەلێکیانی بەزاندووە و لە هەورازی ڕێباز و ڕەوەز و رازی ژیـان بە جێی هێشتوون و زۆریـشیان هەر نەیـانتوانیوە تۆزیـشی بـشکێنن و گەلێکیـشیان بە لەقە لەق و هــانکە هانــک لە قەدی پــا لا پاڵیــان داوەتەوە و زۆریـــشیان بە شـــەکەژۆیی خۆیـــان گەیانـــدۆتێ یـــا نەگەیاندۆتێ.

جـا لە ڕاستیدا ئەو هەمـوو شـانازییە گەورە کە بـۆ گەلەکەمـان تاپۆ کراوە تـا ئێستا و بگـرە ئێـستاشی لەگەڵ بـێ هەمـووی هەر لە قـوژبنی ئەو کـۆنە حـوجرانە، ئەو فێـرگە ئاییـنیـانە، ئەو زانکـۆ خۆماڵییانە، ئەو زانستگا خەڵکییانە هەڵقوڵیوە کە بە وردکە نـانی ئیشک و بێ پێخۆری هەژار و دەستەنگەکانی گەلی موسڵمانی کـورد ڕاگیراون، کە گەلانی دیکەی جیهان لەو زانکۆ خەڵکییـانە بێبەش و بەهـــرەن و ئیتـــر ئەوانە تـــایبەتی نەتەوەی موســـڵمانی کـــوردن. هەرچەند لە سەدەی بیستەمدا شێوە و چۆنیەتی ئەو حـوجرانە زۆر پێویـستە بگـۆڕدرێ و بخـرێتە سـەر بـارێکی پێشکەوتووانەی تـر و باشتر و لەبارتر، چونکە ئەو شێوە و چۆنیەتییە لەگەڵ ئەو چاخە بووز ناخوا، بەڵام ئـێمە دەبـێ مەمنـوونی ئەو کەسـانە بـین کە ئەو ڕێیەیـان لە پێـشدا بـۆ گەلەکەمـان کێـشاوە و ئیتـر یـاخوا هەزاران دروود و بەزەیـی و ڕەحمەتـی خـوایی لەسـەر گیـانی پاکیـان بـێ و خوای گەورە و خاوەن بەزەیی بیانخاتە بەر بـارانی بەزە و مێهر و دروودی خۆی، پێغەمبەری مەزنیش دەفەرموێ: (من سنّ سنة حـسنة فله أجرها و أجر من عمل بها الی یوم القیامة)، هەرکەس شـوێنێکی باش بۆ خەڵکی بکێشێ بە قەد خێری خۆی و هەمـوو ئەو کەسـانەی کاری لەسەر دەکەن خێری هەیە هەتـا ڕۆژی پەسڵانێ...

بێ گومان ئەو فێرگە ئایینیانە کە پەروەرشگای لاوان و گەنجانی فەقێن لەسەر تاسەری کوردستانی گەورەدا بوونەتە هۆی سەرەکی و بنەڕەتی راگیر بوون و راوەستانی رایەڵ و پۆی تەونی گەل و پەرە پێدانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لەو وڵاتەدا.

بۆ پایەدار بوون و ڕاوەستانی هەر گەلێک هۆشیاری و ژیریی و بێداری و لێزانی و ڕامیاری ئەندامانی ئەو گەلە پێویستە و لاوانی کرچ و کاڵی گەلیش بۆ گەیشتن بەو پلە و پایە لە هەر بابەت و بەستێنێک و لە هەر لایەنێکی کۆمەڵایەتییەوە پێویستیان بە ڕێنوێنی و ڕابەرایەتی و شارەزایەتی هەیە، کە ئەو ڕابەرو ڕێنوێن و شارەزایانەش لە نێو کورداندا تەنیا و تەنیا لەو کۆنە حجرانەدا پێگەیشتوون.

دەتوانین بۆ نموونە هێما(اشارە) بە دەیان و سەدانی وەک مامۆستا ابن الحاجب، ابن قوتەیبە دینەوەری، سوهرەوەردی، ابن خلکان، ابن الحاج، مەلا عبدالله بێتوشی، یوسفی ئەسەم، شنۆیی، شکاکی کوردی و هەروەها دەیان وەک شێخ سەعیدی پیران، شێخ مەحموودی نەمر، شێخ عەبدولسەلام بارزانی، کاک ئەحمەدی شێخ، مەلا عەبدولقادری گەیلانی و قازی محەمەدی پێشەوا و مەلا مستەفای بارزانی و مەلا ئاوارە و هتد بکەین.

سەردەمێک بووە، کە لە تەواوی ئەو کوردستانە پان و بەرین و بەربڵاوەدا نە فێرگە و خوێندنگەیەک هەبووە و نە زانکۆ و زانستگاو نە میرییە چەپەڵکانی دەسەڵاتداریش ویستوویانە لاوانی کوردەواری فێری زانست و زانیاری و خوێندن و خوێندەواری ببن و نە هێشتووشیانە!!

خۆ ئاغاوات و دەرەبەگ و شێخ و خەلیفە و کوێخا و گزیریش هەر یەکەی لەبەر خۆیەوە لەمپەرێکی گەورە و ڕێگرێکی بەدەسەڵات بووە لە سەر ئەو ڕێگا پیرۆزە. ئەوە لە لایەک و لە لای تریش

ئەگەر سەرنجێک بدەینە حاڵ و ژیواری کوردی هەژار کە بە درێژایی مێژوو و بە پێنج دەوڵەتی گەورە و بێ بەزە بە سەریاندا داوە و چەوساندوویانەتەوە و تەنانەت رێگەی خوێندنیان بە زمانەکەی خۆشی هەر پێ جا نەداوە بۆمان دەردەکەوێ کە هەم گەلی کورد گەلێکی نەبەز و تێکۆشەر و خۆڕاگرە و هەم مەلاکانیش دەوری سەرەکی خۆیان لە مەیدانی خەبات و خۆڕاگریدا دیتووە و رۆڵی خۆیان بازی کردووە کە تا ئێستا نەیانهێشتووە ئەو گەلە بێ سەواد و نەخوێندەوارە نەک هەر رامیاری نەیاران شوێن و چەخەری بخاتە سەر و خۆی لە ئامێزی دوژمن باوێ بەڵکە زۆر بە سەرسەختی بەرهەڵست و بەربەرەکانیشی کردووە.

بە ڕاستیش گەلێک کەڵە پیاوی وەک خانی و جەزیری و مەلا سەلیمی دەرسیمی و مەلای کۆیی و حاجی قادری کۆیی و نالی و شێخ مارفی نۆدێی و مەلا خەلیلی گۆڕۆمەری و هتد بێ هەر ئەو چاوەڕوانییەی لێ دەکرێ و بەس.

هەر بۆیە بە ڕاشکاوی و دڵنیاییەکی تەواوە دەڵێم ئەو کۆنە حوجرانە رەگ و ریشەیان لە ناو جەرگ و هەناوی گەلی موسڵمانی کورددایەو گوڵی دڵی خاوەن هەست و بەهێزو پاراوی گەلی کوردن و ئەرکێکی یەکجار زۆریان لە سەر شانی گەلی کورد هەیە و ئیتر هەرگیز هەوڵ و تەقەلای بێ ئایین و خوا نەناسان و نەتەویە بێ نەتەوە و نەتەوە نەناسەکان بۆ بڕاندنەوە و لە ناو بردنی ئەو حوجرانە بە ئاکام ناگا و لە راستیدا سەگ بە ئەستێران وەڕینە.

خۆماڵییانە بوونی ئەو فێرگە خەڵکییانە و هەروەها رەسەنی بوونیان بۆتە هۆی ئەوە کە هیچ رامیارییەکی لاوەکی و هیچ بیر و باوەڕێکی بێگانە پەرستانە و هیچ سۆزێکی کۆنە پەرستانە نەتوانێ لێیان وەژوور بکەوێ و شوێنەواریان لە سەر دابنێ و بەرەو هەستێکی نائیسلامییانە و ناخۆماڵییانە بیان ئاژوێنێ.

جا هەر بۆیە هەموو موسڵمانێکی کوردی تێگەیشتوو بە هەموو هێز و توانایی ئەنیوژەنی و بژۆنی(مادی و معنوی) خۆی بەرگری و پارێزگارییان لێ دەکا و بە گیان و ماڵی خۆی رایاندەگرێ و دەیانپارێزێ، چونکە هیوای ئەوەی پێیانەکە هەزاران شێخ سەعیدو شێخ مەحموود و مەلا سەلیمی دەرسیمی و قازی پێشەوا و مەلا مستەفا بارزانی و ئاوارەی شەڵماشی دیکەشیان لێ سەر هەڵدەنەوەو بێنەوە مەیدانی خەبات و تێکۆشان و ئەوگەلە موسڵمانە بەپلە وپایەیەکی جیهانی و پەسڵانی بگەیەنن و پێشیان کەون و لە هەورازی ژیان وەسەریان خەن.

ئەگەر ئەورۆ گەلی کورد لەکوردستانی دابەشکراودا بەو حاڵە شپرزەیەشیەوە لەگەڵ گەورەترین و زیندووترین و هۆشیارترین و پێشکەوتووترین گەلانی جیهان بەزێنە ململانە دەکاو هەمووشیان دەبەزێنێ و دەوەستێنێ و بە ڕێژە(نسبة)ی خۆی هیچیان تۆزیشی ناشکێنن!!

ئەگەڕ ئەورۆ ئەو کوردە هەژارە بەو هەموو هەژارییەشیەوە ئاڵای خەبات و وێژەی لە سەر لوتکەی هەرە بەرزی شارستانییەت و مرۆڤایەتی هەڵداوە و بە شنەی شەماڵی شانازی رۆژ و شەو دەشەکێتەوە و بە کوردی و بە کورتی ئەگەر ئەمڕۆ کورد ماوە و خاوەنی بوونە، هەمووی هەر لە سایەی ئەو حوجرە قوڕینە و ئەو زانکۆ گڵینانە و ئەو فێرگە شڕانەوەیە کە دەتوانین بڵێین کانگای هەژاری و نەداری و چاوگەی دابینی (قناعة) و پاکی و پارێزگاری و خوا پەرستین.

ئەو حوجرە شڕانە ئەگەرچی بە رواڵەت زۆر چکۆڵە و خاپوور بوون و زۆرتر وەک کەلاوە دەچن نەک فێرگە و زانکۆ، بەڵام لە راستیدا کەڵە پیاو و زانای وەها گەورە و مەزنیان لێ هاتوونەتە دەرێ کە زۆر بەرزتر و بالاتر و مەزنترن لە پسپۆڕانی پێگەیشتووی

زانکـۆ و زانــستگاکانی پێــشکەوتووترین وڵاتــانی ســەرکەوتووی جیهانی شارستانییەت و زانیاری.

ئەگەر بە چــاوێکی ڕەدا بینــانە تەماشــای مێــژووی رامیــاری، ئابووری، فەرهەنگی، وێژەیی، سوپایی، وەرزێڕی و تەنانەت بگرە پیشەسازی و ئەنـدازیاری و مەرەنگۆری و هتدی کـوردی بکەی بـێ چەند و چۆن دەیـسەلمێنی و قەبـووڵی دەکەی کە سـەرەتای هەمـوو ئەو هەودایـانە هەر لە حـوجرەی فەقێیـان ڕا هــاتووە و ئیتـر هەر کانگــای گەرم و پــڕ ئەوینــی حــوجرە قوڕینەکــانە کە تایبەتـدارە (مخــتص)ەکـانی هەمـوو ئەو ڕشـتە زانیارییـانەی لە باوەشـی پـڕ میهـری زانیارییــانەی خۆیـدا پێگەیانـدووە و بە چــاکی پەروەردەی کردووە.

لە کوردستاندا گەلێـک جـێگەی وەک کـۆیە و قەڵاچـواڵان بـنکە و پێگەی زانست و زانیاری بوون و بە هۆی هەبوونی حوجرە و مەلا و فەقێی زۆرەوە لە جیهاندا وەکوو کۆتەراز و حەوتەوانەی ئاسمانێ درەوشـانەوە و وەک ئەسـتێرە گەشـەکانی کاکێـشانەکان پڕشـنگیان هاویــشتووە و شــۆقیان وە هەمــوو لایەک داوە و هەر چــوار لای خۆیان بە تیریژ و ڕووناکیی خۆیان ڕۆشن کردۆتەوە.

فەڕ و فیک و پیت و بەرەکەتی ئەو حـوجرانە ئەوەنـدە زۆر بـووە کە ئەگەرچی شاگرد و قوتابییەکان کەمیان خوێندووە بەڵام زۆریـان زانیــوە. ڕەدا بڵێــین و لە هەق دەر نەچــین کــورد و کوردســتان و تۆرەمەی کورد بـۆ هەتـا هەتـایە وامـداری ئەو کـۆنە حـوجرانەیە و لەوەتــا ئیــسلامی پیــرۆز هــاتۆتە کوردســتان و کــورد داواخــوازانە ئــامێزی بـۆ گرتـۆتەوە ئەو فێـرگە خۆماڵییــانە کە بە وردکە نــان و یارمەتی هەژارانەی کورد ڕاگیراون گەورەترین پایەگا و بنکەی بـڵاو کردنەوەی ئەو ئایینە پیرۆزە بوون. ڕاستی هەروەکـوو ئـاماژەی بـۆ

کرا ئەو کۆنە حوجرانە کە هەتا سەدەی بسیتەمیش هەر رابەرایەتی گەلی کوردیان بە ئەستۆوە بووە و توانیویانە زۆر بە جوانی رێی پڕ لە کەند و کۆسپی خەباتی پێ ببڕن و جگە لە رامیاری و بیر و باوەڕی ئیسلامی و خۆماڵییانە هیچ جۆرە رامیاری و بیر و باوەڕێکی دیکەیان وە خۆ نەگرتووە و بێ گومان تازەش وەخۆی ناگرن، چونکە راست و درۆ و رەوا و ناڕەوا وا پێکەوە کۆ نابنەوە و ئیتر بێجگە لە دڵسۆزی و خاوێنی و پاکی و چاکی چی دیکە قبووڵ ناکەن. چونکە ئەوان کانگا و چاوگە و سەرچاوەی راستی و پاکی و بێگەردی و دڵسۆزی و ئایین و ئەوینن. جا هەر بۆیەش هەر لاوێکی کە لەم حوجرانەدا پێ بگاو پەروەردە بکرێ و مێشکی بە زانیارییە بەنرخەکانی ئایینی ئاو بدرێ و فێر کردن و راهێنان و بار هێنانەکانی لە دڵدا جێ گرتوو بێ لە هەموو کەس خۆماڵیتر، خاکیتر، خۆجێیی (محلی)تر و بێ خەیانەتتر، بێ مەترسی و بێ زیانترە و هەرگیز ناتوانێ بۆ ماڵی دنیا و پلە و پایە و ڕێزی رواڵەتی خیانەت بە خەڵک و ئایین و مرۆڤایەتی بکات و بە هەق دەتوانین بڵێین کە دڵسۆزی خەڵک و کۆیلەی پاکی خودایە.

ئەوەتا دەبینین، کە هەزاران زانای دڵسۆز و پایەبەرزی وەک مەلا عبدالرحمن پێنجوێنی، مەلا عەلی قزڵجی، مەلا ابن الصلاح شارەزووری، ابن الحاجبی سنجوەیی، مەلا یوسفی ئەصەمی سۆرانی بریسوەیی، مەلا عەبدولکەریمی بەرزنجی، مەلا ئەحمەدی گۆرانی، مەلا ئەحمەدی خانی، مەلای جزیری، مەلا عبدالرحمی مولوی تاوەگۆزی، مەلا شێخ عومەری قەرەداغی، ابن الحاجبی جێشانەیی، مەلا یەحیای مەزووری، مەلا عبداللە دم شکاو (پاراستی وەستا خاڵەیی)، مەلا حسێن پاراستی وەستا خاڵەیی، مەلا سلێمانی پاراستی وەستا خاڵەیی، مە محەمەدی پاراستی

وەستا خاڵەیی، مەلا خلیلی گۆڕۆمەری، مەلا رەسووڵی کەرمنداری، مەلا محەمەدی گرژاڵی، مەلا گچکەی هەولێری، حاجی مەلا قادری کۆیی، مەلا محەمەد کۆیی جەلیزادە، مەلا سەرداری سەرگەڵەیی، مەلا محەمەدئەمینی قەرەداغی، مەلا محەمەدئەمینی بێژوەیی (شێخەمین)، مەلا محەمەدئەمینی ماجیدی کوردی، مەلا شێخ مەحموودی زەنگنەیی، مەلا مەحموودی کۆیی، مەلا مەحموودی بێخود، مەلا خدری نالی، مەلا محەمەد قەسیمی سنەیی، شێخ خالیدی کوردی مەدینەیی، مەلا جەلالی گوڵ عەنبەری، مەلا شێخ مارفی نۆدێی، کاکە ئەحمەدی شێخ، شێخ مەحموودی نەمر، مەلا محەمەد سەلیمی ئەردەڵانی، مەلا محەمەد شەریفی شاهۆیی، مەلا محەمەدی کوڕی محەمەدی شارەزووی، مەلا محەمەد ابوالوفا تاج العارفین، مەلا سەعیدی تەختی مەریوانی، فرج الله زکی الکردی، مەلا حسێن مەجدی گەورکی، مەلا کەریم شاریکەندی، مەلا قاسمی کوردی، مەلا محەمەد قەسیمی عەللامە، مەلا عومەری سەردەشتی واشەمزینی، مەلا ئەحمەدی جەریحی واشەمزینی، مەلا عەلی ئامێدی، مەلا علی کرماشانی، مەلا عەلی سیف الدین ئامێدی، مەلا عەلی جەزەری، مەلا عەبدوڵلا چزمانی، مەلا محەمەدی مەردۆخی کوردستانی، مەلا احمد ابن الرسول و هەزاران مەلای دیکەش کە بە هەق هەموویان جێگەی شانازی تەواوی گەلانی موسڵمانی جیهانن و گەلی کوردیش پێیانەوە دەنازێ لەو کۆنە حوجرانە سەریان هەڵداوە و هەموویان کۆرپەی نازی باوەشی گەرمی دایکی حوجرە قوڕینەکانن و لەوێدا پێگەیون و تێگەیون و خەڵکیشیان تێگەیاندووەو پێگەیاندووە و ئیتر هەر یەکەی بۆتە ئەستێرەیەکی پڕشنگدار و لە ئاسمانی فەرهەنگ و وێژەی کورد و ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا وەک گەلاوێژی بەیانان پڕشنگ داوێت و دەدرەوشێتەوە.

هەر کام لەو زانا بەرزانەی کە لەو کۆنە حوجرانەدا پێگەیون وەک چرایەکی بەهێزی تیشکەهاوێژە و لە تاریکستانی نەزانیدا کە خەڵک بە شۆق و رووناکی وی رێگای ژیان و خەبات و تێکۆشانی خۆیان بۆ جیهان و پەسڵان دۆزیوەتەوە.

جا دیارە یەکێک لەو هەزاران ئەستێرە پڕشنگدارانە و چرا تیشکە هاوێژانە و لەو زانا و دانا بەناوبانگانەی خاکی پاک و پیرۆزی کوردستانی خۆشەویست، بەڕێز مامۆستای هێژا و زانا و دانا و هۆزان و پیتۆڵ و پسپۆڕی کورد جەنابی مامۆستا مەلا محەمەدی ئەفەندیی کۆیی جەلیزادەیە.

یا خودا خودای مەزن لە میهر و بەزەیی خۆی وەک رێژنە بارانی بەهاری بە سەریدا بڕژێنێ و لە پەنای میهر و بەزەیی بێ پایانی خۆی لە بەهەشتی بەریندا نیشتەجێی بفەرموون. ئامین

زۆرم پێ خۆش بوو، کە لە بارەی ژیان و خەبات و تێکۆشانی هەر یەک لەو بلیمەتە بەرز و بەڕێز و پسپۆڕ و پیتۆڵە تێکۆشەرە و ئیسلام ناسە کوردانەدا پەڕتووکێکی گەورە و تەواو بنووسم و توێژکارییەکی چاک سەبارەت بە ژیان و خەبات و تێکۆشانە کەیانەوە بکەم. بەڵام بە داخەوە نە ئەو هێز و توانینەم هەیە و نە بە هیچ جۆرێکیش بۆم دەلوێ جا هەر بۆیە داوام لە برایانی کوردی موسڵمانی پێنووس بە دەس ئەوەیە کە هەر کەس لە بارەی یەک یا چەند کەس لەوان بە پێی توانا توێژکاری و لێکۆڵینەوەیەکی زانایانە بکا تا سەرەنجام ببینە خاوەنی کەلەپوورێکی زۆر و پڕبایەخ و بەکەڵکی مێژوویی.

ڕاستی ئەوە ئەرکێکی گەورەی سە رشانی هەموانەکە نەهێڵین بەهیچ کڵوجێک شوێنەواری پڕ بایەخی زانایان و پسپورانی دڵسو زمان بەهەدەر بڕوا و جۆگە تەکەیان کوێر بێتەوە.

ژیواری کوردەواری

گەلـی موسـڵمانی کـورد تـا دوای شـەڕەکانی یەکەم و دووهەمـی جیهانی و تا ئەو چاخی شوومی نەگبەتی و دەورانـی بەدبەختیـیەی دوایی لەهیچ چاخێکدا وەک ئێستا لێقەوماوو دەستەوستان و لاوازو بـێ هێـز و زەبـوون و خـانە خەراب و چـیلاز نەبـووە و کەم و زۆر خاوەنی سەربەخۆیی خۆی هەر بووە و لە گۆشە وکەنار و ناوەندی کوردسـتانی گەورەدا دەوڵەت و میـری سـەربەخۆ و ئـازاد و ئـازای زۆری بە پێـی بـڕگە گەلـی چـاخی پێک هێنـاون وەک مەلای گەورە دەفەرموێ:

لەمەو پــێش میللەتــێ بــوون چوســت و چــالاک
لەمەو پـــێش دەوڵەتێکـــی ســـەربەخۆ بـــوون

ئەوەتا دەبینین کە لە پێش ئیسلامدا گەورەترین میریـی و هێـزی جیهانی وەک دەوڵەتی ماد و زنجیـرەی پادشـایانی مـاد و دەوڵەتـی ساسانی و زنجیـرەی پادشـایانی ساسـانی لەو گەلە و لە نەتەوەی ئەم گەلە بـوون. لە دوای ئیـسلام و موسـڵمان بوونیـشی دیـارە کە دەیـان دەوڵەت و زنجیـرە پادشـای وەک میرانـی سۆران و میـران و پادشـایانی بابـان و دەوڵەتـی میـری کـۆرەی ڕەوانـدز و کۆمـاری کوردسـتان و دەوڵەتـی سـەربەخۆی شـێخ مەحمـوودی نەمری پێک هێنـاوە و خـزمەت و ڕاژەی گەل و نەتەوەو وێـژەو مێـژووی خـۆی کـردووە و پیـاوانە لە مەیـدانی خەباتـا ڕاوەسـتاوە و رایەڵ و پـۆی تەونی گەلی ڕاگرتووە و بـێ گومـان ئەگەر نەشـیتوانیبێ لە گەلانـی دیـکە چـاکتر بێـتەوە و پێـشیان لـێ وەبـڕێ شـان بە شـانی وان لە

مەیدانی بەزێنەدا ڕۆیشتووە و وەک وان هەر هاتۆتەوە.

بەڵام بێ گومان دەبێ ئەو ڕاستییە قەبووڵ بکەین، کە ئەو دوو شەڕە گەورانەی جیهانی هەر چەند بۆ گەلێک لە گەلانی ژێر چەپۆکە و بن دەستەی جیهان، بوون بە مایەی خێرو بەرەکەت و کەڵک و فەڕ و لە سایەی ئەو دوو شەڕە جیهانییەدا توانیان بە ئاوات و ئامانجی خۆیان بگەن و ئازادی و سەربەخۆیی خۆیان وەدەس بێنن، بەڵام بە داخەوە هەردووک ئەو شەڕە جیهانییە بۆ کوردی هەژار، بوون بە مایەی بەدبەختی و ماڵ وێرانی و ئەوەی هەشمانبوو لە دەسمان چوو و بە هۆگەلێکی تایبەتی کە لێرەدا نامانهەوێ قامکیان بۆ ڕادێرین نەمانتوانی هیچ جۆرە کەڵکێک لەو دوو ئاژاوە گەورە وەربگرین بەڵکە بێگانەکان توانیان کەڵکی باش بۆ خۆیان لە ئێمە وەربگرن!! بە گژ ئەم لا و ئەو لایاندا کردین و بە بەڵێنی گەلی درۆ و پووچ و بێ نێوەرۆک بە خوێناوی ئێمە شەواویان لە بێستانی ئاواتی گڵاوی خۆیان نا و لاشەی بریندار و لەشی خوێناوی و تیمار نەکراوی ئێمەیان لە مەیدانی شەڕدا بەجێهێشت. ئەوان بە هەموو شتێک گەیشتن و ئێمەش هەموو شتێکمان لە دەس دا!! خەڵک بوو بە شا و ئێمەش لە شایەتی ڕا بووینە گەدا! وڵاتیان کردینە شەڕگە و لە سەر سینگی خوێناوی ئێمە شەڕی ناڕەوای خۆیان دەس پێکرد و بەڵام بەوەش هەر ڕانەوەستان دوای دامرکانی بڵێسەی ئاوری شەڕی شووم و شەرماوەر تاوانێکی دیکەی گەورەتریان لەگەڵ ئێمەی هەژار و ڕێ لێ ونبوو کرد.ئێمە کە لەو کاتەدا بەڕاستی سەر لێ شێواو و مات و سەرگەردان بووین لە هەموو ئەندام و جەستە و وەجەکانمان خوێن بە خوڕ دەهات و هەڵدەچۆڕا و هێشتا گوللە و سەرەرمب و پەیکانی دوژمنانی لاوەکیمان لەجەرگ و هەناوی خۆمان دەرنەهێنابۆوە و

لە راستیدا دۆست و دوژمنی خۆمان لەبەر پەرێشانی نەدەناسی و نەماندەزانی ئاوڕ وە کێهە لایەی بدەین و بە گژ کێهە دوژمنەدا بێینەوە، لە ماڵی خۆشمان وەدەریان ناین و وڵاتەکەیان لێ داگیر کردین و کوردستانیان وەکو گۆشتی سەر چەپەرێ بەش بەش کرد و کێ دەستی وێ راگەیی بەشە کوردی خۆی برد و رۆیی!! کوردستان کرا بە پێنج پارچە و لە نێوان پێنج میری چەپەڵی دراوسێدا دابەش کرا و بە هەر پێنجیان دەستیان دە خنخنۆکەی کورد نا و خنکاندیان!! و ئیتر نیخە پەستیان کرد. جا ئا بەو شێوە ئەرکی دراوسێیەتی خۆیان بە جێ هێنا و ئیتر بەو جۆرە دەستی یارمەتییان بۆئەو دراوسێیەی خۆیان درێژ کرد!! ئاوا دەبێ دراوسێیەتی!!

هیچ گومان لەوەدا نییە کە هەر ئەو پێنجە نیزیک بوون و دەستیان وێڕا دەگەیشت دەنا لانی کەم بەشە کوردیان بە چوار پێنجێکی دیکەش هەر دەدا. بەوەش هەر رانەوەستان و هەر وەک باسمان کرد لە مەو بەر دەزگاگەل و ئامرازگەلی سەرکوتکەر و چەوسێنەری وەکوو ئاغاوەت و کوێخا و گزیر و تەریقەتی مێشک تالانکەر و بیری ئازادی کوژ و ئاوری ئەوین کوژێنەوە و ئۆرگانگەلی سەر شێوێنەر و لە رێ لادەری وەکوو شێخ و مێخ و تەکیە و خانەقا یان لە نێو ئەو گەلە هەژار و دابەش کراوەدا دروست کرد و ئا بەو شێوە لە رێبازی راستی ئیسلامەتیش هەر لایان دا و بە تەواوی رێگەی راستییان لێ ون کرد!!

جا ئیتر ئەمجا بە کەیفی خۆیان توانییان سواری ملمان بن و بمانچەوسێننەوە و خوێنمان بمژن، کە ئەوەش خوو و خدەی هەمیشەگی چەوسێنەرە و هەرگیز نایهەوێ و بەڵکە ناشهێڵێ چەوساوەکەی هۆشیار و ژیر بێ و داوی جۆراوجۆری بۆ دادەنێ و

دانی رەنگاورەنگی بۆ بە سەرەوە دەکا. مەلی بێچارە ئاگای لە نەخشە فێڵاوییەکانی راوچی نییە دەنا قەت بە داوییەوە نابێ. من لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە سوپاسی زۆر و شایانی خۆم ئاراستەی ئەو نووسەر و هۆنەرە کوردانە بکەم کە دان و داوی دوژمن بۆ گەلەکەیان لێک جیا دەکەنەوە و بۆ رێبازی راستەقینە رێنوێنییان دەکەن و قەت کەمتەرخەم و بێ لایەن و بێ هەڵوێست نین و بە باشی ئەرک و سپاردەی خۆیان بە جێ دێنن. ئەوەتا دەبینین کە مامۆستای کۆیی بۆئەو کورد و کوردستانە چ دیلانێک دەگێڕێ و چۆن مستی پڕ لە رق لە دەمی نەیاران و فێڵبازان و چەوسێنەرانی گەلەکەی رادەکێشێ! یان دەبینین کە ئەحمەد موختار بەگی جاف چۆن لە تاوی کوردستانی دابەش کراو شین دەگێڕێ و ناڵەی دڵی کوردستانی گەورە پڕ ئەکا!! بەڵێ ئەو بەڕێزە دەڵێ:

دێتە گوێم دەنگێک بە ئاە و شیوەن و گریانەوە
ناڵەیی دڵمە لە حەسرەت خاکی کوردستانەوە
لانەواز و بێکەس و مەزڵوومن ئێستا قەومی کورد
گاە بە دەستی تورکەکان و گاە بە دەست ئێرانەوە
راستە گەر ناوی عەداڵەت بۆچی مندالانی کورد
وێڵ و سەرگەردان بسوورێنەو بە سەر کێوانەوە؟
ئەو قەرار و مەجلیسەی وا خەڵک ئەڵێن بۆ کورد ئەبێ
هەر قسەی رووتە وقسەش ناچێتە ناو گیرفانەوە
ئەورۆ با وا بێ بەڵام رۆژێ ئەبێ ئەولادی کورد
بێنەوە مەیدان بە عیلم و سەنعەت و عیرفانەوە
نەوجەوانانی وەتەن تەوحیدی ئەکەن ئەو میللەتە
هەر لە کرماشان هەتا ورمێ و سنە و بۆکانەوە
رێک ئەخەن وەزعییەتی وان و جزیرە سەر بەسەر

عەقــرەوو زاخــۆ ئەبەســتن ریــک بە قەد بۆتــانەوە
خــانەقین و مەنـدەلی و خـاکی لوڕسـتان یەک بە یەک
وەک وەســا ئەیــدوورن بە لای مەنتــیقەی بابــانەوە
پاش قڕانی دوژمنان دەس پێ ئەکەن تەعمیری موڵک
رێــگەی ئاســن ئەچێــتە شــاخی هەورامــانەوە
کێــو و کەژ ئەبێــتە بــاخ و جــادە و قەســرە ڕێ
بــۆ تەماشــای دەســتە دەســتە دێـن لە ئینگلیـستانەوە

بەڵێ لەو پارچە هەڵبەستەدا کاک ئەحمەد موختار جاف گوێی لە ناڵە ناڵی دڵی خۆیەتی کە بۆ گەلی کورد و خاکی پاکی کوردستان دەناڵێنێ و هەر وا لە دڵی خۆشیدا رایناگرێ و کەس نەزانێ چی لە دڵــدایە و چ ڕووی داوە و چ قەومــاوە. بەڵــکە یەک بە خــۆی هاواردەکاو دەڵێ بێ ناز و ستەم لێکراوو و هەژار و چەوساوەیە، ئێستاکە گەلی کورد بە دەستی ئێران و تورکانی تۆڕانی، بۆیەش هەر ئەو دوانە هەڵــدەدا، چــونکە ئەو کــاتی هەر ئەو دوو دەوڵەتە بوون کە کوردیان دەچەوساندەوە و کوردی بێچارە لە نێوانی ئەو دووانەدا دابەش کرابوو و سووریيە و عێراق لە ژێر دەسەڵاتی تورک تۆڕانیەکان و کوردەکانی قەفقازیش لە ژێر دەسەڵاتی ئێراندا بوون.

ئەمجـا دەڵـێ ئەگەر راستە و دادوەریـیەک لە گۆڕێـدایە بـۆچی منداڵی کورد لە هەموو شتێک بێبەشن و وێڵ و سەرگەردان لە سەر کێو و چۆڵ و بیابان دەسووڕێنەوە و بێ کارو ئیش و بێ خوێندن و خوێندنگەن؟!

دیـارە بـاوەڕیش بە وادە وبەڵێنیەکـانی ئەم لا و ئەو لا ناکـا و دەزانێ کە ئەوانە هەر بۆ قازانجی خۆیان و بۆ فریـو دانـی کوردان ئەو جـۆرە وادە و بەڵێنیـانە دەدەن کە ئەوەش هەر قسەی رووتە و

قسەش ناچێتە ناو گیرفانەوە. جا دیارە کە نموونەش بۆ ئەو داوایە یەکجار زۆرە.

هەر لە شەڕی دووهەمی جیهانیدا وادەی سەربەخۆییان بە کوردان دا و بە درۆ و دەلەسانە پتر لە ٤٠٠٠٠٠ لاوی خاوی دڵ گەرمی کوردیان بە کوشت دا و کردیانە دەستەچیلەی شەڕ و تەنانەت لاشەی بێ گیانیشیان لە شەڕگەکان هەڵنەگیرایەوە و بستە گۆڕێکیشیان پێ ڕەوا نەدیتن!!

ئەمجا پاش ئەو هەموو دەردە دڵ و پەژارە هەڵڕشتنە، هۆی بنەڕەتی و سەرەکی ئەو ژیوارە نالەبارە کە پێی وایە هەر نەخوێندەواری و نەزانین و دوور بوون لە پیشەسازییە، دەس نیشان دەکا و بە هەژاری و بێ دەسەڵاتییەوە، بەڵام بە دڵێکی پڕ لە هیواوە دەڵێ: ئەوڕۆ با وابێ چونکە لاوانی کورد هەموو نەخوێندەوار و نەزانن بەڵام بێ گومان ڕۆژێک دەبێ کە نەتەوەی کوردو گەنج و لاوە دڵگەرمەکانی ئەوگەلە فێری زانست و زانیاری و رامیاری و پیشەسازی و دەوڵەتداری ببن و ئەمجا کە خۆیان بە چەکی زانست و زانیاری و پیشەسازی تەیار کرد بێنەوە مەیدان و ریزەکانی گەل یەک بخەن و پتەو بکەن و تەنانەت نەخشەی جوگرافی و سنوورە دەستکردەکانیش هەڵوەشێننەوە و دوای ئەوە دوژمنانی گەل و نیشتمانیان لە وڵاتدا نەهێشت دەس دەکەن بە ئاوەدانکاری و ڕێکوپێکی وڵات. بە جۆرێکی وا تەنانەت ڕێگەی ئاسن دەبەنە سەر کێو و شاخە حەستەمەکانیش و ئیتر:

کێو و کەژ ئەبێتە باخ و جادە و قەسرە ڕێ
بۆ تەماشای دەستە دەستە دێن لە ئینگلیستانەوە

جا ئەمجا دەیەوێ خەڵکی کورد لەو خەوە گران و سەنگینە زیان هێنەرە بێدار بکاتەوە و روویان تێدەکا و دەڵێ:

لە خەو هەڵسن درەنگە میللەتی کورد خەو زەرەرتانە
هەموو تاریخی عالەم شاهیدی فەزڵ و هونەرتانە
دەسا تێکۆشن ئەی قەومی نەجیب و بێکەس و مەزڵووم
بە گورجی قەتعی کەن ئەم ڕێگە دوورەی وا لە بەرتانە
بخوێنن چونکە خوێندن بۆ دیفاعی تیغی دوژمنتان
هەموو ئان و زەمانێ عەینی قەڵغان و سوپەرتانە
بە خۆڕایی لە دەستی بەرمەدەن ئەم خاکە شیرینە
کە تۆزی وەک جەواهیر، سورمە و کوحلی بەسەرتانە
بە سەر خاکا ئەگەر نازیش بکەن حەقتانە کوردینە
تەماشا سێبەری ئەم شاخ و کێوانە لە سەرتانە
بە بێ قەدری بە سەریا رامەبوورن حورمەتی بگرن
گوڵاڵە سوورەی ئەم سەحرایە خوێناوی جگەرتانە
دەمێکە ئەم وڵاتە وا ئەسیری پەنجەیی جەهلە
لە سایەی عیلمەوە ئەمڕۆ ئیتر نۆبەی زەفەرتانە
زمانی حاڵی ئەحمەد هەر ئەڵێ وریان بن ئەی خەڵکە
بزانن بەردی ئەم شاخانە ئەڵماس و گوهەرتانە

کۆیە لە کوردستاندا

شاری کۆیە شارێکی قنجیلانە و جوان و کۆن و لەمێژینەی کوردستانی باشوورە کە لە نێوان شارەکانی ڕانیە، سولەیمانی، دوکان یا دەربەندیخان، شەقلاوە و زاخۆدا هەڵکەوتووە.
شاری کۆیە لە دەشتی پڕ پیت و بەرەکەتی پان و بەرینی کۆیەدا لە داوێنی کێوی بەناوبانگی هەیبەت سوڵتاندا لە چەندین سەد ساڵی لەمەو بەر ساز کراوە و شاری کۆیە ٦٢٥ مەتر و کێوی هەیبەت سوڵتان ١٠٩٢ مەتر لە رووبەری دەریا بەرزترە.

چۆمی کەڵوێ کە لە زنجیرە کێوی قەندیل و کانییە خوای و سێڵوێ ڕا سەرچاوە دەگرێ و دەشتی لاجان بە زۆری و کەڵوێ بە کەمی، پاراو دەکا و لە باشووری شاری قەڵادزێ و رۆژهەڵاتی رانیە تێدەپەڕێ و دەربەندیخان دەگرێتەوە کە لەوێ بەربەندێکی چاکی لەبەر ساز کراوە و بەنداوی گەیوەتە قەڵادزێ. ئەمجا لەوێش تێدەپەڕێ تا دگاتە تەقتەق و باشوور و باشووری رۆژهەڵاتی شاری کۆیە دەگرێتەوە. بەڵام بۆ دەشتی پان و بەرین و وشکارۆی کۆیە هیچ قازانجێکی نییە چونکە لەو مەڵبەندە نە بەربەند و کاناڵ کێشی کراوە و نە هیچ جۆرە گۆڕانکارییەکیشی تێد ئەنجام دراوە. ئەو چۆمە گەورە لە کوردستانی رۆژهەڵات بە رۆژئاوای شارۆچکەی رەبەت و رۆژهەڵاتی سەردەشتێدا تێدەپەڕێ بەڵام بۆ ئەو مەڵبەندش قازانجێکی ئەوتۆی نییە و لە دەشتی کەڵوێ خەڵک وا لە تینوان دەخنکێ و ئەویش بە هاشەهاش و کوڵاوکوڵ دێت و تێدەپەڕێ!!
لە باکووری شاری کۆیە کێوی "ئاواگرد" هەڵکەوتووەکە لە پشتی ئەو کێوە گوندی "شیواشانە" دێی مەلا عەبدوڵڵای دووهەمە.

لە داوێنی کێوی هەیبەت سوڵتان هاوینە هەواری چنارۆکە کە جێگایەکی زۆر خۆش لە چاو دەشتی کۆیە، شاری کۆیە جێگایەکی فێنکتر و کوێستانترە کە مامۆستای کۆیی خوا لێخۆشبوو گۆیا لە هاویناندا خۆی و فەقێکانی چوونەتە وێ و تا پاییزێ هەر لەوێ خەریکی وانە وێژی و نووسەری و بە هونەری خۆیەوە خەریک بووە، خۆشی لەو هۆنراوەدا هێمایەک بەوە دەکا و دەڵێ:

لە تەک شـــاخی ســـەفین و کێـــوی کۆســـرەت
هەزار جـــێگەی هەیە مانەنـــدی جەنـــنەت
ســـەری حـــاجی قەڵا و ســـۆلی چنـــارۆک
بە بـــێ وێـــنەن لەگەڵ شـــوێنی حەمـــامۆک

شاری کۆیە یەکێکە لە شارە هەرە کۆنەکانی کوردستانی گەورە و دەکرێ بە لانکەی زانست و زانیاری و شارستانییەت لە پێنووس بدرێ و لە دەورانی دوای ئیسلامدا هەمیشە مەکۆی زانایان و مەلا و گەور پیاو و مزگەوتو حوجرە و فێرگەی ئایینی بووە و گەلێکی زانا و دانای کەم وێنەی لێ هەڵکەوتووە و وەک پۆلە ئەستێرەی کۆ کە لە نێو ئەستێرەکانی ئاسمانێدا دەدرەوشێتەوە لە نێو شارەکانی دیکەی کوردستاندا دیار بووە.

کـــۆ لە کوردســـتان و کـــۆ لە ئـــا ســـمان
ســـە رگـــوڵی ئەســـتێرەکان و شـــارەکان
هە ر بـــژی ئەی شـــاری کـــۆیە بـــۆو گەلە
چەنـــد مەلای گەورە و بەڕێـــزت پێگەیـــان
بـــا بکـــا شـــانازی کوردســـتان هەمـــوو
بەو کـــوڕانەی پێتگەیانـــدوون ئەتـــوو

بــــۆ گەلــــی بەدبەخـــــت و لێقەومـــــاوی کـــــورد
بـــــوونە رێنـــــوێنی رێبـــــازت مـــــوو بە مـــــوو
شـــــارەکەی حـــــاجی و مەلای گەورە و دلێـــــر
شـــــاری کـــــوردانی نەبەرد و نەڕڕە شـــــێر
تـــــۆ جـــــێگەی شـــــانازی هـــــۆزی ئاریـــــای
ئەی وڵاتـــــی پـــــڕ لە پیـــــت و خێـــــر و بێـــــر
گـــــورزی کوردســـــتان هەمـــــوو وەک گەوهەرە
پـــــڕ لە چـــــاوە و کـــــانە، پـــــڕ داری بە رە
رۆڵە یە ک لە م خـــــاک و ئـــــاوە پـــــێ بـــــگـــــا

راز زان و زار دار و رابەره

مامۆستاش لەبارەی شاری کۆیەدا دەفەرمۆێ:

لەشـــەکراو ی بـــە بەفـــر ی خوشـــتره لام
قـسه وگـو فتـار ی لا وی بەفـری قـە نـد ی
ئەوەنـــدەم شـــاری کـــو یـــە لا عـــە ز یـــزه
بەدور و لەعلـــی نـــا دەم ورد کـــە بەردی
لـــە د نیـــادا چ شـــار نـــاگەن بەکۆیـــە
بەرو بـــار و بە دەشـــت وکێـــو و گـــرد ی
کـــە پـــشکو ت بـــاغ و راغ و دار و بـــا ری
کـــە تـێکەل بـــو کلـــو کـــی سـو رو زەردی
هەوا کەی خۆشـــە ؛ ئـــا وی ســـا ف و خۆشـــی
بـەعـەیـــنی (جنـــة الخلـــد)ه لەعـــەردی

ڕێزدا شێخ ڕەزای تاله بانیش دەفەرمۆێ:

شـاری کـو یـە کە لەبا لـەب لە بتی نو ش لە بـە
گەر فەلەک لی بگەری مەنبەعی عەیـش و تەره بـە

شاری کۆیه هەروەک بێشکەی زانایانی ئایینی و مەلا چاک و نووسەرو هۆنەران بووە، هەروەهاش لانکەی پیاوی گەورە گەورە و خۆش سروشت و پیاو ماقووڵ و راژەکارانی گەل و نیشتمان بووە و زۆری پیاوی باش و بەخزمەت لێ هەڵکەوتوون کە دەتوانین بە چەند دانەیەک لەوانە ئاماژە بکەین بۆ نموونە حەماغای کۆیە.

حەماغا پیاوێکی زۆر دەوڵەمەند و خۆش ڕەوش و نان خۆش و میوان دۆست بووە. ئەو پیاوە زۆر موسڵمان و ئایینـدار و خـوا پەرست بووە لە تەواوی ناوچەکەدا بە نانخۆش و دەس ئاوەڵا بەناوبانگ بووە و ئاوازەی میوانداری و سەخیایەتی وی لە هەرێمەکەدا زۆر لە سەر زاران بووە.

ئەو کاتی وڵاتی کوردەواری بەتایبەتی باشووری کوردستان لە ژێر چەکمەی ڕەقی تۆڕانیەکان بووە و، چونکە بیروڕاشیان سەبارەت بە کورد قەت باش نەبووە، وڵاتەکە تا ڕادەیەکی زۆر هەرەج و مەرەج بووە هەر کەس دەستی ڕۆیبایە ستەمی لەوانی دیکە دەکرد و دەوڵەتیش لێی نەدەپرسییەوە و کاری پێی نەبوو. تیرەی شێخ بوزەینی، کە لەوبەری زێیە نیشتەجێ بوون تەمایان دە دێهاتی کۆیە دەکرد و لە چۆمی دەپەڕینەوە و پەلاماریان دەهێناو خەڵکیان تاڵان دەکرد و تەنانەت لە ناو شاری کۆیەش دەسدرێژییان بۆ خەڵک دەکرد.

حەماغا ناچار لێیان ڕاپەڕی و شەڕێکی زۆری لەگەڵ کردن و دوای کوشتە و زامارێکی زۆر لە سەر جێی خۆیان دانیشاندنەوە و بە یەکجاری تەمبێی کردن.

هەر جووتیارێک چووبا لای و داوای گاجووت و ئامرازی وەرزێری لێ کردبایە دەیدایە و ئەگەر نەشیبووبایە بۆی دەکڕی. ماڵەکەی میوانخانەی مشەخت و ڕێبواران بوو و هەر کەس هەرچەندی لەوێ مابایەوە کەس لێی نەدەپرسی و هەموو ڕۆژێ جیرەی خۆی وەردەگرت.

دەڵێن کابرایەک لەوێ میوان دەبێ و لەو ماوەدا ئەسپەکەی دەتۆپێ و ئەویش هەموو ڕۆژێ هەروەک جاران دەچێ ئالیک و تفاق وەردەگرێ و دەیبا لە بازاڕی دەیفرۆشێ تا بەو پووڵە ئەسپێک

دەکرێتەوە و ئەمجا سوار دەبێ و دەڕوا.

حەماغا چەند ساڵێکیش لە لایەن دەوڵەتەوە لە بەغدایە زیندانی کـراوە. لەو مـاوەدا لە زینـدانیش هەروەک لە کـۆیە دیوەخـانی هەبووەو گەلێکی خـزمەت بە زینـدانییە هەژار و رووت و نەدارەکـان کردووە و زۆر بە پۆلیس و کاربەدەستانی زیندان هەر بە مـاڵی وی بەڕێ دەچـوون. کاتێـک لە زینـدان ئـازاد بـووە تەواوی کەلوپەل و ئامرازی چێشتخـانەکە و هەرچی لەویدا پێی بـووە هەمووی داوە بە زیندان و زیندانییەکان.

کـوردێکی زۆر کـورد و موسڵمان و بەخـشەر و بەخێـرەت بـووە. سـتەم و تـۆبزی لە کەس قەبـووڵ نەکـردووە و لە بەخشەریـشدا نموونەی نەبووە لە دەورانی خۆیدا.

حەماغای کۆیە

یەکێک لـە پیـاو مـاقوڵان وگەورەپیـاوو دەوڵەمەنـدە دەسـت و دل ئاواڵاکـانی شـاری کۆیـە یـــە، کــە بـە نـا نخۆشـی ومیـوانکر و پـیـاوەتی زۆر بەناوبانگ بـووە و ئێسـتا ش هــەر لەبـیـــر نــەچـۆتـەوە بـۆ هـەمو خەڵکی هەریمەکە بۆتەویردی زمـان و مەتەڵ لە کوردەواری دا.

مزگەوتەکانی شاری کۆیە

کۆیە هەر لە کۆنەوە کۆکەرەوەی زانست و زانیاری و مەکۆی مەردانی مەرد و کورد و جێگەی بنکە ئاینییەکان بووە و هەمیشە پڕ بووە لەفێرگە و حوجرەو مزگەوت و رازاوەوە بە کۆڕی وانە وێژی و وانە خوێن و وانە وێژان بووە. لە شارێکی ئاوا چووکەدا چەندین مزگەوت و حوجرەی تێدا بووە. ئەو مەلا و زانایانەی کە لە کۆیەدا هەڵکەوتوون و پێگەیون هەر یەکەی ئەستێرەیەکی درەوشاوە و پڕشنگدار بووە لە ئاسمانی وێژەی ئیسلامدا.

ئەگەرچی ئەوڕۆ دنیاش گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هاتووە بەڵام ئێستاش کۆیە هەر مەکۆی مەلا و فەقێ و بنکە ئاینییەکانە و چەندین مزگەوتی جوان ورازاوەی تێدایە کە بریتین لە:

١ـ مزگەوتی گەورەی کۆیە: ئەو مزگەوتە پیرۆزە مزگەوتێکی گەلێک جوان و رێکوپێکە و لە سەر شێوە و بیچمی "کابە"ی پیرۆز دروست کراوە و لە ناوەڕاستی شار و لە گەڕەکی بەفری قەندیدا هەڵکەوتووە.

گەڕەکی بەفری قەندی هەر ئەو گەڕەکەیە کە مامۆستای کۆیی خۆی لەبارەی قسە خۆشی و زمان شیرینی لاوەکانیدا دەفەرموێ:

لە شەکراوی بە بەفری خۆشترە لام
قسە و گوفتاری لاوی بەفری قەندی

وەک دەڵێن لە هیچ یەک لە وڵاتانی ئیسلامیدا جگە لە کابەی پیرۆز هیچ مزگەوتێک بەو شێوە و بیچمە نییە، مزگەوتی گەورەی کۆیە نەبێ.

لە ساڵی١٢٦٠ی کۆچی مانگی واتا١٦٧ ساڵ لە مەو بەر دروست کراوە. لە ژووری مزگەوتەکەدا گومبەدێکی گەورە هەیە کە لە هەر دوو لای ویش دوازدە گومبەدی چووکە هەن. خودی ژوورەکەی شەش سەد گەزی چوار گۆشەیە.

بێجگە لە خودی مزگەوتەکە ١٠ هۆدەی لێ دروست کراوە کە یەکیان هی وانەوێژ و یەکیان هی پێشنوێژ و هەشتیان هی فەقێیانن.

بەڕێز مەلا مەحمموودی هۆمەر گومبەدی ناسراو بە مفتی کە هاوچەرخی بەڕێز مفتی زەهاوی بووە یەکەم پێشنوێژ و وتاربێژ و وانەوێژی ئەو مزگەوتە پیرۆزە بووە. دوای کۆچی دوایی مەلا مەحموودی بەڕێز حاجی مەلا ئەسعەدی جەلیزادە لە جێگەی ئەو ئەرک و سپاردەی رامیاری و ئایینی بەجێ هێناوە. دوای کۆچی دوایی ویش، حاجی مەلا عەبدوڵڵای کوڕی لە جێگەی وی دانیشتووە. ئەمجا دوای حاجی مەلا عەبدوڵلا، مەلا محەمەد ئەفەندی کوڕی کە بە مەلای گەورە ناوبانگی دەرکردووە و ئەو پەرتووکەی ئێمەش لەبارەی وی دایە، هاتۆتە سەر ئەو مزگەوتە و لە تەمەنێکی زۆر کەمدا بۆتە پێشنوێژ و وتاربێژ و وانەوێژی ئەو مزگەوتە و ئەمجا هەر لەوێرا ناوبانگی بە تەواوی جیهانی ئیسلامدا بڵاو بۆتەوە. ئەو مزگەوتە بەڕێز، حاجی مەلا بەکراغای حەوێزی دروستی کردووە. وەستای لە موسڵ و حەڵەبێرا بۆ هێناوە و لە هەر لایەکەوە کەرەسەی بۆ خڕ کردۆتەوە و لە کاتی دروست کردنیدا ساڵێکی تەواو هەر بەردە مەرمەڕەکانییان بۆ تەشوێ تاش کردووەو بڕیوە و ئەمجا ساڵی دواتر، دەستیان بە دروست کردنی کردووە. لە سەر بەردێکی گەورە بەستە هەڵبەستێکی فارسی سەبارەت بەو مزگەوتە نووسراوە کە هەوەڵەکەی ئەو تاکەیە کە دەڵێ:

تا گنبد این جامع اعلا شده بر پا
صد ناز کند کوی برین قبه خضرا

دوایەکەشی ئەم تاکەیە کە دەڵێ:

از همـــــت ملابکـــــر ایـــــن مـــــسجد ممتـــــاز
در ســـال هـــزار و دوصـــد وشـــصت شـــد انـــشا[1]

٢ـ مزگەوتی گەرمووک: ئەو مزگەوتەش هەر لە گەڕەکی بەفری قەندی لە بەرکۆنیانی کەس نازانێ کێ دروستی کردووە. بێجگە لە خودی مزگەوتەکە دوو هەیوان و دوو حوجرەی فەقێیانی هەیە و گۆیا بۆیەش بە مزگەوتی گەرمووک ناو براوە لە کاتی خۆیدا لە حەوشەی مزگەوتدا کەرێزەیەک هەبووە کە لە بن عەردیدا رۆیشتووە و زستانان هەتا هەوای ساردتر ببێ ئەو گەرمتر بووە. تا ئێستا چەندین جار نوێ کراوەتەوە لە لایەن خێرخوازانی شاری کۆیەوە. ئەو کەرێزەش لە ساڵی ١٩٧٩ لە لایەن یانەی ئەوقافەوە پڕ کراوەتەوە.

---

١ ـ تەواوی هەڵبەستەکە ئەوەیە:

تـــا گنبـــد ایـــن جـــامع اعـــلا شـــده بـــر پـــا
عـــالم زوجـــودش بنـــشاط که گـــویی
از منبـــر و محـــراب و درش نیـــز یقـــین اســـت آینـــد
هـــرکس که درو جمـــعه گـــذارد به شـــرایط
دانـــد به هـــرکه بـــود اهـــل ســـعادت
فرمـــود بمـــن از ســـر تعلـــیم سروشـــتی
طـــالع بـــشمر مهمـــل ایـــن بیـــت و یکـــی فـــرد
از همـــت ملابکـــر ایـــن مـــسجد ممتـــاز
صـــد نـــاز کنـــد بـــراین قـــبه خـــضرا
هـــستند بـــه زیـــر شـــجر ســـدره و طـــوبا

٣ــ مزگەوتــی خـــادم الــسجادە: ئەوەش هەر لە گەڕەکــی بەفــری قەنــدی مامۆســتای کــۆییە و ئەو مــزگەوتە، پیــرۆزە یادگـــاریکی بەنرخی عبدالرحمن پاشای بابانە کە لە ساڵی ١٢٢٥ی کۆچی مانگی دروســتی کــردووە و مەلا ئەســعەد ئەفەنــدی خـــادم الــسجادەی کە مەلایەکــی باشــی ئەو سەردەمە بــووە کــردۆتە مەلای ئەو مــزگەوتە گۆیــا مەلا ســەعدی ئەفەنــدی بــۆیە پێیــان گوتــووە خـــادم الــسجادە چونکە بەرماڵی پێغەمبەری مەزنیﷺ لە لا بــووە. دە یەکــی داهــاتی دەشتی کۆیە و گوندی "مەلا زیاد"یان بۆ ئەو مزگەوتە هێناوەتەوە.

دوای مەلا سەعد مەلا محەمەد ئەفەنــدی کــوڕی و دوای ویــش مەلا ئەمــین ئەفەنــدی نەوەی لە جــێگەی دانیــشتوون. لە دەروانــی مەلا ئەمــین ئەفەندیــدا ســوڵتان عبدالحمیــدی تــورک بەرمـــاڵەکەی لــێ ئەستاندوون و بە تکا و رجایەکی یەکجار زۆر داونیەتەوە و ئەویش بەو مەرجەی، کە لە کەرکــووکێ مزگەوتێکــی بۆدروســـت بــکەن و بیبەنە وێ.

٤ـ مزگەوتــی پەلــک: ئەو مــزگەوتەش کە هەر لە گەڕەکــی بەفــری قەنــدی هەڵکەوتــووە، لە بەر کــۆنی بــڕواری ســاز کرانــی بــۆ کەس ڕوون نییە، بەڵام فەقێ جەردیس ناوێک لە ساڵی ١٢٧٤ کۆچی مانگی تازەی کردۆتەوە. جگە لە خودی مزگەوتەکە هەیوان و حەوشەیەکی زۆر خـــۆش و ســـێ حـــوجرەی فەقێیـــان و یەک حـــوجرەی مەلای وانەبێــژی هەیە. ئەو چـــوار شــیعرە فارســیە لە ســـەر دەروازەی مزگەوتەکە نووسراون:

دوش کـــــــردم ســـــــوال از هــــــاتف
جـــــای ذکـــــر و بنـــــای بـــــیهمتـــــا
تـــــاج افـــــلاک در ربـــــود ســـــرود

بـــــر فلـــــک ســـــود قبـــــه مـــــسجد
کیـــــست آیـــــا نهـــــاده ایـــــن تأســـــیس؟
منـــــشأ زهـــــد و مبـــــدأ تـــــدریس
بیـــــت تـــــاریخ او بـــــه تقـــــدیس
بـــــه اعـــــلای دیـــــن فقـــــه جـــــرجیس

٥ـ مزگەوتی حاجی مەلا عومەر ئەفەندی: ئەو مزگەوتەش هەر لە گەڕەکی بەفری قەندییە. حاجی مەلا عومەری کوڕی جەردیسی داروغە لە ساڵی ١٢٨٠ی کۆچی مانگی لە پەنا ماڵی خۆیان دروستی کردووە.

ماوەیەک حاجی مەلا ئەسعەد ئەفەندی کوڕی حاجی مەلا عومەر لە سەر ئەو مزگەوتە بووە و هەر بۆیەش ناوی کەوتۆتە سەر و بە مزگەوتی حاجی مەلا عومەری ئەفەندی نێو براوە. دوای ئەوە کە ئەم مەلایە لە گەڕەکی بەفری قەندی رۆیشتووە گەڕەکی قەڵاتێ، حاجی مەلا رەسووڵی بێتووشی کە لە ساڵی ١٩١٩ زایینی کۆچی دوایی کردوە بۆتە پێشنوێژ و وانەوێژی ئەو مزگەوتە.

٦ـ مزگەوتی حەتک: مزگەوتی حەتکیش هەر لە گەڕەکی بەفری قەندیدا هەڵکەوتووە کە مزگەوتێکی بڕێک چووکەڵە و زۆر جوان و خشپیلانەیە ئەو مزگەوتە زۆر کۆنە و بەروارەکەی نازانرێ و بۆ کەس روون نییە و کەس نازانێ کەنگێ و کێ دروستی کردووە.

دوو حوجرەی فەقێیانی هەیە کە مامۆستای وانەوێژیش هەر لە یەکێک لەواندا وانە ئەڵێتەوە. لە ساڵی ١٣١٧ی کۆچی مانگی لە لایەن حاجی عەبدوڵڵای حاجی مستەفا رەبەن تازە کراوەتەوە و نوێ کاری تێدا کراوە.

تا ئێستا گەلێک مەلای وەک مەلا لەتیف ئیسماعیل، مەلا سەلیم سەعید ئاکرەیی، مەلا خرناڵ، مەلا سولەیمان بێتواتەیی، مەلا سولەیمان مەلا ئیبراهیم و هتد بوون بە پێشنوێژ و وانەوێژی ئەو مزگەوتە پیرۆزە.[1]

٧- مزگەوتی بیرۆکە: بە داخەوە ئێستا ئەو مزگەوتە نەماوە، کە رووبەڕووی مزگەوتی حاجی مەلا عومەر لە گەڕەکی بەفری قەندی بووە.

گۆیا کاتێک لەمزگەوتی حاجی مەلا عومەر جێی نوێژکەران نەبۆتەوە، روویان لە مزگەوتی بیرۆکە کردووە چونکە زۆر لێک نزیک بوون. ئەو مزگەوتە زۆرتەواو و رێکوپێک بووە و حوجرەی فەقێیانیشی بە تەواوی هەبووە و تەنانەت جێگەی سوختە و موستەعیدانی لێک جیا بووە و بە جێگەی سوختەکانیان گوتووە سوختەخانە. تەنانەت پێش ساڵی ١٢٣٧ کۆچی مانگی لەو مزگەوتەش هەر نوێژی هەینی کراوە.

٨- مزگەوتی مەلا هۆمەر مەولوودی چاوڕەشی خەسرەوی: ئەو

---

[1] ـ ئەم چوار هۆنراوە فارسییە بە خەتێکی زۆر خۆش لە سەر بەردێکی مەڕمەڕ نووسراون و لە سەر دەروازەی مزگەوتەکە دراوە:

کرد تعمیر حاج عبداللە
نقد بسیار از ممر حلال
شرف چو بیت عتیق
یکی را گفتم جوهر این تاریخ
مسجد کهنە ازر یاعاری
کرد و ندید دشواری
جای تدریس و علم و بیداری
(باد مقبول حضرت باری)

مـــزگەوتەش هەر لە گەڕەکـــی بەفـــری قەنـــدی بـــووە ئێـــستا شوێنەواریـشی نەمـاوە. مەلا مەولـوود خـۆی دروستی کردبـوو هەر خۆشی وانەی ئایینی لەوێدا بە فەقێیان کوتووە و دیـارە حـوجرەی فەقێیانیشی هەبووە.

ئەو مزگەوتە تا ئێستا لێیان دواوین هەموویان هەر ئـی گەڕەکـی بەفری قەندی بوون.

٩ــ مزگەوتـی ئـازادی: ئەو مـزگەوتە لە گەڕەکـی ئـازادییە و بە یـارمەتی و یاریـدەی پـارەی خەڵکـی ئەو گەڕەکە دروسـت کـراوە. مزگەوتێکی زۆر خۆش و لەبار و ڕێکوپێکە و خودی مزگەوتەکە زۆر گەورە و تەواوە و هەیوانێکی لە پێشەوە هەیە.

١٠ـ مزگەوتی حـاجی بەکر دلێر: ئەو مزگەوتە بەڕێز حـاجی بەکـر دلێـر، لە گەڕەکی بایزئاغـا دروسـتی کـردووە و حەوشـەیەکی زۆر گەورە و خۆشی هەیە جێگای کۆڕی پرسە و سەرەخۆشـی لێرەدا لە مزگەوتـێ جیـایە. لە سـاڵی ١٩٧٩ی زایینـی تەواو بـووە و دەرکەی کراوەتەوە.

١١ـ مزگەوتی ئەوقـاف: ئەو مـزگەوتەش لە سـاڵی ١٩٨٢ی زایینـی یانەی ئەوقاف لە ڕێگـای حەمـامۆک لە لایەن میـرییەوە دەستی بە دروسـت کردنـی ئەو مـزگەوتە کـردووە، کە ئێـستا تەواو بـووە و یەکێکە لە مزگەوتە تازەکانی شاری کۆیە.

١٢ـ مزگەوتی حاجی سدیق: بەڕێز حاجی سـدیق حەمەد عەبـدوڵڵا زەمینـەکەی لە گەڕەکـی قەڵاتـێ کڕیـوە و هەر بە پـارەی خۆشـی لە ساڵی ١٩٨٠ زایینیدا دروسـتی کـردووە و ئەو مـزگەوتە کـۆڵەکەی لە بەردانین و لە بنـیڕا بێ کۆڵەکەیە و هەیوانێـک و یەک دوو هـۆدەی هەیە.

١٣- مزگەوتی رەشە: ئەو مزگەوتەش یەکجار کۆن و لەمێژینەیە و لە بەر کۆنیـانی بەرواری دروسـت کردنـی بـۆ کەس نـازانرێ و لە گەڕەکـی قەڵاتـێ هەڵکەوتـووە. بەڵام لە سـاڵی ١٢٠٧ کـۆچی مـانگی حاجی ئەحمەدی وەتمانی تازەی کردۆتەوە. حەوشێکی گەورە و دوو حـوجرەی فەقێیـان و یەک حـوجرەی مەلای وانەوێـژی هەیە کە لە حەوشەکەدا مێرگێکی خۆشی تێدایە.

١٤- مزگەوتی سـەرباغ: لە کـۆیە گردێـک هەیە پێـی دەڵـێن گـردی جوولەکـان ولە پێـشدا مـاڵی لـێ نەبـوون، بەڵام لە سـاڵی ١٩٥٧ زایینی ئەو گردەش هەر کرا بە شار و پتر لە ٣٠٠ ماڵی لێ ساز کرا.

ئەمجا بەڕێز حاجی محەمەد حاجی عەبدوڵڵا دوو پـارچە زەمینـی لەوێ کڕی و لە سـاڵی ١٩٥٨ بە پـوولی خـۆی مزگەوتێکـی خـۆش و باشـی لـێ دروسـت کـرد و حـوجرەی فەقـێ و مەلا و حەوزی ئـاو و حەوشە و حەسارێکی باشی بۆ دروست کردن و، بەڕێز مەلا محێدین یەکەم پێشنوێژ و وانەوێژی ئەو مزگەوتە بووە.

١٥ـــ مزگەوتـــی قـــامیش: ئەو مـــزگەوتەش هەر زۆر کـــۆن و لەمێژینەیەو بەرواری دروست کرانەکەی وە بیری هیچ کەس نـایەت بەڵام لە سـاڵی ١٢٢٦ی کـۆچی مـانگی بەڕێـز حـاجی مەلا شـێخ ئەحـــمەدی کـوڕی مەلا شـێخ ئەبـووبەکری نەقـشبەندی تـازەی کردۆتەوە. ئەمجا لە ساڵی ١٣٠٤ی کۆچی مانگیش دووبارە لە لایەن بەڕێز حاجی مەحموود حـاجی محەمەدئەمین حاڵخۆشییەوە تـازە کراوەتەوە. ئەو مـزگەوتە پیـرۆزە بـریتییە لە خـودی مـزگەوتەکە و یەک حـــوجرەی فەقێیـــان و یەک حـــوجرەی وانەوێـــژی و یەکـــی پێشنوێژی و حەوشە و حەوزو ئاودەسخـانە.

١٦ـــ مزگەوتـــی حـــاجی مەلا ئەســـعەد: ئەو مـــزگەوتەش هەر مزگەوتێکـــی زۆر کـــۆن و لەمێـــژینەیە و بەرواری دروســـت کرانـــی

نازانرێ. بەڵام لە ساڵی ١٢١١ی کۆچی مانگی بەڕێز عبدالرحمن پاشای بابان بۆ بەڕێز مەلا عبدالرحمن کاکی جەلی تازەی کردۆتەوە و پووڵێکی زۆری لێ خەرج کردووە.

ئەو مزگەوتە پێنج حوجرەی فەقێیانی هەیە. دوای ئەوە کە عبدالرحمن پاشای بابان تازەی کردەوە و مەلا عبدالرحمنی لە سەر دانا دوای ویش مەلا عبدالله کوڕی و ئەمجا حاجی مەلا ئەسعەدی کوڕی وی یەک لە دوای یەک مەلایەتییان تێدا کردووە.

١٧ـ مزگەوتی کۆنە جومعە: ئەو مزگەوتەش یەکێکە لە مزگەوتە هەرە کۆن و لەمێژینەکانی شاری کۆیە کە لە گەڕەکی "هەواو" هەڵکەوتووە. دەڵێن هەنتەشی عبدلله کوڕی هەنتەشی عومەر دروستی کردوە و هەر بۆیەش هەر بەو بۆنەوە بە مزگەوتی "ابن العمر"یش نێوی دەبرێ و هەروەها مزگەوتی عەولا و عومەرانیشی پێ دەڵێن تا کاتێکی کە مزگەوتی گەورە دروست کراوە نوێژی هەینی هەر لەوێ کراوە.

جا لە ساڵی ١٢٦٠ی کۆچی، کە مزگەوتی مانگی گەورە ساز کراوەو نوێژی هەینییان بردۆتە ئەوێ و ئەوێش نێوی کۆنە جومعەی بە سەردا براوە.

چەندین مەلای گەورە و هەڵکەوتووی وەک مەلا پیرۆتی وەتمانی، مەلا خدری هەورامی، مەلا عوسمانی حەمەبتە، مەلا ئەحمەدی باڵەکی (مەلا شەلە)، مەلا عبدالرحیمی ژێ، مەلا تەها مەلا عبدالرحیم لەو مزگەوتە مەلایەتییان کردووە.

١٨ـ مزگەوتی مەلا جامی: ئەو مزگەوتە پیرۆزە کە ساڵی ١١٧٢ی کۆچی مانگی دروست کراوە لە گەڕەکی بایزاغا هەڵکەوتووە و لە ساڵی ١٣٣٠ کۆچی مانگی لە لایەن بەڕێز حاجی ئیسماعیل حاجی

بـاپیرەوە تـازە کـراوەتەوە تـا ئێـستا چەنـدین مەلای بەڕێـزی کوردەواری لەسەر ئەو مزگەوتە مەلایەتییان کردووە. بۆ نموونە بەڕێزان فەقێ حوسەینی کوڕی مەلا مستەفا، مەلا مەحموودی کوڕی فەقێ حوسەین، مەلا ئەحمەد و مەلا سادقی کوڕی و مەلا... مەلا زاهیر. بەڕێز مەلا زاهیر مەلا حامید کە خاوەنێ کتێب و نامیلکەی زۆری چاپ کراو و چاپ نەکراو و هۆنراوەی کوردی و فارسی و عەرەبییە و من خۆم لە زستانی ١٣٤٦ی هەتاوی لەگەڵ مەلا محەمەدئەمین پوورشێخە زەرگەتەنی کە ئێستا مەلای گوندی ئەمبێ لە ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێیە لە خزمەت ئەو مامۆستا بەڕێزە دەمانخوێند و هەر یەکەی نامیلکەیەکی چووکەی عەرەبیشی بە نێوی قانون اسلام کە تازەی چاپ کردبوو داینێ و هێشتا هەر ماومەو دوای ئەوە کە لەوێ ڕۆیشتین چووینە گوندی کانی وەتمانی ناوچەی خەلەکان و ماوەیەک ماینەوە و پاشان چووینە سولەیمانییە و لەوێشەوە هاتینە گوندی دەشتێوی پژدەرێ و مەلا محەمەدئەمین زۆر بە سەختی نەخۆش کەوت و زۆر بە نارەحەتی هێنامانەوە سەردەشتێ.

مزگەوتەکە زۆر جوانکیلانە و خۆشە و حوجرەیەکی خۆشی فەقێیان و حوجرەیەکی وانەوێژیشی هەیە. حەوز و ئاودەست و حەوشە و حەسارەکەی زۆر جوان و ڕێکوپێک بوون. دارە خورمایەکی قەد ئەستووری دە حەوشەکەیدا بوو بەڵام خورمای نەدەگرتن. لە سەر دەروازەکەی نووسراوە: (فادخلوها بسلام آمنين).

١٩ـ مزگەوتی مفتی: ئەو مزگەوتەش هەر لە گەڕەکی بایزاغا هەڵکەوتوە کە لە ساڵی ١١٧٦ی کۆچی مانگی لە لایەن بەڕێز مەلا یۆسف زاهیدەوە دروست کراوە و ماوەی چل ساڵ هەر خۆی مەلایەتییەکەی کردووە، ئەمجا مەلا محەمەد کوڕی کە بە ابن الزاهد

بەناوبانگ بووە ماوەی شێست ساڵی تەواو واتا بە هەر دووکیان سەد ساڵی مەلای ئەو مزگەوتە بوون.

لەدوای ویش مەلا محەمەد ساڵحی کوڕی کە مفتی شاری کۆیە بووە لە سەری دانیشتووە و بە نێوی وی نێو براوە. لە ساڵی ١٢٨٢ مانگی بەڕێز ئۆمەری بەکری کە ئێستا گۆڕەکەی لە بەر هەیوانی مزگەوتێیە و بە پارەی خۆی تازەی کردۆتەوە. ئەو مزگەوتە سێ حوجرەی فەقێیانیشی هەیە.

٢٠ـ مزگەوتی بایزاغا: ئەو مزگەوتە لە گەڕەکی بایزاغایە واتا باپیرە گەورەی عبدالرزاق ئاغا و بە پارەی خۆی دروستی کردووە. لە ساڵی ١٠١٥ مانگیدا دو سێ خانووشی لە وەختی خۆیدا بۆ کڕیوە کە یەکیان بۆ مەلای وانەبێژ و یەکیان بۆ مەلای پێشنوێژ و ئەوی دیشی بۆ بە کرێ داوە.

ئەو مزگەوتەش هەر وەک ئەوانی تر حوجرەی وانەوێژ و فەقێیانی هەیە. مامۆستا نالی لەو مزگەوتە وانەی ئایینی خوێندووە. دەڵێن پێش ئەوەی مامۆستاکەی وانەی پێ بڵێ لە لای هێندێک کەس دەیدرکێنێ کە ناوێرێ وانەی پێ بڵێ، چونکە دەڵێ بۆ هۆنەری هاوتای نییە و ئەگەر بۆ زانیاریش هەر وا بێ کاری من نییە وانەی پێ بڵێم.

ئەو پێنج هۆنراوە فارسییانە لە سەر بەردێکی مەڕمەڕ هەڵقەندراون و لە سەر دەروازەی مزگەوتەکە دراوە کە دەڵێ:

طرازنده جامع بی‌مثال
ز ایجاد آن پیش آن نامدار
شد بانی ثاني حاج حسين
دنانير و درهم بسي صرف كرد

خـــرد گفـــت تـــأریخش آن بـــی‌نظیـــر
بـــه قـــدر علـــم بـــود هـــر فرخنـــده فـــال
بـــه رضـــوان جنـــت نمـــود ارتحـــال
چـــو همـــت بلنـــد اســـت و نیکـــو خـــصال
بـــه تعمیـــر تـــره حـــشر کـــرد اشـــتغال
مکـــان معـــلا چه جنـــت مثـــال

٢١ــ مزگەوتـی منـارە: ئەو مـزگەوتە لە گەڕەکـی قەڵاتـێ بەر لە ساڵی ١٠٥٤ی کـۆچی مـانگی دروسـت کـراوە و ئەو کـاتی کە ئەو مـزگەوتە لە بنـاری گەڕەکـی قەڵاتـێ دروسـت کـراوە شـارەکە هەر هەتاوێ بووە و هەر بۆیەش مزگەوتی بناریش نێو براوە.

لە ساڵی ١١٨٣ی کۆچی مانگی کەسێک بە نێوی ذبیح اللە تـازەی کردۆتەوە لە تەواوی مزگەوتەکانی کۆیە هەر ئەو مـزگەوتە منـارەی هەبـووە هەر بـۆیەش بە مزگەوتـی منـارە بەنێوبـانگە. بـێجگە لە خودی مزگەوتەکە حەوشە و باخچەیەکی خـۆش و هەیـوان و چەنـد حوجرەی فەقێیان و هەروەها حوجرەی مەلاشی هەیە.

بەڕێـزان مەلا ئەبـووبەکر و مەلا حـسێن و مەلا سـاڵح کە هەر سێکیان نەوەی بـاپیر فەقـێ ئەحـمەدی دایە خەجـێن یەک لە دوای یەک مەلایەتییان لەو مزگەوتەدا کردووە و فەقێیان راگرتوون. دوای وان مەلا عەلـی بـاداوەیی کە فەقێـی جەنـابی مەلای گەورە بـووە و هەروەهـا دەیـان مەلای دیـکەش لەو مـزگەوتە پێـشنوێژی و وانەوێژییان کردووە.

٢٢ــ مزگەوتـی مەحمووداغـا: ئەو مـزگەوتەش هەر لە گەڕەکـی قەڵاتێ هەڵکەوتـووە و لە پێشدا نێوی مزگەوتـی خـالیداغا بـووە، بەڵام لە سـاڵی ١٢٧٢ بەڕێـز مەحمووداغـای غەفـووری تـازەی

کردۆتەوە. لە پێشدا مەلا حسێن ناوێک لە سەری بووە و دوایی مەلا ساڵحی جەلی بۆ ماوەی پەنجا ساڵ مەلایەتی و وانەوێژی ئەو مزگەوتەی کردووە. ئەو مزگەوتە حەوشەیەکی زۆر گەورە و حوجرەی فەقێیان و یەک حوجرەی مەلای هەیە.

ئەو مزگەوتانەش هەر نەماون:

١ـ مزگەوتی بیرۆکە ٢ـ مزگەوتی قۆشخانە ٣ـ مزگەوتی مەلا ئۆمەری مەولوود چاوڕەشی خەسرەوی ٤ـ مزگەوتی سوور.

شاری کۆیە ئێستا پتر لە بسیت هەزار ماڵ دەبێ و سەر بە پارێزگاری هەولێرە. هێندێک لە شەقامەکانی بریتین لە:

١ـ شەقامی حاجی قادر ٢ـ شەقامی حەمامۆک ٣ـ شەقامی سەرباخ ٤ـ شەقامی ئیسکان ٤ـ شەقامی جەمعییە ٦ـ شەقامی ئازادی ٧ـ شەقامی جەوهەراوا ٨ـ شەقامی هەرمووتە.

گەڕەکەکانی کۆیە بریتین لە: ١ـ گەڕەکی بایزاغا ٢ـ گەڕەکی قەڵا ٣ـ گەڕەکی بەفری قەندی کە لە پشتی گەڕەکی قەڵایەیە ٤ـ گەڕەکی گردی کە رووبەڕووی بەنزینخانەکەیە ٥ـ گەڕەکی ئازادی ٦ـ گەڕەکی ئیسکان ٧ـ گەڕەکی جواهیراوا.

گوندەکانی نزیکی شاری کۆیە بریتین لە: گوندی فەقێیان و گوندی کافرۆشی لە رۆژهەڵاتی باکوور و گوندی کفرەدۆڵ و بامورتکان و ئاودەڵۆک و شەوگێڕ لە رۆژهەڵاتی باشووری گوندەکانی شێواشۆک و شێلە و بایزاغا و باوەقۆپ و شێخەڕوان و پیرەڵ لە رۆژئاوا.

لە باکووری شاری کۆیە ناوچەی باواجانییە کە بریتییە لە گوندەکانی کرۆژ، سماقوڕی سێنان و سماقوڕی سەرچاوەو سماقوڕی

گەلی و ئیران و نازەنین و گوندی جەلی و کونە فلوسەو سکتان.
هەرێمی کۆیە سێ ناوچەیە: ١ـ بەرکۆیە ٢ـ پشکۆیە ٣ـ سماقوڕی.
جا ئەو شارە بچکۆلانە جوانکیلانەی کوردستان وەک زۆربەی شارەکانی دیکەی ئەو هەرێمە بێشکە و پەروەرشگای دەیان پیاوی زانا و هەڵکەوتوو و دەیان بلیمەت و پسپۆڕی وەک مەلای کۆیی، مەلا عەبدوڵلا جەلیزادە و باب و باپیرانی مەلای گەورەی کۆیی و دەیان هۆزانی هەڵکەوتووی گەورە و بلیمەت و پیتۆڵ و پسپۆڕ و هۆزان و لێزانی بەرزی وەک مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا جامی، مەلا عەبدوڵلای ئەوەڵ کوڕی مەلا محەمەدی مەلازادە، مەلا عەبدوڵلای دووهەم جەلی کوڕی مەلا عبدالرحمن جەلی، مەلا عەبدوڵلای سێیەم کوڕی حاجی مەلا ئەسعەدی جەلی، مەلا عبدالرحمن جەلی، شێخ سەعدی کوڕی مەلا خدری پیرمکائیلی، مەلا ئەحمەد عومەری گونبەدی، مەلا محەمەد قازی و هەروەها لانکەی چەندین هۆنەری باهونەری وەک حاجی مەلا قادری کۆیی و هۆنەری هەست ناسکی بیر تیژی وەک شێرکۆ کۆیی کە دەڵێ:

یاری من کەیفی لە لایە دەفعی دەرد و خەم دەکا
چاو لە وێنەی ئاسکە کێوی عاشقان ماتەم دەکا

وشەی "کۆ" لە فەرهەنگی کوردیدا واتا خڕ، خڕ بوونەوە، کۆ بوونەوە، خڕ بووە، کۆ بووە، پۆل و پێڕ. لە زاراوەی ئەستێرەوانی کوردیشدا پۆلە ئەستێرەیەکی کە لە لای رۆژهەڵاتەوە دەردەکەوێ و بە شوێن ویشدا پۆلێکی دیکە کە پێک هاتووە لە شەش ئەستێرە و سێیان پێکەوە و سێشیان پێکەوەن بە نێوی تەرازوو هەڵدێن. پێڕە ئەستێرەی کۆ و پۆلە ئەستێرەی تەرازوو لە ئاسمانا دیارن و ئەدرەوشێنەوە و خەڵک لە چاخەکانی رابردوودا وەخت و کاتی خۆیان پێ دیاری کردوون.

ڕاستی هەرچەندە ڕەنگە لە کاتی نێو نانی شاری کۆیەدا ئەوەیان مەبەست نەبووبێ، بەڵام بە هەڵکەوت وا هاتووە کە شاری وەک کۆیە پۆلە ئەستێرەی کۆیە بە هۆی هەڵکەوتنی زانایانی زۆر و پسپۆڕ و هۆزانی هەڵکەوتووی بێ وێنە لەم شارە و دەوروبەری ئەم شارەدا لە ئاسمانی فەرهەنگ و وێژە و مێژووی کورد و کوردەواریدا وەکو کۆ دەدرەوشێتەوە.

شاری کۆیە هەر وەک زانایانی گەورە گەورە و کەم وێنەی تێدا هەڵکەوتوون گەلێکیش پیاوی گەورە و دەس ئاواڵە و نان خۆش و بە خزمەت و تێکۆشەر لە ڕێی ئیسلامەوە تێدا هەڵکەوتوون کە بە ڕاستی جێگەی سوپاس و ڕێزن.

خەڵکی شاری کۆیە و هەرێمی کۆیە تێکڕا جگە لە ژمارەیەک خەڵکی گوندی هەرمووتە و هێندێک لە دانیشتووانی گەڕەکی قەڵای شاری کۆیە کورد و موسڵمانن و لە سەر ڕێچکە مەزەبی شافیعین.

شاری کۆیە ئێستا خاوەنی دوو زانکۆی بازرگانی و کشتوکاڵ و یەک خەستەخانەی گەورەی میری بە نێوی خەستەخانەی کۆیەیە. ئەو کاتەی من لەوێ بووم زانکۆیەکی چووکەی ئایینیشی لێ هەبوو بەڵام وەک دەڵێن ئێستا نەماوە. مامۆستای کۆیی خۆی دەفەرموێ کە وا دیارە لە ماتەمی کەسێکدا گوتوویەتی:

تەماشا باخ و ڕاخی شارەکەی کۆ
لە ماتەمدا قوڕی داوە وە سەر خۆ

لە کۆیەدا بێ گومان دەیان مەلا و زانای گەورە و بەڕێزی وەک بەڕێز مامۆستا بەرکۆیی هەڵکەوتووە کە بە داخەوە یا هەر نێو و

نێوبانگیان نەماوە یا ئەگەر مابێش بە عەرەب لە پێنووس دراون و تەنانەت لە نێوکەشیاندا هەر گۆڕانکاری کراوە! نموونەش نووسەری کتێبی"الاظهار"ە لە زانیاری نحودا، کە نێوبانگی بەرکۆیی واتا خەڵکی ناوچەی بەرکۆیە، بووە و گۆڕیویانە و کردوویانەتە "بُركَوِي" کە دەخوێندرێتەوە "بورکەوی" و تەنانەت لە سەر کتێبەکەشی هەر نووسراوە "الاظهار للبركوى"!!

گوندەکانی خۆرئاوای کۆیە بریتین لە:

١ـ قەسرو خراپە: خەڵکی ئەو گوندە کە نیزیکەی ٤٠–٥٠ماڵێکە و پیشەیان وەرزێڕی و ئاژەڵدارییە و ٢٠ کیلۆمەتر لە شاری کۆیە دوورە.

٢٢ـ سێوسەن: کە بە ناو ژنێک بە سۆسن نێونراوە و ١٠ کیلۆمەتر لە کۆیەوە دوورە

٣ـ ئاودەلوک: نیزیکەی ١٢ کیلۆمەتر لە شاری کۆیە دوورە.

٤ـ سوێرەوە: ئەو گوندە، ٨ کیلۆمەتر لە شاری کۆیە دوورە و حەشیمەتەکەی ڕەوندن.

٥ـ قەیسەری سەرێ و قەیسەری خوارێ کە دوو گوندن و ٥ کیلۆمەتر لە شاری کۆیە دوورن.

٦ـ ئەسکی کۆیە: ئەو گوندە تەنیا یەک کیلۆمەتر لەکۆیە دوورە و بیست و پێنج ماڵێکە و بە ئاژەڵداری و وەرزێڕییەوە خەریکن.

٧ـ حەمە بایزان: ئەو گوندەش هەر تەنیا یەک کیلۆمەتر لە شاری کۆیە دوورە و هەژنۆدە ماڵێکە و بە دەغڵ و دان و ئاژەڵدارییەوە خەریکن.

٨ـ هەواوان: ئەو گوندە نیزیکەی ١٥ماڵە و خەریکی ئاژەڵداری و وەرزێڕین و تەنیا یەک کیلۆمەتر لە شاری کۆیە دوورە و گەڕەکێکیش لە شاری کۆیەیە.

٩ـ کافرۆشان: گوندێکی نێزیکەی ٢٠ ماڵی بووە و ئێستا نەماوە و کاتی خۆی کایان فرۆشتووە و لە دێڕا هێناویانەتە شار.

١٠ـ خەرابە: ئەو گوندە ٣ کیلۆمەتر لە شاری کۆیە دوورە نێزیکەی ١٢٠ ماڵێکە و موچە و مەزراکانی هەموو بەراون و رەز و باخ و میوەجاتی زۆری هەیە.

گوندەکانی خۆرئاوای کۆیە بریتین لە:

١ـ گۆپتەپە: ئەم گوندە نێزیکەی ٦٠ ماڵ دەبێ و لە قەراخی ئەو بیرێکی نەوتی لێیە، بەڵام تا ئێستا کەڵکی لێ وەرنەگیراوە

٢ـ گوزرەیی: ئەو گوندە ئاقاری لە ئاقاری گۆپتەپەیە و پێشی چۆڵ بووە و ئێستا ئاوەدان کراوەتەوە. ئەو دێیە شوێنەوارێکی کۆنی بە نێو (غەریبشا) لێیە.

٣ـ تەکەوڵ: ئەو گوندەش هەر چۆڵ بووە ولە ١٩٥٧ زایینی ئاوەدان کراوەتەوە و نیزیکەی ١٣ ماڵ دەبێ.

٤ـ شیواشۆک: شیواشۆک دووانە، یەکیان نەوتی لێیە و ئەوی تریشیان بە نێوی شیواشۆکی کوردان بەناوبانگە.

٥ـ شاخە پیسکە: ئەوەش هەر گوندێکە لە نێزیک کۆیە لە خۆرئاوای شار هەڵکەوتووە

٦ـ کێلە سپی: ئەو گوندە کاکە زیادی کۆیە بە سەری ڕاگەیوە و نیزیکە ١٥ ماڵێک بووە.

٧ـ کانی دەربەند: ئەو گوندەش لە پێشدا چۆڵ کرابوو ئێستا ئاوەدان کراوەتە و ٢٠ماڵێک دەبێ

٨ـ بانە قەڵات: کە ئەویش دوو گوندن بانە قەڵاتی کوردان و بانە قەڵاتی سەیدان

٩ـ شێخەڕوان یان شێخەسوان: ئەو گوندەش ١٥ ماڵێک بووە و ئێستا نەماوە و لە خۆرئاوای شاری کۆیە هەڵکەوتووە.

بنەچەکەی مامۆستا کۆیی

مامۆستای بەڕێزی کۆیی ناوی محەمەدە و کوڕی حاجی مەلا عەبدوڵلا کوڕی حاجی مەلا ئەسعەد کوڕی حاجی مەلا عەبدوڵلای دووهەم کوڕی حاجی مەلا عەبدوڕەحمان کوڕی حاجی مەلا عەبدوڵلای یەکەم ناسراو بە مەلا عەبدوڵلا مەلازادەیە.

بە داخەوە زۆر گەڕام بەڵام ژیاننامەی هەموو ئەو مەلا گەورە و بەڕێزانەی بنەماڵەی مامۆستای کۆییم دەس نەکەوت. جا هەر بۆیە بە ناچاری ئەوانەی دەستم کەوتوون نووسیومن و ئەوانەش کە دەستم نەکەوتوون جێگای بەتاڵم بۆ داناون کە بەو شێوەی خوارەوەن:

١ـــ مەلا عەبدوڵلای ئەووەڵ: ئەو مەلا عەبدوڵلایە کە بە مەلا عەبدوڵلای ئەووەڵ بەناوبانگە کوڕی مەلا محەمەدی مەلازادە کوڕی مەلا برایم کوڕی مەلا حسێن کوڕی مەلا برایم کوڕی مەلا حەسەن کوڕی مەلا ئەبووبەکری جەلییە کە ئەو مەلا ئەبووبەکرە باپیرە گەورە و سەر زنجیرەی زانایانی جەلییەکانە.

مامۆستا مەلا کەریم لە پەڕتووکی "علماءنا فی خدمة العلم و الدین"دا دەنووسێ کە گۆیا بەڕێز مەسعوود محەمەد پیاوێکی مێژووزانەو لە بنەماڵەی زانایانی جەلییە دەڵێ ئێمە هیچ لەحاڵ و ژیواری مەلا عەبدوڵلای ئەووەڵ نازانین جگە لەوەندەی کە ئەو نەوەی مەلا محەمەدی مەلازادە بووە.

دیارە کە مەلا محەمەدی مەلازادەش هەوەڵ کەسێکە لەو بنەماڵە بەڕێزە لە گوندی گەلاسی ناوچەی پژدەرێ را کۆچی کردووە بۆ ناوچەی رانیە و لە گوندی شیواشان پشتی کێوی ئاواگردی

باکووری شاری کۆیە نیشتەجێ بووە و دەستی کردووە بە وانە ویژی و پێشنویژی و راگەیاندنی یاساکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام.

گوندی شیواشان گوندیکی زۆر خۆش و دلگر و خۆش ئاو و هەوایە و کەوتۆتە نێوانی شارەکانی رانیە و کۆیە لە پشتی کێوی ئاواگرد بە دیوی رانیەدا. مامۆستا مەلا کەریم نووسیویەتی کە ئێمە نازانین کەنگێ و لە کوێ کوڕەکەی مەلا محەمەدی مەلازادە واتا مەلا عەبدوللای ئەووەڵ لە دایک بووە؟ ئایا لە گوندی گەلاس و پێش کۆچ کردنی یا لە گوندی شیواشان و دوای کۆچ کردنەکەی؟

بەڵام مەلا عەبدوللا زانایەکی گەورە و هەلکەوتوو لە ریزی زانایانی بەرزی کوردەواری بووە و لە سەر پێ و شوێنی باب و باپیرانی خۆی رۆیشتووە و وانەی فەقێیانی گوتووە و حوجرە و مزگەوتی رازاندۆتەوە. ئەو زانا بەرزە لە دەوروبەری ساڵی ١١٥٠ کۆچی مانگی کۆچی دوایی کردووە و بە گوێرەی هێندێک لیکدانەوە ئەو لە ساڵی ١١٨٠ کۆچی دوایی کردووە.

٢ـ حاجی مەلا عبدالرحمن: کوڕی حاجی مەلا عەبدوللای هەوەڵ کوڕی مەلا محەمەدی مەلازادەیەو. ئەو پیاوە بەڕێزە یەکێک لە زانایانی هەرە بەرز و وانەویژان (مدرسین)ی لە زەبر و خواناسانی راستەقینەی کوردستان بووە.

مەلا عەبدولرەحمان کە یەکێکە لە سەر زنجیرەی خانەدانی ئایینی و بنەماڵەی زانیاریی جەلی لە شاری کۆیسنجاق، لەگەڵ خوا لێ خۆشبوو عبدالرحمن پاشای بابان دۆستایەتی نزیکی هەبووە و فێرگەکەشی هەر لە ژێر چاوەدێری وی و بە ئەرکی دەولەتی لە لایەن ئەو پادشا موسڵمانە کوردەوە بەڕێوە براوە. ئەو پیاوە خوداییە لە ساڵی ١٢٢٨ کۆچی مانگیدا کۆچی دوایی کردووە.

بەڕێز مەلا محەمەدی مەلازادە باپیری حاجی مەلا عبدالرحمن جلی دانیشتووی گوندی شیواشان واتا شیوی ئاشان یا دۆڵی ئاشان کە لە پشتی کێوی "ئاواگرد"ی پشتی کۆیەیە، کوڕی مەلا برایمی کوڕی مەلا حەسەن کوڕی مەلا برایمی کوڕی مەلا حەسەن کوڕی مەلا ئەبووبەکرە کە ئەو بەڕێزانە هەموویان خەڵکی گوندی گەلاسی ناوچەی پژدەرن.

گەلاس گوندێکی خۆش ئاو و هەوا و خاوەن باغات و مووچە و مەزرای جوان و شاخاوییە لە بناری پژدەرێ و ئێستا وەک هەموو گوندەکانی دەوروبەری خۆی بە هۆی بەعسییەکان وێران کراوە و کەسی لێ نەماوە، بەڵام ئێستا زۆرتر بە "بی گەلاس" بەناوبانگە.

وا دیارە کە بە هۆی ئەوەی کە باپیرانی مامۆستای کۆیی مەلا بوون و مەلاش لە کوردستاندا قەت نیشتەجێی یەکجاری نەبووە و هەمیشە باری لە سەر پشتی وڵاخی بووە و لەم دێیە بۆ ئەو دێیە رۆیشتووە ئەوانیش هەر وەک مەلای دیکە لەم هاتوچۆیە بێبەش و بەهرە نەبوون و هەر بۆیە دەبینین کە پێشێ جێی نیشتەجێ بوونیان گەلاس بووە دوایە بۆتە شیواشان.

جا بەڕێز جەنابی حاجی مەلا عبدالرحمن جەلی لە گوندی شیواشانە لە دەوروبەری ساڵەکانی ١١٤٠ کۆچی مانگی لە دایک بووە و هەر لە ماڵی خۆیان کە بە راستی ماڵی ئایین و زانیاری بووە دەستی بە خوێندن کردووە و قورئانی پیرۆز و پەرتووکە ردەڵەکانی باو لە نێو مەلا و فەقێکانی کوردستاندا تەواو کردووە و ئەمجار رۆیشتۆتە نێو فەقێیان و پاش ماوەیەک کە بۆتە فەقێیەکی تەواو و ژیکەڵە چۆتە خزمەت مەلا سەیید خدری حەیدەری کە زانایەکی کەم وێنە بووە و لە خزمەتی دامەزراوە و تا تەواو کردنی دەورەی فەقێیەتی هەر لە خزمەتی ماوەتەوە و ئیجازەشی هەر لە خزمەت ویدا وەرگرتووە.

دوای تەواو بوونی دەورانی فەقێیەتی و ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتنی چۆتە گوندی جەلی لە داوێنی کێوی ئاواگرد لە باکووری شاری کۆیە و دەستی کردووە بە مەلایەتی و ڕێنوێنی خەڵک و وانەوێژی و بڵاو کردنەوەی یاساکانی پیرۆزی ئیسلام و وەک هەموو مەلایەکی دیکەی کوردەواری بە هەژاری و نەداری و تەنگدەستی ڕایبواردووە و بە یارمەتی خەڵکی هەژار و دێ نشین فەقێی ڕاگرتوون و بە خێوی کردوون.

کاتێک کە عبدالرحمن پاشای بابان شاری کۆیەی گرت و خستییە ژێر دەستی خۆی ئاڵوگوڕ و گۆڕانکارییەکی بەرچاوی لە شاردا وەدی هێناو زۆر کاری گەورەی ئەنجام دان کە یەکێکیان ئەوە بوو کە دەستووری ساز کردنی مزگەوت و فێرگەی دا و فێرگەیەکی باشی لەو شارەدا دروست کرد و فەرمانی دا مەلا عبدالرحمن جەلی لە گوندی جەلی ڕا بهێننە کۆیە و بەو شێوە مامۆستاش فەرمانی شای ئەنجام دا و هاتە کۆیەو بوو بە پێشنوێژو وانەوێژی ئەومزگەوتە و ئەو فێرگەی کە عبدالرحمن پاشا دروستی کردبوون.

ئەمجا لەوە بەو لا خۆی و فەقێکانی بە مووچەی میری بەڕێ دەچوون. شا ڕێز و حورمەتێکی یەکجار زۆری بۆ مەلا عبدالرحمن جەلی دادەنا و چاکەی زۆری لەگەڵ دەکرد و پشتیوانی بێ دریغی خۆی لێ دەردەبڕی و بەو جۆرە خوای گەورە هێندەی دیشی گەورە کرد و پلە وپایەی لە نێو خەڵکدا بەرز و بەرزتر بۆوە، تا سەرەنجام ئەو مامۆستا بەڕێزە بوو بە مامۆستای گشتی و فتوادەر بۆ هەموو شار و دەوروبەری و خەڵک لە هەموو لایەک ڕا دەهاتن بۆ لای و گرێ پووچکەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و پێسیرەکانی ئایینی خۆیان لای ئەو شیتەڵ دەکرد.

ئەو زانـا بەڕێـزە لەگەڵ ئەوەش کە نووسـەرێکی دەس ڕەنگـین بـووە بەڵام بە شـێوەی کتێـب جـگە لە: ١ــ نـامیلکەیەک لەبـارەی چەسپاندنی بوونی خودادا (اثبات وجود الواجب) ٢ـ راڤە (شـرح)ێـک لە سەر نامیلکەی ژمێرامە (رسالە حساب بها الدین عاملی) کە وەک مامۆستا مەلا کەریمی مدرس نووسیویەتی بە راستی زۆر شتی دیکە وی ون بووە و یان هیچی دیکەی نییە یان هەیبووە و نەماوە، بەڵام زۆرتر هەر خەریکی پەراوێز و کۆبە لێنانی کتێبەکانی دیکە بـووە و بە راستی لەو بـارەدا دەستێکی بـاڵای هەبـووە و بـۆ خـۆش کردنـی پەرتووکەکانی پێشینیان کەم وێنە بـووە و بـۆ نمـوونە کـۆبەی لەو کتێبانە ناوە:

١ـ شرح ملا جامی ٢ـ شرح کمال الدین ٣ـ شرح ملا عبـدالله یـزدی ٤ـ جلال المنطق ٥ـ شرح العقائـد النفسیة ٦ــ مختـصر المعـانی ٧ــ المطول ٨ـ شرح جمع الجوامع ٩ـ المنهج المکیة فـی شـرح القـصیدة الهمزیة ١٠ـ شرح فتح المبین ١١ـ أشکال التأسیس فـی الهندسـە ١٢ــ تفسیر البیضاوی ١٣ـ تحفة المحتاج.

دیارە ئەو پەراوێزانە هەموویان بە شێوەی (مدون) لە سەرێڕا تا خوارێ هەر کامە وەک یەک کتێب نووسراون و بەڵام بە داخەوە تـا ئێستا هیچیان چاپ نەکراون و دەستی خەڵکیان پێ ڕانەگەیوە.

جـا ئەو بەڕێـزە دوای نێـزیکەی حەفتـا و حەوت سـاڵ ژیـان و خەبات و خزمەت و تێکۆشان لە ساڵی ١٢١٧ی کۆچی مانگیدا کـۆچی دوایـی کـردووە. ئەو حـاجی مەلا عبـدالرحمن بە مەلای کـاکیش هەر بەناوبانگ بووە. دوای خـۆی فێـرگە و مـزگەوت و کـار و پیـشەکەی خـۆی بـۆ کـوڕەکەی خـۆی حـاجی مەلا عبـدالله بەجـێ هێـشتووە و ئەویـش بە جـوانی و بە چـاکی ئەرک و سـپاردەی خـۆی بە جـێ هێناوەو دەستی کردووە بە مەلایەتی و وانەوێژی.

لە نموونەی هەڵکەتوو و بلیمەتی بەڕێز حاجی مەلا عەبدوڕەحمان دەگێڕنەوە کە کاتێک لە خزمەتی باوکی خۆی حاجی مەلا عەبدوڵڵای هەوەڵ دا دەچێتە حەجێ بە هۆی ئەوەی بابی بڕێک پیرو هان دەبێ بەرگی مەلایەتی دادەنێ و بە جلوبەرگی کوردییەوە لە خزمەت باوکیدا دەبێ بۆ ئەوەی، چونکە بابی جاری وا دەبێ پێویستی بە لە کۆڵ کردن و خزمەتی زیادە دەبێ وا بە باش دەزانێ کە بە بەرگی کوردییەوە خزمەتی بابی خۆی بکات و لە کۆڵی کا تا نیشانیش بدا کە کوڕی کورد چۆن خزمەتگوزار و ڕاژەکاری باوکی خۆیەتی.

لە شاری ریازێ وەک گەلێک لە زانایانی جیهانی ئیسلام دەچێتە ماڵی مفتی و لەوێ بە هۆی ئەوە کە هیچیان نموودێکی ئەوتۆیان نابێ لە خوارەوەی هەموویان دادەنیشن و ئەو شەوە کە چەندین زانای گەورەی جیهانی ئیسلام لەوێ دەبن و کێشەیان لە سەر جێگایەکی کتێبی توحفە دەبێ و هیچیان نایزانن مفتی دەڵێ وام پێ باشە ئەو مەسەلەیە بنووسین و بینێرین بۆ شاری کۆیە بۆ بنەماڵەی جەلیزادەکان رەنگە ئەوان بتوانن لەو گرێ پووچکە رەهامان کەن و ئەو مەسەلەمان بۆ شی بکەنەوە.

حاجی مەلا عەبدوڵڵا کە ئەو مەسەلەی گوێ لێ دەبێ بە مفتی دەڵێ لەو کوڕەی من بپرسنەوە بۆتان حەل دەکا. مفتی کە زۆری پێ سەیر دەبێ و زۆریشی پێ خۆش دەبێ مەسەلەکەی لەو بنەوپاڵەوە بۆ حەل بکرێ. دەڵێ: ئەتۆ کێی؟ عەرزی دەکا من یەکێکم لە هەموو جەلیزادەکان کەمترم. بەڵێ پەڕاوی توحفە وە پێش مەلا عەبدوڕەحمانی رانک و چۆخە دە بەر دەنێن و ئەویش هەر لە دووڕا دەڵێ قوربان ئەوە بۆیە لێتان تێک چووە چونکە خەبەری موبتەدایەکتان لێ ون بووە و نەتاندۆزیوەتەوە کە دوو سێ لاپەڕە

دووره و له فلان دێڕی فلان رووپەڕەیه و توحفەش شتی وای زۆر تێدایه.

جا تەماشا دەکەن قسەکەی مەلا عەبدوڕەحمان دروسته و زۆری ڕێز بۆ دادەنێن و له گەڵ باوکی دەیانبەنه لای سەرەوه و ناهێڵن تا کاتی گەڕانەوەیان لەوێ بڕۆن. بەڵێ حاجی مەلا عەبدوڕەحمان لەوێ به تەواوی گەلانی موسڵمانی نیشان دا که کورد زانیاری ئیسلامییان له هەموو کەس پتره و له هەموو کەسیش پتر ده خزمەت باوکی خۆیان دان.

٣ـ حاجی مەلا عەبدوڵلای دووهەم:

ئەو حاجی مەلا عەبدوڵلایه کوڕی حاجی مەلا عەبدوڕەحمانی کاکی جەلییه و یەکێکه له هەره پیاوه ماقووڵ و زانا بەناوبانگەکانی شاری کۆیه، وانەوێژێکی خواناس و هۆزانێکی هەڵکەوتوو و پیاوێکی بەسام و شەرم لێ کراو و نەبەز و خۆڕاگر و قاییم و قۆڵ بووه.

ئەو پیاوه بەڕێزه تەواوی خوێندنەکەی هەر له خزمەت باوکی بەڕێزی خۆی "حاجی مەلا عەبدوڕەحمانی کاکی جەلی" بووه و هەمووی له لای وی خوێندووه. دوای ئەوەی که له ساڵی ١٢١٧ی کۆچی مانگی باوکی بەڕێزی کۆچی دوایی کرد و حاجی مەلا عەبدوڵلا له جێی بابی دانیشت و دەستی کرد به وانەوێژی و پێشنوێژی و خەڵک ڕێنوێنی کردن بۆ ڕێبازی پاکی ئیسلام، گەلێک فەقێ له سەر دەستی پێگەیون و خزمەتێکی باشی به خەڵک و ئایینی پیرۆزی ئیسلام کردووه.

بەرواری له دایک بوونی ئەو پیاوه گەورەمان به داخەوه بۆ روون نەبۆوه. بەڵام وا دەردەکەوێ که له بەینی ساڵەکانی ١١٩٣ و

١٢٠٠ لە شاری کۆیە لە دایک بووبێ چونکە لە١١١٧ کە لە جێگای بابی دانیشتووە و دەستی کردووە بە وانەوێژی و مەلایەتی، دیارە خوێندنەکەشی تەواو کردووە و لانی کەم دەبێ لە نێوانی ١٧ تا ٢٠ ساڵەیدا بووبێ.

ئەو بەڕێزە تا ساڵەکانی ١٢٤٦ و ١٢٤٧ ئەو هەمووە ئەرکە گرانەی بە ئەستۆوە بووە و بە چاکیش بەڕێوەی بردووە و ئیتر لە یەکێک لەو دوو ساڵەدا کە بە جوانی روون نییە کۆچی دوایی کردووە. خوا لێی خۆش بێ و جێگەی بەهەشتی بەرین بێ.
یادگارێکی کە لە دوای خۆی بۆ خەڵکی موسڵمانی بە جێ هێشتووە بریتییە لە:

١ـ وسیلة الوصول الی ساحة عنایة الرسول، کە لە بارەی ژیاننامە(سیرە)ی پێغەمبەری خوادا) بە هەڵبەست نووسیویەتی.

٢ـ کۆبە و پەراوێزی رێکوپێک لەسەر قسطلانی شرح بخاری.

٣ـ پەراوێز لەسەر پەرتووکی انسان العیون.

٤ـ پەراوێز لەسەر کتێبی جامع الاصول ابن اثیر.

٥ـ نامیلکەیەک لەبارەی دروست نەبوونی خێر کردنی کەسێک کە ئەو وامانەی لەسەر نێی بە قەدەر سامانەکەی بن.

٦ـ کتێبێک لەسەر شێوەی الاتقان فی علوم القرآن للشیخ جلال الدین السیوطی و لە بارەی زانیارییەکانی قورئان دایە.

٤ـ حاجی مەلا عەبدوڵڵای سێهەم:

حاجی مەلا عەبدوڵڵای سێهەم جەلیزادە کۆیی سەرۆکی زانایانی کوردستان کوڕی حاجی مەلا ئەسعەد کوڕی حاجی مەلا عەبدوڵڵای دووهەم کوڕی حاجی مەلا عەبدوڕەحمان جەلی کوڕی حاجی مەلا

عەبدوڵلای هەوەڵە (یا خوا خوا لێیان خۆش بێ).

ئەو زانا مەزنە لە بەینی ساڵەکانی ١٢٥٠ تا ١٢٦٠ لە شاری کۆیە هاتۆتە سەر دنیایە و هەر لە ماڵی خۆیان کە بە راستی جێگەی زانست و زانیاری و فێر کردن و بارهێنان بووە پەروەردە کراوە و دەورانی سەرەتایی خوێندن و قورئانی پیرۆز و کتێبە وردەڵەکانی لە خزمەت باوکی بەڕێزی خۆی تەواو کردوون.

ئەوجا نێرراوەتە حوجرەکەی خۆیان ئەو فێرگە گەورەی کە لە لایەن پادشایانی کوردی موسڵمانی بابانییەوە پیتاکی تەواوی پێ دەدرا و مەلا و زاناکانی جەلیزادەی کۆیی بە هاوکاری گەلێک لە زاناکانی دیکە بەڕێوەیان دەبرد و پەروەردگایەکی گەورەی مەلا و فەقێکانی کوردستان بووە.

مەلا عەبدوڵلا لە تافی لاوەتیدا فەقێیەکی زۆر زیرەک و بیر تیژو خاوەن سەلیقە بوو و زۆر زوو بوو بە گەنجێکی لێهاتوو و هەڵکەتوو و تەواوی زانیارییەکانی ژیرامەیی و گێڕاوەیی (عقلی و نقلی) خوێندوون و تێیاندا بۆتە مامۆستا. ئەو لە وێژە و فەرهەنگی عەرەبیدا دەستێکی باڵای هەبووەو بیرو هەوای نیشتمان پەروەری و کۆمەڵایەتی و رامیاری لە کەللەیدا زۆر بووە. بە فەقێیەتی بۆ خوێندن لەگەڵ حاجی قادری کۆیی چۆتە ناوچەی باڵەکایەتی و لە خزمەت چەندین زانای بەرز و بەڕێزی وەک مەلا محەمەدی خەتتی، مەلا شێخ تەهای سوورە شوری، مەلا محەمەدی کوڕی کاک عەبدوڵلا کە هەرسێکیان لە بنەماڵەی بەڕێزی زانایانی وەتمانی باڵەکایەتین خوێندوویەتی و کەڵکی وەرگرتووە.

ئەو پیاوە بەڕێزە هەروەک هێمای پێکرا لە گەڵ حاجی قادری کۆیی هاوچەرخ بووە و حاجی قادر لە نامەیەکدا کە بە هەڵبەست

بۆی نووسیوە و دوای چەندین ساڵ ئەو سەفەرەی بیر دێنێتەوە کە وێکڕا چوونە باڵەکایەتی و ئەو دەم، حاجی قادر پێخواس بووە و لە بەر دەردی هەژاری وەک هەموو فەقێیەکی کوردەواری تام و چێژەی ژیواری زۆر دژواری فەقێیەتی چێژتووە و بە هەڤاڵەکەی خۆی دەڵێ:

حاجی قادر ئەو کاتی کە ئەو نامە بۆ حاجی مەلا عەبدوڵڵا دەنێرێ خۆی لە ئەستەمبوڵ دەبێ و حاجی مەلا عەبدوڵڵاش لە کۆیە.

ئەو زانا بەرزە کوردە هەر وەک زانایەکی کەم وێنە و بلیمەت بووە هۆنەر و هەڵبەستەرێکی خاوەن هەست و بیر ناسکیش بووەو هۆنراوەی زۆری بە زمانەکانی کوردی، فارسی و عەرەبی نووسیوە.

بەڕێز بابا مەردووخی رووحانی (شیوا) ـ خوا پاداشی بداتەوە ـ نموونەی لە هۆنراوەی کوردی وفارسییەکانی وی هێناوە و ئێمەش بۆ نموونە کەڵکیان لێ وەردەگرین.

نموونەی هۆنراوەی کوردی حاجی مەلا عەبدوڵڵا جەلیزادە کۆیی:

ئەوەش نموونەی هۆنراوەی فارسییە تی:

رزاق رزق بخشد پس تن چرا نهی
در زیر منت دونان برای نان
گر عارفی چرا عمل جاهلان کنی
ور جاهلی نشسته چرا جای عارفان
چون مال ظل زائل و اقبال لابقا است
دل را به حق گذار و گذر از این و آن
دامان عزم و کمر همت استوار

دیــــوانەوار خـــود را بە دیـــار عمـــر رســـان
ســـر را فـــرو نیـــاور، بهـــر نـــان بە کـــس
از حـــق طلـــب اعـــانە هـــو الحـــی مـــستعان

حاجی مەلا عەبدوڵلای سێهەم پیاوێکی گەلێک ئازا و بەکار و نەیار بەزێن و دوژمن تۆقێن بووە. زۆر کەس ویستوویانە لە شاری کۆیە وەدەری نێن و ئەمجا بە کەیفی خۆیان خەڵکی شار و دەوروبەری بچەوسێننەوە و بە ئارەزووی خۆیان و بۆ کەڵک و قازانجی خۆیان هەڵیانسوورێنن بەڵام حاجی مەلا عەبدوڵلا بە توندی لە بەرابەریاندا راوەستاوە و هەموو نەخشەکانی وانی کردۆتە بڵقی سەر ئاوێ.

لەو دوو هەڵبەستەی شێخ رەزای تاڵەبانی کە لە گەڵ وی هاوچەرخ و دۆست بووە و لە بارەی ویدا نووسیویەتی ئەو مەبەستە بە جوانی خۆی دەنوێنێ و دەردەکەوێ کە دەڵێ:

حـــاجی عەبـــدوڵلا لە ئـــادەم فیلتـــرە
بـــا وجـــوودی روتـــبەی پێغەمـــبەری
ئەو بە ســـەد شـــەیتان لە کـــۆیە دەرنەچـــوو
ئەم بە یەک شـــەیتان لە جەنـــنەت دەرپەڕی

ئەو هۆنەرە هەستیارە بە جوانی رایدەگەیەنێ کە ئەوانەی نەیاری حاجی مەلا عەبدوڵلان نەک هەر تەنیا لە سەر هەق و ڕەدا نین و بەس بەڵکە هەر شەیتان و شۆڤاریشن و کارەکەیان کارێکی شەیتانی و دژی گەلی و دژی خواییە.

وێنەی شێخ ڕەزا

شـێخ ڕەزای تاڵەبـانی کەرکـووکی، کە وەک گـوترا دۆسـتێکی نێزیکی حاجی مەلا عەبدوڵڵا بووە لە پارچە هەڵبەستێکی چووکەی فارسیدا هۆنراوەی خۆی و زانیاری ئەو پێک هەڵدەسەنگێنێ و دەڵێ هـۆنراوەی مـن و زانیـاری تـۆ بە هەمـوو وڵاتـدا بـڵاو بـوونەتەوە و هەمـوو کەس لێـی ڕوونە کە چ ئەنـدازەن و هـیچ کەس نـاتوانێ نەیارییان بکات.

بەڵێ شێخ ڕەزا پێی هەڵـدەڵێ و ڕادەگەیەنـێ، کە ئەو لە هەموو نەنگێـک بە دوورە و ئەگەر نەنگێکـی هەبـێ ئەوەیە، کە گۆشـتی زانایان ژاراوییەو هەموو کەس ناتوانێ گۆشتیان بخوا چونکە ئەوان

وەک نەزانان نین هەر کەس گۆشتیان بخوا ژارخواردوو دەبێ و پێی دەمرێ، جا بەو جۆرە لە بارەی ویدا دەڵێ:

عیب در ذات تو ای کان کرم معدوم است
مگر این عیب که لحم علما مسموم است
شعر من از همه سو در همه کشور جاری
علم تو در همه جا بر همه کس معلوم است
می‌رود شعر من و علم جهانگیر شما
هر دو بی فایده تا جای اقامت روم است
نامه بنویس به هر نوع دلت می‌خواهد
همه سحر است اگر نثر اگر منظوم است

بەڵێ شێخ رەزای رەحمەتی خوا لێی خۆش بێ لێرەدا ئاماژە بەو مەتەڵە کوردییە دەکا کە دەڵێ (بەرد لە جێی خۆ بەسەنگە) بێگومان کاتێک هەڵقەنرا بەولاو لایاندا فرێ دەدرێ و خللۆر دەبێتەوە جا دەڵێ: من و تۆش چۆن لە وڵات و زێدی خۆمان هەڵقەنراوین و، تا ئەو کاتە جێگای مانەوەمان رۆم بێ و لە ژێر سێبەری شوومی تورکاندا بین، هۆنراوە زانیارییەکەمان هەر بەفیرۆ دەروا، چونکە نەیار هەرگیز سەرکەوتن و پێشرەفتی ئێمەی ناوێ حاجی مەلا عەبدوڵلای سێهەم دوای تەواو کردنی دەورانی فەقێیەتی و ودەمی مەلایەتی وەرگرتنی لە باوکی بەرێزی وەکوو جێ نشینێک بۆ بابی دەستی کرد بە وانەوێژی و تەواوی کاروبارەکانی باوکی ئەنجام دەدان و باوکیشی چاوەدێری دەکرد ولە ژێر چاوەدێری ئەودا خەریکی ئەنجام دانی ئەرک و سپاردەی خۆی بووە. جا ئا بەو جۆرە توانی دەسەڵات و توانایەکی گەورە و تەواو لەم کارەدا وەدەس بێنێ و بە جوانی لە کۆڵ دەربێ.

لە ساڵی ١٢٨٠ کۆچی مانگیدا لە خزمەت باوکیدا چۆتە حەجێ و دوای ئەنجام دانی ڕێوڕەسمی حەج لە مەککە حاجی مەلا ئەسعەدی باوکی کۆچیی دوایی دەکا و لە گۆڕستانی "المصلی" بە خاک دەسپێردرێ و حاجی مەلا عەبدوڵڵا دوای مردنی باوکی بە تەنیا دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان و ماوەی یەک ساڵی تەواو دەخایەنێ تا دەگاتەوە نیشتمانی خۆی کۆیسنجاق.

کاتێک کە گەیشتۆتەوە کۆیە خەڵک و مەلاکان پێشوازییەکی گەرمیان لێ کردووە و ئەمجا بە شێوەی ڕەسمی و یەکجاری لە جێی باوکی دانیشتووە و هەموو ئەرکەکانی خۆی و باوکی وە ئەستۆی خۆی گرتووە و ئەنجامی داوە.

لە ساڵی ١٢٩٢ مانگی سەفەرێکی چەند ڕۆژەی بۆ بەغدایە کردوەو چۆتە خزمەت زانای ناودار و بلیمەت و بێوێنەی کورد مفتی زەهاوی و خۆی پێ ناساندووە. مفتی کاتێک کە لە زیرەکی و هۆشیاری و پلە و پایەی زانیاری حاجی مەلا عەبدوڵڵا ئاگادار دەبێ ڕێزێکی زۆری لێ دەگرێ و بە دیداری زۆر خۆشحاڵ دەبێ و بە دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵ کردنی دڵ خۆش دەبێ.

ئەو سەفەرەی حاجی مەلا عەبدوڵڵا بە ڕێکەوت لەگەڵ سەفەری بەڕێز جەنابی کاکەحمەدی شێخ کوڕی هۆزانی کورد شێخ مارفی نۆدێی هاوکات دەبێ. ئەو دووانە لە بەغدایە چەندین جار پێکەوە دیدار و ڕا گۆڕینەوە دەکەن و پەیمان و بەڵێنی دۆستایەتی لەگەڵ یەکتری نوێ دەکەنەوە. هەروەها مەلا عەبدوڵڵا لەگەڵ گەلێک لە پیاوە گەورەکانی شاری بەغدا ئاشنایەتی و دۆستایەتی پەیدا دەکاو هەموویان ڕێزێکی یەکجار زۆری لێ دەگرن. بەتایبەتی لەگەڵ بەڕێز محەمەد ئەفەندی جەمیلزادە دیدار دەکا و دەبنە دۆستی یەکترو

جەمیلزادە نرخ و ڕێزێکی زۆری بۆ دادەنێ و زۆر خۆشی لێی دێ و لە لای پیاو ماقووڵانی شاری بەغدایە زۆری بە چاکی باس دەکا و دەیناسێنێ و بەو شێوە حاجی مەلا عەبدوڵلا لە شاری بەغدایەشدا نێوبانگی زۆر پەیدا دەکا و دەناسرێ و هەروەها ئەویش خەڵک دەناسێ.

دوای گەڕانەوەی لە بەغدایە زۆری پێ نەچوو کە شەڕ لە نێوان دەوڵەتی عوسمانیو رووسیای قەیسەریدا راگەیێنرا و هەر لە هەمان ساڵی ١٢٩٢دا شەڕ دەستی پێکرا و گەلێک لە هۆز و خێڵە کوردەکانیش هەستی ئایینی هانی دان بۆ ئەوەی کە پشتیوانی لە دەوڵەتی عوسمانی بکەن و بەو جۆرە ئەوانیش چوونە ناو شەڕەکەو کوشتارێکی زۆریشیان لێکرا.

حاجی مەلا عەبدوڵلاش وەک فەرماندەیکی لێزان و سەربازێکی فیداکاری ئیسلام هاتە مەیدان و جۆرێک چووە ناو جەرگەی شەڕەکەوە کە هەتا شەڕ تەواو نەبوو نەگەڕایەوە و ئەوپەڕی دلێری خۆی نیشان دا. جا ئەو کاتە دەورانی فەرماندەیی سماییل پاشای عوسمانی بوو مەلا عەبدوڵلا لەو سەفەرەدا چەندین جار دیدار و کۆبوونەوەی لەگەڵ کرد و دۆستایەتی لە نێوانیاندا پتەوتر بوو. بنەماڵەی جەلییەکان چەندین پارچە زەمین و زەوی و زار و گوندیان لە دەوروبەری کۆیە هەبووە کە دەوڵەتی عوسمانی پێش ئەو شەڕە لێی داگیر کردبوون بەڵام دوای ئەو شەڕە بە هۆی ئەو سەرکەوتن و دلێرییانە کە حاجی مەلا عەبدوڵلا خۆی نیشانی دان، دەوڵەت مانگانەیەکی باشی کە بریتی بوو لە یەک هەزار قرۆشی عوسمانی بۆ خۆی و بنەماڵەکەی بڕییەوە. بەڵام زەمینەکان و گوندەکانی هەر نەدانەوە. کە بە رای من چاک بوو نەیدانەوە دەنا بێ گومان زەبرێکی شوێن دانەر لە سەر کەسایەتی و

فیداکارییەکانی ئەو پیاوە گەورە دەبوو. لەوانەشە کە خودی حاجی مەلا عەبدوڵلا هەر داواشی نەکردبێ و لە بنیڕا وە گوێی شای هەڵنەهێنابێ. چونکە لەوانەبوو خەڵک بڵێن هەر بۆ ئەوە ئەو هەموو دلێرییەی لە خۆی نیشان داوە تا ملکە داگیر کراوەکانی بدەنەوە.

دوای دامرکانی شەڕی نێوان عوسمانی و رووس ناکۆکی لە نێوان عوسمانی و ئێراندا پەیدا بوو. بۆ لە ناو بردنی ئەو ناکۆکییە، دەوڵەت حاجی مەلا عەبدوڵلای بە نوێنەری لە گەڵ عەبدوڵلا پاشای رەواندزی نارده ئێران بۆ وتوویژ لەگەڵ کاربەدەستانی دەوڵەتی ئێران. ئەوان چوون و زۆر بە سەرکەوتویی گەڕانەوە و حاجی مەلا عەبدوڵلا هەر کە گەیشتەوە کۆیە میدالیەی دەرەجە سێی مەجیدی پێشکەش کرا. ئەو وتوویژەی کە لە گەڵ نوێنەرانی دەوڵەتی ئێران کردی لە شاری مەهاباد بوو.

ئەوزانا بەرزە بەهۆی زانیاری زۆری خۆی و لێزانی وکارامەیی و هەروەها بە هۆی لێهاتوویی و لێوەشاوەیی و ئازایەتی و نەبەزی و تێکۆشەری و خەباتگێڕی خۆیەوە تا ما رۆژ لەگەڵ رۆژ بەرەو سەرکەوتن دەچوو و ڕێز و حورمەتێکی لە نێو خەڵکدا پتر دەبوو و پلە و پایەی پتر پێ هەڵا دەچوو و دەستی لە وانەوێژی و راگەیاندنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام شل نەکرد تا دەورانێک کە دیتی وا یەکێکی زۆر لە خۆی ئازاتر، زاناتر، وریاتر، لێزانتر، دڵسۆزتر، هۆشیارتر، نەبەزتر، کۆڵنەدەرتر وا پێ گەیوە و هاتۆتە مەیدانی خەبات و تێکۆشان و دەتوانێ جێگەی ئەو پڕ کاتەوە. جا تۆ خودا دەبێ کێ لە هەموو ئاکارێکدا لەو پاڵەوانە قارەمانە هۆزانە بلیمەت و پسپۆڕە بالاتر بێ؟

بێ گۆمان ناکرێ و نابێ و نالوێ و ناشێ کە ئەو کەسە جگە لە مەلا محەمەدی کوڕی، کەسێکی تر بێ. جا کاتێک کە وەهای دیت و زانی کە مەلا محەمەدی کوڕی کەسێکە کە دەتوانێ لە جێی وی دانیشێ و لەویش باشتر ئەرکەکان بە جێ بێنێ تەواوی کاروباری مەلایەتی و وانەوێژی حەواڵە بەوی کرد و لە جێگای خۆی داینا و ئەمجا خۆی خەریکی موتاڵا کردن و خوا پەرستی و چاوەدێری کاروباری کوڕە هەڵکەوتووەکەی بوو.

حاجی مەلا عەبدوڵڵا بە هۆی ئەوەی، کە لە دەورانی فەقێیەتیدا لە گەڵ کاکەحمەدی شێخ و شێخ عەلی ئەفەندی لە فێرگەی حاجی مەلا ئەسعەدی باوکی وێکڕا خوێندبوویان زۆری هۆگری بەو دوو پیاوە گەورەوە هەبوو دۆستایەتی و نێزیکی زۆریان پێکەوە هەبووە. ئەوانە لە دەورانی ژیانیاندا هەمیشە پێکەوە پێوەندییان هەبووە و نامەیان بۆ یەکتر نووسیوە، کە مامۆستا مەلا کەریم مودەڕڕیس - خوا پاداشی باشی بداتەوە - هێندێک لەو نامانەی لە کتێبی یادی مەردانندا تۆمار کردوون.

وەک هێمای بۆ کرا حاجی مەلا عەبدوڵڵا پیشەی وانەوێژی و پێشنوێژی حەواڵە بە مەلا محەمەدی کوڕی کرد کە دیارە ئەو کارەی لە ساڵی ١٣١٨ی کۆچی مانگیدا کردووە و دوای ئەوەش تەنیا هەشت ساڵان ژیاوە و لە ساڵی ١٣٢٦دا دوای نیزیکەی ٧٦ ساڵ ژیانی پڕ لە شانازی و پڕ لە خەبات و تێکۆشانی مەردانە کۆچی دوایی کردووە. یا خوا بەر بارانی بەزەیی و میهر و درووودی خوا بکەوێ.

جارێک حاجی مەلا عەبدوڵڵا لە رێگوزەرێکدا رێی دەکەوێتە پژدەرو لەلای شێخ قادری سندۆڵان میوان دەبێ. شێخ هەر کە هەواڵی هاتنی حاجی مەلا عەبدوڵڵای پێ دەگا بە خۆی و تەواوی

دەروێشەکانییەوە بە پیرییەوە دەچێ و لە گەڕانەوەدا بۆ نێو گوندی سندۆڵان دەروێشەکان بە فەرمانی شێخ دەس دەکەن بە دەفە لێدان و جەزم بوون و های و هۆی. حاجی مەلا عەبدوڵلا کە سواری گوێدرێژێک دەبێ و گوێدرێژەکە بەو دەفە و بەزم و هەرایەی دەروێشان چۆلاغ دەبێ و دەسڵەمێتەوە و بەو لا و لایاندا دەردەپەڕێ شێخ دەیهەوێ تەنانەت کەڵک لەوەش وەربگرێ و دەڵێ جەنابی مەلای دەفە لێدان و گوتن و زیکری دەروێشەکان ئەوەندە بەسۆزە تەماشا کە چ شوێنەوارێکی لە سەر کەرەکەی تۆ داناوە؟! تەماشا چۆن ئەویش هەر جەزم بووە؟! حاجی مەلا عەبدوڵلاش کە دیارە لەو جۆرە کەسانە نەبووە هەروا بە ئاسانی و زووبەزوو هەڵخەڵەتێ دەڵێ: نەخێر یا شێخ کەرەکەی من خۆی نەقشبەندییەو کەیفی بە قادریان نایەت؟ بۆیە وا دەکا.

جا با ئەوەش بزانین دوو رچە (طریقت)ی قادری و نەقشبەندی هەر ئەو دوو رچەن کە مەلای گەورە لە بارەی واندا دەڵێ:

تەریقەی قادری و نەقشبەندی
بە بای دا رەونەق و ئاهەنگی کوردی

بەڵێ جەنابی مەلا عەبدوڵلا کە هەم لە فەقێیەتیدا و هەم لە مەلایەتیدا ناوبانگی زیرەکی و پیتۆڵی و پسپۆڕی وەک هەوای ئازادی لە کوردستان گەڕابووە سەرەتای خوێندنەکەی لە خزمەتی باوکی بەڕێز و خۆشەویستی دەس پێ کرد و هەر لە خزمەت ویشی تەواو کرد و سەرەنجام دوای ماوەیەک گەڕان بۆ کۆ کردنەوەی زانیاری گەڕاوەتەوە لای باوکی و لە حوجرە پیرۆزەکەی خۆیان ئارامی گرتووە و هەر لەوێ و لە هەڵسووڕێنەر و وانەوێژی ئەو فێرگە بەناوبانگە ودەمی مەلایەتی وەرگرتووە.

بەڕێز حاجی مەلا عەبدوڵڵا دوای ئەوەی کە لە حوجرە پیرۆز و مبارەکەکەی خۆیان لە کۆیەدا ماوەیەکی باش ماوەتەوە و وانەی زانیارییە ئیسلامییەکانی خوێندووە و تا رادەیەکی زۆر لە زانیاریدا خۆی تەییار و ئامادە کردوە و ئەمجا وەک هەموو فەقێیەکی هەژاری کوردستان لە ماڵی خۆیان وەدەر کەوتووە و بەو لا و لایاندا رۆیشتووە و بۆ خڕ کردنەوەی زانیاری ئێرە و ئەوێی کردووە. لە هەر خەرمانێک خەرمانلۆغەیەکی وەرگرتووە و لە هەر باغێک گوڵێک و لە هەر بێستانەی چڵێکی چنیوە. لە خزمەتی گەلێک لە مەلا بەرز و بەڕێزەکانی کوردستان وانەی زانیاری ژیرامەیی و گێڕراوەیی (عقلی و نقلی) خوێندووە و لە هەر بلیمەت و پسپۆڕێک کەڵکێکی وەرگرتووە. لەو هەموو گەڕان و هەڵخولانەدا جارێک لە گەڵ حاجی مەلا قادری کۆیی دەچێتە ناوچەی باڵەکایەتی و لەو هەرێمی جوان و دڵڕفێن و لەو کوێستانە خۆش ئاو و هەوایەی نیشتمانی پیرۆزی کورد لە لای چەند کەس لە مەلا گەورەکان کەڵکی زۆری زانیاری وەرگرتووە.

بۆ نموونە لە خزمەت زانای بەڕێز مەلا محەمەدی کوڕی کاک عەبدوڵڵای شێخ وەتمانی و مەلا شێخ تەهای سوورەشوری و مەلا محەمەدی خەتێ مەلای دەرباری محەمەد پاشای رەواندزی وانەی خوێندووە و بە ئامادەگی و تەیاری و پۆشتەیی تەواوەوە گەڕاوەتەوە بۆ کۆیە. باوکی ئەو بەڕێزە جەنابی حاجی مەلا ئەسعەدی جەلی کە بۆ دووهەم جار دەچێتە حەج چونکە زۆر پیر و زورهان دەبێ لە گەڵ خۆی دەیبا و ئەویش لەوێ زۆر خزمەتی باوکی بەڕێزی دەکا و لە هەر جێیەک پێویست بووبێ لە کۆڵی دەکاو بە کۆڵی دەیگێڕێ. هەروەک لەمەو بەر باسمان کرد.

دوای تەواو بوونی حەج و رێوڕەسمی حەج و دیدار و وتوویژ لەگەڵ زانایانی عەرەبستان لە مەککەی پیرۆز نەخۆش دەکەوێ و

هەر لەوێش کۆچی دوایی دەکا حاجی مەلا عەبدوڵڵا هەر لەوێ دەینێژێ و خۆی بە تەنیا دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان و بۆ کۆیە، لە لایەن مەلا و فەقێ و زانا بەرزەکان و هەموو تاقم و توێژەکانی خەڵکی کۆیەوە پێشوازییەکی چاکی لێ دەکرێ.

ئەو بەڕێزە سەبارەت بەو کۆچە دڵتەزێنەی باوکی لە یەکێک لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا ئاوای نووسیوە:

"توفي والدي يوم الجمعة آخر شهر ربيع الثانی من سنة الف و مأتين و تسع و ثمانين فی مكة المكرمة عصر يوم الجمعة، و صلی عليه ضحوة يوم السبت بالملتزم الشريف و دفن فی جنة المصلی فی شعبه النور قرب قبر الشيخ ابن حجر رحمهما الله تعالی"

راستی حاجی مەلا عەبدوڵڵا یەکێک بووە لە کەڵە پیاوە هەڵکەوتوو و قارەمانەکانی کەم وێنە و بێ لینگەی کوردستان و جا ئیتر بێ گومان جێی خۆیەتی کە کوڕی وەک مەلای گەورەی کۆیی کە بە کوڵی دڵی خۆی کوردستانی گەورەی وە جۆش هێناوە، لە پاش بێ و ئیتر کوردانی کۆن و پیر و پێشینیانمان جوانیان فەرمووە کە " گیا لە سەر پنجی خۆی دەڕوێتەوە".

ناسنامەی مەلای کۆیی

پسپۆڕی دڵسۆزی گەلی کورد، بلیمەتی هۆزانی موسڵمانی کوردستان، پێشەنگی هۆشیارانی گەلی بەڵا لێدراوی کورد و سەردەستەی دڵ بێدارانی کوردەواری و موسڵمانی دڵ پڕ باوەری قورئانی تەک پەرەستی خوداویستی خۆشەویستی یەزدانی مامۆستا مەلا محەمەدی کۆیی جەلیزادە و دڵسۆزترین کەسی کوردە کە بۆ کورد و کوردستان دڵی وە کوڵ هاتووە.

بەڕێز مامۆستا کۆیی ناوی پیرۆزی محەمەد و نازناوی جەلیزادەو ناوبانگی کۆیی و مەلای گەورە و پیشەی مەلایەتی و لە بنەماڵەی بەڕێزی ئایینی و زانیاری جەلییەکانە.

ئەو هۆزانە لێزانە و ئەو زانا بێ وێنەیە کوڕی حاجی مەلا عەبدوڵڵای سێهەم کوڕی حاجی مەلا ئەسعەد کوڕی حاجی مەلا عەبدوڵڵای دووهەم کوڕی حاجی مەلا عەبدوڕەحمان کوڕی حاجی مەلا عەبدوڵڵای هەوەڵ کوڕی مەلا محەمەدی مەلازادە کوڕی مەلا برایم کوڕی مەلا حەسەن کوڕی مەلا برایم کوڕی مەلا حسێن کوڕی مەلا ئەبووبەکری جەلییە. کە وەک باس کرا لە بنیڕا خەڵکی گوندی گەلاسی پژدەرن. ئەو زانا بەرزە پیاوێکی گەلێک زاناو دانا و تێگەیشتوو و لێزان و سەردەرچوو لە کاروباری جیهان و رامیاری و هەموو زانیارییەکانی باو لە دەورانی خۆیدا بووە.

بێ گومان بە راشکاوی دەتوانین بڵێین، کە لە نێو هاوچەرخانی خۆیدا بێ لینگە بووە و لانی کەم لە مەردایەتی و کوردایەتی و راستی و پاکی و چاکی و دڵسۆزیدا نموونە و هاوتای دەس نەکەوتووە. بەڵام من ئەوەش زۆر زۆر بە گرینگ و سەیر و سەمەرە نازانم چونکە کەسێک لەو بنەماڵە گەورە کە سەرچاوەی فێر و

زانیاری لە کوردستاندا بووە بێتە دەرێ و پێ بگا هەر دەبێ وا بێ و ئیتر ئەو ڕێگەی خۆی بڕیویە و ئەرکی خۆی بەجێ هێناوە و لە سەر پنجی خۆی ڕواوەتەوە و ئیتر کورد گوتەنی گیا لە سەر پنجی خۆی دەڕوێتەوە، خوای گەورەش دەفەرموێ: (و البلد الطيب يخرج نباته باذن ربه و الذي خبث لا يخرج إلاّ نكداً) زەوی چاک و بەهێز و خاوێن بە ودم و فەرمانی خوا، بە جۆرێک، کە (يعجب الزّراع نباته) شیناوەردەکەی جووتێر سەرسام دەکا، دەڕوێنێ و ئەوەش کە خەراپە و زەوییەکی بێ هێز و پیسە و بەرهەمێکی خەراپ و کەم نەبێ نییەتی. بەڵام من ئەوە بە سەیر دەزانم جۆرە کەسانێک هەن کە لەو جۆرە بنەماڵانەش هەڵکەوتوون بەڵام نەک هەر نەبوونەتە جۆرە پیاوێکی ئاوا بەڵکە دروست بە پێچەوانەی چاوەڕوانی لێکران لە کڵ دەرهاتوون و دڕکن لە جێی گوڵ ڕواون.

مامۆستای کۆیی پیاوێکی زۆر پیتۆڵ و خۆناس و خواناس و گەلناس و وریا و ژیر و دڵسۆزێکی ڕاستەقینەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و خەمخۆرێکی گەلی کورد و ڕۆڵەیەکی هەڵکەوتووی کوردستانی دابەش کراو و بەدبەخت و فێڵ لێکراو بووە. ئەو هۆنەر بووە، هونەرمەند بووە، زانا بووە، مەلا بووە، ڕامیار بووە، وانەوێژ بووە، پێشنوێژ بووە، وتاربێژ بووە، نووسەر بووە، وێژەوان بووە، دێژەوان (فقيه) بووە، ڕاڤەدەر (مفسر) بووە، ڕاست وێژ و دڵسۆز و خەمخۆر بووە، کوڕێکی مەرد و مەردێکی کورد و نەترس بووە، بزوێنەری هەستی دڵان و ڕاپەڕێنەری خەولێکەوتووان بووە.

بۆ ئەوەی خۆم پێی هەڵنەڵێم تا نەڵێن هەستی نەتەوایەتی و هاوبیری و باوەڕی هانی داوە بۆو ڕانان و پێهەڵگوتنە، دەقی وێژامەی عەرەبی مامۆستا مەلا کەریمی مودەڕیس لە بارەی ئەو کەڵە پیاوەدا دێنم و دوایەش وەریدەگێڕمەوە سەر کوردی. ئەو

بەڕێزە لە بارەی مامۆستا کۆییدا ئاوای نووسیوە کە دەڵێ:

کان لصاحب الترجمة دور عجیب فی الحرکة العلمیة و توجیه الطلاب بل توجیه المسلمین کافة الی الیقظة و الاعتماد علی النفس، و التوجه الی معالی الامور و الوحدة و الاعتصام، و الابتعاد عن الاختلاف و الخرافیات، و فی الواقع کان احد الاجدین فی العلم و الفضل و الغیرة و الشهامة و الجسارة الادبیة و قوة القلم، و فلاحة البیان، و صراحة اللسان، و لو لا بعض الموانع لاستفاد الناس منه ما لایستفاد بکثیر من الزمان، فکان یختار لعلماء الدین الترأس و الاستقلال بتوجیه المسلمین، و اخذ الزمام الامور المهمة، و الحرکة نحو الامام فی کافة الشئون الدینیة و الاجتماعیة و السبق علی سائر الناس.

فتخرج من تربیته فوج من العلماء الغیاری الذین لایخافون فی الله لومة لائم و کذلک کان له آراء قیمة فی شئون التعلیم و التدریس و رعایة الایام و الزمان، و لکن لیس التدبیر کل شیء فان التقدیر قد یضحک علی التدبیر.

کتاب (علماءنا فی خدمة العلم و الدین) ص ٥٣٥.

واتا:

ناوبراو خاوەنی ئەو باسە دەورێکی سەرسام هێنەری هەبوو لە بزووتنەوەی زانیاری و هۆشیار کردنەوەی فەقێکان و بەڵکە گشتی موسڵمانن و راپەڕاندنیان لە خەوی بێ ئاگایی و باوەڕ کردن بە خۆو ورویێ لە کارگەلی گەورە و گرینگ کردنیان و یەکیەتی و یەکگرتن و لێکتر نەپچڕان و دووری کردن و بێزار بوونیان لە ناکۆکی و دوو بەرەکایەتی و شتی پڕوپووچ و خەرافات و باوەڕ هەبوون بە بێجگە لە راستەقینە و راستییەکان.

لە راستیدا ئەو لەزانیاری و ڕێزو گەورەیی و هونەر و پیاوەتی و خیـرەت و نەترسـی و ئـازایەتی و ئاگـاداری و ویژەیـی و هێـزی قەڵەمدا و هەروەها لە رەوانیی بەیان و راست بێژی و رەوانبێـژی و راسـتەوخۆیی زمـان و بـێ پـێچ و پەنابیـدا بە یەکەمـی یەکەمـان (هەڵبـژاردەی هەڵبژێـراوان)و بـێ وێـنە و نمـوونە و هاوتـا بـووە و ئەگەر لەبەر هێنـدێک لەمـپەڕ و بەرگـر نەبـایە خەڵـک کەڵکێکـی وەهایـان لـێ وەردەگـرت کە ئەو کەڵـک و قـازانجە بە مـاوەیەکی یەکجار زۆریش وەرنەگیرێ.

ئەو بەڕێزە هەمیشە بۆ زانایانی ئـایینی ئەوەی پەسند ئەکرد و پێی چاک بـوو کە سەرۆک و سەربەخۆ بـن و لە بێدار کـردنەوەی موسڵمانانندا گۆی لە مستی کەس نەبن و هەروەها لە کـارە گەورە و گرینگەکـان و بـزووتنەوەی بەرەو پـێش چـوون و تەواوی کاروبـارە ئایینی و کۆمەڵایەتی و رامیارییەکاندا دەبێ ئەوان (مەلاکان) جڵەوی کار و رۆڵی فەرمان وە دەست خۆیان بگرن و نەهـێڵن بکەوێـتە دەس نەزان و بێ ئاگاو لەخوا نەترس و خەیانەتکاران و، دەبـێ لە گش کارو بارێکدا لەهەموو خەڵک پێش کەون و هەرگیزنـابێ چاولێکەر و لاساکەرەوەی ئەم و ئەو بن. بەڵـکە بە پـێچەوانە مەلاکـان دەبـێ لە سەر هێڵ و رێبازی ڕاست و دروست و رامیاری راسـتەقینەی ئیـسلام بتوانن خەڵک بە دوای خۆیاندا بکێشن.

جا ئا لە سەر ئەو بیـر و بـاوەڕە ژومـارەیەکی زۆر لە زانایـانی خاوەن بیر و باوەڕ بە خۆ و لێهاتووی وا کە لە سەر خوا و لە رێی خوادا لە لۆمەی لۆمەکەران ناترسن، لە فێر کردن و بارهێنانەکانی وی کەڵکیـان وەرگـرت و لە فێـرگەی ئەودا پێگەیـشتن و هەر یەکەی بوو بە موجاهید و خەباتگێڕێک لە رێی خوادا.

هەروەهـا ئەو بلـیمەتە کەم وێـنەیە بە بیروبـاوەڕێکی تـایبەتی و پتەو و دروستی لە بارەی کاروباری فێر کردن وبارهێنان وسەبارەت

بەوانەویێژی و بە فیڕۆ نەدانی کات وچاخ و ڕۆژگاری بەنرخ و تەمەنی پڕبایەخ هەبوو. بەڵام هەموو شتێک بریتی نییە لە راوێژ و تەگبیر و زۆر جاران چارەنووس بە تەگبیر پێدەکەنێ.

پەڕتووکی زانایانی ئێمە لە خزمەت زانیاری و ئاییندا (بە کەمێک روون کردنەوەوە)

مەلای دڵسووتاو و دەروون هەڵقرچاوی کورد کە بڵێسەی ئاوری دەروونی بە قەرای بڵێسەی ئاوری نەوتی باباگوڕگوڕ بووە کە بیری لەوە کردۆتەوە وا نەوتی کەرکووک دەڕوا بۆ ئەوڕووپا و فەڕەنسەو ئینگلیس پێی حاوانەتەوە بەڵام کوردێ بێچارەش ئەوەندەی نادەنێ کە تەنانەت دە فتیلەشی کات و شەو لە بەری دانیشێ ئاهی دەروونی هەڵکێشا و هەناسەی بۆسۆداری دووکەڵی لێ بەرز بۆتەوەو دەستەکانی خۆی گوشیون و پەژارەی دەروونی خۆی دەربڕیوە و گوتوویەتی:

نەوتی باباگوڕگوڕی چۆن دەچێ بۆ پاریسێ
ئاوری حەسرەتۆمەندی لە دەروونم داییسێ

دوای ویش عەبدوڵڵا پەشێو دەڵێ:

مناڵەکان، مناڵەکان!
ئەی برسییە ژینن تاڵەکان
لە سەر لوتکەی باباگوڕگوڕ
نزیک تاقگەی سەرەوژووری زێڕینی گڕ
گڵکۆیەکی بچکۆلەم دی لێی نووسرابوو
ئا لێرەدا مناڵێکی چاو بزی کورد
لە برسان مرد!!

هە روە پەشیو لە پارچەیەکی چوکەلەی دیکەی خوی دا دەلی :

منالەکان ! منالەکا ن! ئەی برسییە زین تالەکان!
دەزگیرانم کوترێکی دیا ر بەکرە ؛ بۆ گواستنەوەی ڕۆژ ئەمیرم پهرپە ڕدری
قەدی چیام قەف قەف برِ ی ؛ کعە لە دەرگای سنورم دا؛ تفی دەمی پوستال ڕەشیک ها ت
سواغی دا ناو چاوانم !!

جا کاتێک کە دیتوویەتی گەلەکەی وی لە چاو هەموو گەلانی جیهان کراوەتە سێ چوار پارچە و هەر پارچەش دراوە بە دەوڵەتێکی وا کە هیچ بەزەیەکی پێیدا نایەت و ئاواش پاش کەوتوو لە هەموو مافێکی خوا پێدراوی خۆی بێبەش کراوە و بە تەواوی رێگەی ژیانی لێ گیراوە و سەرەڕای ئەوەش کراوەتە دەیان و سەدان قۆڵ و دەستە و هەر قۆڵەش وەک مێگەلێکی بێ سەر و زمان و بێ شوان و خودان وەبەر کۆلکە شێخێک یان کۆلکە خەلیفەیەکی خوا نەناس و لە خوا نەترس کراوە و ئەوانیش هەر بە کەیفی خۆیان بە نێوی ئایین و تەریقەت دەیانچەوسێننەوە و دەیانڕووتێننەوە و کەڵکی خۆیانیان لێ وەردەگرن، هەروەها کە دیتوویەتی کە ئەو خەڵکە نەزان و نەخۆێندەوارەش لە بەر نەزانی و نەخوێندەواری و بێ ئاگایی خۆیان لە ئایین و ژیان و بوون و هەروەها ئەحواڵی گەلان و جیهان پێیان وایە بەرنامەی ئایین و ژیان و دەستووری خودا دەبێ ئاوا بێ و ئیتر ئەوەیە دانان (تقدیر)ی خوایە کە ئەوان دەبێ هەر نۆکەری ئەم و ئەو بن و هەر رۆژە لە بەر دەرکی کەسێک هەڵتووتەکێن و بە پرچی درێژی ژنانەوە بچن بۆ بەر دەرکی تەکیەو خانەقا و لە باتی هەموو پێشکەوتن سەرکەوتنێک بە هولەهول سەر هەڵوەشێنن و گابۆڕی بکەن.

ئەوە لە لایەک ولایەکیش هێندێک لە مەلاکانی ئەو سەردەمی و بگرە ئێستاش لەگەڵ بێ ئەگەرچی بە خەیاڵ دەبێ بەرنامە و یاساو رێسای خوای گەورە کە بۆ گەلانی جیهانی داناوە و بە هۆی پێغەمبەران و باڵوێزەکانی خۆی لە سەر زەوی پێی راگەیاندوون زۆر باش بزانن و ئاگاداری تەواویان لە قورئانی پیرۆز هەبێ و خۆ هەر کەسیش ئاگای لە قورئان هەبێ هەرگیز شتی پڕوپووچ (خرافات) قبووڵ ناکا بەڵام یا لە ترسان یا لە برسان یا لە بەر بەرژەوەندییەکی تایبەتی و کاتی و خۆیەتی کڕ و مات و بێدەنگن و نایێڵن و نایدرکێنن و یا بۆ قازانجێکی تایبەتی نەزان ئاسا رەگەڵ وان دەکەون و بەو شێوە خەیانەت بە گەل و نیشتمان و ئایینی پێشکەوتنخوازی ئیسلام و قورئانی پیرۆز و رێبازی محەمەد دەکەن.

لەپارچە هۆنراوەیەکی کورت و جوان و پڕ واتادا ئاهو ناڵە دەردەبڕێ و هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێ و دەڵێ:

هەتا دەمرم لە بۆ کوردان دەناڵم
عیلاجیان چۆن بکەم هاوار بە ماڵم
فەقیر و جاهیل و نەخوێندەوارن
لە لای نەوعی بەشەر بێ قەدر و خوارن
کەسێ قەدری لە لای خزمان نەمێنێ
لە لای بێگانە قەدری چی دەمێنێ
لەگەڵ یەک بەد رەوشت و بەد نیهادن
لە بۆیە وا کەساس و نامرادن
لە عیلم و مەعریفەت دوورن بە کوللی
خەیاڵی خاون لایان فیکری میللی
حەسوودن بۆیە بازاڕیان کەسادە
نەزانن بۆیە تاعەتیان فەسادە

له سـەر عەردی ئەوی کـوردی زمـان بـێ
لە لای وایە ئەبـێ سـووک و نەزان بـێ
ئەبـێ حەمبـاڵ و گـاوان و شـوان بـێ
ئەبـێ زەبیـاڵ و کەنـاس و سـەپان بـێ
ئەبـێ هەر ریـش دریـژ و پـان و لـوول بـێ
ئەبـێ هەر عـاجز و گـرژ و مەلـوول بـێ
ئەبـێ هەر بەنـدەی عـورب و عەجەم بـێ
ئەبـێ بـێ عـیلم و ئـیملا و قەڵەم بـێ
ئەوەنـدە بێهـۆش و بـێ دیـن و نەزانە
کە لای وایە خـودای وی ریـش پـانە!!
مەلاکـانیش لە حەقیـان زۆر خەیـانن
ئەوانـیش هەر دەڵێـی گەوج و نەزانـن!!

راستی مامۆستا حەقیەتی ئاوا بە مەلاکـان دەڵـێ، چـونکە کەی مەلا دەبـێ لـە ڕێـگەی پێغەمـبەرلا بـدا و چـۆن ئەوەش ڕێـگەی پێغەمبەرە! کە ئەوان دەیکەن، وەک مامۆستا دەفەرموێ:

لە بـاتی باسـی دیـن و روکنـی ئیمـان
مەلا بۆیـان دەخـوێنێ مەدحـی شـێخان؟
ئەڵـێ شـێخێ هەیە خـاوەن کەرامەت
تکاتـان بـۆ ئەکـا رۆژی قیـامەت؟
شـەو و ڕۆژێ بە زیکـری خـوا خەریـکە
دیـارە زۆر لە خـزمەت خـوا نـزیکە
گەلـێ جـاران دەچێـتە فەوقـی عەرشـی
ئەگەر حەز کـا لە لای خـوا دائەنیـشی
خولاسـە چەنـد خورافـاتێکی دیـکە

مەلا نەقڵــــی دەکـــا بەو فــــاک و فـــیکە
عەوامـــــی قـــورِ بەســــەر وەک وا ئەزانــــن
جەنـــابی شـــێخ بە خزمـــی خـــوا ئەزانـــن
خـــسووسەن گەر ئەڵــێن یـــا غەوسـی ئەعـــزەم[١]
ئەوانەی شـــــــێخیان لا خـــــــــودایە
حیـــــسابی وان لە ســــــەر تەوقـــــی مەلایە
مەلا تـــۆ بـــا ســـی خوایـــا ن بـــۆ بـــفە ر مـــوو
وەهــــا بــــا شـــــە لە بـــۆ وان و لە بـــۆ تـــوو

جا ئا لێرەدا سەبارەت بە مەلا و ئەرکەکانی وی و پلە وپایە و خۆدۆڕاندنی ویدا پێم خۆش بوو باسێکی کورتەڵە بکەم بەڵام وام بە باش زانی تەنیا ئەو پارچە هۆنراوەی خۆم کە لەو بارەوە چەند ساڵ لەمەو بەر دامنــاوە و بــڵاوم کــردۆتەوە بیهێــنم کە ئەوە دەقەکەیەتی:

پەیام بۆ مەلا

مەلا تــــــۆ رابەری خەڵکـــــــی جیهــــــانی
کە تــــــــۆ میراتگـــــــری پێغەمبەرانـــــــی٢

---

[١] ـ غەوسی ئەعـزەم هەمـان شێخ عەبدولقادری گەیلانییە کە گڵکۆیەکەی لە شاری بەغدایە و لەمەولا باسەکەی دێت. بەڵام با لێرەدا ئەوەندە بزانین ئەو شێخانە چۆن نێو و نێوبانگی زلەزلەی وەک غەوسی ئەعزەم، شێخ المشایخ، مرشد عام، پیر طریقت و هتد بۆ خۆیان دادەنێن کە هەموویان فریودەر و راکێشەری خەڵکی سادە و ساویلکە و هەزارن.

٢ـ بەڕێز ناوداری کورد، موفتی زەهاوی دەفەرموێ:

ترکیب ملا چو در ازل از الم است　　بیچارە نصیب او همه درد و غم است.
شادی به دلش چگونه صورت بندد　　چـون قلب کنی حاصل قلبش الم است

هەروەها هۆنەرێکی دیکەش لەبارەی مەلادا دەڵێ:

ئەتـــــۆ رازداری یەزدانـــــی لە دنیــــا
گـــــوڵی ئـــــایین و ویژدانـــــی لە دنیــــا
ئەتـــــۆ دڵـــــسۆزی گـــــش خەڵکـــــی هەژاری
لە جێـــــی پێغەمـــــبەری گەورە و بەکـــــاری
ئەتـــــۆ مەردی خـــــودا و ئـــــاواتی خەڵکـــــی
لە بـــــۆ گـــــش خەڵکـــــی هەر قـــــازانج و کەڵکـــــی
ئەتـــــۆ ئەرکـــــت لە دنیـــــادا گەلـــــێکە
هەبـــــوونی تـــــۆ وەکـــــوو بـــــوونی گەلـــــێکە
نەمـــــانی تـــــۆش نەمـــــانی خەڵـــــکە گـــــشتی
دەبـــــا بمـــــرێ گەلـــــێ تـــــۆ بـــــدا لە مـــــشتی
مەلا بـــــێ تـــــۆ جیهـــــان تاریـــــک و پەســـــتە
لە لای هەر کەس کە خـــــاوەن بیـــــر و هەســـــتە
ســـــپاردەی تـــــۆ وەکـــــی پێغەمـــــبەرانە
وەکـــــی پیـــــاوانی گەورە و رابەرانە
ئەتـــــۆ بەرپرســـــی خـــــۆش کردنـــــی جیهـــــانی
ئەتـــــۆی گەر راز و رێنـــــوێنی دەزانـــــی
ئەتـــــۆی فەرمانـــــدە و ســـــەرداری مەردان
ئەتـــــۆی رازداری هـــــۆزانی موســـــڵمان
ئەتـــــۆ پـــــایەت رەدایە و راســـــتەقینە
رێـــــگەت ئـــــایینە رێبـــــازت ئەوینـــــە
بـــــرای دڵـــــسۆز و ســـــەرداری بەهێـــــزی

دردی بـیافرید خدا نـــام او مـــــلا | بـــد تر گمان نبرم از او در جهان بلا
ماهیتش مـــلالت‌است و ترکیبش از الم | این نکته هویدا و واضح است و برملا
گـــــر مـــلا و جمله بلا در مجلس | رونـــــد داخل، شوند محترم الا مـــلا

له نێو خەڵکی موسڵمانا بەڕێزی
ئۆ مامۆستای گیانی و زۆر بە کاری
لە ئەستۆی تۆیە گشت ئامۆژگاری
ئەتۆ راهێنەری پیر و منالّی
ئەتۆی لە خوا و لە بوون و ژین حالّی
لە بۆ پێغەمبەری تۆ جێ نشینی
دەبێ تۆ دوور و نێزیکت ببینی
سپاردەی تۆ وەکی پێغەمبەرانە
وەکی پیاوانی گەورە و رابەرانە
بەڵام ئەی داخەکەم نەختێک بە خاسی
وەکوو پێویستە هەرگیز خۆت نەناسی
ئەتۆ بەو ڕێزە گەورە و پایە بەرزە
بە داخی گرانەوە مانەندی هەرزە
لە مەیدانی خەباتا تێشکاوی
لە کار و پیشەکەتدا کاکە خاوی!!
ئەتۆ نەتزانی خۆت کێی و چ کارەی
لە بۆیەش تووشی سەد دەرد و پەژارەی
بە دەستی خۆت کەسێکت خستە پێش خۆ
کە بە دزی بڕیەوە ئەو لاقەکەی تۆ
ئەتۆ ئاغا بووی و خۆت کردە نۆکەر
لە ژووری ژووریڕا فڕێ درایە بەر دەر
لە سەرداری وەسا تۆ بوویە سیپاڵ
دەجا هەڵکە لە گەڵ ئەو ژینی وا تاڵ
سپاردەی تۆ وەکی پێغەمبەرانە
وەکی پیاوانی گەورە و رابەرانە

به فەرمـــــانی پێغەمــــبەر جـــێ نـــــشینی
دەبـــوو چـــۆن جـــا تـــۆ پـــایەی خـــۆت نەبینـــی؟!
مەلا مەردی خـــــودا بە خـــــۆت بناســـــە
کە تـــۆ چـــا بـــی هەمـــوو ئەو خەڵـــکە خاســـە
ئەگەر تـــــۆ خـــــۆت هەبـــــی دنیـــــا بە تـــــۆیە
ئەتـــــۆ نیـــــی بـــــۆیە دنیـــــا رەنـــــجەڕۆیە
کە تـــۆ ئـــایینی راســـتی بڵێـــی بە خەڵکـــی
وەکـــــوو داری بەری و هەر پیـــــت و کەڵکـــــی
کە ڕێـــی راســـتی وە پـــێش خەڵکـــی کەوی تـــۆ
ئەوەی خـــوا دەیـــهەوێ بـــێ ســـۆ هەوی تـــۆ
ئەگەر مەردی خـــوا بـــی و بـــۆ خـــودا بـــی
دەبـــێ بـــێ ســـۆ لە ناڕاســـتی جـــودا بـــی
ئەتـــۆ نـــابێ مەرایـــی بـــکەی لە بـــۆ کەس
دەبـــێ گـــش بـــۆ تـــۆ ببـــنە چـــاو و گـــوێ و دەس
ســـــپاردەی تـــــۆ وەکـــــی پێغەمـــــبەرانە
وەکـــــــــی پیـــــــــاوانی گەورە و رابەرانە
مەلا مەردی خـــــودا بە بـــــۆ خـــــودا بە
لە نـــــامەردی و لە نـــــامەردان جـــــودا بە
مەدۆڕێ زیـــــــانی دۆڕانـــــــت نەمـــــانە
وە دووی قورئـــــان کەوە و دوور بە لە مـــــانە
خەبـــاتی تـــۆ لە بـــۆ خەڵکـــی بەکەڵـــکە
تلاســـانت لە رێ مـــــل شـــــکانی خەڵـــکە
کە رات چـــاک و دڵـــت پـــڕ هەســـت و پـــاکە
مەلایەتیـــــیە مەکە بـــــۆ ژینـــــێ کـــــاکە
مەلایەتیـــــیە بـــــکە بـــــۆ راگەیانـــــدن

بـــــۆ ئیـــــسلام بە بنــــی دنیـــا گەیانـــــدن
ئەگەر مەردی خـــــودای و بڕێـــــک بە هۆشــــی
نەکەی زانیـــــاری و ئـــــایین فرۆشــــــی
کە ئایینـــــت فرۆشـــــت مانەنـــــدی کـــــاڵا
کراســـــی ترســـــەنۆکیت بـــــڕا بە بـــــاڵا
ســـــپاردەی تـــــۆ وەکـــــی پێغەمـــــبەرانە
وەکـــــــی پیـــــــاوانی گەورە و رابەرانە
کە چـــوویە دەرکـــی شـــێخ وێـــنەی موریـــدان
لە نـــاو دڵتـــا نەمـــا ئـــایین و ویـــژدان
کە چـــــوویە مـــــاڵی زۆردار بـــــۆ مەرایـــــی
مەلا نـــی و پەســـتی، نـــابی بـــۆ مەلایـــی
کە جیاوازیـــــت لە نێـــوان خەڵکـــی ئیـــسلام
ئەتـــــۆ دانـــــا ئیتـــــر بـــــزانە ســـــەرەنجام
لە دەســـــتت داوە تـــــۆ ئـــــایینی یەزدان
نە ژیریـــــت هەس نە ئـــایین و نە ویـــــژدان
مەلا بـــــی تـــــۆ دەبـــــێ قورئـــــان بزانـــــی
بە بـــێ قورئـــان مەلا نـــی، پیـــاوی نـــانی
خەباتـــــت بـــــۆ خـــــودا و بەرنـــــامە قورئـــــان
لە تـــــۆ کـــــۆوە دەبـــــن خەڵکـــــی موســـــڵمان
ئەگەر تـــــۆ جێگـــــری پێغەمـــــبەران بـــــی
گەلێـــک شـــەرمە کە چەشـــنی نـــۆکەران بـــی
ســـــپاردەی تـــــۆ وەکـــــی پێغەمـــــبەرانە
وەکـــــــی پیـــــــاوانی گەورە و رابەرانە
مەلا هەســـــتە وەکـــــوو مەردانـــــی ئـــــازا
بە جـــــوببە و شـــــاقەل و شـــــۆرەت مەنـــــازە

مەنـــازە قەت بە ریـــشوە و شـــاڵ و ریـــشت
بنـــازە تـــۆ بە پیـــشە و کـــار و ئیـــشت
مەلایـــی و زانیـــاری نـــازی تـــۆیە
پێغەمـــبەر هـــاودەم و هـــاوڕازی تـــۆیە
لە خـــوار پێغەمـــبەرا هەر تـــۆی لە دنیـــا
بـــۆ کـــارێکی زلە هـــاتوویە دنیـــا
مەلا کۆڵـــت گـــرانە و تـــرتە رێـــگەت
دڵـــی تەنگـــی موســـڵمانانە جـــێگەت
مەلا تـــۆ نەچـــیە دەرکـــی شـــێخ و پیـــران
لە بـــاتی وان بچـــۆرە مـــاڵی بیـــران
ئەڕۆی رێـــیەک کە پێغەمـــبەر نەچـــووبێ
نەتبـــێ خـــوویەک کەوا بـــۆ وی نەبـــووبێ
ســـپاردەی تـــۆ وەکـــی پێغەمـــبەرانە
وەکـــی پیـــاوانی گەورە و رابەرانە
مەلا تـــۆ بـــۆ مەلات خۆشـــناوی بـــۆچی؟
بە خـــۆت نـــاڵێی کە ئەو هـــیچ نیـــیە ئەتـــۆ چـــی؟
بەڕاســـتی بێـــت و گەر هەر دووک مەلا بـــن
وەکـــوو پێغەمـــبەران هەر بـــۆ خـــودا بـــن
بـــۆ یەکتـــر هێـــز و پـــشت و دەســـت و چـــاون
بەڵام ئەی داخەکەم هێـــشتاکە خـــاون
نەیـــاری خـــوا و خۆتـــان بـــۆتە یـــاروو
لە دەســـتوو داوە ســـا دار و نەداروو
رێـــگەو ون کـــرد لە خەڵـــک و هەم لە خۆتـــان
چـــرا هەڵبێـــنە ســـا چـــی مـــاوە بۆتـــان؟
مەلا مەردی خـــودا بە بەســـیەتی بەس

لە بـــارەی نـــاکۆکی گـــوێ مەگـــرە بـــۆ کەس
خـــــوا فەرمـــــوویە ئـــــایەی (واعتـــــصموا)
دەبـــــا یەک بـــــین مـــــن و تـــــوو
دەمـــــێکە گـــــورزی هـــــاواری لە تـــــۆیە
مەلا بـــــزانە خـــــودا کـــــاری بە تـــــۆیە
ســـــپاردەی تـــــۆ وەکـــــی پێغەمـــــبەرانە
وەکـــــــــی پیـــــــــاوانی گەورە و رابەرانە

ئەگەر دیوانی هۆنراوەکانی مامۆستای کۆیی (دیاری مەلای کۆیی) بەوردی بخوێنینەوە و چاوێک بە دێرە زێرینەکانیدا بێگرین بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو بەڕێزە چ ئەندازە لە ژیان و بوون و جیهان حاڵی بووە و ویستوویەتی خەڵکیش وەکوو خۆی حاڵی بکا و چۆن دەردی ئایین و گەلەکەی بە هەموو ئەندام و جەستەی خەستەی خۆی چەشتووە و هەستی بە ناتەواوی و ناڕێکوپێکی کردووە و هەروەها چۆن چۆتە بنج و بناوانی کارەوە و وەک مەرەنگۆزێکی لێزان و پزیشکێکی زۆر حاڵی و بە شێوەی نوێ کەوتۆتە بەربەرەکانێ لەگەڵ ماک و هۆی دەرد و نەخۆشی، نەک لەگەڵ دەردەکە، و بەربەرەکانێ لەگەڵ هۆکار(علـة) کردووە نەک لە گەڵ خودی کار (معلول).

ئیتر بە تەواوی ئاگادار بووە لە ژیواری کوردەواری و زانیویەتی کە هەموو نەکبەتی و بەدبەختی و ماڵ وێرانی و دواکەوتوویەکی گەلی کورد لەنەزانی و ناکۆکی ونەخوێندەواری و دووبەرەکایەتی و چەندە دەستەگی و قۆڵ قۆڵ بوون و لێک داپچڕانەدایە و هۆی ئەوانەش هەموویان هەر هەبوونی شێخ و ئاغا و دەرەبەگ و چڵپاوخۆرانی بێگانە و بێگانە پەرستەکانن و بەتایبەتی شێخەکانی

بە لەمپەرێکی زۆر گەورە زانیوە لە سەر رێگەی ژیان و پێشکەوتن لە کوردستاندا.

چونکە ئەو خوا لێ خۆشبووە زانایەکی وا بووە کە سەرەڕای ئەوەی کە زانیویەتی ئەوانە کەوا خۆیان بە نێوی ئایین بە سەر خەڵکدا سەپاندووە نەک هەر ئایینی نین و بەرنامەکەیان ئایینی نییە، بەڵکە هێندێکیان بە تەواوی دژی ئایینیشن و لە ماکا دڕکی ئایین و چەقڵی چاوی ئیسلامن. چونکە تا دووسەد ساڵ دوای پێغەمبەر هەر نەبوون.

بەڵام بۆ زانینی ئەو مەبەستە لێکۆڵینەوە و موتالایەکی زۆر وردو سەرنجدەرانەی دەوێ. ئاسنێکی رووکێش کراو بە زێڕ، تا رووکێشەکەی لە سەر لا نەبەی نازانی کە زێڕ نییە. جا مەگەر زێڕینگەرێکی وەکوو مامۆستا کۆیی هەڵکەوێ و خۆی ئاسا بە چاوی دڵ لە دنیایە بنۆڕێ و بزانێ کە لە بن ئەم رووکێشە چ هەیە. خۆم جارێکی لە گەڵ مەلایەکی مریددا کەوتمە قسە لە بارەی شێخایەتیدا، دوای کێشە و هەڵلایەکی زۆر پێم گوت ئەرێ کاکە ئاخر وەکوو خۆمان دەزانین ئێمە چوار بەڵگەی دێژەیی (دلیل شرعی)مان هەیە و بە هۆی ئەو چوار بەڵگانە دەتوانین بزانین داخوا هەر شتێکی کە مەبەستمانە ئایینییە یان نا، کە بریتین لە (کتاب، سنە، قیاس، اجماع) واتا کتێب (قورئان)، رەوشی پێغەمبەر(و قیاس یانی هەڵسەنگاندنی شتێک کە ئێستا هەیە و پێشوو نەبووە بە شتێک کە پێشێ هەبووە دە شتێکدا کە تێیدا هاوبەشن بۆ نموونە وەک ئەوە کە ئێستا ویسکی هەیە و پێشێ نەبووە، بمانهەوێ بزانین داخوا فەرمانی دێژە (حکم شرع) لەبارەی ویدا چییە، تەماشا دەکەین کە ویسکی مەستکەرە، لە چاخی پێغەمبەریشدا(ئارەق هەبووە و مەستەکەرە و حەرامە، کەواتە

ویسکی چونکە مەستکەرە حەرامە. ئەوی تریش کۆبوونەوەی زانایان واتا هەر شتێک زانایانی ئایینی لە سەر ڕێککەوتن فەرمانی خوا و دێژەی پیرۆزی ئیسلامە.

جا ئەتۆ شێخایەتیم بۆ بە کێهەیان دەچەسپێنی؟ ماوەیەکی دە بیر کردنەوە ڕاچوو، سەری بەردایەوە و پاش ماوەیەک سەری هەڵبڕی و گوتی: بە (اجماع). گوتم: کامە اجماعە؟ ئەوەی کە ئێستا ئێمە دوو کەسین و یەکمان نەیار و یەکمان هاوکاریەتی؟ پاش ماوەیەک گوتی: جا ئێمە هیچ نین و حیسابمان لە سەر ناکرێ. گوتم: ئەگەر واش بێ ئێمە ئەوەمان بە میرات لە پێشینیانی خۆمان وەرگرتووە و لە کۆنەوە هەروا یەک نەیار و یەک هاوکاری بووە. وەرە با بگەڕێینەوە سەر قورئان و ڕەوشتی پێغەمبەر، ئیتر گورژی گوتەنی:

دەبا من پێت بڵێم کاکە بە کوردی
شتی وا پەست ئەرێ کێ فێری کردی
لە قورئانا نە شێخم دی نە دەروێش
هەموو چەند جاری لێکداوە بە وردی
نە سۆفیم دی نە تەکیە و خانەقام دی
نە باروبنە و دیاری و بارەگام دی
نە کەزیە و پرچ و زەرگ و دمبەک و دەف
نە شاڵ و منتەشا و جوببە و عەبام دی
ئەگەر پێویستە شێخ بۆ ئایینی خوا
بڵێ پێم شێخی گش پێغەمبەران کوا؟
محەمەدخۆی و یار و یاوەرانی
بە گشتیان شێخێکیان بوایە دەبوا
ئەگەر ئێمە موسڵمانین بە قورئان

به قورئـــــان وا نیـــــیه دەســـــتووری یەزدان
وه لا نێــــین مـــــزگەوت بـــــۆ خانەگایـــــان
دژی فەرمـــانی خـــوا و دەســـتووری قورئـــان

بەڵێ خـوای گەورە بە دڵـی ئەو پیـاوە گەورەی سرووش (الـهام) کـردووە کە تـا ئەم حـاڵە راوەسـتاو نە بـێ و ئەو گەلە هەروەهـا ناپێگەیشتوو و ناتەواو نەبێ و لاشی موسەوگەرە کە بۆ چارەی هەر دەردێـک بەبەرەکـانی دەبـێ لەگەڵ هـۆی بنەڕەتـی دەردەکە بکـرێ و دڵـۆپە لە سـەربانیڕا و جـۆگە لە بنـاوانیڕا ئیـشک نەکـرێ لە خواریڕا خۆ ماندوو کردن بێ کەڵکە.

جـا هەر بـۆیە دێنـێ لە پـارچە هـۆنراوەیەکی دوور و درێـژدا دەردەکانی کۆمەڵی کوردەواری دیاری دەکات و دەیانخاتە بەرچـاوی خـاوەن چاوەکـان و بۆیـان دەست نیـشان دەکـا کە ئەو دەردانە لە چـیڕا پەیـدا بـوون و مـاکی بنەڕەتـی وان چییە. تـا خەڵـک خـۆی هۆشیار بێتەوە و خۆی بۆ چارەی دەردی خۆی تەکان لە خۆی بداو راپەڕێ، چونکە راستە کە:

به غمخـــــوارگی جـــــز ســـــر انگـــــشت مـــــن
نخـــارد کـــس انـــدر جهـــان، پـــشت مـــن ---- یـــا
خم شود از بار منت پشت من تابخا رد پشت من انگشت من

ئەو زۆر بە چاکی ئاگادار بـووە و زانیـویەتی کە هەمـوو شـێخ و مێخ و تەریقەت و مەریقەت و تەکیە و مەکیە و ئەو فێڵ و فوتەی کە لە کوردسـتاندا سـەریان هەڵـداوە و لە ژومـارە نـایەن، بە پێـی نەخشەیەکی دژی ئیسلامیانە و دەرەکی (خارجی)بۆ لێک هەڵبڕین و لێکتـر نـامۆ کردنـی موسـڵمانان و بەتـایبەتی بـۆ لە نـاو بردنـی

یەکیەتی و برایەتی موسڵمانانی کورد دروست کراون و هەرگیز لە یاسای ئیسلامدا جێگایەکیان نییە و بە هیچ جۆرێک لە گەڵ ئیسلام بۆز ناخۆن و بنەمایەکی ئیسلامییان نییە. بەڵام بە جۆرێکیشیان لەگەڵ ئیسلام جۆش داون کە بەڕاستی جودا کردنەوەیان کارێکی سادە و ئاسان نییە.

لە دەورانی خودی پێغەمبەری مەزن و یارانی وەفاداریشیدا و تەنانەت بگرە چاخی چوار پێشەوای (مذهب)ی سونیشدا ئایینی پیرۆزی ئیسلام هیچ پێویستییەکی بەوانە نییە و رەنگە شتێکی تایبەتی کوردستانیش بن یان لە وڵاتانی دیکەی دواکەوتووی وەک کوردستانیشدا هەبن بەڵام لە گەلانی ژیر و هۆشیاردا نەیانتوانیوە رەخنە بکەن.

جا مامۆستای خوا لێخۆشبوو کاتێک ئاوا هۆشیارانە لە شتەکە حاڵی دەبێ و دەردەکان دەدۆزێتەوە و دەرمانەکانیش دەناسێ و، بەڵام هەرچی دەشکات و دەشکرێنێ هیچی لە دەس نایە، دوای هەڵکێشانی یەک دوو هەناسەی ساردی بۆسۆدار ئاوا دەفەرموێ:

هەتا شێخێک لە کوردستان بمێنێ
ئومێدی زیندەکانیت پێ نەمێنێ
تەریقەی قادری و نەقشبەندی
بە بای دا رەونەق و ئاهەنگی کوردی
هەموویان بوونە سۆفی و پیر و دەروێش
بە بەرماڵ و سەبیحە و رشتە و ریش
هەموو بێ ئیش و بێکار و تەوەزەل
ورگ پان و مل ئەستوور و سەلک زل
لە وان و ئەرزەڕۆم تا حەددی جافان
تەوەللا بوون لە عەقڵ و علیم و عیرفان

بەویٚ شـــــــۆڵ و بەویٚ عەقـــــــڵ و تەمیـــــــزیٚ
مـــــوحەققەق قەومـــــی کـــــورد نـــــاییتە ریـــــزیٚ

مامۆستای وردبین و زانا و دانا بە چاوی خۆی دەبینیٚ کە گەلی کورد لە پێشکەوتن و سەرکەوتندا تۆزی هیچ کامێک لە گەلانی جیهان ناشکێنیٚ وپیاوە گەورەکانی ئەو گەلەش لە باتی هەموو پێشکەوتن و سەرکەوتنێکی رامیاری هەر قۆڵەی وە دوای شێخێک و هەر دەستەی وە دوای خەلیفەیەک کەوتوون و پێشیان وا بووە کە ئایین بریتییە لە ریش و پرچ و سەر و کەزی و مل بادان و هوولەهوول و های و هووی و دەف و دمبەگ و بەو جۆرەش رۆژ لە گەڵ رۆژ پتر لە ئایینی خوا دوور دەکەونەوە و لێی دەبن بە بێگانە، جا هەر بۆیە بە هەناسە ساردی و بیٚ هیواییەوە دەفەرمویٚ:

بە ریـــــشی پـــــان و پرچـــــی پـــــڕ لە ئەســـــپیٚ
بنـــــاخەی کـــــاری کـــــوردان چـــــۆن دەچەســـــپیٚ؟
بە کەشـــــکۆڵ و ســـــواڵ و فەقـــــر و زیلـــــلەت
مەحـــــاڵە کـــــاکی خـــــۆم تەشـــــکیلی دەوڵەت
هەمـــــوو بـــــیٚ هـــــۆش و بـــــیٚ گـــــۆش و نەزانـــــن
ئیـــــدارەی مڵـــــک و مـــــیللەت چـــــۆن ئەزانـــــن؟
ئومێـــــدو قەت نەبـــــیٚ کـــــورد بێـــــتە دەوڵەت
لە بەدبەختـــــی ئەوێـــــستا بـــــوونە ســـــیٚ لەت

جا ئەمجار برێک لە حاڵ و ژیواری کوردەواری ورد دەبێتەوە و کە دەبینیٚ هێندێک ئەو لە داخان خەریکە دیق ئەکەن و هێندێکیش هەر ئاگایان لە هیچ نییە و بە خەیاڵیشیاندا نایەت و بە قسەی شێخ و مێخان وەها لە رێگە لادراون کە هەر پێیان وایە پێنج و دوو

ڕۆژێکی دیکە ناخایەنێ کە شیرازەی جیهان لێک دەترازێ و هیچ شتێک لە حاڵی خۆی نامێنێ و بە یەکجاری پەسڵان رادەبێ و ئیتر ئەوە ویستی خوایە و هەوڵ بۆ ئاڵوگۆڕ کردنی بێ کەڵکە و بێ ئاکامە و دەبێ بەوە قاییل و دابین بن و خۆشیان هەڵاوەسن هەر ئەوەیە.

لە مەرجێکا کە خوای گەورە ئەفەرمێ: (ان الله لایغیر ما بقوم حتی یغیروا ما بأنفسهم) واتا: خوا حاڵ و ژیواری هیچ گەلو هۆزێک ناگۆڕێ و ئاڵوگۆڕی تێدا وەدیناهێنێ هەتا ئەوان خۆیان ڕانەپەڕن و بۆ ئاڵوگۆڕ کردنی حاڵ و ژیواری خۆیان تەکان لە خۆیان نەدەن. جا هەر بۆیە مامۆستا چاوەکانی بە مۆلەق دەوەستێ و سەرێک با دەدا و دوایە بە خەم و پەژارەی زۆرەوە دەفەرموێ:

ئەوەی زانایە ناو جەرگی پەلاسە
ئەوی نادانە نازانێ چ باسە
جەنابی شێخ ئەڵێ ئاخر زەمانە
قیامەت رادەبێ هەر بەو زووانە
ئیرادەی خوایە ئێوە هەروەها بن
وەکوو هارووت و مارووت بن سەرەو بن
لە بەر قەولی پیر و پووچی ئەمانە
لە دەس کوردا نەما غەیری هەمانە
لە بەر تەزویری وان شێخانی بەدبەخت
گەلی کورد نابنە ساحەب رابەت و تەخت

وەک دەبینین مامۆستای بلیمەت و زانامان خوا لێی خۆش بێ جێی خۆیەتی کە تەواوی بەدبەختی و بێبەشی گەلی کورد لە شێخەکان دەزانێ و پێی وایە لەت لەت کرانی کوردستانیش هەر لە

سایەی سەری وان رایە کە یاخوا سایەیان لە سەر کورد و کوردستان کەم بێتەوە و ببڕێتەوە و هەر نەمێنێ.

بەڕاستی ئەو چاوبەستانە وەهایان چاوی خەڵکی هەژار و نەخوێندەواری کورد بەستووە کە بە هیچ کلۆجێک رێگەی خۆی نادۆزێتەوە و سەر دەر ناکا. جا مامۆستا کاتێک دەبینێ گەلانی ژێر چەپۆکەی جیهان وا یەک لە دوای یەک ئازاد دەبن و لە ژێر باری چەوسانەوە دێنە دەرێ و سەربەخۆیی خۆیان وەدەس دێنن، بەڵام کوردەکان وەها بە قسەی پڕوپووچی شێخەکان بە فریو چوون و خەڵەتاون کە بە هیچ جۆرێک بیر لە داهاتووی خۆیان ناکەنەوە دەپرسێ و دەڵێ:

لە بەر چی کاری خەڵکی وا درووستە
ئەگەر هیندوزە گەر ئاگر پەرستە
ئەگەر لازە، ئەگەر رۆمە، ئەگەر جوو
لە ژێر نیری ئەم و ئەو پاکی دەرچوو
بڵێ یا شێخ قیامەت لێوە رابوو
بە جەهل و تەمبەڵی ماڵمان خەرا بوو
ئەگەر راستە ئەڵێی دنیا خەراوە
لە بۆ چتە ئەم هەموو جووت و بەراوە؟
ئەگەر دنیا خەرا بێ بەو نێزیکە
جەنابت بۆچ بە دنیا وا خەریکە؟

ئەمجا دوای گونجاندنی ئەو مەبەستە پڕ بایەخەی پێشێ هەر لەو پارچە هەڵبەستە درێژەدا دێتە سەر ئەو مەبەستە کە پیاوی موسڵمان نابێ پەست و ترسەنۆک و حیز و خوێڕی بێ، بەڵکە دەبێ خاوەن خیرەت و پیاوەتی و مەردایەتی بێ و وریا و تێکۆشەر و

ئازاو نەبەز بێ و جیهان و پەسڵان وەک یەک بگرێ و بزانێ کە بە فەقیرۆگەیی و مردەلۆخەیی و هەژاری و بێهێزی هیچ کارێک ناڕواتە پێش و پیاو دەبێ هەوڵ بدا و تێکۆشێ بۆ بەرەو پێش بردنی رەوڕەوەی ژیان چونکە هیچ کاتێک هیچ شتێک بۆ کەس نابارێ و بێڕەنج و زەحمەت هیچ کەس هیچی دەس ناکەوێ و بە مەتەڵەی کوردی هەر دەستی ماندوو لە سەر زگی تێرە.

هەر وەک خوای گەورەش دەفەرموێ: (لیس للانسان الا ما سعی) نییە هیچ شتێک بۆ مرۆڤ ئەوە نەبێ کە هەوڵی بۆ بدا و "سعدی"یش لەو بارەوە دەڵێ:

نابرده رنج گنج میسر نمی‌شود
مزد آن گرفت جان برادر که کار کرد

جا مامۆستا دەس پێ دەکا و خیرەت وەبەر کوردان دەنێ و تانووتیان لێ دەدا و بە تەشەران دایاندەگرێ و دەڵێ: بۆچی کاری خەڵکی ئاوا دروست و رێکوپێکە، تەنانەت جوولەکە و هیندی و ئاگرپەرست یش هەموویان لە ژێر نیری خەڵک رزگاریان بووە و کەس نەماوە لەو حاڵەدا، کورد نەبێ؟! بەڵێ ئەورۆکە گەورەترین گەلی ژێر چەپۆکەی جیهان کوردە و نێزیکەی پەنجا میلیۆن کەسە و لە هەموو مافێکی سەرەتاییش هەر بێبەشە.

مامۆستا لە رێی ئایینییەوە ئامۆژگارییەکی دڵسۆزانەیان دەکا و دەفەرموێ:

وەکوو شێر وەرنە مەیدانی جەرارەت
بە خیرەت بن بە خیرەت بن بە خیرەت
پیاوی ترسەنۆک وەک پووشکە سووکە
ژنی بێوە بە کورکە و نووکە نووکە

سـەحابەی رەش کەوا قەبـری دیـارە
مەسـافەی سـێ سـەعات دووری لە شـارە
سـەحابەی مـستەفا گەر ترسـەنۆک بـان
چ ئیـشیان بـوو لە تورکـستان و ئێـران؟
نەکەن خـۆفێ نەکەن ترسـێ هـیچ کەس
بە غەیـری پادشـای دەوواری ئەقـدەس
دەبـێ بـێشـک و شـوبهە وا نەزانـی
بە تەحقیـری حەیـاتە زینـدەگانی
ئەوەی دنیـای نەبـێ دینـی زەعـیفە
مەلا بـێ یـانە شـێخ یـا خـۆ خەلـیفە
مەداری دیـن و دنیـا هەر غینـایە
بڵـێ ٱلفقـر فخـری ئیفتیـرایە

مەبەستی مامۆستا لێرەدا ئەوەیە کە جۆرە باوەڕێکی پیرێژنانە لە ناو خەڵکدا بڵاو بۆتەوە کە دەڵێن موسڵمان دەبێ بە هەموو شتێک قایل و دابین بێ و دەبێ لە خۆشگوزەرانی دووری بکا و موسڵمانان دەبێ بە هەژاری دابین بن، چونکە پێغەمبەر(شانازی بە هەژارییەوە کردووە و فەرمووشیەتی (هەژاری شانازی منە). جا مامۆستاش- خوا لێی خۆش بێ- ئەوەی بە درۆ دەزانێ و دەفەرموێ ئەی موسڵمان بڵێ "الفقر فخری" ئیفتیرایە و بە زمانی پێغەمبەرەوە هەڵبەستراوە و ئەو، هەرگیز وای نەفەرمووە. بەڵێ دابینی شتێکی چاکە و رەوشی پێغەمبەرانە، بەڵام هەرگیز بریتی نییە لە هەوڵ نەدان بۆ ژیان.

هەروەها دوای چەند هۆنراوەی جوان لەبارەی یەکیەتی و بەرنامەی دەوڵەتی کە خوا یار بێ لە جێی خۆیدا دەیانهێنین و باسیان لێ دەکەین. ئەو بەڕێزە روو دەکاتە موسڵمانانی کورد و بە

شێوەیەکی لێزانانە ئامۆژگارییان دەکا و دە گوێیان دەسریوێنێ و پێیان دەڵێ کە بۆ ئەوەی نازەکانی خوا بە فیڕۆ نەڕۆن و کەڵکیان لێ وەربگیرێ، دەبێ فێری پیشەسازی ببن و تەمەنی پڕبایەخی خۆیان بە فیڕۆ نەدەن و نەچنە تەکیە و خانەگاکان و فێری درۆ و دەلەسە و فێڵ و فوت و خواری و دووڕوویی نەبن، چونکە ئەو خانەگایانە گورڕی گوتەنی:

ئەوانە گازینۆی ڕێبواری خاون
تەڵەن بۆ کوردی بەدبەخت داناون

وەک دەفەرموێ:

هەتاکوو نەبنە خاوەندی سەنایع
هەمووو ئەنعامی خوا ئەڕوا بە زایع
بە خۆڕایی ئەچێ عومری عەزیزتان
بە هاوین و بەهار و پاییز و زستان
مەچوونە خانەقا و چایی‌خانان
هومێدم وایە ببنە خانی خانان
ئەگەر خواهیش ئەکەن خوا لێو بێ ڕازی
مەچوونە تەکیەکان بۆ حوققە بازی
قوماری قەت مەکەن ئێوە و خوداتان
دەنا بەر با دەبێ ماڵ و موناتان
بەجێ بێنن ئەوەی واجب کرایە
بەوێ نەوعێ کە مەتلووبی خوایە
ئەگەر باب جاهیلە با کوڕ مەلا بێ
لە ئەحواڵی ئومەم با شارەزا بێ

بەرنامەی مامۆستا کۆیی بۆ کوردان

مامۆستا کۆیی لەوچەند تاکە هۆنراوەی خۆیدابەرنامەی گشتی و رامیاری و ئابووری و فەرهەنگی و سوپایی بۆ کوردان دیاری دەکاو رێبازێکی گشتی بۆ گەلە زۆر لێکراوەکەی دەس نیشان دەکاو دەفەرموێ:

ئەگەر عیـــززت دەوێ هەســـتە بە هــیممەت
بە فکـــر و ســـەبر و تەدبیـــر و کیاســـەت
ئەبـــێ مـــیللەت هەمـــوو یەک بـــن لە گەڵ یەک
لە ئەربـــابی قەڵەم تـــا خـــاوەنی چەک
ئەگەر کوردێـــک ئیهـــانەت کەن لە بەســـرە
هەمـــوو بێـــنە خـــرۆش و جـــۆش و نەعـــرە
هەتـــا حەقـــی نەســـێنن رانەوەســـتن
لە بەر بـــێ ئیتتیفـــاقی خـــوار و پەســـتن
خەزێنێکـــو هەبـــێ مـــاڵی عمـــوومی
وەکـــوو جـــوو و ئەرمەنـــی و داشـــناک و روومـــی
لە روپـــیە و ئـــانە و چارێـــک و غـــازی
بە کەڵکـــو دێ لە رۆژی پەنـــجە بـــازی
فـــرێ دەن مەنتەشـــا و بەرمـــاڵ و کەشـــکۆڵ
تەرک کەن تەپـــڵ و رەقـــس و خـــزمەت و شـــۆڵ
تفەنـــگ و تـــۆپ و تەیـــارە پەیـــا کەن
بە عەزمـــی دیـــن و دنیـــا روو لە خـــوا کەن
وەکـــوو شـــێر وەرنە مەیـــدانی جەرارەت
بە خیـــرەت بـــن بە خیـــرەت بـــن بە خیـــرەت
پیـــاوی ترســـەنۆک وەک پووشـــکە ســـووکە
ژنـــی بێـــوە بە کـــورکە و نـــووکە نـــووکە

راستی ئەوەی کە ئەو لەم چەند تاکە هۆنراوەدا رایگەیاندووە و وەک پێشڕەوێکی دڵسۆز و میهرەبان و هەمیشەیی وەپێش کوردان کەوتووە ئەوەندە جوان و رێکوپێک و تەواوە کە دەڵێی لە راوێژگەو جڤاتی رامیاران و ژیر و بەبیرانی کۆنەکار و کارکوشتەی گەلانی جیهاندا نەخشەی بۆ کێشراوە و داڕێژراوەو بەرنامەیان بۆ دادەنێ و رێگایان پێشان دەدا. پەیڕە و پرۆگرامیان بۆ دەنووسێ و نەخشەی رامیاری و کۆمەڵایەتییان بۆ دەکێشێ.

بەڵێ مامۆستای گەورەمان راست دەفەرموێ کەسێک، کە گەورەیی و سەروەری بۆ خۆی بوێ دەبێ خاوەنی ورەی بەرز و بیرو هەستی ئازادی و سەربەستی و ئۆقرە و خۆڕاگری و راوێژو نەخشەی جوان ولێهاتوویی و لێوەشاوەیی بێ.

ئەمجا هەر گەلێک بیهەوێ رزگار و سەربەخۆ بێ، دەبێ هەموویان تەبا و یەکگرتوو بن و بۆ دین و دنیای خۆیان روو لە خوای گەورە بکەن. ئەو گەلە دەبێ یەکسان و بێ چین و توێژ و تاقم بێ. هەر گەلێک هیوای بە مانەوە و سەربەستی خۆی هەبێ دەبێ رێگەی تاقم و توێژ و گرووپ و دەستەجات نەدا و ماوەی چینایەتی لە بەین هەڵبگرێ و کۆمەڵ، کۆمەڵێکی یەکسانی بێ، ئەو گەلانەی کە ماوەی چینایەتییان داوە و تاقم و توێژی زۆریان لە ناو خۆیاندا دروست کردوون مێژوو نیشانی داوە کە هەر بەرەو بڕانەوە و لە ناو چوون رۆیشتوون، سەرەڕای ئەوەش دەرمانی هەموو دەردێکی رامیاری هەر یەکیەتی و یەکگرتنە. بەڵێ مامۆستا جوانی فەرمووە کە دەڵێ:

ئەبێ میللەت هەموو یەک بن لە گەڵ یەک
لە ئەربابی قەڵەم تا خاوەنی چەک
ئەگەر کوردێک ئیهانەت کەن لە بەسرە

هەمـــــوو بێـــــنە خـــــرۆش و جـــــۆش و نەعـــــرە
هەتـــــا حەقـــــی نەســـــێنن رانەوەســـــتن
لە بەر بـــــێ ئیتتیفـــــاقی خـــــوار و پەســـــتن

بەڕاستیش هەر وایە، دەبێ گەل هەمووی یەک بێ و یەکگرتوو و یەکتر خۆشەویست بێ و ئەگەر تەماشا کەین بۆمان روون و ئاشکرا دەبێ کە گەل هەر وەکوو مەل خاوەنی دوو باڵە، باڵی رامیاری و باڵی سوپایی؛ و هەر دەوڵەتێکیش هەر بەو دوو باڵەوە راوەستاوەو هێـزی سـوپایی و رامیـارین کە دەوڵەت و میریـی هەر وڵات و نیشتمانێکیان لێ پێک دێ و دەبێ هەر کاتێ ئەو دووانە پێکەوە یەک نەبـن دەوڵەت و هێـزی گەل لە بەر یەک هەڵدەوەشـێ. هەردووکیان بۆسەروەری و سەربەخۆیی گەل و نیشتمان پێویستن و هەرگیز مەل بە باڵێک نافڕێ.

جا مامۆستای زانا و رامیاری راستەقینەمان دەفەرموێ دەبێ خەڵک وەها پێکەوە یەک بن و وەها لە سەر یەک وە جواب بێن کە ئەگەر کوردێک تەنانەت لە دەرەوەی کوردستان و لە جێیەکی وەک بەسرە سووکایەتی پێ بکرێ و زۆری و ستەمێکی لێ بکرێ دەبێ تەواوی کوردی دنیا بێنە جۆش و خرۆش و بە سەر دوژمندا بگوڕێنن و بە جارێ بیتۆقێنن و هەتا مافی ئەو کوردە زۆر لێکراوە نەستێنن و تۆڵەی نەکەنەوە دەبێ رانەوەستن و هۆنەری کورد گوتەنی:

هەر کەس نەیبـــێ بیـــری تـــۆڵە
لە بـــابی خـــۆی نیـــیە، زۆڵە

خۆ ئێوە ئەی کوردینە هەر تەنیا لە بەر بێیەکیەتی و یەک نەبوونتان ئاوا رەزیل و زەبوون و ژێر چەپۆکەی هەموو کەسن، دەنا گەلی ئاوا رەشید و وریا و ئازا و نەبەز و ئاوا قارەمان و

پاڵەوان لە کوێ هەیە، لە کوردستان نەبێ؟! ئێوە خۆ کۆنترین و ئازاترین گەلانی جیهانن و بە بڕوای هێندێک لە راڤەدەرانی قورئانی پیرۆز ئەو ئایەتە کە دەفەرموێ: (ستدعون الی قوم اولی بأس شدید) واتا لەوە بە دوا بانگ دەکرێن بۆ شەڕ کردن لەگەڵ گەلێکی خاوەنەن زەبروزەنگی زۆر، لە بارەی ئێوەی کورددا هاتۆتە خوارەوە.

ئێوە دەبێ بزانن کە بە یەکیەتی هەموو شتێکتان بۆ دەکرێ، بەڵام بە بێ یەکیەتی هیچتان بۆ ناکرێ. خوای گەورە دەفەرموێ: (و اعتصموا بحبل الله جمیعا و لا تفرقوا) دەس بگرن بە رشتەی پەیمانی خوا و لێک هەڵمەبڕێن. پێغەمبەری مەزنیش دەفەرموێ: (انما یأکل الذئب من الغنم القاسیه) واتا گورگ تەنیا هەر ئەو مەڕەی دەخوا کە هەڵبڕابێ و لە مێگەلەکەی جیا دەبێتەوە و هەڵدەبڕێ. جا ئەی کوردینە ئێوە بۆچی وا دەکەن و هەتا کەنگێ یەک ناگرن و یەک نابن و خۆ ئەوا وەختە لە داخان مامۆستای گەورەمان هاواری بگەیەنێتە پەرپەڕۆچکەی دە رۆژێ.

هەروەها حاجی قادریش بێزاری خۆی لەو یەک نەبوونەتان دەردەبڕێ و دەڵێ:

ئیتتیفاقە دڵبەرێکی بێ کەدەر
حاجی ئەنواعی لیباسی کردە بەر
بێ جیاز و مارەیی دەیدا بە شوو
لەو هەموو کوردانە داخوازێک نەبوو!!

بەڕاستی شتێکی سەیرە کە دڵبەرێکی ئاوا جوان و نازەنین و پەسند و باش و لەبار و پڕمایە ئاوا بە ئاسانی بێ جیاز و بەرگ و زێڕ و مارەیی بیدەن و کەس داواکاری نەبێ!! نانا، داوتەڵەب و خوازبێنیکەری زۆرە و هەموو کەس ملی خۆی بۆ دەشکێنێ بەڵام

هەروەک بەڕێز حاجی قادر دەفەرموێ هەر لە کوردان کەس نایهەوێ چونکە نایناسن و نازانن کە چەندە باش و بایەخدارە.

یەکێک لە هۆیەکانی تێکچوونی دوامین دەوڵەتی بەهێزی کوردی ساسانی کە بە دەستی بە توانای بەلام بێچەکی سەربازانی ئیسلام لە بەر یەک هەڵوەشا، هەبوونی ماوەی زۆری چینایەتی بوو. کۆمەڵی ئەو کاتی ئێران بریتی بوو لە چینەکانی:

١ـ نەجیبزادە و پیاو ماقووڵان و سەرانی وڵات و ئاغاوەت
٢ـ چینی نووسەران و فەرهەنگیان
٣ـ چینی سوپاییەکان
٤ـ کارگەران و کرێکاران و پیشەوەران و وردکە چینەکانی دیکە.

رژێمی چینایەتی ئەوەندە توند و سەخت بوو، کە هیچ کەس نەیدەتوانی لە چینێکڕا بچێتە چینێکی دیکە وە، جا بە تایبەتی چینی پایین هەرگیزاو هەرگیز سەرکەوتنی نەبوو. دیارە لە وەها رژێمێکدا هەمیشە چینی خوارەوە بۆ بەرەو سەر چوون هەوڵ دەدا و دەیهەوێ لە چەوسانەوە رزگاری بێ و ئیتر هەر کاتێک بۆی هەڵکەوێ و دەرفەت وەدەس بێنێ رادەپەڕێ و ئاوری رق و قینی خۆی بە سەر چینی چەوسێنەردا هەڵدەڕێژێ و بە کڵوکەوە ئاگری دەداو دایدەپلۆغێنێ و ئیتر بێگومان بەرخ هەر لەبن سەوەدا نابێ و رۆژێ شاخی پەیدا دەبێ و خۆشی زل دەبێ و قۆچ لێ بدا.

دیارە لە وەها کۆمەڵێکدا هەرگیز ئاسایش و ئارامی و لە یەکتر ئەمین بوون و متمانە بە یەکتر لە ئارادا نییە. جا هەر بۆیە جەنابی مامۆستا بە گەلی کورد فەرمان دەدا وەک رابەرێکی راستەقینە و دڵسۆزێکی ئەو گەلە کە دەبێ هەموویان یەک بن و یەک تاقم و یەک توێژ بن و رژێمی چینایەتییان لە نێودا نەبێ و دەبێ یەکیەتییەکەشیان ئەوەندە توند و پتەو و قایم و قۆڵ بێ کە

ئەگەر لە بەسرەش کە وڵاتی کوردستانیش نییە، سووکایەتی بەکوردێک بکرێ، کوردان دەبێ هەموو خوێنیان بێتە جۆش و خرۆش و هەتا مافی ئەو کوردە نەستێنن و تۆڵەی نەکەنەوە رانەوەستن، چونکە

هەر کەس نەیبێ بیری تۆڵە
لە بابی خۆی نییە، زۆڵە

سەرەڕای ئەوەش، کە دەبێ ئاوا یەکگرتوو بن وەکوو هەموو گەلانی دیکەی دنیایە کە خاوەنی دەوڵەت و میریی خۆیانن و سەربەخۆن دەبێ خەزێنێکیماڵی گشتییان هەبێ، چونکە دەوڵەت پێویستی بە خەرج و پیتاک هەیە و لە خۆڕا هەڵناسووڕێ و بەڕێوە ناچێ بەڵکە ئەو خەرج و پیتاکە هەمووی لەو خەزێنە گشتییەی ئەدرێ. کە ئەوەش هەمان (بیت المال)ی ئیسلامی واتا خەزێنەی گشتییە کە ئەو خەزێنە هەموو تاک(واحد)ێکی دراوی وڵاتەکەی تێدایە کە بە کەڵکو دێ و لە رۆژی تێگیران و پەنجەبازی و شەڕ و شۆڕدا. لەو تاکە هۆنراوەی مامۆستا کە دەفەرموێ:

ئەبێ میللەت هەموو یەک بن لە گەڵ یەک
لە ئەربابی قەڵەم تا خاوەنی چەک

ئاماژەیەکی زۆر گرینگ هەیە بۆ ئەوە کە هیچ دامودەزگایە میریی، بە بێهێزی یاسا دانەری و هێزی بەڕێوەبەری یاسا کە هێزی دادگەری و دادپەروەری ناکرێ هەر بشبێ.

جا دیارە ئەربابی قەڵەم بریتییە لە کۆڕی یاسا نووس یان کۆڕی راوێژگەری گەلی و خاوەن چەکیش هێزی بەڕێوەبەری یاسای دانراو و لە راوێژگەی گەلی دایە و لەو نیوە شیعرەشدا کە دەڵێ

هەتا هەقی نەسێنن رانەوەستن ئاماژە بە هێزی دادگەری (قوە قضائیە) دەکا کە هەموو دەوڵەتێک لەو سێ هێزە پێک دێت.

ئەو جار دێتە سەر ئەو مەبەستە گرینگە کە شێخەکان لە باتی هەموو زانیاری و رامیاری و پیشەسازی و پێشکەوتنێک کوردەکانیان فێری تەپڵ و دەف و دمبەگ و زەرگ وەشاندن و بەرماڵ بە شاندا دان و کەشکۆڵ هەڵگرتن کردووە. کە دیارە ئەوانەش لە رۆژی مەیداندارییدا هیچ و لە هیچیش کەمترن و بەرنامەی جیهان و سروشت و فێر و رامیاری هەر شتەی بۆ شتێکی داناوە. و ئیتر لە کاتی شەڕە تۆپ و شەڕە تفەنگ و شەڕە تەیارەدا دەروێشی بێمێشک بە تەپڵ و دەف وزەرگ و مەنتەشا و کەشکۆڵەوە چی لە دەس دێ؟! کە بێ گونان هیچ. جا بۆیە دەفەرموێ:

فرێ دەن مەنتەشا و بەرماڵ و کەشکۆڵ
تەرک کەن تەپڵ و رەقس و خزمەت و شۆڵ
تفەنگ و تۆپ و تەیارە پەیا کەن
بە عەزمی دین و دنیا روو لە خوا کەن
وەکوو شێر وەرنە مەیدانی جەرارەت
بە خیرەت بن بە خیرەت بن بە خیرەت
پیاوی ترسەنۆک وەک پووشکە سووکە
زنی بێوە بە کورکە و نووکە نووکە

هەر لەو بەستە هەڵبەستەیدا ئاماژە دەکا بۆ یارانی پێغەمبەر و بە کوردان دەڵێ: ئەرێ ئێوە ئەی کوردانی موسڵمان! ئەگەر موسڵمانن بۆچی چاو لە یارانی پێغەمبەر ناکەن؟ خۆ ئەوان سەرمەشق و ئۆلگووی خەڵکن، موسڵمانن دەبێ هەمیشە رەفتاری ئەو پیاوە گەورانە رەچاو بکەن، ئەوان هەرگیز ترسەنۆک و

بێخیرەت نەبوون، ژیانی بە سووکی و بە رەزیلییان قەت قەبووڵ نەکردووە. ئەوان بە شانازی و سەربەرزی ژیاون، جا هەر ئەو ئازادی وشانازی و سەربەرزی و خیرەت و پیاوەتی و بیر و باوەڕە پتەوە بوو کە بۆ ماوەیەکی زۆر کەم ئەوانی گەیاند بە پلەی هەرە بەرزی ماقووڵی و سەروەری و سەرداری هەموو جیهانی ئیسلام و تەواوی دژمنەکانیش لە ترسی وان نەترەیان چوو و ئیتر خۆشیان بوونە گەورەترین هێزی جیهان.

خۆ ئێوەخۆتان زۆر پێ موسڵمانەو موسڵمانیش دەبێ بەخیرەت و نەبەز بێ و هەرگیز نابێ خوێڕی و ترسەنۆک بێ، چونکە:

پیاوی ترسەنۆک وەک پووشکە سووکە
ژنی بێوە بە کورکە و نووکە،

مامۆستا خوا لێی خۆش بێ، خۆشی پیاوێکی زۆر بەخیرەت و نەترس و نەبەز و خاوەن باوەڕ بووە.

ئەگێڕنەوە: جارێک مامۆستا نوێنەری کۆڕی گەلی دانەرانی عێراق (مجلس ملی مؤسسان عراق) دەبێ و دیارە دەوڵەتی کاتیی ئەو کاتی عێراقیش خەڵک زۆر لێی نەقاییل دەبێ و سەرەنجام لە خۆ پیشاندانێکی گەورەدا پەلامار دەبەنە سەر ساختومانی کۆڕەکە و نوێنەرەکان جگە لە مامۆستا هەر یەکەی بە لایەکدا رادەکەن و خۆیان دەشێرنەوە. بەڵام بە هۆی ئەوە کە مامۆستا نوێنەری خەڵکی و خۆشەویستی خەڵک دەبێ هیچ کەس کاری پێی نابێ و کەس خۆی تێناگەیەنێ. پاش بڵاوە کردنی خەڵکەکە نوێنەرەکان وەک مشک هەر یەکەی سەر لە کونێک دەردێنێ و دێنەوە لای مامۆستا و پێی دەڵێن: ئەرێ قوربان ئەتۆ بۆچی نەترسای؟

بەڕاستی ئێمە زۆر ترساین، کوڕە خۆ هەر زراومان چوو. ئەویش دەفەرموێ: ئەمن بە سێ بەڵگەی گەورە دەبوو نەترسم و هەڵنەیەم: یەکەم من موسڵمانم و موسڵمان قەت نابێ ترسەنۆک بێ. دووهەم کوردم و کوردیش لە هەموو گەلێکی دنیا بەخیرەتتر و ئازاترە. سێهەم من زانام و هەر کەسیش زانا بێ دەبێ نموونەی خیرەت و ئازایەتی بێ.

بەڵێ جا ئەوەیە کە دەفەرموێ:

سەحابەی ڕەش کەوا قەبری دیارە
مەسافەی سێ سەعات دووری لە شارە
سەحابەی مستەفا گەر ترسەنۆک بانر
چ ئیشیان بوو لە کوردستان و ئێران؟

ئەمجا دژی بیرو باوەڕی حیزانەی ئەو کەسانە،کە پێیان وایە ئەوەی موسڵمانەیان ئەوەی کوردی موسڵمانە هەر دەبێ بە زەبوونی و ڕەزیلی و بە سووک و چرووکی و ملکزی و ژێر دەستەیی و ژێر چەپۆکەیی بژی.!! ڕوو دە هەر موسڵمانێکی دەکا و دەفەرموێ:

دەبێ بێشک و شوبهە وا نەزانی
بە تەحقیری حەیاتە زیندەگانی
ئەوەی دنیای نەبێ دینی زەعیفە
مەلا بێ یانە شێخ یا خۆ خەلیفە

هەروەها هەڵدەکوتێتە سەر بیر و باوەڕی نەزانانەی ئەو کەسانە کە بە نێوی دین دنیایان وەلاناوە، یان لە چۆڵگە و ئەشکەوتاندا

دەژین، بە بێ هەموو پێداویستییەکی ژین یان وەک نەزانان بەوە قاییل و دابینن کە بەشەکەی وانیش هەر خەڵک بیخوات لە مەرجێکا کە خوای گەورە خۆی لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ: (و لا تنس نصیبک من الدنیا) واتا بەشی خۆت لە جیهاندا فەرامۆش مەکە، چونکە خوا بەشی بۆ داناوی و تۆ خۆت ناتهەوێ و یا نازانی بتهەوێ.

جا ئەوانەی بە نێوی دین وا فریو دراون کە پێیان وایە دین ئەوەیە کە تۆ لە دنیا بێبەش بی و هەموو کەس هەر فێڵت لێ بکا و بەشت بخوا و ئیتر هیچ بیر لەوەی ناکەنەوە کە بێبەش وەک بێ بەشە، روو رەشیشە. چونکە هەر کەس نەتوانێ داکۆکی لە ماف و بەشی خۆی بکا لە پەسلاندا بەرپرس و بەرگروانە و خوای گەورەش دەفەرموێ: (قل من حرم زینە اللە التی اخرج لعبادە و الطیبات من الرزق) بلێ ئەرێ کێ حەرام و قەدەغەی کردوە ئەو جوانی و ناز و خۆشیانە کە خوا بۆ بەندەکانی خۆی دروستی کردوون و هەروەها رۆزییە پاکەکانیش. گەلێکن ئایەتی تری لەو چەشنە و هەروەها لەو بارەوە فەرموودەی جوانی پێغەمبەری مەزنیش زۆرن بۆ نموونە پێغەمبەرلە فەرموودەیەکدا دەفەرموێ: (لیس الرجل رجل الدنیا و لا الرجل رجل الآخرە بل الرجل رجلهما) واتا پیاو ئەوە نیە کە هەر پیاوی دنیایە بێ و پیاو ئەوەش نییە هەر پیاوی پەسلان بێ، بەڵکە پیاو ئەوەیە کە پیاوی دنیا و پەسلان بێ و وەک یەک بۆ هەر دوو لا تێبکۆشێ.

جا مامۆستای بەرێزمان خوا لێی خۆش بێ، کاتێک دەبینێ راستەقینەی کار ئەوەیە کە خوا و پێغەبمەری خوا نیشانی دەدەن و شێخە دنیا خۆرەکانیش لای دنیایەیان لە مریدە کەرەکانیان بڕیوەتەوە و کۆلکە مەلا نەزانەکانیش بە دمبەگی ون هەڵدەپەڕن و

هێندێک بێ باوەڕێش بە چاکی بۆ خۆیان کەڵکی لێ وەردەگرن روو بە هەموویان دەفەرموێ:

ئەوەی دنیـــای نەبـــێ دینـــی زەعـــیفە
مەلا بـــێ یـــانە شـــێخ یـــا خـــۆ خەلـــیفە
مەداری دیـــــن و دنیـــــا هەر غینـــــایە
بلـــــێ الفقـــــر فخـــــری ئیفتیـــــرایە

بەڵـێ گەلێـک قسەی ئـاوای وەک ئەوە کە دەڵـێ نەداری مـایەی شانازی منە بە زمانی پێغەمبەری خۆشەویستەوە هەڵبەستراوە کە بەڕاستی بە هـیچ جۆرێـک لەگەڵ ژیـری و لـۆجیکی ئیـسلامیدا نـاگونجێن و نەیـارییەکی تەواویـان هەیە و پـێکەوە دژ و نـاکۆکن. چـونکە لە تەواوی دێـژە و وێـژەی پیـرۆزی ئیـسلامدا ئامـاژەیەکی چـووکەڵەش بـۆ ئەو مەبەسـتە کە نەداری جـێگەی شـانازی بـێ نـابینرێ بەڵـێ ئەوە هەیە کە پیـاو دەبـێ بە نەداری دابـین بـێ و کاتێـک کە هەژار و نەدار و دەستەنگ بـوو نـابێ هەڵبچـێ و لە ڕێ لادا و لە کـــووره دەر بچـــێ، بەڵام ئەو وتە ســـاختەگییە دەڵـــێ پێغەمبەر شانازی بەوەوە دەکـا کە دەسـتەنگ و هەژار و نەدار بـێ!! ئاخر نەدار چی لە دەسێ دێ؟ تا جێی شانازی بێ؟

جـا موسـڵمانی سـادە و سـاویلکە و سـاکار کاتێـک بزانـێ کە پێغەمبەر شانازی بەوەوە دەکا هەرگیز بۆ دەوڵەمەند بـوون و دەس ڕۆیشتن تێناکۆشـێ و سـەرەنجام وای لـێ دێ کە دەبێـتە سـەرباری کـۆمەڵ و ملـۆزمی گەل و ئیتـر دەبـێ بە خێـری خەڵکی بژیـو ئیتـر کاتێـک کە ئەوەش مـــایەی شـــانازی پێغەمـــبەری خـــوا و ڕابەری گەورەی گەل بێ دەبێ خەڵک پتر شانازی پێوە بکەن و سـەرەنجام وای لـێ دێ کە گەل و کۆمەڵ بەو شانازییە بێ جێیەوە بە یەکجـاری

دەبەتڵــێ. جــا ئیتــر وای بە حــاڵی ئەو گەلە کە بە هەژاری و نەدارییەوە بنازێ کە بێ گومان دەبێ بۆ نۆکەریش ئامادە بێ.

بە کوردی دەوڵەمەندی هەموو شتێکە و نەداری هیچ شتێک نییە، جا بۆیە مامۆستا دەفەرموێ:

مەداری دیـــن و دنیـــا هەر غینـــایە
بڵـــێ "الفقـــر فخـــری" ئیفتیـــرایە

واتا ئەوەی ئایین و جیهانی لەسەر دەسوڕێ هەر ماڵ و سامان و دەوڵەمەنــدییە و ئەوەش کە دەڵــێن پێغەمبەرفەرمــوویەتی نەداری هــۆی شــانازی مــنە بوختــانە کە بەو پێغەمــبەرە بەرێــزەی دەکەن. حاشــا قەت پێغەمــبەر شــتی وای نەفەرمــووە و ناشــیفەرموێ. بەڵــێ هەژار و نەدار نابێ لە نێو کۆمەڵێکدا گول بکرێ و وەدەر بنرێ و دەبێ ئەوپەڕی ڕێزیشی لــێ بگیــرێ، بەڵام هەرگیــز مــایەی شــانازی نییە و نابێ بە هیچ کلۆجێک هەوڵی بــۆ بــدرێ. خــوای گەورە بــۆیە زەکــاتی دانــاوە کە هەژارەکــانیش بگەیەنێــتە ریــزی دەوڵەمەنــد و دەسڕۆیشتووەکان.

دووبــارە ڕوو لەکــوردانی چەوســاوە و لێقەومــاو و مــاڵوێران دەکاو، پێیــان دەڵــێ: ئێــوە ئەی برایــانی کــوردم! ئەگەر دەتــانهەوێ گەورە بــبن و ببــنە خــاوەنی مــافی خــوا پێداو و بەڵام زەوت کــراوی خۆتــان ولە نێــو گەلانــا ئێــوەش دەرکەون و شــوێنەواریکتان ببــێ، دەبێ لەگەڵ چەند دوژمنــی گەورە بەشــەڕ بــێن و چەنــدین کۆســپ و لەمپەری گرینگ و گەورە و سەخت و حەستەم لە سەر ڕێــی خۆتــان لابەرن کە دیــارە ئەوەش بە دەســتی بەتــاڵ نــاکرێ و دەبــێ خۆتــان تەیار کەن و ئامرازی شەڕ و کەرەسەی جەنگی پەیــدا بــکەن و ئەگەر ئەو کــارەی نەکەن دەبــێ هەوای گەورەیــی و بە مــافی خــۆ گەیــین و

وەدەس هێنـانی چارەنووسـی خۆتـان لە سـەر دەرکەن. چـونکە لە دنیـادا هـیچ کارێـک بە بـێ ئـامراز و کەرەسـە نـاکرێ و بەرنـامەی گشتی سروشتی و رەوشی خوا (سنة الله ش هەر لە سـەر بنچیـنەی پێویستی ئامراز بۆ کار و ئاکام وەرگرتن لە کار دامەزراوە. جا هەر بۆیە پێمان دەفەرموێ:

هەوای گەورەیـــــی دەرکەن لە نێــــو ســـــەر
بە بـــێ تـــۆپ و تفەنـــگ و مـــاڵ و عەســـکەر
مــــوحەققەق تـــا قیـــامەت نـــابنە بەگلـــگ
هـــاوان و تـــۆپ نەبـــن یـــان ئـــون ئێکـــی لـــگ
بە غەوواس و بە پـــــــــاپۆڕ و زریبلـــــــــــی
بە بـــــالۆن و بە دوونـــــــخەی زربلـــــــی
لە دونیـــا هەر چـــی بـــێ کـــوردی مـــوحەققەر
بە بـــێ پـــارە لە بـــۆت نـــابێ مویەســـــەر

ماموٚستای پـایەبەرز و بەڕێزمـان کە خـۆی ئاگـاداری تەواوی بە سەر زانیارییەکانی سروشتی (علوم طبیعی)دا هەبووە و زۆر چاکیش زانیـویەتی کە لە دەروونـی عەردیـدا چ ئەنـدازە کلـن و سـەرچاوە و کانگای سفنگەل(مواد)ی جۆراوجۆری تێدایە بەتـایبەتی زەمینـی پڕ پیت و پیرۆزی کوردستان و خۆ دەرهێنانی ئەو کانگایـانەش بە بـێ زانینـی زانیـارییە سروشـتییەکان بە تـایبەتی زانیـاری (فیزیـک و شیمی) ناگونجێ و ناکرێ کەڵکیان لێ وەربگیرێ.

جـا بەو حـاڵەش هێنـدێک مەلای نەزان و نەخوێنـدەوار لە بەر نەزانی و گەوجی خۆیـان خوێندنی ئەو زانیارییـانە لە موسڵمانان قەدەغە و حەرام دەکەن و پێیـان وایە ئەوەیە دێـژە و شـەریعەتی ئیسلام. بەڵێ ئەوان کوردیـان ئـاوا فێر کـرد و بـار هێنـا و بە رێـی

چەوت و هەڵەدا ئاژاندوویان تا سەرەنجام وای لێ هات کە خەڵک خەریکی فێر بوونی زانیارییەکانی سروشتی و پیشەسازی و پێش خستنی وڵات و گەل و نیشتمانی خۆی بووە و ئێمەی کوردی نەزانیش هەر خەریکی تەپڵ و دەف و زەرگ و دمبەگ و شتی تری لەو چەشنە بووین و بە قسەی شێخ و مێخان بەو لا و لایاندا هەڵپەڕین و داپەڕین و بە جارێ هەموو شتێکمان لە دەس چوو و ئیتر لە دەس کوردا نەما غەیری هەمانە!!

بەڵام بێگانە هاتن و لە وڵاتی پڕ پیت و کانی ئێمەدا پاروویان دە رۆنی کەوت و گاسنیان گەیشتە خەزێنە، بەڵام ئێمە لە بەر ئەوەی کە ئەو زانیارییەمان نەدەزانین و خۆمان خەریک نەبووین، ئەو کانگا و سەرچاوە بەنرخانەی خۆمان دەرێنین، دەم لە پووش و دەس بەتاڵ و چاو لە دەس ماینەوە و ئێستاش کە ئێستایە چاومان لەوەیە کە ئەوان لە سامانی بێپایانی خۆمان خێرێکمان پێ بکەن و بە پیاوەتی خۆیان و خێری دایک و بابیان شتێکمان بدەنێ!!

جا هەر لەو پێوەدانەدا من لە ساڵانی رابردوودا پارچە هۆنراوەیەکم بە نێوی "تەشەر" نووسیوە کە پێم وایە بێ جێ نییە لێرەدا بیکەمە نێوئاخنی مەبەستەکە:

تەشەر

لاوی کورد ئەی بۆت نەمێنم پاڵەوانی تەمبەڵی
خەڵک ئەوا سەرکەوتە سەرگۆی مانگ و تۆش هەر ماتەڵی
دەرکی فێرگەت داخراوە و واڵە دەرکی مەیکەدە
پێت خەنی بووم ئافەریم، ئاوایە کاری ئەم سەدە؟!
زانینت هەر بۆتە خەون و خوێندنت گاڵتە و گەمە

دەتــــهەوێ گەل ســــەربخەی کـــاکە بە هەویـــای ئەمە
رۆژی رزگـــاری هەڵات و تیـــشکی هاویـــشتە جیهـــان
بێبەشـــی تـــۆ ئەی بـــراکەم چـــونکە بـــێ بیـــری و نەزان
کێـــیە لەم دنیـــایەدا بـــێجگە لە تـــۆ وا پەســـت بـــێ
کێـــیە ئـــاوا پێنەگەیـــشتوو دوورە بیـــر و هەســـت بـــێ؟
لاوی کـورد هێنـدەت لـێ قەڵسم وا لە داخـت دیـق ئەکەم
هێنـد دەروون گوشـراو و دڵـتەنگم خەریـکە جیـق ئەکەم
لاوی خەڵکـــی دەشـــتە تاقیگـــا و دەســـی رادێ بە کـــار
دەســـــتی لاوی کـــــورد بەڵام ئەی داخەکەم رادێ بە دار
هەر کەســـێ بەردات رێـــگەی راســـت و لارێ رێ کەوێ
قەت نیـــیە بگـــاتە ســـەری شـــار و قەتـــیش ســـەرناکەوێ
لاوی کـــورد ئیـــسلامە ریگـــا بـــۆ گەلانـــی هۆشـــیار
هەر گەلێکـــی بگـــرێ رێـــی ئیـــسلام دەبێـــتن بەختیـــار
خـــۆی دەکـــا ئامـــادەتر دژمـــن دژی تـــۆ و تـــۆش کەچـــی
کـــاری گەورەت بـــۆتە قومـــار و بەرەو پەســـتی دەچـــی
قیـتە قیتـی گوێچکەبـان و قولینچـک و بـن دەرک و سـەراو
کـاری گەورە و گرینگـی تـۆیە دیـارە کـارت کـرد تەواو
پەنـــجەکەت خـــاراوی دەســـکەللا و جـــگ و مێـــشێنەیە
ئـــافەریم بـــۆو کـــارە باشـــەت کـــارەکەت بـــێ وێـــنەیە
لاوی خەڵکـــی هەر خەریکـــی کۆشـــشە و هەوڵ و خەبـــات
تـــۆش خەریکـــی تەمبەڵـــی خـــۆتی هەژار و پەســـت ولات
تـــــۆ لە بـــــاتی پیـــــشە و پڕگـــــاڵ و هەوڵ و تێکۆشـــــان
هەڵدەوێـستی سـا لە سـەر کـووچە و شـەقام و گوێچکەبـان
پیـــشەسازی خەڵکـــی جیهـــانی وەهـــا پـــێش خـــستووە
هەر گەلێکـــــی پیـــــشە نـــــازانێ گەلـــــێکە نوســـــتووە

لاوی کـــورد ئیـــسلامە ریـــگەی تـــۆ ئەگەرکـــوو تێـــبگەی
گەر لە ئیـسلام لا بـدەی جـا پـێم بڵـێ بە کـوێ دەگەی؟
چـۆن نەنـاڵم، چـۆن نەگـریەم، چـۆن نەبـم مـات و پەژار
چـــۆن لە تـــاوی تـــۆی نەزان فرمێـــسکم هەڵنەڕێژنەخـــوار
لاوی خەڵـک خـزمەت بە خەڵکی خـۆی دەکا رۆژ و شـەوێ
لاوی کـوردی نـازانێ داخـم، بـۆچ ئەژیـت و چـی ئەوێ؟
لاوی خەڵکـــی مێـــشکی روونـــی بیـــر لە کاکێـــشان ئەکـــا
پـــرچن و چڵکـــن ســـەری کـــوردان هەمیـــشە ژان ئەکـــا
ئەم گەلەی تـــۆ بـــۆیە لێـــی قەومـــوە کـــاکە کـــوردەکەم
چونکە تـۆی هەر نیست و بەو شێوەش هەبی چت لێ بکەم
هەر گەلێـــک لاوی نەبـــن وریـــا و بەکـــار و خوێنـــدەوار
ئەو گەلە هەر پەســـــت و پەک کەوتە و هەژارە و نابەکـــــار
ئەو خـــودایە بـــۆیە داینـــاوە جیهـــان تـــا تێـــی بـــگەی
گەر لە جیهـــان و لە خـــۆت حـــاڵی نەبـــی بە کـــوێ دەگەی
کـــاری لاوی خەڵـــکە فـــڕۆکە، بریـــسکە، بێـــتەل، رادوێـــن
کـــــاری لاوی کـــــوردەواریش پـــــشکیلانە و گـــــۆرەوێن
لاوی خەڵک ئەفڕێ بە کەشتی و دەشتە سەر کورەی زوحەل
تـۆش خەریکـی هەمزەلـی، حەڵـوا و حبـۆکە و حیـنگە شـەل
خەڵـک بە هـۆی زانین لە گـڵ دەردێنـێ سـەدها زێـڕ و زێـو
تۆش دەژی وەک دیل، زەبوون، برسی، هەژار، بێ کار و نێو
لاوی خەڵکـــی دەچـــتە زانـــستگا و خەریکـــی خوێنـــدنە
لاوی کـــوردیش هەر خەریکـــی پـــشکیلە و کەلـــلاو بـــنە
لاوی خەڵـک یـاری بە ئـامرازی پیـشە و کـارە و ئەتـۆش
گوڵینـگ و دەسـحێب و زریـزەت هەڵدەسـووڕێنی لە جـۆش
لاوی کـــورد بەســـیە لە حـــاڵی خـــۆت وەرە بیـــرێ وەکە

تــۆ گــریێپـــووچکەی ژیانـــت گـــش بە قورئـــانێ وە کە
هەســـتە وەک مەردی دە مەیـــدانێ لە پەســـتی لابـــدە
نــووکەکەی پێنووســـی بیـــری تیـــژ بە ژیـــری دابـــدە
گـــورزی هەر بـــۆیە لە داخـــی لاوی کـــورد وا دیـــق ئەکـــا
هەرچـــی پێـــی بڵێـــی وا مەکە و وا نـــابێ ئەو هەر وا دەکـــا

چـا مامۆسـتای گەورە و گرانمـان کاتێـک کە بیـری لەو حـاڵە کـردۆتەوە و زۆر چـاکیش زانیـویەتی کە خـاکی پـاکی کوردسـتان چییەو چەندە بە فەڕ و کەڵکە و چۆن پڕە لە کانگـاگەلی سفنگەلی جۆراوجۆری وەکوو نەوت و قیر و گاز و زێڕ و زێوو ئاسن و مس و قەڵایی و قورقوشم و فافۆن تانووت لە کوردان دەدات و دەفەرموێ:

ولاتێکتـــــان هەیە پـــــڕ کـــــان و مەعـــــدەن
بە بێـــــڵ و پـــــێمەڕە دوو قـــــۆرتی لـــــێ دەن
دەزانـــــن نـــــاوی عەردی چـــــی تێـــــدایە
وەلـــــێ مەرقـــــوومی ئەمـــــری کیمیـــــایە
هەتـــــا ئەو عـــــیلمە زۆر چـــــاکی نەخـــــوێنن
دەبـــــێ هەر پـــــاقلە و ســـــڵقان بچێـــــنن
مەلای نـــــادان بە عینـــــوانی شـــــەریعەت
حەرامـــــی کـــــرد لە تـــــۆ عیلمـــــی تەبـــــیعەت
لەبـــــۆیە هەرچـــــی لەو خـــــاکە بەدەر کەوت
لە زێـــــڕ و زێـــــو و تـــــوج و پـــــاقر و نەوت
هەمـــــووی کەوتـــــۆتە ژێـــــر دەســـــتی فەرەنگـــــان
چیـــــا و چـــــۆلان دەنـــــۆڕن وەک پڵنگـــــان
بیـــــانۆڕن چیایـــــان چـــــۆن دەکـــــۆڵن
هەتـــــا کەی ئێـــــوە هەر بەرمـــــاڵ بەکـــــۆڵن

ئەمجا ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە خوای گەورە کوردستانی بە جۆرێک دروست کردووە کە سەرەڕای کان و کانگا و سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی ژێر زەوی لەسەر زەویش گەلێک شتی وای تێدا دروست کردووە کە زۆر جێگای دیکەی جیهان لێی بێبەشن. وەک ئەوە خوا گەلێک جێگای کوردستانی کردۆتە جەنگەڵ و لێڕەوارو پڕ دار و درەخت و نزاری پڕ بەر و خاوەن سێبەر و هەموو بەرەکانیشی بەکەڵکن. یان کوێستانەکانی کردۆتە نواڵ و بانوو و لاپاڵ و گوێبنیبەڵێن و کەتیرەی جەوت و شفرەی لێ پەیدا دەبێ.

بەڵام لەبەرئەوە کە ئەو شتانە خۆشیان کەمن و بەهرەشیان هەر کەمە و دەبێ بە رەنجی شان خڕ کرێنەوە و هەر کاری ژن و منداڵ و پاڵە و کارگەری رەنجبەری کوردەوارین.

رۆژئاواییەکانی نەوت هەڵمژ خۆیان لەو جۆرە شتانە خەسار نەکردووە و دوای ئەوانە نەکەوتوون و هەر بۆ کوردان ماونەتەوە و ئیتر ئێمەی کورد هەر ئەوانەمان لە دەسدا ماوە و بەس، و خۆ ئەگەر ئەوانەش هەروەکوو گەنجینەکانی دیکە لە دەس بدەین ئیتر بە یەکجاری دەس بەتاڵ و لە سەرماڵی خۆمان بێ ماڵ و لە ساڵدا بێ حاڵ دەبین.

جا هەر بۆیە مامۆستای بەهەشتیمان ئامۆژگاریمان دەکا و دەفەرموێ:

خـــوری و مـــازوو و کەتیـــرە و جەوت و گەڵـــوان
وەکـــــوو ســـــێچکە و گڵـــیخە و رۆن و قەزوان
دەخیلـــــوو بـــــم نەکەن بیـــــدەن لە دەســـــتوو
وە ئـــــیللا وا بـــــزانن رۆحـــــوو دەرچـــــوو
هەتـــــاکوو نەبـــــنە خاوەنـــــدی ســـــەنایع

هەمـــــوو ئەنعـــــامی خـــــوا دەڕوا بە زایـــــع
بە خـــــۆڕایی دەچـــــێ عـــــومری عەزیزتـــــان
بە هـــــاوین و بەهـــــار و پـــــاییز و زســـــتان

هەروەک رابرا من لە پارچە هەڵبەستی تەشەردا گوتوومە:

پیـــشەسازی خەڵکـی جیهـانی وەهـا پـێش خـستووە
هەر گەلێکـــی پیـــشە نـــازانێ گەلـــێکە نوســـتووە

زۆر جوانە فەرموودەی مامۆستا کە دەفەرموێ هەتاکوو ئێوەش نەبنە خاوەنی پیشە و پیشەسازی هەموو ئەو ناز و نازیارییانەی کە خوداوەندی گەورە لە خاکی ئێوەدا بۆی داناون بە زایە دەچن و بە هۆی ئەوە کە ناوانن و نازانن کەڵکیان لێ وەرگرن هەروەها لە جێی خۆیاندا دەمێننەوە، یان خەسار دەبن!!

سـەرەڕای ئەوەش ئێـوە هەر هەمیـشە بێکـارن و بە هـاوین و بەهـارو پـاییز وزسـتانێ تەمەنـی پـڕ بایەختـان بە خـۆڕایی دەڕوا چـونکە هەر وا ناچـارن بە بێکـاری بیگـوزەرێنن و جـێگەی داخ و خەفەتە کە کووچە و کۆڵان و شەقام و بن دیوارەکان پڕپڕن لە لاو و گەنـج و مێرمنـداڵ لە کوردسـتاندا بەڵام مـزگەوت و فێـرگە و کارگایەکان چۆڵ و هـۆڵن و حوجرەکـان پەپوویـان لـێ دەخـوێنێ!! خەڵـک لە خـاکی تـۆ دەردێنـێ هەزاران زێـڕ و زیـو و تـۆش ئەوە حاڵتە!! ئەرێ جا کاکی خۆم دەتهەوێ تا کەی ئاوا بمێنی و تا کەی دەستی خۆت لە بن باری خەڵک دەرناهێنی؟!

تەکیە و خانەقا لە روانگەی مامۆستاوە

مامۆستای بەڕێز و بەرزمان، رووناکبیرێکی وەها بووە کە لە شەوی رەش و پڕ تەم و تەڵەمی رۆژگاری پڕ لە ئاشووبدا داوی رەشی دوژمن و نەیارانی گەلەکەی خۆی دیتووە و تەڵە و پەڵەی لێک جیا کردۆتەوە. دەڵێی وەکوو مەلێکی دووربین و تیژ باڵێکی وەها بووە کە دانە و داوی لێک جیا کردۆتەوە و هەرگیز لێی تێکەڵ نەبوون و قەت و قەت بۆ دانە بە داوی دوژمنەوە نەبووە.

ئەو خوا لێی خۆش بێ، زۆر چاک زانیویەتی کە ئەو تەکیەو خانەقایانەی کە وا لە ولاتی کوردستانی بەلا لێدراودا بە نێوی ئایین و بە قسە بۆ ئایین و بە رواڵەت بۆ راژەی گەل و ئایین ساز کراون، هەموویان دژی ئایینی ئیسلام و کەڵەن لە مزگەوتی ئیسلامی هاتوون و ئیتر تەنیا بۆ ئەوە ساز کراون کە شێخ و سیخوڕ و بێگانە پەرستەکان لەوێدا کۆ ببنەوە و موسڵمانانیش هێندێک لە مزگەوتێ بگێڕنەوە و جۆرێکیان بار بێنن کە ببنە دژ و نەیاری مەلا و مزگەوت. بەلام دژایەتییەکی نهێنی و فێڵبازانە و حیزانە نەک دژایەتی ئاشکرا و پیاوانە، لە سەرتاسەری ئەو کوردستانە پان و بەرینەدا بە درێژایی مێژوو لە هەر جێیەکی خەڵکی حاڵی و مەلای زانا و هۆشیار ببێ ئەو جاسووسانە خەڵکەکەیان بە لەونێک لە دژی مەلا راست کردۆتەوە و بە گژیاندا کردووە...

جا نابێ ئەوەش فەرامۆش بکرێ کە بەڕاستی تەکیە و خانەقا نموونەی مزگەوتی زیان (مسجد الضرار)ن و لاسا کردنەوەی ئەبوو عامیری دووڕوویە کە لە مەدینە رایکرد و لە دواییدا دەستووری بە

پەیڕەوەکانی خۆی دا کە بۆ کۆبوونەوە و نەخشە کێشان و بۆسە نانەوە بۆ پێغەمبەر جێگایەک ساز بکەن و بچنە لای محەمەد و بڵێن ئێمە مزگەوتێکمان ساز کردووە و بۆ پیرۆزی و دەرگا هەڵگرتنی وەرە نوێژێکی تێدا بکە. دیارە مەبەستیشیان ئەوە بوو، کە ئەگەر تەشریفی هێنا لەوێدا لە داوی بخەن و بیکوژن.

بەڵێ لەو کاتەدا کەوا پێغەمبەر ئامادە بوو کە بڕوا بۆ غەزای تەبووک چوونە خزمەتی و داوایان لێ کرد و ئەویش فەرمووی ئێستا ئێمە لە سەر سەفەرین، ئەگەر خوا بیکا با بگەڕێینەوە. بەڵام لە گەڕانەوەدا خوا نیگای بۆ نارد و فەرمووی:

﴿وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مَسْجِدًا ضِرَارًا وَكُفْرًا وَتَفْرِيقًا بَيْنَ الْمُؤْمِنِينَ وَإِرْصَادًا لِمَنْ حَارَبَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ مِن قَبْلُ وَلَيَحْلِفُنَّ إِنْ أَرَدْنَا إِلَّا الْحُسْنَىٰ وَاللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ ﴿١٠٧﴾ لَا تَقُمْ فِيهِ أَبَدًا لَّمَسْجِدٌ أُسِّسَ عَلَى التَّقْوَىٰ مِنْ أَوَّلِ يَوْمٍ أَحَقُّ أَن تَقُومَ فِيهِ فِيهِ رِجَالٌ يُحِبُّونَ أَن يَتَطَهَّرُوا وَاللَّهُ يُحِبُّ الْمُطَّهِّرِينَ ﴿١٠٨﴾ أَفَمَنْ أَسَّسَ بُنْيَانَهُ عَلَىٰ تَقْوَىٰ مِنَ اللَّهِ وَرِضْوَانٍ خَيْرٌ أَم مَّنْ أَسَّسَ بُنْيَانَهُ عَلَىٰ شَفَا جُرُفٍ هَارٍ فَانْهَارَ بِهِ فِي نَارِ جَهَنَّمَ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ ﴿١٠٩﴾ لَا يَزَالُ بُنْيَانُهُمُ الَّذِي بَنَوْا رِيبَةً فِي قُلُوبِهِمْ إِلَّا أَن تَقَطَّعَ قُلُوبُهُمْ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿١١٠﴾﴾

واتا ئەوانەی ئەوتۆکە مزگەوتێکیان ساز کرد بۆ زیان گەیاندن بە موسڵمانان و بۆ کوفر و گاورییەتی و بۆ پەرتەوازە و بڵاو کردنی باوەڕداران و بۆ بۆسە و کەمین دانان بۆ پێغەمبەری خوا کەسانێک بوون کە لەمەو بەر لە گەڵ خوا و پێغەمبەری خوادا بە شەڕ هاتن و سوێند دەخۆن کە ئێمە لەو کارەدا جگە لە چاکە مەبەستێکی دیکەمان نییە!! خوا گەواهی ئەدا کە ئەوان درۆ دەکەن

(تۆ ئەی محەمەد) هەرگیز نوێژ دەو مزگەوتەدا مەکە و مەچۆ تێی و تێیدا رامەوەستە. بێگومان مزگەوتێکیان کە لە هەوەڵی‌ڕا لە سەر پاکی و پارێزگاری (مزگەوتی قوبا کە لەوێش نێزیکە) دامەزراوە شایانترە، کە بچیە ناوی و نوێژی تێدا بکەی، چونکە مزگەوتی خوایە و بۆ خوا دروست کراوە و پیاوانێکی پاک و پیرۆزی تێدان کە پاکی و چاکی خۆیان پێ خۆشە و هەوڵی بۆ دەدەن و خوداش پاکانی خۆش دەوێن. ئایا ساختومانی ئەوانە، کە بناغەی کاری خۆیان لە سەر پاکی و خاوێنی و ترس لە خوا و پارێزگاری و باوەڕو بە هیوای رەزامەندی خودا داناوە چاکترە، یان ساختومانی ئەوانە، کە درۆزن و دووڕوو و بێباوەڕ و خوانەناسن و هەڵپەرستن و هەمیشە هەر بە دوای فێڵ و تەڵەکە و داو و تەڵەدا دەگەڕێن، بەڵام لە بەر بەدبەختی و نەزانی خۆیان نازانن کەوا ئەوان بناغەی خانووە کاول و تێکشکاو و نێزیک بە رووخانەکەی خۆیان لە سەر لێوی کەنداڵی چۆمی خاڵی کە نێزیکە بڕووخێتە ناو کڵی دۆزەخەوە، داناوە. دیارە ئەوانە ستەمکارن و خواش ستەمکارانی خۆش ناوێن و هاوکارییان ناکا. ئەو ساختومانە هەر مایەی دوودڵی و گومانە لە دڵی واندا و دوودڵی و گومان لە دڵی وان دەرناکا مەگەر دڵیان پارچە پارچە ببێ و خواش زانا و لێزانەو هەر خۆی دەزانێ چ دەکا.

جا لەو سێ ئایەتە پیرۆزە بۆمان دەردەکەوێ، کە مزگەوت بۆ خودایە و دەبێ هەر بیرو باوەڕی خوایی تێدا رابگەیەنرێ و نابێ بە هیچ جۆرێک بۆ کاروباری دژی خوایی کەڵکی لێ وەربگیرێ. و هەروەها مزگەوت جێگەی کۆ بوونەوە و لێک نزیک بوونەوەی موسڵمانانە و موسڵمانان هەموویان هەتا مزگەوتەکە دەیبا دەبێ لەوێدا کۆ ببنەوە و هەتا ئەو کاتەی کە خەڵک لە مزگەوتی

هەبوودا جێیان دەبێتەوە دروست و ڕەوا نییە مزگەوتێکی دیکە ساز بکەن بەڵام کاتێک لەو مزگەوتەدا کە ئێستا هەیانە جێیان نەدەبۆوە بۆ نوێژێ کردن یان بۆ کۆڕ و کۆبوونەوەی رامیاری و کۆمەڵایەتی دەتوانن مزگەوتی دیکە ساز بکەن یان هەر ئەو مزگەوتە گەورە بکەنەوە.

بە پێی بەرنامەی ئایینی ئیسلام بۆنوێژی هەینی کە کۆبوونەوەیەکی گەورەتر لە نوێژەکانی دیکەیە خەڵکی شار یان دێ هەموویان دەبێ لە یەک مزگەوت کۆ ببنەوە جا مەگەر جێیان نەبێتەوە کە ئەودەم بە شێوەی کاتی و بۆ ماوەیەکی کەم هەتا مزگەوتی هەینی گەورە دەکەنەوە دروستە کە لە پتر لە یەک جێی بکرێ و ئەگەر ئەو گونجانە (امکان) نەبوو کە مزگەوتی هەینی وەها گەورە بکرێتەوە کە جێگەی تەواوی نوێژکەرانی شار یان دێ ببێ ئەوە دەتوانن لە چەندین جێگەدا بە پێی پێویست نوێژی هەینی بکەن. ئەگەرچی هێندێک کەسی بەرچاوتەنگ بەرگری لەو کارە دەکەن کە بەڕاستی زۆر ناڕەوایە و دژی بەرنامەی خودا و دێژەی ئیسلام و بەرژەوەندی موسڵمانانە.

بەڵام بە داخەوە ئێستا لە گەلێک شاری کوردستان مزگەوت ئەوەندە زۆرن کە ئی وایان تێدایە درۆ نابێ بڵێین لە پێنج فەڕزی نوێژی رۆژێدا پێنج کەسی ناچێتێ و سەرەڕای ئەوەش لە حەوشەی هێندێک مزگەوتاندا خانەگایەکیشیان ساز کردووە و مریدە بێمێشکەکان لە مزگەوتی دەگێڕنەوە و دەیانبەنە ژووری خانەگایەکە و بە کەیفی خۆیان قسەیان بۆ دەکەن و پەروەردەیان دەکەن!! کە هەر بە هیچ جۆرێک لەگەڵ دێژە و شەرعی ئیسلامدا ناگونجێ و ئیتر بەڕاستی ئەو خانەگایانە هەمان مزگەوتی زیان و کەمینگا و هۆی لێکپچڕان و هەڵبڕانی موسڵمانان و بنکەی بڵاو

کردنەوەی بیر و رای ناخواییانەن و لەڕاستیدا ئەرکی موسڵمانان لە بەرابەر ئەو مزگەوتە زیانانەدا هەر ئەرکە پێغەمبەرە کە لەگەڵ مزگەوتی زیانی دووڕووەکانی مەدینە ئەنجامی دا کە ئەوە بوو رووخاندی و دار و پەردووەکەشی سووتاند و کردی بە دەستەچیلەی ئاور و کردیە مستێک خۆڵەمێش و بە بایدا کرد و خەڵووزەکانیشی خستە زبڵدانی مێژووەوە.

جا کە وایە مامۆستای خوا لێخۆشبوومان بۆیە هێرشیان دەکاتە سەر و دەیهەوێ موسڵمانان لەو جۆرە جێگانە، کە دووکانی دەس‌بڕی و جێگای مێشک تاڵان کردن و چەوساندنەوەی بیر و باوەڕ و تاڵان کردنی هەستی ئیسلامی و ئازادی خوازی و سەنگەری نهێنی دنیاخۆران و خەڵک فریودەرانن، بگێڕێتەوە و بیانباتە مزگەوتی خودایی و لە دوای مەلای دڵسۆزی گەل روویان پێ دە خودای گەورا بکا و ئیتر بێباکانە دەفەرموێ:

خانەقا و تەکیە

مەچـــــونە خانەقـــــا و چـــــایی‌خانـــــان
هیـــــوام وایە کە ببـــــنە خـــــانی خانـــــانر
ئەگەر خـــــواهیش ئەکەن خـــــوا لێـــــو بـــــێ رازی
مەچـــــوونە تەکیەکـــــان بـــــۆ حـــــوققەب
{کە جـــــێگەی حوققەبـــــازی و فێـــــڵ و فـــــووتن
مەکـــــۆی بـــــێ‌ئایینـــــانی لات و لـــــووتن
دژن بـــــۆ ئـــــایینی خـــــوا و شـــــەریعەت
سیاســـــەت خـــــانەن بـــــۆ هەر دوو تەریـــــقەت
قومـــــارگەی سیاســـــەتی مەکارەکـــــانن

به نێـــوی دیـــن تەڵەن بـــۆ کوردەکـــانن}
قومـــــاریٚ قەت مەکەن ئێـــوە و خوداتـــــان
دەنـــا بەربـــاد ئەبـــیٚ مـــاڵ و موناتـــان
بەجـــیٚ بێـــنن ئەوەی واجـــب کـــرایە
بەویٚ نەوعـــیٚ کە مەتڵـــووبی خـــوایە
ئەگەر بـــاب جـــاهیلە بـــا کـــوڕ مەلا بـــیٚ
لە ئەحـــواڵی ئـــومەم بـــا شـــارەزا بـــیٚ
ســـیاحەت کەن بچـــن بـــۆ چـــین و ژاپـــوون
ئەمێـــستا چـــین لە پێـــشانیش چلـــۆن بـــوون
چ ناوێکیـــان نەبـــوو بەیـــنەلخەلایـــق
ئەمێـــستا بـــۆچی بـــوونە شەمـــسی شـــاریق
لەگەڵ رووســـــێکی وا زۆر و بە قـــــووەت
شـــەڕی کـــرد و چلـــۆنیش وا بە ســـەر کەوت
چ زەهراوێکـــــی دایە دوببـــــی ئەکـــــبەر
شـــکاندی ســـەتوەتی ســـوڵتان و قەیـــسەر
لە دونیـــادا دەبـــیٚ هەر کـــوردی بـــیٚفەڕ
نەبێـــتە خـــاوەنی دەیهـــیم و ئەفـــسەر
لە ژێـــر کەوتـــوو و رەزیلـــی کـــوللی مـــیللەت
بەڵای لـــــیٚ دا ژیـــــانی وا بە زیلـــــلەت
نەمانخوێنـــــد و نەمانـــــدیت و نەمانبیـــــست
عەلەمـــداریٚ لە نێـــو کـــوردان هەڵـــستێت
ئەتـــۆ ئەی مـــامە کـــوردە پێـــست بڵـــێم چیـــت؟
کەڵاش خـــوار و کـــراس دڕیـــا و کەوا چیـــت
هەتـــا دەمـــری بە خـــواری رادەبـــوێری
بە بـــیٚبەختـــی و بە بـــیٚدەســـتی و فەقیـــری

به گیـــــان و دڵ له رەببـــــی خـــــۆت دەخـــــوازی
زگـــــت پـــــڕ بـــــێ له ئەســـــتوک و پیـــــازی
به کـــــوردی پێـــــت بڵـــــێم کـــــارت شـــــلۆقه
دوای چـــــی کەوتـــــوویی بەم گـــــورگه لـــــۆقه
گرینـــــی مـــــن له بـــــۆ تـــــۆیه وەئـــــیللا
تەمـــــاعم پێـــــت نیـــــیه حاشـــــا و کەلـــــلا
ئەتـــــۆ چۆنێـــــک دەژی مـــــن هەر مەلامه
ئیتـــــر بەســـــیه بـــــرا، خەتمـــــی کەلامه

هەر وەها هۆنراوە جوانەکەی بەرێز حاجی قادری کۆییشمان وەبیر دیته وەکه دەفەرموی:

شکـــــلی تەکیەوخـــــا نـــــه قـــــای شـــــێخەکا ن
وا قـــــیعەن ره نگینـــــه ئـــــەمما بـــــو ریـــــا ن
لەو هەمـــــو شـــــێخ ومریـــــدانەی ریـــــا
فەردێکـــــی ناچێتـــــه مزگەوتـــــی خـــــو دا

ئەوەی راسته ئەوەیه، که مامۆستای گەورەمان بەدبەختی گەلی کـورد و دواکەوتـوویی کوردسـتان و دوورکەوتـنەوەی خەڵـک له ئیسلامی راستەقینه هەمووی هەر له شێخ و شێخایەتی و تەکیه و خانەقا دەزانێ و که بەڕاستیش هەروایه. جا به تـایبەتی له چـاخی ئێستادا که خەڵک ئەوا به هۆی زانست و زانیـاری و پیـشەسازی له کورەی مانگیش تێپەڕیون و دەچنه سەر کورەی زوحەل گەیوونەته تلۆفکی داری ژیـان و به لـووتکەی هەره بەرزی پێشکەوتن گەیـون، بەڵام کـوردی بێچـاره و مـاڵ وێـران ئێـستاش هەر پێـی وایه ئـایین بریتییه لەمرید بازاڕی شێخ و شێخایەتی به ئایین دەزانێ و

لای وایە خوای گەورە لەبەر دەستی شێخ و مێخان دایە و هەرچی شێخ بە باشی نەزانی خوا هەر ناتوانێ بە لاشیدا بچێ هەر وەها ئێستاش لە باتی خوا، شێخ دەپەرستێ و لە باتی مزگەوت دەچێتە خانەگا و لە باتی مەلا هەر کۆلکە خەلیفەیەک بە دڵسۆزی خۆی دەزانێ!!

مامۆستا بیر لەوە دەکاتەوە کە وڵاتی ژاپۆن و چین هیچیان نە بە ژمارەی حەشیمەت و نە بە پێوانەی زەوی ناگەنە کوردستان بەڵام لە سایەی خیرەتی خەڵک و زانیاری و پیشەسازی و یەکیەتی خۆیانەوە ئێستاکە دەڵێی رۆژی روونـاکن و دەبینن کە ژاپۆن چلۆن دەوڵەتی رووسیای شکاندو لەمەیدانی شەڕدا بەزاندی و وە لەرزەی خست.

ئەدی ئێوە ئەی کوردینە بۆچی ئاوا لە پاش و دواکەوتووی کشتی خەڵکن؟ بۆچی لە هەموو کەس رەزیلتر و زەبوون و لاوازترن؟ بۆچی ئاوا خوێڕی و بێکارەن؟ وڵاتی ئێوە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان دەوڵەمەندتر و پڕچاوە و کانترە، ئاوی زۆرە، زەمینی کێڵان و کشتوکاڵی زۆرە، نەوتی زۆرە، گازی زۆرە، زێڕ و جیوە و مس و فافۆنی زۆرە کەچی تۆ ئەی کوردی ماڵوێران زگت تێر نییە لە ئەستووک و نان و پیازیش و خەڵک و لە سەر خوانی تۆ تێر و تەسەلە و خۆشت ئەوا لە برسان دەمری!!

بۆ دەبێ وا بی و ئیتر هەتا کەنگێ هەر ئاوا دەبی؟ بۆچی لە نێو کوردان دەبێ ئاڵا هەڵگرێک کە پێشەنگی کاروانی خەبات بێ، پەیدا نەبێ؟ هەتا کەنگێ لەبەر دەستەنگی و نەداری کەڵاشی خوارو خێچ و کراسی دڕاوی پینە لێدراو و کەوای چیت و میتتان لەبەردا بێ؟ دەبێ ئێوە هەتا کەنگێ نەتوانن کەڵک لە خاکی خۆتان وەربگرن؟ ئەو

هەژاری و نەدارییە هەتا کەی؟ بڕۆن ڕاپەڕن و تەکان لە خۆتان بدەن و وەکوو مەردانی خوا وەرنە مەیدانی تێکۆشان.

خودا خۆی دەفەرمێ: (ان الله لايغير ما بقوم حتى يغيروا ما بأنفسهم) بەڕاستی خوا حاڵ و ژیوای هیچ گەل و هۆزێک ئاڵوگۆڕ ناکا هەتاکوو ئەوان خۆیان حاڵ و ژیواری خۆیان نەگۆڕن و ئاڵوگۆڕ لە ژیان و شێوەی بەڕێچوونی خۆیاندا وەدی نەهێنن.. واتا بەرنامەی خوا ئەوە نییە کە شۆڕش بۆ خەڵک بکا بەڵکە دەبێ خەڵک خۆیان هەوڵ بدەن و تێبکۆشن و خواش بە مەرجی پێکهاتنی هەلومەرجی پێویست بۆ سەرکەوتن سەرکەوتوویان دەکا.

کەوایە ئێوە دەبێ ڕاپەڕن، شۆڕش بکەن، دژمنانی ناوخۆ و لاوەکی ڕامالّن و سەربەخۆیی خۆتان وەدەس بێنن.نابێ چیدیکە سەر دابخەن. سەرشۆڕی کاری مەردان نییە. ئەمن ئەی کاکی کوردم ئەو گریان و داد و هاوارەم بۆ تۆیە و دەمهەوێ ئەتۆ ببیە پیا و بێیە ریزی گەلانی دنیا و وەکوو خەڵکی جیهان بژی و ئیتر بە هیچ جۆرێک مەبەستم خۆم نییە و ئەتۆ هەرچییەک بی و هەر چۆنێک بژی من هەر مەلام و لەوە زیاتر نابم و تازە بە بەژنێم بڕاوە و شانازیشی پێوە دەکەم.

جا وادیارە مامۆستا مەلایەتی بەکارێکی گەورەو گرینگ دادەنێ و تەنانەت ئەو کاتەش کە کورد ببنە دەوڵەت و میری سەربەخۆشیان ببێ ئەو هەر دەس لە مەلایەتی هەڵناگرێ بۆ کارێکی دیکە و هەروا درێژە بە مەلایەتییەکەی خۆی دەدات.

هەر چەندە فەرموودەی مامۆستا ئەوەندە بەهێز و پێزە کە پێویستی بە هیچ جۆرە پاڵپشتێک نییە و بۆ ئەوەی دەبێ هەموو هەڵبەستەکانی لە لایەن هەموو کوردێکەوە لەبەر بکرێن و لە سەر

پەڕەی دڵــی هەر کوردێـک بنووســرێن، بەڵام بـۆ بە هێـز کردنــی هۆنراوەکانی خۆم بە هی مامۆسـتا بە پێویـستی دەزانـم ئەو پـارچە هۆنراوە.

تەکیە و خانەقا

وەرە مەردانە تـــۆ پـــێم بێـــژە کـــاکە
چیـــیە قـــازانج و چـــاکە و کەڵـــک و فەڕیـــان
لەوانـــــدا کـــام مەلا و پـــسپۆڕ و زانـــا
ســـــەری هەڵـــــدا و ببێـــــتە رابەری گەل
ئەوان کە بـــۆ موســـڵمانان بەکەڵکـــن
لەویـــــدا کـــــام بەنێـــــو ئەنـــــدازیارە
وەیـــــا کە رابەرێکـــــی راســـــتەقینە
ئەدی کـــوا کـــامە ئیـــسلامناســـە چـــاکە
لە کـــوێ بینـــراوە دڵـــسۆزێکی ئیـــسلام
ئەدی کـــێ دی مەرەنگـــوزێکی دڵـــسۆز
وەیـــا کـــام پیـــاوی ئـــایینزانـــی راســـتی
بڵـــێ کەنگـــێ بـــووە پیـــاوێکی زۆر ژیـــر
پەیـــا بـــووبێ لە ئەم دەزگـــا بەریـــنە
بـــرا ئەو جێـــیە جـــێگەی تەمـــبەڵانە
جـــێگەی شـــێخانە، جـــێگەی دەروێـــشانە
جـــێگەی تـــاڵانی مێـــشکوەهەســـت و هۆشـــە
جـــێگەی راز و نیـــــازی ســـــیخوڕانە
بـــنکەی شـــــۆفارەکانی دوژمنـــــانە

لەوێــــدا هەســــتی پێـــشکەوتن کـــوژاوە
هەرچـــی کەڵکـــی هەبـــێ بـــۆ گەل و ئەوانـــە
ئەوەی قـــازانجی بـــۆ ئیـــسلام هەبێـــتن
هەرچەنـــدی خانەقـــا و تەکـــیەی بە نـــاوە
ئەوەی قـــازانجی بـــۆ ئیـــسلام بـــێ دوورە
ئەوانە گـــــشتی مزگەوتـــــی زیـــــانن
لە قورئانیـــشا خـــوا پێـــی داوی دەســـتوور
کەوایە جـــا تـــۆ ئەی مەردی موســـڵمان
مەچـــۆ ناویـــان کە ناوەنـــدی خـــراپین
تەڵە و داون بـــۆ ســـاویلکە و نەزانـــان
ئەوانە گـــازینۆی ڕێبـــواری خـــاون
لە بـــۆ ناشـــارەزا کاروانـــسەرانە
بەڵام ڕێبـــوارێکی بزانـــی بەڕێـــیە
مەڵـــێ فیـــسار مەلا و زانـــاش لەوێـــیە
کەســـێ ئـــایینی یەزدانـــی بزانـــێ
لە تەیکەکـــێ هەبـــێ یـــاری نەیـــارە
ئەوانە دانـــی ســـەر داوی نەیـــارن
ئەوان چێـــشتەو چەقـــالتەی داوو تەپـــکەن
ئەوان بـــۆ ژیـــانی خۆشـــی ئەو جیهـــانە
دەنـــا جـــا چـــۆن مەلا و زانـــا لەوێـــیە
بەوانە قەت مەڵـــێ زانـــا و مەلا تـــۆ
ئەوانە ســـیخوڕی لاوەکیەکـــانن
ئەوەی زانـــا و موســـوڵمانی بەهەســـتە
لە مزگەوتـــێ مەلا خۆشـــە وتـــاری
وتەی قورئـــان و دێـــژەی خـــوا ئەبێـــژێ

ڕێگەی پەسل/ن و دنیا و ئایین و ژیان
کەوایە تۆ بچۆ مزگەوتی یەزدان
ئەوانەی بێ درۆ دڵسۆزی خەڵکن
مەلان و حوجرە و مزگەوتە جێیان
نە شێخی سیخوڕ و پیسخۆر و پەستە
موسوڵمانان دەبێ هۆشیار و ژیر بن
بزانن دوژمنی ئایینی خۆیان
مەلا و مزگەوت وقورئان و خودایان
دەزانن مرگ و تەکیە و شێخ و دەروێش
ئەوەی بۆ نیشتمان و ئایین و گەل
گەلێکیش هەن پزیشک و مەردی جوتیار
لە بازرگان و پاڵە و کاربەدەستان
بەڵام ڕاستی ئەوەی بێ درۆ و گرێیە
لە تەکیە و شێخ نییە پیستر لە جیهان
ئەوەی گەر بیری زێد و ئایینی بێ
مەلای زانا و بە بیر و هەست و هۆشە
لە تەکیە و خانەقا چیت دیوە چاکە؟
لە بۆ ئایین گەلێکە زیان و زەڕیان
وەیا کام بلیمەت و پیتۆڵ و دانا
وەیا خۆ کەنگێ بۆ گەل بوونە جێی هەل
دژی خوا و ئایین و ویژدان و خەڵکن
گەیشتی بوو گەلەی ئاوا هەژارە
لەوێ هات بۆو گەل و قوڕئان و دینە؟
لە تەکیەی پێکەیی پێم بێژە کاکە
لە تەکیە پێبگا و چا بێ سەرەنجام

له تەکــیه و خانەقــا پەیــدا بــێ بــۆ هــۆز؟
بڵــــێ کـــێ دی له ئەم تەکـــیه هەڵـــستێ
بە هەســـــت و هۆشـــیار، دڵڕوون و پڕبیـــر
لەبـــــۆ ئیـــسلام و ئەو قورئـــان و دیـــنه
جـــێگەی ناڕاســـت و پـــیس و گەنـــدەڵانه
دووکـــــانی بیرکـــــڕ و ئاوەزفرۆشــــانه
جـــــێگەی راوی دراو و نــــان و دۆشــــــه
نه جێـــــی ئـــایین و مەردان و کـــــوڕانه
جـــــێگەی راوی دڵـــــی پیـــــاو و ژنـــانه
چـــــرای ژیـــــری به یەکجـــاری کـــوژاوه
دژن پێـــی جـــا بـــرای کـــوردم بـــزانه
نیـــــیه هەرگیـــــز لەوێـــدا دەس کەوێـــتن
دژی مزگەوتـــــــــی یەزدان نـــــــبراوه
له تەکـــیه و خانەقـــا، لـــێم روون و ســـووره
دژ یەکبـــــوونی خەڵـــــک و هەم ژیـــانن
له مزگەوتـــێ زیـــان هەرگیـــز مەچـــۆ ژوور
هەچـــی تەکـــیەی هەیه دووری بـــکه لێیـــان
دەکەن تـــاڵانی مێـــشک و بیـــر و ئـــایین
بـــــۆ بێچـــــاره و هەژار و ناتەوانـــــان
تەڵەن بـــۆ کـــوردی بەدبەخـــت دانـــراون
بـــــرا ئەو دەردە دەردێکـــــــی گـــــرانه
چلـــۆن بـــاری دەخـــا لەو جـــۆره جێـــیه؟
مەلا و زانـــــا له فێـــــرگه نیــــشتەجێیه
نیـــیه مزگەوتـــێ بـــۆ تەکـــیەی وەلا نـــێ
دژی خەڵکــــــی موســـــــوڵمانی هەزاره

لەبۆ فریودانی خەڵکی دەس بە کارن
دەبێ بۆ دوژمنی خەڵکی ئەوە بکەن
لەسەر تەپکەی نەیاران بوونە دانە
فێرگە و زانکۆیە بۆ زانایە جێیە
بڵێ فریوخۆر و فریودەر رەنجەڕۆ خۆ
موسڵمانان دەبێ زۆر چاک بزانن
لە تەکیە دوورە، مزگەوتی مەبەستە
موسوڵمانان دەکا ئامۆژگاری
وتاری پوختە بۆ گەل هەڵدەڕێژێ
دەدا نیشانی خەڵکانی موسوڵمان
مەچۆ تەکیە، مەچۆ تەکیە برا گیان
بۆ ئایین و وڵات و گەل بەکەڵکن
بە وردکەی خەڵکی دابین بوون لە دێیان
نە دەروێش و خەلیفەی بێ مەبەستە
هەموو وەک گورزی دڵ پڕهەست وبیر بن
بزانن کێیە دڵسۆزە لەبۆیان
وەلا نانێن لە بۆ دەرد و بەلایان
گەل و ئیسلامەتی نابەن بەرەو پێش
بە کەڵکە و هەر مەلاشە هێنەری هەل
گەلێک ئەندازیار و پیاوی هۆشیار
گەلێکیان دەچنە ریزی دڵ بە هەستان
بە درۆ و بە گریە شێخ ئەو قسە بە جێیە
نیە کەرتر لە دەروێش و مریدان
نەیاری گش نەیار و خایینی بێ
نە شێخی خایین و هەم گەلفرۆشە

ڕاستی ئەو بنکە و بنیاتانەی،کە بە نێوی ئایین و دین دانراون و جگە لە حوجرە و مزگەوت هیچیان ئایینی نین و سنوورێکی خواییان لە سەر نییە و تەنانەت زۆریشیان دژی ئایین و نەیاری دینن. بەڵام مزگەوت شتێکی وایە کە پێغەمبەر درووودی خوای لەسەر بێ لە ڕێگوزەرە مێژووییەکەی خۆیدا هەوەڵین کارێکی کردی ساز کردنی مزگەوت بوو لە چەند جێگەی قورئانیشدا باسی کراوە بەڵام تەکیە و خانەقا لە تەواوی دەورانی پێغەمبەر و یارانیدا شتێک بەو نێوە نەبوو، هەتا پتر لە ٢٠٠–٣٠٠ساڵیش دوای کۆچی پێغەمبەر وەها شتێک هەر نەبووە. جا هەر بۆیە بە پێویستم زانی ئەو پارچە هەڵبەستەی خۆم بە نێوی مزگەوت لێرەدا بنووسم:

مزگەوت

مزگەوت ئەی فێرگەکەی قورئان و دین
ئەی پەیام بەخشی بە خۆشی دوایی ژین
مزگەوت ئەی ماڵی یەزدانی مەزن
سەنگەری گش ئەو کەسانەی نابەزن
گازینۆی ڕازاوەی سەر ڕێی خەبات
تۆ قەڵاتی قەت نەڕووخی بۆ وڵات
پایەگا و مەیدانی مەردانی خودا
خۆزگە بەو مەردەی لە تۆ نابێ جودا
تۆ مەکۆی مەردانی پڕ ئاواتی خۆ
دەرکە ئاواڵەی تەواوی کاتی تۆ
مزگەوت ئەی بنکەیی یەکسانی ژین
مزگەوت ئەی لابەری گش تویژ و چین

رازگەی رازدار و بـــــــاوەڕ دارەکــــــــان
ئەی مەکـــۆی گـــش دڵـــتەر و دڵـــدارەکان
مـــــزگەوت ئەی جـــێگەی راز و نیـــــاز
رازگەی دڵـــــــداری ژیـــــــری دڵ بە ڕاز
ســـــەنگەری ئـــــازادی خـــــوازانی دلێـــر
پایەگـــــای مەردی موســــــڵمانی بـــــوێر
مزگـــوت تـــۆ لانـــی شـــێرانی خـــودای
تـــۆ لە پـــۆز و فیـــز و نـــامەردی جـــودای
ئەی قەڵاتـــی قەت نەڕووخـــی دینـــی گەل
ئەی هیـــواگەی خەڵکـــی ژیـــر و دوورە هەل
مـــزگەوت ئەی بیچمـــی تـــۆ جـــوانترین دیـــمەن
تێکـــدەری بـــازاڕی شـــوومی ئەهـــریمەن
تـــۆلە جیهانـــا گەلێـــک پیـــرۆزی خـــۆ
نیـــازگەی مەردانـــی ژیـــری هـــۆزی تـــۆ
مەردی شۆڕشـــگێڕ و خـــوایی و قارەمـــان
هەر لە نـــاو تـــۆدا دەکـــا راوێژەکـــان
ئەی پەنـــاگەی گـــش رەهەنـــدەی ژیـــن تـــاڵ
ئـــاهورامۆزدای مەزن تـــۆی مـــاڵی مـــاڵ
چـــی مـــشەخت و بـــێپەنـــایە و رێبـــوار
تـــۆی پەنـــای ئەی مـــاڵی خـــوای پەروەردگـــار
هەر لە مزگەوتـــــا ســـــەری زۆردارە گەر
دەچـــتە جـــێ پێـــی پیـــاوی لات و دەربەدەر
هەر لە مزگەوتـــــایە ژینـــــی یەک هەوا
خەڵـــک بێـــدارن لە رۆژو و هەم لە شـــەوا
هەر لەوێـــیە خەڵـــک هەموویـــان وەک یەکـــن
دڵ و دەروون و رەنـــگ و روویـــان وەک یەکـــن

هەر لە وێـــــیە گەر هەمــــــوو یەک رووگەنە
گــش لە دەرکـــی یەک کەس و یەک جــێگەنە
شـــــان بە شـــــانی گـــش هەژار و هەم نەدار
رادەووەســـــتێ ئـــائلی (ظـــالم) و ســــەرمایەدار
مــــزگەوت بـــــوو دەســــکری پێغەمــــبەری
خــــۆی دروســـــتی کــــرد لە کــاتی کــۆچەری
ئەو بــــــوو مزگەوتێــــــی قوبــــا رازانــــــدەوە
تـــــۆوی دوا رۆژێـــــی لەوێ بــــوو چانــــدەوە
هەر لە مزگەوتــایە کەس جێـــی خــۆی نیـــیە
جــێش لە کەس بگــرێ لەوێ کەس بــۆی نیــیە
مــزگەوت هــی گــش کەســە و هــی کەس نیــیە
هەرچــی نــوێژێ بــکەی لەوێ قەت بەس نیــیە
جێــــی بە چۆکــــا هـــاتنە و کڕنـــۆش و نـــوێژ
جێــــی کەســـێکە بــــۆ خــــودا فرمێـــسک رێـــژ
مــــزگەوت نـــــابێ لە بـــــۆ شـــــۆخی و قومــــار
جێـــی خەبــاتی خـــوایی‌یە، نەک ئـــیش و کـــار
جێگەیــە بۆ هــەر کەسێکی خواپەرســــــــــت
روو لە خـــوا کـــا تـــاکوو لێـــی دەبـــڕێ بڕســـت
جێـــی کەســـێکە خـــوای لە خــۆی خۆشــتر دەوێ
بـــــۆ ڕەزامەنـــــدی خـــــوا نەنـــــوێ شـــــەوێ
ســـــــەنگەری کێـــــــشکی خوداناســــــانە هەم
جێـــی کەســـێکە کەم دەخـــوا و دەنوێـــت کەم
جـــــــــــێگەی وانە و وتـــــــــــاری رابەرە
رابەرێکـــــــــی جێگـــــــــری پێغەمـــــــــبەرە
ئەو مەلایەی دۆســـــــــت و دڵـــــــــسۆزی گەلە
هەوڵ و تێکۆشـــــــانی ئەو گـــــش بـــــۆ هەلە

ئەو مەلایەی ڕێــــگەی پێغەمــــبەری
گرتــووە قەت نــابێ گەمــژە (ابــلە) و سەرســەری
مـــــزگەوت زانکــــۆیەکی یەزدانیـــــیە
چـــاوگە و کانگــــایەکی ویـــــژدانییە
فێرگەیێکـــــی زانیـــــاری خــــوایی‌یە
ڕێـــزی لـــێ نەگـــری لەبـــۆت ڕیـــسوایی‌یە
مــزگەوت یــانەی مەلای زۆر باشــە بــاش
بــۆ ئەوێ نــابێ ئیتـــر گەنـــد و گەلاش
ئەم وتەش پڕپـــــڕ لە ڕێتـــــۆنییە و لە ڕاز
قەل نیــیە بــۆی بچێــتە جێــی شــاهێن و بــاز
مـــــزگەوت ئەی یـــــانەی پێغەمـــــبەران
ڕێـــز و نـــازی تـــۆ لە ســـەر چـــاوە و ســـەران
مـــزگەوت هەرچەنـــدە تێـــت ڕامێـــنم مـــن
مـــزگەوت هەرچەنـــدی پێـــت هەڵخـــوێنم مـــن
زۆر کەمە و هەر مـــــاوە زۆر و زۆرتـــــری
چـــون لە جیهانـــدا لە گـــش جـــێ چـــاترێ
هەر کەســـێ ڕێـــزت نەزانـــێ مـــزگەوت
مـــاڵ وێـــرانە و وایە، وەک دە قـــوڕێ کەوت
ئەو کەســـەی هەر بـــۆ ژیـــانی تـــۆی بـــوێ
تەپڕەشـــی تـــۆ بـــێ و لە تـــۆدا نەســـرەوێ
ئەو کەســـەش هەر خـــۆی بە تـــۆ بکـــاتن بەخێـــو
چەنـــدی گەورەش بـــێ بە چەشـــنی شـــاخ و کێـــو
ئەو کەســــــەش گەر وا لەبەر ڕازە هەڵـــــێ
هەر نەمێنـــــێ کـــــاکی گـــــورژی وا دەڵـــــێ

مەهاباد ڕەزبەری ٢٧٠٣ کوردی (مهر ١٣٨٢)

هیواداری مەلای کۆیی

دڵی پان و بەرین و پڕ لە هەست و بیر و باوەڕی مامۆستای کۆیی هەر لەو کاتەدا کە تژی دەرد و پەژارە و داخ و خەم و خەفەت بوو و لە تاوی گەل و نیشتمانە دابەشکراوەکەی دەسووتا و دەسژاو ناڵەی دڵی بە کوڵی کوورەی دەروونی نێڵ دەدا و تاو لە دوای تاوێ مەشخەڵی ئاوری ئەوینی پاکی خاکی چاکی کوردستان و هیوا و تاسە و ئارەزووی بووژانەوەی گەلە چەوساوەکەی بڵێسەی دەدا و تین و تەوژم و دووکەڵە شینکەی وڵات و نیشتمانی کوردی دەدایە ژێر تیشک و تینی خۆی و تەنانەت جاری واش دەبوو کە خۆی لە داخان و لە تاوان و لە بەر خەم و پەژارەی زۆر یێخەی خۆی دادەڕی و بێزاری خۆی لەم ژیوارە نالەبارە دەردەبڕی و بێکەیفی و بێشادی خۆی رادەگەیاند و دەیفەرموو:

مـــــن یەخەی خـــــۆم لە بـــــۆیە دائەدڕم
ئێـــــوە نـــــابن بە هـــــیچ و مـــــن دەمـــــرم
دەبـــێ مـــــن کەیفـــی چـــیم بە دنیـــا بـــێ
قەومـــــی مـــــن وا رەزیـــــل و ریـــــسوا بـــێ
ئـــــەوەی زانایـــــە نـــــاو جەرگـــــی پەلا ســـــە
ئەوەی نـــــا دانـــــە نـــــازانی چ باســـــــە

راستی دڵی بەکوڵی مامۆستا ئەگەرچی هەمیشە زامار و پڕ لە ناسۆر و دەردو کەسەر بووە پڕپریش لە هیوا و هومێد و تاسە و ئارەزوو و چاوەڕوانی دواڕۆژی سەرکەوتن بووە، ئەو هەرگیز پێی وا نەبووە کە دەبێ هەتا هەتایە گەلی کورد هەر ژێر چەپۆکە و ستەم لێکراو بێ و قەت سەرنەکەوێ.

مامۆستا قەت دەستی لە هومێدێ بەر نەداوە و هێمن گوتەنی:

دەســــــــــتم لە هومێـــــــــــدێ بەر نەداوە
چـــــــاوم لە پـــــــــسانی بەنـــــــــد و داوە

هەر بە هیـوای پـس پـس بـوونی داوی دوژمـن و رزگـاری بـوونی گەلەکەی لە یەخـسیرخانەی نەیـاران بـووە و هەمیـشە چـاوی بڕیوەتە ئاسۆی هیوا. ئەو بەڕێزە هەژار گوتەنی:

زانیـویەتی کە: بە رخ هــــە ر بـن ســە وە نـا بـێ
ڕۆژێ دێ شـــــــاخی پـــــە یـــــدا بـــــێ

ئیتـر هەروا شل و کـول نـامێنێ، ئەو کـوردە پەڵـولەی دوێنـێ و سـەرەنجام وا تونـد دەبـێ کە هەر کەس بـیهەوێ بە نـاڕەوا بیخـوا ددانی بشکێنێ.

بە کـوردی و بە کـورتی کوردەکـانیش ببـنە خـاوەنی دەوڵەت و میریی سەربەخۆ و وەکوو گەلانی دیکەی دنیـا بە بێـتەل و تەلەفـون (بیسیم و تلفن) یەکتر بانگ بکەن و هەر لەو کاتەشدا زەلـزەلە دە نێو ملکی کەیخوسرەو کە یەکێک لە داگیرکەرانـی کوردستان بـووە بخەن و هەموو وڵاتی خۆیان بێننەوە ژێر دەسـتی خۆیـان کە دیـارە ئەوەش بۆ خودای گەورە کارێکی زۆر ئاسان و سادە و بەسێنەییە و ڕەوش و بەرنامەی خـوا واتـا (سنة اللـه) هەر وا هـاتووە کە پـاش مـاوەیەک ڕەزیلـی و زەبـوونی و لێقەومـاوی نـۆرەی خۆشـبەختی و کامەرانی و دوای ناخۆشی، خۆشی و دوای تەنگانە فەرحـانە و دوای برسییەتی تێری و دوای خەم و پەژارە شادی و دڵخۆشییە و خـواش خۆی دەفەرموێ: (ان مع العسر یسرا ان مع العسر یسرا) بـێگومـان

لەگەڵ هەر ناخۆشییەک خۆشی و لـەگەڵ هەر خۆشییەک ناخۆشـی هەیە.

ان مـــــع العـــــسری که یـــــسرش قفاســـــت
شـــــاد بـــــر آنـــــم که کـــــلام خداســـــت

جا ئەوەیە کە مامۆستا دەفەرموێ:

هیواداری

زۆر بـــــــــووە بەرخەکــــــــــی لەڕ و لاواز
بـــــۆتە خەرتێکـــــی دونـــــگ زەلام و قەڵەو
یـــــا منـــــاڵێکی ســـــیس و مردەلـــــۆخە
بـــــوویتە مەردێکـــــی گـــــورج و گـــــۆڵ و پـــــتەو
گەلێـــــک مـــــیللەت وەهـــــا ســـــەرکەوتن
کە نـــــایەتە خەیـــــاڵ و وەهـــــم و خەو
بـــــۆیە ئومێـــــد ئەکەم لە لـــــوتفی خـــــودا
خـــــالقی مانـــــگ و رۆژ و شـــــەو
کوردەکـــــانیش بکـــــاتە ســـــاحەبی جـــــاه
(ســـــنة الـــــله فـــــی الـــــذین خلـــــوا)
تەلەفـــــۆنێ بخـــــاتە نێـــــو کـــــوردان
بـــــانگی یەکتـــــر بـــــکەن بە دەنگـــــی هەلەو
هەوهەوی میـــــــــرەوان لە مەیـــــــــدانێ
زەلـــــزەلە بـــــداتە مـــــوڵکی کەیخوســـــرەو
بێـــــتە ژێـــــر دەســـــتی میللەتـــــی کـــــوردی
هەر لە بـــــاتومەوە هەتـــــاکو دەهـــــلەو

بە نەزەر تـــــۆ خـــــودایە ئاســــانە
بــــاز و شـــاهێن هەڵـــێن لە ترســـی کەو

• باتوم بەندەرێکی رۆژئاوای یەکیەتی کۆمارەکانی شۆڕەوی پێشوو بوو کە لە سەر لێواری دەریای رەش هەڵکەوتووە و ئێستا نێزیکەی یەکسەد هەزار کەس حەشیمەتی هەیە. رەوگە و ناوەندی بەرێ کردنی نەوت و رەژی بەردە لە شۆڕەوی‌ڕا بۆ ئۆرووپایە.

• دەهلەو: نێوی یەکێک لە وڵاتانی گەورەی ئیسلامییە لە باکووری هیندووستانێ. پایەختی ئەو وڵاتەیە و دهلی نەو و دهلی‌شی هەر پێدەگوترێ. نێوانی ئەو دوو جێگایە کە یەکیان لە رۆژهەڵات و یەکیان لە رۆژئاوای کوردستان هەڵکەوتووە، نێزیکەی سێ هەزار و سێسەد و شێست میلیۆن کیلۆمەتری تەواوە لە رۆژئاواڕا بۆ رۆژهەڵات بریتییە لە وڵاتەکانی گورجستان، دەریاچەی خەزەر، ئێران، ئەفغانستان، پاکستان، جاموو و کەشمیر

بەڵێ مامۆستا لێرەدا هەر بە کوردستان راناوەستێ و ئیتر وڵاتی خۆی پانو بەرینتر دەکا و لە دەریای رەشەوە بەرەو رۆژهەڵات سوپای کورد پارێزی خۆی دەئاژوێنێ و دەیبا تا دیهلی پێ داگیر دەکا، ناهێڵێ پشوو بدا و ئیتر لەوێشەوە روون نییە داخوا بەنگلادیش و بیرمە و لائوس و تایلەند و ویتنام و کامبوجیش وەبەر خۆی دەدا و لە دەریای چین دەپەڕێتەوە فیلیپین و مالزی و ئەندۆنەزیش هەر تاپۆ دەکا یان نا.

بەڵام لەو کارە گرینگ و حەستەمەشدا پشتیوانی هەر خودایە و بەس، و پێی وایە ئەگەر خودا بیهەوێ کارێکی زۆر سادە و ئاسانە چونکە خودا خۆی دەفەرموێ: (کم من فئة قلیلة غلبت فئة کثیرة

باذن الـلـه) چەنـدەها دەستەجاتی چـووکەڵە چـووکەڵە بە یـارمەتی خــوا زاڵ بــوون بە ســەر دەســتەجاتی زۆر و بەهێـزدا. جــا بــۆیە دەفەرموێ:

بە نەزەر تــــــــۆ خــــــــودایە ئاســــــــانە
بــــــاز و شــــــاهێن هەڵــــــێن لە ترســــــی کەو
کوردەکــــــانیش بکــــــاتە ســــــاحەبی جــــــاه
(ســــــنة الــــــله فــــــی الــــــذین خلــــــوا)

دیــارە مامۆســتا زۆری پــێ خــۆش بــووە و ویــستوویەتی کە ئەمپەڕاتـۆری گەورە و بەهێـزی ئیـسلامی کـوردی دەورانــی مــاد و ساسانی یان ئیمپراتۆری ئیسلامی کوردی سەلاحەددینی ئەییـووبی زیندوو کاتەوە.

جــا مــن لێـرەدا بە پێویــستی دەزانــم کە لە گەڵ گیــانی پــاکی مامۆستای خۆشەویست بدوێم و بڵێم:

ئەرێ خۆشەویستەکەم! تۆ کە هێندە دڵسۆزی گەلەکەت بـووی و دڵیشت لێواو لێوی تاسە و ئـارەزوو و هیـوا و ئـاوات و ئامـانجی بەرز بەرز بـووە بـۆ کوردسـتان و کوردەکـان، چـۆن بـوو بـۆ ئەو مەبەستە وەخۆ نەکەوتی؟! دە خۆت رانەدی یـان دە گەلەکەت؟! یـان هەر دەتـهەویست شۆڕش و ئاڵوگۆڕێکی فەرهەنگی بکەی و لە کوشت و کوشتار و خوێنڕێژی بەدوور بی؟

بیرو باوەڕی جاهیلانی خەڵەتاو و مامۆستا کۆیی

بیروباوەڕی ناڕاست و نارەوای نەزانان کە وەک چەقە پێیەوە دەنووسێن و بە هیچ جۆرێک دەستی لێ بەر نادەن و لەو لاڕێیە بە هیچ ڕێزان و لێزانێکی نایەنەوە سەر ڕێیە، ئەوەندەی زەرەر و زیان بۆ گەل و کۆمەڵ و ئایین و نیشتمان هەیە، کە هەر خوا خۆی دەزانێ و بەس، ئیتر بێگومان گرچووبڕترین زەبریش لەو ڕێیەوە وە گەلەکەی گەل دەکەوێ و ئەکرێ بڵێین ئازارە باریکەیەکی پیس و سەختە، کە کۆمەڵ ئەوەندە لاواز و چیلاز دەکا کە هەتا سنووری لە ناو چوونی دەبا یان وەک نەخۆشی شێرپەنجە (سرطان) لە کۆڵی نابێتەوە تا لە ناخێی ڕادەکا.

جا دیارە کە ئەو بیروباوەڕەش هەر شێخ و خەلیفە و گەندەڵە مەلاکان لە دڵی ئەو خەڵکە نەزان و نەخوێندەوارەیدا وەدی دێنن. چونکە ئەوان بە خەیاڵ ڕێبەر و ڕێنوێن و ڕازدار و هۆشیار و چاوساخی ئەو خەڵکەن و دەبێ دڵسۆزی خەڵک بن، بەڵام وای بە حاڵی ئەو خەڵکە کە ئەو جۆرە کەسانە ڕێنوێن و ڕابەر و چاوساخیان بن و عەرەبیش گوتەنی: (اذا کان الغراب دلیل قوم فیهدیهم الی الضلال) هەر کاتێ قەل، ڕابەری هەر هۆزێک بێ گومڕایان دەکا، یان کورد گوتەنی: (سەرچۆپی بە دەس گاوە بێ، شایی بۆ لای کادێن دەبا)، یان (کەر پێش قەتار بێ، کاروان دە قوڕێ دەمێنێ) بێگومان ئەوانە بەتایبەتی هێندێکیان وەکوو ئەو ڕێویە وان کە کردیان بە مەزنی دەعبا وردەڵەکان لە جەنگەڵ و هەموویانی بە گورگێک بە خواردن دان کە خۆی لە گەڵی هاوپەیمان بوو کەمێک لە بەرماوەکەی خۆی دەدایە! واتا بۆیە بەرماوێک

ئەوانی بە دژمن بە خواردن دەدا. بۆ دەسرۆکەیەک قەیسەرییەک ئاور دەدا.

ئەو خەڵکە جا بە تایبەتی خەڵکی نەخوێندەوار و چەوساوەی کورد نەزانو بێئاگا و هەژار و چاو بەستراون و لە فێڵ و فووتی ئەو فێڵبازانە ئاگادار نین و پێیان وایە کە جەنابی شێخ بارانیان بۆ دەبارێنێ و هەر بە چووکەترین فەرمان وەک خوای گەورە هەرچی بیهەوێ ئەنجامی دەدا و هەموو دنیای لە بەر دەستایە و لە زەوییەوە تا ئاسمان و لە ئەستێرەکانەوە تا وردەڵەترین بوونەوەری سەر زەوی بوون و نەبوون و مان و نەمانی هەر بە دەستی پیری تەریقەتە و بەس.

ئەگەر وەک چاخی ئێستای خۆشمان کە دیارە ئەو کاتیش هەر وا بووە و رەنگە لە پێش ماموستاشدا هەر وا بووبێ مەلایەکی زانا و رووناکبیر و ئاگادار لە ئایینی خوا بێت و بڵێ نابێ وا بێ و ئەوەی کە ئێوە ئەی خەڵکینە بە نێوی ئایین دەیکەن دژی ئایینە و گاوریەتی و ئاواڵ بۆ خوا دانان و لە رێی راستی ئیسلام دەرچوونە هەزار نێو و ناتۆرە و شتی وای بۆ ساز دەکەن کە بێچارە خۆی هەر ئاگاشی لێ نییە و پێی دەڵێن (کەڵبەش و وەهابی) و سەحابی بە هەر رەنگێک بێ لە بەر چاوی خەڵکی سووک و بێبایەخ دەکەن و رێز و پایەی ئایینی و کۆمەڵایەتی بۆ ناهێڵنەوە دیارە ئەوانە کە ئەو جۆرە کارانە دەکەن لە خۆیانڕا نییە و تەنیا بە هێز و نەخشەی خۆیان نییە بەڵکە هەر وەک گوتوویانە: سەگ بە هێزی کلک ئێسقان ئەشکێنێ، ئەوانیش هێزیان لە جێیەکی دیکەڕایە. سەیری لە هەموو سەیران سەیرتر ئەوەیە کە هەر رژێمێک بە هەر جۆرە بیر و باوەڕێکەوە لەسەر کار بێ ئەوان لە گەڵین و ئەویش پشتیوانی وانە!! دەڵێی سەد ساڵە پێکەوە بران کە بەڕاستی جێگەی سەرنج و تێڕامانە.

جا ئە لێرەدایە کە مامۆستای بلیمەت و هەڵکەوتوومان خوا لێی خۆش بێو پاداشی باشی بداتەوە هەموویان لە شێخدا دێنێتە بەر چاو و رووی تێدەکاو پێی دەڵێ: هەی ئەوەو ئەمە و فلان و فیسار ئەتۆ کەی ئەوەی کە ئێستا لە سایەی بیر و رای نەزانان و چاو بەستراوانەوە هەی، دەبێ ئەتۆ بۆچی خۆت کردۆتە پاپای نەسرانییان و خێوی خاوەن ماڵ و خاوەنی دەسەڵاتی خوایی؟

مەگەر ئایینی پاکی ئیسلام وەکوو ئایینی گۆڕدراوی مەسیحییە کە پاپ گوناح و تاوانی خەڵکی ببەخشێ؟ مەگەر جەنابی شێخیش پاپە و ئێمەش مەسیحین؟ یا جەنابی شێخ ئاخوندە کە فتوا دەدا و دەڵێ هەرکەس سیغە بکا و دوای کاری وا مەلە بکا لە هەر تنۆکە ئاوێکی مەلەکەی٧٠٠٠٠ فریشتە ساز دەکرێ و ئەو هەموو فریشتانە هەتا ڕۆژی پەسڵان بۆ ئەو دەپاڕێنەوە و نزای بۆ دەکەن؟ ئاخر توخوا ئەو فێڵ و فووت و چاو بەستنە تا کەی؟!

یان خەڵک بنێرێتە دۆزەخ و یا بەهەشتێ و دەیان کاری ناڕەوای دیکەی دژی ئیسلامی لەو چەشنەش؟

مامۆستا موفتی زەهاویش خوا لێی خۆش بێ دەفەرموێ:

شـــیخا تـــو کە در عـــالم یکتـــا خـــردی
ایـــن رتـــبە ز دســـتار بدســـت آوردی
حیـــف اســـت کە او دور ســـر تـــو گـــردد
بایـــستی کە تـــو دور ســـر او گـــردی

وەهابیگەری لە روانگەی مامۆستا کۆیییەوە

پێویستە لێرەدا کەمێک باسی وەهابیەت کە ئێستاکە تەواوی مەلاکانی جیهانی ئیسلام و بە تایبەتی مەلاکانی کوردستان پێیەوە گیرۆدە بوون و نەیارانی تەکپەرستی و لایەنگرانی پڕوپووچ پەرستیش، مەلا و موسڵمانە هۆشیار و ژیرەکان بەو نێوە بەد نێو دەکەن و ئەو بەرچەسپەیان لێدەدەن بکەین.

محەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب کوڕی سولەیمان کە لە ساڵی١١١١ی کۆچی لە دایک بووەو لە ساڵی ١٢٠٧ی کۆچی کۆچی دوایی کردووە و خەڵکی گوندی عوبەینەی نەجدی عەرەبستان و لە پەیڕەوانی پێشەوای بەڕێز ئەحمەدی کوڕی حەمبەڵە، یەکێکە لە زانایانی بەرز و هەڵکەوتووی ئیسلام و تەکپەرستێکی راستەقینە و خواناسێکی خۆناس و زانایەکی بەبڕشت و خاوەن باوەڕێکی بەخێرەت و هەڵکەوتوو و بلیمەتێکی هۆشیار بووە.

ئەو بلیمەتە گەورە لە دژی پڕوپووچ پەرستی راپەڕی و خەباتێکی خەست و خوێناوی وشێلگیرانەی لە دژی خواگەلی پووشاڵی کە دەسکردی نەیارانی ئیسلام و دژی خوداوەندی میری مەزن و پاک و تاک و بێهاوتا بوون، دەس پێ کرد و تا رادەیەکی زۆریش سەرکەوتوو بوو، بەتایبەت لە وڵاتی عەرەبستاندا.

ئەو بە تایبەتی دژ و نەیاری هەموو جۆرە ئاکارێک بوو کە بۆنی ئاواڵ دانان(شرک)ی لێ هاتبایە. بە هەموو هێز و توانای خۆی بەربەرەنی لەگەڵ بیر و باوەڕی نەزانانە و پڕوپووچ پەرستی و ئاواڵ دانان بۆ خوا دەکرد، بەڵام هەرگیز و هەرگیزاو داوای ئەوەی نەکرد کە وەک سەرمەزەبێک پەیڕەوی لێ بکرێ و قەتیش خۆی وا

نیـشان نەدا و خـۆی بەو جـۆرە نەناسـاند و قەت نەیگـوت مـن پێشەوایەکم و پەیڕەویم لێ بکەن. چونکە ئەو خۆی پەیڕەو و شوێن کەوتووی پێشەوایەکی گەورەی ئیسلام بوو و ئیتر هەرگیز خۆی پـێ لەوی پتـر نەبـوو و بە شـانازییەوە دەیگـوت مـن پەیـڕەوی پێـشەوا ئەحمەد کوڕی حەنبەلم.

نەیارانی ئیسلام ئەویان بە پیاوێکی دژی یاسـای خـوا و نەیـاری بنەمـاڵەی پێغەمـبەر و سـەرمەزهەبێکی بـێمەزهەب و پێـشەوایەکی لەخۆبـایی و کەڕ و گونـگ و لـە ڕێ لادەر بە موسـڵمانانی سـادە و سـاویلکە و بـێئاگـا ناسـاند و هەر کەس بیـر و ڕا و بۆچوونەکـانی ئەوی قەبووڵ بکا بە نۆکەری بێگانە و ناموسڵمان و لە ڕێ دەرچوو تاوانباری دادەنێن.

جا بە تایبەتی لە وڵاتی کوردستانی بەڵا لێدرا و شێخ زەدە و ڕێ لـێ ون کـراودا هەر مەلا و قوتـابی و خوێنـدکار و ڕۆشـنبیرێکی کە دژی پڕپووچ پەرستی و شێخ و شـێخایەتی و نەیـاری ئـاواڵ دانەری بێ، مـۆری وەهـابیگەری لە نێوچـاوانی دەدەن و هەر وەک گوتمـان ئیتـر وەهابیگەرییـان دروسـت بە نـوختەی بەرانـبەری ئیـسلام بە خەڵـک نیـشان داوە و قۆڵێکیـشیان کـردوونەتە سۆفی و ئیتـر بەو جۆرە لە بەرابەر یەکتریانـد ڕاگرتـوون و ئەوانیـان تێـک بەرداون و خۆشیان سەیران دەکەن!! زیان بە هەر لایەک بگا بە قازانجی وانە.

بە تـایبەتی لە هێندێک لە شار و ناوچەکـانی کوردسـتاندا مەلا و خەڵکـی کـوردی موسـڵمانیان بەو دوو نێـوە وەک ئـاگر بە گیـانی یەکەوە ناوە!! کە بەڕاستی جێگەی داخ و پەژارەیە چـونکە ئیـسلامی ڕاستەقینە کە خوا بۆ پێغەمبەری ناردووە بریتی نییە لە هـیچ یەک لەو نێو و ناتۆرانە و هەر لە بنیڕا ئەو شتانەشی قەبووڵ نییە.

زۆر جاران تەنانەت بە خودی خۆشمیان گوتووە "وەهابی" یان فەقێکانمیان بەو نێوە بە خەیاڵی خۆیان بەدنێو کردووە!! جا منیش زۆر جاران بە فەقێکانی خۆمم گوتووە ئێوە کە پێڕەوی پێشەوا شافعین بڵێن خۆ ئێمە تەنانەت پەیڕەوی لە پێشەواکەی محەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب (ئەحمەد کوڕی حەنبەڵ)یش هەر ناکەین تا دەگا بە خۆی، بەڵام ئێمە مرۆڤین و خوای گەورە بیر و ژیری پێداوین‌و چاکە و خراپە لێک جیا دەکەینەوە و هەر قسە و بیروڕایەکی چاک و پەسەند بە دڵ قەبووڵ دەکەین و پەیڕەویشی لێ دەکەین و خەراپەکەشی ئی هەر لایەک بێ فڕێی دەدەین و وەلای دەنێین، خوای گەورەش خۆی دەفەرموێ: (فَبشر عبادي الذين يستمعون القول فيتبعون احسنه) جا تۆ مژدە بدە بەو بەندانەی من کە گوێ بۆ قسە و وتار رادەگرن و پەیڕەوی لە چاکەکەی دەکەن.

بەڵێ بەڕاستی جێی داخە، کە هەر مەلا و موسڵمانێکی ڕووناکبیر بۆ دامودەزگاکانی میرییە دەسەڵاتدارەکان لە وڵات و نیشتمانی ئیسلامیدا بە وەهابی لە پێنووس دەدەن و ئیتر هیچ بیر لەوە ناکەنەوە کە تەنانەت خودی محەمەدی کوڕی عەبدولوەهابیش خۆی وەهابی نەبووە، بەو مانایەی کە ئەوان دەیڵێن. رادەی بێئاگایی، یان خەڵک پێ شێت بوونی ئەوانە بە ئەو جێیە گەیشتووە کە تەنانەت ئەو زانا و بلیمەتانەش کە زۆریش لە پێش محەمەدی کوڕی عەبدولوەهابدا ژیاون بەڵام وەک وی یا پتر لەوی ڕووناکبیر بوون هەر بە وەهابی دادەنێن!

بۆ نموونە: بەڕێز شیخ الاسلام احمد بن تیمیه حرانی کە ٤٥٠ ساڵی تەواوی لە پێش محەمەدی کوڕی عەبدولوەهابدا ژیاوە دەڵێن وەهابی بووە؟! لە مەرجێکدا دەبێ ئەو ابن تیمیەیی بووبێ نە ئەم وەهابی. چونکە ابن تیمیه لە ساڵی ٦١١ کۆچی مانگیدا لە گوندی

حەڕڕانی وڵاتی سوریا لە دایک بووەو گەلێکی خزمەت و ڕاژەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام کردووە و ئاسەوارێکی گەلێک بە نرخی لە پاش خۆی بە جێ هێشتووە.

ئیتر ئەوان کاریان بەوەی نییە داخوا لە پێشدا بووە یان لە دوایە، بە هەر کەس کوێر کوێرانە نەڕوا و شت بە بێ بەڵگە قەبووڵ نەکا و قورئان بکاتە بەرنامەیی دەڵێن وەهابی! وەک دەفەرموێ :

مە لا گەر بێ و بڵێ نابی وەها بی
دەڵێن ئەفاسقە بوتە وەها بی
وەهابیشیان بە جۆرێ کردووە تەڵقین
وەهابی یانی بێئایین و دین

جا مامۆستای کوڕی کوردی کۆییمان کاتێک کە ئەو ژیوارە نالەبارە بە چاوی خۆی دەبینێ و لەوانەشە هەزاران جار ئەو مۆرەیان لە نێوچاوانی خۆشی دابێ و بە وەهابییان ناساندبێ، پڕ بە دڵ تووڕە دەبێ و خەفەت لەوانە دەخوا، کە ئەو جۆرە نێو و ناتۆرانە بۆ موسڵمانان و بە تایبەتی بۆ مەلاکان هەڵدەبەستن و بەو شێوە خەڵکی موسڵمان لە یەکتر دڕدۆنگ دەکەن و تەنانەت بە گژ یەکتریاندا دەکەن.

جا ئەوەیە کە دەفەرموێ ئەگەر مەلاکە ئەرکی سەر شانی خۆیەتی لە بەرابەر ئەو جۆرە بیر و باوەڕە پەست و ناڕەوایەدا ڕاست بێتەوە و لە دژی پڕوپووچ پەرستی و ئاواڵ بۆ خوا دانان ڕابپەڕێ، پێی دەڵێن ئەوە وەهابییە و چونکە وەهابی ساز کراوی دەستی دژمنانیشیان ئەوەندە بە شتێکی خەراپ و ناحەز و دژی ئیسلامی بە خەڵک نیشان داوە، مەلای بێچارە لە بەر چاوی خەڵک

سووک دەکەن. بی گومان دەستیکی پیسی نگریسی چەپەڵ وخە یانە تکارانە لە بن پەردەیەکی رەشی تەپرەشانە هەیە، کە ئا بەو جورە مەلای دڵسوزی گەل لەبەر چاوی گەل سوک دەکا. هەزاران نیو نتکەی نام لە مەلا هەڵ دەدا . بە وەهابی و کەلبەش ومفتەخورو ملوزم وسەرباری گەلی لە پینوس دەدا جا ئەوەیە مامۆستاوە زالەدی و دلەگەورەکەی دیسان وەکوڵ دیتەوە و هەڵدەچی و دەلی:

مەلا گەر بـــێ و بلـــێ نـــابێ وەهـــا بـــی
دەڵـــێن ئەو فاســـقە بـــۆتە وەهـــابی

جا بۆیە جێی داخ و خەمە کە تەنانەت زاناکانیش هێندێکیان بەو سازە هەڵدەپەڕن و نەزانانە خۆیان دەهاوێنە ناو ئەم گێژاوە بەڵێ مامۆستای خوا لێ خۆشبوومان لە بارەی باوەڕی جاهیلان و نەخوێندەوارانی فریودراو و خەڵەتێنراودا ئاوا دەفەرموێ:

باوەڕی جاهیلانی نەخوێندەوار

ئەڵـــێن بـــاران بە ئەمـــری شـــێخ ئەبـــاری
بە ئەمـــری (کـــن فکـــان) وەک ئەمـــری بـــاری
خولاســـــە کـــــافەیی زەڕراتـــــی عـــــالەم
چ ئەفـــــلاک و چ ئەمـــــلاک و چ ئەنـــــجەم
بە ئەمـــــری حەزرەتـــــی شـــــێخە دەوامـــــی
حەیـــــات و مەوت و تەرتیـــــب و نیزامـــــی
مەلا گەر بـــێ و بلـــێ نـــابێ وەهـــا بـــی
دەڵـــێن ئەو فاســـقە بـــۆتە وەهـــابی
وەهابیـــــشیان بە جـــــۆرێ کـــــردووە تەڵقـــــین
وەهـــابی یەعنـــی بـــێئیمـــان و بـــێدیـــن

جا ئەو جار دوای ئەو روون کردنەوە جوانە و دەرخستنی باوەڕی ناڕەوا و نابەجێی نەزانان و ناڵە و دەردە دڵ لەو حاڵە روو دەکاتە خودی شێخ کە لە ماکا هەر ئەو کار تێکدەر و هۆی بنەڕەتی دواکەوتنی موسڵمانان و باوەڕی ناڕەوای وان و بەردی بناخەی ناکۆکی و دووبەرەکی و خوێنمژی ناوخۆی گەلی کوردە و بە توندی تێیڕادەخوڕێ و قسەی ڕەقی پێ دەڵێ و دەفەرموێ:

ئەرێ ئەی شـــێخە پیـــسەی بـــۆری چڵکـــن
ئەرێ ئەی زگ هەمـــانەی غـــازی بـــۆگەن
ئەتـــۆ دەوواری چەرخـــی بـــێسـتوونی
ئیـــرادەی تـــۆیە نیـــزام و شـــوئوونی؟؟
ئەرێ ئەی شـــێخە کـــۆرەی خـــواری مەخـــزووم
ئەتـــۆی نایـــب مەنـــابی حەیـــی قەیـــووم؟؟
ئەتـــۆ ئەی پێـــستەخۆرەی لینـــگ گـــاوی
لەگەڵ زەڕڕاتـــی عـــالەم تـــێکەڵاوی؟!
ئەتـــۆ مومتـــازی رزقـــی مـــار و مـــووری
ئەتـــۆ ئینـــشا کونەنـــدەی نـــار و نـــووری؟!
بە حـــوکمی تـــۆ ئەبـــێ عەفـــوی گوناحـــان
وەکـــوو پـــاپی نەســـارا خێـــوی غـــوفران!
هەمـــوو عـــالەم لە ژێـــر فەرمـــانی تـــۆیە!
حەیـــاتی تـــۆش بە مـــستێک ئـــاردەجۆیە!؟
ئەوی عەفـــوی بـــکەی جـــێگەی نەعـــیمە
ئەوی عەفـــوی نەکەی مەئـــوای جەحـــیمە!

ئەمجا دێتە سەر ئەوە کە بە ئاشکرا رادەگەیەنێ کە هەموو شتێک هەر بە دەس خوایە و هەر موڵک و ماڵێک هەر ئی خودایە و شێخ و

مێخ و هێتم و مێتم (قطب و مطب) لە بنیڕا لە بەرنامەی خوادا نییەو ئیتر ئیسلام پێویستی بەو دووکان و بازاڕاه نییە و ئەو دووکان و بازاڕە شلۆق و پڕحەشیمەتە، داهاتەکەی بە هیچ جۆرێک بۆ ئیسلام و موسڵمانان نییە و بەڵکە پاریس و لەندەن و واشەنگتۆنی لێ پاراو دەبێ!! پارە و پووڵی موسڵمانان لە وڵاتانی ئیسلامی کۆ دەکرێتەوە و بۆ ئێرە و ئەوێ بەڕێ دەکرێ!! جا بۆیە دەفەرموێ:

ئەگەر ملـــکە هەمـــووی ملکـــی خـــودایە
ئەگەر شـــێخە ئەگەر قـــوتبە هەبـــایە
ئیـــرادە وقـــودرەتی خـــودای مـــن تەواوە
چ حاجەتمـــان بە شـــێخ رایـــی کـــراوە؟
بە ئەقتـــاب و بە ئەوتـــاد و بە ئەقـــوال
نەبـــوویە ئادیـــسۆن، ئەی مەردی بەقڤـــاڵ
لە عـــیلم و ئیختیراعـــا چـــی بە دەر خـــست
بنـــۆڕە میللەتـــی خـــۆی کـــوو وەســـەر خـــست؟
بە عیلمـــی کیمیـــا و قـــووەتی نـــوور
بە تەییـــارە و بە زەبلـــین و بە پـــاپوور
چلـــۆن قـــوتبی فەقیریـــان پـــێ نیـــشان کـــرد
پـــرۆژەی شـــێخ ئەفەندیـــشیان عەیـــان کـــرد
موســـڵمانان لە چنـــگ وان کـــورد زەلیـــل بـــوون
دەفەرمـــوو شـــێخە شـــێتەی گێـــژی مەجنـــوون
بـــزانم تـــۆ ئەوێـــستا چـــت لە دەســـت دێ؟
لە بەحـــر و بەڕڕ و چـــۆڵ و شـــار و لادێ؟
ئـــاخر تـــۆ چـــی دەکەی تۆخـــوا بـــۆ مـــیللەت؟
بـــۆ مـــیللەت هەر ئەتـــۆی باعیـــسی زیلـــلەت

ئەتـــۆ خـــۆ میللەتـــی خـــۆت بەدبەخـــت کـــرد
ئەوی هەیبـــــوو ئەوا گـــــش گـــــاوران بـــــرد

دوای ئەو هەموو دەردە دڵ و دەربڕینی کوڵ و پەژارە و بێـزاری و دەربڕین لەو بیر و باوەڕە پووچ و بێنرخ و ناڕەوا و تانەو تەشەرو لۆمە و لەقەمە لە موسڵمانان لە سەر هەبوونی ئەو جۆرە باوەڕە و بە سـەردا هـاتن و سـەرکۆنەی شـێخە سـتەمکارەکان ڕوو دەکـاتە ئـۆممەتی خەیـرولبەڕیـیە(خیـر البـریە)و پەیڕەوانـی هەنتەشـی مـحەمەدو دەڵـێ ئـاخر خـۆ ئەی پەیڕەوانـی باشـترین بـوونەوەرو چاکترین پیاوی خودا. دوای درووود و سڵاو و دڵپاکی و خۆشەویستی پێشکەش کردن ئەمن بە دڵسۆزی پێتان دەڵێم کە:

ئەو قـسانەی دەگـوێی ئێوەیـان هاویـشتوە و ئەو جـۆرە بیـر و باوەڕە ناڕاستەی باوەڕ بوون بە شێخ و پیـر و تەکیە و خـانەگـا و ئەو جـۆرە شـتانە هەم لە ڕوانـگەی زانیـاری و ژیـری و هـۆش و بیرەوە و هەم لە ڕوانگەی خواناسییەوە و هەم لەڕوانگەی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەری مەزنەوە، پووچ و بێکەڵک و بێپـایەن و لە ئیـسلام بە دوورن و لە دوایە لە دیـن زیـاد کـراون و پێغەمـبەری مەزنیش دەفەرموێ: (من احدث فی امرنا هـذا مـا لـیس فـیە فهـو ردّ) هەرکەس لە ئایینی ئێمە شتێک زیاد بکا لێی قەبووڵ ناکرێ.

ئاخر ئێمە ئەگەر خودامان هەبێ ئەوهێتم و مێتمانەمان بـۆچین و کەڵکـی چییـان هەیە؟ مەگەر خـودا نـاتوانێ گـاری خـۆی بکـا هەتـا ئەوانە کۆمەگی بکەن؟ مەگەر خوا دوورە و ئاکای لە ئێمە نییە هەتا ئەوانە هەواڵی ئێمەی پێ ڕاگەیەنن؟ مەگەر خـوا بـێمیهرو بەزەیـیە لەگەڵ بەندەکانی خۆی، هەتا ئەوانە هانی بدەن و داوای لـێ بـکەن تا بە میهرەبانی لە گەڵمان بجووڵێتەوە؟ مەگەر خـودا سـتەمکارێکی خاوەن زێفە کە دەبـێ پـارتی و مـارتی بـۆ سـاز بکـرێ؟ دەنـا کەس

ناپارێزێ . و هەموو کەس وەبەر رق و قینی خۆی دەدات

ئێوەی ئەی ئۆممەتی خیر البریە بە قسەی نەزانان خۆتان مەگۆڕن و بە چاوی دڵ و تێگەیشتن بڕواننە جیهان و رازو رێئۆنی و فەلسەفە (حکمت)ی بوون و ژیان بزانن و ئیتر تێبگەن کە هەر لە ژێر زەمینیڕا هەتاکوو دەگاتە گۆیە جۆراوجۆرەکانی ئاسمان، چ دوور و چ نێزیک، بە هەموو چەند و چۆنێکیەوە و بەو ژیواری دژوار و سەخت و سەر سووڕهێنەرییەوە، بێجگە لە خودا بە دەس کێیە و ئاخر یە کێ هەڵدەسووڕێنرێ؟!

ئەوانەی کە بە لای ئێوەوە هەڵسووڕێنەری کاروبارن و پێتان وایە هەموو کارێک هەر بە دەس ئەوانە و لە بەر نەزانی خۆتان لێیان دەپاڕێنەوە و هانایان دەبەنە بەر و پەنایان بۆ دێنن و هاواریان لێ دەکەن و پێتان وایە لە هەموو حاڵەتێکدا ئامادە و ئاگادارن، لە لای خوای میری مەزن لە مێرووڵەش کەمترن (و الذین تدعونهم من دونه لایستطیعون نصرکم و لا انفسهم ینصرون) ئاخر کەسێک باوەڕی بە خودا و هێز و توانایی خودا هەبێ ئەو جۆرە بیرو باوەڕەی کە ئێوە هەتانە چۆن دەچێتە دڵی؟ ئیتر بەو جۆرەیە کە دەفەرموێ:

وەرن ئەی ئـــــوممەتی خەیـــــــرولبەرریە
لە پـــاش تەقـــدیمی ئـــیخلاس و تەحیـــیە
بە عـــیلم و عەقـــڵ و هـــۆش و فکـــر و عیرفـــان
بە قەولـــــی مـــــستەفا و ئایـــــاتی قورئـــــان
بـــــزانن ئەو قـــــسانە پـــــاکی پـــــووچن
ئەگەر خوامـــان هەبـــێ، ئەقتـــاب بـــۆ چـــن؟

لە رێکخستنی شێخ و مریدایەتیدا بەرنامە وەهایە کە جیهان پڕ هێتم (قطب)و هەر هێتمەی کۆمەڵە مریدێکی لە دەورە هاڵاون و ئەو

هێتمانە جیهانیان بۆو خەڵکە راگیر و راوەستاو کردووە و ئەگەر ئەوان نەبن دنیا بە چاو لەسەریەک نانێک تێکدەڕووخێ جا ماموستا دەفەرموێ: وەرن ئەی پەیڕەوانی باشترین بەندەی خوا دوای درود و سلاو با شتێکتان پێ بڵێم کە ئەویش ئەوەیە: هەم لە رووی زانست و زانیاری و ژیری و بیر و هۆش و خواناسییەوە و هەمیش لە رووی فەرموودەکانی پێغەمبەر و ئایەت و دیاردەکانی قورئانی پیرۆزەوە ئەو جۆرە بیر و باوەڕە و ئەو جۆرە شتانە پاکیان پووچن و بایەخێکیان نییە. بزانن ئەو قسانە هەموویان پووچ و بێمایەن ئاخر ئێمە ئەگەر خوامان هەبێ ئەو هێتم و مێتمانەمان بۆ چین؟

به قەولـــی جـــاهیلان خۆتـــان مەگـــۆڕن
به چـــاوی دڵ لە دنیـــایە بنـــبـــۆڕن
لە ژێـــر ئەرزێ هەتـــاکوو ژوور و ژێـــروو
لە مانـــگ و رۆژ هەتـــاکوو مـــار و مێـــروو
بە کەمـــم و کەیـــف و وەزع و چەنـــد و چـــوونی
بە ئەتـــــوارو بە ئەدوار و ســـــکوونی
گەلاوێـــژ چەفـــتە، زەلـــلام چەنـــدە دوورە
ســـوها تـــاریکە یـــا خـــۆ زۆر بە نـــوورە
هەیـــا چـــۆنە لە چـــی تەرکیـــب کـــرایە
نیزامـــــی ئەو گەڕانە چـــــۆن درایە؟
بە چـــی ئەگەڕێ و بە کـــێ ئەکـــرێ ئیـــدارە
لە بـــۆ کـــێ دێـــتە تەعـــداد و ژومـــارە؟
بەغەیـــرەز قـــوردرەتی دەوواری جەبیـــار
بەغەیـــرەز پادشـــاهی خەلـــلاق و قەهـــار
بە قـــــوتبێکی زەعیـــــف و ناتوانـــــا

ئیـــــدارەی چـــۆن دەبـــێ ئەی مەردی دانـــا
ئەوەی لای ئێـــــــوە دەوواری ئومــــــــوورن
لە بەر دەســـــتی خـــوا کەمتــــر لە مـــوورن
کەســـێ ئیمـــانی بە خـــودا و قـــودرەتی بـــێ
چلـــۆن ئەو ئیعتیقـــادەی دەچـــتە قەلبـــێ؟

مامۆستا دەفەرموێ: ئێوە ئەی پەیڕەوانی پێغەمبەری مەزن! ئێوە هەرگیز بەقسەی نەزانان خۆتان مەگۆڕن و بە چاوی دڵ تەماشای جیهان و خوستان بکەن ولە ژێر زەوی و هەموو کەلێن و قوژبن و ژێرووکە و هەمـوو بـوونەوەر و پەلەوەرێکی تێیدایە و ئەمجا گۆیەکانی ئاسمانی وەکوو مانگ و رۆژ و ئەستێرەکانی دیکە تەماشا بکەن و بڕوانن ئەو نەزم و نیزامە چۆن دروست کراوە و چۆن رێکوپێک کراوە و بزانن گەلاوێژ چۆن و چەفت و خوار و لاپانە و چۆنیش دەدرەوشێتەوە و زەللامیش کە کورەیەکی گەورەیە لەم حەوا و گێشوشە دوورەدا و چەندیش لێرانە دوورە؟ وە بڕوانن سوها کە ئەویش هەر کورەیەکی دیکەی ئاسمانییە چۆن پڕ شۆق و رووناکە یاخۆ زۆر تاریک و بێشۆقە، هەیا وێ دەچێ ئەویش بە زاراوەی مامۆستا یا هەر زاراوەیەکی دیکە کە ئەو زانیویەتی ئەستێرەیەکی ئاسمانی لەم گێشوشە بێ بڕانەوە (فضای لایتناهی)یەدا بێ و یا بە مانای هەیاران بێ واتا هەیاران جارێک لە خۆتان بپرسن ئاخر ئەو شتانە هەموویا، یا ئەو هەموو کورانەی ناو ئەو هەموو کاکێشانەی ناو ئەم گێشوشە بێپایان و بڕانەوە لە چین و چۆن ساز کراون و کێ سازی کردوون و سفنگەلی پێکهێنەر (مواد تشکیل دهندە)ی وان لە چییە؟

ئاخر ئەو هەموو کاکێشانە، کە هەر کامەی پێک هاتووە لە میلیاردها میلیار گۆ و ئەستێرەی گەورە و گچکە و هەر یەکەش بۆ

خۆی خاوەنی ڕێکخراوە (منظومە)یەکە و هەر یەکەی دوو جۆرە گەڕان و خولدانی هەیە. خولدان بە دەوری خۆیدا کە دەتوانین بەوەی بڵێین خۆخولی یا مامە خولە (حرکت وقعی) وە گەڕان بە دەوری ماکەکەی خۆیدا کە ئەوەش گەڕان و خولدانی عەوداڵی (حرکت انتقالی)یە و قورئانی پیرۆزیش دەفەرموێ (کل فی فلک یسبحون) واتا هەموو ئەو ئەستێرە گەورە و گچکانەی ناو ئەم گێشوشە بێسەروبنە لە چەرخەی خۆیاندا لە حاڵەتی مەلە کردندا ئەگەڕان و خولدان دان.

دەیجا ئێوە ئەی پەیڕەوانی باشترین بەندەی خودا سرنج بدەن و تێیڕامێنن و بزانن ڕێکخستنی ئەم جیهان و خوستانە بە دەستی کێ کراوە؟ ئایا وەک هێندێکتان نەزانانە بیر دەکەنەوە یا هەر بیریش ناکەنەوە و لە مێشکیان هاویشتوون بە هێتم (قطب)ێکی چیلاز و لاواز و بێهێز وەک شێخەکانی ئێوە دەگرێ و هەڵدەسووڕێ؟ یان کەسێک دەیگێڕێ و هەڵیدەسووڕێنێ کە هەمووی ئەوانەی بە دەستی هێز و توانای لە ئەژمار نەهاتووی خۆی بە بێ کەرەسە دروست کردووە؟

کوڕە خۆ ئەوانەی ئێوە پێتان وایە هەڵسووڕێنەر و بگێڕی کار و بارن و دنیا لە بەر دەستیاندا وەکوو دەسرۆکەیەک وایە تەنانەت خۆشیان لە بەر دەستی خوادا هەر لە مێروولە سوورکەیەکیش کەمترن جا ئەوەیە کە دەفەرموێ:

هەیا چۆنە لە چی تەرکیب کرایە
نیزامی ئەو گەڕانە چۆن درایە؟
بە چی ئەگەڕێ و بە کێ ئەکرێ ئیدارە
لە بۆ کێ دێتە تەعداد و ژومارە؟
بەغەیرەز قوردرەتی دەوواری جەببار
بەغەیرەز پادشاهی خەللاق و قەههار

بە قـــــوتبێکی زەعیـــــف و ناتوانـــــا
ئیـــدارەی چـــۆن دەبـــێ ئەی مەردی دانـــا
ئەوەی لای ئێـــــوە دەوواری ئومـــــوورن
لە بەر دەســـتی خـــوا کەمتـــر لە مـــوورن
کەســـێ ئیمـــانی بە خـــودا و قـــودرەتی بـــێ
چلـــۆن ئەو ئیعتیقـــادەی دەچـــتە قەلبـــێ؟

بەڵێ مامۆستای زانا و خوا ناسمان دەفەرموێ:

ئەو جۆرە بیرو باوەڕە باوەڕی نەزانـان و خـوا نەناسـانە و هەر کەس باوەڕی بە خوا و هێزو وزەی خوا هەبێ و بەڕاسـتی خوانـاس بێ، چۆن ئەو جۆرە بیرو باوەڕە دەچێتە ناو دڵی؟

بەڵام راسـتی کـاری مەردی خـاوەن بـاوەڕو قارەمـانی مەیـدنی تەکپەرسـتی و خواناسـییە، کە گـش هێـتم و مێـتم و خـوا گەلـی پۆشـاڵی و سـاختەگی بە نـووک شـەق رابمـاڵێ و توڕیـان دا و بیانهاوێتە زبڵدانی مێژووەوە.

مـن خـۆم لە هـاوینی سـاڵی ٢٦٩٠ی کـوردی رێکەوتـی ١٣٦٩ی هەتـاوی لە کاتێکـدا کە مەلای گونـدی خەلیفەلیـانی نـاوچەی سندووسـی نەغەدە بـوون لەبـارەی تەکپەرسـتیدا ئەو سـروودەی خـوارەوەم نووسـیوە و پـێم خۆشـە لێرەیـدا بگـونجێنم. کە ئەوە دەقەکەیەتی:

سروودی تەکپەرەستی

هەی ئەڵـــڵا ئەڵـــڵا بـــاوەڕم پێـــتە وەڵـــڵا
دروشـــــمی ســـــەرەکیمە لا الە الا الـــــلە
تەنیـا تـۆ دەپەرسـتم تـۆی مـایەی بیـر و هەسـتم

بـوون و ژیـتن لە تـۆڕا، بە تـۆ پەرسـتی مەسـتم
هەر تـۆی یەزدانـی زانـا، بەهێـز و پـوگ و توانـا
تەنیـا تـۆی فریـاکەوتوو، هەر بـۆ تـۆش دێـنم هانـا
کێل و گۆڕ و شێخ و پیر، ئاغا و کوێخا و بەگ و میر
هەمـووم بۆ تۆ وەلا نان ئەی بەخشەری زیری و بیر
هەسـت و بـوون و ویـژدانم، گیـان و مـاڵ و سـامانم
لە رێـی تـۆدا بەخـت ئەکەم ئەی بژیـو بەخشی گیـانم
گـش خـواگەلی پوشـاڵی بـێ نێـوەرک و خـاڵی
بە نـووکی شـەق تـێم هەڵدان هەرکە لێیان بووم حاڵی
بتگەلـی زینـدوو و مـردوو، ئێـستا هەبـوو رابـردوو
بتخـانە و بتـساز گـشتی، فـڕێم دا شـتی خـوا نەکـردوو
موسـڵمانم موسـڵمان، بـاوەڕم پێـتە یەزدان
خەبـاتگێڕم، تێکۆشـەر، لە رێـی تـۆدا وەک مەردان
کـوردم و لە رێـی تـۆدا، بەخـت ئەکەم گیـان و بـوونم
بـۆ تـۆیە تێکۆشـانم، بـۆ تـۆیە هـات و چـوونم
هەر کەس تـۆ نەپەرسـتێ، هەر تـۆ نەبـێ مەبەسـتی
بـێ نـرخە بـوون و مـانی، هەر دەڕوا بەرەو پەسـتی
هەر کەس لە رێـی تـۆ لا دا، ژینـی دەڕوا بە بـادا
بەدبەخـتە لە پەسـلانا، کـێ دینـی بە دنیـادا
مـن بـاوەڕم وەهـایە، چـی هەیە هـی خـودایە
بەرگـروان و بەرپرسـە هەر کەس لە دنیـادایە
ئەی خـوای بە هێز و تینم، چاوگەی هەست و ئەوینم
هەر بـۆ رەزامەنـدی تـۆ تێکۆشـەرێکی دیـنم
بڕیـارە تـاکوو مـاوم، تـاکوو دەبیـنن چـاوم
بـۆ رازەی ئـایینی تـۆ، هەسـتاو و راوەسـتاوم

سـا مەرجە کـورەی زەوی، ئـاو و بەژ بەرز و نەوی
لە بـتگەل خـاوێن وەکەم، روون بێ وەک ئاوی شـەوی
رزگـار کەم مرۆڤـایەتی لە بەنـدی بەنـدایەتی
بـۆ بتگەلـی جۆراوجـۆر، کە نـابن بـۆ خـوایەتی
سـا دەبـێ ئـایین گـشتی، خـرِ و پتـوون و مـشتی
هەمـووی هەر بـۆ خـودا بێ، مـرۆڤ گـشتی سروشـتی
گـورزی تـۆ دەبـێ هەسـتی، دژی ملهـورِ پەرسـتی
بـکەویە سـەر رێـی ئـازادی رێـگەی خـودا پەرسـتی

روون کردنەوەیەک

مامۆستای بەڕێزمان بە هەمو هێزی زانیاری و ئەنبووژەنی خۆی لە دژی بازاڕی شێخ و شێخایەتی راپەڕیوە و بە هەر ئامێر و ئامرازێکی کە بۆی لوابێ بەربەرەکانی کردووە. ئەو بلیمەتە پسپۆڕە قورئان زانێکی کەموێنە و ئیسلامناسێکی بێهاوتا بووە، کەوایە بە هیچ جۆرێک ناکرێ و ناگونجێ و ژیری و ئاوازە نایگرێ کە ئەو هیچ شێخێکی قەبووڵ کردبێ و بێگومان لەگەڵ ئەو بازاڕە بوزی نەخواردووە.

ئێمە دەزانین کە گەورەترین، گرینگترین و رێکوپێکترین تەریقەت لە وڵاتی کوردەواری تەریقەتی قادری و تەریقەتی نەقشبەندین و ئەویش لە پێش هەمواندا ئەو دووانە بە دوژمنی سەرەکی ئیسلام و گەلی کورد دەزانێ و دەڵێ:

تەریـــــــقەی قـــــــادری و نەقـــــــشبەندی
بە بـــــای دا رەونەق و ئـــــاهەنگی کـــــوردی

یا لە جێگایەکی دیدا بە سادەترین زمان و بێگرێ و گۆڵترین زاراوە هەموو شێخێک بە خەراپ و دژی ژین دەزانێ و دەفەرموێ:

هەتـــــا شـــــێخێک لە کوردســـــتان بمێنـــــێ
ئومێـــــــدی زینـــــدەکانیت پـــــێ نەمێنـــــێ

نــاکرێ بڵێــین هێنــدێک لە شــێخەکانی قەبــووڵ کــردووە و هێندێکیانی وەلا ناوە. چونکە فەرموودەکانی ئەوەنــدە بێتــوێکڵن و ئەوەندە سادە و رەوانـن کە هەمـوو کەس بە ئاسانی لێیـان حـاڵی

دەبێ و لە مەبەستەکەیان تێدەگا و بەڕاستی هیچ گرێپووچکەیەک لە وتارە شیرینەکانیدا نییە. هەروەها روونی و رەوانی زاراوە و قسە لە رووی ئەو بەڕێزە و جوانی قسە و خیرەت و هێزی زانیاری یەکجار زۆری وی زۆر لەوە بالاتر بووە کە رووپامایی و دووڕوویی بکا یان لە رووی کەسێک دابمێنێ.

رەوش و بەرنامەی وی هەر ئەوەیە کە لە هۆنراوەکانیدا فەرموویەتی و لە نووسراوەکانیدا نووسیویەتی و ئەویش بە هیچ جۆرێک ئەوەیان لێ دەرناکەوێ کە مامۆستا هێندێک لە شێخەکانی پێ چاک ببێ. بەلام ئەو هەرگیز دژ و نەیاری دۆستەکانی (اولیاء)ی خوا نەبووە، چونکە قورئان قەبووڵیان دەکا و دەفەرموێ: (ألا ان اولیاء الله لا خوف علیهم و لا هم یحزنون) واتا هۆشیار بە و دەبێ بزانی کە دۆستانی خوا لە رۆژی پەسلاندا هیچ ترسێکیان لە سەر نییە و هیچ خەم و پەژارەیەکیش نییە بۆوان.

بەلام هیچ گومانیش لەوەدا نییە کە شێخ و وەلی زەوی تا ئاسمان لێک دوورن و وەکوو زێو و زەوی وان. جا هەر بەو بەڵگە و پەرتۆیانە ئەو پارچە هۆنراوەی کە روو دەکاتە خەلیفەی شێخ عومەر و پێی دەڵێ ئەتۆ وا و وای و بەلام شێخ عومەر شێخێکی وا پاک و چاک بووە

من بەئی مامۆستای نازانم و لام وایە کە بۆیان هەڵبەستووە و بە زمانی ویەوە دایانناوە، بۆ ئەوەی کە بە موسڵمانانی کوردەواری بسەلمێنن کە بەڵێ مامۆستای کۆییش دژ و نەیاری هەموو شێخێک نەبووە و ئەوەتا چۆن بە شێخ عومەرێک هەڵدەڵێ دیارە مەبەستیشیان ئەوەیە کە بە هەر جۆرێک بێ بیچەسپێنن کە بابە شێخ هەموویان خەراپ نین و شێخی باشیش هەیە و مامۆستادا قەبووڵیەتی، بەلام بە هیچ جۆرێک لە گەڵ بیر و

باوەڕی مامۆستدا نایەتەوە و ناگونجێ و من قەت لەو باوەڕەدا نیم کە ئەو بەڕێزە شتێک بڵێ دژ و نەیاری بیر و باوەڕی راستەقینەی خۆی بێ. بە هیچ جۆرێکیش پیاو بۆی قەبووڵ ناکرێ کە تەنانەت حاجی مەلا عەبدوڵڵای باوکیشی مریدی هیچ شێخێک بووبێ.

بیر و رای مامۆستا لەمەڕ شێخ وشێخایەتی هەر ئەوەیە کە گوتمان و بەس. بیروڕای وی هەرگیز لەرزۆک و بگۆڕ نەبووە و باوەڕی پۆلایینی ویش قەت ئەوەی قەبووڵ ناکا کە لە جێیەک بە هەموو هێز و توانای خۆی بە گژ شتێکدا بچێ و لە جێیەکیش لەبەر بەرژەوەندی کاتی یان ... پێی هەڵبڵێ. بەڵام نازانم مامۆستا (گیو) چۆن بێلێکۆڵینەوە چاپی کردووە و بۆچی هیچ لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر نەکردووە.

جا بۆ ئەوەی خوێنەرانی خۆشەویست خۆیان داوەری بکەن، منیش ئەو پارچە هۆنراوەی وەک خۆی دەهێنمەوەو دادگەرییەکەی دەدەمە دەستی وان.

بۆ خەلیفەیەکی ناخەلەف

تۆ خەلیفەی جەنابی شێخ عومەری؟
ئەدی مردووت مرێ بۆچ هێندە کەری؟
شێخ عومەر زاتێکی زۆر مونەووەر بوو
خادمی شەرع و عیلمی ئەنوەر بوو
تۆ لەبۆ هێندە پیس و بەد رەوشی
ئەحمەق و جاهیل و کەر و وەحشی
غەیری ریشی درێژ و بێخەبەری
چت زیاد کرد لە هیممەتی عومەری
لە تەریقەت بە غەیری پووچ خەیاڵی
لە سواری بە هیچ نەبووی حاڵی

شـــــەوق و زەوق و تەریـــــــقەی نەقـــــشی
ســـــەفوەتی چـــی بە روحـــی تـــۆ بەخـــشی؟
غەیـــــــری ژن گـــــان و بێـــــوەژن هێنـــــان
یـــا بە دوو نـــانی کـــۆیی وەکـــی دوونـــان

بەڵێ بۆدامودەزگای شێخ وشێخایەتی سووک کردنی خەلیفەیەکی کەم و نـۆکەرمەنیش و گەورە کردنـی شـێخێک شـتێکی ئاسـایی و ئاسـان و خـودی رامیارییەکەشـیان هەر وایە. مەگەر نـابینن کە دەوڵەتێک کەسێک یا چەند کەس هان دەدا بۆ ئەنجام دانـی کارێک کە دژی یاسای مرۆڤایەتی یا نێونەتەوایەتییە، هەر کاتێک ئاشکرا بوو حاشایان لێ دەکا و دەڵێ بە هیچ جۆرێک وابەستە بە ئێمە نین! ئەگەر نەخشەکەشیان سەرکەوت، دەیانکاتە قارەمان

راسـتی رامیـاری زۆرلەوە قـووڵترە کە هەرئاواسـادە بیـری لـێ بکەینەوە، بۆ دامودەزگای پان و بەرینـی شێخایەتی یـان تەنـانەت بگرە تەریقەتێکیش فیدا کردنی چەنـد دەروێش و خەلـیفەی گەوج و نەزان هەر هـیچ نیـیە. ئەویـش جـا بە تـایبەتی کە تێـی رامێنـی هەرچەند لە باری کێش و تـۆن وە هەڵبەسـتەکە تەواو نییە، بەڵام زۆر زیرەکانە گوتراوە. نە شێخ عـومەر کە بە تەواوی ناسـێنراوە و نە خەلیفەکەش کەس دەزانێ کێیە!! سەرەڕای ئەوەش زۆر بـێتـام و چێـــژ و بـــۆن و بەرامەیە و تەرازووی سروشـــتی مامۆســـتا نایخوێنێتەوە. چونکە بێگومان مامۆستا هەرگیز لەو جۆرە کەسانە نەبووە کە شتێکی٢٠٠-٣٠٠ساڵ دوای پێغەمـبەر پەیـدا بـووبێ و لە دین زیاد کرابێ، ئەویش بۆی جیا نەکرێتەوەو بە نێوی دین قبووڵی بکا،جا کەوایە مـن بە راشـکاوی دەڵـێم زۆر زۆر وێـدەچێ لە بنـیڕا ئەوپارچە هەڵبەسـتە بۆ مەبەسـتێکی تـایبەتی بە زمـانی مامۆسـتاوە هەڵبەسترابێ یا لانیکەم دەس تێوەردانێکی زۆری تێدا کرابێ.

ئامۆژگاری

هەرچەند تەواوی وتە و فەرمـوودە و هۆنراوەکـانی مامۆسـتا هەموویـان هەر ئامۆژگـارییەکی وان کە دەبـێ بە ئـاوی زێڕیـان بنووسییەوە، بەڵام لە چاو هەموو هەڵبەستەکانی ئەو بەستەی ناو ناوە ئامۆژگاری.

لام وایە ئەو نێوەی بۆیە بۆ ئەو پارچە هەڵبەستەی هەڵبژاردووە چونکە ئەو پارچەیە تایبەتی بە لادێوە هەیە و لە پەیوەندی لەگەڵ ژیـواری نالەبـار و نائـامواری دێنشینە هەژارو فێـڵ لێکراوەکانـدا داینـاوە کە لە پێشدا چۆنیەتی حـاڵ و ژیـواری وان بە چـاکی روون دەکاتەوە و بە جوانی باسی ئەوەی دەکـا کە لە دێدا کەسی بێکـار نییە و هەر کەسە خەریکی کارێکی تایبەتییە

سـەرەڕای ئەوەش خەڵکـی لادێ زۆربەیـان نەخوێنـدەوار و بـێ ئاگان و زۆر سادەو ساکارو بێفێڵ و فووتن،چونکە خۆیـان پـاک و بێفێڵن وا دەزانن کە هەموو کەس هەروەک خۆیانە، جا بە تایبەتی ئەو شـێخ و مێخـانە کە نێـوی رابەرایەتـی ئـایینی و دڵـسۆزی گەلیشیان لە سەر خۆیان داناوە. چونکە خەڵکی دێهاتی کوردستان هەمـوو موسـڵمانن، بەڵام موسـڵمانی نائاگـا و ناهۆشـیار و چـاو بەستراو. ئەوانە کە لایەنـی ئایینیـان بە خۆیـانەوە گرتـووە و جـا هەستی ئایینی خەڵکیش هەموو هەستێکی وە بن خـۆی داوە زۆر بە چاکی و بە ئاسانی توانیویانە خەڵـک بە تـایبەتی خەڵکـی سـادە و ساکار و ساویلکە بۆ لای خۆیـان راکـێش و بە کەیفـی خۆیـان و بـۆ قازانجی خۆیـان مێشکیان ئاو بدەن و وەکاریان بخەن.

جا لێرەدا ئەوەی کە بتوانێ ئەو خەڵکە هەژار و رێ لێ ون کراوە رێنوێنی بکا و بیانخـاتەوە سـەر رێـی راسـتەقینە، بە رواڵەت و لە

نهێنیـــشدا هەر مەلایە و بەس. بەڵام کە تەماشـــا دەکـــا ئەویـــش نەخوێنـدەوارێکی بـێسـەواد و نائاگـا و فریـو خـواردووە، هەر بە رواڵەت مەلایە و لەبەرگی مەلایەتیـدا نـوێنەرێکی شـێخە، تـووک و نزای لێ دەکا و بێزاری خۆی لێ دەردەبڕێ و دەیـداتە بەر تـوانج و پلار و بە خەڵک رادەگەیەنێ کە ئەوە راگەیەنەرێکی شێخە و ئەوەی ئەو دەیڵێ و ئەو دەیکا کاری نەزانێکـی بە کرێ گیـراوە و بەس. وە ئەو مەلایەش کە ئەوە ئاکاری بێ هەر ئەوەیە کە دەفەرموێ:

ئەویـــش بـــۆ شـــێخ وەکـــوو کەلبـــی مـــوعەللەم
بە دەم کەروێـــــــشکی بـــــــۆ دەگـــــــرێ لە لانە

ئەوجـاردێتە سـەر کـردەوە ورەفتـاری شـێخ لە دێـدا ئیتـردوای ئەوهەمـوو هـای و هـۆی ئەو هەمـوو تـێکەڵ بـوونی ژن و پیـاوە لە نیـوەی دوایـی شـەودا ئەو جـار مەلای نـامەلا و نەخوێنـدەواری خـۆفرۆش دەڵـێ: ئەی خەڵکینـە! یـارمەتی کـۆ کەنەوە. بە بـێ خۆخوراندن وبە گورجی وخێرا و ئازایانە و هەرچی لە دەستتان دێ درێخی مەکەن، جا دوای رۆیشتنی جەنابی شێخ یەکێکی ژیر و زاناو تێگەیشتوو هاوار دەکا و بە خەڵک دەڵێ:

ئەی خەڵکینە! ئێوە لە فێڵی فێڵکەران شارەزا نـین و ئاگاتـان لە فێڵ و فووت و راو و رووتی ئەو فێڵبـازانە نییە، بەڵام مـن گومـانم لەوەیـدا هەیە، کە ئـاوات و ئامـانجی ئەو شـێخانە هەر وا رووت کـردن و تـاڵان و چەوسـاندنەوەی خەڵـکە و بەس. ئیتـر ئەوانە هەموویان لە لایەن دەزگای کوفرەوە رابەرایەتی دەکرێن و رێبازیان بۆ دیاری دەکرێ و خانەگاکانیشیان وەک روون و ئاشکرایە و وەک دەڵێن و دەیگێڕنەوە تەڵە و تۆڕن بۆ فریو دانی سادە و ساویلکە و ژن و منداڵی خەڵکی هەژار و نەخوێندەوار.

جا مامۆستا بەو جۆرە ئەو مەسەلە ناڕوون و نائاشکرایە بۆ دێنـــشینە هەژار و چـــاو بەســـتراوەکان روون دەکـــاتەوە و ئامۆژگارییان دەکا کە وە دوای ئەو فێڵبازە چاو بەستانە نەکەون و چیدیکە فریو نەخۆن. چونکە ئەوانە سەرەڕای ئەوەی کە هەر لە لەوەڕ و خۆقەڵەو کردن و ماڵ کۆ کردنەوە دەگەڕێن، سیخوڕ و وابەستەی ئەم لاو ئەولاشن و خۆیان لە سەر ئێوە ئاوا دابەستووەو مامۆستا کۆیی گوتەنی: بە ناوی دین باش دەلەوەڕێن!!

خۆ ئایین هەر بە هیچ جۆرێک پێویستی بە شێخ و مێخ نییە و ئیتر ئەو بازاڕە بازاڕێکی رەشە بۆ لێک بڵاو کردنی موسڵمانان و لاواز کردنـی ئیـسلام دانـراوە. ئەوەی قـازانجی زۆر لەو بـازاڕە وە دەس دێنێ شێخە سیخوڕەکانن و لەوانیش باڵاتر ئاغاکانی وانن!!

چـــونکە لە لایەک لەو جێـــیەی کە خۆیـــان دەزانـــن کـــوێیە سیخوڕانەی خۆیان وەردەگرن و لە لایەکیش بە کەیفی خۆیان لە سـەر ورگـی ئەو خەڵـکە هەژارە دەلەوەڕێـن، چـونکە لە خـواش ناترسن بە کەیفی خۆیان ناموسی وان لەککەدار دەکەن. خـۆ ئیتـر لە ژنەگەلـی خـوا نەنـاس و بـێئاگـا لە ئـایینیش گەڕێ کە چـۆن خۆیان دە تۆڕی ئەو راوچییانە داوێن و وا دەزانـن کە شێخ هەموو شـتێکی هەر رەوایە و بە فەرمـانی خـوا وا دەکـا و ئیتـر هەمـوو جێیەکی متفەڕکە!!

خـۆم لە کـۆڕی شـێخێکیدا دانیـشتبووم کە قـسەی خۆشـی بـۆ دانیـــشتووەکان دەگێـــڕانەوە پێـــشێ خەریـــک بـــوو لەبەر مـــن بسڵەمێتەوەو نەیانڵێ، بەڵام پێیان گوت: قەیدی ناکا و خۆ ئەویش ئەو قسانەی پـێ خۆشـە و ناشـیانگێڕێتەوە، کـوڕی چـاکە و وەک خۆمانە!! (خوا نەکا وا بم) جا ئەویش دەستی پـێ کـرد و گـوتی: لە کاتی ئیرشادی خۆمدا رۆژێک دیتم ژنێکی زۆر جوان و لەبار و تەڕو تۆڵ زیـز ببـوو هـاتبووە خانەگـایەکەی ئـێمە. هەر کە دووراو دوور

چاوم پێی کەوت کرمی سەرم بزووت و لە دەروێشێکم پرسی ئەوە چییە؟ گوتی قوربان ژنی فیسارە مریدەی خۆمان لە فلانە گوندی لە مێردەکەی زویر بووە و سەری خۆی هەڵگرتووە و هاتۆتە ئێرە. جا ئیتر چاوەڕوانی هیممەت و بەرەکەتی ئەو خانەدانەیە. منیش هەر ئەوم ناردە لای و گوتم پێی بڵێ کە بە هیچ جۆرێک لە چەنگی حاجی شێخ سەیید رزگارت نابێ و ئاوا دەفەرموێ. ئیتر سەرەنجام پاشی چەند رۆژان مێردەکەی کە بە دوایدا هات و دەستی کرد بە پاڕانەوە و لاڵانەوە و دەردی دڵ کردن منیش کە زۆرم پێ ناخۆش بوو بیباتەوە ناچار پێم گوت رۆڵەم ئەو ژنەی تۆ زۆر کەر و بێئەقڵە، دەبێ جارێ ماوەیەک لێرە بێت، نسحەتی بکەم و ئا بەو جۆرە چەند جاری دیکەش هات و بە دەستی بەتاڵ ناردمەوە و چەند مانگێک ژنەم نەناردەوە لای مێردەکەی.

جا من ئەوەم لە زمانی خودی شێخ بیستووە بۆیە دەیگێڕمەوە و ئیتر ئەگەر خوا بکا درۆش بێ هەر هۆباڵەکەی بە ئەستۆی خۆیەتی. دەنا لەو بارەوە داستانی جۆراوجۆر ئەوەندە زۆرن، کە چەندین پەڕتووک و نامیلکەی ئاواش ناتوانن خڕکەرەوەی تەنانەت نیوێکیشیان بن.

بەڵێ جا ئەوەیە مامۆستای دڵسۆزمان باوکانە ئامۆژگاریمان دەکا و دەفەرموێ:

ئامۆژگاری

قسێکت بۆ دەکەم چاکی بزانە
قەبوولی کە بە بێ عوزر و بەهانە
لە سەر زار و زمانان گەرچی سووکە
لە میزانی حەقیقەت زۆر گرانە

بە خێـــــری خـــــۆت بە خەڵکـــــی ڕاگەیێـــــنە
هەتـــــا زاهیـــــر بـــــێ ئەو ســـــیرڕی نیهـــــانە
هەتـــــاکوو ئەهلـــــی شـــــار و دەشـــــت و لادێ
خەبەردار بـــــــــن لە ئەحـــــــــواڵی ئەوانە
بۆخـــــۆت ئەحـــــواڵی لادێ چـــــاک ئەزانـــــی
یەکـــــــێ جووتیـــــــار، یەکێکـــــــی بەرخەوانە
فـــــڵان ئـــــاودێرە، ئەویـــــان عەرد ئەکێڵـــــێ
شـــــــوانە ئەو، ئەوی‌تریـــــــان ســـــــەپانە
خەریکـــــی کـــــارو بـــــار و جـــــووت و شـــــوانین
لە فێڵـــــــــی فـــــــــێڵکەران ناشـــــــــارەزانە
مەلایەکیـــــــان هەیە ســـــــندانی لـــــــێ دا
نەخوێنـــــــدەوار و ئەحـــــــمەق و گەوج و نەزانە
وەکـــــوو کەر گەڕ ئەخـــــوا دایـــــم لە دێـــــدا
بە ریـــــشی پـــــان دەڵێـــــی مـــــالمی جـــــووانە
ئەویـــــش بـــــۆ شـــــێخ وەکـــــوو کەلبـــــی مـــــوعەللەم
بە دەم کەروێـــــشکی بـــــۆ دەگـــــرێ لە لانە
ئەڵـــــێ تـــــۆبە بـــــکەن لای شـــــێخ بە گـــــورجی
قیـــــــامەت ڕائەبـــــــێ هەر بەو زووانە
دە زوو چێـــــشتێ لە بـــــۆ شـــــێخی دروســـــت کەن
پـــــــڵاو، ســـــــاوار و شـــــــلکێنە و کەلانە
بە مـــــام کوێخـــــا بڵـــــێن ئەســـــپابی ڕێـــــک بـــــێ
لە بـــــۆ شـــــێخ شـــــەو کە دێـــــتە دیوەخـــــانە
کە نیزیـــــک ســـــاعەتی دوو بـــــوو هەتـــــا دە
لە بـــــۆ نێـــــران بەســـــە، نـــــۆرەی ژنـــــانە
ژنـــــی کوێخـــــا و ئەهـــــالی دێـــــنە جەزبە

ئیتـــــر هـــــاوار و گریـــــان و فوغـــــانە
لە پـــــاش ئەو هـــــای و هـــــۆی و تێکوتـــــانە
دەڵـــــێ ئەی قەوم و گەل، کـــــۆ کەن ئیعـــــانە
مریـــــشک و هـــــێلکە و چویـــــشتر و کـــــاوڕ
کەرە و دانـــــدۆک و ســـــاوار و هەمـــــانە
گـــــوریس و ســـــیپەک و نـــــاودۆک و مەشـــــکە
جەواڵ و تـــــوورەکە و تیـــــرۆک و خـــــانە
هەمـــــووی حـــــازر بـــــکەن بـــــۆ خـــــۆ خورانـــــدن
دە خێـــــرا بـــــن بە چوســـــتی و عـــــاقڵانە
بە هەر نەوعـــــێ کە شـــــێخ تەشـــــریفی رۆیـــــی
یەکـــــی عاقـــــڵ هەڵئەســـــتێ لەو میـــــانە
ئەڵـــــێ ئەی قەوم و گەل، ئێـــــوە بەڵەد نـــــین
لە کەیـــــد و فێـــــڵ و نەیرەنـــــگ و فـــــسانە
لە لام مەعلـــــووم بـــــووە بـــــێشـــــک شـــــوبهە
بە ئاســـــار و بە ئەتـــــوار و نیـــــشانە
ئەهەممـــــی مەقـــــسەدی شـــــێخی زەمـــــانە
لـە دنـــیا ئـالـیـکـە و هـەم نـان و گـانـە
هەمـــــوو تەزویـــــر و کەیـــــد و مەکـــــری شـــــێخان
لە لایەن کـــــوفرەوە دەکـــــرێ نیـــــشانە
ئیتـــــر گـــــش خانەقـــــای شـــــێخانی شـــــەیتان
وەکـــــوو مەشـــــهوورە گۆیـــــا خانەگـــــانە
موســـــڵمانی نەزانـــــی بـــــێســـــیوادیش
لە لایـــــان وایە گەر مـــــاڵی خـــــودانە

شێخ عەبدولکەریم

ماموستای بەهەشتیمان زۆر چاک دەزانێ کە شێخگەل و دەزگای شێخایەتی لە بنیڕا چین و بۆ چی دامەزراون و ئیتر ئەوەی کە بە تەواوی مەبەستیان نەبێ هەر ئایینی پیرۆزی ئیسلام و بەڕێوە بردنی یاساکانی و سەر لێ شێواندنی موسڵمانان و بڕبڕ بوونیانەو بەس.

چا هەر بۆیە هەر دەمێک بۆیان هەڵکەوێ و بۆیان بلوێ هەر بۆ ڕابواردن و خۆشگوزەرانی خۆیان هەموو یاسا و ڕێسایەک دەدەنە ژێر پێ و پێی ڕێ دەخەن.

داستان و بەسەرهاتی یەکجار زۆر لەو بارەوە دەگێڕنەوە کە هەموویان نیشاندەری ئەوەن کە لە بن ئەو نیوەکا سەدا کەسەیەکی گەورە هەیە و لە بن ئەو پەردە چکۆلەدا دنیایەک شێردراوەتەوە و هەر کاتێک ئەو نیوەکا سەلا ببرێ و ئەو پەردە چکۆلە لابدرێ، دنیایەکی سەیرو سەر سووڕهێنەر دەردەکەوێ!

چا وەهاشیان خۆ نیشانی خەڵکی نەزان و بێئاگا داوە کە بە قسەی خودی ماموستا،

مەلا گەر بێ و بڵێ نابێ وە ها بێ
ئەڵێن ئەم فاسقە بۆتە وەهابی

ئیتر ماسکی وەهابیگەری لە نێوچاوانی دەدەن و هەر بەو دەردە گرانەش ماموستا گوتەنی:

ئەوەی زانایە ناو جەرگی پەلاسە
ئەوەی نادانە نازانێ چ باسە

دەگێڕنەوە شێخێک گۆیا پتر لە دە ملوێن کەس مریدی دەبن خزمەتکارێکی تایبەتی دەبێ لە لای خەڵک بانگی دەکا ئافتاوە و لەگەنانی بۆ بێنێ تا دەستنوێژێ هەڵبگرێ، بەڵام گۆیا کاتێک، کە کەس دیار نابێ پێی دەڵێ: لایان بە دەستنوێژی چی؟

نازانم ئەو چیرۆکە تا کوێ راستە، بەڵام دەڵێن خودی خزمەتکارەکە گێڕاویەتەوە!! وەک دەڵێن هەر ئەو شێخە کە تەمەنی لە دەوری ٧٠–٨٠ ساڵیدا دەبێ یەکێک لە مریدەکانی کچێکی ١٤ ساڵانەی بێئەندازە جوانی دەبێ و ئەویش داوای لێ دەکا، کە بیداتێ. مریدەکە لە خۆشیان تڕی دە تڕێ راناوەستێ و گورجێ پێشکەشی دەکا. بەڵام بۆ قایل کردنی کچەکە هەموو دەست و پێوەندەکان دەکەونە کار و کچەش، کە قەت چاوی بەو شێخە گەورەو بە قەوت و بەنێوبانگە نەکەوتووە بەڵێنی نادا و سەرەنجام دەڵێ ئەگەر هەر وایە بچن وێنەیەکی شێخم بۆ بێنن، ئەگەر خۆشم نیشان نادا، با چاوم بە وێنەکەی بکەوێ.

ئەوانیش دەچن و وێنەیەکی تەمەنی سی ساڵی شێخی بۆ دەبەن، کە دیارە جەنابی شێخیش لە تافی لاویدا گەلێک بە دیمەن و جوان دەبێ. بەڵێ کچە وێنەکە وەردەگرێ و، کە دیارە زۆر جوان ولاو دێتە بەر چاوی بەڵێنییان پێ دەدا و زۆر، یا کەمی پێ دەچێ کچە بۆ شێخی دەگوێزنەوە و شەوێ هەوەڵ، کە زاوا دەچێتە لای بووکێ، بووک وا دەزانێ، کە ئەوە خەزوورەیەتی و باسکی ماچ دەکا و بە مامە مامەوە لای سەرووی دەخا و ئەویش دەڵێ ئاخر خۆ وا نییەو من مامی تۆ نیم و بەڵکە من مێردی تۆم و تۆ لە من مارە کراوی

بووکیش وێنەی سی ساڵییەکەی لە گیرفانی دەردێنێ و دەڵێ ئاغا من شووم بەو کەسە کردووە نەک بە پیرێکی وەک تۆ. وەک من

بیستم چەند ساڵان ئەو کچە لە ماڵی شێخی بە کچی مایەوە و شێخی نامەردی هەر دانەهێشتە خۆ و ئەویش هەر دەستی لێ بەرنەدا!!

گومان لەوەدا نییە کە ئەو جۆرە داستانانە ئەگەر ١٠٠% راست نەبن چەند لە سەدێکیان راستە و لە خۆڕا هەڵنەبەستراون. راستی ئەوانە وێڕای سیخوڕی بۆ ئەو لا و ئە لا یا وەرگرتنی کرێی کاریان بە زۆر و زەوەندی لە نێو ئەو خەڵکە هەژارەشدا هەر بە کەیفی خۆیان لە هەر بارێکەوە رایانبواردووە. وەک کابرا گوتەنی: تووتنی مفت و ئاغای کەریان بۆ هەڵکەوتووە و بە کەیفی خۆیان لێی خوڕن.

گەلێک لە شێخەکان خانەگای ژنانیان هەبووە و گۆیا ئەو خانەگایانەش جیاوازییەکی وایان لەگەڵ حەرەمسەرای شایانی ستەمکار نەبووە و ئەگەر وردیش بیری لێ بکەینەوە هەر دروست وان و بێجیاوازین ئەوانە خۆیان دە بن باڵی دۆستانی خوا (اولیاء الله)دا شاردۆتەوە و بە داخەوە زۆر کەسی نەزان و بێئاگاش پێیان وایە ئەوانە دۆستی خودان و دیسانیش بە داخەوە زۆر کەسیش هەمووان رەپێچەک دەدەن و بەربەرەکانی هەمووان دەکەن و جیاوازی لە نێوان شێخ و دۆستی خوادا دانێین!!

من بە گوێی خۆم لە شێخێکی زۆر گەورەم بیست کە وتاری بۆ خەڵک دەدا ناوی ستەمکارترین دەسەڵاتداری رۆژگاری وڵاتی برد و گوتی ئەگەر لێم بپرسن تۆ چ کارەی، دەڵێم هەر خۆم و خودی شاهەنشا دەزانین و بە هیچ کەسی دی پێوەندی نییە.

جا کە جار جارە ئەو رازانە ئاشکرا دەکەن پیاو هێندەی پێ خۆشە و دەبێ زۆریان لێ مەمنوون بێ ئەگەر لە پتەشیان دەربچێ هەر زۆرە. کە وێدەچێ ئەو پارچە هەڵبەستەی مامۆستای

بەڕێزیشمان هەر شتێک بێ لەو شتانە و ئیتر بێلێکۆڵینەوە و توێژینەوە هۆنراوەکەی مامۆستا دێنین کە دەفەرموێ:

مەمنوونی شێخ عەبدولکەریم

هەمـــوو مەمنـــوونی شـــێخ عەبـــدولکەریمین
کە ســـیرڕی ئەم تەریـــقەی ئاشـــکرا کـــرد
حیجـــابی بەینـــی نێـــر و مێـــی فـــڕێ دا
هەرامە و هینـــی پێکـــدی ئاشـــنا کـــرد
لە خەڵوەتخـــانەیی بەزمـــی مریـــدان
بە پێـی خـۆی دانـس و هەڵپەڕکێـی پەیـا کـرد
بە ئەفـــسوون و فـــسانەی ســـۆفی تۆفیـــق
هەزار مێـــرد و ژنـــی لێکـــدی جیـــا کـــرد
نەزۆکـــێ گەر بە ئـــیخلاس روو لەوێ کـــا
دەبینـــین شـــێخ کـــوڕێکی پـــێ عەتـــا کـــرد
ڕەواجـــی دا بە دەســـتووری ئیبـــاحی
کتێبـــی شـــەرع و عیلمـــی بـــێبەهـــا کـــرد
تەیـــاترۆیێکی وای دانـــا لە عـــالەم
تەوەللایـــان لە دینـــی مـــستەفا کـــرد
گەلێـــک مـــاوە لە ئەســـراری تەریقـــی
بەڵام جـــارێ بەوەنـــدەم ئیکتیفـــا کـــرد

بەڕاستی هۆنراوەکانی مامۆستا ـ خوای گەورە لە بەهەشتی بەریندا نیشتەجێی بکا ـ هەموویان نموونە و ئاوێنەیەکی بالانوێنی کارەساتگەلی جۆراوجۆرن و بە هەر تاکە هەڵبەستێکی ئاماژە بۆ

ڕووداوێکی سەیر و سەر سووڕهێنەر دەکا کە لەوانەیە وێنەی وان لە ڕۆژگارانی دوای مامۆستاشدا دووپات بێتەوە ولە هەر ڕۆژگارێکدا بە جۆرێک شتەهایەکیان لێ ڕوو بدات.

لەو ساڵانەی دواییدا شێخێک پەیدا بوو خۆی بە نووشتە و گشتەک بەڕێ دەبرد و بەتایبەتی سەروکاری وەک دەڵێن لەگەڵ نەزۆک هەبوو. وەک دەڵێن بۆ پەیدانی بوونی منداڵ نووشتەی لە نێوکی ژنەکە دەنووسی و دەشڵێن بازاڕیشی زۆر گەرم بوو.

دەڵێن جارێک لە خەڵوەتخانەی مریداندا ژنێک گەرم داهاتبوو و جەزبەی گرتبوو و بە هیچ جۆرێک وە خۆ نەدەهاتەوە و هەرچی لەگەڵیان کرد هەر بێسوود بوو و نەهاتەوە سەرخۆ! ئاخری گوتیان بابە، با دەروێش عەولا ناوێک بیباتەوە ماڵێ، دەروێش عەولاش لە ڕێییە شەیتان چوو دە کڵێشەوەیە و تووشی کارێکی کرد کە نەدەبوو تووش ببێ. ئەمجا لە شەوەکانی دیکەی بەزمی مریداندا ئەو ژنە لە باتی زیکر و ئەوراد، هەر دەیگوت دەروێش عەولا بمباتەوە، وەک شەوی دیم لێ بکاتەوە.

دەیان و سەدان و هەزاران شتی دیکەی لەوچەشن ووێنەش هەن و ڕوویان داوە و شتی زۆر سەیر و سەر سووڕهێنەریان تێدایە. بەڵام هەر شتە لە جێی خۆی جوانە و هەر شتێک نابێ بۆ هەر جێیەک، دەنا ئەو جۆرە شتە باوشکێنە(خارق العادە)انە زۆرن!!

دەگێڕنەوە کە لە مەڵبەندی موکریان شێخێک دەبێ و مریدێکی دەبێ، کە ژنێکی زۆر جوانی دەبێ و ڕۆژێک خۆی و ژنەکەی دەچنە خزمەت شێخ و شێخیش شەیتان دەچێتە کەڵلەیەوە و فریوێ دەخوا. بە مریدەکەی دەڵێ پێم خۆشە خێزانت ماوەیەک لێرە بەجێ بێڵی شێخ ژن پێی خۆشە ئەویش دەڵێ بە چاوان.

پاش ماوەیەک دەچێ ژنە دێنێتەوە و ئەویش هەرچی لە شێخی دیتووە ورد بۆی دەگێڕێتەوە مریدەش دوایە ماینێک زین دەکاو دەچێتەوە لای شێخ و دەڵێ قوربان بە سەدەقەی سەرت بم خێزانەکەم لە تاوی شێخ ژنێ وەک شێتانی لێ هاتووە و هەر هاواری شێخ ژنیەتی و ئێستا دەبێ هەر چۆنێک بێ چەند رۆژێکان لە گەڵم بنێری ئەویش بە سەر زاریدا دێ و دەڵێ باشە و مریدەش خێرا شێخ ژن سواری ماینەکەی دەکا و دەیباتەوە ماڵی خۆیان و دوای ئەوەی لێی وەڕەز دەبێ دەیباتەوە و روو لە شێخی دەکا و دەڵێ: بە خوا جەنابی شێخ تۆ چت کردووە منیش هەروا. جا بیڵێی دەیڵێم، مەیڵێ نایڵێم.

بیڵێ و دەیڵێم، مەیڵێ و نایڵێم

دەڵێن جارێک مریدێک هێندە کەر بوو
لە کەر کەرتر لە بۆ شێخ بارەبەر بوو
لە لای شێخ بوو تەواوی هەست و خوستی
خاو و خێزان و ماڵی دابووە دەستی
ئەوەندەی باوەڕ و متمانە پێ بوو
بۆ گش فەرمانێکی چاوی لە رێ بوو
لە بۆ شێخ ئەو نەبوو خاوەن سەر و ماڵ
لە بۆ وی شێخ برا بوو، باب و هەم کاڵ
ژنێکی بوو لەبار و شۆخ و شیرین
گوڵێک بوو چەشنی سمڵی ناوی پەرژین
وەکوو شێخ ژن جوان و شۆخ و ناسک
رەزا سووک و خەرامان، چەشنی ئاسک

جەنـــابی شــێخ دەیویـــست دەســـتی بیگــاتێ
کە بەڵـــــکە لانــــی کەم شــــتێکی بـــداتێ
گــــوتی بە مریـــــدە خێزانــــت بنێــــرە
تـــا تـــۆبەی پـــێ بـــکەم لێـــرانە خێـــرە
لە تەکیەیـــــدا لەگەڵ گــــش ئەو ژنــــانە
بمێنـــــێ چەن شـــــەو و رۆژ لێرەکــــانە
گــــوتی قوربـــان بە چـــاوان ســـا کەوایە
هە ر ئەورۆ ئەیهێـــنم تـــۆ قـــسە ت رەوایە
ژنەی هێنـــا و مریـــــدە چـــۆوە مـــاڵێ
دەجـــا بـــا شـــێخی تەپـــرەش تێـــی بهـــاڵێ
شـــــەو و رۆژێ بە تـــــۆبە و تــــۆبە دادان
ژنەی هێنـــا بـــۆ ســـەر حەولان و ئامـــان
ژنە دەیگـــــوت ئەرێ ئەی مـــــاڵ ئـــــاوا
لەگەڵ مـــن چـــۆن دەکەی تـــۆ کـــاری ئـــاوا؟
دەیگــــوت هەی بـــێ ئەمەگ لە ژیـــان دووریێ
ئەمـــن خـــۆ تێــدەکەم هێنـــدێک لە نـــووریێ
ئەتـــۆ بـــۆچ هێنـــدە ســـپڵە و پـــێ نەزانـــی
دەبـــوو چـــۆن تـــۆ بە چـــاکەی مـــن نەزانـــی؟
بـــــۆ ژنەش نـــــاخۆش ســـــا ئەم هەوایە
دەیگــــوت ئیختیـــارت هەس یـــا شـــێخ کەوایە
هەتـــا ویـــستی بە کەیفـــی خـــۆی لەگەڵ کـــرد
لەلای پەروەردگــــار ئـــابڕووی نەبـــووی بـــرد
بە کۆڵێـــــک تـــــۆبەوە جـــــا نـــــاردیەوە مـــــاڵ
لە گەڵ مێـــــردی کەری دەدوا بە ســــــەد حـــــاڵ
بەرز بـــــوو لـــــووتی و دەعـــــیە و دەمـــــاری

لەگــــش ئاکـــــاریکی تــــاوان ئەبـــــاری
گـــوتی مێـــرد ئەی ژنە تــــۆ بـــۆچی ئـــاوای
چ قەومـــــــاوە لە ســـــــەر مــــــن وا بەداوای؟
لە مــــاڵی شــێخ پــێم بێــژە چ فێــر بــووی؟
لەوێ چـت دی و لە سـەر مـن بـۆچی نێـر بـووی؟
گـــوتی شـــێخمان ئەوەنـــدی تـــێ کـــردووم نـــوور
کە لە پیـــاوی وەکـــی تـــۆ دوور بـــووم دوور
زمـــــانی خـــــۆی گەســــت ئەو کـــابرا هەژارە
کە چـــۆن پەیـــدا بکـــا بـــۆو کـــارە چـــارە
لە دڵـــــدا دەیگـــــوت بە خـــــوا وا دیـــــارە
کە شــــێخ خـــاین بە خـــوا و خەڵکـــی هەژارە
بە دەســتی خــۆم ئەمــن چــیم کــرد لەگەڵ خــۆم
بەڵام ئەو قـــسانە تـــا کەنگـــێ، دەبـــا بـــڕۆم
لە مـــاین ســـوار بـــوو یەکـــسەر چـــۆوە لای پیـــر
دەســـی مـــاچ کـــرد گـــوتی ئەی پیـــری زۆر ژیـــر
خێزانـــــی مــــــن لەتـــــاو خێـــــزانەکەی تـــــۆ
لە تــــــاوی شــــــێخ ژنە لێــــــزانەکەی تــــــۆ
وەکـــــوو شــــــێتانی لێهــــــاتووە بە قوربــــــان
منــــیش چــــارەم نیـــــیە و ئیتـــــر لە تــــاوان
لە دووی شــــــێخ ژن ئەوا هــــــاتوومە ئێـــــرە
لە گەڵمــــــا شــــــێخ ژنــــــی گەورە بنێـــــرە
بە خێـــری خـــۆت بـــا چەن رۆژی لە لا بـــێ
ئیتـــــر بـــــا دژمنـــــان ماڵیـــــان خەرا بـــــێ
گـــــوتی باشـــــە بـــــڕۆ بیـــــبە کە خێـــــرە
لەگەڵ ویـــــشا ژنەکەت بێــــــرەوە ئێــــــرە

دەبــێ خــۆم زۆرتــری کــارێ لەســـەر کەم
هەتــا ئەو شــێتی و مێتیـــیەی لـــێ بەدەر کەم
گــوتی قوربــان ئەمـــر فەرمـــوو بە چـــاوان
هەرچـــی تـــۆ پـــێم بڵێـــی هێـــزی هەنــاوان
دەڵــێن جــا مریــدە ژنەی ســوار مــایینێ کــرد
لە دێـــی دەرخـــست بەرەو ئــاوایی خــۆی بــرد
هەتـــاکوو گەیـــنە مـــاڵی گــۆیە چەن جـــار
لەگەڵ ئەو شـــۆخەدا کـــردی هەمـــان کـــار
کە شـــێخ کردبـــووی لە گەڵ ئـــی وی کەوایە
مریـــدەش لێـــی دا لە بـــۆ شـــێخ ئەو هەوایە
دەڵــێن وەک شـێخ بە کەیفـی خـۆی لەگەڵ کـرد
ئەویــش ئــابڕووی بە چەشـنی شـێخەکەی بـرد
لەلای خــۆی هێــشتیەوە تــا مەیلــی لــێ بــوو
وەیـــا هێنـــدەی کە خێزانـــی لەوێ بـــوو
لە پاشـــان بـــردیەوە و فەرمـــووی بە قەڵـــسی
تـــۆ ئەی شـــێخە مرۆڤـــی یـــانە وەڵـــسی
خــۆ مــن نامووســـی خــۆم نــابوو لە دەســـتت
ئەوا چیـــت کـــرد ئەرێ نەفـــرین لە هەســـتت
تــۆ ئــابڕووی خــۆت و منــت بــۆچی وەهــا بــرد
ئەوا نــامەردی نــاکەس چیــت لە خــۆ کــرد؟
وەفـــات بـــۆ مریـــدەکانی خـــۆت وەهـــایە
ویـــــژدان و دیـــــن و نامووســـــت هەوایە؟
نە تـــۆم شـــێخی و نە مـــن مریـــدم لەمەو لا
کە تـــۆ ژیانـــــت هەمـــوو زیـــانە بە مەولا
چ پارســـــەنگێکت تـــــۆ نـــــابۆ تەرازووم

ئەوم هەڵگـــرت بە هێـــزی دەســـت و بـــازووم
لەبـــۆم خـــستییە تەرازوە ســـەرکەرەی خـــۆت
چـــت بـــۆ چانـــدم، منـــیش چانـــدوومەوە بـــۆت
ئەوەی تـــۆ کـــردت ئەمنـــیش هەر ئەوەم کـــرد
ئەتـــۆ چـــت بـــرد منـــیش هەر ئەو شـــتەم بـــرد
بە ئەڕبەی خـــــۆت لە بـــــۆم پێـــــواویە وام
چێـــشتی منـــیش وەک ئـــی تـــۆ بـــێ تـــامە بـــێ تـــام
جـــا پێـــت خۆشـــە نە تـــۆ دەنـــگ و نە مـــن دەنـــگ
دەنـــا وا نـــاکەی هەســـتە بێـــرە بـــۆ جەنـــگ
بیڵـــێ و دەیڵـــێم و مەیڵـــێ و نـــایڵێم قەت
ئیتـــر حاشـــا لە خـــۆت و هەم لە چـــاکەت
مەگەر تـــــۆ خانەگـــــاکەت خانەگـــــانە
تەڵە و داوی کەران و هەم ژنـــــــــــــانە؟
زەلامـــــی مفـــــتە خـــــۆری مـــــل بەرازی
مەگەر تـــــۆ هەر بە ژن گـــــانێ دەنـــــازی؟
ئیتـــــر ســـــا مەرجە لەم لاوە هەتـــــا هەم
ئەوەی شـــێخە لە دنیـــا رووی تـــێ نـــاکەم
هەزار نەفـــــرین لە شـــــێخ و خانەگـــــای وا
لە دەزگـــــا و تەکـــــیە و هەم بارەگـــــای وا
وتـــی شـــێخ ســـا نە تـــۆ دەنـــگ و نە مـــن دەنـــگ
دەخیلـــت بـــم نە تـــۆ جە نـــگ و نە مـــن جە نـــگ

سەرماوەزی ١٣٧٧ مەهاباد

گەلێکن لەو نموونانە و لەراستی دا ئەو داستان و بەسەرها تانەی شێخەکان ئەوەندە زورن، کە پیاو ناتوانی دەرسەدیکی کە میشیان لی تۆمار بکات.

جا هەر بۆیە من نام هەوی ئەبا سە لەزمانی خومرا زور دریژە پی بدەم و وەدوای بکەوم، چونکە رێزدار مامۆستای کۆیی ئە وەندە زانایا نەو بی پەروا هەڵمەتی شیرانە یان دەباتە سە ر ودەیا ن کوتی کە رەنگە زور پێویستی خو زەحمە تدانی ئی دیکە نەبی.

یەخە دادڕینی مامۆستا

لە کۆنەوە لە کوردەواریدا باو بووە کەسێک کە لە کەسێک بێزار بووبێ بۆ ئەوەی کە نیشانی بدا نایەوێت و لێی بێزارە لە بەرابەریدا یەخەی خۆی دادڕیوە و مەبەستی ئەوە بووە، کە ئەو کەسە راستی و رەدا قەبووڵ ناکا.

جا مامۆستای خوا لێخۆشبوومان کە لە ژیواری نالەباری کوردەواری بێزار بووە و زۆر پێی ناڕەحەت و دەردۆمەند بووە و بە کوردەکانیشی گوتووە من زۆر بۆ ئێوە پەرۆش و دڵ بە سۆم، سەرەنجام گەیوەتە ئەو ڕادەیە، کە یەخەی خۆی دادەڕێ و هاوار دەکاو دەڵێ:

من یەخەی خۆم لە بۆیە دائەدڕم
ئێوە نابن بە هیچ و من دەمرم
دەبێ من کەیفی چیم بە دنیا بێ
قەومی من وا رەزیل و ریسوا بێ

ئەمجا بە خەم و پەژارەیەکی زۆرەوە لە خۆی دەپرسێ و دەڵێ من چۆن دڵم بە دنیا خۆش و چ کەیفێکم بە دنیا بێ، کە گەلەکەم ئاوا زەبوون و بێهێز و ژێر چەپۆکە و زۆر لێکراو بێ؟

گەلی من گەلێکی هەژار و رووت و نەدار و بێسەرو سەرفیرازی و رووت و رەجاڵ وبێکەس و بێدەروو و بێهەموو جۆرە جلوبەرگ بێ ئیتر بەو حاڵە من چۆن دڵم بە دنیا خۆش بێ. بەڵێ دەڵێ:

بێکەس و بێدەر و فەقیر و هەژار
بێ سەر و سەرفراز و بێ سەردار

کـــوردەگەل ئەمـــڕۆ وەک کەوی بـــرا بـــران
لە نێـــو ســـێ دەوڵەتـــان دابەش کـــران
خۆشـــیان ئەوەنـــــدە نـــــارێکوپێکن
لە بەر بەدبەختـــــی دژمنـــــی یـــــێکن

ئەمجـا دەکەوێـتە سـەر تـووک و نـزا و، لە خـوای گەورە دەپـاڕێتەوەو داوای لـێ دەکـا کە ئەو کەسـەی رێـگەی لە کـوردان تێـکداوە و بەرەو هەڵـدێرگەی بـردوون و رێبـازی راسـتی لـێ ون کردوون لە بەزەیی و میهری خۆی بێبەشی بکـا و تـۆڵەی کـوردانی لێوەکا، چـونکە کـورد لە خـۆڕا دژمنـی کەس نییە و لە گەڵ کەس بەشەڕ نایەت وەک ئەو هۆنراوەی من کە دەڵێم:

کـورد لە خـۆڕا دژمنـی کێـیە لەسـەر مـافی نەبـێ؟
دژمنی کـورد ئەی خـودا گـڕوێ و دزێو و گـڕ بـکەی

ئیتر هەر لە سەر خـاک و زێدی خـۆی ولە سـەر مـافی خـۆی لە هەر چـوار پێـنج لاوە دمیـان لە گیـانی نـاوە و دەیخـۆن و دەیکرۆسـنەوە و هەناسـەیەکی سـارد لە دەروونـی پـڕ لە سـۆزی هەڵدەکێشێ و دەڵێ:

ئەی وەتەن، لاوەکـــانی خـــوێن شـــیرین
ئەو دوعـــایەی دەکەم، بڵـــێن ئـــامین
رەبیـــی هەر کەس کە دژمنـــی کـــورد بـــێ
چـــاوی بـــا دەرپەڕێ و ملـــی ورد بـــێ
ئەوی رێـــگەی لە کوردەکـــان گـــۆڕی
لەعنەتـــی خـــودا لە ئەلـــحەد و گـــۆڕی
خـــوایە هەرکەس کە خـــوێنی کـــورد ئەمـــژی
کـــوێر و مـــادور بێـــت ئەوەنـــدێکی ئەژی

یادی بەخێر خوا لێخۆشبوو میرزا حوسێنی فەقێزادە خەڵکی سەرچناری چۆمی مەجیدخان بۆی گێڕامەوە فەرمووی: ئەو چوار تاکە هۆنراوەی مامۆستامان لە گۆڤاری هەڵاڵەدا نووسیبوو. جا هەر کاتێک تووشی یەکتر دەبووین پێش سڵاو و چاک و خۆشی، یا ئەو، یا من، ئەو هۆنراوانەمان دەخوێندەوە.

ئەمجا سکاڵاکەی خۆی لە لای خوای گەورە سەبارەت بە ستەم لێکراوی گەلەکەی درێژە پێ دەدا و بە جوانی ژیواری نائامواری کوردەواری لە پارچە هەڵبەستێکی چووکەدا دەداتە بەر تیشکی چرای بەزەیی و خەمخۆری و بە جوانی روونی دەکاتەوە و زۆر بە پەرۆشەوە دەفەرموێ:

میللەتی کورد فەقیر و بەستەزمانی
بە قسەی ئەو کەسانە چۆن خەڵەتان
وا ئەزانن کە عونسوری کوردی
بە زەلیلی بژیت و نامەردی
ئەوی کوردە چ گەورە چ سیغەر
ئێشەکی تورکە و گوێدرێژی قەجەر
ئەوی کوردە لە نەسلی بابادەم
دەبێ بارکێشی رۆم بێ و عەبدی عەجەم
کوردینە ئێمە هەتا کەی وا بین
نۆکەری خەڵک و بێبەش بین لە ژین؟!

بۆ جارێکی دیکە روودە لاوە کوردەکان دەکاتەوە و دەردی دڵی دەردەبڕێ و بە پەرۆشەوە دەیاندوێنێ و دەڵێ نازانم قوڕی کام جێگاتان بۆ بگرمەوە و یان قوڕی کام جێتان بۆ وە سەر کەم؟ یا قوڕی کام جێتان وەسەر کەم؟ بۆ لە دەس دانی فلان وفیسار.

خـۆ بـۆ برایـانی شۆڕشـگێڕی جزیـرو بۆتـانێ کەوا بە داخەوە شۆڕشـەکەیان لە گەڵ شـکان رووبەڕوو بـوو و سـەرنەکەوت، قـوڕ پێوان پێویستە و دەبێ هەموومان خۆمانیان بۆ لە خـم دەیـن و بـۆ ئـازیزانی وان و ئەرزەڕۆمـێ هەرچـی خمـی دنیـایە دەبـێ بەسـەر خۆمانیدا کەین. بەو جۆرە دەڵێ:

قــــورِی کـــام جـــێ بگـــــرمەوە بۆتـــــان
بــــــۆ برایـــــانی جزیــــــر و بۆتـــــان
خـــومی دنیـــا بکەیــــن بە ســــەر خۆمـــان
بـــــــــۆ عەزیزانـــــــــــی ئەرزەڕۆم و وان

ئەمجـا دەکەوێـتە سـەرکۆنەی کـوردان و بە سـەریاندا دێـتەوە و دڵسۆزانە سەرکۆنەیان دەکا و دەڵێ ئەنگۆ هەرچەندە هۆزێکی زۆرو خاوەنی مێژوویەکی روون و رابردوویەکی باشـن، چ سـوود؟ چـونکە ئێوە هۆزی خۆخۆرن و هەر بۆیەش هیچتان لە دەس نایەت و ئێوە کە پێتان وایە کورد زینـدوو و هۆشـیارن، مـن لام وایە ئەو قسە وا نییە، چونکە وا بە چاوی خۆم دەبینم کە زیندوو و هۆشیار و بێدار نین. بەڵکە مردوون و بە تەواوی ژێرچەپۆکە و ژێردەسـتەی هەمـوو کەسن و ئەمجا دەڵێ خوایە ئەو گەلە ژیـر و هۆشـیارەی جـاران کە دنیا لە ژێر پێیدا دەلەرزی بۆچی وای لێ هات؟ کە دەفەرموێ:

ئێـــــــوە هەرچەنـــــــد قەومێکـــــــی زۆرن
فایـــــدەی چـــــی قەومـــــی خۆخـــــۆرن؟
وا دەزانــــــن کە کـــــوردگەل زینـــــدوون
مــــــن ئەبیــــنم عەلەلعومـــــووم مـــــردوون
وا وە ژێــــر کەوتـــــوون بە بــــێ دەســــتەڵات
رەببــــی ئەو قەومە بــــۆچی وای بەســــەر هـــات
مـــاد و ساســـان کـــورد بـــوون و ســـەلاحەددین

ئێـــــوە بەو حـــــاڵە قەت مەڵـــــێن کـــــوردین
خـــۆ قەومـــــی وا ســــەرکەوتوو نەبـــوو لە دنیـــادا
چ بـــــوو ئەو هەمـــــوو هێـــــزەی بە بـــــا دا؟!

دوای ئەو هەموو سکاڵا و داد و هات و هاوار و ئەو هەموو دەردی دڵ دەربـــڕین و کـــوڵی دەروون هەڵڕشـــتنە ئامـــاژە بە مێـــژووی کـوردەواری دەکـا و دەڵـێ ئـاخر خـودا بە ئەو هـۆزە بەهێـزە کە لە دەورانی سەلاحەددینی ئەییووبیدا هەموو دنیای ئیسلامی و جیهـانی موســڵمانەتی لە ژێـر دەســتیدا بـوو بە سـەری رادەگەیـشت و بە جوانیش رابەرایەتـی دەکرد و، تـا مـاوەیەک سەد و پەنجـا ساڵی تەواو هەموو نیشتمانی موسڵمانەتی بە رابەرایەتـی سـەلاحەددین و کوڕەکانی وی، کە کوردێکی هۆزی شوانکارە بوو بەڕێوە دەبرا ئیتر هەمـوو گاورەکـانیش لە ترسـانیان نێوکیـان چووبـوو و نەترەیـان نەمـابوو. پـێش ئیـسلامیش دەوڵەتەکـانی مـاد و ساسـانی چەنـدە بەهێز بوون؟!.

بەڕێـــز جەنـــابی شـــێخ رەزای تاڵەبـــانی لەو بـــارەوە پـــارچە هەڵبەستێکی کورت و زۆر جـوانی هەیە کە لەوێدا ئامـاژە بە چەنـد رووداوی مێژوویـی زۆر گەورە دەکـا. یەکەم رێکـوپێکی و دەوڵەتـی بەهێزی سەربەخۆی بابـان، دووهەم خەم و پەژارە خـواردن بـۆ ئەو کاتە، سێهەم گیران و رزگار کردنـی شـاری بەغـدا بە هـۆی سـوپای بەهێزی سولەیمان پاشای بابان و هەروەها ئاماژە بۆسەلاحەدین و رۆژگاری وی و ترس ولەرزی فەڕەنگییەکان لە سەلاحەدین و شپرزە کردنی لەشکری والی (سنة) لە لایەن عەبدوڵلا پاشای بابانەوە، کە دەڵێ:

لـــە بیـــرم دێ ســـولەیمانی کـــە دارولمـــولکی بابـــان بـــوو
نە مەحکوومی عەجەم، نـە سوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو
لەبەر قـاپی سـەرا سـەفیان دەبەسـت شـێخ و مەلا و زاهیـد

مەتافی کەعبە بۆ ئەربابی حاجەت گردی سەیوان بوو
لەبەر تابووری عەسکەر ڕێ نەبوو بۆ مەجلیسی پاشا
سەدای مۆزیقەوو نەققارە تا ئەیوانی کەیوان بوو
دریغ بۆ ئەو زەمانە، ئەو دەمە ، ئەو عەسرە ، ئەو ڕۆژە
کە مەیدانی جریدبازی لە دەوری کانی ئاسکان بوو
بە زەربی حەملەیێ بەغدایی تەسخیر کرد و تیی هەڵدا
سولەیمانی زەمان ـ ڕاستت ئەوێ ـ باوکی سولەیمان بوو
عەرەب! ئینکاری فەزڵی ئێوە ناکەم ئەفزەلن ، ئەمما
سەلاحەددین کە دنیای گرت لە زومرەی کوردی بابان بوو
قوبووری پڕ لە نووری ئالی بابان پڕ لە ڕەحمەت بێ
کە بارانی کەفی ئیحسانیان وەک هەوری نیسان بوو
کە عەبدوڵڵاە پاشا لەشکری والیی سنەی شڕکرد
ڕەزا ئەو وەختە عومری پێنج و شەش تیفلی دەبستان بوو

ڕوون کردنەوەیەک لە سەر هۆنراوەی شێخ ڕەزا

شێخ ڕەزا لەو تاکە هۆنراوەیدا دەڵێ:

بە زەبری حەملەیێ بەغدای تەسخیر کرد و تیی هەڵدا
سولەیمانی زەمان، ڕاستت دەوێ باوکی سولەیمان بوو

ڕوون نییە مەبەستی کامە سولەیمانی زەمانە کەوا باوکی سولەیمانە؟ و بەغداشی تاپۆ کردووە و هێناویەتە ژێر ڕکێفی خۆی، چونکە لە پاشایانی بابان تەنیا دوو کەس شەڕیان لەگەڵ بەغدا کردووە: یەکیان سولەیمان پاشای بابانە کە لە ساڵی ١١٧٥ کۆچی مانگیدا بە سوپایەکی زۆرەوە بە مەبەستی داگیر کردنی بەغدایە وەڕێ کەوت و لەو لاشەوە سوپای بەغدایە بەرەو پیری هات و لە دەروبەری شاری کفری پێک گەیشتن و دوای شەڕ و پێکدا

دانێکی زۆر، سولەیمان پاشا هەڵات و رایکرد بۆ دیوی ئێران و پەنای بردە بەر پاشای گەورەی کورد کەریم خانی زەند و ئەویش داینا لە جێگەی عەلی خانی کوڕی خۆی و کردی بە فەرمانڕەوای ئەردەڵان. سولەیمان پاشاش بە ماوەیەکی زۆر کەم بازنەی فەرمانڕەوایەتی خۆی گوشاد کردەوە و ناوچەکانی زەهاو و کفری و رانیەشی هێنایە ژێر دەسەڵاتی خۆی.

دووهەمیان مەحموود پاشای دووهەم کوڕی بەڕێز عەبدوڕەحمان پاشای بابانە کە داستانی ویش بەو جۆرەیە: ئەسعەد پاشای والی بەغدایە دەیهەوێ ئەوی لەسەر کار لابەرێ و لەو سەروبەندەشدا داوودبەگ کە لە نێزیکانی والی بووە بەخەیانەت تاوانبار دەکرێ و لە ترسی گیانی خۆی بەغدا بە جێ دێڵێ و هەڵدێ و پەنا بۆ مەحموود پاشا دێنێ. ئەسعەد پاشا چەندین جار داوا لە مەحموود پاشا دەکا کە داوود بەگی بداتەوە تا بە سزای خۆی بگەیەنێ. ئەویش هەرگیز ئەو کارە ناکا، زۆریش توووڕە دەبێ و دەڵێ ئەوە دژی خووخدەی مرۆڤایەتییە. جەنابی والیش زۆر هەڕەشەی لێ دەکامەحموود پاشا لە ئەوپەڕی بێموبالاتیدا خۆی بۆ پەلامار دانی بەغدایە ئامادە دەکا. بە خۆی و داوودبەگ و دوازدە هەزار مەردی جەنگییەوە رێگەی بەغدایە دەگرێتە بەر. لەو سەردەمەشدا بە هۆی کەم بارانی و وشکەساڵی وڵاتی بابان تووشی قاتی وقڕی دێ و ئەویش ناچار لە کفرێڕا دەیهەوێ بگەڕێتەوە. شازادە محەمەد حسێن میرزا کە پێی دەزانێ لە نامەیەکدا زۆر سەرزەنشی دەکا و دەڵێ ئەگەر لە بێکەرەسەیی و تفاق دەترسی ئەوا بە ئەندازەی پێویستم هەموو شتێک بۆ ناردی. ئیتر مەحموود پاشاش دووبارە وەڕێ دەکەوێتەوە و دەڕوا بەغدایە گەمارۆ دەدات و پاش ماوەیەک شارەکە دەگرێ و ئەسعەد پاشاش دەکوژێ.

جا دیارە ئەویش نە خۆی سولەیمانە و نە باوکیشی سولەیمان بووە، بەڵام وا دەردەکەوێ کە مەبەستی ئەوەیە سولەیمانی چاخی خۆی بووە و مەحموود پاشای وەک سولەیمانی پێغەمبەری مەزن چوواندووە.

بەڵێ هەر وەک هۆنەری پایەبەرزی کورد شێخ رەزای تاڵەبانی دەڵێ دنیاو بەتایبەتی جیهانی رۆژئاوا کە وا ئێستا بە هۆی پیشەسازی و یەکیەتی خۆی ئاغایەتی بە سەر هەموو جیهاندا دەکا لە ژێر سێبەری سەربازە گیانباز و پێشمەرگە لە مەرگ نەترساوەکانی کورددا دەلەرزێ. ئەورۆ بۆچی ئاوای بە سەر هاتووە و بەدبەختترینی گەلانی جیهانە و دیل و یەخسیری دەستی ئەم و ئەوە و سەرەڕای هەموو شتێکیش وڵاتەکەی دابەش کراوە و هیچی بە دەستەوە نەماوە و لە سەر ئەو حاڵەشڕا یەکتر ئەکوژن و خوێنی یەکتر ئەمژن و شیر و شمشیر لە یەک دەسوون و خەنجەریان بە خوێنی یەکتر سوور دەکەن و جا ئیتر هەر بۆیەش ئەگەر بە زگێک تێر بن، بە دووان برسین ئیتر بەو شێوەیە کە دەڵێ:

پاشی سوڵتان سەلاحی ئەییووبی
زۆر نەچوو بوو بە دەوری مەنکووبی
چ عەشیرەت چ ئەهلی شارستان
لە هەموو توول و عەرزی کوردستان
بوونە یەخسیر و نۆکەری ئەم و ئەو
باری خەڵکی دەبەن بە رۆژ و بە شەو
لە سەر ئەو حاڵەش یەکتری ئەکوژن
خوێنی یەکتر میسالی شیر ئەمژن
دەرحەقی یەک ئەوەندە زۆر ئەوەڕن

کەلەکەی یەک بە شـــیر و رمـــب ئەبـــڕن
بە زگێـــک تێـــر و بە دوو زگـــان برســـی
هـــیچ لە چـــاکە و خـــراپە ناپرســـی
جاهیـــل و بـــیٚکەمـــاڵ و شـــەرمی حـــوزوور
ئەبـــغەزی خەڵکـــی خـــوا فەقیـــر و فەخـــوور

لەو پارچە هەڵبەستەدا مامۆستای بەڕێز و خۆشەویست جارێک لە داخی ئەوەی کە هەموو کەس بۆتە کەس و کورد هەر لە جێی خۆی ماوەتەوە و هیچی بە هیچ نەکردووە و بە هیچ پلە و پایەیەک نەگەیشتووە یەخەی خۆی لە سەرێڕا هەتا خوارێ دادەڕێ و بەرۆکی ئاواڵە دەکا و سینە مواوییە پڕ لە هەست و زانیارییە جوانەکەی کە بە بیر و باوەڕ ئاخنراوە وەدەردەخا و ناهومێدانە دەڵێ ئەمن دەمرم و بەڵام هێشتا ئێوە بە هیچ کوێ ناگەن لە ناکاوێک ئەمجا باسی هەژاری و لێقەوماوی گەلەکەی دەکا و هەر لەپڕ لەو کاتەدا ڕوو دەکاتە لاوانی نیشتمان و خودی نیشتمان و دەڵێ ئەمن تکا و نزایەک دەکەم ئێوەش لە خوای گەورە داوای قەبووڵ بوونی بکەن.

دوای ئەنجام دانی ئەو کارە و پاڕانەوەیەکی زۆر بەجێ و باش کە لە خودی پاڕانەوەکەشدا سزای ستەمکاران دیاری دەکا و لە یەزدانی مەزنی دەوێ کە چی و چییان بە سەر بێنێ، باس لە هەژاری و رووتی و بەدبەختی و رەجاڵی و بێدەسەڵاتی و ستەم لێکراوی گەلەکەی دووبارە دێنێتەوە پێش و خۆی و هەموو لاوەکانی بۆ لە خم دەدا و قوڕی بە سەر خۆیدا دەکا و دەس دەکا بە تانە و تەشەر و لۆمە و لەقەمێکی زۆر بەجێ و پێشیان دەڵێ ئێوە پێتان وایە کە بەو حاڵە زیندوون و من وا دەزانم بە تێکڕا هەمووتان

مردوون، چونکە زیندوو، تەکان و جووڵانەوە و بزووتن و ڕاپەڕینی هەیە و بەڵام خۆ ئێوە ئەو ستەم و زۆر و زیفەتـان لـێ دەکرێ هەر دەنگێ ناکەن! تەکانێک لە خۆتان نادەن!

ئەمجا دوای بیر هێنانەوەی مێژووی دەورانـی ترووسکەدار و پڕ لە شـانازی و رابـردووی روونـاکی و سـەروەری و گەورەیـی بۆیـان باسی ئەوە دەکا کە لە چوارچێوەی وڵاتـی پـان و بەریـن و دوور و درێژی کوردستان سەرکوت کراون و دیل و یەخسیرن و لەناو کۆت و زنجیـرن و هەموویـان لەو ژیـوارە نالەبـارەدا چ دێهـاتی و چ شارستـانی وەک یەک و هاوبەشـن، بەو حـاڵەش یەکتـر دەکوژن و پێکەوە ناتەبا و نالێک و نامۆن کە بەڕاستی شـەرم و شـوورەیی و نەنگە و مایەی خەجاڵەتی و رووزەردییە و دەرحەقـی یەکتـر قـسەی خەراپ دەکەن و دووبارە باس لە هەژاری و بەدبەختـی گەلـی کـورد دەکاتەوە.

جـا دوای ئەوانە هەموویـان دەڵـێ سـەلاحەددینیش کـورد بـوو و ئێوەش کوردن!! بەڕاستی حەیـفە ئێـوەش بە خۆتـان بڵـێن ئـێمەش کوردین!! کورد دەبێ وەک سەلاحەدین بێ نەک وەکوو ئێـوە. ئەمجـا بە کورد هەڵدەڵێ و تاریفی کوردان دەکا و دەڵـێ ئەگەر حەز ئەکەی بزانی کوردایەتی چییە پێت ئەڵـێم کـوردایەتی بـریتییە لە ژیـری و ژیرۆمەندی و چوستو چالاکی و ئازایەتی و مەردایەتی و جوامێری و ئیتـر هەر گەلـی کـوردە کە لە پیـاوەتی خیـرەت و شـەرافەت و مەردایەتـی و سـەخاوەت دا لە سـەرەوەی هەمـوو گەلانـی دیـکەی جیهانە و پێشەبڕی لە هەمووان کردووە.

کـوردان خووخـدە و رەوشـیان وەهـایە کە لاوەکانیـان ڕێـز و حورمەت بۆماک و ئەسڵی خۆ واتا بۆدایک و بابی خۆیان دادەنێن و پیرەکان دڵسۆز و ئامۆژگاری کەری لاوەکانن.

بە واتـايەکی دیـکە لاوەکـان ڕێـز و قەدری ئەسـڵی خۆيـان، کە خەبات و شۆڕشە دەگرن و دەسبەرداری نابن و خۆی لە سەر بەخت دەکەن و دیارە کە لاوەکان نەمان و خۆیان لە ڕێی خەبات و شۆڕشا لە نـاو بـرد پیرەکـان بـێ خزمەتکـار و ڕاژەوان دەمێـنـنەوە و بە زەبـوونی و هەژاری دەژیـن و واش قەیـدی ناکـا و هەر دووک لایـان بەو کارە قایل و دابینن،کە واتە باپیرەکان بێ خزمەتکار بمێننەوەو لە زیللەتا بمرین.

جا هەموو لاوەکانی کورد لە سەر ئەو ئەسڵە دەڕۆن، بەتـایبەتی تازە پێگەیشتووانی فێرگەی کۆیە لەوانـی دیـکە پـتر دەبـنە پـشت و پەنـای گەلـی خۆیـان و سـەرباز و پێـشمەرگەی بەوەفـا و بەوەجـی گەلی کوردی زۆر لێکراو دەبـن. بـێگومـان فێرگەیەکـی کەڵە پیـاو و بلیمەتی وەک وی فێرگەوانی بێ هەر ئەو چاوەڕوانییەی لێ دەکرێ.

لە دوایی روو لە لاوەکـان دەکـاتەوە و پێیـان دەڵـێ ئێـوە رۆڵەی جگەرگۆشـە و جەرگ و هەنـاوی مـنن و ئێـوە بینـایی و رووناکـایی گلێنەی چاومن و هیـوا و هومێدی مـنن و تەمەنـی خۆتـان بە فیـڕۆ مەدەن، هەروا بە هەوانـتە بە بایـدا مەکەن. بەڵـکە تێکۆشـن بـۆ زانیـاری و فێـر بـوون و ئەمجـا بـۆ ئـازایەتی و مەردایەتـی و کوردایەتی.

جا مامۆستای زانـاو هێـژا کە ئەو هەمـوو مەبەسـتانەی لە یەک پارچە هەڵبەسـتدا کـۆ کـردۆتەوە، پیـاو کە تێـی دەفکرێ لە لایەک دەڵێ رەنگە مامۆستا لێرەدا ئەوەندە پەرێشان و نـارەحەت و دڵ پـڕ قین و رق و پەژارە بووبێ کە بە تەواوی ئەسپی سەرکێشی بیـر و زەینـی بەربـووبێ و جڵەوی لە دەسـتی خۆیـدا نەمـابێ بـۆیە وا کەوتۆتە سەر قسە پڕژاندن و هەر مەبەستەی لە جێیەکی هێناوە.

بەڵام لە لایەکیش کە بڕێک بە وردی لێی دەڕوانی و لێی ورد دەبینەوە ئەوەندە ژیرانە و زانیارییانە ئەو مەبەستانەی ئاوێتەی یەکتر کردوون کە هەرگیزاو هەرگیز پیاو بیری بۆ ئەوەی ناچێ بیرو زەینی مامۆستا پەرێشانی ڕێی بەرێتێ.

جا کەوایە دەبێ بڵێین ئەوە هەمان شتێکە کە لە زاراوەی زانیاری خۆش خوێنی (بلاغە)دا پێی دەگوترێ کەڵەکەی واتا (تداعی معانی). جا بەو جۆرە کە باس کرا مامۆستای خۆشەویست لە کۆتایی ئەو پارچە هەڵبەستە دوور و درێژەدا دەفەرموێ:

حەیــــفە بــــۆ خیرەتـــی ســـــەلاحەددین
ئەو کەســــانە بڵێــــین ئــــێمەش کـــوردین
حەز ئەکەی پێـــــت بڵــــێم چیـــیە کـــوردی
عـــــاقڵی و چـــــاپوکی و جەوانــــــمەردی
عونــــسوورێکی لە فەوقـــی جەمعـــی ئـــومەم
ســـــــــاحەبی حەزم و ڕەزم و بەزم و کەرەم
لاوەکــــان قەدری ئەســــڵی خـــۆ ئەگـــرن
پیرەکـــــان بــــا لە زیللەتـــــا بمــــرن
خاســــــە نەوباوەکـــــانی مەکتەبـــی کـــۆ
دەبـــــنە پـــشت و پەنــــاهی میللەتـــی تـــۆ
ئێـــــوە ئەولاد و جەرگ و هەنـــــاوی مــــنن
ئێـــوە نـــووری گلێـــــنەی چـــاوی مـــنن
عـــــومری خۆتــــان مەبەن بە خـــــۆڕایی
تــــێ بکۆشـــــن بە عـــــیلم و ئــــازایی

کورتەیەک لەژیانی سەرداری موسلمانی کورد سەلاحەددینی ئەییوبی

شورەسواری کورد سەلاحەددینی ئەییوبی

پێم خۆشە لێرەدا کەمێک باسی سەلاحەددینی ئەییوبی، رۆڵەی هەڵکەوتووی کورد بکەم و تا رادەیەکی زۆر کەم لەو قارەمانە موسڵمانە کوردە بدوێم.

ئەو بەڕێزە کوڕی کوردێک بە نێوی نەجمەدین ئەییووب کوڕی شادی کوڕی مەروانە. لە تیرەی "رەوادی" لە شاری "دوێن" پێتەختی میری شەداد لە ناوچەی ئارانی ئازەربایجاندا نیشتەجێ بوون. رەوادی لکێکە لە تیرەی هەزبانی.

لە سەردەمی سەلجووقییەکان ناوچەکەیان لە لایان وانەوە داگیر دەکرێ و زۆریان پەڕیوەی ئەندەران دەبن. شادی باپیری سەلاحەدینیش بە هۆی ئەوە کە دۆستایەتی لەگەڵ والی بەغدا موجاهیدەدین بیهروزدا هەبووە، بیهروز کەسێکی بە دوای ویدا ناردو بردی بۆ لای خۆی و ئەمجا سوڵتان مەسعوود هەرێمی تکریتی بە ملکایەتی دا بە موجاهیدەدین. ئەویش دۆستی بەڕێزی خۆی شادی لە سەر دانا و قەڵاتی تکریتی دەبەر دەستی وی نا.

جا بەو جۆرە شادی لەوێ ماوەتەوە تا کۆچی دوایی کردووە. دوای کۆچی شادی کوڕە گەورەکەی نەجمەدین ئەییووب لە جێی وی دانراوە و نەجمەدین شێرکۆی براشی کراوەتە راوێژگەر و هاوکار و یاریدەدەری.

ڕۆژێک ئەفسەرێکی قەڵاتی تکریت تەمایە لە ژنێک دەکاو ژنەکەش پەنا دەباتە بەر شێرکۆ و ئەویش نایکاتە نامەردی ئەفسەرەکە دەکوژێ. موجاهیدەدین بیهروزیش لە سەر ئەو کارە شێرکۆ لە وەکیل دەخا و داوایان لێ دەکا کە تکریت بەجێ بێڵن.

بەڵێ نەجمەدین و شێرکۆ ناچاردەبن بەشەو تکریت بەجێ بێڵن و بڕۆن بۆ لای عیمادەدین زەنگی لە موسڵ. جا دروست لەو شەوەدا کە ئەوان خەریک بوون باروبنەیان دەپێچاوە و هەڵدەهاتن لە تکریت، بەڕێز سەلاحەدین لە دایک بوو و ناچار بوون مەلۆتکەی نەبووژاوە و ئیشک نەکراوە بپێچنەوە و بەرەو موسڵ وەڕێ کەون و لە ڕێکەوتی ساڵی ۵۳۲ی کۆچی (۱۱۳۷زایینی) باب و مامی سەلاحەدین لە سەر شەڕەف و مەردانەگی کۆچیان کرد و سەلاحەدین ئەو مەلۆتکە بێتاوانەش لە سەر شەڕافەت و پیاوەتی باب و مام و بنەماڵەی خۆی لە هەوەڵین سات و کاتی ژیانیدا کەوتە کۆچ و هەڵاتن و ڕەوین.

ڕاستی جێگەی سەرنجە، کە سەلاحەددین لە هەوەڵین ساتی ژیانیدا لە سەر شەرافەت و مەردایەتی و ئایین و ئیسلامەتی ناچاری کۆچ کردن و ڕەوین بووە.

بەڕێز عیمادەدینی زەنگی پێشوازییەکی شایان و گەرمیان لێ دەکا و زۆریان بەخێردێنێ، چونکە لە ڕاستیدا ئەوانیش جارێکی عیمادەدینیان لە کوژران ڕزگار کردبوو. کاتێک لە ساڵی ۱۱۲۵ی زایینیدا لەگەڵ سەلجووقییەکان بە شەڕ هات و پێیان نەوێرا و شکانێکی گەورەی بەسەردا هات ئەو هەڵمەتی بردە سەر بەغدایە و بە خەراپی ناچار بە هەڵاتن و پاشەکشە بوو و ناچار دەبوو بە تکریتدا تێبپەڕێ و بەو جۆرە کەوتە بەر دەستی نەحمەدەدین ئەییوب و ئەسەدەدین شێرکۆ.

ئەوانیش هەروەک خووخدەی هەمیشەیی کوردان چاکەیان لەگەڵ کرد و ڕێگەی دەرباز بوونیان بۆ پانتاو کرد و تا گەیشتەوە موسڵ هاوکاری پێویستیان کرد.

پاش ماوەیەک عیمادەدین، نەجمەدین ئەییووب دەکا بە والی شاری بەعلەبەک. سەلاحەدین دەورانی منداڵی خۆی لەو شارە تێپەڕ کردووە و لەو ماوەدا خوێندنی سەرەتایی و قورئان و هێندێک لە کتێبە زانیارییەکانی خوێندووە و تا رادەیەکی تەواویش فێری جەنگ و جیهاد و خەباتکاری بووە و سەری لە رامیاریش دەرهێناوە.

لەو ماوەدا بە هۆی پیلانێکی ناجوامێرانە عیمادەدین شەهید دەکرێ و نوورەدین مەحموودی کوڕی لە شامێ لە جێی وی دادەندرێ. نەجمەدین و ئەسەدەدینیش دەچنە لای و پشتیوانی خۆیانی لێ دەردەبڕن. نوورەدین مەحموود، شێرکۆی کردە فەرماندەی سوپا و فەرمانداری شاری (صیموس) نەجمەدین بە قازانجی یەکێک لە کوڕەکانی عیمادەدین وازی لە فەرمانڕەوایەتی شاری بەعلەبەک هێنا و داوای کرد کە ڕێگەی بدرێ لە دیمەشقدا نیشتەجێ ببێ بەو کردەوە،ئەوەندە لەلای نوورەدین خۆشەویست و ڕێزدار ببوو کە جگە لەوی هیچ کەس بە بێ ودمی خۆی نەیدەتوانی بچێتە لای نوورەدین.

سەلاحەدین وەک فەقێیەک و خوێندکارێکی ئایینی دەستی پێ بە خوێندن کراوە و لە قوژبنی حوجرە و فێرگە ئایینییەکان و ناو ژووری مزگەوتاندا خوێندنی خۆی درێژە پێداوە.

لە خزمەت چەندین زانای وەک ئەبووتاهیری سەلەفی، ئەبوو تاهیری کوڕی عەوف، شێخ قوتبەدین نەیشابووری و عەبدوڵڵا ئەلنەحوی وانەی قورئان و حەدیسی خوێندووە. لە زانیاری دێژە

(فقه)دا دەستێکی باڵای هەبووە و خۆی دێژەوانێکی بەرزی خاوەن را بووە. تەواوی قورئانی پیرۆزی لەبەر بووە. زۆریش حەزی لە هەڵبەست و هۆنراوە کردووە.

یەکێک لە مامۆستاکانی سەلاحەددین، عەبدوڵڵا کوڕی ئەبوو عەسرونە کە زانایەکی بەناوبانگی ئەو سەردەمی جیهانی ئیسلام و سەرۆکی دادگەران (قاضی القضاە) بووە جەزیرەییە بووە. کاتێک ئەو پیاوە گەورە پیرو کوێر بووەو سەلاحەدین وەک کوڕێکی چاک و شاگردێکی بەئەمەگ دەیباتە لای خۆی و تا مردن خزمەتی دەکا.

سەلاحەددین کاتێک کە لەساڵی ٥٦٤ کۆچی (١١٦٩زایینی) شێرکۆی مامی کە ئەو کاتە وەزیری مەلیک (عضد) بوو، تەنیا دوای دوو مانگ وەزیری کۆچی دوایی کرد، ئەو کرا بە وەزیر و لە جێی مامی خۆشەویستی خۆی دانرا. ئەو کاتە تەمەنی ۳۲ ساڵ بوو. دەستی کرد بە ئاوەدان کاری و ڕێکوپێک کردنی شیرازەی وڵات و گەلێک نەخۆشخانە و خوێندنگای دروست کرد و تەنانەت دوو فێرگەی گەورەی بە نێوی (الناصریە و الکاملیە) بۆ موسڵمانانی شافعی مەزهەب ساز کردووە و سەرەنجام تەواوی وڵاتی میسر و ئەم لا و لاش کەوتە ژێر دەستی. بەهائەدین قەرەقوش کە پیاوێکی کوردی ئازا و نەبەز و لێزان و دۆستی دڵسۆزی خۆی بووە کردوویەتە فەرماندەی کۆشک و تەلاری خەلافەت.

لە ساڵی ٥٦٧ی کۆچی مانگی (١١٧١زایینی) مەلیک عاضید کۆچی دوایی کرد و کۆتایی بە خەلافەتی زنجیرەی فاتیمیان هات. سەلاحەددین کە لە لایەن نوورەدینی زەنگییەوە هاتبوو بۆ کۆمەک و هاوکاری مەلیک عاضید، دوای مردنی ئەو لە جێگەکەی دانیشت و بەڵام سەربەخۆیی خۆی ڕانەگەیاند و هەر بە نێوی نوورەدینەوە سکەی لێدا و لە مزگەوتەکاندا بە نێوی وی وتار ئەدرا.

لەو ماوەدا سوڵتان سەلاحەدین رۆژ لەدوای رۆژ پتر بەهێز دەبوو کارو باری وڵاتی میسر رێکوپێکتر دەکرد، بەڵام نورەددین نەخۆش کەوت و لەرێکەوتی١١ی شەواڵی٥٦٩ کۆچیدا کۆچی دوایی کرد.

ئەمجا سەلاحەدین وەخۆ کەوت و بە سوپا رێکوپێکەکەی خۆی دەستی کرد بە ئازاد کردنی وڵات و شارەکانی ئیسلامی و لە ماوەیەکی کەمدا توانی تەواوی تەرابلوسی رۆژئاوا و قابس و تونس و شام و باکووری عێراق هەتا دەگاتەوە موسڵ بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە و ئەمجا یەمەنیشی رزگار کرد و تورانشای برای کردە فەرمانڕەوای ئەوێ.

لە رۆژی هەینی ٢٧ی رەجەبی ساڵی ٥٧٣ی کۆچی مانگیدا شاری قودسی رزگار کرد و یەکەمین نوێژی هەینی بە پێشنوێژی قازی محێدین زەکی بە نێوی سەلاحەدینەوە خوێندرا و بەڕێوە برا.

دوای ئەوە سەلاحەدین رۆژ لە دوای رۆژ سەرکەوتنی گەورە و گەورەتری وەدەس دەخست و سەرەنجام بوو بە خەلیفەیەکی هەرە گەورەی ئیسلامی و تا دوا هەناسەی ژیانی پڕ لە شانازی لە رێی ئیسلام و سەرکەوتنی ئیسلامدا تاوێک تکی نەدا.

ئەو بەڕێزە پیرۆزە هەڵکەوتووەی کورد لە رۆژی چوارشەممە٢٧ی سەفەری ٥٨٩ی کۆچی مانگی چاوە جوانەکانی لە سەرێک داناون و بە داخەوە هەڵینەهێناونەوە.

ئەو هۆنراوەم لە هۆنەرێکی ئازەری بە نێوی بەیتوڵڵا جەعفەری بیست کە دەڵێ:

بدی از دشمن و خوبی ز کرد است
بدان را خزی و سرکوبی ز کرد است
به دست کرد قدس آزاد گردید

صلاح الدین ایوبی ز کرد است
ترا گرد دلاور خواهم ای کرد
ترا عازم به سنگر خواهم ای کرد
ز نسل تو پی آزادی قدس
صلاح الدین دیگر خواهم ای کرد

هۆنەری پایە بەرز و دڵسووتاوی کوردیش مامۆستا قانیع دەفەرموێ:

تۆ نەمردووی ئەی سەلاحەددینی ئەییووبی لەقەب
هەربژی ئەی فەخری کورد و حاکمی موڵکی عەرەب
تاکوو تۆ بووی لاوەکانی کوردستانم دەرئەچوون
بۆ زەکاتی میسر و شام و خەرجی بازاڕی حەڵەب

بۆ ئاگاداری و هۆشیاری لاوان

مامۆستای هێژا و خوانـاس و خـزمخـواز و تەکپەرسـت و هەق مەبەست، کاتێک کە دەبینێ جگە لە خورافات و پڕوپووچ پەرستی و خەیاڵی خاو و خەونی هاتەران چیدیکە لە نێو کوردانـدا نـیە و بە قـسەی گەنـدەڵە شـێخ و کـۆلکە مەلایـان باوەڕیـان بە شـتی وەک جرجاڵ و کەرە گوێ پانەکەی پەیدا کـردووە و پێیـان وایە کە عیـسا وا لـە عاسـمانانە و نەمـردووە و دوایە دێـتەوە خـوارێ و جەنـابی مەهدیش کە گۆیا چەند سەد ساڵە وا لە چاڵاوی قووڵی سامەڕادا مـاوەتەوە و لەوێـدا دەژی، سـەر لەو چـاڵاوە دەردێنـێ و لە گەڵیـا دەبێ بە هاوکار و وێکڕا دەچـن بـۆ مەیـدانی خەبـات و تێکۆشـان و دنیایە پانتاو دەکەن و تا ئەو کاتی دەبێ خەڵک دەس لە سەر دەس دابنێن و بێدەنگ دانیـشن، چـونکە ئەوان جەنـگ لە گەڵ جرجـاڵ و عەبدی سۆفیان دەکەن و ئیتر ئەو دەم دنیا دەبێتە دنیای ئیـسلام و برایەتی و ئاشتی و گورگ و مەڕ پێکەوە ئاوێ دەخۆنەوە و مشک و پشیلە لە کونێکدا دەژین. جـا ئەگەر وابـێ کـورد و کـورد خـۆرانیش دەس لە ناو دەس پیاسە دەکەن!!

جا بۆ ئەو بیـر و بـاوەڕە دوور لە ئیـسلامییەش چیهـا داسـتان و بەیت و بالۆرە و بە قسەی خۆیان حەدیسیشیان ساز کردووە و(قال النبی و قولە و حدثنا و عن و عـن)ی زۆریـان لەو بـارەوە بـۆ تێـک خستوونەتەوەو بە خەون و خەیاڵ هەموو ڕێگەیەکـی پێـشکەوتن و ناسینی ئیسلامی ڕاستەقینەیان لێ گرتوون و زانیاری و پیشەسازی لە نێو کورداندا بۆتە شتێکی بێنرخ و بایەخ و سووک و چـرووک و نەزانراوو و نەناسراو و بێبایخ و بێباوە!!

جا بە تایبەتی زانیارییەکانی فیزیکی و کیمیاوی کە لە رووی وانڕا هەموو جۆرە ئاوێتە و ئالیاژ و پیشەسازییەک دەزانرێ و بە کورتی بڵێین هۆی پێشکەوتنی هەر گەل و هۆزێکە و.. جا لە باتی هەموو فێر و زانست و زانیارییەک دەفە لێدان و دمبەگ و دەهۆڵ و زوڕنا و هەڵپەڕین و سەما یان فێری کوردان کردووە. کە دیارە ئاکام و بەرهەمی ئەو دامودەزگایەش هەر ئەوە بووە و هەر ئەوەش دەبێ و نابێ هیچ چاوەڕوانییەکی دیکەی لێ بگرێ.

زۆر سەیر و سەر سووڕهێنەرە، کە سەدان ساڵە ئەو جۆرە بەرنامانە لە گوڕێدان و جگە لە دوورکەوتنەوە لە زانین و زانست و ئایینی راستەقینە و هونەر و پیشەسازی بەرهەم و ئاکامێکی دیکەیان نەبووە کەچی نازانم خەڵک بۆچی وا پێیەوە نووساون و دوای دەکەون؟

مامۆستای دڵ بە کوڵ و دەروون پڕ تاسە لەو پارچە هەڵبەستەی خۆیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە شیر لە گوانی ئاژەڵ و مەمکی مرۆڤدا کە لەو ئاوە، کە دەیخۆنەوە و لە خواردەمەنییەک کە دەیخۆن، پەیدا دەبێ و هەروەها پەنیر،کە لە شیرەو بەهۆی هەوێن دەمەیێ و ژاژی یا شیرێژ کە ئەویش هەر لە شیرە و دوای ئەوە کە رۆنەکەی لێ گیراو کوڵێنرایەوە، دەگیرێ، یان دۆشاو، کە لە ئاوی ترێ و ئاوێتەی گلی سپی پەیدا دەبێ و یا کاردوی تیژ کە وەکوو کێردی تیژ وایە، تیژاییەکەی بەترشی دەڕوا هەروەها هەزاران شتی سادەو ساکاری دیکەش ئاکامی زانیاری کیمیاییە و بەڵام ئێوە لەو زانیارییە بێبەش و بەهرەن.

ئەمجا ئاماژە دەکا بۆ ئەوە کە لە پێشدا زانیارییەکی زۆرگەورە لە نێو کوردان هەبووە بەڵام بە قسەی پڕوپووچی شێخ و شۆڤاران لە دەستیان داو لەباتی هەموو زانیاری و پیشەسازی و ناسینی

خـواو ئایـاتی خـوا دەف و دمبەگ لێـدەدەن و سـەما و هەڵپەڕکـێ دەکەن.

ڕیزدارمامۆسـتا گیـوی موکریـانی دەفەرمـۆێ: مەلای گەورەنەک تەنها بەسەر زانیارییە کۆن ونوێیەکاندا ئاگادار بووە و بەس بەڵکو بەسـەر پێشکەوتنی زانیـازی یـە کۆمەلایەتیـە پیشکەوتووەکانیـشدا شارەزا و لایەنگیریشیان بووە و لەناو وانەکان(درس)یـشی داباسـی زانیارییە کانی کۆن و تازەی دەکرد

وەک رون ولەبەرچـاوە ئەو زانـا زۆر زانایـە و ئەم د انـا بـێ هاوتایە سەرۆکی زانایانی کوردستان، موفتی کۆیـە ؛ قـازی کۆیـە ؛ مەلای گەورەوگەورەی زانایـان بـووە. لەسـاڵی ١٣٣٤زاییـنـی بۆتـە نوینەری هەریمـی موسل و یەکەم هەنگـاوی ئەوە بووە، کە داوای چارەسـەری مەسـەلەی کـوردی کـردووە و دوهەم داوای لەدەوڵەتـی نـاوە نـدی ئەوە بـووە، کـە لەشـاری کۆیـە فیرگەیەکـی گەورە بکریتەوەو خۆشی پارچە زەمینیکی باشی لە پەنامزگەوتی گەورە بۆ ئەو فیرگەیـە پیـشکەش کـردووە و هەر لەویـش ئەوفیرگەیـە سازکراوە.

دیسان مامۆستا گیو دە لاپەرەی ٨٠ واتا دوامین لاپەڕە لە دیـاری مە لای کۆیی د ا دەفەرموی : چەند جار پەخش کردنـی ئەم دیوانـە، کـە پڕە لـە ئاموژگـاری ڕاست و پـاکترین بیـرو بـاوەری ئاسمانی زانایـە کیوانـاو دارو گەورە و سـەر بڵیند ودڵسوزی کـورد و کوردسـتان؛ بەمایـە یبەخـتەوەری خۆمـای دەزانـم وشـانازی پیوەدەکەم.

دوبارە مامۆستا گیوی موکریانی لە فەرهەنگی مەهاباد، لاپەڕەی ٧٧١ و ٧٧٢ دەگێـڕێتەوە کە ئەحـمەدی کوڕی نەبەتـی لە پەڕتـووکی "شوق المستهام فـی معـرفه رموز الاقـلام"دا لە سـاڵی ٢٤١ کۆچیـدا

نووسیویەتی و دەڵێ لە بەغدا چاوم بە سێ بەرگ کتێبی کوردی کەوت (کە دیارە لەمەڕ زانیارییەکانی جۆراوجۆری رۆژەوە بوون) و ئێستاش لە شامی دوو بەرگم لەوانە هەر لە لایە و یەکیان باسی پەروەردە کردن و چەقاندنی دارە خورمایان دەکا و ئەوی دیشیان لەبارەی دۆزینەوەی ئاو لە ژێر زەوی و جێگای ئیشکارۆ دەکا و ئەوانم وەرگێڕاونە سەر زمانی عەرەبی بۆ ئەوەی هەموو کەس کەڵکیان لێ وەرگرێ.

هەروەها مامۆستا گیودە لاپەڕەی ٧٧٣ی فەرهەنگی مەهابادد ا دەڵێ: لە دەورانی حەججاجی کوڕی یۆسفدا تەواوی دیوانەکانی میری لە ژێر چاوەدێری کوردێکدا بوو کە ناوی زادان فەڕوخ بوو. ژێردەستی نووسەرەکانیش ساڵحی کوڕی عەبدوڕەحمان ناوێک بوو.

لە رووی ئەوەوە کە ساڵح لە لای حەججاجی ڕێزی لی نەدەگیراو پێشی شەرم بوو، کە لە ژێر دەستی زادان فەڕوخیدا بژی دەماری توند بوو. رۆژێکی بە زادانی گوت ئەمیر بۆیە ڕێزم ناگرێ چونکە بە هۆی تۆوە دەمناسێ و ناشمهەوێ بگەمە پایەیەکی کە لە تۆ بەرزتر بێ و پێشت بکەوم.

بە کورتی بڵێین زادان فەڕوخ کە پیاوێکی کوردی نیشتمانپەروەر بوو پێی گوت دڵی خۆت بەو جۆرە شتانەوە سەخڵەت مەکە، خۆ ئەمیر پتر بە من ئاتاجە تا من بەو، چونکە تەواو ئەو یاسا و نامەو نامیلکانە کە لەبارەی کاروباری دەوڵەتین بە کوردین و هەر من دەتوانم بەو جۆرە لە رووی کوردییەکەوە بە عەرەبی کاری دەوڵەت هەڵسووڕێنم.

ساڵح گوتی ئەوەی تۆ دەیکەی منیش دەتوانم و تەنانەت لە دەستم دێ، هەمووشیان وەرگێڕمە سەر زمانی عەرەبی و ئیتر دوای

تـاقی کردنەوەیەکـی چـووکەڵە زادان فەڕوخ ئەو کـارەی لـێ قەدەغە کرد و پێی گوت نابێ وەها کارێک بکات، بەڵام ئەو قسەیە بە گـوێی حەجاجی دەگاتەوە و ئەویش کە دیـارە دژمنێکـی سـەرەکی گەلـی کورد بووە لە شەڕێکدا بە نێوی شەڕی (ابن اشعث) زادان فەڕوخیـان بە کوشت دا و ئەمجـا سـاڵحیان لە جێگەی وی دانـا و دەسـتووری پێـدا کە هەمـوو دەفـتەر و یاسـا و نـامە و نـامیلکە رەسـمییەکانی دەوڵەت لە کوردییەوە وەرگێڕێتە سـەر عەرەبـی. لە دواییـدا مەردان شـای کـوڕی زادان فەڕوخ گەلێـک هەوڵ و تەقەلای لە گەڵ سـاڵح دا کە پەشیمانی کاتەوە و بەر لەو کارەی بگرێ، بەڵام ناتوانێ لە هەر لایەکـی نیـشتمانی گەورەی کـوردەوە کوردەکـان هەوڵیـان داوە بـۆ بەرگری کردنی ئەو کارە و بە داخەوە نەیانتوانیوە.

زێڕینگەرێک لە شاری سەردەشتێڕا دەچێـتە لای و داوای لێـدەکا کە لە لای حەجـاج بلێ نـاتوانم ئەوکـارە بکەم وئیترئەوەنـدەی کە حەجـاج لە مـاوەی بیـست سـاڵاندا دەتـداتێ مـن سـەد ئەوەنـدەت دەدەمێ و هەر ئێستاش باتمانێکت زێڕی بێخڵتە پێشکەش دەکەم.

بەڵام هەمووئەو هەوڵ و تەقەلایانە بێکەڵک بـوون و هیچیـان بە ئاکام نەگەیون.

جا لێرەدا مەبەستم لە ئاماژەی مامۆستایە کە د ە فەرموێ کـورد هەرئاوا نەزان نەبووە وبەڵکە زانیارییەکی گەورەیان لە نێو بووە و بە قسەی پڕوپووچ هەموویان لە کیس چووە.

ئەوەتا دەبینین لە ساڵی ٢٤١ی کۆچیدا ئەحمەدی نەبەتی چ دەڵێ لە بارەی زانیاری کوردان داویان دوای ویش لە دەورانی حەجاجی کوڕی یوسفدا تەنانەت هەمـوو یاسـا ورێـسا ودام و دەسـتووروبگرە سکە لێـدانیش هەربە زمـانی کـوردی بـووە و ئیـتر دەیـان و سـەدان نموونەی تریش لەم چەشن ووێنەیە هەن.

جا پاشان مامۆستا روو لە گەلی کورد دەکا و دەڵێ:

بــە خــوا زۆر حــەیفــە، حــەیف و مــوخــ ابــن
مــیلــلەتــی کــورد ان هــەتــا کــەی وا بن؟
جــە هــالــە ت بــروا دە ورە ی عــیرفــانــە
کــونــە بــا بــروا نــورە ی کــورانــە
ئــە ی لاوی کــوردی نــوری دو چــاوم
قــووە تــی د لــم و جــە رگ وهــە نــاوم
بــاوانــی بــاوم نــە و خــاوان مــە کــتــە ب
بــە عــە قــل وعــیرفــان ، بــە عیلم وئە دە ب
بــە ئــە خــلاقــی چــاک ، بــە د یــن وئیمان
بــە ریــک وپــیکــی وە کــو بــرایــان
لــە گــە ل یــەکــتــری وە ک رو ح وبــەدەن
ئیمتیــزاج بکــە ن بــو عیــززی وە تــە ن

وەک دەبینین بێزاری خۆی لە نەزانی دەردەبڕێ و دەڵێ با نەزانی بڕوا و ئێستا نۆرەی زانیاری ورۆڵەی زانا و ئازایە. کە دەبێ بەهێز وووزەی زانیاری هەمو پیسیر و ئاستەنگێک شیتەڵ بکا.

جەهــالەت بــڕوا، نــۆرەی عیرفــانە
کــۆنە بــا بــڕوا نــۆرەی کــوڕانە

پاشان جارێکی دیکەش روو لە لاوانی کورد دەکاتەوە و دوای خۆ نێزیک کردنەوە و دوای ئەوەی کە بە بینایی چاوی خۆیان دادەنێ و بە هێــزی دڵ و جەرگ و هەنــاوی خۆیــان لە پێنــووس دەدا رێوشوێنێکی باش و جوان و موسڵمانانەیان بۆ دادەمەزرێنێ و پێیان دەڵێ کە دەبێ ئێوە ژیرانە و زانایانە و خواناسانە و بە

ئەدەب و شێواز و خووخدەیەکی زۆر چاک و رەوشێکی زۆر پاک و هەبێ و بەدین و ئیمان وبیر و باوەڕ بن و بە ڕێکوپێکی و وەک برایان زۆر بە تەبایی یەک بگرن و پشتیوانی یەکتر بن و دەست لە ناو دەست و قەوەت لە خوا بۆ سەربەرزی و سەربەخۆیی نیشتمان تێکۆشن. ئەمجا پێیان دەڵێ ئێوە بۆ وڵات هەمووتان رۆڵەی پشت و جگەرگۆشەن، یا خوای گەورە سەرکەوتووتان کا.

لای من ئێوە لەگەڵ مەسعوودی کوڕم جیاوازیتان نییە و بە قەرا ویم خۆش دەوێن و من کە جیاوازی لە نێوان کوڕ و برازاکانمدا دانانێم و مەجید و سەلاح کە برازامن و مەسعوود کوڕمە و ئێوەش وەکوو وان چاو لێ دەکەم باوەڕم پێ بکەن کە دڵم بۆ ئێوە شپرێوی حاڵی ئێوە لەبەر نەزانی و لە دەسدانی زانیاری بە کوڵە. ئیتر بەو جۆرە ئەو جارەش کوڵی دڵی خۆی دەردەبڕێ و دەڵێ:

بۆ ئاگاداری و هۆشیاری لاوان

هەستە پێش کەوە ئەی لاوی کوردی
ئاگات لە خۆ بێ کاروان رابردی
بە نووری عیلم ڕێگا بە دەر خە
بە زۆری باسک کارێ بە سەر خە
میسالی عیلم بفڕە وەک تەیران
بە هێزی عیلم هەڕۆ بن بەحران
عیلمی حیکایەت گەر کەڵکی هەبا
دەبوایە دنیا هەموو بۆ مە با
عیلمی کیمیات گەر نەخوێندووە
بە خوا نازانی خوا چی کردووە؟
ئێمە پابەندی وەهم و خەیاڵین

ئـــــێمە خەریکـــــی کەری جرجـــــاڵین
عیلمـــــی ســـــەنایع لای ئـــــێمە نیـــــیە
گەر چـــــشتێک هەیە ئەویـــــش قەولیـــــیە
پەنیـــــر و ژاژی شـــــیر و هەم لـــــۆرک
نەتـــــیجەی عیلمـــــی کیمیـــــایە بـــــێشـــــک
بە گڵـــــی ســـــپی و بە ئـــــاوی تـــــرێ
دۆشـــــاوی شـــــیرین چـــــۆن دروســـــت دەکـــــرێ
کـــــاردۆی وەکـــــوو کێـــــرد زبانـــــت دەبـــــڕێ
بە ترشـــــی و ســـــماق ژەهـــــری چـــــۆن دەبـــــڕێ
عیلمێکـــــی گەورە لە نێـــــو کـــــوردا بـــــوو
بە قـــــسەی پڕوپـــــووچ لە کیـــــسمان چـــــوو
بە دەف و دمـــــبەگ، بە ڕەقـــــس و ســـــەما
عـــــیلم و مەعـــــریفەت لای کـــــوردان نەمـــــا
بە خـــــوا زۆر حەیـــــف، حەیـــــف و موخـــــابن
میللەتـــــی کـــــوردان هەتـــــا کەی وا بـــــن
جەهـــــالەت بـــــڕوا دەورەی عیرفـــــانە
کـــــۆنە بـــــا بـــــڕوا نـــــۆرەی کـــــوڕانە
ئەی لاوی کـــــوردی نـــــووری دوو چـــــاوم
قـــــووەتی دڵـــــم، جەرگ و هەنـــــاوم
بـــــاوانی بـــــابم، نەوخـــــاوان مەکـــــتەب
بە عەقـــــڵ و عیرفـــــان، بە عـــــیلم و ئەدەب
بە ئەخلاقـــــی چـــــاک، بە دیـــــن و ئیمـــــان
بە ڕێکـــــوپێکی وەکـــــوو برایـــــان
لەگەڵ یەکتـــــری وەک روح و بەدەن
ئیمتیـــــزاج بـــــکەن بـــــۆ عیـــــزی وەتەن

ئێـــــوە بـــــۆ مەوتەن ئەولادی ســـــولبی
خـــــودا تۆفیقتـــــان بـــــدا یـــــا رەببـــــی
هـــــیچ فەرقـــــو نـــــاکەم لە گەڵ مەســـــعوودی
خـــــوا بوپـــــارێزێ لە چنـــــگ حەســـــوودی
مەجیـــــد و ســـــەلاح لای مـــــن وەک ئێـــــوەن
ئێـــــوەش بـــــرازان پـــــێم بـــــاوەڕ بـــــکەن

مامۆستای خۆشەویست لێرەدا پێمان دەفەرموێ کە زانیاری و زانست کۆمەڵی مرۆڤ سەردەخا و مرۆڤ بە هۆی زانیاری بەتایبەتی زانیاری سروشتی دەتوانێ بفرێ وەک مەل و بڕواتە سەرێ و کوراتی ئاسمانێ بخاتە ژێر پێی خۆی و هەروەها بچێتە ژێر دەریایان و بنی ئەقیانووسەکان راو بکا.

ئەمجا پێمان دەڵێ: خۆ ئێمە لە بەیت و بالۆرە و داستان دا دەستێکی باڵامان هەیە و بێوێنە و نموونەین لە سەر رووی زەمین، جا ئەگەر ئەوە کەڵکی هەبایە دەبوو تەواوی دنیا هی ئێمە بایە، ئەدی بۆچی هیچمان نییە؟ ئێمە هەر خەریکی وەهم و خەیاڵ و بەیت وباو و دەمەتەقە و داستان و حیکایەتین و خۆمان بە بیری کەری جرجاڵییەوە خەریک دەکەین و بە شتی پڕوپووچەوە مێشکی خۆمان داغان کردووە و ئیش و پژگاڵ و پیشەسازیمان وەلا ناوە و هیچمان لە نێو نەماوە و ئەوەی ماویشە هەر قسەیە و بەس، خۆ ئیتر قسەش ناچێتە ناو گیرفانەوە!

شۆڕەژن

داســتانی شــۆڕەژن کە مامۆســتای دڵــسۆزمان بە هــۆنراوە دەریهێنــاوە یەکێکە لەو هەزاران داســتان و بەســەرهاتانە کە لەو بــارەوە لە ڕۆژگــارانی رابــردوودا روویــان داوە و بە جــوانی رووی دزێوی ژوورەوەی شێخەکان دەردەخەن.

مامۆستا قانعیش ـ خوا لێی خۆش بێ ـ داستانێکی چووکەڵەی لەو بارەوە بە هۆنراوە دەرهێناوە:

دەروێش

دوێنــێ دەروێــشێ وتــی کەف بەدەف و دەف بەتەرەب
دەبە دەب دەب!! دەبـــە دەب دەب!! دەبە دەب دەب
وتــم ئەی ئەحمەقــی ئاشــوفتە وڵات چــۆڵە وتــی:
دەبە دەب دەب!! دەبـــە دەب دەب!! دەبە دەب دەب
هەرچــی هەوڵــم لەگەڵ ئەو ئەحــمەقە دا هەر ئەیــوت
دەبە دەب دەب !! دەبــە دەب دەب!! دەبە دەب دەب
وتــم وا چــاکە لە فیکــری خــۆیەوە بــۆی دەربــێم
بە مــرووری گەلــێ ئەییــام لە نــاو بەم دەبە دەب
دەفم هەڵگرت و بەحەی حەی دەسی شێخم ماچ کرد
وتــم لێــدەن بە عومــوومی لە مقــامی دەبە دەب
مــن و دەروێــش و ژن و شــێخ هەمــوو تــێکەڵ بــووین
شێخ لە فکری رەپی سوورو من و دەروێش دەبە دەب

قانیعا بەسیە موحەققەق بە دووسەد وەک من و تۆ
تەرک ناکەن بە یەکێ بەزم و مقامی دەبە دەب

جا بەهەر حاڵ مامۆستا گیو لە بارەی داستانی شۆڕەژندا ئاوا دەنووسێ: «ئەو هەڵبەستە بەو بۆنەوە دانراوە کە شێخێک دەیەویست بچێ بۆ حەجێ و پارەشی نابێ. مریدێکی دەوڵەمەندی خۆی پارەی تەواوی دەداتێ. خێزانی مریدەکەش زۆری لە مێردەکەی دەکا کە بە خۆی و کچە عازەبەکەیەوە لەگەڵ شێخیان بخات بۆ حەجێ. چونکە جێی ترس نییە و پیاوی خودایە. کابراش ناچار دەبێ پارەی هەر سێکیان دەدا بە شێخی و ڕەوانەیان دەکات.

ئیتر حەزرەتی شێخ هەر لە موسڵەوە شەیتان دەچێتە کڵێشەیەوەو تا دەگەڕێتەوە هەردووکیان ئاوس دەبن!! شێخی ناپاک دایک و کچەکە ڕەوانە دەکاتەوە و بۆ خۆشی خۆی لە تەویلەیماڵی مەلای ئەفەندی دەهاویێ تا چەند ڕۆژان نایەتە دەرەوە. بەهەشتی مەلا ئەفەندیش لە بەر دەرکییەوە بانگی دەکاتە دەرەوە و تفێکی لە چارەی دەکات و دەفەرموێ: سەگباب تۆ ناموسی ئایینی ئیسلامت برد، لەبەر ئەوەی کە پەنات بۆ ئێرە هێناوە بە دەس دەوڵەتێتەوە نادەم. بەڵام بڕۆ هەر لە ئێستاوە لێرە نەمێنی»

وا دیارە ئەو کابرا کەر و هەژار و خۆشباوەڕە ناوی "عەلی فەتحی" بووبێ و بۆیە مامۆستا دەفەرموێ ڕوو بە شۆڕەژنێ بە چ ڕوو دەچییەوە لای ئالییەفەتی؟ واتا ئەی شۆڕەژن ئەتۆ و کچەکەت کاتێ وەڕێ کەوتن بۆ حەجێ دوو کەس بوون، بەڵام ئێستا چوارن!! ئەو دوانەی دێت لە کوێ هێناون و بەو حاڵە چۆن دەچییەوە لای عەلی فەتحی مێردت؟

پێغەمبەر دەفەرموێ: (لا ایمان لمن لا امانە لە) واتا باوەڕی نییە ئەو کەسەی لە ئەمانەتدا ئەمین و بەختەمام نەبێ.

جا بۆیە شێخی وا پاک دووی بۆ مریدەکەی کردوون بە چوار!! وا دیـارە شـێخەکان ئـاوا ئەمینـداری خەڵکن!! ئەرێ لالـۆ ئەم خەڵـکە خەفتگە کەی ئەغیار ئەبێتۆ؟! تۆخوا ئەمانە کەی هەست وە زامگەلی خۆیان ئەکەن؟!

شۆڕەژن

شـــــۆڕەژن مـــــن لە هەوەڵ پـــێم نەگـــوتی
ئـــاخری حەزرەتـــی شـــێخ تێـــت دەکـــوتی
دێـــــتە یـــادت کە بە شـــــەو دەردەپەڕی
ســـەری رووت ســـینەی رووت پـــای پەتـــی
وەکـــــوو مـــــاینی بەتەڵەب دادەوەشـــــای
لات نەبـــــوو ســـــەبر و قەرار و رەحەتـــــی
عـــاقیبەت کەوتیـــیە ژێـــر حەملەیـــی شـــێخ
بە دووســـــەد حـــیلە و مەکـــــرد و دەوەتـــــی
کــــو بە ئەفـــسانەی شـــێخ هەڵخەڵەتـــای
بە چ روو دەچیـــــــیەوە لای ئـــــــاڵییەفەتی؟!

وەڵامی شۆڕەژن

شـــــێخ هومێـــــدێکی وەهـــــای دابـــــوو بە مـــــن
هەر لە بـــــۆیە ســـــەری خـــــۆم خـــــستە پەتـــــی
بـــــۆ ڕەزامەنـــــدی خـــــوا کەوتـــــمە دووی
دەمپەرســـــت مـــــن شـــــەو و ڕۆژ میـــــسلی بتـــــی
ئەوی دیـــــم و پەشـــــیمانیش بـــــووم
ئێـــــستەکەش مـــــاوە خـــــودا و مەرحەمەتـــــی

لای لایەی دایک

ئەمجارە مامۆستای مەزن و دڵ پڕ لە کوڵ، کوڵی دڵی پڕ لە سۆی خۆی بە شێوەیەکی ترو بە جۆرێکی دیکە دەردەبڕێ و لە قاڵبێکی دیکەدا ئامۆژگاری هەژارانی کوردەواری دەکا.

ئەوەی راستە مامۆستای دڵسۆزی گەل لە تەواوی هۆنراوە و هەڵبەست و ئامۆژگارییەکانیدا تەنیا دوو شتی گەورە و گرینگی مەبەستە کە بریتین لە موسڵمانەتی و کوردایەتی و واش دەردەکەوێ کە هەردووکیانی یەک لە یەکی پتر مەبەستە و بە هیچ جۆرێک لێکیان جیا ناکاتەوە.

بەڵام وەک مەرەنگوێزێکی لێزان و چاک (دکتر حاذق) کە بە جۆرگەلی جۆراوجۆر دەرمان دەرخواردی نەخۆشەکەی خۆی دەدا ئەو دوو مەبەستە گرینگە بە شرینقەی هەڵبەست و هۆنراوە لە مێشکی پیر و لاوانی کورد دەچزێنێ (تەزریق دەکا).

هیچ هۆنراوەیەک و هیچ نووسراوەیەکی مامۆستا نییە کە ئەو دوو شتانەی لێ نەخوێنرێتەوە، بەڵام هێندێکیان وەک هەوری بەهاری لێی هەڵدەڕژێن و هێندێکیان بە غوڕڕەم و هێندێکیان بە خوناوە. ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە مامۆستای بەڕێزمان کەسێک بووە کە زۆر بە چاکی لە قورئانی گەیشتووە و ئیسلامی راستەقینەی ناسیوە و بە هەموو هەست و ویژدانی خۆی تامی خۆشی ئایینی خوای چێشتووە و زانیویە کە خودی خۆشی لە جیهان و هەبووندا چییە و لە جیهانی ئیسلامدا کێیە و لە کوێیە و لەوێ دەبێ چۆن بێ و چۆن بژی و چی بکا و سەرەنجام چۆن بمرێ.

ئەو بەڕێزە کەسێک نەبووە کە بەو لا و لایانەوە بەسترابێتەوە و خەتیان پێ دابێ و بە دوای خۆیاندا کێشابێ. بەڵکە بە پێچەوانە، پیاوێکی موسڵمانی زانای کوردی دڵ پڕ بیر و باوەڕی سەربەخۆی خزمخوازی خۆویستی خواپەرەستی نەترس و نەبەز بووە و لە دەورانی خۆیدا لە خۆی کوردتر و موسڵمانتر و زاناتر کەم بووە.

بۆ ئەو دوو مەبەستە بە هەموو هێزو توانای زانیاری و رامیاری خۆیەوە تێکۆشاوە و خەباتی کردووە و هەوڵی داوە و لە هەر شێوەیەک کەڵکی وەرگرتووە. ویستوویەتی راستەقینە بۆ خەڵک روون کاتەوە و لە دەوری ئەو دوو مەبەستە گرینگە گەلی کورد گرد کاتەوە. ئەوەتا دەبینین جارێک هیواداری دەردەبڕێ و ئاواتەخوازی دەکا و دەڵێ:

بۆیە ئومێد ئەکەم لە لوتفی خودا
خالقی خۆر و مانگ و رۆژ و شەو
کوردەکانیش بکاتە ساحەبی جاه
(سنة الله في الذين خلوا)

یان ئاخان هەڵدەکێشێ و ناڵە دەکا بۆ ژیانەوەی گەل و دەڵێ:

هەتـــا دەمـــرم لە بـــۆ کـــوردان دەنـــاڵم
عیلاجیـــان چـــۆن بـــکەم هـــاوار بە مـــاڵم
لە عـــیلم و مەعـــریفەت دوورن بە کـــوللی
خەیـــاڵی خـــاوە لایـــان فیکـــری میللـــی
لە بـــاتی باســـی دیـــن و روکنـــی ئیمـــان
مەلا بۆیـــان دەخـــوێنێ مەدحـــی شـــێخان؟

یان لە پارچە هەڵبەستی قازانجی شێخەکانماندا دەڵێ:

هەتـــا شـــێخێک لە کوردســـتان بمێنـــێ
ئومێـــدی زینـــدەکانیت پـــێ نەمێنـــێ
تەریـــقەی قـــادری و نەقـــشبەندی
بە بـــای دا رەونەق و ئـــاهەنگی کـــوردی
لە وان و ئەرزەڕۆم تـــا حەددی جافـــان
تەوەلـــلا بـــوون لە عەقـــڵ و علـــیم و عیرفـــان

یان لە پارچە هەڵبەستی باوەڕی جاهیلانەدا دەڵێ:

وەرن ئەی ئـــوممەتی خیـــر البـــریە
لە پـــاش تەقـــدیمی ئـــیخلاس و تەحیـــیە
بە عـــیلم و عەقـــڵ و هـــۆش و فیکـــر و عیرفـــان
بە قەولـــی مـــستەفا و ئایـــاتی قورئـــان
بـــزانن ئەو قـــسانە پـــاکی پـــووچن
ئەگەر خوامـــان هەبـــێ ئەقتـــاب لە بـــۆ چـــن؟
کەســـێ ئیمـــانی بە خـــوا و قـــودرەتی بـــێ
چلـــۆن ئەو ئیعتیقـــادەی دەچـــتە قەلبـــێ؟!

هەروەهـا لە تەواوی هۆنراوەکانیـدا نمـوونەی زەق و زینـدوو و ئاشکرا هەیە و بەڵگە زۆرە بۆ ئەو دوو مەبەستە جوان و چاک و گەورە و پیرۆزە. جا بە تایبەتی لەو پارچە هەڵبەستەی (لای لایەی دایک)دا کە چەنـد جـوان و بەجێیە لە کاتێکدا کە هێشتا کوڕەکە منداڵێکی ساوای شیرەخۆرەی سەر پشتی لانکێیە و مێشکی پاک و خاوێنی بە هیچ شتێک هاڵۆز و تێکەڵاو نەبووە و هەر وا بە پاکی ماوەتەوە و بەو دوو شتە پیرۆزە دەزرینگێنێتەوە و ئاوی دەدا و زاخاوی دەکا و دەڵێ:

لای لای رۆڵەکەم بە روح خزمەتـــــــــــت دەکەم
تـــا خزمەتـــی مەفـــتەن کەی، بە ئـــازایی و چـــابوکی
ئومێـــــدم وایە لاوە ئەتـــــۆش هەروەکـــــوو کـــــاوە
لە بـــۆ کـــوردان هەڵـــبکەی رایەتـــی ئەتـــابوکی
کـــوڵی گریـــانم هەســـتا دیـــن و دنیامـــان فەوتـــا
روومـــان لە حەق وەرگێـــڕا لە بـــۆ شـــێخ و مامۆســـتا
لاوە بـــــۆ خـــــاتری خـــــودا نەکەی هەڵبخەڵەتێـــــی
دەنـــا وەڵـــــڵا و بـــــیللا بە جـــــارێکی دەفەوتێـــــی

جا مامۆستای دڵ بە کوڵ ئەو جارەش کوڵی دڵـی پڕ لە هیـوای خۆی لە لای لای کردنی دایک بۆ کوڕەکەی خۆی دەردەبڕێ و ئەو راستەقینەیەشـمان لە هەوەڵە پـێ دەڵـێ کە هەوەڵـین شـتێک کەوا دەچێتە گوێی منداڵەوە قسەی دایکە و دایک دەتوانێ منداڵەکەی هەر جۆرێک بیهەوێ رابێنـێ. یەکەمـین مامۆسـتای منـاڵ دایـکە و تەنیـا دایکێک دایکی چاکە کە مامۆستای چاک بێ.

دایـک یەکەم خەمخـۆر و راهێـنەر و یەکەم هـاودەم و هەوەڵـین دوێنەرو یەکەم هاوکارو هاودەنگی منداڵە. ئەو منداڵە مێشکی پاک و

روون و خاوێن و بێگەردە و وەک قاقەزێکی سپی وایە کە هیچ شتێکی لەسەر نەنووسرابێ و هەوەڵین نووسەر بە کەیفی خۆی دەتوانێ لێی بنووسێ و پڕی بکاتەوە.

هەر منداڵێک کە بێ بیر و باوەڕە، خوا نەناسە، بەد رەوشە لە پێش هەموو کەسدا دایکی بەرپرسە و دوایە باوکی و لە پلەی سێهەمدا مامۆستاکەی. جا بێگومان ئەگەر چاکیش بێ هەر بەو رێژەیە هونەرەکەی هەر بۆ ئەو سیانەیە.

دایک دەبێ منداڵێکی باش و بە شێواز و خاوەن رەوش دوای حەوت ساڵەی تەحویلی باوکی بدا و باوکیش دوای کار لە سەر کردن و راهێنان و بارهێنانێکی چاک بینێرێتە لای مامۆستا تا مامۆستا بتوانێ پیاوێکی باش و زانا و دانا و مەردێکی بەکەڵک لەو منداڵە دەربێنێ، بۆیە مامۆستای خۆشەویستمان دەفەرموێ:

ئەووەڵ چشتێ دەچێتە گوێی منداڵ لە ناو لانکێ
گەر چاکە و گەر خەراپە لای لایی دایکێ

مامۆستا خۆی یەکەم کەسە لە کورداندا کە لەو بارەوە هۆنراوەی هۆنیوەتەوە و هەڵبەستی هەڵتراشیوە. بەڵام دوای خۆی گەلێک لە هۆنەرانی کورد بە دوایدا رۆیشتوون و لاسایان کردۆتەوە، بۆ نموونە برایم ئەحمەد، هەژار، سوارە کە ئی هەموویان لە جێی خۆیدا بەنرخە، بەڵام لە راستیدا ئی مامۆستا لە ئی هەمووان گرینگتر و بەوەجترە و ئەوەش رچەیەکە کە ئەو کەڵە پیاوە خۆی لە هەوەڵەوە بە تەنێ شکاندوویەتی. ئیتر ئەوەش لای لایەکەی مامۆستا.

لای لایی دایک

ئەووەڵ چشتێ دەچێتە گوێی منداڵ لە ناو لانکێ
گەر چاکە و گەر خەراپە لای لایی دایکێ
لای لای رۆڵەکەم بە روح خزمەتت دەکەم
تا خزمەتی مەفتەن کەی بە ئازایی و چاپوکێ
ئومێدم وایە لاوە ئەتۆش هەروەکوو کاوە
لە بۆ کوردان هەڵبکەی رایەتی ئەتابوکی
ئەوەی بە دڵ و بە گیان خزمەتی مەفتەن نەکا
لە سەر جێگە و رێگەی خۆی دژمنی دەری دەکا
لاوژەم لای لایێ ئەتۆش هەروەکوو دایێ
ئەوشۆکە خەوت نایێ لە خەفەتێ دنیایێ
ئەی رۆڵەی موسڵمانم، لە نەتەوەی کوردانم
زۆرم هیوا بە تۆیە رزگار کەی نیشتمانم
تۆش وەک دایکی هەزارت وەکوو گش کەس و کارت
بێزاری لە ژێر دەستی و لە دژمنی زۆردارت
منیش ئەوا ئەگریەم رۆڵە لە بۆ قەومی تۆ
هەموو جەرگ و هەناوم ئەوا هاتە سفت و سۆ
کولی گریانم هەستا دین و دنیامان فەوتا
روومان لە هەق وەرگێڕا بە قسەی شێخ و مامۆستا
کۆلکە مەلای نەزان و شێخی بێخەبەر لە خوا
چی مەعدەنی وڵاتە هەمووی لە کیس ئێمە دا
روومان کردە زەویان و بووینە دەروێش و سۆفی
بۆیە ئێستێکە دژمن وەک سەگ هەڵماندەگلۆفی
بە قسەی وانی حیلەباز رۆڵە ئێمە تێکەوتین
لە بۆ قووتی لایەمووت خەریکی بەڕ و جەوتین
رۆڵە بۆ خاتری خودا نەکەی هەڵبخەڵەتێی
دەنا وەڵڵا و بیللا بە جارێکی دەفەوتێی

عیسا لە ئاسمان مەهدی لە ناوبیر

باوە و دەنگۆیە لە نێو خەڵکی موسڵماندا کەوا هەنتەشی عیسای کوڕی مریەم لە ئاسمانانە و مەهدیش پێشەوای چاوەڕوان کراوی شیعان لە ناو چاڵاوی سامەڕەدا خۆی شاردۆتەوە، یەک لە بەرزو یەک لە نەوی، ئەم لە عەرد و ئەو لە ئاسمان هۆی مشت و مڕی زانایانن!

جا دیارە ئەوانە هەر یەکەی لەبەر هۆیەکی تایبەتی ئەوەیان بە سەر هاتوە و بەڕاستیش ئەو دوو مەسەلە هەردووکیان جێگای ناکۆکی و چەند بەرەکی و مشتومڕێکی زۆری زانایانی ئایینی ئیسلامن. هێندێکیان دەڵێن عیسا بە جەستە و گیانی خۆیەوە خوای گەورە بردوویەتەوە ئاسمانان و هێندێکیشان دەڵێن نەخێر، هەر بە گیان چۆتەوە ئاسمانان نەک بە جەستە. هێندێکیش دەڵێن، نەخێر، هەر نەچۆتە ئاسمانان، بەڵکە وەک هەر کەس مردووە. وە ئەمەش کە خوا دەفەرموێ: (انی متوفیک و رافعک إلیّ) خۆی بەڵگەیە بۆ ئەو داوایە و بە چاکی دەیچەسپێنێ.

هەروەها لە مەڕ مەهدیش هەر زانایان ناکۆکی زۆریان لە نێوان دایە. هێندێکیان بە تایبەتی شیعەکان دەڵێن لە چەند سەد ساڵ لەمەو بەرەوە لە چاڵاوی سامەڕای عێراقێدا خۆی شاردۆتەوە و لە ترسی دوژمنان. جا بە قسەی هێندێکیان هەتا دنیا پڕ پڕ نەبێ لە ستەم و زێف و گوناح و تاوان، نایەتە دەرەوە. بە قسەی هێندێکانیش هەتا دنیا لە خەراپکاری پاک نەبێتەوە نایەتە دەرەوە.

جـا بە قـسەی هێنـدێکیان لە دواییـدا عیـسا لە ئاسـمانان دێـتە خوارەوە و مەهدیش لە ناو بیر دێتە دەرەوە و دەس وە دەستی یەک دەدەن و لە دژی جرجاڵ شـەڕ دەکەن و بە یەکجـاری دنیـایە پانتـاو دەکەن و جرجاڵ کە لە پێشدا هەموو خەڵکی فریـو داوە و بە نـان و ئاو هەموویانی وە دوای خۆی داوە دەکوژن و ئیترئەو کاتی گورگ و مەڕ پـێکەوە ئـاوێ دەخـۆنەوە و زیـان بە یەکتـر نـاگەیەنن و چەوسێنەر و چەوساوەش دەبنە دۆست و دڵسۆزی یەک!!

بەڵام بەشێکی زۆر لە زانایانی بەرزی ئیسلامی لە مەڕ مەسەلەی مەهدی سەرسەختییەکی زۆریان نیشان داوە و بە گشتی بەرهەڵستی ئەکەن و دەڵێن: هەر نەبووە و نەبێ و بەڵـگە و پەڕتـۆی زۆریـشی لەسەر دێننەوە.

بەڵام لەبارەی هەنتەشی عیسادا هیچ کەس بەرهەڵـستی ئەوتـۆی نـاکـا و بەو شـێوەی نەیـاری نـین و تەنیـا ناکۆکییـان لەوەدایە هێنـدێکیان وەک بـاس کـرا دەڵـێن خـوای گەورە ئەوی مرانـدووە و گیانەکەی بردۆتەوە لای خۆی وەک هەموو پێغەمبەرانی دیکە.

جا ئەو قسەیە، کە چاکتر بە دڵەوە دەنووسـێ و ئەقڵ دەیگـرێ بەڵگەی یەکجار زۆر ژیرانەی لەسەرە. دەبـێ ئەوەش قەبووڵ کەیـن کە بردنەوەی هەنتەشی عیسا بۆ ئاسمانان چ بە گیـان و جەسـتە و چ بە گیـانی رووت، بـۆ گیـانی گیانـان کـارێکی زۆر زۆر سـادە و ئاسانە و بە هەر لایەکیـان بـێ زیانێـک بە مەسەلەکە نـاگەیەنێ و بەشێکیش نییە لە باوەڕی ئیسلامی.

بەڵام گرینـگ ئەوەیە کە ئـێمەی موسـڵمان هەمـوو ئایەتەکـانی خەبات (جیهاد) وفەرمان بە خەباتمان فەرامۆش کـردووە و هەمـوو جـۆرە ستەم و زێـف و زۆرێـک قەبـووڵ دەکەیـن و مـۆری نەنـگ و شوورەییمان لە نێـو چـاوانی خۆمـان داوە و بە تەمـای ئەوەیـن کە

عیسا لە ئاسمانان بێتەوە خوار و مەهدی لە ناو بیر بێتەوە دەر و تۆڵەمان بۆ بستێنن!! بەڕاستی شتێکی سەیرە!!

پێمان وایە کە هەتا ئەو کاتی ئێمە هەر دەبێ ژێر چەپۆکە و ژێر دەستە و ستەمکێش بین و هەموو جۆرە ستەم و زێف و زوڵمێک قەبووڵ کەین!!

ئەوا چەندین سەدەش رابردووە و هەر نەهاتن و چاوەڕوانی بێجێی ئێمەیان نەهێنایە جێ!! چونکە ئەگەر واش بێ و ئەوان ئەو کارەی بکەن بەپێی ئەو گێڕاو (روایت)انە کە باسیان دەکەن دوای وان دنیا زۆری نامێنێ کە تێکدەچێ و ئیتر لە پەسڵان (قیامت) نێزیک دەبێتەوە. با ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە هیچ ئایەتێک لە قورئانی پیرۆزدا باسی هاتنەوەی وان ناکا و ئەوەش کە باسیان دەکا هەر گێڕاوەیە و بەس. بەڵێ قورئان باسی هەنتەشی عیسا دەکا و راڤەدەران (مفسران)ی قورئانیش بیروڕای خۆیان دەربڕیوە.

جا مامۆستاش کاتێک کە دەبینێ وا موسڵمانان لە سەدەی بیستەما هەر وا بە خەون و خەیاڵ دەژین و لە جیهانی خەیاڵ پڵاوی نەکوڵاودا بە جارێ سەرگەردانن و لەباتی ئەوەی کە خۆیان وەخۆ کەون و کاروباری خۆیان راپەڕێنن وەک کابرای خەوتوو لە بن دارە قەیسییەکە کە نەیدەتوانی هەستێ و بچێتە سەر دار و یا لکی دارەکە بگرێ و رایوەشێنێ و ئیتر بە کەیفی خۆی بخوا هەر دەیگوت (زردآلو بیا تو گلو) واتا قەیسی وەرە ناو زارم، هەتا دەنکە قەیسییەک هەڵوەری و وە چاوی کەوت و کوێری کرد؛ بەتەمان عیسا و مەهدی بێن و کارێکیان بۆ بکەن و ئیتر لە بیریان نییە کە خودا دەفەرموێ: (ان الله لایغیر ما بقوم حتی یغیروا ما بأنفسهم) بەڕاستی و بێگومان خوا ئاڵوگۆڕ لە حاڵ و ژیواری هیچ کەسدا وەدی ناهێنێ هەتا خۆیان وە خۆ نەکەون و شۆڕش نەکەن و ژیواری نائامواری خۆیان بە کەیفی خۆیان نەگۆڕن.

کۆمەڵی شێخ و خەلیفە و دەروێشانیش بە شار و گوندەکانی وڵاتی ئیسلامی و بەتایبەتی کوردستاندا دەخولێنەوە و بە نێوی ئایین دەلەوەڕێن و خەڵکی هەژار و سادە و ساویلکە دەچەوسێننەوە؛ بۆیە مامۆستا لەو بەستە هەڵبەستی چووکەڵەی شەش تاکیدا دنیایەک دەردی دڵ و کوڵی دەروون و داخ و خەفەت هەڵدەڕێژێ و دەڵێ: ئێمەی موسڵمان هەر بە تەمای ئەوەین کە عیسا لە ئاسمانێڕا بێتە خوارێ و مەهدی لە ناو بیری بێتە دەرێ و کارێک بۆ ئێمە بکەن کەچی ئەوان هەر نەهاتن و حاڵی ئێمەش ئاوا شلۆق و نالەبار و ئیتر ئاوا بەدبەختی رۆژگارین!!

خوای گەورەش دەفەرموێ: (لیس للانسان الا ما سعی) واتا مرۆڤ بە هەوڵ و کۆشش و خەباتی خۆی نەبێ هیچ شتێکی دەس ناکەوێ.

عیسا لە ئاسمان، مەهدی لە ناو بیر

عیسا لە ئاسمان مەهدی لە ناو بیر
حاڵمان شلۆقە یاران چ تەدبیر؟
نە ئەو دێتە خوار، نە ئەم دێتە دەر
جرجاڵیش زۆرن گشتی سواری کەر
لە دێ و لە شاران سەربەست ئەگەڕێن
بە ناوی دینی باش دەلەوەڕێن
ریش پان و درێژ، مل قەوی، شان کۆم
دوور بن لە دینی وەک 'حسایە' و 'ناحۆم'
دوویان دەکەون پیرێژن و منداڵ
بە غار و سەما بە جەزبە و بە حاڵ

پیرێـــژنە کـــۆنەی قـــوون قالـــب بەتـــاڵ
دوای جرجـــاڵ دەچـــێ وەک مـــاینی بەفـــاڵ

جا هەربۆیە لە جێیەکی دیکەدا دەڵێ:

بە ئومێـــدی ئیمـــامین یەعنـــی حەیـــدەری کەڕڕار
یـــا خـــۆ حەزرەتـــی عیـــسا لە ئاســـمان بێـــتە خـــوار
یـــا نە مەهـــدی مـــوختەفی لە نـــاو چـــاڵێ بێـــتە دەر
بە قـــووەتی ویـــلایەت دنیـــا بـــکە موســـەخخەر

یان لە بەستەیەکی دیکەدا هەڵمەت دەباتە سەر ئەو بیر و باوەڕە ناڕێکوپێک و نەچەسپاوە و بە سەر سووڕمانەوە دەڵێ:

عیـــسا دێـــتە خـــوار ئیمـــڕۆ و ســـبەینێ
ئـــیش و کـــاری تـــۆ هەمـــوو پێـــک دێنـــێ
لای مەلا وایە هەر کە مەهـــــدی هـــــات
خەڵاتـــــی بـــــۆ دێ جـــــوببە بە قەڵات
وا چـــــاوەنۆڕی مەهـــــدی بێـــــتە دەر
خـــۆ هەر نەهـــاتیش جەرگـــت هـــاتە دەر
ڕەببـــــی مامۆســـــتا هەر وا بنـــــاڵی
حەشـــری تـــۆ بـــکەن دەگەڵ جرجـــاڵی
ئەم بـــاس و خواســـە هـــیچ کەڵکـــی نیـــیە
ئیمـــڕۆ بنـــۆڕە حـــاڵی تـــۆ چیـــیە؟
حەزرەتـــی عیـــسا چـــی کـــرد لە بـــۆ خـــۆ
کە هـــاتە خـــوارێ چـــی دەکـــا بـــۆ تـــۆ؟

مەسەلەی عیسا لە روانگەی زانایانی ئیسلامەوە

مەسەلەی مان و نەمانی هەنتەشی عیسا شتێکە کە لە کۆنەوە زانایانی ئسلام تێیدا ناکۆکن و لە سەری مشتومڕیانە، هەروەک باس کرا.
هێندێکیان دەڵێن خوای گەورە ئەوی هەر ئاوا بە جەستە و بە گیانەوە بردۆتەوە ئاسمانان بۆ لای خۆی. هێندێکیشیان دەڵێن خوای گەورە مراندوویەتی و گیانەکەی بردۆتەوە لای خۆی. جا هەر کامێکیان بێ، بۆ خوا کارێکی زۆر ئاسان و سادەیە.

بەڵام لە رواڵەتی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزدا وا دەردەکەوێ کە ئەو بەڕێزە مرێندراوە و ئێستا نەماوەو کاتێکیش کە دێتە خوارێ بۆ خوای زۆر سادەیە زیندووی بکاتەوە.

خوا لە سوڕەتی ئالی عیمران ئایەتی ٥٤دا دەفەرموێ: (اذ قال الله یا عیسی انی متوفیک و رافعک الی و مطهرک من الذین کفروا) ئەی عیسا ئەمن مرێنەری تۆم و بەرزکەرەوەتم بۆ لای خۆم و خاوێنکەرەوە و رزگاریدەری تۆم لەوەی کە کافرەکان بۆت هەڵدەبەستن و لەو داوانە کە بۆت دادەنێنەوە.
بەڕێز دوکتور ئەحمەدی شەرباسی لە پەڕتووکی (یسألونک فی الدین و الحیاه) بەرگی ٦ لاپەڕی ٣٤٩دا دەڵێ: (و معنی هذا ان عیسی قد توفی و مات. هذا ما یفهمه القارئ الخالی الذهن من الاقوال و الروایات لانه هو المتبادر من العباره و ایدته الشواهد من الآیات) مانای ئەوەش ئەویەە کە بەڕاستی عیسا نەماوە و مردووە. ئەوەش شتێکە کە خوێنەری بیر و مێشک بەتاڵ لە قسە و باس و گێڕراوە تێیدەگا و دێتە دە مێشکییەوە، چونکە هەر ئەوە دەفامرێتەوە لەو وێژامە قورئانییە.

بەڕێز شەهید سەیید قوتب لە تەفسیرە بەناوبانگەکەی خۆی (في ظلال القرآن)دا دەفەرموێ: (لقد ارادوا صلب عيسى و قتله و اراد الله ان يتوفاه و ان يرفعه اليه و ان يطهره من مخالطه الذين كفروا و البقاء بينهم و هم رجس و دنس فاما كيف كانت وفاته و كيف كان دفعه فهى امور غيبيه تدخل فى المتشابهات التى لايعلم تأويلها الا الله و لا طائل وراء البحث فيها لا في العقيده و لا فى الشريعة و الذين يجرون ورائها و يجعلونها ماده للجدل ينتهى بهم الحال الى المراء و الى التخليط و الى التعقيد دون ما جزم بحقيقته و دون ما راحة بال فى امر موكول الى علم الله) جلد ١، ص ٤٠٣

واتا کافرەکان ویستیان عیسا هەڵاوەسن و بیکوژن. خوداش ویستی بیمرێنێ و بەرزی بکاتەوە بۆ لای خۆی و بیفڕێنێ و رزگاری بکات لە تێکەڵاوی. ئەوانەی ئەوتۆ کە کافرەکان بوون و لە مانەوە لە نێویاندا کە هەموو پیس و پۆخڵ بوون. بەڵام داخوا مردنەکە و بەرز کردنەوەکەی چۆناوچۆن بووە، ئەوە کاروبارێکی نهێنی و لە وەک یەکچووەکان (متشابهات)ی ئەوتۆیە کە خوای گەورە نەبێ کەس ناتوانێ لێکیان بکاتەوە و هیچ قازانجێکیش دە باس لێ کردنیاندا نییە. نە دە بیر و باوەڕ و نە دە شەریعەت و یاسادا. ئەو کەسانەش، کە وە دوای ئەوانە دەکەون و دەیانکەنە هۆی کێشە و بەرە تووشی سو و گومان و سەر لێشێوان و گرێپووچکە دەبن و بە هیچ راستەقینەیەک ناگەن و قەت ناگەن بە ئارامی و سووکنای دڵ لە کاروبارێکدا کە دەبێ هەر حەواڵە بە خوا بکرێ و بەس. چونکە قەبووڵ کردنی کارێکیش هەر پێوەندی بە خواوەیە بۆ قەبووڵکەرانی هەبوون و تاک و تەنیا و هێز و زانایی و دانایی و هۆزانی و لێزانی خوا کارێکی زۆر ئاسانە.

بەڕێـز زانـای بە ناوبـانگی بیـر تـازە مامۆسـتا ئەحـمەدی نەوئەندیش لە تەفسیرە جوانەکەی خۆیدا (نو اندیش) بەرگی یەکەم لاپەڕەی ۱۵۳دا دەفەرموێ: (جملة "متوفيک و رافعک إليَّ" دلالـت دارد کە حضرت عیسی قبض روح شدە و وفـات نمـودەو روح او بە مقـام اعلـی رسیدە. پس اخبـاری کە دلالـت برحیـات و عـدم فـوت او دارد مخدوش الدلالە و مخدوش السند و مجعول است)

هەروەهـا بەڕێـز مـستەفای مەراغـی لە بەرگـی ۱ لاپەڕەی ۱۶۹ (تفسیر المراغی)دا دەفەرموێ: (و حدیث الرفع و النزول آخر الزمـان حدیث آحاد یتعلق بامر اعتقادی و الامور الاعتقادیە لا یؤخذ فیها الا بالدلیل القاطع من قرآن و حدیث متواترو لا یوجد هنا واحد منهمـا) واتا باسی بەرز کرانەوەی بە گیـان و جەستەی هەنتەشـی عیـسا و هـاتنە خـوارەوەی ئەو لە دوامـین چاخـا تەنیـا بە حەدیـسی ئاحـاد چەسپێندراوە و بەس، کە دیارە ئەوەش شتێکە پێوەنـدی بە بیـر و باوەڕەوە هەیە و کاروباری بیر و باوەڕیش دەبێ تەنیا لە بەڵـگە و پەڕتـۆی بـێگومـان و پـتەو (قطعـی) کە بـریتییە لە قورئـان یـا فەرموودەی موتەواتر وەربگیرێن، خۆ حاڵیش وایە هیچ یەک لەوان لێرەدا نییە. هەر لە پێش ئەوەشدا دەفەرموێ (ان التوفی هو الاماتة العادیة و ان الرفع بعدە للـروح و لا غـرابە فـی خطـاب الـشخص و ارادە روحە فالروح هی حقیقە الانسان و الجسد کـالثوب المـستعار یزیـد و یـنقص و یتغیـر) بەڕاسـتی "تـوفی" هەر هەمـان مرانـدنی ئاساییە و بەرز کردنەوەش لە دوایە بۆ گیانە و هیچ سەیریش نییە ڕوو لە مـرۆڤ بکـرێ و مەبەسـتیش گیـانی وی بـێ، چـونکە ڕاستەقینەی مرۆڤ هەر گیانە و جەستە وەکوو بەرگی وی وایە زیاد دەکا و کەم دەکا و ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ.

خوای گەورە لە سورەی نیساءدا دەفەرموێ: ﴿ وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا

صَلَبُوهُ وَلَٰكِن شُبِّهَ لَهُمْۚ وَإِنَّ ٱلَّذِينَ ٱخْتَلَفُواْ فِيهِ لَفِى شَكٍّ مِّنْهُۚ مَا لَهُم بِهِۦ مِنْ عِلْمٍ إِلَّا ٱتِّبَاعَ ٱلظَّنِّۚ وَمَا قَتَلُوهُ يَقِينًۢا ﴿١٥٧﴾ بَل رَّفَعَهُ ٱللَّهُ إِلَيْهِۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا ﴾ ئەویان نەکوشت و هەڵیان‌ناوەسی، چونکە دەستیان ویٚ‌ڕا نەگەیشت و نەیانتوانی، بەڵام لیٚان تیٚک‌چوو هاوڕیٚیەکەی خۆیان خوا هیٚنایە سەر دیمەنی هەنتەشی عیسا و ئەمیان لە باتی وی کوشت. بەڕاستی ئەوانەی ئەوتۆ کە دووبەرەکی و ناکۆکییان ساز کرد بەڕاستی لە گومان دان لە بارەی عیسادا و هیچ زانیارییەکیان لەبارەی ویدا نییە و تەنیا پەیڕەوی دەکەن لە گومان و بە یەقینی ئەویان نەکوشت. بەڵکو خوا ئەوی بەرز کردەوە بۆ لای خۆی و خواش بەڕاستی بەهیٚز و توانا و لیٚزانە.

بەڕیٚز رەشید رەزا شاگردی شیٚخ محەمەد عەبدۆ لە بەرگی ٣ تەفسیری المنار لاپەڕەی ٣١٦دا دەڵیٚ: «و التوفی فی اللغه اخذ الشیء وافیا تاما و من ثم استعمل بمعنی الامانه. قال الله تعالی یتوفی الانفس حین موتها و قال قل یتوفاکم ملک الموت الذی وکل بکم فالمتبادر فی الآیه انی ممتک و جاعلک بعد الموت فی مکان رفیع عندی کمال قال فی ادریس(و رفعناه مکانا علیا» واتا: وشەی "توفی" دە فەرهەنگدا بریتییە لە گرتن و تەواو کردنی شتی و نەهیٚشتنەوە و بڕاندنەوە، هەر بۆیەش بە مانای مراندن بە کار براوە. خواش دەفەرمویٚ: «خوا نەفسەکان دەگریٚ و تەواو دەکا لە کاتی مردنیاندا» و دەفەرمویٚ: «تۆ بلیٚ دەتانگریٚ و تەواوتان دەکا فریشتەی مەرگ نەوەی ئەوتۆ کە بۆتان دیاری کراوە» جا ئەوەی لەو ئایەتە پیرۆزە دەردەکەویٚ ئەوەیە کە ئەمن مریٚنەری تۆ و دانەری تۆم لە جیٚگایەکی بەرز و بڵیٚند لە لای خۆم، هەروەک لە بارەی ئیدریسدا - درووددی خوای لە سەر بیٚ - دەفەرمویٚ: ئەومان بەرز کردەوە بۆ جیٚگایەکی بڵیٚند.

ئەوە بیر و ڕای ژمارەیەکی زۆرە سەبارەت بە هەنتەشی عیسا و مان و نەمانی وی، بەڵام دەبێ ئەوەش بگوترێ کە ژمارەیەکی یەکجار زۆریش لە ڕاڤەدەرانی قورئانی پیرۆز ڕایان لە سەر ئەوەیە کە ئەو بەڕێزە هەر وا ماوە و ئێستا لە ئاسمانانە بە جەستە و گیانەوە خوا ئەوی بردۆتەوە لای خۆی. کە لەو دیوەی مەسەلەکە پرسیارگەلێکی زۆری بێوەڵام هەڵدەستێ. هەر بۆیە ئەو بیروڕایە بۆ زۆران قەبووڵ ناکرێ و بە پەسندی نازانن، چونکە پیاو هەر چەندە دەکا نازانێ چ راز و ڕیئۆنییەک (حکمت) لە هێشتا هەرمانی حەزرەتی عیسا و خدر دایە کە دیارە بۆ خواش هەموو کارێک ئاسانە، دەتوانێ بیهێڵێتەوە و دەشتوانێ بیمرێنێ و هەر کاتێک ویستی وەیژێنێ و ئەگەر ویستیشی دەتوانێ بیکاتە هۆی سەرکەوتنی حەق و ڕاستی و ئایینی پاکی ئیسلام.

جا مامۆستای بەڕێز و دڵسۆزی گەلمان پێمان دەڵێ: ئەرێ ئەو هەموو مشتومڕ و کێشە و هەرایە کە لە سەر عیسا و مەهدی ساز کراوە چ قازانجێکی بۆ ئێمە هەیە؟ هەتا کەی ئێمە هەر وە دوای ئەو جۆرە شتانە بکەوین! کە ئەگەر هەزاران ساڵی دیش لە دوویان بڕۆین بە هیچ ئاکامێک ناگەین و بۆمان ساخ نابنەوە!!

چونکە هیچ بەڵگەیەکی قورئانی و فەرموودەی بە تەواتور گەیشتووی پێغەمبەری لە سەر نییە و هەر چەندی وە دوای بکەوین لە بیروڕا دەربڕینی خۆمان بەو لاوە چیدیکەمان لەو بارەوە لە دەس نایە. خۆ هەتا پتریش بیروڕایان دەرببڕین پتر سەرمان لێ دەشێوێ و مەسەلەکەمان لێ هاڵۆزتر دەبێ، چۆن بیروڕا هەمیشە جۆراوجۆرن.

بەڵێ، مامۆستا دەفەرموێ ئەو جۆرە هیوا و هومێدانە هیچ قازانجێکیان بۆ ئێمە نییە، جگە لەوە کە خەڵکی موسڵمان بەرەو تەمبەڵی و سستی و لە خەبات سارد بوونەوە ڕادەکێشن!!

ئـاخر خـوا دەفەرمـویێ تـۆ هیچـت دەس نـاکەویێ بە هەوڵ و تێکۆشـانی خـۆت نەبیێ. خـوا حـاڵ و ژیـواری هـیچ گەل و هۆزێـک ناگۆڕیێ، هەتا خۆیان رانەپەڕن و حاڵ و ژیـواری خۆیـان نەگـۆڕن. کەچی موسڵمانانی سادە و سـاویلکەش هەر بە تەمـای ئەم و ئەون کەجا هەر بۆیە دەفەرمویێ:

ئەم بـــاس‌و خواســـە هـــیچ کەڵکـــی نیـــیە
ئیمـــــڕۆ بنـــــوارە حـــــاڵی تـــــۆ چیـــــیە؟

خەڵـک لە پیـشەسازی و زانیـاری دا وەهـا پێـشکەوتوون کە تەنانەت بە گۆی زەویـش دابـین نـابن و ئێـستا وا دەڕۆن بـۆ سـەر گۆیەکانی دیکەی ئاسمان.

ئەی هەزار رەحمەت لە گۆڕەکەی کە دەفەرمویێ:

ئـــــێمە پابەنـــــدی وەهـــــم و خەیـــــاڵین
ئـــــێمە خەریکـــــی کەری جرجـــــاڵین
حەزرەتـــی عیـــسا چـــی کـــرد لە بـــۆ خـــۆ
کە هـــاتە خـــواریێ چـــی دەکـــا بـــۆ تـــۆ؟

ڕێزدار عەللامە سەعدەدینی تەفتازانی سەبارەت بە مەهدی نهێنی لە لاپەڕەی ٢٣٦ پەڕتووکی شرح العقائددا دەڵیێ: (و انـت خبیـر بـان اختفاء الامام و عدمه سواء فی عدم حـصول الاغراض المطلـوبه مـن وجود الامام. وان خوفه من الاعداء لایوجـب مـنه الاختفـاء بحیـث لا یوجد منه الا الاسم. بل غایه الامـر ان یوجـب اختفـاء دعـوی الامانـة کمـا فـی حـق آبـائه الـذین کـانوا ظـاهرین علـی النـاس و لا یـدعون الامـامه. و ایـضا فعنـد فـساد الزمـان و اخـتلاف الآراء و اسـتیلاء الظلمه، احتیاج الناس الی الامام اشد و انقیادهم الیه اسهل).

یانی خۆت زۆر چاک دەزانی کە خۆ شاردنەوە و نەبوونی پێشەوا هەر دووکیـان هەر وەک یەکـن، نەهـاتنی ئامـانجە پێویـستەکانی خەڵکدا لە هەبوونی پێشەوا، بەڕاستی ترس ویش لە دژمنانی نـابێ ببێتە هۆی ئەوە کە خۆی لەبەر چاوی خەڵک ون بکـا ، یـان خـۆی بـشارێتەوە بە جۆرێـک، کە نێـوەکەی نەبـێ نەمێنـێ، بەکـڵە ئەوپەڕەکەی ئەوەیە کە ببێتە هۆی شاردنەوە و دەرنەخستنی بـانگی پێـشەوایەتییەکەی و بەس، هەر وەک بـاب و بـاپیرانی خـۆی کە ئەوان لە بەر چاوی خەڵک دیار بوون، بەڵام داوای پێشەوایەتییان نەدەکـرد. سـەرەڕای ئەوەش دە کـاتی خەراپـی چـاخ و نەبـاری و دژایەتی بیروڕا و زاڵ بوونی ستەمکاراندا خەڵک پتـر پێویـستیان بە پێشەوا هەیە و هەروەها چاکتریش بۆی ملکەچ دەبن و زۆر ئاسانتر وە دوای دەکەون.

بەڕێز ڕاڤەوانـی بەناوبانـگ جەنـابی مامۆسـتا سـەعید حەووا لە بەرگـی ٢لاپەڕە ١٢٣٢ ڕاڤە بەناوبـانگەکەی خۆیـدا کە (الاسـاس فـی التفسیر)ی ناوە دەفەرموێ:

(فـي نـزول عيـسى(فـى آخـر الزمـان اجمـاع الامـة المـسلمة، و النصارى كذلک يرون ذلک، و فى كتب اليهود لا يـشعر به وقد ورد اكثر من سبعين حديثا عن رسول الـله(فـي شـأن نـزوله، و حـوالى اكثر من اربعين اثرا عـن الـصحابة فـي ذلـک، و قـد الـف فـي ذلـک عبدالحى اللكنوى كتابه "التواتر الـصريح فـى نـزول المـسيح" فمـن انكر قضيه نزوله يكفر) واتا لە هـاتنە خـوارەوەی هەنتەشـی عیـسا گومـان نیـیە و کۆبـوونەوە و یەکیەتـی گەلـی موسـڵمانی لە سـەر هەیە، فەلە و مەسیحییەکانیش ئەو مەبەستە هەر وا دەبیـنن و هەر بەو جۆرە لێی دەڕوانن. لە کتێبەکانی جوولەکەکانیشدا شتێکی هەر وەک ئەوەی هەیە و هەر ئەوە دەگەیەنـێ. بەڕاسـتی پتـر لە حەفتـا

فەرمـوودەی پێغەمـبەری مەزنـیشﷺ لەبـارەی هـاتنەوە خـواری هەنتەشی عیسادا گوتراوە. هەروەها پتر لە چل شوێنەواری یـارانی پێغەمـبەریش هەر لەو بـارەوە هـاتووە. بەڕێـز عبـدالحی الکنـوی کتێبی خۆی "التواتر الصریح فی نـزول المسیح" هەر لەو بـارەوە ناو ناوە، هەر کەس دوژمنایەتی و نەیاری ئەو مەبەستە بکات پێـی کافر دەبێت و لە دین وەردەگەڕێ.

زانای بەرز و بەڕێز و خواناس، عەللامە ئەحمەد نەوئەندیش دە لاپەڕەی ٢٦١ بەرگـی ١ ڕاڤە جـوانەکەی خـۆی (تفـسیر نـو انـدیش)دا دەڵێ: و در این آیات بیان کرده که حضرت عیسی را یهود نکشتند و بـدار نیاویختنـد و ایـن که فرمـوده خداونـد او را بـالا بـرده بـسوی خودش، توهم نشود که خدا مکان داود و عیسی را بدانجا برده است بلکه مقصود ارتفاع مکان اوست و مقصود اینست که خدا او را بجای برد یعنی به عالم آخرت که کسی را در آنجا امر و نهی نیـست بلـکه فقط امر او نافذ است و لذا فرموده الیه، چنانکه میگوییم: انـا لـله وانـا الیه راجعون.

هەروەها لە لاپەڕەی ٣٢٠ هەر ئەو بەرگەی ڕاڤەکەیا ئەفەرمێ: (در اینکه نصاری در حوایج خود توجه به عیسی خیـالی خـود مـیکننـد شـکی نیـست. آیـا ندیـدەای که در تمـام کلیـساها و در تمـام بیمارستانهای امریکا و اروپا شفای امراض را از عیسی میخواهند؟ و همین معنی است که خدا عتاب میکند به عیسی که آیا تـو گفـتەای در حوایج خود به تو توجه کنند و تو را اله بدانند؟

حضرت عیسی با کمال عجز و انکسار عرض میکند: من نگفتەام و این چنین کفری سزاوار نیست زیرا من از امت خود بیخبر بودم پس از رحلت از دنیـا چه رسد به اینکه سمیع و بـصیر حـوایج ایـشان باشم و این معنی به خوبی از آیه پس از این آیه روشن است. یکجـا

میگوید رب من ورب شما یکی است. یعنی من رب و ارباب شما نیستم و بمن رجوع نکنید. یکجا هم میگوید "فلما توفیتنی کنت انت الرقیب علیهم و انت علی کل شیء شهید" یعنی من که عیسی باشم مراقب احوال ایشان نیستم و فقط خدا مراقب حال همه و همه جا حاضر و ناظر است نه من.)

ئیسلامناسی بەڕێز مامۆستا محەمەد فەرید وەجدی لە بەرگی ١٠ کتێبی "دائره المعارف القرن العشرین" لاپەڕەی ٤٨٠دا دوای ئەوەی کە چەند حەدیسێکی کە بە نێوی پێغەمبەرەوە بڵاو کراونەتەوە دەهێنێ سەبارەت بە مەهدی چاوەڕوان کراو دەڵێ:

(هذا ما ورد من الاحادیث فی المهدی المنتظر، و الناظرون فیها من اولی الابصار لا یجدون فی صدورهم حرجا من تنزیه رسول الله من قولها، فان فیها من الغلو و الخبط فی التواریخ و الاغراق فی المبالغه و الجهل بأمور الناس و البعد عن سنن الله المعروفه ما یشعر المطالع الاول وهلة انها احادیث موضوعه تعهد وضعها رجال من اهل الزیغ و المشایعین لبعض اهل الدعوه من ظلبه الخلافة بلاد العرب او المغرب)

واتا ئەوە شتێکە کە لەبارەی مەهدی چاوەڕوان کراوا هاتووە، خوێنەرانی بینا و زانا هەرگیز لە دڵی خۆیاندا هیچ جۆرە نیگەرانییەک نابینن لەمەڕ دوور خستنەوەی پێغەمبەری خوا لە گوتنی ئەو جۆرە حەدیسانە و ئیتر خێرا دەقی پێدا دێنن کە ئەوانە هەرگیز فەرموودەی پێغەمبەری خودا(نین چونکە بەڕاستی دەواندایە لە زێدەڕۆیی و لێدان وپێشێل کردنی مێژووەکان و گۆڕینی رووداوەکان و رۆچوون دە زێدەڕۆیی و نەزانی و بێئاگایی لە سروشت و کاروباری خەڵک و دوور کەوتنەوە لە رەوشگەلی ناسراوی خوایی، شتێکی ئەوتۆ کە هەست و ویژدانە بێدار و

هۆشیارەکان هەر بە هەوەڵین دیتن لێی تێدەگەن و چاک دەزانن کە ئەو حەدیسانە هەرگیز هی پێغەمبەری خوا نین و بەڵکە گشتیان هەڵتراشرا و ساختەگەین.

بە ئەنقەست کەسانێک ئەوانەیان هەڵتاشیون و سازیان کردوون کە لادەر لە ڕێی راست و دوور کەوتووەوە لە راستەقینەکانن، یان پەیڕەو و دواکەوتـوون و گـوێ لە مـستی کەسانێکن کە خۆیان داوتەڵەبی مەزنییەتـی و جێنـشینی و سەرۆکایەتی لە وڵاتـانی عەرەبی یان رۆژئاوایی‌دان.

پاشـان دوا بە دوای ئەوە دە لاپەڕەی ٤٨١ی هەر هەمـان کتێبـدا دەفەرموێ: (فان تعجب من ذلك فأعجب منه من يعتقد ان رسول اللهو هو المؤيد بالوحى يقول "ان ملك بختنصر سبع مأة سنة!! و انت تعلم ان ملك بختنصر البابلى لم يزد على ثمانى و اربعين سنة" زد على ذلك ان بعض تلك الاحاديث تذكر دولة القياصرة بالقسطنطنية عند خروج المهدى على ما كانت عليها حالتهما فى عصر الوضاعين للاحاديث مع علمك بان دولة قياصرة القسطنطنية انقرضت من لدن القرن الخامس عشرللميلاد و ليس بها كنيسة تحتوى على ما جبه قيصر فيها من اموال بيت المقدس!!

و ان اضفت الى ذلك كله ما ورد من تلك الاحاديث من ان سليمان بنى بيت المقدس بالذهب و الفضة و اليواقيت و الاحجار الكريمة. تحققت ان واضعى هذا الكلام تعمدوا الحط من شأن الاسلام. و قد ضعف كثير من ائمة المسلمين احاديث المهدى و اعتبروها مما لايجوز النظر فيه. و اننا انما اوردناها مجتمعة لتكون بمرأى من كل باحث فى هذا الامر حتى لا يجرأ بعض الغلاة على التضليل بها على الناس).

بەڵێ مامۆستا فەرید وەجدی لەو بارەوە دەفەرموێ: جا ئەگەر تۆ ئەوەت پێ سەیر بێ، سەیرتر لەوەش ئەو کەسەیە کە بەڕاستی پێی وایە پێغەمبەری خوا کە دیارە هەمیشە بە نیگای خوایی بەهێز کراوە و لە هەر کاتێکدا سرۆش و نیگای خودایی هاوڕێ و پشتیوانی بووە فەرموویەتی:"پادشایەتی بەختونەسر حەوت سەد ساڵ بووە" تۆش زۆر باش دەزانی، کە پادشایەتی ئەو لەچل و هەشت (٤٨) ساڵ پتر نەبووە.

جا لەوەش هەر پتر بڕۆ و لێی زیاد بکە کە هێندێک لەو حەدیسانە باسی دەوڵەتی قەیسەرەکان لە قوستەنتەنیە دەکەن و دەڵێن ئەو دەوڵەتە لە کاتی ئاشکرا بونی مەهدیدا هەر لە سەر هەمان حاڵەتی خۆی واتا حاڵەتی هەڵتراشران و ساز کرانی ئەوان حەدیسانە دەبێ و دەمێنێتەوە!!

خۆ تۆ خۆشت زۆر چاک دەزانی کە دەوڵەتی قەیسەرەکانی قوستەنتەنییە لە سەدەی پازدەهەمی زایینی بە تەواوی بڕاوەتەوە و کۆتایی پێ هاتووە و بە یەکجاری لە بەر یەک هەڵوەشاوە و خۆ ئیتر هەر نەماوە. تەنانەت لەو شارەدا یەک دانە کلیساشی تێدا نەماوە کە ئەوەی قەیسەرێکیش لە سامانی بەیتولمەقدەسڕا هێناویەتی تێیدا مابێ.

ئەگەر ڕەگەڵ هەمووی ئەوانە بخەی شتێک لەو حەدیسانە کە دەڵێن (سولەیمان "بيت المقدس"ی دروست کردووە لە زێڕ و زیو و یاقووتگەلی جۆراوجۆر و بەردە بەنرخ وپیرۆزەکان) بە چاکی بۆت روون دەبێتەوە و قەبووڵی دەکەی کە دانەرانی ئەو حەدیسانە و ڕێکخەرانی ئەو جۆرە قسانە بەڕاستی مەبەستیان هێنانە خوارەوەی پلە و پایە و ڕێز و شکۆی ئیسلام و موسڵمانانەو دەیانهەوێ بەو

جۆرە شتە پڕوپووچ و بێنرخانە ئابڕووی ئیسلام و موسڵمانان بەرن!!

بێگومان گەلێک لە پێشەوایانی موسڵمانان و زانایانی ئیسلامناس و دڵسۆزی گەل تەواوی ئەو حەدیسانە کە لە بارەی مەهدی دان زۆر بە لاوازیان داناون و لەو جۆرە شتانەیان ژماردوون، کە تەنانەت هەر خوێندنەوەشیان و چاو لێ کردنیشیان هەر دروست نییە!!

ئێمەش کە ئەوانەمان هەموو بە کۆمەڵ هێناون و تۆمارمان کردوون بێگومان تەنیا مەبەستمان هەر ئەوەیە کە هەموو ئەو جۆرە کەسانەی دەیانهەوێ لەو بارەوە لێکۆڵینەوە و توێژینەوە بکەن دەستیان وێیان رابگات و بتوانن وردەکارییان لە سەر بکەن و بۆ خەڵکی بێئاگا بە جوانی شییان بکەنەوە و لە رووی زانیارییەوە بڕواننە مەسەلەکە. تا خیرەت نەکەن هێندێک لەو جۆرە کەسانە و ئەو ستەمکارە لە ڕێ دەرچووانەی کەوا ئامانجیان گومڕا کردنی خەڵکە، بە هۆی ئەو جۆرە بە نێو حەدیسانە موسڵمانان لە ڕێی راستی ئیسلامی راستەقینەی سەرەتای ئیسلام لا بدەن و بە یەکجاری سەر شێواو و گومڕایان بکەن.

گەلێک مەلای نەزانی واشمان هەیە کە هەر بێ لێکۆڵینەوە ئەو جۆرە وتانە قەبووڵ دەکا و تەنانەت ئەگەر لاوێکی روون و وریا و ئاگاداریش نەیاری بکات زۆر بە توندی بە گژیدا دێتەوە و بگرە بە ناحەزیشی بە خەڵک دەناسێنێ و پێی دەڵێ وەهابی بەڵام موسڵمانان و بەتایبەتی مەلاکان ئەو رۆژگارە دەبێ زۆر زۆر لەوەی وریاتر و زاناتر بن کە نەیاران و دژمنانی زانا و دۆستانی نەزان هەر شتێکیان پێ قەبووڵ بکەن.

ئەورۆ ڕۆژی زانست و زانیاری و سەرکەوتن و پێشکەوتنە نەک رۆژی چاوبەستن وچاوبەستران وفێڵ لێکران.

تەلاق

مامۆستای دڵسۆزوهۆشیارورامیارمان کە بە هەموو هەست و ویژدانی خۆیەوە دەردە جۆراوجۆرە سەختە کەمەرشکێنەکانی کۆمەڵی هەژاری دەردەداری کوردەواری وکوردستانی بەڵا لێدراوی هەست پێ کردووە و دەرمانیشی لە لێزانی خۆی بۆدیونەتەوە و زۆردڵسۆزانە دەردەکانی بۆ هاوڕەگەزانی خۆی دەست نیشان کردوون و دەرمانەکانیشی بەزمانێکی زۆرسادەپێ گوتوون.

جا ئەو جار لەو پارچە هەڵبەستەیدا دەردێکی دیکەی کوژەرولە ناوبەری کۆمەڵایەتیمان پێ دەڵێ و دەرمانەکانیشی نیشان دەدا. ئەودەردە کۆمەڵایەتییە کە دەردێکی تەنینەوەی تەکییە و سەرەنجام سەردەکێشێ بۆدەردێکی رامیاری کۆمەڵایەتی ولە ئاکا ماچارە نەکراوو بێدەرمان لە کوردستانی بەڵا لێدراوی خۆماندا باوە کە بە سەد داوۆناووبەزم و هەراو تەنانەت جاری واش هەیە، کە بە سەد گوناح وتاوان ولە ڕێ لادان، باوکان ژنێ بۆکوڕان دەهێنن یان کوڕان هەرخۆیان هەڵیاندەگرن و دەیانڕەوێنن. بەڵام بە داخەوە زۆری پێ ناچێ کە لە یەکتردەکەونە بڕوبیانوووپەڵپ گرتن وبەهانە لە یەکتردۆزینەوە کە رەنگە دایک و باب یان کەسوکاری دیکەی هەردووک لایانیش، بەتایبەتی داکیان لەو بارەوە بێچەخەرو شوێنەوارنەبن.

بەڵام راستی شوێن و چەخەری دایک وباب هەرلەو جێیەڕایە کە منداڵەکانی خۆیان باش نەعاملاندووە و رایان نەهێناون بە تایبەتی یاسا و دەستووراتی ئایینیان پێ نەگوتوون و لە بوون ومان و واتای ژیانیان حاڵی نەکردوون، تەنانەت نازانن، کە ئامانجی بەرزی زەماوەندیش چییە. هەرلایان وایە ئەوکارە بۆهێندێک

رابواردن و هەوەس‌بازی و هەواخوازییە . خودیارە ئەگەر واش بێ دوای ماوەیەک رەنگە لێک وەڕەز ببن، یان هەرنەبێ هێندێک سارد ببنەوە کە ئەودەم دیارە یان لێک جیا دەبنەوە و بە یەکجاری دەس لێک هەڵدەگرن یان ژیانێکی بێ‌تام وسارد وسڕیان دەبێ و سەرەنجام هەرمنداڵێکی کە لەوانیش پەیدا دەبێ ناتەواو و ناپوختەو ناکامڵە وبەد ڕەنگ وچیلازولووت باریک ودەم بە لیک و چڵمن وقرخن وبێ‌هەست وبیروهۆش وناتەواوە ولانی کەم یەک دوویەکی لەو دەردانە بە ملیەوە.

جا ئەو جۆرە ژنانە، کە بە پشتیوانەیەکی کەمی ژیری و بیرو هۆش و خووخدەی جوانی کارزانی ودەس رەنگینییەوە دەچنە ماڵە مێردان، کە بێ گومان ئەوە خەیانەتێکە دایک و بابیان پێیان دەکەن هەمیشە هەر هەناسە سارد و بەدبەخت و دەربەدەرونەحەساوە و ماندوو و دڵ نابەجێ و بێ‌هێلانەی ژیانن و لەو ماڵەشدا بێ پشتیوان و بێ دۆست و دەرکراو و دڵ هەڵقەنراو و ناخۆشەویست و نا لەبەر چاون، لە پێش هەموو ئەندامێکی ئەو ماڵەدا لەوانەیە تەنانەت مێردەکانی خۆشیان هەر نەیانهەوێن کە ئیتر ئەودەم بەدبەختی وان مسۆگەرە و تەڵاق درانیان لە رێ دایە و ئەو کات لەوانەیە چەند منداڵێکی هەژاری بێچارەش بە خۆیەوە تووشی هەناسە ساردی بکەن!!

بەڵام بە پێچەوانە ژنێکی کە خاوەنی بیروباوەڕێکی جوان و خوداییانە بێ وخۆشی ژیرۆمەندو تێگەیشتو و لێزان و میهرەبان و زمان شیرین و رەزا سووک وهەڵسووڕ و کارزان ودەس رەنگین و لە خوا ترس و خواناس و خۆناس و خەڵک ناس بێ و ڕێزی هەر کەس بە پێی پێویست و بە رێژە(نسبة)ی خۆی بگرێ و ئامانجی هەر خۆشی و رابواردنێکی کاتی نەبێ و بە داهاتووی خۆی و ماڵی

مێـــردەکەی هیـــودارا بـــێ، نەک هەر تەنیـــا خـــۆی لە خۆشـــی و کامەڕانیدا دەبێ و هیچ کەند و کۆسپێکی نایەتە رێ، بەڵکە دەتوانێ ئەو مـاڵەش بکـاتە چـاوگەی ئەویـن و مەکـۆی خۆشـی و شـادی و نموونەیەکی بەهەشتی بەرین. کە بە داخەوە زۆر کەمـن ئەو جـۆرە ژنـانە!!

جـا چـونکە لە گەڵ مێردەکەشـی یەکتریـان زۆرخـۆش دەوێ و تەنـانەت کـاری ژن ومێـردایەتیش هەرلە رووی ئەویـنەوە ئەنجـام دەدەن بێگومان ئاکامی زۆر چاکی دەبێ.

ئەوژن ومێـردانەی کە یەکتریـان خـۆش نـاوێ، یـان زۆر پـێکەوە گەرم و گوڕ نین و لـە سەر بنـاغەیەکی ئەویـندارانەوە زەماوەنـدیان نەکردووە، رەنـگە کـاری ژن ومێـردایەتیش هەر لـە رووی ئەویـنەوە ئەنجام نەدەن، کە ئەو دەمـیش رەنـگە ئاکـامی ئەو کـارە منـداڵێکی تەواو و جـوان چـاک و لـەبـار و ژیـرو زیـرەک و هۆشیار نەبـێ یـا هەرلە بنـیڕا منـداڵێکی فەلەج، یـا نـاتەواو بـێ یـا لـە باریـک لـە بارەکان نا تە واوی ونا پوختە یی تێدابێ.

جا ئا لێرەدایە، کە دایکان وباوکان دەبێ هۆشیاربن وخەیـانەت بە ئەمانەت نەکەن ومنداڵەکانیان جابە تایبەتی کچەکان زۆر جـوان رابێـنن و دوای راهێـنـان و بارهێنـانێکی چـاک ومـرۆڤدۆسـتانە و موسڵمانانە ئەمجا فێری هەرشتێکی پێویستیشیان بـکەن ئیتـر دەبـێ بارهێنان وراهێنان بکەنە بەردی بناخەی فێرکردن.

پێغەمبەری خۆشەویستمانﷺ دەفەرموێ: (لا ایمـان لمـن لا امانـة لە) واتا هەر کەس ئەمینداری و بەختەمامەتی نەبـێ بـاوەڕی نیـیە. ئەمینداری بەردی بناخەی دیواری ئیمانداریيە.

جا هەر بۆیە لێرەدا عەرزی دایک وبابەکان دەکەم تکایە ئاگاتـان لە منــداڵەکانتان بـــێ کە ئەمـــانەتی یەزدانـــین بە لای ئێـــوەوە و

بەتــایبەتی باشــیان بــار بێــنن وهۆشــیاربن ئەو کچــانە کە مــاڵی کابرایەکی بێگانە یاخزمی ئێـوەن وخـوای گەورە بـۆی لـە لای ئێوە دانـــاون بە خووخـــدە وبیروبـــاوڕە وبارهێنـــان وفێـــر کرانێکـــی تەواووجوانەوە بیاندەنەوە بە خاوەنەکانیان.

هەرلە بیـرمە جـارێکی بـاوکی بەڕێـز و خۆشەویـستم یـاخوا بە بەزەیی خوای گەورە شاد بێ، بۆی گێـڕامەوە و فەرمووی (دوو بـرا هەبـوون بە نێـوی عەبـدوڵلا و مەلا حەسـەنی حەمە قـوتەی، کە بە هـۆی ئەوە مەلا حەســەن فەقێــی بــابم بــوو و زۆری لە لای بــابم خوێنـدبوو تـێکەڵاوی بنەماڵەییمـان هەبـوو، مەلا حەسـەن کە بـرا چووکە بوو بە کاک عەبدوڵلا دەڵێ: دەبێ فیسارە کچەم بـۆ بێنـی و ئەویـش دەڵــێ جـگە لەوی هەر کەس بڵێـی بـۆت دێـنم، بەڵام مەلا حەسەن مانی دەگرێ و دەڵێ: جگە لەوی کەسم ناوێ. کاک عەوڵا کە هەر قایل نابێ سەرەنجام مەلا، ئایـشێ هەڵـدەگرێ و بە پێـی دابـی هەرێم مەسڵەت دەکرێ.

بابم فەرمووی پاش نێزیکەی ٢٨ ساڵ لە کـاک عەبـدوڵلام پرسـی ئەرێ مەلاژن چۆنە و ئەتۆ لەگەڵ براژنـت چـۆنی؟ گـوتی عـومەر بە حەزرەتــی عــومەر مــاوەی ٢٨ ســاڵە لێــی لە بەهــانەم و دەمــهەوێ جارێک لێی تووڕە بم، بەڵام هێشتا بەهانەم دەس نەکەوتووە).

منیش خۆم ئەو ژنەم لە کـاتی پیریـدا دیتبـوو، کە لە نـاوچەکەدا بەنـاوبانگ بوو. خوای گەورە پاداشی ویش و هەمـوو ژنە باشـەکان بداتەوە و ژنە خەراپەکانیش چاک بکات. جا لیـرەدا پـیم وایـە بـی جی نییە، کە ئەو دو پارچە هەڵبەستەی، کـە لەبـارەی ژنـی ژیـرو ژنی کەردا نوسیومن بگونجینم، کە بەوشیوەی خوارەوەن:

ژنی ژیر

وەرە بـــوت بـــا س بکـــە م ژینـــی بـــە خوشـــی
ژیـــا نـــی د ور لـــە دە رد و هەم رو شـــی
ژیـــانی پـــر لـــە شـــادی و شـــادما نـــی
ژیـــا نـــی پـــر ئـــە ویـــن وکـــامـــە رانـــی
ژیانیکـــــە لەگەڵ یـــــاری کـــــە ژیـــــرە
ژنـێکـــی گـــە ر دڵـــی پڕهـــۆش و بـیـــرە
ژنێکـــــی وا دڵـــــی پـــــڕپڕ لەهەستـــــە
دەرونـــــی پـــڕ لـــە ئـــاوات و مـەبـەستـــە
ژنـــــی ئـــــاوا ژنـــــی ژیـــــرەژنی ژیـــــر
ژنـــی ژیـــر پـــشتیـوانە وشـیرە هـــەم تیـــر
چەکـــی شـــانە لـــە مەیـــدانی خەبـــا تـــا
دنـــە هـــەستە لـــە چـوارچیـــوەی ولاتـــا
ژنـــــی ژیـــــر مـــــاڵ وســـــامانی جیهانـــــە
هـەویـــنی زیـنـدەگـــی و ئـــاوی ژیـــا نـــە
ژنـــــی ژیـــــر چـــــاکترینی هەرچـــی چاکـــە
بـــی هەمتـــایە ولـــە ئەود نـیـایـــە تاکـــە
رونـــــاکی حەوش ومـــــال ودەرک وبانـــــە
بزویـــنیی هـــە ستە رامـــاڵی خـەمانـــە
لەبـــو مێـــردی وەکـــو شـــورەوقە لایـــە
مـەتـــاڵ ولـەمپـــەری د ەرد و بەلایـــە
رە زا ســـوکو خـــوین شـــیرین و پاکـــە
لـــە هەرباریکـــە وە تـــو بیـــژی چـــا کـــە
زەی گـــش کـــات لەســـەردولیوی قەنـــدە

بـــە وێـــنەی بولـــبولی مەســـتە بەخە نـــدە
ئەگەردیـــت ودە چـــی وەک بریـــسکە وایـــە
لەنـــا ومـــا لیـــشا هە روینـــە ی چـرایـــە
بهەدیـــمەن هەرگوڵـــە وریحانـــە بـــونی
نییـــە قەت بێتـــە بە رچـــا وت بەمونـــی
لەگەڵ گـــش کەس بەروخوشـــی وبەگەرمـــی
دەئاخـــیوی بـــە روخوشـــیو بەنەرمـــی
ژنـــی ژیـــرد ینـــە ، ویژدانـــە ، ژیانـــە
ژنـــی ژیـــر دەوڵـــە ت و ماڵـــی جیهانـــە
بومـــاڵ و میـــردی خـــوی هێنـــد تێدەکوشـــی
هەمونـــە نگیـــک و رازیـــک دا دە پوشـــی
ژنـــی ژیـــررە مـــزورازی زینـــدە گـــانی
وەکـــو پیویـــستە بەوچـــە شـــنەی دەزانـــی
تـــریفەی مانگـــە ئەســـتیرەی بەیانـــە
شـــەپولی نـــادڵی دەر یـــا یەکـــا نـــە
گڵـــو پیکـــە لە مـــالا شـــوقی ســـوکە
هـــە میـــشە هەر بـــەوینە ی تـــازە بوکـــە
لە دنیـــاداچ شـــت چـــاترلەوی نـــین
شـــیرین ورونـــە هەروەک راوی هەنگویـــن
وەنەوشـــە وسویـــسن ودەســـکی
ریحانـــە شـــەمامە یدەســـتی مەردی میهـــرە بانـــە
کلـــوکی ســـورە لیمویە،بـــە هییـــە
ئیتـــر ئەوجێیـــە خوشـــە ئەو لەوییـــە
نـــە باتـــە نوقلـــە هـــە م قـــە ندوگـــە زویـــە
چ شـــتی لـــە و چـاترە گـە ربـە دلـی تـویـــە

زنـــی زیرئـــاوی بـــارانی بـــه هـــاره
زمـــان شـیـریـنـــه تـــه ر د ه ســـته بـه كـاره
زنـــی زیـــر چـــه شـــنی دوكـــانی گولانـــه
هـه تـــوان ومـــه لحـــه مـی زامـی دلا نـــه
زنـــی زیـــره حمـــه ت ونـــازی خودایـــه
لـه هـه رچـی پـه سـتی یـه دوره وجـــود ایـــه
شـــنه ی بایـــه نمـــه ی بـــارانی ورد ه
لـــه سـه ر چـــومی خـــورینی ژیـانـــی پـــرده
بـــو زامـــی دل وه كـــو یـــه ســـاته وایـــه
زنـــــی وا ریـــــزی زوری پـــی ره وایـــه
زنـــی زیرهیـــزی ده ســـت بینـــایی چـــاوه
وزه ی ئـــه زنویـــه هـــه م هیـــزی هـــه نـا وه
زنـــی زیـــر ســـملی پـــه رزینـــی گولانـــه
وه كـــو خونچـــه ی نـــه پـشكو تـــو ی چـلانـــه
زنـــی زیرچـــه شـــنی حـــوری ناوبـــه هـــه شـــته
هـــه قـــالی پیاولـــه مـــال وكیـــووده شـــته
ژیـــان بـــی وی هـــه موهـــه رزانـــی روتـــه
لـه كـه كـره ش تـا لتـره هـه رژه قـــنه موتـــه
بـه چـــه شـنی زینـی گـورژی ده ردومـــه رگـه
هـهمـوی هـه رخـوارد نـــه وه ی خـوینـاوجـه
رگـــه

مەهاباد مانگی بەفرانباری سالی ٢٧٠٣ كوردی

ژنی كەر

وه ره بــــوت بيـــــزم رازيــــــكی نيهانـــــی
لــــه بــوت بـد ويـــم لـــه ده ريــكی جيهانـــــی
هــــه لـــی ريـــز م لـــه لات ئـــه ود ه رود ا خــــه
د لـــم پـــر پرلـــــه ئيـــش وئـــو ف وئـا خـــه
گـــه لـــيكم چـــه شـــتووه ئـــه وده رده تالــــــه
كــــه ژينـــم گـــــشتی ژانـــــه وئـــا ه ونالـــه
بـــه لـــی يـــه كجـــارگران وســـه خـــت وتوشــــه
ئـــه وه ی ئـــه وده رده ی ليبـــی ژيـــانی پوشــــه
ئيترخوزگـــــه بــــه وه ی قـــــه ت توشـــی نايــــه
ژنـــی كـــه ر،هـــه رژنـــی ژنـــی ژيــــری لـــه لايــــه
گـــه لی كـس وک منـی بـه دبـه خـت وبـی فـه ر
ژيـانـــــی پـــــرله ژانـــــــه ومـــــالی پـــر شــــه ر
لــــه ســـايه ی هاوژيـــانی زوركـــــه روپـــــه ســـت
زمانـــد ارونـــه زان وگـــه وج وبــــی هــــه ســــت
چ ناخوشـــــــترين ت خـــــــه ســــــــاركه ر
ئيترهاوارلـــــه ده ســـت وزمـــــانی ژنـــــی كـــــه ر
ملوزمـــــــه ، ميملـــــــه ، وه ک درک ودالـــــــــه
لـــه گـــوينــــی تـالتـــره ، وينــه ی گـــوژ الــــــه
زمـــــانی هـــــه روه كــــو دريـــــشوكه مــــــاره
بـــو مــا ل وميـــردی هـــه م خوشـــی ، نــه يــاره
ئـــه وه نـــده هـــيچ نـــه زان وپـــه ســـت وپوچـــه
تـــــه واوی ژيـــانــــــــی هــــه رتــاوان وسوچـــــه

قـسه ی گـش هــه روه کوگولـلــه ی تفــه نگــه
هـه میـشه مالــه کـه ی هــه رپرلـه جــه نگـــه
بوخــــوی گوناحبــــاره میردیــــشی وه کوخــــوی
ده کاگوناحـــبا ر ئـــه وه نـــدی بلـــویتن بـــوی
د ژی شـــادی ونـــه یـــاری خوشـــی یـــه ئـــه و
لــه جیــشد ا هــه رشــه ری ســازه هــه موشــه و
بــه شــوخیش بــی دوینــی شــه ر لــه گــوره
هـــه میـــشه لـیوولـــوت ولـیچـــی شـــو ره
وه کـــو گـــونی قـــوره گــــه منـــدالی زورن
کـه مورکـه ی جـه رگـی پیـاوی خـه م نـه خـورن
بـــه مـــونی هـــه روه کومـــه یمـــونی قـــه لـــسه
ده بـی شـه رکـه ی لـه گـه لیـا بیـژی هـه لـسه
هـــه رخـــوی داری ده داتـــه ده ســـتی میـــردی
لـــه بوشـــه رده ســـوی هـــه رســـاتوروکیردی
د ه ریـــز یـــت و د ه پرژینــی شـــتی مـــا ل
لــه مــال زیــزه بــه روژ ومانــگ و هــه م ســال
ئـه تـو هـه رچـی هـه تـه بیـده یتـی هیـشتا
ده لـی چـیم دیـوه لیـت وچیـیم لـه مـشتـا ؟!
شـــه ووروژ هـــه رخــه ریکــی قــاج وقوچـــه
گــه رانـــی نـــا وشـــه قـــام وشـار وکوچـــه
بــــــه لاییـــــکه ژنـــــی کــــــه ر
چ ده رد یـــکی گرانـــه ود ار ی بـــی بـــه ر
ژنـی کـه ر چـه شـنی شـیری کـه کـره تالـه
رونــــاکی هــــه رنیــــیه وتــــاریکی
مـا لــــه درند یکه به چه شنی گورگ وورچـه
رو گــــرز وتــا ل و تــــرش ومــــون مـرچـــه

ژیـــان شـــیوینه ؛ مـــال تیکـــــد ه ر ره زا تــــال
د و پــشک وهـــه زد یهـــا یـــه ومـــاری نـــاوما ل
خـــه مـــی مـــالیی نییـــه وزوریـــش نـــه زانـــه
نـــه کابانـــه و نـــه بـــوکی دیـــوه خانـــــه
نـــه هـــاو رازه نـــه هـــاو ده رده نـــه هـــاوژین
گـــه لیـــک تفتـــه گـــه لیـــک تالـــه نـــه شـــیرین
ئـــه گـــه رشـــوی بـــه دبـــه خـــت روژتـــا ئیـــواری
بـــد ابـــا ی بـــا لـــی بـــی ورچـــا ن لـــه کـــاری
لـــه بـــه رچـــاوی نییـــه وهـــه ر هـــا تـــه وه مـــال
ژیـــانی ســـه د ئـــه وه نـــده ی دیـــش ده کـــا تـــال
ده لـــی توخـــوت ده روی بوکـــه یـــف وخوشـــی
منـــیش لیـــره م لـــه نـــاو ده روپـــه روشـــی
کـــه میوانـــت هـــه بـــو ده یکاتـــه هـــه لـــلا
بـــه هـــه رچـــی بلیـــی هـــه یـــه ؟ ئیـــژی نـــه وه لـــلا
ده کاشـــه رمـــه نـــده تـــوش ماننـــه نـــدی میـــوان
ده قـــیژ یـــنی هـــه تـــا ده تـــکا پـــه شیـــوان
ده لیـــی خوایـــه ئـــه مـــن ئـــه وقـــسه م لـــه بـــوکرد
کـــه ئـــابروی خـــوم لـــه لای میوانـــه کـــه م بـــرد
ژیـــان نـازانـــی تـرسیـــشی لـــه یـــه زد ان
نییـــه وناشزانـــی واتـــای د یـــن وویـــژ دان
بـــه لایـــه ، ده رد ه ، ســـند انـــه لـــه مـــا لـــی
زمـــا نـــی دریـــژ ی و ی قـــه ت چـــا کـــه نـــالی
ئـــه گـــه ر گـــو رزده کـــا هـــاوار لـــه ده ســـتی
ژنـــی کـــه ر کـــه س نـــه لـــی: بـــی بیروهـــه ســـتی

مانگی خەزەلوەریسالی ٢٧٠٢ کوردی – شاری مەهاباد

دەبێ ئەوەش بزانین خوا بە بەهەشتی بەرین هەڵدەڵێ بە تێدا بوونی ژنی جوان وچاک وپاک وخاوەن شێوازوخووخدەی بەرز و دەفەرموێ ژنە بەهەشتییەکان ئاوا و ئاوان!!

بێگومان هەر بنەماڵەیەکی دایکی چاکی تێدا بێ ژیانی ئەو بنەماڵە خۆش بێ لیوەییە و منداڵی چاکی تێدا پەروەردە دەکرێن و هەر گەل و هۆزێک ژنەکانیان چاک وپاکداوێن و ژیر و هۆشیار بن لاوەکانیشیان هەروەها بار دێن و سەرەنجام ئەو کۆمەڵە کۆمەڵێکی چاک و خودایی دەبێ و لەژیان و خەبات و تێکۆشانا سەرکەوتوو و سەربەرز دەبێ و دەتوانێ بگاتە هەموو ئاواتێکی خۆی.

بەڵام با شەرم بکەن و خەجاڵەت ببنەوە ئەو دایک و باوکانەی کە لە باتی خووخدەی باش و بیر وباوەڕی خوداییانەو بار هێنان و فێر کردنی موسڵمانانە کچەکانیان بە مۆدی رۆژی ئۆروپایی و رۆژئاوایی و ئەلمۆدەی گاوری و خوا نەناسی و رەنگ و رەنگ کاری و سورا و سپیاو رووت دەکەنەوە و دەڕازێننەوە و وەکوو بووکە شووشەیەک دەیاندەن بە شوو، ئەویش بە هەزاران فێڵ و مەکر نازو نووزە و مارە بڕانەیەکی سەخت و زۆر و کەمەر شکێن و خەرج و پیتاکێکی ماڵ وێرانکەرەوە دەچنە ماڵی مێردی و شانازیشی پێوە دەکەن. داب و مۆدی موسڵمانەتی و کوردایەتییان وەلا ناوەو داب و نەریتی گاورانیان رەچاو کردووە!! کە بە داخەوە زۆر جاران ئاکامێکی زۆر چاکی نابێ و وەک مامۆستا دەڵێ دەبینی بووکی ساڵێ دەریدەکەن لە ماڵێ.

من خۆم گومانم لەوەیدا نییە، کە لە چاخی مامۆستا هەرگیز ئەو هەموو داب و نەریتە گلاوانە و ئەو هەموو مۆدە و مۆدەکاری و ئەو هەموو خەرجە بێجێیانە و ئەو هەموو مارە بڕانە زۆرانە هیچیان نەبوون و ئەو دەم وەک دابی کوردی رەسەن زۆر بە سادە و

ساکاری و بە ئاسانی کچیان بە شوو داوە و کچەش زۆر بەڕێز و حورمەت و رووسوورییەوە چۆتە ماڵە مێردی جا هەر وەک دیارە مامۆستای بەڕێز گلەیی لەو بارەوە نییە، چونکە ئەو دەم ئەوە نەبووە بەڵام گلەیی گەورەی لە خووخدەی کچەکانە کە ناتوانن خۆیان لە گەڵ ماڵی مێردەکەیان رێک خەن وخۆیان لە گەڵ کەشوهەوای ئەو ماڵە کە بۆ وان ماڵ ومزڵێکی تزەیە جۆر دەربێنن.

بەڵام لە چاخی ئەودا ئەوە هەبووە، کە بە هۆی ئەوەی، کە کچەکانیان بە ئی خۆیان نەزانیون زۆریان لەگەڵ بێ موبالات بوون هێندەیان گوێ نەداونەتێ و زۆرچاکیان رانەهێناون وبە باشییان پەروەردە نەکردوون و تەنانەت تا دەورانی خودی مامۆستا هەر نەشیان‌ناردوونەتە فێرگە و پێیان نەخوێندوون و مامۆستا خۆی یەکەم کەسە لە کوردستاندا کچی خۆی ناردۆتە فێرگە و ئەو رچەی بۆ خەڵکی کورد شکاندووە.

جا بۆیە دەفەرموێ:

دەرحەق ژنان بێ‌باکن، بۆیە بێ داکی چاکن
سەیری حاڵی خۆ ناکەن وەک دڕکن لە ناو عەردان

مامۆستا ئەوەمان بە جوانی بۆ روون دەکاتەوە کە بارهێنانی منداڵی لە پێشدا لە سەر دایکە و دەبێ زۆر بە چاکی باری بێنێ و خووخدەی باشی بکا و ئەگەر خۆشی چاک نەبێ و لە بنیڕا چاک بار نەهێنرابێ، ناتوانێ منداڵەکەی بە چاکی بار بێنێ و پەروەردەی بکات.

بەڵێ دایک مامۆستای سروشتییەو پەیدابوونی منداڵ لەوێڕایە و لە بارەی ئەنبووژەنی و بژۆنی(مادی و معنوی)یەوە منداڵ لکێکە لە داری دایک و دەبێ هەر لەویشڕا پێ بگات ئەگەر دایک چاک نەبێ و

منداڵەکەی چاک ڕانەهێنابێ دووسەد فەرموودەی پێغەمبەرﷺ شوێنێک لە سەر منداڵەکە دانانێ و سەعدیش ـ خوا لێی خۆش بێ ـ دەڵێ:

پرتو نیکان نگیرد هر که بنیادش بد است
تربیت نااهل را چون گردکان بر گنبد است

واتا ڕەنگ و خووی چاکان هەڵناگرێ هەر کەس کە بناغەکەی خەراپە ڕاهێنانی ناکەس وەک گوێز لە گومبەد هەڵاویشتن وایە، کە هەرچەندی تێیهەڵاوێی دێتەوە خوارێ و نایگیرێتەوە.

ئەو جار دوای ئەوەی کە باوێکی نالەباری کوردەواری لە قاو دەدا و بە ناحەزی نیشان دەدا و بە خەراپی دەنوێنێ کە ئەویش زەماوەندی ناپەسەندی هێندێک لە بنەماڵە کوردەکانە و بە کورتی دوای ماوەیەک لە بەر یەک هەڵوەشانەوەی ئەو زەماوەندەیە دێتە سەر باسێکی دێژەیی (شرعی) و بۆمان باسی ئەوەی دەکا، کە بە بێ عوزرێکی قبووڵ و بێگوناح و تاوان بە هیچ جۆرێک ژن تەڵاق دان دروست نییە و تەنانەت پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: (ابغض الحلال عند الله الطلاق) ناخۆشەویستترین حەڵاڵ بە لای خوداوە تەڵاق و ژن بەردانە.

جا مامۆستا بە توندی ئەو کارە مەحکووم دەکا و بە ناپەسەندی نیشان دەداو دەڵێ دەبینی جاری وایە بووکی یەک ساڵە لەماڵی مێردی وەدەردەنرێ و تەنانەت رووتیشی دەکەنەوەو هەموو بەرگ و جل و خشڵ و زێڕ و زیوەر یشی لێ دەکەنەوە و بە توێی دەسماڵ و بە کەوشێکی رووت، کە ئەوەش کارێکی زۆر نامرۆڤانە و ناموسڵمانانەیە وەدەری دەنێن!!

ئـاخر زۆر شـتێکی سـەیرە خـۆ ژن ئەگەر ژن بـێ وەکـو گـوڵێکی جوانی بۆن خۆش وایە، کە بۆن و بەرامەکەی ئەو مـاڵە کە تێیـدایە پڕ دەکا بەڵام لە کوردەواریدا ئەو گوڵە جـوان و نـازەنینە هەروا لە خۆڕا و بێ هیچ بەڵگەیەکی دێژەیی لک و پۆپی دەشکێنن و پەڕپەڕی دەکەن و هەڵیدەکێشن و فڕێی دەدەنە دەرەوە!!

جا بۆیە دەفەرموێ: ژنیش لە ژیاندا هەروەکوو پیـاوە و ئەویـش هەروەک پیاو چاو لادانی لە سەرە و فەرمانی خوا بـۆ هەردووکیـان وەکـوو یەکە و جیاوازییەکیـان نیـیە مەگەر لە هێنـدێک مەسـەلەی تایبەتیـدا. بەتـایبەتی ئەرک و بەرپرسـیەتی ژن گەلێـک گەورە و گرینگە چونکە ئەو دایکەو دایکیش هەر وەک گوترا ئەرکی بارهێنانی منداڵی لە سەر شـانە کە بەڕاسـتی ئەرکێکـی زۆر سـەخت و دژوار و گرینگ و گەورە و گرانە.

جـا مامۆسـتا دەفەرمـوێ ئەرکـی ژن گەلێـک گەورە و گـرینگە و دەزانی ئەو ئەرکە گەورەش چییە منـداڵ بـوون و پەروەردە کـردنە و بارهێنانی منداڵەکەش بێگومان ئەرکێکی گەلێـک گەورە و گرینـگ و سەخت و دژوار و لە راستیدا بناخە و بنچینەی رەوش و خووخـدەی خەڵک و گەل و کـۆمەڵ هەمـان راهێنـان و بارهێنـانی منـداڵە کە لە لایەن دایکەوەیە، جا هەر بۆیەش لەو بارەوە دەفەرموێ:

ئەووەڵ چـشتێ دەچێـتە گـوێی منـداڵ لە نـاو لانکـێ
گەر چـــاکە و گەر خەراپە لای لایـــی دایکـــێ

بەڵێ مێشک و دڵی پاک وبێ گەردی منداڵ وەکو قاقەزێکی سپی و بێ پەڵەیە کە هیچ شتێکی تێدا نەنووسرابێ و هەوەڵین نووسەریش لە سەر ئەو قاقەزە پاکە دایکە و هەرچی لێی بنووسێ دەمێنێتەوە،

زانیاری و فێر کردنی کاتی منداڵی وەکوو نەخشە کێشان لە سەر بەردییە و زۆر بە زەحمەت دەشۆرێتەوە.

ئەگەر کەسێک بیهەوێ کەسێک بە کەیفی خۆی رابێنێ دەبێ لە پێشدا تەواوی راهێنانەکانی، کە لە دەورانی منداڵی و وەرگرتووە و لە چوارچێوەی ژیانی فێری بووە لە دڵ و مێشکی وی بشواتەوە جا ئەو جار بە کەیفی خۆی لە سەری بنووسێ کە ئەوەش زۆر بە زەحمەتە و شووشتنەوەی بە یەکجاری هەر ناگونجێ و لە توانای کەم کەسدایە. تەنانەت جاری واش دەبێ کە کابرا هەر تێیدا سەرکەوتوو نابێ و شکستی دەخوا و رەنج بە خەسار و زەحمەت بە فیرۆ دەبێ.

جا ئەگەر کەمێک لەو پارچە هەڵبەستەی مامۆستا ورد ببینەوە بۆمان دەردەکەوێ، کە چەندین باس و مەبەستی گرینگ و پڕ واتا و جوانی زۆر لێزانانە کۆ کردوونەتەوە و چۆن سەرەتای وتاری بە ئایەتی قورئان دەس پێ دەکا و پێمان دەڵێ کە ئەگەر موسڵمانین دەبێ بە پێی قورئان رەفتار بکەین.

تەڵاق

خـــودا فەرمـــووی لە قورئـــان (الطـــلاق مرتـــان
فامـــــساک بمعـــــروف او تـــــسریح باحـــــسان
بڵـــێن بە قەومـــی کـــوردان دەســـتی مـــن و دامێنیـــان
عەیـــبە بە حەقـــی قورئـــان ژن هێنـــان و تەڵاق دان
ژن زینەتـــــی دنیـــــایە ئەمـــــانەتی خـــــودایە
حەبیبـــــی مـــــستەفایە قەڵاتـــــن لە بـــــۆ مێـــــردان
ژن ئەگەر بە حـورمەت بێ، بێزیللەت و زەحـمەت بێ

به تەربــیه و خــزمەت بــێ، دڵگوشــاد و لێــو خەنــدان
کــوڕی دەبــێ وەکــوو شــێر ئاقــڵ و دانــا و دلێــر
به دڵ غەنــی به چــاو تێــر، ســەردار و مەردی مەیــدان
ژنێکـــی دەربەدەر بـــێ، دڵ پــڕ غەم و کەدەر بـــێ
رەزیل و دەس‌بەسەر بێ، وەک مەحبووس له ناو زیندان
دەبــێ ئەولادی کــوو بــێ؟ بــێ‌ڕەوت و هەم بــێ‌ڕوو بــێ
مێـشکی وەکـوو کەدوو بـێ، ترسـەنۆک وەک یەهـوودان
زەرد و زەعیــف و باریــک، گــوێ گــران و چــاو تاریــک
لووت بەچڵم و دەم بەلیک،سارد و سووک و سـەرگەردان
ئێــوەی ئەی گەلـــی کـــوردان ئەی هەزارانـــی نەزان
ئەی بێئاگایــان له ژیــان له ڕێــگەی راســتی قورئــان
دەرحەق ژنــان بــێ‌بــاکن، بــۆیه بــێ داکــی چــاکن
ســەیری حــاڵی خــۆ نــاکەن وەک دڕکــن له نــاو عەردان
کــێ دایکــی چــاکی نەبــێ هەر بــێ تەربــیەت دەبــێ
دواکەوتــووی کــوللی عــالەم بێـبەش له هەر دوو جیهــان
تەربـــــیه له لای داکه داک چـــــابێ ئەولاد چـــــاکه
بــاب له ئەســڵا بــێ بــاکه فەرقەکــی ناکــا چەنــدان
داک مامۆســـتای فیتـــریه پەیـــدا بوونـــت لەویـــیه
به مـــــادی و مەعنەویـــــیه خەراپه له ڕێـــــی لا دان
که داکـــی چـــاکی نەبـــی دووســـەد حەدیـــسی نەبـــی
چلـۆن تەئـسیری دەبـی وەک پـف له پوتـک و سـندان
دۆڵ و زوڕنـــا و هەڵـــپەڕین ژنـــێ بـــۆ کوڕمـــان دێنـــین
زۆر پـــێ نـــاچێ دەبینـــین شـــەڕ و شـــۆڕ و تێکهەڵـــدان
ئەووەڵ خەزوور و خەســـــوو تێدەکۆشـــــن دوو به دوو
به دزی یـــــان رووبەڕوو لێکیـــــان دەکەن به فەنــــدان

رۆڵە ژنــــت تەڵاق دە بــــۆت دەهێـــــنم هەتـــا دە
لە کچـــانی بەگـــــزادە، بیکەیــــنە خەنەبەنـــدان
دەبینــــی بـــــووکی ســــاڵی دەری دەکەن لە مــــاڵی
بە تــای ســۆل و دەســماڵی بــێ‌ئـاوێنە و بــێ‌کلــدان
لە شــەریعەتی رەســوول بــێ‌عــوزرێکی زۆر مەقبــووڵ
حەرامە قەتعــی مەوســوول، گونـاهە دەس لێـک بەردان
ژنــیش وەک مــوزەککەرە، عەیــنەن ئەویــش بەشــەرە
چــاو لادانــی لە ســەرە، هەر دوو لە یەک حــوکم دان
وەزیـــــفەی زۆر گەورەیە دەزانــــی ئەویــــش چەیە؟
منــداڵ بــوون و تەربــیە بێ‌مەســخەرە و جــوێن پــێ دان
ژنــان قەت تەڵاق مەدەن، لە گەڵ یەک مــومتەزیج بــن
وەکـــوو رۆح لەگەڵ بەدەن، بە ئــــولفەت و دڵـــشادان

پارچە پەخشانێک سەبارەت بە نەخشی ژن

پیـاو هەر دەڵێـی شـەتاوێکی رەوان و گەرم و کوڵهـاتەیە کە لە رەوگەی خۆیدا هەمیشە هەر دەڕوا و شەپۆلان داوێ و زڵقـان دەدا و بێڕاوەستان، زۆر بە توندی دەهووشێنێ و مۆنج و پێلان دەدات و بە غـوڕڕەم بەرەو ئامـانجێکی نادیـار بە کـوڵە کـوڵ هەر دەڕوا و دەهاژێنێ، گەلێک لەکوڵ و زۆر لە جۆش و خرۆشە و راناوەستێ و هەدا نادا و داناسەکنێ و دانامەزرێ و ئیتر تاوێکیش تک نادا.

وەک شێرێکی سەرگڕە پێچەی تەندوورێکی نێڵ دراوە، کەفێ دەکاو هەڵدەچێت و زڵقان دەدا و پڕنچکان داوێ. یا ئاسنێکی داخـی داخـی سوورەوە بووی ناو کوورەیە و پرنجکی ئاوری لـێ دەبـنەوە و گش تیەن(حجم)ی ئـاوری رووتە.وەک سۆبەیەکی داخـراوی نێڵ دراوەو مەڵبەندێکی گەرم دەکا دانامرکێ و نـاکوژێتەوەو هەرێمێکـی وە کوڵ دێنـێ.هەروەک شـێرێکی تـووڕەیەو دێـت و دەچـێ و دەلرفێنـێ و دەگرمێنـێ و دەهـاژێنێ دار و بەرد لێـک رادەکێـشێ و مەڵبەنـدێکی دەهەژێنێ و کـام جێگـایە زۆر حەستەمە و قەت نەڕووخە و قـایم و قـۆڵە و بڕبەنـدیش کـاری لـێ ناکـا تێکـی دەدا و دەیڕووخێنـێ و دەیڕمێنێ و لەبەر یەکی هەڵدەوەشێنێ و بە یەکجاری کڵێسی دەکـاو دەیکاتە کەلاوەیەکی وا کوندە بەبوو لێی بخوێنێ.

بـــێگومـــان دەبـــێ کەســـێک هەبـــێ وەیلاوێنـــێ و دەســـتێکی میهرەبانانەی پڕ ئەوینی بەسەر سەریدا بهێنێ دەنا دنیا وێران دەکا ئـاور و ئاسن تـێکەڵ دەکـاو دار و بەرد لێـک رادەکێـشێ، خەو لە چـــاوان حەرام دەکـــا، جـــووڵانەوەی هەمـــوو زیـــانە و رەوشـــی وێرانکەرییە.

دیارە روون و ئاشکرایە و شتێکی گەلێک سروشتییە کە هەوێنی ئەو شیرە لە جۆشە و دامرکێنەری ئەو ئاورە بەتینە و هەروەها سارد کەرەوەی ئەو ئاسنە سوورەوە بووە وئارام کەرەوەی ئەو شێرە کەفپڕژێنە و هێدی کەرەوەی ئەوسۆبە نێڵ دراوە هەرژنەوتەنیا ژنە وبەس، ئیترهەر ئەوە کە بتوانێ بیهێنێتەوە سەرژیواروحاڵەتێکی ئاسایی ولەوهەموورق وقین و تووڕەییە بیگێڕێتەوە

بەڵێ بەڕاستی ژن هەوێنی شیرو دامرکێنەری تەندووری نێڵ دراوو سارد کەرەوەی ئاسنی قاڵ و لاوێنەرەی شێری تووڕەو تۆسن رق هەڵستاوی پیاوە و بێگومان پیاو هەرلە پەنای ژندا ئارام دەگرێ وهەربە هۆی ژن ئۆقرە دەگرێ و هەر بە هۆی وی و هەر لە گەڵ وی تامێ لە ژیانی خۆی دەکا و چاک تێدەگا تام وبۆن و بەرامەی ژین چییە، ژیانی بە ژنەوە ژیانە، دەنا دەرد و کوڵ و ژانە، ژین بە ژن لە ژان دەردەچێ وهەر ژنیشە کە ژیانی پیاودەکاتە دەرد و ژان و ژەقنەمووت. جا ئەو حاڵەش کە ئاوایە دیاردە و نیشانەی خودایە و خۆشی لە قورئانی پیرۆزدا ئاوا ئەفەرمێ: ﴿ وَمِنْ ءَايَـٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا لِّتَسْكُنُوٓا۟ إِلَيْهَا ﴾ روم:٣٠. لە دیاردە و نیشانەکانی خوایە ئەوە کە دروستی کردووە بۆ ئێوە هەر لە خۆتان و لە چەشنی خۆتان هاوتا(ژن)انێک، تا لە پەنای واندا ئارام بگرن و بحەسێنەوە.

بەڵێ ژن هۆی ئارام گرتنی پیاوە و هۆی ئارامش و حەسانەوە و تێکدان و هەدادانیەتی. ژن ئەگەر ژن بێ و ژان نەبێ، گوڵی دەستەچنی پیاوە، چەپکە و دەسکەی ریحانەیە، شادی هێن و خەفەت بەرە و شیرین کەری زیندەگانی و تاڵی رەوێن و دژی دەردو کوڵ و خەمە. ژین و ژیان، مان و هەبوون، بێداری و خەو، لاوی و

پیری و ماڵ و سامان، دنیا و پەسلان هەمووی هەر بە ژنەوە نەخشینە و هەر تەنیا بە ژنەوە رەنگینە. ژن مەڵحەم و هەتوان گش زام و برینێکی ناو دڵی پڕ کوڵی پیاوە، دەرمانی دەرد و ناسۆرە، هێمنی شەوی بێچرپە و پرتە و رووناکایی رۆژی روونە.

ژن هەسانە لە بۆ مێرد و ئامرازی تورنجی پیاو سوینە، ژن خونچەیە و گجولەی داری بەرییە، گوانی ئاژەڵی ئاوسە و داوەستاوی هیوا و هومێدی ساوایە، ژن بۆن وبەرامەی گیابەند و خاو trووسکەی گوڵ و بسکی بەڕەزا و بیزایە، ژن نەسرین و نەستەرەنە و شەوبۆ و شللێر و شەشپەڕە، شەمامەی بەردەستی پیاوە بۆ رامووسین و هەڵمیسین شەو و رۆژ لە دەستی دایە، ژن گوڵێکی زۆر نەخشین و ژن رێحانەی ناو پەرژینە، ژن لە گوڵەباغ، دەنکی هەنار، دوڕ و مەرجان، گەوهەر، یاقووت، لە نەقیمی ئەنگوستیلەی قامکی چووکەی بووکی سەنگین و رووسووری تازە و یەکشەوەش جوانترە، لەبارترە، دڵگرترە، بەرچاوترە و زۆر چاترە، ژن گوڵێکی نەشمیلانە و خشتیلانە و رەزا سووک و خوێن شیرین و دڵڕفێن و هەست بزوێنە، ژن شەوچرای دیوەخانی گەورە پیاو و مێرخاسانی رۆژگاری تازە و کۆنە، وەکوو هەوری بەهارانەو خوناوەی ژین دەبارێنێ، شەواوی بێستانی تینووی تیەنی پیاوی تەمەنداری تامەزرۆیە.

ژن تام و بۆی تون بەتونی چێشتە خۆشکەی دەستی کابانی قازاخە،گرشە و ورشەی ئەستێران و پێلی مانگ و تیشکی رۆژ و مەندی ئاوی دەریای قووڵ و هەوای هاوینی کوێستانە، ژن ئەوینی راستەقینە و ئیشتیاو ئارەزوو و ئامانجی بەرزی پیاوی هیواداره،رازی دڵی دڵداران و ئەوینی ئەویندارا ن و هەستی مێشکی هۆشیاران و بیری روونی خاوەن بیری گەلێک ژیری کەمێک پیرە.

ژن دیمەنی چیا و چیمەن و قنەی کەو و رەوتی کۆتر و دەنگی زوڵاڵی تاڤگەیە و ئاهەنگی شمشاڵی شوانی کێوەکانی کوردستانە.

ژن فاز یا نۆڵی بریسکەیە و بێ وی هیچ گڵۆپێک نایسێ، ژن گەرمایی ماڵی سارد و سڕی پیاوی رووتە و شەوقی ماڵە و بە تەنیا نیوەی جیهانە، ژن بۆ پیاوی جلوبەرگە و داپۆشەری لەشی رووتی پیاوی لەش پڕ لە کەوەنە و شێرەرەوەی نەنگەکانەو شوورەییەکان دادەپۆشێ.

ژن وەکوو شانەی هەنگوینی شلخە و پوورەی یەکساڵەیە، ژن وەک خامە یا توێ شیر و مەیرەو پەنیری تازەیە،ژن رۆنی زەنگ و کەرەیە،ژن لە هەویر نەرمترە،لە جوانی جوانتر و لە گەرمایی گەرمترو لە خودی تین بە تینتر و لە ئەوین پڕ ئەوینترە، لە شیرنایی شیرینتر و لە خودی تام بە تامتر و لە هێمنی هێمنتر و لە دایک و باب دڵسۆزتر و لە کوڕ و برا پشتیوانترە.

گەورەترین نازی خودایە و رۆژی گیانە و ژیری و بیر و هەستی پیاوە و خواش ئەوی بۆ پیاو داناوە، خۆشەویستی پێغەمبەری گەورەمانە و ئەمانەت و دیاری خودایە، پێغەمبەریشﷺ پێی هەڵدەڵێ و لە بارەیدا دەفەرموێ: (الدنیا متاع و خیر متاعها المرأة الصالحة) جیهان هەمووی هەر سامانە و چاکترینی ئەو سامانەش ژنی چاک و میهرەبانە

ژن شادییە، رزگارییە، خۆشییە هەم ئازادییە، ژن خۆراکی هەزار تامە و گوڵی هەزار رەنگ و سەدان بۆن و بەرامەیە.

بەڵام سەد داخ و مەخابن، هەزاران جار بە داخەوە ژنان زۆر کەمیان وا چاکن، کەمیان خاوەن ئەو شێوازەن، خووخدەی هەمووان وا نییە، هەموویان بەو رەوش و رەفتارە نین، ژنی وایە

زۆر بەدفەڕ و زۆر زماندار و بەدڕەوش و بەد کردارە، زمانی تیژ و درێژو بەدی وەک درێشوکەی ماری گانگێ بەو لاو لایاندا دەیگێڕێ و سام دەنوێنێ و خۆی رادەنێ، لە خووخدەی باش بێبەشە و روو هەڵماڵاو و رووڕەشە، وەک دووپشک و هۆڵەپەزە، دڕندە وەک گورگ و ورچ، لە خەزرین و مانگرتنا نە مالۆس و نە یەکانە دەسکانیشی لە دوا ناکەن، چڵکن، قرژن، مۆن و مرچ، وەک نەخۆشی شێرپەنجەی مێشک و خوێن وایە و بە یەکجاری پیاو سیس دەکا.

وەک ئازارە باریکەیە و هەر ژەقنەمووت و سندانە، گوژاڵ و کەکرە نایگەنێ و لە تاڵە گەزەش تاڵترە، وەکوو درووی دڕوو دوک وایە و لە کەنگر و کیفار دڕترە، ئۆقرە و ئارامی پیاو کوژە و زیانی بۆ ئایینیش زۆرە، وەک گەردەلوول و گێژەڵووکەی چلەی جستانەو ئارامی و هێمنایەتی ماڵ و حاڵان رادەماڵێ و زیان لە خۆشی و کەس و کار و ماڵە مێردان دەشێوێنێ. کڕێوە و تۆفان و باکوتە و پیاوی لە سەرمان دەکوژێ، گەرمای هاوین وسەمموونە و مێشکی مرۆڤ وە کوڵ دێنێ، تووڕە و تۆسن و قەڵس و قۆڵە و بزەی نایەتە سەر لێو و بەزەی بە خۆشیدا نایە، هەر هەوایەکی دەزانێ و ئەویش هەوای دژایەتی و نەیارییە، هەر ببزوێ زیانێک دەدا و ماڵ کاولکەر و دەس ڕەشە، زۆری واش هەن پیس و پۆخڵ و قوون قولەتێن و داوێن پیسن، پیسکێر و بێز هەڵستێنن، ڕێزی هیچ کەسێک نازانن و لە خوا نەترسو بێدینن، بێویژدانن، بێئایینن، مێرد نەناس، ژیان نەزان و ناخاوێنن، لە ماڵە مێردانـدا دژ و زۆر نەبان و زۆر نامۆنە. ژنی وا هەیە هەر بەڵایە، بەدبەختییە و لە ماڵێدایە، هەرچی دەیکا بە شەڕ دەیکا، و ئاشتی لە جانتادا نییە، وای بە رۆژێک ژنی ئاوا بڕوا بە بووکی بۆ زاوا و ببێتە کابانی

مـاڵان، بـۆ بەدبەختـی کـابرای مێـردی ببێـتە دایکـی منـداڵان، دوور نەڕۆین گورژی گوتـەنی: ژنی ئاوا یاخوا خـودا، بە دوژمنـی منیـشی نەدا.

جا هۆنەری کورد جەنـابی مـوفتی پێنجـوێنی لەو بـارەوە پـارچە هەڵبەستێکی زۆر جوانی هەیە کە بۆ رازاندنەوەی مەبەستەکە دێرەدا دەیگونجێنین.

ژنی باش

گەر خـودا بـی دا بـە چـاکی دەوڵەتـی شـاهانە ژن
نیعمەتێکـە وەک بەهەشـت و هـاودەمی پیاوانـە ژن
بـۆ دڵێکـی بێخەم و شەخـسێکی بێدەرد و ئەلەم
گەوهەرێکـی شـەو چراغـی ژوورو بەر هەیوانـە ژن
گەر کەم و کوڕیـت لـە ماڵیـشا هەبێ باکـت نەبێ
بـۆ کەم و کـوڕی تـرازوی کـۆمەڵی خێزانـە ژن
ژن لەلای پیـاوی نەزان و سەرسـەری نرخـی نـییە
بـۆ ژیـانی کـۆمەڵیی باشـتر لـە میـر و خانـە ژن
بۆ سوپاسی باسـی چـاکی چـی بەیان‌کەم هەر کەمە
جووت و ئاش و نان و بەرگ و باغچە و بێستانە ژن
باعیـسی ئـارامی قەلـب و مەرهەمـی دەرد و بـرین
بـۆ هەمـوو دەردێ دەوا بەخـشێکە وەک لوقمانـە ژن
دەوڵەتێکـی پـڕ لـە شـەوق و زەوقـە دایـم بۆ بەشـەر
نیعمەتێکـی خۆشەویـستی و بێسـەر و سـامانە ژن
کەی گـوڵ و گـوڵزاری باخـاتی ئیرەم وەک ئەو ئەبێ
بـاخی سـاحێب زینـنەت و پڕ لوئلوء و مەرجانـە ژن

بۆ کەسێ نووری سولەیمانی لە قەلبا بێ یەقین
پایە مەحکەم کردنی هەق، دین و هەم ئیمانە ژن
زۆرتری عەیشی بەهەشتی (حوری العین) کچن
لەززەت و خۆشی بەیانانی لەناو قورئانە ژن
بێتو گەر موڵکی کەماڵ و گەنجی حوسنی یەک کەوێ
گەر دووسەد گەنجی لەسەر دانێی ئەڵێم هەرزانە ژن

ژنی خەراپ

گەر خودا نەیدا بە چاکی دوژمنی ئینسانە ژن
مار و دووپشک و پڵنگی شاخی هەورامانە ژن
گەر گڵۆپی دوو سەدیش هەڵکەی لە ماڵ و مەتبەقا
دووکەڵی حەوش و حەسار و ژوور و بەرهەیوانە ژن
تۆ 'دە' پەیدا کەی لە رۆژا ئەو بە 'سێ' داناکەوێ
هەر خەریکی قاووچ و قوچ و بردن و تاڵانە ژن
گەر نەخۆشینت نەبێ سیل داری و دڵ پڕ لە خەم
چۆتە ناو جەرگت بە دایم ئێش و دەرد و ژانە ژن
گەر لەگەڵ ئەودا بەهەشتت پێ بدەن لێی رائەکەی
تا وەکوو مردن عەزیزم دەردی بێ دەرمانە ژن
گەرچی شێوەی شۆخوشەنگ و دوورکوژ و پڕعیشوە بێ
تۆ لەبەر چاو و دڵت شێوەی وەکوو شەیتانە ژن
بۆ خراپی ئەو قەڵەم ئەشکێ و زمانیش کوڵ ئەبێ
قابیزیش رازی نەبێ هەر ئیشی گیان کێشانە ژن
هەر بژی 'موفتی' کە وا دیم لەڕێی راستی ئەڕۆی
هەر بڵێ تا مردنت دەرد و بەڵای ئینسانە ژن

مامۆستاو گاندی، یا کورد و هیندی

ماهاتما گاندی، کە پیتۆڵ و خەباتگێڕێکی گەورەی هیندووستانێ بووە و لە نێوانی ساڵەکانی ۱۸٦۹ و ۱۹٤۸دا ژیاوە و ماوەی بیست ساڵی رەبەق بۆ رزگاری کردنی وڵاتی هیندوستان لە چنگی داگیرکەرانی ئینگلیس خەباتی شێلگیرانە و هێمنانەی رامیاری خۆی درێژە پێداوە و بە هەموو هێز و توانای خۆی بۆ ئەو کارە تێکۆشاوە و، تا دوا هەناسەی ژیانی پڕ لە شانازی لە خەباتی نەتەوایەتی رانەوەستاوە.

لە ساڵی۱۹۱٤گەڕایەوە بۆ وڵات و نیشتمانی خۆی و سەرکردایەتی بزووتنەوەی نیشتمانی هیندی لە ئەستۆی خۆی گرت و رابەرایەتی هێمنانەی گەلی هیندی، تا رزگار بوونی یەکجاری هیندوستان لە چەنگی خوێناوی ئینگلیستان کردووە و بۆ ئەو مەبەستە چەندین جار مانی لە خواردن گرت ، تا سەرەنجام لە ساڵی ۱۹٤۷ هیندوستانی بە سەربەخۆیی گەیاند، بەڵام لەو رێیەدا گەلێکی سەختی تووش هاتن و گەلێک بۆئەو گەلە ماندو و مجرۆ و برسی و تینوو و گەلێکیش شەکەت و لە پەژارەدا بوو، تاڵی و سوێرییەکی یەکجار زۆری لەو رێیەدا چەشت و هەمیشە هەر هەناسە سارد و ماندوو بوو، مامۆستا ئاسا تا مردنی نەحەسایەوە.

جا مامۆستای گەورەش، کە دەتوانم بڵێم بۆ گەلی کورد لە گاندیش ماندیتر بووە و لەویش دڵسۆزتر و هەناسە ساردتر بووە خوی وەکوو گاندی دادەنێ و دەڵێ:

منیش هەر وەکوو گاندی هەناسە سارد و ماندی
لە قەومی کورد و هیندی، ئەوی خێر بوو نەماندی

بەڵێ بەڕاستی جێی خۆیەتی کە مامۆستا دەفەرموێ: منیش هەروەها و لە چەشنی ماتما گاندی بۆ گەلەکەم دەردەدار و بە ئازارو خەمبار و پەژار و پەرۆشم و گەلێکیش شەکەژۆ و بێهیوا و هەروەها ماندوو و هەناسە ساردم.

منیش هەر وەکوو ئەوی خەمبار و بەرۆشدارم. منیش هەر وەکوو وی دڵ پڕ دەرد و پەژارەم، چونکە منیش هەر وەکوو وی دەبینم گەلەکەم برسی و هەژارو زوری لێکراو و رووت و رەجاڵە و ستەمکاران دەیچەوسێننەوە دەیخۆن و دەیبڕێننەوە.

بەڵام من دەڵێم دردی مامۆستا هەزار بەرابەر لە دەردی گاندی دژوارتر بووە و مامۆستاش خۆی زۆر زۆر لە گاندی ماندیتر بووەو مەنجەڵ دڵی پڕ لە کوڵی لە هی گاندی لە جۆشتر بووە.

چونکە گاند لەگەڵ یەک دەوڵەتی زۆردار رووبەڕوو بووە، بەڵام شەشسەد ملوێن هیندووزی بە پشتێوە بووە و وێڕای وی خەباتیان کردووە و تەنانەت لە قسەشی دەرنەچوون و هەرچی ئەو فەرمانی دابێ هەموویان خێرا بەڕێوەیان بردووە و خەیانەتکاریشیان لە نێودا نەبووە و هەموویان هەر دڵسۆز بوون.

بەڵام مامۆستای هەناسە سارد و ماندووی کوردستان لە گەڵ سێ دەوڵەتی زۆرداری وەک ئێران و عوسمانی و ئینگلیس پێوە بووە و کوردستانەکەی وییان کردۆتە سێ پارچە و کەسیش گوێی نەداوەتە هات و هاوار و ناڵە ناڵ و گریان و زاریی دڵسۆزانەی و بە داخەوە ئاە و هەناسەکەشی کەسی نەگرتووە و هەرچەندی لە بەر خوداش هەڵباوێشکاوە تووک و نزاکانی گیرا نەبوون.

کوردەکان لە باتی ئەوەی وەکوو هیندییەکان، کە پیاوانە کەوتنە دوای گاندی دڵسۆز و رابەری راستەقینەی خۆیان و زێد و نیشتمانەکەی خۆیان رزگار کرد و داگیرکەر و چەوسێنەریان بە

چۆکـدا هێنـا و لە وڵات بە جـارێکی راویـان نـا، بـکەونە شـوێن مامۆستای لێزان و دڵسۆز و هۆزان و خەمخۆری کورد و کوردستان، بـوون بە سـەدان قـۆڵ و هەر قـۆڵەی کەوتـنە داوی شـێخێکی خەیانەتکار و لە باتی ئایین و رامیاری روویان لە تەریقەت کرد و گەل و نیشتمان و ئایین و خوایان لە بیر چۆوە!! چاکیان بە خەراپ گۆڕییەوە و دەس بەتاڵ و رەنج بە خەسار و ماڵ وێران و هەڵـوەدا بـوون!! خـوایەکی گەورە و تـاک و تەنیایـان کـردە سەدان خـوا و شـەریعەتیان دا بە تەریـقەت و ئیتـر تەریقەتـیش ئەوەیە، کە دەیبینین.

من خۆم هـیچ گومـانم لەوەدا نییە، کە ئەگەر ئەودەم کوردەکـان لە هەر سێک پارچەی ئەودەمـی کوردسـتان راپەڕیبـان و مامۆسـتای گەورەیان کردبا بە رابەری خۆیان و خەباتێکی خواییـان دەسـت پـێ کردبـایە، سـەرکەوتنیان لە سـەرکەوتنی هینـدییەکان مـسۆگەرتر دەبوو. هەر لەو دیارییە چووکەڵەی خۆیدا، کە بە تیەن (حجم) زۆر بچووکە، بەڵام لە راستیدا جیهـانێکە لە چەنـد جێیانـدا بەرنـامە و نەخـشەی ئەوەنـدە جـوان و بەجـێ و رامیارییـانە بـۆ کـوردان دادەڕێـژێ، کە هـیچ رامیـار و پـسپۆڕێکی رامیـاری و سـپایی و کۆمەڵایەتی تا ئێستا نەیدیوە و نەیکردووە بەڵام بە داخەوە کوردی بێچـارە و هەژار هەرگیـز دۆسـت و دوژمنـی خـۆی لێـک جیـا نەکـردۆتەوە و خـۆی هاویـشتۆتە بـاوەش هەر دوژمنێکـی خـۆی یـا دوژمنی دۆست نوێن و لە دژی دۆستانی دڵسۆز و خەمخـۆری خـۆی راپەڕیوە و هەزاران نێوو ناتۆرەی بۆ هەڵبەستوە و ئەگەر یەکێک ویـستبێتی ئەو خەڵـکە هەژار و سـەر لـێشێواوە روون بکـاتەوە، دەهۆڵی کافریەتی و زوڕنای بێئاینییان بۆ لێداوە و چەپڵەیـان لـێ تەقاندووە و بە کەیفی خۆیـان ئازاریـان داوە و دیـارە داگیرکەرانـی

کوردستانیش هەر ئەوەیان ویستووەو هەر بۆئەوەشیان هان داون و کۆلکە مەلاو گەندەڵە شێخەکانیش بە دەوریـانەوە هەڵپەڕیـون. هەر کەس پێـی گـوتبن وا نـابێ و نـابێ وا بـکەن، خێـرا بـوونەتە دژ و نەیاری!!

ماموستاش جوانی هەست بەو مەبەستە کردووە و بە پەرۆشەوەو بە دڵی پڕ لە کوڵەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکا و دەفەرموێ:

مـەلا گــە ر بــێ و بڵـێ نـا بــێ وەهــا بــی
دەڵــێــن ئــــەو فــاســیقـــە بـــۆتــە وەهابــی
وهــابــیشــیا بــە جــۆرێ کـــردوو تــەلـقیـن
وهـــا بـــی یــا نـــی بـــێ ئـا یــین وبـی دیــن

لە مێژیشە کە بەرچەسپی وەهابیەتییـان بـۆ مەلا زانـا و دانـا و هۆشیار و ژیرەکانی کوردستان ساز کـردووە و ئامـادەیە و هەردەم ویستیان بە نێوچاوانیانەوە دەنێن!

جا دوای ئەوەی کە خۆی لە گەڵ گاندی لەتەرازوویەکدا دادەنێ و لە ماندوویەتی و هەناسە ساردیدا خـۆی بەوی هەڵدەکێشێ، دێتە سەر باسی ناکۆکی و دووبەرەکایەتی گەلی کـورد و لە بەدبەختـی و ناڕێکوپێکی و ژیواری کوردەواری دەدوێ و پاشی ئاخ و داخێکـی زۆر دەڵێ حەیفە بۆ سـەلاحەدینی ئەییووبی و نەوە و کوڕ و کاڵەکـانی وی، کە جیهانی ئیسلامییان بۆ ماوەی سەد و پێنج سـاڵی تەواو لە بەر دەسـتیدا بـوو هەمـوو جیهـانی کـوفر لێـی دەترسـا ئەو جـۆرە کەسـانەش کە دوای ویـن بڵــێن ئــێمەش هەر وەکــوو ســەلاحەدین کوردین!! ئیتر بەو شێوە درێژە بە دەردی دڵـی خـۆی دەدا و کـوڵی دڵی هەڵدەڕێژێ و دەفەرموێ:

مەلای کۆیە



ماهاتما گاندی

من و گاندی

مــنش هەر وەکــوو گانــدی هەناســە ســارد و مانــدی
لە قەومــی کــورد و هینــدی هەرچــی خێــر بــوو نەمانــدی
چەنــد لە قەومــی کــوردی تــێ دەفکــرم بە وردی
بە هــیچ وەجهێکــی نەمــدی ئاســاری ئیتتیحــادی
قەومێکــی وا لە یەک دوور، بــێڕابەر و بــێ شــعوور
تــاڵ و تیــژ و تفــت و ســوور، خــۆ بە خــۆیی ئەعــادی
نەبــوون و نیــنە و نــابن، مەگەر جــاوەیی وا بــن
سـەد حەیـف و سـەد موخـابن، بـۆ سەلاح و ئەولادی
دەرحەقی یەکتـر دژمـن، خـوێنی مێـشکی یەک ئەمـژن
بـاب و کـوڕ یەکدی ئەکوژن، لە سـەر چـشتێکی عـادی
میللەتـی بێهـۆش و گـۆش، کەڵاش لە پـێ، نـمەد پـۆش

خـــواردنی پـــۆلکە و بـــرۆش، بە کفتەکـــی حەشـــاندی
مەلایان بێ عیلم و ماڵ، شێخیان بێ کەشف و کەماڵ
ئاغایـان رووت و رەجـاڵ، قـوتەی مـل نێـرکە کـاردی
بـــێدەوڵەت و سیاســـەت، دوور لە عەقـــڵ و کیاســـەت
بە دەرد و رەنـــج و میحـــنەت، نـــۆکەرن بـــۆ ئەعـــادی
دژمـــن پەرســـت و خۆخـــۆر، میللەتێکـــی زۆر و بـــۆر
بـــۆ یەکتـــر پـــواز و هـــۆر، بـــۆ شـــێخ وەکـــوو ئەولادی
هونەریان هەر دەف وزەرگ، رووت و رەجاڵ و بێبەرگ
مەکری شێخ بڕیویە جەرگ، کوردگەل هەر ئەو خنکاندی
ئەی کـوردی گێـژ و نەزان، بێـبەش لە خۆشـی و ژیـان
مـــاڵوێرانی بەســـتەزمان، مـــاڵی تـــۆ شـــێخ رفانـــدی

روون کردنەوەیەک لەسەر گاندی

رێـزدار ماهاتمـا گانـدی پیـاوێکی پـسپۆر ولێهـاتوو و رامیـارێکی هەڵکەوتـووی هیندووسـتانە کە گەلێکـی هەوڵ داوە و خەبـاتێکی شێلگیرانەی کردووە لە پێناوی رزگار کردنـی گەلـی ستەم لێکـراوی هیندووستاندا.

ئەو بەرێـزە هەر لە رێـگەی رامیـاری و خەبـاتی هێمنـانەوە ویستوویەتی هیندوستانی داگیرکراو لە چەنگی ئینگلیـزی داگیـرکەر رەهـا بکـا. خەبـاتی ئەو رامیـارە دڵـسۆزە کـارێکی وای کـرد کە شـەشسـەد میلیـۆن کەسـی ژێـر چەپـۆکەی ئەودەمـی هیندوسـتانی هەژاند و هەموویان وێڕای گاندی بۆ رزگاری خۆیان و وڵاتی خۆیان یەک دەنگ هاواریان دەکرد.

ئەو خەباتکارە تێکۆشەرە کۆڵنەدەرە کە ماوەی ٧٩ ساڵ لە نێوانی ساڵەکانی ١٨٦٩ و ١٩٤٨دا ژیاوە هەرگیز لە تێکۆشان نەوەستاوە و ماوەی بیست ساڵی ڕەبەق لە خەباتی رامیاری و هێمنانەوە تاوێک تکی نەداوە و ساتێک نەسرەوتووە.

گاندی بەڕێز پیاوێکی مافناس بووە و لە ڕیشتەی مافا لە ساڵی ١٨٨٨ تا ١٨٩١ لە شاری لەندەنێ خوێندوویەتی و بڕوانامەی وەرگرتووە.

ئەو بەڕێزە هەمیشە لە ڕێی خەباتی هێمنانەوە کردەوە گلاوەکانی دەوڵەتی ئینگلیزی لەقاو داوە و شەرمەزاری کردووە و خەڵکی هەژار و چاو بەستراوی هیندوستانی هۆشیار دەکردەوە و لە حاڵی خۆیانی حاڵی دەکردن.

لە ساڵی ١٩١٤ گەڕاوەتەوە زێدی خۆی و سەرکردایەتی جووڵانەوەی نەتەوایەتی هیندوستانی وەئەستۆی خۆی گرتووە و بانگەوازی رزگاریخوازی بەرز کردۆتەوە و بۆ رامالین و وەدەرنانی بیانییە بێگانەکانی داگیرکەر لە هیچ هەوڵ و تەقەلایەک نەپرینگاوەتەوە. بەڵام دەستی بۆ چەک نەبردووە و جەنگ و خوێنڕێژی پەسند نەکردووە. زۆریش زیندانی کراوەو چەندین جار مانی لە خواردن گرتووە. سەرەنجام دەوڵەتی ستەمکار و چەوسێنەرەوەی ئینگلیستان بە چۆکدا هێناوە و ناچاری کردووە کە وتوویژی لەگەڵ بکا کە دیارە لەو گفتوگۆیەدا خۆی خاوەنی چەخەرێکی دیار و بەرچاو بووە کە هەر لەو ئاخاوتنەدا هیندوستان بە سەربەخۆیی گەیشت و ئەویش وەک سەرەک شالیاریانی هیندوستان هەڵبژێردرا. دیارە ئەو ڕووداوە گەورە لە ساڵی ١٩٤٧ زاییندا بووە و شاگردی وەفادار و لێوەشاوەشی جەواهیر لەعل نەهرۆ گەلێکی هاوکاری و هاوبیری کردووە.

گانـدی دوای ئەوەی کە هیندوسـتانی بە سـەربەخۆیی گەیانـد لە سـاڵی ١٩٤٨ ز لە ژووری کلێـسادا کـابرایەکی بورەهمـایی بەرچـاو تەنگی وشکە فەلە وەبەر خەنجەرانـی دا بە لێدانی ١٨ خەنـجەر ١٨ برینی گەورەی دە جەستەی بێتاوانی وی کردن و کۆتایی بە ژیـانی پڕ لە شـانازی وی هێنـا. بەڵام ئەو لەو کـاتەدا کەوا خـوێن لە هەر ١٨ زامەکەی کفارەی دەکرد لە خوا پاڕایەوە و گـوتی: (خـوایە گیـان کوژەری مـن نەزانە، بـۆیە منـی کوشت، خـوایە مـن وا بەخـشیم و تۆش بیبەخشە)

مامۆستای گەورە دەفەرموی:

مـنـیـش هـەر وە کـو گـانـدی
ئـاسـاری ئـیـتـیحـادی لەقەومـی کـوردو هینـدی ئەوی خیربـو نـە ماندی !!

منیش دە ڵێم:

مـامـوسـتـای پـیرو مـانـدی هـەنـاسـە ساردی کـوردی
ئـا سـاری ئـیـتـیـحـادی گـا نـدی دیـتی تـونـەت دی

خۆزگەی ئیمامی رازی

هێندێک لە وشکە سۆفی وبێئاگایەکان لە راستەقینەی ئایینی ئیسلام لایان وایە کە هێزی مرۆڤ بێ چەخەروشوێنەوارە و یترمرۆڤ هیچی لە دەس نایە و هیچی پێ ناکرێ وخۆی هیچ کارە نییە وتەنانەت لە چارەنووسی خۆشیدا هەربێدەوس (اثر) و شوێنەوارە وئیدی دەبێ بە یەکجاری دەس لە کەراسی دەربێنێ و چاوەڕوانی چارەنووس بێ چونکە هەر(جزء اختیار)یشی هەر نییە!!

بە گوێرەی ئەوجۆرە بیروباوەڕانە هەوڵ و تەقەلاوخەبات و تێکۆشانی مرۆڤ بێهوودەیە وخوداخۆی هەرچی بیهەوێ بۆبەندەی خۆی دەیکا و هەرچی نەیهەوێ نایکات. کەوایە خۆ لێرەو لەوێ دانی ناوێ و سەرەڕای ئەوەش زۆر کار هەن هەر بە هیچ جۆرێک لە کێڕ (دایرە)ی هێز و وزەی مرۆڤدا نین وئەگەرزانیاری وپیشەسازیش بگاتە ئەوپەڕی خۆی، مرۆڤی ئاسایی ناتوانێ لەو بارەوە هەنگاوێک هەڵبگرێ.

موسڵمان دەبێ لەجێی خۆی دانیشێ و هیچ کارێکی نەکات و بەتایبەتی لە باری رامیاری وسەربازی،چونکە ئەواڵە دوامین چاخداعسا لە ئاسمانێ دێتە خوارێ و مەهدیش لە چاڵاوی قووڵی سامەڕرا سەر دەردێنێ و ئیترئەودەمی تەواوی کاروباری دنیا رێکوپێک بە رووپیەیەکی دەبێ و هەموو ئیش و کارێکی موسڵمانان پێکدێنن و ئیتر هەتا ئەودەمیش دەبێ هەموو جۆرە چەوسانەوە و ستەمێک قبووڵ بکەین و هەتا زۆر و ستەم و خەراپکاری و زێف و لادان و گوناح و تاوانیش جیهانێ پڕ نەکەن، یا تەواوی دنیا رێکوپێک نەبێ و بەرژەوەندی تەواوی تێدا وەدی نەیەت، ئەوان نایەن.

کەوایە ئێستا قەیدێ ناکا و با ئەورۆ دەوڵەتی ئیسرائیل چەقڵی چاوی موسڵمانان لە ناوچە و لە جەرگەی خاکی ئیسلامدا باڵای بکا بە ئاڵا و خەڵکی موسڵمانی فەفەستین لە سەر خاک و زێدی خۆیان وەدەرنێ و بیانکوژێ و گەورەترین مەترسی بێ بۆ هەموو ئیسلام و بوسنی هەرزەگۆیین لە ژێر چەکمەی رەقی سیربی و کرۆواتییەکاندا بپلیشێتەوە و ژنەکانیان بە زۆر ئابڕوویان ببرێ و ئەریترە بە دەستی ستەمی ئیتیۆپی لە ناو بچێ و کوردستانی بەڵا لێدراو لەوەش پتر بەڵای لێدا و لە دەرەوە و ژوورەوەی نیشتمانی پان و بەرینی ئیسلامیدا خەراپکاری بێپەروا بکرێ و لە دژی ئیسلام و موسڵمانان ئاژاوە بنێنەوە و کۆسۆڤۆییەکان کۆست کەوتوو بکرێن.

سبەو دوویەکی دنیا دەگۆڕێ و عیساومەهدی دێن وجەنابی مامۆستا جبەی هەربە قەڵاتە بۆدێ وهەموخەڵک بە ئاواتی خۆی دەگا وشێخ دەبێتە خەلیفەی خواوله گۆڕەپانی خەیانەتدادەستی درێژتردەبێ!! جا هاتنەوەی هەنتەشی عیسا زانایانی ئیسلامی بەشی زۆریان قبووڵیانە بەڵام ئەگەر بە چاوێکی رەدا بینانە و رامیارییانە چاو لە مەسەلەکە بکەین تێدەگەین کە دژمنانی ئیسلام چەندیان کەڵک لەو جۆرە بیر کردنەوە وەرگرتووە و ئیسلامی پیرۆزیش چەندەی زیان لێ دیوە!!

مامۆستای گەورەش دەفەرموێ بە هۆی ئەوەی کە ئەو جۆرە پێشەوایانەی کە ئاوا بیر دەکەەوە و هێزی مرۆڤیان بێدەوس کرد _سلبی تاثیریان لە قودرەتی عەبدی کرد) گەلی ئاوا بەهێزی ئیسلام دیتت هەمووی بە زیندوویی مردوله ناوچو.

سەرتاسەری قورئانێ بگەڕێی چووکەترین ئاماژەیەکی بۆئەومەبەستە تێدانابینی وئەوەی هەیە چەندوتەیەکی پێغەمبەرە لەوبارەوە کە ئەویش بە تەواوی ناچەسپێ و هەموو زانایانی

ئیسلامناس قبووڵیان نییە. چونکە پتر لە چەندین هەزار حەدیس بە زمان پێغەمبەرەوە هەڵبەستراوە و دەڵێن رەنگە ئەوەش یەکێک لەوانە بێ و تەنانەت گێڕانەوەی گەلقک لەو حەدیسانە بە پیاوە گەورەکانی حەدیسیشەوە دەلکێنن و بۆ نموونە دەڵێن فلانە حەدیس موسلیم یا بوخاری یا ترمزی یا بەیهەقی و دارەقوتنی گێڕاویەتەوە!! کەچی وا دەبێ دە هیچ یەک لە کتێبەکانی واندا نییە. کە ئەوە بۆ کەسێکی لە خوا نەترسێ و شەرمی لێ نەکا و بەرنامە داڕێژی کارێکی زۆر سادە و ئاساییە.

جا مامۆستای زانا و دانامان بێئەوەی کە ئەوبیروڕایە بە ئاشکراوبە روونی رەت کاتەوە ویان بیروڕای خۆی لە بەرامبەرئەودا دەرببڕێ بۆمان باسی زیانەکانی ئەوجۆرە بیروڕایە دەکا وپێمان دەڵێ لە سایەی ئەوجۆرە بیر کردنەوە ئێمە هەمووشتێکمان لە کیسە چۆ دەرێ و کیسەی کافرانی پێ پڕ بووە.

بە سەرسووڕمانەوە دەڵێ جا چۆن ئێمە هەرلە ئێستاڕاکە لەوانەیە نەگەینە نیوەی کاتی دنیا خەرا بوونیش هەر ئەو هەموو ستەم وزێف وزۆرە قەبووڵ بکەین وچاوەڕوان ئەوەی بین کە مەهدی یاعیسا بێن وتۆڵەمان وەکەن؟ بۆ ئەدی خۆمان چ کارەین؟ ئایا خۆمان بەرپرس و بەرگروان (ضامن) نین؟ مەگەر ناکرێ ئێمە ئێستا خۆمان کاری خۆمان بکەین وئەوانیش ئەگەرهاتن خۆیان کاری خۆیان بکەن؟ خۆئەگەرنەشهاتن ئێمە ئیشی خۆمان کردووە!!

ئەگەرچاوێک بە مێژووی چەوسێنەرەوە وکەڵەگاکانی کوفردا بخشێنین بۆمان دەردەکەوێ کە چۆن لە نێوئیسلامدائەوان ئەو جۆرە بیروباوەڕانەیان پەرە پێ داوە وبە هەمووهێزوتوانای خۆیان رایانگەیاندووە.

چـونکە ئەوە بە قـازانجی وانە کە موسـڵمانان لـە جێـی خۆیـان دانیشن و دەس لـە کەراسی دەربێنن وچاوەڕوانی ئەوەی بن کە پـاش هەزاران یـــا ملوێنەهـــا ســـاڵی دیـــکە کە نە ئەوان دەمێـــنن ونەو ستەمکارەکان، عەلی و عیسا و مەهدی هەر یەکەی لە جێیەکڕابێن و تۆڵەیان بۆوەستێنن. و دنیایان بۆ پانتاو بکەن. ئیتر بەو شێوە بە فەرموودەی مامۆستا (سلبی تاثیر لە قودرەتی خۆیان بکەن).

بەڵێ جا ئەوەیە، کە مامۆستا دەفەرموێ:

خۆزگەی ئیمامی رازی

خـــۆزی ئیمـــامی رازی لەم عەســـرە زینـــدوو بـــایە
لە ســـــەنعەتی بەشـــــەری تەییـــــارەی بـــــدیبایە
ئەمجـــار ئیمـــانی دێنـــا بە قـــودرەتی بەشـــەری
قەت ئینکـــاری نەدەکـــرد بە تەقلیـــدی ئەشـــعەری
چـونکی سـەلبی تەئسیریان لە قـودرەتی عەبـدی کـرد
ئـــۆممەتی وا بە قـــودرەت گـــشتی بە زینـــدوویی مـــرد
پاکیان بە دەف و دمبەگ، بە دوعا و نوشتە و گشتەک
مەحـــرووم بـــوون لە ئاســـاری ســـونعی دەوواری فەلەک
رواە الــــدار قطنـــــی و حـــــدثنا الترمـــــذی
پـــاکی لە کـــیس ئـــێمە دا لە واپـــۆڕ هەتـــا دەرزی
ئیمـــامی ماتریـــدیش یەعنـــی عەلەمـــولهـــودا
چەنـــد لە قـــودرەتی هـــات رێـــگەی لە ئـــێمە تێکـــدا
ئەوی کە خەڵقی خـوا بـوو لە مەعـدەن و کـان و نەوت
هەمووی لە کیس ئێمە چوو، بە دەستی کافران کەوت
بە ئومێـــدی ئیمـــامین یەعنـــی حەیـــدەری کەڕرار

یـا خـۆ حەزرەتـی عیـسا لە ئاسـمانێ بێـتە خـوار
یـا نە مەهـدی مـوختەفی لە نێـو چـاڵێ بێـتە دەر
بە قـــووەتی ویـــلایەت دنیـــا بکـــا موســـەخخەر
{یـا نە بە تەمـای شـێخی لە سـەر پـردی سـیراتێ
وەتپەڕێنێـــتە ئەو بەر، فریـــات کەوێ بتگـــاتێ
خـۆ گیانیـشمان بێـتە دەر چاومـان پێیـان نـاکەوی
ئەی موسـڵمانی نەزان بـۆ هەر سـەر دەکەی نەوی؟!
ئەوا کـــوفری جیهـــانی بـــڕی ڕەگـــی حەیاتـــت
هەمـــووی هەڵلوشـــی ئـــاخر زێـــڕ و نەوتـــی وڵاتـــت
تـۆش لێـدە دمـبەگ و دەف، مـشتە و زەرگ هەڵگـرە
بـــڕۆ شـــەرم کە لە خـــوا و خەجـــاڵەت بە و بمـــرە
چـۆن ئەو هەمـوو مەعـدەنەت ئـاوا ئاسان لە دەس دا؟
خـاکی پـاکی کوردانـت هەمـووی بە دەس دوژمـن دا؟
تـــۆ بەو خێـــرە و بێـــرەتەوە چـــۆن پەیـــڕەوی یاسـینی
بە خـوا هەر وەک بـێ دنیـای بـێ ئـاخیرەت و دینـی
خـوا فەرمـوویە بەشـی خـۆت هەرگیـز فەرامـۆش مەکە
کوردە تۆش دڵـت بە درۆی ئەو شێخانە خۆش مەکە}

مامۆستای بەڕێـز و پـایەبەرزی کـۆیی ئەوەنـدە پیـاوێکی زانـا و دانـاو بە هەسـت و هۆشـیار بـوە کە هـیچ شـتێکی هەر وا سـادە و سـاکار قەبـووڵ نـەکردووە و هە بەوەنـدە کە لێـی نووسرابێ فـڵانە گێـڕەرەوە یـان فیـسارە زانـایە گێـڕاویەتەوە و یـا گوتـوویەتی نەیخـستۆتە سـەرووی بەرنامەکـانی و نەیکـردۆتە پارسـەنگی تەرازووی ژیـانی و هەر وا بە ئاسـانی دەرخـواردی موسـڵمانانی نەداوە.

زۆر زۆریش لەوە بێزار بووە کە خەڵک ژیری و بیری خۆیان وە کار ناخەن و لێکدانەوە و توێژینەوەیان نییە و هەرچی بە نێوی فەرمـــوودەی پێغەمـــبەر(بە گەروویانـــدا دەکەن قـــووتی دەدەن و سەرەنجامیش پێی دەمرن یا پێی تووشی نەخۆشییەکی وەها دەبن کە رەنگە لە مردن کەمتر نەبێ!!

ئەو لە هەموو کوڵە دڵەکانی خۆیا پێمان دەڵێ کوڕینە وریا بن دوژمن زۆر زیرەک و زانایە لە زانیاری فێڵ و تەڵەکەدا، داوی واتان بۆ دادەنێ، کە بە هیچ جۆرێک نایبینن. وەکوو راوچییەکی کۆن و لە مێژینەیە کە هەموو فەند و فێڵێکی راوێ دەزانێت و دان و داو وەها پێکەوە تێکەڵ دەکا و دادەنێتەوە، کە هەرگیز تۆی هەژاری سادە دڵ بۆت لێک ناکرێتەوە و وەک مەلێکی بێئاگا لە فێڵ و فووتی راوچی، کە هەتا ملی بە داوێوە نەبێ نازانێ دان و داو لێک جیا بکاتەوە. تۆی سادە و ساکاریش هۆشیار نابیتەوە!! جا ئیتر ئەو کاتیش چ سوود؟! دوژمن دەیهەوێ ئەگەر بۆی بلوێ راستەوخۆ بیر و باوەڕ و رای خۆی بە سەر تۆدا بسەپێنێ، جا ئەگەر ئەوەی بۆ نەکرا بە هەموو جۆرە فێڵ و فووت و دانە و داوێکەوە دێتە مەیدان و وەکار دەکەوێ.

بۆ نموونە بەهەر لەونێکی بۆی بلوێ تۆ لە رێبازی سەرەکی و راستەقینەی خۆت لا دەدا و هەر نەبێ بیر و باوەڕی خۆییت بۆ رەگەڵ بەرنامەکانی خۆت دەخا و بەو شێوە ورد ورده لە بەرنامەی خۆت دوور دەخاتەوە!! جا چونکە ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش زۆر گەورە و گرینگ و پیرۆز و پێشکەوتنخوازە بێگومان دژمنەکانیشی زۆر زانا و زیرەک و فێڵبازن.

تەماشا دەکەی هیچ یەک لە گێڕەوە (راوی)یەکانی فەرموودەی پێغەمبەر(نییە کە چەندین قسەی بە درۆیان وە پاڵ نەدابن و

پێیانەوە نەلکاندبن کە بەڵێ فلانە فەرموودەیە لە فیسارە گێڕەوە گێـڕڕاوەتەوە بـۆ ئەوەی بە نـاوی پێغەمـبەری مەزنەوە خەڵکـی موسڵمان هەڵدێرن و لە ڕێی خۆی لا بدەن.

جـا دەفەرمـوێ موسـڵمانی سـادە دڵـیش هەمـوو هێـز و توانـای خۆمـان لەو ڕێـیەدا بە خەرج داوە و بڕانـدوومانەتەوە لە ئاکامـا هەموو جۆرە کار و کۆشش و پیشە و پڕگاڵ و پیـشەسازییەکمان لە دەس دەرچوو.

خەڵـک بە پیـشەسازی پێـشکەوت و بە سـەر هەمـوو کەنـد و کۆسپێکی ژیانـدا سـەرکەوت و دەسـتیان کرد بە پیـشەسازی و وڵات پێشخستن و لە پیـشەسازی (صـنعت)دا شتی وایـان وەدەر خـست و بەدیهێنا کە جێگەی سەر سووڕمانە و هەر ڕۆژێکیان بە هەزار ڕۆژ و ساڵێکیان بە هەزار سـاڵە، بەڵام ئـێمەی موسـڵمانی کـوردی هەژاری بێچارەش تەنانەت ناتوانین دەرزییە سپیلکەیەکیش دروست کەین و بە کوردی و کورتی:

رواه الــــدار قطنـــــى و حــــدثنا الترمــــذى
پــاکی لە کـیس ئـێمە دا لە پـاپۆڕ هەتـا دەرزی

ڕوون کردنەوەیەک لە سەر بیروڕای ڕازی و بەسەرهاتی وی و تیرمیزی و دارە قوتنی و ماتوریدی

١. ڕازی

پێشەوا فەخرەدینی ڕازی ناوی محەممەدە وکوڕی عومەری تەبەمی بەکرییە و زانایەکی هەرە بەرز و بەناوبانگی جیهانی ئیسلامە. لە ساڵی ٦٠٦ کۆچی مانگی ڕێکەوتی ١٢١٠ زایینی لە شاری "ڕەی" لە باکووری ئێران و باشووری ڕۆژهەڵاتی تاران لە دایک بووە.

ئەوشارە کە شارێکی زۆر لە مێژینە و کۆنی وڵاتی ئێرانە لە ساڵی ٢١ کۆچی مانگی لە چاخی جێنشینیەتی هەنتەشی عومەر بە فەرماندەیی عورووەی کوڕی زەید ئازاد کراوە و هێنراوەتە ژێر دەسەڵاتی ئیسلامی. ئەو شارە زانگەی هاڕوونەڕەشیدیشە.

مامۆستا ڕازی ڕێزدار هەر لەو شارەش کۆچی دوایی کردووەو وەک دەڵێن مردنەکەی بەو شێوەیە بووە:

ئەو بەڕێزە ،کە پیاوێکی زۆرزانا و دانا بووە لە زانیاری کیمیاویدا خاوەنی دەستێکی باڵا بووە و دەفرو ئامانی ماڵی خۆیان بە ئاوێتە(آلیاژ)ێکی تایبەتی وەها ساز کردبوون کە هەر خواردەمەنییەکی تێیانڕا لێنرابا، یان تێیان کرابایە تام و بۆن و بەرامەکەی دەگۆڕی و زۆریش خۆش دەکرد. ئەو بەڕێزە لەگەڵ فەرمانڕەوای ئەو شارە زۆر دۆست بووە و ڕۆژێک بانگهێشتی کردووە بۆ ماڵی خۆیان. خۆراکێکی کە دەو دەفر ئامانانەڕا لێنراوە و تێکراوە تام و بۆنێکی تایبەتی هەبووە و فەرمانڕەوا زۆری پێ خۆش بووە و سەرەنجام داوا لە ڕازی دەکا، کە ئەو شێولێنەرەی

بداتێ و ئەویش بێ دڵی ناکا. بەڵێ پاشا ئەو ئاشپەزەی دەباتەوە و کەرەسەیەکی زۆری لە بەر دەستی دەنێ و دەڵێ جا چێشتانمان بۆ لێنێ و با تامێی لێ بکەین.

بەڵام هەرچی، کە ئەو کابرایە لێی دەنێ بە هیچ جۆرێکی وەک ئی ماڵی مامۆستای نایەتەوە و بەو شێوە خۆش نابێ. پاشا لێی تووڕە دەبێ و دەڵێ سەت هێندەی ماڵێ مەلات شت لە بەر دەستایە، ئاخر چۆن و بۆچی لەوێ چێشتی ئاوا خۆشت لێدەنان و لێرەش ئاوای؟

ئەویش دەڵێ پاشای بەڕێز هۆی خۆشی چێشتەکانی ماڵی مەلا خودی مەلا بوو نەک من. دەنا من لێرە و لەوێ هەر وەکێکیان لێدەنێم و مامۆستا خۆی هەور و هۆڵەکانی وا ساز کردوون کە خۆراکی خۆش دەکەن.

ناردیان بە دوای رازیدا و لە مەبەستیان حاڵی کرد. ئەویش فەرمووی من لەبەر پڕکاری و کاری زۆری نووسین و کتێب دانان ماوەم نییە لەگەڵتان خەریک بم. بەڵام کتێبێکم لەو بارەوە داناوە و فەرموون لە رووی ویەوە خەریک بن و قاپ و قاچاغی خۆتان دروست کەن.

کەچی لەبەر نەخوێندەواری خۆیان لە کتێبەکە حاڵی نەبوون و هەرچی کردیان بە ئاکام نەگەیشتن و لە داخان فەرمانڕەوا دەستووری دا هەر بە کتێبەکەی خۆی ئەوەندەیان لە تەپڵی سەری ڕاکێشا هەتا مرد!!

مامۆستارازی ڕاڤەوانێکی بەناوبانگ و گەورەی جیهانی ئیسلام و وەک دەڵێن گەورەترین زانای رۆژگاری خۆی بووە. گەورەترین ڕاڤەی بە نێوی (مفاتیح الغیب) یا (تفسیر کبیر) نووسیوە لە چاخی خۆیدا بە نێوی شێخ الاسلام بەنێوبانگ بووە.

وانە وێژ و ئامۆژگارێکی زۆر چاک و نووسەرێکی کەم وێنە بووە. گەلێـک کتێبـی لـە زانیارییەکـانی ژیرامەیـی و گێڕاوەیـی (عقلـی و نقلی)دا نووسیوە کە بڕێکیان بریتین لە:

١. راڤەی مەزن (تفسیر کبیر یا مفاتیح الغیـب) ٢. المحـصول فـی الفقه ٣. فضائل الـصحابة ٤. الاربعین فـی اصـول الـدین ٥. ابطـال القیـاس ٦. الهندسـة ٧. الملـل و النحـل ٨. لـب الاسـارات ٩. طـب الکبیرو دەیان کتێبی دیکەش.

ئەو مامۆستا بەڕێزە کە ئاگادارییەکی تەواو و گش گری بەسـەر هەموو زانیارییەکانیدا هەبووە بێگومان لەو جۆرە کەسانە بووە کە دەبوو ڕێگەی راست بۆ سەر شێواو و ڕێ لـێ ون بـووان وەدۆزن و بیـانخەنە سـەر ڕێـگەی سـەرکەوتن و هەرگیـز شـایان نەبـووە کە ئاوەهـا زانـایەک نەریـت لە خەڵـک دەربێنـێ و لاسـای ئەم و ئەو بکاتەوە و وە دوای ئی دەدی بکەوێ.

جـا بەڕێـز مامۆسـتای کۆییش کە بە تەواوی بەسـەر زانیـاری و هـۆش و گـۆش و ژیـری و بیـری ئەو بلـیمەتەدا ئاگـادار بـووە و زانیویەتی وەها هەڵکەوتووەک دەبێ سەرقافڵەچی بـێ و نـابێ وەک یەکێکـی ئاسـایی ڕەگەڵ کـاروان بـکەوێ، بەڵام بە هـۆی ئەوەی، کە نەریت و لاسا کردنەوە ئەو سەردەمە باو بـووە و بە جـۆرێکی وەهـا ئەو جـۆرە بیـر کـردنەوە گـشگـر (عمـومی) بـووە، کە تەنـانەت زانایەکی وەک رازیـش هەر نەیتوانیـوە لەم رچە و جـۆگەتە خەراپ شکاوە لابـدا و خـۆی بەخیـرەتەوە پـێش خەڵکـی بـکەوێ و ڕەوگەی راستەقینەی خۆیان نیشان بدا، یان لانی کەم لادەر لەو جـۆگەتە بە گاور یان گومڕا نەزانێ بـۆ نمـوونە ئەو بەڕێـزە بە نەریت و لاسـا کـردنەوەی ئەبولحەسـەنی ئەشـعەری ئینـدکێری و دژایەتـی ئەوەی

کردووە کە مرۆڤ خۆی خاوەنی هێز و هێندێک دەسەڵاتە و هەموو شتێکی هەر حەواڵە بە قەزا و قەدەر کردووە و بەو جۆرە مرۆڤی بۆ چاوەڕوانی چارەنووس لە قون کوچکی داناوە و بەرەو دەورە بەردینەکانی گێڕاوەتەوە!!

بە پەژارە و خۆزگە و بریایەتی ئاوات دەخوازێ ودەڵێ خۆزگە ئەو زانا بەڕێزە ئێستا زیندوو بووایە و کردەوە و پیشەسازی (صنعت)ی مرۆڤ بۆ نموونە فڕۆکەی دیتبایە و بە چاوی خۆی چاوی بەو هەموو پێشکەوتن و سەرکەوتنەی مرۆڤ کە بە داخەوە موسڵمانەکان لێی بێبەشن بکەوتبایە جا داخوا چۆن بەرگی نەریتی لە بەر خۆی دادەڕنی و باوەڕی دەهێنا و دەیسەلماند کە مرۆڤ هێزو دەسەڵاتی هەیە و ئیتر دەبێ خۆی لە کاروباری خۆیدا تەنانەت بڕیاریش بدا و بیر و بۆچوون و لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەشی هەبێ،چونکە چاوەڕوانی چارەنووس بوون و دانیشتن و دەس لە سەر دەس دانان بە هیوای ئاڵوگۆڕی سەرنویشت مرۆڤ بەرەو هەڵدێرگەی تەمبەڵی و تەوەزەلی دەبات و لە هەوڵ و خەبات و تێکۆشان دەیوەستێنێتەوە و سەرەنجام کۆمەڵ بەرەو بەیتوونیو بێبەرهەمی رادەکێشێ و ئیتر وەدیهێنان (تولید) و دەرامەد لە بزووتنەوە دەکەوێ. لە مەرجێکا کە وەدیهێنان هەمیشە دەبێ لە جم و جۆڵ و بزووتنەوەی بەرەو سەر چووندا بێ.

جا ئەو جۆرە بۆچوون و بیر کردنەوەش دژ و نەیاری گەلێک لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزە. چونکە بۆ نموونە خوای گەورە دەفەرموێ: (لیس للانسان الا ما سعی) یان (انا هدیناه السبیل اما شاکرا و اما کفورا) لە جێگایەکی کە مرۆڤ هیچ شتێکی بۆ نەبێ و دەستی نەکەوێ، بە هەوڵ و تەقەلای خۆی نەبێ، گومان لەوەدا نییە کە دەبێ هێزی هەبێ و بتوانێ لەو هێزەش کەڵک وەربگرێ

دەنــا هەوڵ و تەقەلا مانــایەکی نیــیە. وەک ئامرازێــک دەچــێ کە بتدەنێ و بەڵام مافی کەڵک لێ وەرگرتنت لێ بستێننەوە.

هەروەها کاتێک کە مرۆڤ لە سەر دووڕییانێـک ڕاگیـراوە و پێـی گـوتراوە ئەوەیــان ڕێـگەی خۆشـبەختی و کــامەرانی و ئەمەشـیان ڕێـگەی بەدبەختـی و مـاڵوێـرانییە دەبـێ هێـزی هەبـێ و بتـوانێ بە لایەکیاندا وەڕێ کەوێ و بشتوانێ یەکیان هەڵبژێرێ دەنا ڕێ نیشان دان و سەر پشک کردنەکەی هیچ واتا و مانـایەکی نیـیە. دەنـا وەک ئەوەی دەچێ دوو کەسی ڕاوچی کەوێک و سمۆرەیەکیان ڕاو کردبوو ئەوەی بە دەســەڵات بەوی دی دەگــوت: کەوت دەوێ هــا ســمۆرە، سمۆرەت دەوێ ها سمۆرە.

جــا بەڕێــز ئەبولحەســەنی ئەشــعەری کە پیــاوێکی زۆر گەورەی جیهانی ئیسلامە زۆر بە توندی دەستەی "موعتەزیلە" کە پێیان وایە ژیریش لە ڕێنوێنی مرۆڤدا هەر بێ دەوس و شوێنەوار نییە و مرۆڤ ناکرێ وەک لایەزێکی کە بە چۆمێکیـدا بهێڵـرێ خـۆی بـداتە دەسـتی ڕووداوگەل(حوادث)، دەکوتێ و دژایەتیان دەکاو لە ڕاستیدا وەهایان لـێ ڕاپەڕیـوە کە بە یەکجـاری لە نـاوی بـردوون و جـگە لە بیـر و باوەڕەکەیان شوێنەوارێکی دیکەیان نەمـاوەتەوە و ئەوڕۆ هـیچکەس نییە بڵێ من موعتەزیلیم.

مامۆســتای کــۆییش لەو کــارە ناقــایلە و فەخرەدینــی ڕازیــش ســەرکۆنە دەکــا کە بە نەریت لە ئەبولحەسەنی ئەشعەری و لاسـا کـردنەوەی وی دژی دەسـتەی مـوعتەزیلە ڕاپەڕیـوە و هەر وەک ئەو بەڕێــزە دەڵــێ مــرۆڤ هــیچ توانــا و هێزێکــی نیــیە و خــۆی لە چارەنووســی خۆشـیدا هەر بـێدەوس و چەخەرە و دەبـێ دەسـتەو ئەژنۆ دانیشێ و چاوەڕوانی چـارەنووس و ئـاڵوگۆڕێکی کە خـۆی هیچ شوێنەوارێکی تێیدا نییە بێ!!

جـا نەیـارانی لایەنگرانـی چەخەری ژیـری و هێـزی مـرۆڤ ئەو فەرموودەی (لا حول و لا قوة الا بـالله) دەکەنە بەڵـگە و خـۆ دیـارە بەو جـۆرەش هەمـوو هـۆ و هۆکـار (علـت و معلـول یـا سـبب و مسبب)ەکان لە کار دەکەون و هەڵدەوەشێنەوە

جا هەر بۆیە مەلای بەڕێزی کۆیی سەری لێ سووڕ دەمێنێ دەڵێ چۆن دەبێ مەلایەکی وەک فەخرەدینی رازی هەر بە لاسا کـردنەوە و بێ لێکۆڵینەوە ولێکدانەوە و توێژینەوە کارێک بکا یان شتێک قبووڵ بکات یان رەدی بکاتەوە؟ بەڵێ وایە هیچ هێز و توانـاییەک نییە بە هۆی خواوە نەبێ و هەموو کەسێک دەبێ ئەوە قبـووڵ بکـا و هێـزی هەموو هێزدارێک لە خواوەیە و چاوگەکەی هەر هێزی بێپایان و لە بن نەهاتووی خودایە. بەڵام دەبێ ئەوەش قبووڵ بکرێ ئەو کەسـەی کە فڕۆکەشی ساز کردووە یا شتێکی لە فڕۆکەش گرینگتـر تەنـانەت بگرە ئەگەر ئەو کەسە خـۆی بـاوەڕی بە خـواش هەر نەبـێ هێز و تواناییەکەی هەر لە خودای مەزنڕایە و بەس. کەواتە (لا حـول و لا قوة الا بـالله= لا حول و لا قوة الا من الله) و پیتە ژێـر گێڕەکـانیش (حروف جر) هێندێکیان بە مانای هێندێکیان هاتوون و (بـ) بە مانـای (من) دەبێ. ئەوەش هیچ بە مانـای ئەوە نییە کە مرۆڤی بەندەی خوا هیچی لە دەسدا نییە و هیچـی لە دەس نـایە و لە هەمـوو شـتێک و بگـرە لە چارەنووسـی خۆشـیدا هەر ناچـار و بـێدەوس (اثـر) و شوێنەوارە. دەنا ئەگەر وایە چون خوا ئەفەرمێ: (انا هدیناه السبیل امـا شـاکرا و امـا کفورا) ئـێمە رێگەمـان بە مـرۆڤ نیـشان داوە جـا ئەویش خۆی کەیفی خۆیەتی و بە کەیفـی خـۆی یـان سپاسگوزار و خواپەرست بێ یان گاور و لە رێ دەرچوو بـێ. راسـتی مانـای ئەوە کە خوا بەندەی لە سەر دووڕێیانێک داناوە و ئازادی کردووە چییە؟

جا هەر بە پێی ئەو ئایەتە پیرۆزە وا دیارە مرۆڤ هێز و توانـای ئەوەی هەیە بە مەیلـی خـۆی یەکێـک لەو دوو رێگـایە هەڵبژێـرێ

ئەگەر هێزی نەبێ پێیدا بڕوا هەڵبژاردنەکە هیچ مانایەکی نابێ و ئەگەر ئیختیاریشی نەبێ هێزیشی هەبێ بێکەڵکە و ئیتر چۆن دەتوانێ هەڵبژاردنەکە بکات؟

ئەوانەش هەر بەرج و بە جێی خۆی تەماشا دەکەی ئەورۆ مرۆڤ شتی وای دروست کردووە و هەر بەو هێز و توانا و زانینە کەمەی خۆی کە بەڕاستی جێگەی سەر سووڕمانە، تۆ هەر لە رادوێنەوە بگرە هەتا تەلەفیزیۆن و بۆمی ئاتۆم و فڕۆکەی بالاتر لە دەنگ و ماهوارەگەلی جۆراوجۆر و بگرە هەتا دەگاتە ژێردەریایی و مووشەک و شتی وەک مێشکی کامپیۆتێری و هتد.

دەیجا خۆ ئەوانە هەموویان هەر ئاکامی هێز و وزەی مرۆڤن کە لە رووی زانیارییەوە و بە ویستی خۆی دروستی کردوون. بەڵام دەبێ قبووڵ بکرێ کە ئەو ویست (ارادە) و هێزەش وەک فەرموودەکەی پێغەمبەر(دەقی پێدا هێناوە هەر لە خواڕایە و هیچ کەس ناتوانێ خۆی بە خۆی هێز و وزە ببەخشێ. بنەما و چاوگەی هەموو هێزەکان و ماکی گش توانینێکی هەر خوای گەورەیە و بەس. بەڵام ئەو هێز و وزەش کە ئاوا بە مرۆڤ دەگا بێدەوس و چەخەر نییە و ئەگەر بڵێین بێدەوس و شوێنەوارە گەلێک شت و بەرنامەمان لێ هەڵدەوەشێتەوە. هەر بۆیە مامۆستای کۆیی دەفەرموێ:

چونکی سەلبی تەئسیریان لە قودرەتی عەبدی کرد
ئوممەتی وا بە قودرەت گشتی بە زیندوویی مرد

مامۆستا کۆیی دەفەرموێ مەلاکان دەبێ زۆر زۆر وریا و هۆشیارو وردبین بن ودەبێ سەربەخۆوئازادە وتێکۆشەربن وچاولە پێغەمبەرﷺ بکەن، نەریت لەم و ئەو دەرهێنان وچاولێکەری و لاسا

کردنەوە هەرگیز بۆ مەلا نابێ و هەروەها هەموو کەسیش هەر بۆ مەلا نـابێ. چونکە مەلا چاوی زەقـی گەلە و چاویش ئەگەرخەراپ ببینێ دەبێ چاوساغی بۆ پەیدا بکرێ. ئیتر نـاکرێ بە تەمـای وی وەرێ بـکەوی! چـونکە خـۆ ئەو خۆشـی ڕێگـا نـابینێ یـا نـازانێ. چاوساغ کاتیک بۆ چاوساخ دەبێ، کە خـۆی چـاو سـاخی پیویـست نەبـی. بەلام بەداخەوە و هەزار مەخـابن گەلێک لەمەلاکـان خویـان لەنەزانــە کــان خەراپتــرن . هەربۆیــە بەڕاشـکاوی دەلــێم ئەگەر دەســەلاتی مــالی و رامیــاریم هەبایــە زوربەی ئەو مەلایــانەم تیــر دەکــردو نەم دەهێــشت مەلایەتــی بــکەن وپــیم دەگــوتن بــڕون بــە ئاسودەیی لەمالی خوتـان دانیـشن وزیـان بەگەلـی هەژار وئیـسلامی پیروز مەگەیەنن.

٢ . تیرمیزی

بەڕێز ئەبوو عیسا محەمەدی تیرمیزی پیاوێکی گەورەی گێڕەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەرەﷺ و لەوریشتەدا یەکێکە لە مرۆڤە هەرە بەرز و دڵۆوانەکان کە زۆر زۆر سەرشونـاس و بەنـاوبانگە و گەلێکی فەرمــوودەی پێغەمــبەری مەزنﷺ گێــڕاونەتەوە و زۆریــشی خــڕ کردوونەتەوە.

کێتبێکی گەورەی لە فەرموودەکانی پێغەمبەرﷺ بە نێوی (الجامع الصحیح) پێکەوە نـاوە کە تـا ئێستا بە نێوی سـەحیحی تیرمیـزی بەناوبانگە. ئەو بەڕێزە شـاگردو فەقێـی ئەبـوو عەبدیللا مـحەمەدی بوخاری بووە ولە سالی ٢٧٩ی کۆچی مانگی لە شاری زانگای خۆی تیرمیز، کە شارێکی کۆنە ولە سـەر رۆخـی رووبـاری بەڵخـێ کە بە چۆمی جەیحوون بەناوبانگە هەڵکەوتووە، کـۆچی دوایـی کـردووە و لە ریکەوتی سـالی ٨٢٩ی زایینـی ئەو بەڕێزە لە سـالی ٢٠٩ کـۆچی رێکەوتی ٨٢٤زایینی لە شاری تیرمیز لە دایک بووە.

گەلێک بە عێراق و خوراسان و حیجازدا بۆ خڕ کردنەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەرﷺ گەڕاوە. کتێبێکی هەیە بە نێوی(السنن)و یەکێکیش بە نێوی (العلل) و یەکی تر بە نێوی (الشمائل النبویة).

ئەو خوا لێخۆشبووە لە پەڕتووکی(الجامع الصحیح)دا گەلێکی تێبینی و توێژینەوە لە سەر پیاوانی گێڕەرەوەی فەرموودەکان کردووە و ئاگاداری داوە لە سەر جێگاکانی ناکۆکی لە نێوان (ئایینزا)مەزهەبەکاندا.

٣. دارە قوتنی

بەڕێز ئەبولحەسەنی عەلی عومەری دارە قوتنی کە لە ساڵی ٣٨٥ کۆچی مانگی و ٩٩٥ زایینیدا کۆچی دوایی کردووە، یەکێکە لە مرۆڤەکانی گێڕەرەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەرﷺ ئەو زانایە خەڵکی گەڕەکی دارە قوتنی شاری بەغدایە بووە و هەر لەوێشدا نیشتەجێ بووە وهەربۆیەش بەو نێوە نێوبانگی دەرکردووە . قورئانی پیرۆزی هەموولە بەربووە وقورئان خوێنێکی زۆرباش و بەنێوبانگ بووە.

شاگردی زانای بەناوبانگی جیهانی ئیسلام "بەغەوی" بووە و گەلێکی لە خزمەت ویدا خوێندووە و هەروەها زۆریش بۆ خوێندن لە عێراق و میسر ماوەتەوە و هەر لە بەغدایەش کۆچی دوایی کردووە.

نووسراوەی زۆرن کە هێندێکیان بریتین لە: ١ـ السنن ٢ـ المختلف ٣ـ المؤلف.

ئەو بەڕێزە گەلێکی زەحمەت کێشاوە لە پێناوی خڕ کردنەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەری مەزنﷺو یەکێکە لە پیاوە گەورەکانی حەدیس.

٤. ماتوریدی

بەڕێز محەمەد ئەبوو مەنسووری سەمەرقەندی ماتوریدی کە بە عەلەمولهوداش هەر بەناوبانگە لە ساڵی ٣٣٣ی کۆچی مانگی و ٩٤٤ زایینیدا کۆچی دوایی کردووە.

ئەو پیاوە بەڕێزە دێژەوان (فقیە)ێکی پەیڕەوی بەڕێز پێشەوا حەنەفی بووە و خۆشی یەکێکە لە پێشەوایان و زانایانی زانیاری بیر و باوەڕ (علم الکلام) لە سەمەرقەندێ لە دایک بووە و هەر لەوێش کۆچی دوایی کردووە.

جا مامۆستاش سەبارەت بەوی دەفەرموێ:

ئیمامی ماتریدیش یەعنی عەلەمولهودا
چەندی لە قودرەتی هات ڕێگەی لە ئێمە تێکدا

ئاغای عەلەمولهودا گەلێک دژی دەستەی موعتەزیلە بوە و زۆر نەیاری باوەڕی وان بووە وچەندین کتێبی گەورەشی نووسیوە کە هێندێکیان بریتین لە: ١ـ التوحید ٢ـ ماخذ الشرایع ٣ـ شرح الفقه الاکبر. هەروەها چەند پەرتووکی دیکەش.

٥. موعتەزیلە

قۆڵێکن لە موسڵمانان، کە زۆرتر لۆجیک (منطق) وقیاس لەبارەی مەسەلەگەلی بیروباوەڕ(عقاید)دا بەکاردەبەن وکەڵکیان لێ وەردەگرن.
لە بارەی تەکپەرستی (توحید)دا زۆر توند و سەختگیرن و بەتوندی لایەنگری ژیری ومەنتیق وقیاسن و بە هیچ جۆرێک خەرافات ومردە پەرەستییان قەبووڵ نییەو بە سەختی دووری لێ

دەکەن. هەر بۆیەش خەرافات چییەکان بە توندی بەرهەڵستی و نەیاریان دەکەن .

گرینگترین بۆچوونەکانیان بریتین لە:

١. ئەوە کە دەڵێن ئەنجامدەری گوناحی گەورە (کبیرە) نە کافرەو نەموسڵمانە، بەڵکە شتێکە لەومیانەدا.

٢. دەڵێن قورئان کۆن (قدیم) نییە ودروست کراو(مخلوق)ی خودایە و لە کۆنەوە هەر نەبووە. بەڵێ وتاروفەرموودەی خودایە و لەوەشڕا هیچ پێویست نییە وەک خوا کۆن بی وتازە لە کۆن پەیدا دەبێ.

٣. دەڵێن مرۆڤ ئازادی دەسەڵاتی هەیە و خاوەنی ویستی ئازادەو بە هیچ جۆرێک ناچارنییە وکارەکانی کەس پێی ناکا وبەڵکە خۆی بە ویستی خۆی دەیانکا.

جاماتوریدیش زۆرلە دژی وان تێکۆشاوە وبە سەریداداون وبۆرەد کردنەوەی قسە وبیروڕای ئەوان هەوڵی داوە. جاماۆستای کۆییش داکۆکیان لێ دەکا و دەڵێ جەنابی عەلەمولهودا هەرچەندی بۆی لوا رێگەی لە ئێمە تێکداولە باتی تەکپەرەستی خستینیە سەر رێگەی بەد بەختی .

بەڕای من هەرگیز ماۆستا نەیاری ئەوە نەبووە، کە خەڵک پەیڕەوی لە فەرموودەکانی پێغەمبەری مەزنﷺ بکەن و بەڵکە تەنانەت زۆریشی پێ خۆش بووە و خەڵکیشی بۆ هان داوە. بەڵام فەرمودەی پیغەمبەرﷺ.

ئیتر راستی کێهە جۆرە فەرموودەی ئەوە ؟! بۆخۆی مەسەلەیەکی مەزنە، چونکە دوای پێغەمبەرﷺ جوولەکە و دوو ڕووەکان گەلێکیان شت ساز کردووە و بە نێوی و بیەوە بڵاویان کردۆتەوە، کە ئەو جۆرە حەدیسانە لە نێو زانایانی ئیسلامدا پێیان دەگوترێ

(ئیسرائیلیات)و گەلێک زۆرن ئەوانە و رەنگە دوای ئەو کاتیش نەیارانی زۆر زیرەک و بێویژدانی ئیسلام هەر لەو کارە رانەوەستابن.

بەهەر حاڵ ئێمە دوو دانە پارسەنگی گەورەمان هەیە بۆهەڵسەنگاندنی حەدیس کە بریتین لە قورئان و ژیری. جا هەر حەدیسێک دژایەتی لەگەڵ قورئان یان لەگەڵ ژیریداهەبێ ئەوە دەبێ فڕێ بدرێ وبە حەدیسی نەزانرێ.

بۆیە مامۆستای بەڕێز هاواری لێ بەرز دەبێتەوە ودەڵێ: ئێمە هەموو شتێکمان لە کیس چوو، هەروە دوای ئەوەی کەوتین فلانە کەس وادەگێڕێتەوە و فیسارە کەس دژی وی و ئەمیان ئاوا و ئەوی تریش بەشێوەیەکی دیکە بۆمان نەقڵ دەکا!! تەنانەت ئەو ناکۆکی و دووبەرەکییە بە جۆرێک تەنیویەتەوە و کە گەیوەتە یاساکانی زانیاریش!!

خۆ قورئانیشمان هەروەلا ناوەو ئاگامان لێی نەماوەو نازانین دەڵێ چی و ناشزانین رەوشی بەرزی پێغەمبەر چییە و ئاگاداری بەسەرهاتەکەشی هەر نین. دەنا بێگومان دووچاوری ئەو دەردە گرانەی نەدەبووین. چونکە قورئان هەموو شتێکی روون کردۆتەوە و رەوش و مێژووی پێغەمبەریش گەورەترین پشتیوانەیە.

تووڕە بوونی مامۆستا

بەڕێز مامۆستای خۆشەویستمان دوای ئەوەی، کە ئەو هەموو دادو هاوارو پەند و ئامۆژگارییەی کرد و وەک بولبولی هەزار داستان خوێندی بۆ کورد و کوردستان و مەنجەڵی دڵی پڕ لە کوڵی زڵق زڵق کوڵی و ئاهو نزوولەی ناز و نووزی نازدارانیشی نەشێواند و لە هەوری هەناسەی هەڵمەتووک هەڵستا بەڵام بەو

حاڵەش کەس لێی نەبیت و گوێی نەدایە، تووڕە دەبێ و دەس دەکا بە تانەو تەشەر و بەسەر کوردان دێ و لۆمەیان دەکا بەپەرۆشی و دڵ ناخۆشـــییەکی زۆرەوە و بە خەم و داخ و پەژارە و دەردی دڵەوە دەڵێ:

ئەوەیە ڕێگای ئێوە، کە من پێم گوتن و پێم نیشان دان و بەو جۆرە کە شیاوی یەک ڕابەری دڵسۆزی گەل بێ ڕێنوێنیم کردن، جا ئەوە ئێوەن، کە هۆباڵەکەی وە ئەستۆی خۆتـان دەگرن ئەگەر بە قسەم نەکەن.

بەڕاستی کورد ئەوەنـدە هەژار و مـاڵ وێـران و بەدبەخـتە، کە دۆست و دوژمـن و یـار و نەیـاری خـۆی لێـک جیـا ناکـاتەوە!! ڕێ نیـشان دان و ڕێ لـێ ون کردنـی پـێ یەکە. کەپری بـۆ سـاز کەی و کەپری لێ بڕووخێنی پێی وەک یەک وایە.

بۆ نمـوونە مەلا چاکەکـان ڕێبـازی پێغەمبەریـان نیـشان دەدەن و بەرنــامەی قورئــان و ڕێبــازی رامیــاری ئیــسلام و ســەر کەوتنــی یەکجاری و شەقامی پانتاوی ئازادییان شارەزا دەکەن و دەیـانخەنە سەر ڕەوگە (مسیر)ی مەردایەتی و بوێری و دلێری و ڕێگەی خەباتی خواییـان پـێ دەڵـێن و هەرگیـز خەیانەتیـان پـێ نـاکەن، کەچـی بە قسەیان ناکەن و وە دوایان ناکەون.

بەڵام شێخەکان بەرەو نەزانی و خەرافات و پڕوپووچ پەرستی و تـاریکی و سـەر لـێ شێواوی دەیانئـاژوێنن و جگە لە هەڵـپەڕین و داپەڕیـن و زەرگ و دەف و دمـبەگ فێرگەکەیـان هیچیـدیکەی تێـدا نیـیە، تـا فێریـان بـکەن و جـا ئیتـر بەو شێوە بە کەیفـی خۆیـان دەیانچەوسێننەوە و دەیـانڕووتێننەوە و ئیتـر گرینگترین هـونەری وان مـارگری و ئاوربـازی و برچـی ژنـانەیە و بەس، کەچـی زۆر چاکیـان بە قسە دەکەن و وە دواشیـان دەکەون کە دیـارە و هەمـوو

کەسیش دەزانێ ڕاست نییە و چاو بەستەکێنەیە کە لە خەڵکی سادەو ساویلکە ئەیکەن تەنانەت ئەگەر ڕاستیش بایە و بنەمایەکی هەبایە کە نیشیەتی بە چ کەڵکێکی گەل و نیشتمان دەهات و ئاخر تاک و کۆمەڵ چ دەردێکیان بەوە دەرمان دەکرێ؟ ئاخو توخوا شەرم و شوورەیی نییە، کە خەڵک وا دەچێتە کورەی مانگ و میریخ و زەحەل و هتد، بەڵام هێندێک لە لاوانی کورد دەبنە دەروێش و سەرهەڵدەسووڕێنن و مل با دەدەن. ئەوانە بە خەیاڵی خۆیان لە بەر چاوی خەڵکی کشکێر (معجزە) دەنوێنن کەوا دەتوانن ئەو جۆرە کارانە بکەن لە حاڵێکدا کە خەڵکی سادە و ساویلکە ئەو کارانەیان لە دەس نایەن. بەڵام هێندێک لە زانایانی ئیسلام دەفەرموون ئەو جۆرە کارانە کە ئەوان دەیکەن (ئیستیدراج) واتە شتێکە (مرگ) شەیتان وردە وردە یارمەتییان دەدا تا سەرەنجام بە یەکجاری لە ڕێ لایان دەدا و جا چونکە لە لایەن شەیتانەویە و شەیتانیش خۆی لە ئاورە و ئاورریش کارێ لە ئاوری ناکات ئەوان هەر بۆ لای شتی گەرم دەچن. دەنا ئەگەر ڕاست دەکەن با بۆ ماوەی هەژ نۆ خولەک (دقیقە) سەر دە بن ئاوێ ڕاکەن، داخوا ئاویش هەر کاریان لێ ناکات؟

ئەوە لە لایەک ولە لایەکی دیش کە دیارە و دەبینین و شتێکی زەق و بەرچاوە، کە کاری شێخەکان هەر ڕاو و ڕووت و خەڵک فریو دان و لادان لەڕێی ڕاست و هەتڵە کردن و خەڵەتاندن و چاو بەستن و بەرەو خورافات و پڕوپووچ پەرستنە. ئەوان پێیان سپێردراوە کە خەڵک قۆڵ قۆڵ و دەستە دەستە بکەن و هەتا بۆیان دەکرێ لێکیان بپچڕن و لە مزگەوتی خوا دەریان بکێشن و بیانبەنە قوژبنی خانەگاکانەوە و لەوێدا مێشکیان بەو شتەی کە خۆیان دیانهەوێ و هەوڵی بۆ دەدەن زاخاو بدەن!!

ئەوە شتێک نییە هەر لە خۆڕا و لە خۆوە بگوترێ تەماشا کە هامفێر و ئەلمیس بێڵ کە دوو سیخوڕی ئینگلیسن لە نێو موسڵمانانندا ئەو نهێنییەیان بە چاکی درکاندووە کە لە لایەن دەوڵەتی ئینگلیستانەوە پێیان سپێردراوە کە لە نێو موسڵمانانندا هەتا بۆیان دەکرێ شێخان زۆر کەن و خانەگا و تەکیان ساز بکەن چونکە وا نەبێ موسڵمانان لێک ناپچڕێن و پڕش و بڵاو نابن!!

هەروەها پێیان سپاردوون کە مەلا چاکەکان بە هەر جۆرێک بێ لە بەر چاوی خەڵک سووک بکەن تۆمەت و چاو و ڕاو و پڕوپاگەندەیان بۆ بڵاو بکەنەوە بەڵام کۆلکە مەلا و مەلا مریدەکان بە هەر جۆرێک بێ بەهێز بکەن، خەڵکیان لە دەوری کۆ بکەنەوە و پووڵیان پێ بدەن تا جۆرە کارێکی پێویست ئەنجام بدەن و پلە و پایەیان بۆ پەیدا بکەن، چونکە هەر چەندی ئەوان سەرکەوتوو بن بە قازانجی ئێمەیە و پتر لە ئامانجی خۆمان نێزیک دەبینەوە!!

جا مامۆستای بەڕێزمان کاتێک ئاوا دەبینێ و هەر بە پسپۆڕییەتی خۆشی هەموو شتێکی زانیوە و تێی گەیشتووە بە قەڵسی و توورەییەوە چەند قسەی هێندێک ناحەز بە کوردەکان دەڵێ کە جێی خۆشیەتی.

ڕەنگە هێندێک کەس ئەوەیان پێ ناحەزبێ وبە دووری دابنێن کەسایەتییەکی وەک مامۆستا کە قسەی ئاوا ناشیرینی بە سەرزاریدا بێ و سەرەڕای ئەوەش پێنووسە ڕەنگینەکەی ئالوودە بکات !! ولە سەررووپەڕی دیارییە بەنرخەکەی کە وەک یادگارێکی گەورەی خۆی بۆ ئێمەی بە جێ هێشتووە تۆماربکات!! چونکە لە وەها زانیار و رامیارێکی وەک خۆی بەدوورە!! بەڵام من دەڵێم ئەوە زۆرکارێکی ئاسایی وسادەیە بۆ باوکێک یان برایەکی گەورە و دڵسۆزکە دەگونجێ قسەی سەختیش بە منداڵ یان برابچووکەکەی

خۆی بڵێ وتەنانەت جاری وایە لێشی دەدان. چونکە خۆ ئەوبە دژمنایەتی پێی ناڵێ، بەڵکە تووڕە بوونەکەشی هەر تووڕە بوونی دڵسۆزیو میهرەبانییە و بۆ قازانجی وییەتی.

جا مامۆستا هەقیەتی، کە دەڵێ بیدعەتی وا دەکەن نە دیان کردبیەتی و نە جوولەکە و ئیتر ئەوان هەر وەک دیان و جوولەکە ئەهلی بیدعەت و خەراپکاری و شتی پڕوپووچن وەهایان کردووە کە ئەگەر جەنابی شێخ تڕیشی لێ بەر بێ دەڵێن ئەوە کەرامەتە و کەرامەتیشیان کردۆتە زانیاری نهێنی، یا نهێنی زانی (علم غیب)، لە مەرجێکا خوا خۆی دەفەرموێ: (لا یعلم الغیب الا اللە) جگە لە خوا هیچ کەس نهێنی نازانێ. بەڵام ئەوان بە پێچەوانە ئایەتی خوا هەموو شتێکی شێخ بە کەرامەت دادەنێن!!

جا پاشی ئەو هەموو ئاه و ناڵە و تووڕە بوون و تانە و تەشەرە، روو دەکاتە خالیدی شارەزووری کە پیاوێکی زانا و دانا و زۆر هۆشیار و زیرەک بووە بە نێوی مەولانا خالید بەنێوبانگە و ریشەی رێچکەی نەخشبەندی لە کوردستاندایە و بە کوردی پێی دەڵێ تۆ کە دڵسۆزی گەلەکەت بووی و مردی هیچت پێ نەکرا و رەنگە منیش بمرم و چم پێ نەکرێ، هەستە و سەر لە گڵکۆکەت بێنە دەرێ و بزانە گەلەکەی تۆ چی بە سەر هاتووە و چۆن لە رێی رەدا و راستەقینە لایان داوە؟ چۆن لە باتی یەکیەتی، بڕ بڕ بوون و لێک هەڵبڕاون و هەر قۆڵە رووی لە جێیەک کردووە و لە باتی زانیاری و پیشەسازی و پێشکەوتن، خەریکی پڕوپووچ پەرستی و بیدعەتن و چۆن بازاڕی راو و رووت و چەوساندنەوەی شێخانیان گەرم داهێناوە و بوونەتە مرید و دەروێش و بە چەپەڵ کاری خەریکن؟

جـا هەر بـۆیە ئەو جـارەش کـوڵی دڵــی خـۆی دەردەبـڕێ و بە زمانێکی دیکە و بە هەوایەکی دیکە دەیاندوێنێ و دەڵێ:

رێگای ئێوە

تەریقــی وا لایــقە ئەوڕۆ بــۆ قەومــی کــوردان
جـرت و پـرت و هەڵپەڕین لێـک هـاتن و تێکهەڵـدان
(لە باتی عیلم و سەنعەت فێری رەقس و سەما بوون
لە ژیـن و دەوڵەت و دیـن بە کـوللی تەوەلـلا بـوون)
کەیفی لێ بێ مـام سۆفی هەر بە یەک دوو سانییە
ســەد هەزار تــڕ بەردەدا مەترەلۆســیش وا نیــیە
حەیـا و ئادابیـان نەمـا غیـرەت و نامووسـیان چـوو
بیـدعەتی ئەوتـۆ دەکەن، نە دیـان کربێتـی نە جـوو
کەرامەتیــان کــردە تــڕ، تڕیــان کــردە کەرامەت
بە لەعنەتــی خــودا بــن لە دنیــا و لە قیــامەت
خالیــدی شــارەزووری ســەر لە قەبــرێ بێــنە دەر
تەماشـا کە قەومـی تـۆ چ دەردێکیـان هـاتە سـەر
دابەشــیان کــرد لە نــاوخۆ وڵات و نیــشتمانی
ئیتــر بــوونە کەڵەگــا لە ســەر ی دژمنــانی
بــوونە ســەد قـۆڵ و دەســتە بە نێـوی تەریقەتــێ
بەو جــۆرە تەوەلــلا بــوون لە دیــن و شــەریعەتێ
دەف و دمبەگ و مشتە، زەرگ و نوشتە و گشتەک
لە جێی تـۆپ و تەیـارەن لە جـێگەی قەڵەم و چەک
وای بە حـاڵی میللەتـێ نەناسـێ دۆسـت و دوژمـن
دۆستی لە لا دژمـن بێ و دژمنی دۆست بێ لە کن

ڕێــگەی ئێــوە قورئــانە ئەی کــوردانی بە ئیمــان
دووری بکەن لە تەکیە و دەس هەڵگرن لە شێخان
ئــاخر ئەوانە کەنگــێ دینیــان فێــری ئێــوە کــرد
لە بەر چــی ئــاوا بــۆ وان لە ڕێبــازا بــوونە پــرد؟!
مەســــــئوولییەتی ئەوان نەزان هێــــــشتنەوەتانە
تــاڵانی مڵــک و مــاش و هەر شــتێکی هەتــانە
ئەوان خۆیــان نــۆکەری ئیــستیعماری ئینگلیــسن
خــائین بەو مــیللەتەن و دز و ناپــاک و پیــسن
دەسا کوردە هۆشت بێ، هۆشی خەڵک و خۆشت بێ
تــا کەنگــێ ئەو قورئــانە هەر وا فەرامۆشــت بــێ؟!

هەواڵی کورد و کوردستان

مامۆستای دڵسۆزی گەل ئەوجار دێنێ کەسێکی لە بەرابەر خۆیدا دادەنێ و وا دەنوێنێ کە ئەو کەسە دەیهەوێ لە هەواڵ و ژیواری کورد و کوردستان ئاگادار بێ و بزانێ ئەو گەلە گەورە حاڵ و ژیواریان چۆنە و چی دەکەن و چۆن دەژین و ئیتر ئەو کەسە روو دەکاتە مامۆستا و لێی دەپرسێ و دەڵێ لە کوردستان چ باسە؟ هەواڵی کوردەکان چییە؟ زانیاری و ئایین لەو وڵاتە لە چ پلە و پایەیەکدایە؟

ئەویش وڵامی دەداتەوە و دەڵێ ئەگەر هەواڵی کورد و کوردستانم لێ دەپرسی گوێ رابگرە با پێت بڵێم و وەک بولبولی هەزار داستان بۆت بخوێنم: وڵاتێکی چۆڵ و هۆڵ و بێکەس و بێ سەرپەرشت و بێدڵسۆز و گەلێکی رووت و رەجاڵ و برسی و تینوو و هەژار و نەدارە، نە زانیاری و نە زانستی لێیە و نە ئایین و بیر و باوەڕ.

شێخ و شەیتان پێکەوە دەستیان وە دەستی یەک داوە و بە کەیفی خۆیان ئەو گەلە هەژارە بەرەو هەڵدێرگە دەبەن. ئەو دوانە بە هاوکاری یەکتر زانست و زانیاری و بیر وباوەڕیان لەم وڵاتە کە لەمەو بەر کانگای بیر و باوەڕ و زانست و زانیاری و پیاوەتی و مەردانەگی بوو رامالی. نە دینیان لێ هێشت و نە ئایین و نە خواپەرستی و بە جارێ کردیانە بازاڕی خۆیان و وەسەر ئاوەڵ بۆ خودا دانان و بت پەرستییان گێڕا و ئیترئەی خۆڵ بە سەرمان خۆ خواشیان هەر لە بیر بردینەوە. تەواوی زانین و هونەرمان بۆتە دمبەگ و دەف و هەڵپەڕین و داپەڕین. مارگرتن و پرچی درێژی ژنانە و ئاوربازی و دار و بەرد و پۆلوو خواردن!!

بەڵام راستی ئەوانە چ دەردێکی گەل دەرمان و چ ناسۆێکی کۆمەڵ تیمار دەکەن؟ چەندین سەدەیە ئەوا ئێمە بەو شێوە دەڕۆین، بە کوێ گەیوین و چمان دەس کەوتووە؟

ئەرێ بۆچی دەبێ ئێمە هۆشیار نەبینەوە و بۆ حاڵی خۆمان نەبین؟ ئاخر خۆ ئەو وڵاتە خۆشە و ئەو کوردستانە پیرۆز و پان و بەرینەمان هەر بەو شێوە لە دەس دەرهێنرا و هۆشمان نەبوو داکۆکی و پارێزگاری لێ بکەین. هەر وە دوای شێخ وشۆڤاران کەوتین وهەمووشتێکمان لە بیرچۆوە!! نەچووینە فێرگە بخوێنین و نە بۆخۆمان فێری پیشەیەکیش بووین.

وەک دەفەرموێ:

هەواڵـــی کـــورد و کوردســـتان دەپرســـی
وڵاتـــی چـــۆڵ و قەومـــی رووت و برســـی
لە ســـایەی شـــێخ و شـــەیتان، عـــیلم وئیمـــان
لە نێـــو کـــوردان نەمـــاوە، خـــۆڵ وە ســـەرمان

جا ئەوجار دێنێ دیمەنە جوانەکانی کوردستان نیشان دەدا و بیچمە سروشتییەکانی نیشتمانی کورد دەخاتە بەرچاووقامک رادەدێرێ بۆشوێنێکی زۆرگرینگی ئەووڵاتە ودەڵێ: هەرلە شاری کۆیەڕاهەتا دەگاتە مەراغە، کە سنووری تازەی دەسکردی کوردستانە هەمووی هەرئاووەراووباخ وراخ و چیمەنی پڕدیمەنە. تەنانەت هەرلە کێوی بەرزی سەفین وکۆسرەت هەزار جێگەی وای لێیە کە هەردەڵێی لە گوێن بەهەشتی بەرین سازکراوە. خۆ سەری کێوی حاجی قەڵاوتافگە و ئاهەڵدێری چنارۆکیش هەر بەڕاستی بێوێنە و نموونەن لە ڕوی زەوی تەنیا هەرلە کوردستان ئەو دیمە نە رازاوەو جوانانە هەن و بەس.

بەڵام خۆ کوردی بێچارە لە بەرئەوەی هەروە دوای شێخ و شۆڤارەکان کەوتن ورووویان لە پێشکەوتن و سەرکەوتن و پیشەسازی وەرگێڕا نەیانتوانی کەڵکیان لێ وەرگرن . وەک کە دنیایە کە یان لە کیس چو دەری مەخابنو هەزاران جار بەداخە وە دینە کەشیان لێ تێک چوو،چونکە لە پیشەسازی پاش کەوتن گولی ئاواتنیان نە پشکوت و لە پێشکەوتن بی بەش بون وخۆ ئیتر کورژی گوتەنی:

پیشەسازی خەڵکی جیهانی وەها پێش خستووە
هەر گەلێکی پیشە نازانێ گەلێکە نوستووە
ئەوگەلەی تۆ بۆیەلێی قەومـاوە کاکە کوردەکەم
چونکە تۆی هەرنیت وبەوشێوەش هەبی چت لی بکەم

جا هەر بەو شێوە هەموو کانگا و چاوە گرینگەکانمان لە کیس چووو نەیاران و بیانان هاتن و بۆ خۆیان دەریانهێنان و کەڵکیان لێ وەرگرتن. خودی مامۆستای بەڕێزیشمان لەوبارەوە دەفەرموێ:

لەبۆیە هەرچی لەو خاکە بە دەرکەوت
لە رادیۆم و لە زێڕ و پاقر و نەوت
هەمووی کەوتە ژێر دەستی فەڕەنگان
چیا و چۆڵان دەنۆڕن وەک پڵنگان
بیانۆڕن چیایان چۆن دەکۆڵن
هەتا کەی ئێوە هەر بەرماڵ بە کۆڵن؟!

بەڵێ ئەورێزدارە زۆرهۆشیارە دڵ بریندارە بە هەموو کەیفی خۆی دەگری و هاواردەکات بۆئەم کوردستانە لە دەس دراوە وهۆکاری بنەڕەتی ئەوکارە نالەبارەش بە خەڵکی کورد دەناسێنێ و

دەفەرموێ: دووکەسن کە ئەو هۆباڵەیان لە ئەستۆیە، یەکیان دژمنی سەرەکی تیرەی مرۆڤە وئەوی دیش دژمنی تایبەتی تیرەی تیرە بەختی کوردە وئیترئاوا دەفەرموێ:

لە سایە ی شیخ وشە یتان عیلم وئیمان
لەنێو کوردان نەماوە خول وەسەرمان

جا ئەمجا دوبارە با دەداتەوە سەر باسی دیمەنە جوانەکانی نیشتمانی کوردە واری ودەڵی:

لە شاری کۆیە هەتا دەچیە مەراغە
هەمووی ئاو و بەراو وباغ و راغە
لە تەک شاخی سەفین و کێوی کۆسرەت
هەزار جێگەی هەیە مانەندی جەنەت
سەری حاجی قەڵا و سۆڵی چنارۆک
بە بێوێنەن لەگەڵ شوێنی حەمامۆک

جا لێرەدا هەردەڵێی لە گەڵ کەسێکی ئینکێریکەر وتووێژدەکا و بە توندی لە بەریەکدا راوەستاون و کابرای رووبەڕووی بەقای پێ ناکا یا دەیهەوێ پتر بیدوێنێ وپترقسەی پێ بکاوپترکەڵکی لێ وەربگرێ. جا ئەویش وتارەکەی خۆی بە سوێند بۆبەهێزدەکا و دەفەرموێ:

سوێندت بۆ دەخۆم بەو خودای بێچوون
بە قسەی شێخۆلکان کورد لە دین دەرچوون
قەسەم بەو خودای دەوواری گەردوون
بە ژەهری شێخان کوردەگەل مردوون
قەسەم بەو خودای خەللاقی کورسی
مامۆستای برسی لە خوا ناترسی

ئەوجار مامۆستا تووڕە دەبێ ودەڵێ ئەو مەلایانەی کە وە دوای شێخان کەوتوون لەوانیش خەراپترن، هەموویان هەرفاسیدن، بەدخوون، بێدین و خوانەناسن، کاری شێخی حیلەباز، فریودانی خەڵکە بە تایبەتی خەڵکی نەزان و ناحاڵی، چونکە هەمیشە هەر ئەو مەلە دەتۆڕی ڕاوچی دەکەوێ، کە زۆرگێلەکە وناهۆشیارە ومە لی زیرە ک و هۆشیار هەرگیز ناکەویتە ناو تۆڕی ڕاوچی.

هەرچەندە گوتوویانە، کە (دەعبای زیرەک بە دندووکێ پێوە دەبێ) بەڵام بێگومان ئەوە لە هەمووجێیەکدا راست نییە وهەمیشە دروست دەرنایە. چونکە دەعبای زیرەک لە خۆی وریایە ودژمنی خۆی دەناسێ، بەڵام هی نازیرەک وحۆل، دۆست ودژمن لێک جیا ناکاتەوە ومریدی کەریش جیاوازی لە نێوانی شێخ و شۆڤاردا دانانێ ونازانێ کە ئەوە گورگە دە پێستی مەڕدایە.

لە مامۆستای ئایینیش قەڵسە کە دەڵێ بە بەرتیل شەرعی دەگۆڕێ و خوای لە بیرنامێنێ کە چاوی بە ماڵی دنیایە کەوت. هەرچەند هەم لە خودی ئەم تاکە هۆنراوەدا وهەم لە هۆنراوەی پێشێدا هەرعوزری بۆمامۆستا هێناوەتەوە کە دەڵێ هۆکاری ئەوکارە خوارە نالەبارەی ئەوە یە کە ئە ومەلاهەژارە، برسیەتی و نەدارییە وەک دەفەرموێ:

قەسەم بەو خودای خەللاقی کورسی
مامۆستای برسی لە خوا ناترسی
مامۆستای فەقیر لارێ دەنۆڕێ
بۆ کوتکە ماستێ شەرعی دەگۆڕێ

بەڵام بەو حاڵەش هەرزۆری لێ تووڕەیە ودەڵێ دەبێ مەلا لە ئاسمان حەستەمترو لە کێو قاییمترولە پۆڵاپتەوترو لە خۆرپڕشنگ هاوێژتربێ. چونکە هەرلە دوای ئەوە لە تاکە هۆنراوەیەکی دیکەدا

دەڵێ ئەوە هەرمەلانەزانەکانن کە ئاوا بێباوەڕولە خوا نەترس و شەرع گۆڕومریدە شێخن، دەنامەلازانا و داناکان هەروەختە لە داخی ئەوانە دیق بکەن وبمرن ئەوەندەیان لێ قەڵسن وەک دەفەرموێ:

قەسەم بەو خودای خەللاقی کورسی
مامۆستای برسی لە خوا ناترسی
مەلا و شێخەکان بێدین و بەدخوون
الا انهم هم المفسدون
شێخی حیلەباز بە فاڵ و نووشتە
سەد پیرێژنان دەبا لە خشتە
مامۆستای فەقیر لاڕێ دەنۆڕێ
بۆ کوتکە ماشێ شەرعی
مامۆستای زاناش جەرگی پەڵاسە
وەختە دیق بکا بەو باس و خواسە
رەبیی شێخەکان کوێر و مادوور بن
ئەو فێڵبازانە لە کوردان دوور بن
ئەو شێخە حیزەی چاو بە فرمێسکە
ئەم های و هوویەی بۆ نیسک و گیسکە
رەبیی مامۆستای سەر و مێزەر زل
هەر دەربەدەر بی لە مەئوا و مەنزڵ

مامۆستای گەورە وگرانی کورد لەوچاخیداکە شێخە فریودەرەکان بە هەمووجۆرە مەکروماجەراتێک وهەروەها بە هەمووجۆرە فێڵ و فووتێک هەر خەریکی فریودانی کوردە بێچارەکان بوون وبە درۆ خۆیان پێ بە پیاوی خودا و پارێزگارو لە خواترس ناساندوون، بە

درۆلە بەرچاوی خەڵک فرمێسکی ریاکارانەیان هەڵوەراندووە و وایان نیشان داوە کە ئەوە لە خوادەترسن. جا هەربۆیە دەفەرموێ:

ئەو شـێخە حیـزەی چـاو بە فرمێـسکە
ئەم هـای و هـوویەی بـۆ نیـسک و گیـسکە
ئەی شـێخی جاهیـل زۆر چـاک بـزانە
خـودا عـالمی سـیرڕ و نیهـانە

جا ئەمجاردووبارە با دەداتەوە سەرمەلای نەزان، کە هەروە دوای خەرافـات وشـتی پڕوپـووچ ودوورلە راسـتی دەکەون وئـایین و خواپەرسـتییان کـردۆتە مـستێک خەیـاڵاتی بێمـایە ولە راسـتی و راستەقینەیان دوورکـردۆتەوەو!! وریێگەی راسـتی ئـایینی پیـرۆزی ئیـسلامیان لە کـوردان تێکـداوە وبە هیـوای ئەوەی بەڵـێ ئەو ڕۆو سبەیەکی عیسا دێتە خوارولە ئاسمان دادەبەزێ ومەهدی لە چاڵاوی سامەڕە دێتە دەرێ وئیترهەربە تەواوی خۆشی ئیشک ناکـاتەوە کە وە خـۆدەکەون وهەمـوو کاروبـارێکی ئەوخەڵـکە پێـکدێـنن و تەواو ستەمکاران دەکـوژن ولە نـاودەبەن وستەم لێکراوەکـان سـەردەخەن وتۆڵەیـان دەکەنەوە، هەمـوو نـاڕێکوپێکییەک رێکوپێـک دەکەن و هەمووجـۆرە ستەمێک رادەمـاڵن ووا دەکەن کە گـورگ و مەڕپـێکەوە ئاوێ دەخۆنەوە وهیچ زیانێکیش بە یەکتر ناگەیەنن!! دنیا وای لـێ دێ کە دەبێتە دنیای ئاشتی و برایەتی و خۆشی و شادی و ئازادی و کەس لە کەس ناترسێ وکەسیش زیانی بۆ کەس نابێ وبە کورتی و بە کوردی ئەوبەهەشتە بەرینەی کە خواله چەندین جێگەی قورئاندا باسی لـێ دەکـا وپێـی هەڵـدەڵێ بـۆ نمـوونە دەفەرمـوێ: (فیهـا مـا تشتهیه الانفس وتلذ الاعین) دەوێدا هەیە هەرچـی نەوسـەکان پێیـان خۆش بێ وبۆ خەڵـک خـاوەن چێـژە (لـذت) بـێ وهەرچـی چاوەکـان

خۆشی ولەزەتی لێ بچێژن، ئەوان هەرلەو دنیایەدا بۆو خەڵکەی دادەنێن.

جاکەوایە ئەو هەموو زەحمەت و خەبات و تێکۆشانەی بۆ چییەو ئیتربەو شێوە ڕێگەی خەبات و هەوڵ و تێکۆشانیان لە خەڵک گرتووە و دەستیان پێ لە کەراسی دەرهێنان و دنیا و هەموو شتێکیان بۆ شێخەکان وئاغاکانی وان لێ ستاندوون، جا مامۆستا لەو جۆرە مەلایانە زۆر بە سەختی و بە توندی قەڵس دەبێ و دەڵێ هەی نەزانینە ئاخر ئێوە بۆچی لە کاتێکدا خۆتان وا لە برسان دەمرن بوونەتە جاشی بەلاش و نۆکەری بێ ئەولا و ئەملای شێخی خاین؟ ئاخر خۆ تۆ تاژی نی؟ کە خۆی ئەوا لە برسان زگ و پشتی پێکەوە نووساون و خۆی خۆشەویست دەکا و دەچێ کەروێشکێ بۆ خەڵکی دەگرێ!!

ئیتر بەو شێوە بە تووڕەیی پێی دەڵێ ئەو باس وخواس وفڵتە فڵتە هیچ قازانج و کەڵکی نییە و ئەتۆ بە تەمای سبەینێ خۆئەورۆشت هەرلە دەس داوە. بڕوانە لە حاڵی خۆت وبزانە ئەوڕۆ چۆنی. زانستێک بخوێنە کە بۆ گەل وهۆز و نیشتمانەکەت چاک و بەکەڵک بێ وگەل ونیشتمانەکەت بەهۆی زانیاری سەر بکەون. بە گوتنی وشەی هەڵوا زارت شیرین نابێ (لایعلم الغیب الا الله).

ئەو جۆرە شتانە هەر یەک بەشێکە لە رازگەلی نهێنی وخۆ رازی نهێنیش خوانەبێ کەس نایزانێ. سبەی ودووی وسەد ساڵ وهەزاران ساڵی داهاتوو چ دەبێ و چ روو دەدا، خوا نەبێ کەس نازانێ. عیساو مەهدی ئەوڕۆ لە گۆڕێدا نین وبە تەواویش روون نییە و هەمووکەس نایسەلمێنێ کە دێنەوە. هاتن و نەهاتنی وان بۆتە هۆی کێشە وبەرەومشتومڕی زانایانی ئایینی. یەک دەڵێ دێن و دووش

دەڵێ نایەن. بە هەر حاڵ ئەوان یا دێن یا نایەن. ئەگەر نەهاتن ئەوە هیچ و بەڕێزتان چاوی ڕەشتان کاڵ دەبێتەوە. خۆ ئەگەر هاتیشن ئەوە کاری خۆیان دەکەن و بەرپرسی خۆیان بەجێ دێنن. ئەتۆش ئەوڕۆ هەی و کاری خۆت بکە و بەرپرسییەتی خۆت بەجێ بێنە. تۆ چۆن بە هیوای ئەوەی کە لە داهاتوویەکی نێزیک یا دووردا کەسێک پەیدا دەبێ و تۆڵەت دەستێنێ، مل رادەکێشێ و شانان کۆم دەکەی، هەرکەس هات بە کەیفی خۆی لێت راکێشێ. ئەویش خوابزانێ داخوادێت یانا. کوڕە هەمووشتێک ئەندازەی هەیە، خوا بتگرێ مەلای نامەلا. تۆ ئەگەر مەلا نی و هیچ نازانی، بۆنێوت لە خۆت ناوە مەلا ؟! ئەگەرمەلای وکەمێکت زانیاری ئایینی هەیە، چۆن ئەوجۆرە پڕوپاگەندەت پێ قبوڵ دەکرێ وئیتربەوجۆرە دەفەرموێ:

ئەی مەلای نەفام ئەتۆ بێ و خودا
لە بۆ چی ڕێگەت لە کوردان تێک دا ؟!
عیسا دێتە خوار ئیمڕۆ و سبەینێ
ئیش و کاری تۆ هەموو پێک دێنێ
لای مەلا وایە هەر کە مەهدی هات
خەڵاتی بۆ دێ جوببە بە قەڵات!!
وا چاوەنۆڕە مەهدی بێتە دەر
خۆ هەر نەهاتیش جەرگی هاتە دەر!!
ڕەببی مامۆستا هەر وا بناڵی
حەشری تۆ بکەن لە گەڵ جرجاڵی
ئەم باس و خواسە هیچ فایدەی نییە
ئیمڕۆ بنوارە حاڵی تۆ چییە
عیلمێ بخوێنە بۆ گەلت چا بێ

گەل و مەفتەنـــــت بە عیلمـــــی شـــا بـــێ
هەتـــــاکوو گەلــــت بە ســــەر بــــــکەوێ
لە نـــــــاو گەلانـــــــا بەدەر بـــــــکەوێ
حەزرەتـــی عیـــسا چـــی کـــرد لە بـــۆ خـــۆ
کە هـــاتە خـــوارێ چـــی دەکـــا بـــۆ تـــۆ؟!

بەڕاستی ئێستاش مەلای ئاوا ناحاڵی وناتێگەیشتوومان کەم نییە.

وەبیرم دێ فەقێ بووم کاتێ(ئاپۆلۆ) چووبۆ کورەی مانگێ، لە نێو مەلاکانی وڵاتی خۆماندابووبە مشتو مڕو قڕە و هەڵڵا . یەک دەیگوت راستە و چووە، چونکە ئامرازی فڕینیان هەیە وخودی "ئاپۆلۆ" رەنگە شتێکی وابێ بتوانێ پێی بچنە سەرکورەی مانگێ و خوای گەورەش لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ: ﴿يَٰمَعۡشَرَ ٱلۡجِنِّ وَٱلۡإِنسِ إِنِ ٱسۡتَطَعۡتُمۡ أَن تَنفُذُواْ مِنۡ أَقۡطَارِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ فَٱنفُذُواْۚ لَا تَنفُذُونَ إِلَّا بِسُلۡطَٰنٖ﴾ الرحمن :٣٣، واتا ئەی کۆمەڵی پەری و ئادەمیزادەکان ئەگەردەتوانن بگەڕێن بە بەشەکان وکەلێن وقوژبنەکانی ئاسمانەکان وزەویدا، فەرموون بگەڕێن دیارە ناشتوانن بچن بۆکوراتی ئاسمان وبەشە جۆراوجۆرەکانی زەوی، مەگەربە هۆی ئامرازوتوانایی زانیارییەوە.

جا مەلاکانی تێگەیشتوو دەیانگوت خوا دەفەرموێ ئێوە ناتوانن بچنە ئاسمانەکان وکەلێن وقوژبنەکانی زەوی، مەگەربە هۆی ئامرازو دەسەڵاتی زانیاری. واتاهەرکاتێ ئەومەرجە هاتە جێ دەتوانن، خۆ ئەو مەرجەش شتێکی مەحاڵ ونەگونجاونییە. بەڵام مەلامریدەکان بە هیچ جۆرێک قبووڵیان نەدەکرد و هەرگەمەیان پێی

دەهات. تەنانەت یەکێک لەوان ڕۆژێک لە ژووری دێتە دەر لەگەڵ پۆلێک خەڵک و عەبایەکەی بە سەرسەری خۆیدادەدا ودەڵێ نەوەک ئەوانەی چوونەتە سەر کورەی مانگێ لەوکاتەدا کاری ئاوێیان هەبێ و بەسەرمدا هەڵی وەرێنن!!

ڕوون کردنەوەیەک لە سەر ژیانی خالیدی شارەزووری

(مەولانا خالید) مامۆستای بەریزمان ێوبە مەولانا خالید دەفەرموێ:

خالیدی شارە زوری سە رلە قە بری بینە دە ر
بزانە میللە تی توج دە ریکیان هیناسە ر؟!

خالیدی شارەزووری هەرهەمان مەولاناخالیدی بەنێوبانگە کە لە کوردستانداهەمووکەس نێوی وی بیستووە، ئەوپیاوە لە لای خەڵکی سادە و ساویلکە بە گەورەترین هیتم (قطب) ناسراە و زۆر زۆر بەڕێز و بەهێزە لە ناو مریدەکانی خۆیدا.جا ما مۆستا خوا لیی خۆش بی مەبەستی لەوتا کە هونراوە ئەوە یە پیی دەلی خالید تۆ لەکاتی خۆتدا هیزو تواناییەکی زۆرت هەبو بۆ چی کاریکت بۆ ئەو کوردە هەژارە نەکرد؟! ئیستاش سەر لەگلکۆیەکەت بینە دەری و بزانە و ببینە پاشی تۆلە سایەی تۆوشیخانی دیکەی وەک تۆدژمنانی گەلی توچیان لەگەلی تۆکرد و چییان بەسە رهینا !!

ڕێزدارخالیدی شارەزووری کوڕی ئەحمەدی میکائیلی جافە و لە شارۆچکەی قەرەداغی کوردستانی عێراق لە پێنج فرسەنگی ڕۆژهەڵاتی شاری سولەیمانییە هەڵکەوتووە لە دایک بووە، ئەو بە پێی دوو گێڕانەوەی مێژوویی لە ساڵی ١١٩٢ یا ١١٩٣ کۆچی مانگی هاتۆتە سەر دنیایە. خێڵی میکائیلی یەکێکە لە هۆزە هەرە ڕەسەنەکانی کورد کە لە تۆرەمەی میکائیلە شەشەی جافن.

کاک خالید لە هەوەڵەوە هەر لە گوندی خۆیان واتا قەرەداغ قورئانی پیرۆزوکتێبە وردەڵە سەرەتاییەکانی فارسی وعەرەبی خوێندووە. ئەمجا بۆ درێژەدانی خوێندنەکەی چۆتە ئەولا ولایان و گەلێک شوێنی کوردستان گەڕاوە و لە خزمەت بەڕێزان جەنابی مەلا عەبدولکەریمی بەرزنجی، سەیید عەبدوڕەحیمی بەرزنجی، مەلا محەمەدی تەڕەماری، شێخ عەبدوڵلا خەرپانی، مەلا مەحموودی غەزائی، مەلا عەبدولکەریمی زیارەتی و... خوێندوویەتی و هەروەها ماوەیەکش فەقێی گەورە پیاوی کورد مەلا محەمەدی ئیبنوئادەمی باڵەکی بووە.

مەولانا خالید بە قطب الطریقة، ترجمان الحقیقة، پیری رووحانی، سەر سیلسیلەی تەریقەی نەخشبەندییە، ضیاء الدین وذی الجناحین‌یش هەر بەناوبانگە. ئەوئاغایە هەر وەکو و هەموو فەقێیەکی کورد گەلێک شوێن وجێی کوردەواری بۆخوێندن راو کردووە تا سەرەنجام لە ساڵی ۱۲۱۳ کۆچی مانگی لە خزمەت زانای بەناوبانگی کورد مەلا محەمەدی قەسەمی مەردۆخی لە شاری سنە و دەمی مەلایەتی وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە سولەیمانییە ولەوێ لە جێگەی مامۆستایەکەی خۆی بەڕێز مەلا عەبدولکەریمی بەرزنجی کە بە تازەیی کۆچی دوایی کردبوو، دەبێتە وانەبێژ و دەس دەکا بە فەقێ راگرتن.

مەولانا خالید لە ساڵی ۱۲۲۰ کۆچی مانگی چۆتە مەککە و پێویستی حەجی بە جێ هێناوە. وادیارە کە لە ڕێگوزەری حەجەکەیدا بەرپرسییەتی زۆری هەبووبێ وهەربۆیەش گەلێک شوێنی وڵاتی ئیسلامی گرتۆتەوە ولە چەندشاری وەک حەڵەب، زەهاو، دیاربەکروچەندین شاری فەلەستین لای داوە و بە چاکی ئەو جۆرەی کە پێویست بووە سپاردەی خۆی بەجێ هێناوە و هەر

ئەنــدازە پێویــست ببــێ لە هەر یەک لەو شــارانە مــاوەتەوە و کاروباری پێویستی راگەیاندنی خۆی جێبەجێ کردووە.

مەولانا لەو رێگوزەرە (سفر)دا لەگەڵ گەلێک لە سەرانی رێچکەی قــادریش ئاشــنا بــووە و لەگەڵیــان کــۆ بــۆتەوە و راگــۆڕینەوەی کردووەو هەروەها بە درێژی باس و وتووێژی لەگەڵا کــردوون. دوای گەڕانەوەی لە رێگــوزەری حەج لە شــاری ســولەیمانییە دەس دەکاتەوە بە وانەوێژی و کاروباری فێر کردن و بارهێنان و راهێنانی شاگردەکانی رێچکەی نەخشی و پێگەیاندنی فەقێیـان تـا سـەرەنجام لە ســاڵی ١٢٢٤ مــانگی لە کاتێکــا کە ســەرگەرمی وانە وتــنەوەی فەقێیان دەبێ لە فێرگەی تایبەتی خۆی کابرایەکی رێبـوارکە تـۆز و خــۆڵی رێگــایەی هەرواڵە ســەر شــان ومــلان دەبــێ لە حــوجرەی وانەوێژی خالید وەژووردەکەوێ ودوای بەخێر هێنـان مەولانـا لێـی دەپرســێ کە چ کــارەی؟ خەڵکــی کــوێی؟ وڵامــی دەداتەوە کە مــن هەژارێکی رێبوارم ولە موسڵمانانی هیندوستانم ودەمهەوێ گەشت و گوزاربکەم وولاتانی ئیـسلامی ببیـنم وئەگەڕێـوە رێگەم بـدەن چەن رۆژێکان لێرە دەمێنمەوە تالە خزمەتتان بەهرەوەرببم.

مەولاناش دەڵێ فەرمووڵە خزمەت داین وحـوجرەیەکی دەداتـێ و هەموو کەلوپەلی ژیانی بۆئامادە دەکا وخزمەتێکی یەکجارزۆری پێ دەکا. پاش ماوەیەک مەولاناڵە میرزارەحیمی عەزیمئابادی دەپرسێ ئەرێ کاکە تۆلەگەڵ کامە تەریـقەتەی نێوانـت خۆشـە؟ مریـدی کـام شێخەی؟ ئەویش دەڵـێ قوربـان مـن لـەگەڵ تەریـقەی نەقشبەندیم و لەگەڵ مریدان وهەوادارنی سەرەک رێچکەی ئەورێبازە شا عەبـدوڵڵا دەهلەویم. جا هەرکە ئەوەی لێ دەبیسێ کاکە خالیـد خێرائەوی دە ئامێز دەگرێ وتوند توندبە خۆیەوە دەگوشێ وسەرورووانی شەلاڵی ماچـان دەکـات ولە بەرتەوژمـی خۆشـی وشـادی ئاگـای لە خـۆی نامێنێ.

میرزا رەحیم کاتێک کە دە زانی وامەولانا خالید ئامادەگی تەواوی هەیە بۆ ڕێچکەی نەخشبەندییە وتەنانەت هەرزۆریش پابەندی ئەورێبازەیە وپیری ئەو تەریقەتەی یەکجارزۆرخۆش دەوێ پێی دەڵێ ڕاستی من لە هیندووستانیڕا بەڕێز شا عەبدوڵای دەهلەوی ناردوومیە لای تۆکە بەڵکە بە شێوەیەک بتوانم تۆ بنێرم بۆخزمەت ئەوی کە کارێکی زۆرگرینگی پێتە. جا ئەگەرقەبووڵی بفەرمووی هەرچی زووتر خۆت بۆ ئەو ڕێگوزەرە ئامادە بکە و ئیتر لەوەی پتر دوا کەوتن ڕەوا نییە. هەرچی زووترە وە ڕێ بکەوە کە یار چاوەڕێتە.

جا ئیترهەرئەودەمە مەولانا خالیدحوجرە وفێرگە دەپێچێتەوە و پەرتووک وپەڕاو پێکەوە دەنێ و لە هێڵی سنە و کرماشان و هەمەدانەوە ڕێگەی هیندوستان دەگرێتە بەروبە شارەکانی بوستام و خەرقان وسمنان ونیشابووردا تێدەپەڕێ ولەم سەفەرەدا بەتایبەتی دەچێتە سەر گڵکۆی(ئیمام ڕەزا) بەتایبەتی مەشهەد ولە سەرگۆڕی ئە بەڕێزە ئیمام ڕەزا پارچە هەڵبەستێکی گرینگ وبالآبڵیند بە باڵای ئەو هەڵدەڵێ کە ئاوا دەس پێ دەکات:

ایـن بارگـاه کیـست که از عـرش برتـر اسـت؟
وز نـور گنبـدش هـمه عالـم منـور اسـت

واتا ئەرێ ئەوە بارەگای کێیە کە لە عەرش واتا کورسی توانایی خواش بەرزترە؟ لە شۆق و ڕووناکای گومبەدی هەموو جیهان ڕووناک بووە
(ئەی خوای گەورە و بەتوانا! ئەرێ دەبێ ئەوە چ شتێک بێ کە لە پایەی دەسەڵات و هێزی تۆ بەرزتر و باڵاتر بێ)؟ بەڵێ کاک خالید لە سولەیمانییەوە بە یەک ساڵی تەواو دەگاتە هیندوستانێ و بە ئاواتی خۆی دەگا.

زۆربە پێویستی دەزانم کە لێرەدا ئەوپرسیارە لە ڕێزدارمەولانا خالید بکەم: ئەرێ توخوا تۆی سوننی چۆنت توانی ئاوا بە گڵکۆیەکی بێگیانی شیعە هەڵبلێی چڵ وچێوو بەردوگڵ، کە لەوێ لە سەرێک دانراوە لە تەختی خوایەتی و هێز و دەسەڵاتی خودای مەزنی بەرزتر و باڵاتر دابنێی؟ خۆ تۆ لە کنە خۆ مەلا بووی و لە مەلا نەزان و ناحاڵییەکانیش نەبووی!! ئاخر چۆن هەموو دنیا بە شۆقی گومبەدی ئەو گڵکۆیە رووناک دەبێ؟ ئەدی چۆن ئەوە شایانی شانی مەلایەکی زانای کوردە کە هەر خۆت دەڵێی:

رشـــــتەای در گـــــردنم افکنـــــدە دوســـــت
مـــی‌بـــرد هرجـــا کە خـــاطر خـــواە اوســـت

چۆن پیاوی زاناو ڕاناو مریدێکی بێدەسەڵات و چیلاز ولاوازی وادەبێ کە پیرەکەی داوە بەنێکی بهاوێتە ملی وبۆهەرجێیەکی کە بیهەوێ بە دوای خۆیدا رایکێشێ؟

ئەرێ مەگەر خودی برا شیعەکانیش گومبەدی گڵکۆی ئیمام رەزایان ئەوەندە گەورە کردۆتەوە، کە پێیان لە تەختی دەسەڵات و هێزی خوا گەورەتر بێ؟! بەراستی نەنگە بۆمەلایەکی سوننی مەزە ب ئەگەر مەلابی لە خورافات وزیدە رویی دا تەنانەت لە خودی شیعەکانیش هەر پتر هەنگاوی پڕو پوچ پەرستی باوی!!

ئەرێ تۆخواخوا لێخۆشبوو بەڕێزمامۆستا شێخ مارفی نۆدێی هەقی نەبوو کە ئاوابە گژتدا هات وکتێبێکی لە دژی تۆدانا؟ لەوهەمووڕاستیەتییەی ڕێزدار شێخ مەعرووفی نۆدێی کە بەناڕەوا کردت بە د نێوی دوا ڕۆژ نەبێ چیت پێ برا؟؟

تۆخوا خالید ئەوە شایانی شانی مەلایەکی زانا وحاڵی بوو؟ کوڕە خۆ تۆ بەو هەموو هێزی زۆرومریدی کەرانەوە کە هەتبوون بە ئاسانی دەتتوانی کوردستان رزگار بکەی! بۆ خۆت شەرمەزاری خەڵکی کورد و خوا کرد و نەتکرد؟!

وەک مێژوونووسان دەڵێن گەلێک لە مەلایان وزانایانی ئیسلامی ویستوویانە خالیدلەورێگوزەرە بگێڕنەوە وپەشیمانی کەنەوە، بەڵام ئەووەها گەرم داهاتبووکە بە هیچ کلۆجێک چاری نەدەکراوهەروابە ئاسانی سارد نەدەبۆوە. جا هەر بۆیە لە وڵاما هەردەیگوت:

رشتەای بر گردنم افکندە دوست
میبرد هرجا کە خاطر خواە اوست

بەڵێ وا دیارە کاک خالیدی بەڕێز پەتی جەنابی شێخی خستۆتە ملی خۆی و هەر وەک خۆی دەڵێ بۆ هەر جێیەک شێخ بیهەوێ کەمەندکێشی دەکا، هەر بۆیە بە قسەی کەس ناکات و ناگەڕێتەوە و بەرەو دیهلی دەڕوا تا سەرەنجام لە رۆژی ٢٠ مانگی زیلحەجەی ساڵی ١٢٢٤ مانگی دەکاتە وێ و یەکسەر دەچێتە خانەگای بەڕێز شا عەبدوڵڵای دەهلەوی و هەر ئێوارەی ئەو ڕۆژەش بە خزمەت شێخ دەگا و دیدار لە گەڵ شا عەبدوڵڵا دەکات و بەو جۆرە بە گەورەترین ئاوات و ئامانجی دێرینەی خۆی دەگا و ئیتر هەر بە قسەکەی خۆی شا هەر بەو پەتەی کە هاویشتوویەتە ملی رایکێشاوە هەتا ئەو جێیە کە خۆی مەیلی لێ بووە واتا دیهلی!!

جا جەنابی مەولانا لەوێ پێنج مانگی تەواو بە مەشک وسەتڵ هەر ئاوکێشی دەکا ولە رێگەی دوورەوە ئاوێ دێنێ بۆخانەگا و مرید گەل و دەروێشانی پێ ئاو دەدا !! شا عەبدوڵڵا هەر کە چاوی

بە مەولانـا خالیـد دەکەوێ زۆر زوولێـی حـاڵی دەبـێ کە پیـاوێکی زیرەک ووریاوبلیمەت و هەڵکەوتوویە وهەموو کارێکی لەدەس دێ و بۆ ئەوەی دەبێ بیکاتە نوێنەری خوی و دەتوانێ پایەگایەکی گەورە بێ لە کوردستان بۆرێچکەی نەخشبەندی وشیاوی ئەوەیە کە ببێتە بنکەیەکی مەزنی ئەو بیروباوەڕە تازەیە. جاهەربۆیە ڕێزێکـی زۆری بـۆ دادەنـێ وگەلێکـی بەخێرهـاتن دەکـات وئەوجـۆرەی کە شیاوی رابەرێکی گەورەیە گرینگی پێ دەداولە گەڵی دەجوولێتەوە.

کـاک خالیـد مـاوەی سـاڵ و نیوێـک لەوێ لە خزمەتـی شـادا دەمێنێتەوە و دەورە دەبینـێ و ئیتـر زۆر بە چـاکی یاسـا و رێـسا و داب و دەستووراتی رێچکەی نەخشبەندی فێـر دەبـێ و لەو رێبـازەدا دەبێتە پسپۆڕ و گەورەترین نـوێنەری شـا. ئەمجـا شـا عەبـدوڵلا و نـامەی بـۆ دەنووسـێ و هەر بە دەسـتی خۆشـی عەبـای بە شـانیدا دەدات و بە ئامادە کراوی پاش ساڵ و نیوێـک دەورەی تـایبەتی پـێ دیــتن بەرەو کوردســتان بەڕێــی دەکــاتەوە و لە ڕێوڕەســمی بەڕێ کردنەکەیدا خودی شا عەبدوڵلا تا بەر دەرکی خانەگایەکە لە گەڵـی دێت، بەڵام مرید و دەروێش و خەلیفە و مەلیفەکـان تـا رێگەی زۆر دوور لەگەڵی دەڕۆن.

مەولانا خالیـد لە سـاڵی ١٢٢٩ مـانگی دەگـاتەوە سـولەیمانییە و ئیتر پاش ماوەیەک دەچێتە بەغدایە و ماوەی پێنج مـانگی تەواو لە گۆشەیەکی گڵکۆی شێخ عەبدولقادری گەیلانـی (غەوس) دەمێنێـتەوە ئەمجــا دێــتەوە ســولەیمانییە و دەس دەکــاتەوە بە کاروبــاری راگەیاندنی فێر کردنەکانی رێچکەی نەخشبەندی و تەکیە و خـانەگـا دروست دەکا و زۆر شێلگیرانە و بە سەرسەختی تێدەکۆشێ بـۆ بـڵاو کردنەوەی ئەم تەریقەتە لە عێراق و کوردستاندا کە تا ئەو دەم جگە لە نێوبـانگ هەبوونێکی ئەوتۆی نەبوو لەو هەرێمەدا.

کاری مەولانا خالید رۆژ لە دوای رۆژپترلە گەشە کردن و بەرەوپێش چووندا بوو. زانایانی ئیسلامی ومەلا دڵسۆزە باشەکانی کوردستان لە سەرەوەی هەموویان بەڕێز مامۆستا مەلامحەمەدمارفی نودێیی باوکی بەڕێزی گەورە پیاوی کورد کاک ئەحمەدی شێخ و باپیرە گەورەی شێخ مەحموودی نەمر کە لە هەموان پتر هەست بە بەرپرسایەتی دکەن و کاری مەولانا خالید بە بیدعەتێکی زۆر ناپەسەند دەزانن و.. ئیتر بەو شێوە دەکەونە دژایەتی و نەیارییەکی زۆری دەکەن و بەو جۆرە دەیانهەوێ خالیدی ناچار بکەن کە دەس لەو کارە هەڵبگرێ و هیچ شتێک لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام زیاد نەکا. چونکە ئەو ئایینە خۆی تەواوە وپێویستی بە لێ زیادکردن نییە. ئەوە نییە خوای گەورە لە دوامین ئایەتی خۆیدا دەفەرموێ: ﴿ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗاۚ﴾واتا: ئەورۆ ئیتر ئەوا ئایینەکەتانم بۆکامڵ کردن و نازی خۆمم بە تەواوی بە ئێوە بەخشی و ئیسلامم بە دین و ئایینی ئێوە هەڵبژاردووە.

بەڵام هەرچی ئەکەن خالیدیان بۆ پەشیمان نابێتەوە و ئەو رێبوارەیان لەم رێبازە تازە و پڕ لە زیانە بۆ ناگەڕێتەوە!! تا سەرەنجام کار دەگاتە جێگایەک کە بەڕێز مامۆستا شێخ محەمەد مارفی نۆدێیی کتێبێکی چووکەڵە لە دژی مەولانا خالید دەنووسێ و لەو کتێبەدا ئەوی بە گاور و لە رێ دەچوو لە پێنووس دەدا و بە درۆزن و خوانەناسی بە خەڵک دەناسێنێ و لە دیباچەی کتێبەکەدا ئاوا دەڵێ:

وضعتها هدية الطلاب   تكفيرة لخالد الكذاب

واتــا ئەم نــامیلکەیەم دانــاوە بە دیــاری لە بــۆ شــاگرد و خوێندکارەکان کە حاڵی وەهایە گاوریەتی و بێدینی خالیدی درۆزن دەردەخا و روون دەکاتەوە.

یەکێک لە رامیارییەکانی شێخەکان ئەوەیە کە بە هەر نرخێک بێ نەیارانی خۆیان لە ناو دەبەن وهەر پەیام و وڵامێکی دژی بەرنامەی خۆیان بێ هەتا بۆیان بکرێ دەیبەتلێنن. جا وا ویدەچێ کە ئەو نامیلکە جوانەی مامۆستا نۆدێییش دوای نەمانی خۆی بەهۆی فێڵ و فووتی شێخەکان بە یەکجاری بەتلابێ چونکە بەتایبەتی پەیڕەوانی ریچکەی نەخشبەندی بە سەختی دژ و نەیاری مامۆستا بوون.

ئەمجــا کــاتێ کە مەولانــا خالیــد خــۆی لە بەرابەر تەوژمــی رەداویژی زانایانی وەک نۆدێییدا بۆ راناگیرێ و زۆر خـۆی لەوە بە چیلازتر (ضعیف) دێتە بەرچاو کە بە گژ وەها بلیمەت و پسپۆڕێکدا بێتەوە جا بە تـایبەتی کە تەنیـاش نەبـوو مەحکووم بە بەزیـن و ناچاربە هەڵاتن دەبێ وئیترلە ساڵی ١٢٢٨ مانگی کۆچ دەکا ودەچێتە بەغــدایە و دیــسان دەس دەکــاتەوە بە کاروبــاری رێکخــستن و راگەیاندن و بنکەی بەغدایەیان بەهێز دەکا وماوەی دووساڵی تەواو هەر خەریکــی بڵاوکــردنەوەی رەوش وریــساویاسای نەخــشبەندی دەبــێ. بەوجــۆرە خەڵکێکــی زۆربــۆلای خــۆی وریچــکەکەی خــۆی رادەکێشێ.

لەوماوەشداژمارەیەک وشکەمەلا وسادە ورووان ونیزیـکبـین و موسـڵمانی سـاویلکە دەکەونە نێـوبژی وهەرچۆنێـک بـێ مامۆسـتا نـۆدێیی لە کاتێکدا کە زۆری پـێ نـاخۆش دەبـێ ناچـاری دەکەن بە ئاشت بوونەوە لەگەڵ خالیدا، مامۆسـتای گەورە وگران بە رواڵەت لە بەردڵـی نێـوبژیکەران لەگەڵـی ئاشـت دەبێتەوە، بەڵام لە دڵـدا هەرخۆشی لێی نـایەت، ئەوەش کە لە هێنـدێک کتێبانـدا نووسـراوە

کە گۆیان مامۆستا نۆدێیی لە کردەوەی خۆی پەشیمان بۆتەوە و داوای لێبوردنی لە مەولانا کردووە هیچ بەڵگەیەکی لە سەر نییە و بە هیچ کلۆجێک جێی باوەڕ نییە ولە بنی را درویە وساختە گییە. چونکە لەوبارەوە کەمترین نووسراوەی مامۆستا لە دەسدا نییە. هێندێک کەسیش کە نووسیویانە مامۆستا خۆی قادری بووە بۆیە نەیاری ودژایەتی مەولانای کردووە، بەڵام من راوشکاوی دەڵێم:

ئەوانە لەوداوا بێ پەرتۆیەیاندا مەبەستیان هەرئەوەیە کە لە ڕێزوهێزو خیرەت وبیروباوەڕی مامۆستا کەم بکەنەوە ودەنا مامۆستا زۆرزۆر لەوە گەورەتروبالاتربووە کە مریدوپەت بە ملی شێخ ومێخ وهەواداری ڕێچکە و مێچکەکان بێ وە ک مە ولا نا خالید!! و ئیتر بێگومان قادریشی هەروەک نەخشییان ناخۆش ویستوون و هەربەوپێیە نەیاری وانیش بووە.

مامۆستا هەرگیز هیچی لە موجتەهید وسەرمەزەب ورێچکە شکێنەکانی گەورەی جیهانی ئیسلام کەمتر نەبووە و ئەوەندە نەبێ کە کورد بووە، ئەگەر لە گەڵ مەولاناش ئاشت بۆتەوە هەر لە بەر دڵی ئەو کۆمەڵە نێوبژی کەرە کە هەر خۆشیان نەیاندەزانی بۆچی لە لاوەڕا بۆ ئەو کارە هان دەدرێن و زۆر بە سەختی و پێداگیرانە داوایان لێ دەکرد و گوشاریان دەخستە سەر. خۆ ئاشت بوونەوەکەشی هەرئەوەندە بووە کە وەک جاران بە ئاشکرا لە دژی وی کاری نەدەکرد چونکە ئەو زۆر چاک دەیزانی کە ئاشت بوونەوەی لە گەڵ خالید زەبرێکی گرچووبڕە لە پەیکەری ئیسلام و کوردایەتی وهە روە هالە کەسایەتی خوشی.

بەڵام دیارە، کە ئەوشێخانە زۆر زیرەک و هۆشیارن وزۆرچاک دەزانن بە وەخت کەڵک لە هەل وەربگرن وهەرگیز هەل نادۆڕێنن ودەرفەت لە دەس نادەن، هەروەک دەبینین کە مەولانا خالیدیش لە

کاتی خۆیدا زۆر بە وخت کەڵک لەو کەمە ئاشتییە رواڵەتییەش وەردەگرێ و خێرا دەگەڕێتەوە بۆ سولەیمانییە و تەکیە و خانەگاکانی دووبارە و لە جاران گرینگتر و بەبڕشتتر ئاوەدان دەکاتەوە و زۆر شێلگیرانەتر لە پێشوو خەریکی کاروباری راگەیاندن و رێکخستن دەبێ و رێچکەی نەخشبەندی کە تا ئێستا لە سەرووی دەرکراو و رەتێنراو بوو بە یەکجاری لێی قەدەغە کرابوو ئەمجا بە ئازادی بۆی دەس بە کار دەبێ و رایدەگەیەنێ.

ئەوجارە لە سایەی سەری وشکە مەلاومریدە کەلاوموسڵمانە بێڕامیاری وسادە وساویلکەکانەوە خالیدهاتەوە سولەیمانی وبە ئازادی و بێترس ولەرزخەریکی کاروباری خۆی بوووئیترگەلێکی خەڵکی سادە و ساویلکە و نەزان بۆ لای خۆی راکێشا و بەو جۆرە پایەگایەکی گەورەی بۆ خۆی و بۆ رێچکەکەی پێکهێنا و هێندەی دیشی کوردی هەژاری چاو بەستراو بەرەو پەرێشانی و لێک بڵاو بوون و سەرگەردانی برد و.

بە داخەوە ئێستاش دوای نزیکەی ۱۰۰ساڵی رەبەق هێندێک لە وشکە مەلاو موسڵمانە ناحاڵییەکان هەرحاڵی نەبوون ولە سەرئەورێبازە دەڕۆن. بەڵام موسڵمانە تیژبین و مەلا هۆشیار و دڵدارەکان چاک دەزانن کە مامۆستا شێخ مارفی نۆدێیی لەو دژایەتی و نەیارییەیدا لە گەڵ خالید چ ئامانجێکی پیرۆز و موسڵمانانەی هەبووە و ئەو بەڕێزە چەندە دووربین و تیژهۆش بووە. وە هەروەها دەشزانن کە ئەو بەڕێزە لە ئاشت بوونەوە لەگەڵ خالیدا چ ئەندازە زیانی کردووە و مەلا نەزان و بێرامیارییەکان بە ناچار کردنی بە ئاشت بوونەوە لەگەڵ ئەو چ زەبرێکی گرچووبڕیان لە خاڵیگەی ئیسلام و کوردایەتی داوە و چۆن ئەو بەڕێزەیان شکاندووە؟!

بەڵێ خالید، تا ساڵی ١٢٣٦ مانگی لە سولەیمانییە دەمێنێتەوەو پاشان لە جێی خۆیڕا دەستووری پێ دەدرێ کە سولەیمانییە بە جێ بێڵێ و بچێتەوە بەغدایە، چونکە کاروبارەکانی کوردستان تا ئەندازەیەک ڕێکوپێک کرابوون، بەڵام ئەوانی بەغدایە هەر وا بە نیوەچڵی و ناتەواوی مابوونەوە و لە بەر هێندێک هۆ و پێویستی مێژوویی نەبا نەدەبوو بە جێ بهێڵدرێن.

ئەمجا ئاغای شارەزووری یەکێک لە هەرە پاڵاوتە وپوختە کراوەکانی خۆی بە نێوی شێخ عەبدوڵڵای هەرەوی لە سولەیمانییە لە جێگەی خۆی دادەنێ و بەرەو بەغدایە وەڕێ دەکەوێ و ئەو جارەش سێ مانگان لەوێ دەمێنێتەوە و بەو ماوە تا ئەندازەیەک پلە و پایەی خۆێ و ڕچەی نەخشی پتەوتر دەکا ولەوێوە بە هەموو لایەکدا خەلیفە و مەلیفە و نوێنەرانی خۆی بڵاو دەکاتەوە و لە بەغدایەڕا تیشکە دەهاوێتە هەر چوار لای خۆی و یەکێک لەو نوێنەرانە کەسێک بە نێوی شێخ ئەحمەدی خەتیبی ئەربیلی دەبێ کە دەینێرێتە شاری دیمەشقێ. شێخ ئەحمەد لەوێ زۆر بە چاکی ئەرک و سپاردەی خۆی بە جێ دێنێ و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی بۆ ئەو ڕێبازە رادەکێشێ و ئیتر ئەو خەڵکە هەر خۆیان داواکاری هاتنی مەولانا خالید بۆ دیمەشقێ دەبن و شێخ ئەحمەد نامەیەکی لەو بارەوە بۆ مەولانا دەنووسێ و مەولاناش هەل لە دەس نادا و خێرا دێتە دیمەشقێ و لە ساڵی ١٢٣٨ مانگی لە گەڵ ژمارەیەکی زۆر لە مرید و پەیڕەوانی خۆی بەرەو دیمەشقێ وەڕێ دەکەوێ و لە لایەن هەواداران و مریدانی زۆر و زەبەندی خۆیەوە لەوێ پێشوازییەکی گەرم و گوڕی لێ دەکرێ و زۆر بە جوانی وەردەگیرێ. ئەمجا لەوێ دەمێنێتەوە و دەس دەکا بە ئەنجام دانی ئەرکەکانی خۆی و خەریکی ڕاگەیاندن و ڕێکخستن دەبێ و بەو جۆرە

پەیڕەوگەلێکی زۆر بۆ ڕێچکەی نەخشبەندی پەیدا دەکا.

لەو ماوەدا کە لە دیمەشقێ دەبێ سەردانی بەیتولموقەددەس دەکا و هەروەها بۆ جاری دووهەمیش دەچێتەوە مەککە و حەج بەجێ دێنێ.

مەولانا خالید دیمەشقی کردۆتە سێهەمین پایەگای خۆی و ئیتر تا دوا هەناسەی ژیانی لەوێ دەمێنێتەوە و خەباتی شێلگیرانەی خۆی درێژە پێ دەدا و تا سەرەنجام لە ڕێکەوتی ١٢ی مانگی زی قەعدەی ساڵی ١٢٤٢ی کۆچی مانگی بە نەخۆشی وەبا کۆچی دوایی کردووە.

مەولانا خالید گەلێکی هۆنراوە و نووسراوە بە زمانەکانی کوردی و فارسی و عەرەبی هەیە. هەروەها چەند کتێبیشی بەو سێ زمانانە داناوە کە پێم وایە هەموویان چاپ و بڵاو کراونەوە.

بە گشتی مەولانا خالید پیاوێکی گەلێک بەڕێز و بەهێز و فەرمانڕەوایەکی بە دەسەڵات و فەرمان ئەنجام دراو بووە لە کوردستاندا. ئەوەندەی لەو وڵاتەدا پەیڕەو هەبوون کە ڕەنگە ئەگەر ویستبای و باوەڕی بە سەربەخۆیی و ئازادی و رزگاری گەلەکەی هەبایە هەر بە یەک فەرمان دەیتوانی ئەو کارە بکا و گەورەترین شانازی و سەربەرزی بۆ کورد و کوردستان بچەسپێنێ. بەڵام کەمترین کارێکیشی لەو بارەوە ئەنجام نەداوە، جا هەر بۆیە بەڕێز ماموستای گەورە لە دوایی ئەو پارچە هۆنراوەی خۆیدا رووی تێدەکا و پێی دەفەرموێ: ئەی خالیدی شارەزووری! تۆ خەڵکی شارەزووری ناو جەرگەی کوردستانی و لە دەورانی خۆتدا بە تەواوی گەلەکەی خۆت وەلا نابوو و زۆر کاریشت لەدەس دەهاتن و دەتتوانی بۆو گەل و نیشتمانە گەلێک کاری گەورە ئەنجام بدەی،

بەڵام هیچت نەکرد و بە داخەوە گەلی خۆت بۆ خەڵک وەلا نا و بە یەکجاری فەرامۆشت کرد.

بەوجۆرە گلەیی گەل وزێدونیشتمانەکەت هێنایە سەرشانی خۆت. لەباتی ئەوەی کە فەرهەنگی رەسەنی ئیسلامی و کوردی خۆت برەو پێ بدەی، چووی لە رۆژهەڵاتی دوورەوە لە ناوەندی هیندوستانی گاپەرەستڕا جۆرە بیر وباوەڕێکی تایبەتیی لاوەکی زۆرنامۆت هێناو لە کوردستان ورۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بڵاوت کردەوە وئیتر تۆش هەروەک پێشینیانی شێخ و مێخت، تا توانیت خەڵکی موسڵمان و جا بەتایبەتی خەڵکی کوردت لێک بڵاو کرد!!

تۆش تا توانیت تۆوی بیدعەت و وەدیهێنراوێکی دیکەت لە کوردستان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بڵاو کردەوە و بە دەستی خۆت چاندت! بەو جۆرە تۆش هاتی و شتێکت لە ئایینی پاکی پێغەمبەر(زیاد کرد! ئەی ئافەرین خالید! لە منت نەکەوێ قەت دەبوو وا بکەی؟ چ دەبوو کە ئایینی پاکی پێغەمبەر(هەروەکوو خۆی کە هەیە رابگەیەنی هیچ شتێکی دیکەی رەگەڵ نەخەی؟ ئاخر تۆ خوا ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە هەوەڵەوە ئەو جۆرە شتانەی لەگەڵ بوون و تۆ چ ئاتاجییەکی بەو رێچکە و ئائییزا جۆراوجۆرانە هەیە؟

خۆ لە پێش تۆدا خەڵکی کوردەواری هەربە حاڵ نێوی رێچکەی نەخشبەندییان بیستوو وبەس. ئەوە تۆ بووی کە پەت و پێوەندی نەخشبەندیت هاویشتە مل و پێی کوردی هەژاری نەخوێندەواری بێئاگا لە هەموو فێڵ و فووت و لە هەموو داو و تەڵەیەک! تۆ نەزان نەبووی و هەرگیز ئەو کارەت لە رووی نەزانییەوە نەکردووە، تۆ هەموو شتێکت دەزانی و گەلێک زانا و ئاگادار بووی! زۆرم پێ سەیرە ئەی خالید! خۆ تۆ زۆر زانا و ناودار بووی، ئەرێ بۆ وات کرد؟! تۆ خوا هەر لە خۆت دەپرسم ئەو خزمەتەت خەیانەت نەبوو؟

بۆ مەگەر تۆ فەرموودەی پێغەمبەری مەزنتﷺ نەبیستبوو کە فەرموویەتی: (من احدث في امرنا هذا ما ليس منه فهو رد) هەرکەس شتێک لەو ئایینەی ئێمە زیاد بکات ئەو فڕێدراوە و ڕەت کراوەوەیەو قەت لێی قەبووڵ ناکرێ. لە جێیەکی دیکەشدا دەفەرموێ: (من احدث في امرنا هذا ما ليس منه فهو و ما احدثه في النار) هەر کەس شتێک لەو ئایینەی ئێمە زیاد بکا کە لەوی نەبێ ئەوە خۆی و شتە زیاد کراوەکەشی لە دۆزەخدان.

یان دەفەرموێ: (ان اصدق الحديث كتاب الله و احسن الهدي هدي محمد و شر الامور محدثاتها) بەڕاستی و بێگومان ڕاستترین وتار کتێبی خوایە و جوانترین ڕێنوێنی، ڕێنوێنی محەمەدە و خەراپترینی کاروبارانیش ئەوانەن کە دوای پێغەمبەرﷺ سوەدیهێنراون.

مەگەر ئەو ڕێچکەی نەخشبەندی، کە تۆ لە وڵاتی هیندوستانێ ڕاهێنات بۆ کوردستان لە چاخی شۆق و ڕووناکیدا و لە دەورانی پێغەمبەری مەزندا هەبووە؟ تەنانەت زۆر پتر لە چوارسەد ساڵیش دوای پێغەمبەرﷺ وەدینەهێنراوە؟ هەی لە منت نەکەوێ کاک خالید؟! ئاخر چۆن بوو تۆ بە قسەی مەلا باشەکانی سولەیمانییەت نەکرد و فەرموودە بەنرخەکانی مامۆستای دڵسۆزی کورد شێخ مارفی نۆدێییت نەبیست و پەند و ئامۆژگارییەکانی ئەو بەڕێزەت دە گوێ نەگرتن؟ مەگەر پێت وا نییە کە لە ڕۆژی پەسڵاندا لێت دەپرسنەوە؟ دە هەر ئێستاش دوای نیزیکەی سەد ساڵ لە پاش مردنت سەرێک لە گۆڕەکەت دەربێنە و بزانە و بە چاوی خۆت ببینە کە ئاکامی ئەو کارەی تۆ جگە لە دابەش کرانی کوردستان و لەتلەت بوونی جەرگ و هەناوی دایکی نیشتمان و بێبەشی و ماف خوراوی گەلی هەژاری کورد چیدی بووە؟

مەگەر بە رای تۆ خواپەرستی بریتییە لەوە کە وە دوای رێچکە و مێچکان بکەوی و بەو لا و لایاندا بڕۆی؟ دە سەر هەڵێنە و ببینە و زۆر چاک بزانە کە گەلەکەی تۆ چ دەردێکیان بە سەر هاتووە؟

من ناڵێم شا عەبدوڵلای دەهلەوی پیاوێکی کەمە، بەڵکە ئەولە رچە و رێبازی خۆی واتا نەخشبەندیدا گەلێک گەورەیە، بەڵام تۆپێت وابووکە بەڕێز مامۆستا شێخ مارفی نۆدێیی لەوی کەمترە کە هەرلە پەنا خۆشت بووولە خۆشت بوو؟! یا بەڕێز مامۆستا محەمد مفتی فەیزی زەهاوی کە دەفەرموێ:

شیخا کە تو در عالم یکتا فردی
این رتبە ز دستار بدست آوردی
حیف است کە او دور سر تو گردد
بایستی کە تو دور سر او گردی

ئیتربە تەواوی نەیاری بازاڕی شێخایەتییە وبە هیچ جۆرێک قبوولّی ناکا نەزانە؟ زۆر سەیرە ئەو پیاوە گەورانە بە هەڵە نەچوون. هەرگیز، نەدەبوو تۆ بە شتی پڕوپووچ و تڕەهات فریو بخۆی. تۆ مەلا بووی وخۆپڕوپووچ پەرستیش بۆمەلایان زۆرنەنگ و ئابڕوو چوونە. دەبوو قورئان بخوێنییەوە و بزانی داخواتاقە و شەیەکیشی لەبارەی پەسند کردنی ئەو بازاڕە تاریک و تنۆک و رەشە تێدایە؟!

ئەگەر پێویستە شێخ بو ئایینی خوا
بلی پێم شیخی گش پیغەمبەران کوا
موحەممەد خوی و یارو یاوەرا نی
بەگشتیان شیخێکیان ببوایە دەبوا

بلـیـــم پێـــت نـــای پـەرســـتم ئـــەو خـــودایە
کـــە هــەوســـاری لــــە دەســـتی شێخـــی دایـــە
ئـەمـــــن زەنــــــد یقــــەم وئـــاور پــەرســــتم
ئـەگـــەر کـــو خـــوا نــەکـــا خـــواما ن ئەوایـــە
بـــرا ئـــــەم دەزگـــا گـــەورە و درێـــژ و پـانـــە
لــــە ئـیــــسلاما نییـەتـــی دیـــاردەو نیـــشـانـە
ئەگەر بــــاوەر دەکەی جـــــو ســــا زەگـــشتـــی
نـەفـەرمـانــــــی خـــــوداو پـیغەمـــــبەرا نـــــە

روون كردنەوەيەک لەسەر ژيانى مامۆستا شێخ مارفى نۆدێيى

چەنـد سـاڵ لەمەوبەر وتـارێكى كـورتم لە مەڕ مێـژووى ژيـانى زانـاى پـايەبەرزى كـورد مامۆسـتا مەلا شـێخ مـارفى نـۆدێييەوە نووسيوە كە لە ژمارە ٤٠ى گۆڤارى سروەدا چاپ و بڵاو كرايەوە. ئێـستا لەبەر ئەوەى نـامهەوێ زەحمەتـى نووسـينەوەى دووبـارەى ژيانـنـامەى ئەو بەڕێـزە بە خـۆم بـدەمەوە، هەر خـودى ئەو وتـارە لێرەشدا دووپاتە دەكەمەوە. كە ئەو دەم ئاوام نووسيبوو:

ئەگەر بە چـاوێكى رەدا (حـق)بينـانە و كەمێـک بە ورد بـڕوانينە بەسـتێنەكانى مێژوويـى، وێژەيـى، ئـابوورى، راميـارى، ئـايينى، هونەرى، هـۆنەرى، پـسپۆڕى، پيشەسازى، سوپايى، سـەربازى، دادپەروەرى وكۆمەڵايەتيى هەر گەلێک دەبيننـى كە لە هەر يەک لەو بەسـتێنانە كەلە پياوانێـک راوەسـتاون و لە سـەر لێـوارى زێـى خوڕێنى ژيان چەقيون و شەپۆلە بێئامانەكانى ئەو شـەتاوە هـار و هاژە خەڵک هەڵلووشەيان زۆر بە سەختى خستۆتە ژێر چاوەدێرى خۆيان و بوارى رزگارى بە گەلەكەيان نيشان دەدەن.

بە چـراى زانيـارى خۆيـان رێگـا رۆشـن دەكەن و دەسـتى خەڵـک دەگرن و وەک مەلەوانى چاک لەو زرێبارە خوڕێنە دەيانپەڕێننەوە، ئەوان خوا پاداشيان بداتەوە نەک هەر تەنيـا هاوچەرخـانى خۆيـان لە گێـژاوى چـۆمى خـوڕێنى بـێپـرد و بەردە بـازى ژيـان بە هـۆى مەلەوانى خۆيان دەپەڕێننەوە و بەس، بەڵـكە بـۆ تـۆرەمە و بەرەى دوا ڕۆژيـش رێـى پـڕ كەنـد و كۆسـپ و پـل و گيـرگە و تـۆرەمەى

داهـاتووش بە هـۆی هێـزی کێـشەری زانـستی (قـوە جـاذبە علمـی) خۆیـان بە دوای خۆیانـدا دەکێـشن و دەیـانگەیەننە لـوتکەی هەرە بەرزی و ترۆپک و دوندی کێوی ئاوات و بە نیاز گەیشتن.

جا بە هەق جێی خۆیەتی کە ئەوانە دەبنە جێی شانازی و هۆی سـەربەرزی گەل و گەلـیش هەر بە هـۆی وانەوەیە کە دەتـوانن خاوەنی وێژە و فەرهەنگ و مێژوویەکی جوان و پڕشنگدار بن و بە رابردووی خۆیەوە بنازن. بێگومان گەلی کوردیش هەر وەک هەموو گەلێکـی خـوا پێـداو خـاوەنی رابردوویەکـی پڕ لە شـانازییە و لە ئاسـمانی هەسـاوی مێـژووی کوردەواریـشدا گەلێـک ئەسـتێرەی پڕشنگدار و شۆق هاوێژ و تیشکە پژێن دەدرەوشێتەوە کە نەک هەر تەنیـا هـۆی شـانازی و سـەربەرزی گەلـی کـوردن و بەس، بەڵـکە تەواوی گەلانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بگـرە هەمـوو گەلانـی جیهـانی ئیـسلام پێیـانەوە دەنـازن و تەنـانەت هێنـدێک لە مێژوونووسە نەتەوەییە بەرچـاو تەنگەکـانیش بـێ هـیچ بەڵـگە و پەڕتـۆیەک ئەوان بە گەورە پیـاوانی نەتەوەی خۆیـان لە قەڵەم دەدەن.

راستی ئەوەندە بەسە بۆ شانازی و سـەربەرزی نەتەوەکەمـان کە دەیـان و بگـرە سـەتان و هەزاران بلـیمەت (نـابغە) و پیتـۆڵ (فیلسوف)ی وەک ئیبنولحاجب و ئیبنو قوتەیبە و ئیبنو خەلەکان و ئیبولحـاج و ئیبنـولخەتیبی ئەربیلـی و ئیبنـی عیسای هەکـاری و ئیبنـی کـوردی و ئیبنـولفەیراقی و مەلا ئەبـووبەکری میروسـتەمی و مەلا مـحەمەدی فەیـزی زەهـاوی و مەلا عوسـمانی کـوردی، مەلە یۆسـفی ئەسـەمی سـۆرانی بریـسوەیی و مەلا ئەحـمەدی خـانی و جزیری و بێتووشی و مەلا مەحموودی کوردی و مەلا عەلی قزڵجی و قەرەداغی و مەلا عەلی شنۆیی مان لێ هەڵکەوتووە.

ئەوانە نەک هەر لە باری دیژەوانی (فقیهی)و راڤەوانی(مفسری) و ویژەوانی (ئەدیبی) بە کەڵکە لەبارەی هونەرگەلی جۆراوجۆری دیکەشەوە نموونەی دەوران وهەڵکەوتووی رۆژگار بوون و لە تەواوی زانیارییەکانی ژیرامەیی و گێڕراوەیی(عقلی و نقلی)یەوە بێهاوتا و کەموێنە بوون، بەڵکە تەنانەت رێنووس و رێزمانیشیان بۆ گەورەترین گەلی زیندووی جیهان واتا گەلی عەرەب کە لە سایەی ئیسلامەوە نیزیکە پتر لە هەزار ساڵە گەورەترین دەسەڵاتدار و زلهێزی دنیا بوون داناوە.

خۆ ئێستاش، کە ئێستایە لەتەواوی فێرگەکانی ئایینی کوردستان و هەموو جیهانی ئیسلامیشدا نووسراوەکانیان بە وانە دەخوێندرێن. بەڕاستی ئەگەر گەلانی دیکەی جیهان شانازی بە زانایانی رامیاری خەڵک پێک وەرکەر و زانایانی ئابووری بژیو هەڵلووش و پسپۆڕانی سازکەری فڕۆکەی تیژتر لە دەنگ و کەشتی هەواقەڵیش و گەمیی ژێر دەریایی غوولپەیکەر و هەروەها زانایانی تانک و تۆپ و مووشەک و جۆرگەلی زۆری گازگەل سازکەرەوە دەکەن و پێشیان وایە کە ئەوانە مایەی سەرکەوتن و پێشکەوتنی وانن بێگومان گەلی کوردیش مافی خۆیەتی کە شانازی بکات بە هەزاران هەزار زانای ئایینی رێگای ژیان و پەسڵان نیشاندەر کە گیان و ژیان و تەمەنی خۆیان بە سەخاوەتەوە لەو پێناوەدا بەخت کردووە.

بەڕاستی گەلی کوردیش پتر لە هەزار ساڵە بێجگە لە مەلا زانا و داناکان پیاوی مێژوویی دیکەی زۆر لێ هەڵنەکەوتوون و ئیتر تەنیا حوجرە قوڕینەکانی کوردستان بوون کە هەم بوونەتە مایەی شانازی و سەربەرزی گەلی کورد و هەم بە هۆی بەرهەم و ئاکامی جوان و زۆر چاکی وانەوە تەواوی جیهانی ئیسلام ئێرەیی بە کوردو

کوردستانەوە برد و جا کەوایە حێی خۆیەتی کە کاکی خوێنەر بە هەر بیر و باوەڕێکەوە کە هەیبێ کەمێک گلەیی لەو کوردە سادە و ساویلکە بکات کە خۆشی بە کورد دەزانێ و کەچێ وێڕای نەیاران و دوژمنانی گەلەکەی مەلا واتا گەورە دڵسۆزی کورد و کوردستانی دەدزێ و ناخۆشی دەوێ و قسەی ناحەزی لە ئاقارا ئەکا و دەیداتە بەر توانج و پلار و تانە و تەشەر و لاتاری پێدا دەدات.

چونکە ئەو ئاغا بەڕێزە نەزانانە یا زانایانە پەلامار دەباتە سەر رابردوو و مێژووی پڕ لە شانازی گەلی خۆی و گیان و کاکڵی گەلەکەی لە بەر پێیاندا بە خەیاڵ دەپلیشێنێتەوە و لە راستیدا هەر دەڵێی شەرمی بە مێژوو و شانازییەکانی گەلەکەیەتی!!

جا ئەو جار با بێینە سەر مەبەست و بڵێین: بەڕێز جەنابی مامۆستا مەلا شێخ مارفی نۆدێییش هەر یەکێکە لەو هەزاران هەزار زانا و دانا رێنوێنانە کە بەراستی جێگەی شانازی و سەربەرزی گەلی کورد بەتایبەتی و گەلانی جیهانی ئیسلامن بە گشتی.

جا ئەو بلیمەتە هۆزانە کوردە ناوی پیرۆزی مارف (مەعرووف)ەو کوڕی مەلا سەیید مستەفا کوڕی سەیید ئەحمەد کوڕی مەلا سەیید محەمەدە کە بە کبریت احمر (شەمچەی سوور) ناوبانگی دەرکردووە، ئەو کبریتی ئەحمەرە یەکێکە لە مەلا هەرە ناودارەکانی مێژووی کوردەواری و باپیرە گەورەی ئەو بەڕێزە سەیید عیسای بەرزنجی کوڕی بابا عەلی هەمەدانییە.

وەک هەمووومان زۆر چاک دەزانین کە هەمەدان سەردەمێکی پێتەختی میری گەورەی ماد و ناوەندی شارستانییەت و قزگە (مرکز)ی هێزی هەراوی هۆزی کوردان بووە و گەلێک زانا و دانای بەرز و زۆر بەنێوی لێ هەڵکەوتوون کە ئاوازەی زانیاری و جوامێری و پیاو چاکیان بە تەواوی کون و قوژبنی دنیا راگەیشتووە کە یەکێک لەوان ڕێزدار بابا عەلی هەمەدانییە.

ئەو زانا بەرزە، کە یەکێکە لە ناودارانی کوردەواری یەکێکە لە پسپۆڕانی کوردی سەدەی هەشتەمی کۆچی و یەکێک لە کوڕەکانی وی ناوی سەیید عەیسای بەرزنجییە کە بەڕێز مامۆستا شێخ مارفی نۆدێیی بە ١٣ پشت دەگاتەوە وی. واتا بابا عەلی هەمەدانی باپیرەی چاردەهەمینی مەلا شێخ مارفە و ئیتر خانەدانی سەیدەکانی بەرزنجی، سەید واتا تۆرەمە (نسل)ی فاتیمەی کچی پێغەمبەر(نین و لە ماکا (اصل) کوردی کەڵهوڕن و عەرەبی رەمەکی و پەڕیوە نین!! بەڵام لەبەر وەی کە بنەماڵەیەکی یەکجار زۆر بەڕێز بوون و مەلای باش باشیان لێ هەڵکەوتوون پێیان گوتوونە سەیید، بەڵام مامۆستا مەلا کەریم لە (علماءنا)دا پارچە هەڵبەستێکی لە خودی خۆی دەگێڕێتەوە کە بەو پێیە ئەو بنەماڵە دەچنەوە سەر فاتیمە و ئەگەر وا بێ بنەچەکەیان کورد نییە و عەرەبە و بە هەردووک لادا هەر جێگەی رێزن.

مێژوونووسی گەورەی کورد خوا لێخۆشبوو ئەمین زەکی بەگی بەڕێز دەنووسێ: بابا عەلی هەمەدانی برای بلیمەتی کورد بابا تاهیری عوریانی هەمەدانییە. بەڵام هێندێک لە مێژوونووسانی کورد ئەو ڕایەیان پێ رەوا نییە، چونکە بابا تاهیری عوریان لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا ژیاوە و بابا عەلی هەمەدانیش لە سەدەی هەشتەمدا و بە وپێیە نیزیکەی چوار سەد ساڵیان جیاوازی هەیە.

ئەمین زەکی بەگ

ئەوبلیمەتە خواناسە،ئەوئەستێرە پڕشنگدارەی ئاسمانی ئایین و زانیاری کوردستان لە دەورانی بەڕێز سولەیمان پاشای بە پێنجەمین پادشای بنەماڵەی بەڕێزی بابانی لە ساڵی ١١٦٦ی کوچی مانگی ڕێکەوتی ١٧٥٣ی زایینی لە گوندی نۆدێ لە ناوچەی شارباژێری کوردستانی عێراق لە ٣٣ کیلۆمەتری شاری سولەیمانی لە بنەماڵەیەکی زانیاری ئایینیدا لە دایک بووە و پێگەییوە. دیارە کە وەک زۆربەی زارۆکە هەژارە کوردەکان زەجرو ڕەنجی نەبوونی و بێبەشی چێشتووە. هەر لە دەورانی منداڵیدا قورئانی پیرۆز و هەروەها هێندێک لە کتێبە وردەڵەکان و دەستووری زمانی عەرەبی (صرف و نحو) و زمانی فارسیشی لە خزمەت مەلا مستەفای باوکی بەڕێز و زانای خۆی خوێندووە. ئەمجا بابی هەڵگیرتووە و بردوویەتە قەڵاچواڵان، ناوەندی دەوڵەتی بەهێزی کوردی بابان و لە فێرگەی غەزائییەی ئەو ناوەندە دایمەزراندووە.

فێرگەی غەزائییە فێرگەیەکی گەورەی ئەو سەردەمە بووە و لە لایەن بابانەوە بەڕێ براوە. جا بەڕێز شێخ مەلا مارف ئەودەم لاوێکی کەم تەمەن بەڵام پڕ هیوا بووە و زۆر شێلگیرانە هەوڵی داوەو خەباتی کردووە و تێکۆشاوە و کۆبە کۆ زانیاری لە سینەی پڕ هەستی خۆیدا کۆ کردۆتەوە.

ئەو بەڕێزە لەم زانکۆ گەورەیە ماوەتەوە تا ڕۆژێک کە ئەو دەم تەمەنی تەنیا ١٢ ساڵانە بووە بە شەهید کرانی پادشای گەورەی و موسڵمانی کورد سولەیمان پاشا، شار بە تەواوی شڵەژاوە. ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە کە لە ١١٧٨ی کۆچیدا رووی داوە بە تەواوی بۆتە

هۆی پەژارە و پەرۆژشی خەڵکی کوردستان، جا بەتایبەتی مەلا و فەقێ و زانایان و تیپی خوێندکار.

ئەو کارەساتە شوێنەوار و جەخەرێکی وەهای لە سەر ڕێزدار نۆدێیی دانا کە ئیتر ویستی لەمەولا لە پێتەختی میری و ناوەندی رامیاری بگوێزێتەوەو بڕواتە گۆشەو قەراغان بۆئەوەی بێ باکانە و دوور لە هەرا و هووریا درێژە بە خوێندنەکەی بدات. جا هەر بۆیەش لەوێ رۆیشت و چووە گوندی هەزارمێرد لە نیزیکەی ٢٥ کیلۆمەتری رۆژئاوای شاری سولەیمانییە ولەوێ لە خزمەت زانای کەم وێنەی کورد مەلا محەمەدی ئیبنولحاج ماوەی چوار ساڵ مایەوە و لەو ماوەیەدا کتێبەکانی سیوتی حیسام کاتی عەبدولای یەزدی موختەسەر و لمەعانی شەرحولعەقایدی نەسەفی و چەندین کتێبی دیکەی زانیاری و دێژەیی (فقهی) خوێندووە و هەروەها چەندین کتێب و نامیلکەی زۆر جوان و باشی بە هۆنراوە و ویژامە (شعر و نثر) داناوە و بۆ مامۆستای بەڕێز و خۆشەویستی خۆی خوێندۆتەوە و ئەگەر پێویستیش بووبێ مامۆستا بۆی رێکوپێک کردووە.

لەو کاتەدا کە نۆدێی لە گوندی هەزارمێرد بوو پسپۆڕی بێهاوتای کورد مەلا عەبدوڵلای بێتووشی کە وانەوێژێکی باڵادەستی شاری ئیحساریە بوو هەوای گەل و نیشتمانەکەی دێتەوە کەللەی و بەرەو بێتووش لە ناوچەی ئالانی سەردەشت دەگەڕێتەوە و پاش ماوەیەک لە وێڕا دەچێتە سەردانی مامۆستی دڵسۆز و خۆشەویستی خۆی مەلا محەمەدی ئیبنولحاج.

کاتێ کە شێخ مارف ئەو هەلە گەورەی بۆ هەڵدەکەوێ داوا لە مامۆستا دەکا کە قبووڵ بفەرمێ ئەو چەند رۆژانەی وا بێتووشی لە هەزارمێرد دەمێنێتەوە لە حوجرەکەی وی بێ و ئەو شانازی ئامادە

بوون لە خزمەت بێتووشیدا دەس کەوێ. مامۆستاش چونکە دەزانێ کە نۆدێی دەیهەوێ کەڵک لە بێتووشی وەربگرێ و لە خزمەتیدا بەهرەمەند بێ قبووڵی دەکا.

نۆدێی لەو ماوە کەمەدا گەلێک شتی تازە لەبێتووشی فێر دەبێ و هێندێک لەنووسراوەکانی خۆی بۆدەخوێنێتەوە. جا بەڕێز مامۆستا بێتووشی هەر کە دەزانێ ئەو فەقێیە خاوەنی بیرێکی زۆر وردو هۆشێکی هۆشیارانەیە ئەوەی پێی وا بووە پێویستە پێی دەڵێ و زۆریش هانی دەدات بۆ نووسینی پەڕتووکان، هەم بە هۆنراوە و هەم بە ڕێژامە و ئیتر بێگومان نۆدێییش هەر لە وەها دەرفەتێک دەگەڕا کە وا بە بێزەحمەتی خۆی خوای گەورە بۆی ڕەخساندبوو.

ڕێزدار نۆدێی پاش چوار ساڵ وانە خوێندن لە خزمەت مامۆستای گەورە و گرانی ڕێزدار ئیبنولحاجدا دەگەڕێتەوە بۆ قەڵاچوالان و لە خزمەت بەڕێز مەلا محەمەدی غەزائی دادەمەزرێ و لەوێ دەمێنێتەوە تا ساڵی ١١٩٩کۆچی و ١٧٨٤ زایینی کە ئەودەم ئیبراهیم پاشای کوڕی ئەحمەد پاشای بەبە دەستی کرد بە دروست کردنی شاری سولەیمانییە و بە ماوەی یەک ساڵ واتا لە ساڵی ١٢٠٠ کۆچی و ١٧٨٥ زایینی تەواوی کرد و ناوەندی میری گەورەی بابانی گوێزتەوە بۆ ئەوێ و ئیتر فێرگەکەش بە نۆدێییەوە وێڕای تەواوی یانە (ادارە)کانی میری هێندرانە شاری تازە ساز کراوی سولەیمانی.

جا ئەمجا نۆدێی تازە مەلاش لەو تازە فێرگەی ئەو تازە شارە بوو بە تازە مامۆستا و لە مزگەوتی گەورەی وێدا دەستی کرد بە وانەوێژی و دەیان و سەدان فەقێی لەو فێرگەیەدا پەروەردە کردووەو بۆ گەل و نیشتمانەکەی پێی گەیاندوون و بە دوو دەستی ڕێزەوە پێشکەشی کردوون بە کۆمەڵە دوا کەوتووەکەی کورد.

فێرگەی گەورەی قەڵاچوالآن کاتێ کە گوێزرایەوە سولەیمانییە، پاش ماوەیەک شێخ مارفی نۆدێی دەبێتە سەرپەرستی هەموو یا بەشێکی و ئیتر بە هۆی لێزانی و دڵسۆزی وی و وانەوێژ و کارگێڕەکانی لە ماوەیەکی نە چەندان زۆردا بوو بە یەکەم زانکۆی وڵاتی کوردەواری و هەروەها مەکۆی زانست و زانیاری و گەورەترین پەروەرشگای فەقێ و مەلا لە کوردستاندا و ئەمجا چەندین ساڵ دواتر فێرگەی گەورەی ئیسلامی کە سەتان بلیمەت و پسپۆڕی وەک ڕێزدار مەلا شێخ حوسێنی قازی و مەلا شێخ مەحمودی بەرزنجی و مەلا محەمەد فەیزی زەهاوی و بابە ڕەسووڵ و مەلا سەید محەمەدی بەرزنجی (سناء الدین) پێگەیاندوون و تەحویلی کۆمەڵی کوردەواری داون.

بەڕێز مەلا شێخ مارفی نۆدێی تیشکی بێپسانەوە ورۆژی قەت ئاوا نەبووی کورد خوێندەوارییەکی بەرزی بە زمانەکانی فارسی و عەرەبی و کوردی هەبووە وبە هەریەک لەو سێ زمانانە هۆنراوە و پەخشانی زۆرو زەبەندی نووسیوە. ئەوبەڕێزە نژوە (انشا)یەکی بێوێنەی هەبووە وخاوەنی دەستێکی دەروشاوە بووە لە نژوە نووسیندا. گەلێکی پەڕتووکی گەورە و گچکە ونامیلکە بە هۆنراوە و پەخشان داناوە، کە هێندێکیان چاپ وبڵاو کراونەتەوە و هێندێکیشان هەر ماونەتەوە وزۆربە داخەوە ڕەنگە تەنانەت هێندێکیان هەر نەشمابن وبە فێڵ ومەکری نەیارانی خۆی وگەل و ئایینەکەی بە یەکجاری بەتلێنرابن.

ئەو بەڕێزە چەندین چەکامە(قصیدە)، پێنج خشتەکی(مخمس)، چوارینە(رباعی)، سێ خشتەکی(مثلث)، تێهەڵکێش(ترجیع‌بند)، بەستە (قطعە) هۆنراوەی بەوسێ زمانە هەیە.

فەرهەنگۆکی ئەحمەدییەی بەڕاستی یەکێکە لە شاکارە بەرزەکانی کە هێناویەتی وشە عەرەبییەکانی بە وشەی کوردی ئاجڤە (ترجمە) کردوون وبە هۆنراوە دەریهێناون.

مامۆستای باس لێکراومان خوا لێی خۆش بێ، هۆنەرێکی وەها باڵادەست وبەتوانابووە کە هەرچی ویستبێتی توانیویەتی بە هۆنراوە دەریبێنێ ودە قالبی هەڵبەستدا دایبڕێژێ. تەنانەت زۆربەی هەرە زۆری ئەوزانیارییانەی کەوالە نێو مەلاوفەقێیانی ئیسلامیداباون ودەخوێنرێن کردوونیەتە هەڵبەست وبۆئەوەی فەقێکان بە ئاسانی بتوانن لە بەریان بکەن، بە شێوەی هۆنراوە لە سەرڕا دایڕشتوونەتەوە. بێگومان ئەو شاکارییانەی ئەو کردوونی تا چاخی خۆی لە هیچ وڵاتێکی ئیسلامیدا نەکراون.

سەرەڕای ئەوەش نۆدێی بەرێز لە تەواوی زانیارییە ئیسلامییەکان وەک (نحو، صرف، لغة، معانی، بیان، بدیع، عروض، آداب، کلام، شرع، حدیث، علم الحدیث، تفسیر، فرایض، بحث و مناظرە، هندسە، جبر و مقابلە، تجوید، فلکیات)دا مامۆستایەکی راهێنەر و نووسەرێکی داهێنەر و هۆنەرێکی باهونەر بووە و لەتەواوی ئەو زانیارییانەدا کتێب و نووسراوەی زۆرجوان و بەکەڵکی هەیە کە هێندێک لە کتێب و نووسراوەکانی بریتین لە:

١) تنقیح العبارات فی توضیح الاستعارات بە هۆنراوەی عەرەبی
٢) الفرائد فی العقائد بە هۆنراوەی عەرەبی.
٣) الجواهر النفید فی قواعد التجوید.
٤) شرح منظومە تنقیح العبارات.
٥) الشامل للعوامل بە هۆنراوە.
٦) الاحمدیە فی ترجمە اللغة العربیة باللغةالکردیة بە هۆنراوەی کوردی و عەرەبی.

٧) كفاية الطالب فى نظم كافية ابن الحاجب به هۆنراوەی عەرەبی.

٨) منظومه اى شده فى مديح حضرت خاتم الانبياء به هۆنراوەی فارسی.

٩) توصيف المبانى فى نظم تصريف الزنجانى به هۆنراوەی عەرەبی.

١٠) قطر العارض فى علم الفرائض، به هۆنراوەی عەرەبی.

١١) كشف الغامض فى شرح قطر العارض.

١٢) فتح الرؤوف فى معانى الحروف.

١٣) التصريف بابواب التعريف.

١٤) نظم آداب البحث فى علم الآداب به هۆنراوە.

١٥) فتح المجيد فى قواعد التجويد.

١٦) عقد الدرر نظم نخبة الفكر به هۆنراوە.

١٧) فتح الرحمن فى علمى المعانى و البيان به هۆنراوە.

١٨) سلم الوصول الى علم الاصول به هۆنراوە.

١٩) عمل الصياغة فى علم البلاغة به هۆنراوە.

٢٠) الروضة الغنى فى الدعاء باسماء الله الحسنى.

٢١) غيث الربيع فى علم البديع به هۆنراوە.

٢٢) نظم العروض فى علم العروض به هۆنراوە.

٢٣) تنوير الضمير فى الصلوات المشتلمة على اسماء البشير به هۆنراوە.

٢٤) روض الزهر فى مناقب آل سيد البشر به هۆنراوە.

٢٥) الجوهرالاسنى فى الصلوات المشتملة على اسماء الله الحسنى.

٢٦) تنوير البصائرفى التجريز عن الكبائر.

٢٧) شرح الصدر بذكر اهل البدر به هۆنراوه.
٢٨) الفتح الالهى فى الصلاة المشتملة على المناهى.
٢٩) كشف الاسف فى الصلاة على سيد اهل الشرف.
٣٠) عقد الجوهر فى الصلاة و السلام المنفعة فى يوم الحشر.
٣١) ازهار الخمائل فى الصلوة المشتملة على الفضائل و الشمائل.
٣٢) راحة الارواح فى الصلوات و التحيات على حبيب الملك الفتاح.
٣٣) ايضاح المجة و اقامة الحجة.
٣٤) البرهان الجلى فى مناقب الامام على.
٣٥) كشف البأساء باذكار الصباح و المساء.
٣٦) الاغراب فى قواعد الاعراب به هۆنراوه.
٣٧) تنوير القلوب فى مدح حبيب علام الغيوب.
٣٨) اوثق العرى فى الصلاة و السلام على خير الورى به هۆنراوه.
٣٩) السراج الوهاج فى مديح صاحب المعراج.
٤٠) فتح الرزاق فى اذكار دفع الاملاق.
٤١) تنوير العقول فى احاديث الرسول.
٤٢) ويلة الوصول على علم الاصول.
٤٣) فتح الموفق فى علم المنطق.
٤٤) نظم الرسالة العضدية فى علم الوضع.
٤٥) زاد المعاد فى مسائل الاعتقاد الفريدة فى العقيدة.

گەورە پیاوی ئایینی کورد بەڕێز مامۆستا شێخ مارفی نۆدێی دەریای بێبنج و بناوانی زانیاری و شەتاوی مەندی خواناسی

یەکەمین کەسە لە جیهاندادوای مەلا ئەحمەدی خانی کە رچەی نووسینی فەرهەنگی کوردی بە دانانی پەرتووکی ئەحمەدی بۆهەمووکوردێکی خوێن پاک کێشاوە وبە نووکی پێنووسی زمان لوسی پڕنووسی پیرۆزی خۆی سەرمەشقی بۆداداوە کە بەڕاستی جێی ڕێزوشانازییە کە تا ئێستاپترلە ٢٠٠ ساڵە فەقێی تەواوی کوردستانی سۆرانی بە وانە دەیخوێنن هەروەک فەرهەنگۆکی نەوبەهاری بەڕێزمەلائەحمەدی خانی لە زاراوەی کرمانجیدا. کە بە راستی هە ردوکیان جیگە ی شانا زی وپە سن وسوپاسن.

مامۆستا شێخ مارف بە پێچەوانەی ئەوەی کە نێوی شێخی لە سەربووە هەروەک گەلێک لە پیاوچاکانی کوردستان وتەواوی شێخە بەڕێزەکانی بەرزنجی ونەهری وشەمزینی هەرگیزشێخایەتی نەکردووە وقەت تەکیە و خانەقای رانەگرتووە بەڵکە بە هەمووهێزوتوانای خۆی فێرگە وزانکۆی ئاوەدان کردوونەتەوە و رازاندوونیەتەوە وکاروباری مزگەوتی ئیسلامی واتا ماڵی خوای بەڕێوە بردووە. هەمیشە هەرخەریکی وانەوێژی وپێگەیاندنی فەقێ و مەلاوزانایانی بەرزی ئیسلامی بووە وتەواوی تەمەنی پڕبایەخی خۆی بە موتالاَووانەوێژی ودانانی کتێب ونامیلکە وهۆندنەوەی هۆنراوە وخۆش کردنی کتێبەکنی پێشینیان وراگەیاندنی ئیسلام وقورئانەوەی بە سەربردووە. چاوی لە ماڵی کەس نەبووە وخۆی نەکردۆتە ملۆزم (انگل) وسەرباری خەڵک، خۆی لە فێرگە وانەوێژی کردووە لە میری بابان مووچەی وەرگرتووە وخۆی وخاوخێزانی خۆی پێ ژیاندووە. جا نەک هەر ئەو بە تەنێ بەڵکە تەواوی وێژەوانەکانی دیکەی ئەو فێرگەیە و هەموو فەقێکان و تەواوی کارگێڕانی فێرگە و مزگەوتەکانی دیکەی هەموو کوردستنی سەربەخۆش مووچە و بەراتیان لە میری وەرگرتووە. شێخ مارف

کەسێکە کە لەوی پیاوێکی وەک کاکەحمەدی شێخ کە گەورەترین مەلای کوردستان وگرینگترین خواناسی چەرخی ١٣ی جیهانی ئیسلامە پەیدا بووە ولە سەردەستی پێگەیوە.

کاکەحمەدی شێخیش خوای گەورە پلە وپایەی بەرزوبەرزترکات، مەلایەکی کوردە کە باپیرەی دووهەمی بەڕێز کەڵە پیاوی کورد شێخ مەحموودی حەفیدزادەیە، شێخ مەحموودی نەمر، شێخ مەحموودی بەرزنجی، مەلیکی کوردستانە کە بە هەق جێگای سەربەرزی و شانازی هەموو کوردێکی موسڵمانە لە دنیاداوگەورەترین سەرداری کوردە لە کوردستندا (بە یاری خوای گەورە نیازم وایە لە بارەی ویدا کتێبێکی سەربەخۆ بنووسم، ئەگەر یەزدانی مەزن یارمەتیم بدات).

کاکەحمەدی شێخ کە مامۆستا مەلا شێخ مارفی بابی کتێبی ئەحمەدییەی بۆ وی داناوە و بە نێوی ویشی نێو لێناوە لە ساڵی ١٢٠٧ (١٧٩٣زایینی) لە شارە جوانکیلانەکەی سولەیمانی هاتۆتە دنیایە. جا کاکەحمەد تەنیا کوڕێکی هەبووە بە نێوی محەمەد کە ئەویش ٧ کوڕی هەبوون کە یەکێکیان نێوی شێخ سەعیدە و ئەویش چوار کوڕی هەبوون کە یەکێکیان بەڕێز و پایە بەرز حەنابی شێخ مەلیک مەحموودی نەمرە و بۆیەش پێی دەڵێن حەفیدزادە واتا نەوەزادە، چونکە کوڕی نەوەی شێخ مارف واتا شێخ سەعیدی کوڕی کاکەحمەدی شێخی کوڕی شێخ مارفە.

شێخ مەحموودی نەمری خوا لێخۆشبوو کە یادی وی هەرگیزاو هەرگیز لە دڵی هەر کوردێکی خاوەن هەست و ویژداندا نامرێ، لە ساڵی ١٢٩٨ (١٨٨١ زایینی) لە شاری سولەیمانی لە دایک بووە و لە ١٣٣٦ (١٩١٩ زایینی) لە تەمەنی ٣٨ ساڵیدا بە پشتیوانی کوردە ئێرانییەکانی هەورامان و مەریوان و دانیشتوانی ناوچەکانی

باکووری سولەیمانی لە دژی داگیرکەرانی ئینگلیزی دەستی دایە شۆڕشێکی مەزن و بە زوویی شاری سولەیمانی و دەوروبەری ئازاد کرد و کردی بە بنکەی فەرمانڕەوایی و پێتەختی دەوڵەتە پیرۆز و تازە پێ گرتووە کوردییەکەی خۆی.

ئەو بەڕێزە، کە بە درێژی هەر لەو کتێبەشدا باسم لێ کردووە یەکەم کەس بووە کە دوای سەقام گیر بوونی هێزی ئیمپراتۆریەتی کوفری بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە سەر ئیسلام و مافی مرۆڤ بەتایبەتی مرۆڤی کورد لەگەڵ گەورەترین هێزی جیهاندا بە شەڕ هات و هەر بۆ خۆی و بە ژمارەیەکی زۆر کەم لە چاو هێزی دوژمن، لە کوردە قارەمانە دڵ پڕ لە باوەڕکانەوە بە گژ وەها دڕندەیەکی خەتەرنکدا چوو. بە هەق توانیشی کە گەلێک جیاڤک (امتیاز)ی گەورە بۆ کوردستان بەتایبەتی و بۆ هەموو عێراق بە گشتی وەدەس بێنێ.

سەرەڕای ئەوەش کاتێ کە زانی دەوڵەتی تورکی ڕەگەزپەرەستی عوسمانیش هەر دوژمنی گەورەی گەلانی ناتورکە، لەگەڵ ئەویش هەر بە شەڕ هاتووە و بە گژ ئەو دێوەزمەشدا هەر هاتۆتەوە. بەڕاستی ئەو کەڵە پیاوە گەورەترین ڕابەر و دڵسۆزترین ڕێنوێن و ڕێزانترین ڕێ نیشاندەر بووە، هەرچی لە توانایدا بوو دەبوو بیکات بۆ کورد و بۆ ئیسلامی پیرۆز، کردی و ئەنجامی دا.

ئەو بەڕێزە دڵۆڤانە بۆ هەر کوردێک وەکوو باوکێکی دڵسۆز و میهرەبان و فیداکار بووە، هەر بۆیە ئێستاش بە نێوی نەمر یادی دەکر و بەڕێزەوە نێوی دەبرێ.

بە ڕاستی جێی خۆیەتی، کە زۆر زۆر لەوەش پتر ڕێزی لێ بگیرێ و پلە وپایەی بەرزتر بکرێ چونکە دوای دەوڵەتی بابان، شێخ مەحموود یەکەم کەسە کە توانیویەتی دەوڵەت بۆ کورد دابنێ

کەوایە هەموو کورد و هەموو کوردستان بە شێخ مەحموودی نەمر وامدارە و دەبێ پێیەوە بنازێ.

بە هەق جێی خۆیەتی و هەر دەبێ واش بێ کە لە باوکی ئاوا و لە بنەماڵەی وەک بەرزنجی کەڵە پیاوی وەک شێخ مەحموودی نەمر پەیدا ببێ و خوای گەورەش لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ:﴿ وَٱلْبَلَدُ ٱلطَّيِّبُ يَخْرُجُ نَبَاتُهُۥ بِإِذْنِ رَبِّهِۦ ۖ وَٱلَّذِى خَبُثَ لَا يَخْرُجُ إِلَّا نَكِدًا ﴾ [الاعراف:٥٨، واتا زەمینی پاک و پاکژ و خاوێن و بێبژار و دڕک و داڵ، بە ودم و فەرمانی خوای خۆی شیناوەرد و گیا و گوڵ زۆر چاک ئەهێنێ و زەوی پیسیش بە کەمی نەبێ لێی شین نابێ و جگە لە بژار و دڕک و داڵ هیچی دیکە ناهێنێ.

بەڕێز جەنابی مامۆستا شێخ مارفی نۆدێی دوای٨٨ساڵ خەبات و تێکۆشانی شێلگیرانە و زەحمەت کێشانی بێوچان و بەربەرەکانی کردن لە گەڵ پڕوپووچ پەرستی و خەرافات و زیاد کراوە (بدعت) و زۆر و ستەم و هەروەها رێنوێنی و روون کردنەەی خەڵک و وانە وتنەوە و راگەیاندنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە ساڵی ١٢٥٤ (١٨٣٨ زایینی) لە شارە جوانکیلانەکەی سولەیمانی پێتەختی نەوە نێرینەکەی خۆی کۆچی دوایی کردووە وئیتر خەڵکی کورد بەتایبەتی وهەموو جیهانی ئیسلام بە گشتی بۆلە دەس دانی وەها بلیمەتێکی نەبەز و هەرگیزنەوەستاو ماتەمداروبەپەژارە بوون.

تەرمی پیرۆزی ئەو کەڵە پیاوە کوردە و ئەو خواناسە گەورە لە گۆڕستانی پیرۆزی "گردی سەیوان" لە پەنای ئارامگەی پادشای دڵسۆز و موسڵمانی کوردسولەیمان پاشای بەبە نێژراوە و بۆ تا رۆژی پەسڵان بە خاکی پاکی کوردستان سپێردراوە. خوای گەورە لە بەهەشتی بەریندالە گەڵ هاوباوەڕانی خۆی نیشتەجێی بفەرمێ.

هەواڵی کورد و کوردستان

مامۆستای بەڕێزمان کاتێ،کە ئەوهەمموو پێشکەوتن و گەورەیی و سەرداریيەی کوردی دێتەوە یاد و دەشزانێ کە ئەو بەدبەختی و ماڵوێرانییەی ئێستاش هەمووی هەر لە بن سەری شێخ و بازاڕی شێخایەتی دایە، دێنێ چەندجاران بە خوای گەورە سوێند دەخوا کە ئەو بەدبەختی ورۆژە رەشییەی گەلی کورد هەمووی هەر لە بن سەری شێخەکاندایە و هەر بە قسەی وان کوردەکان لە دین و ئایینی خواش لایان داوە و هەموویان بە ژەهراوی وان مردوون و.. و مەلاکانیش هێندێکیان لە برسان هەمووشتێکی شێخەکانیان قبووڵ کردووە و لە برسانیش ترسی خوایان هەر لە بیر نەماوە و جا ئیتر بەڕاستی ئەو جۆرە مەلا و ئەو شێخانە خەراپکارن و هەر ئەوانەن کە خەڵکی لە رێی راست لا دەدەن.

ئەمجا باسی ئەوەی دەکا ئەم های وهۆیەی شێخ بۆ فریودانی خەڵک و نان پەیداکردنە و بەس. دەنا ئاخر ئەوە لە کوێی ئایینی پیرۆزی ئیسلامدایە و ئیتر ئیسلام چ ئاتاجی وپێویستییەکی بە وەها شتێک هەیە؟

جا شێخ ئاوا خەڵک بۆی کەر بووە وبە کەیفی خۆی دەیانچەوسێنێتەوەو ئاوابە خۆشی لەسەر ورگی خەڵک دەلەوەڕێ و مامۆستای هەژاریش وابزەی چاوی دێ و لاڕێ دەڕوانێ وتەنانەت بۆ کیتەڵە ماستێک شەرعی ئیسلامێ دەگۆڕێ!! بەڵام لە رووی ناچاری و بەرگری لە برسیایەتی خۆی و خاووخێزانی وبە پێی یاسای (الضرورات تبيح المحظورات)، کە ئەویش یەکەمجار زۆربە کەمی و بە دەگمەن.

پاشـان دوای هێنـدێک تـووک ونـزا لە شـێخ ومەلاکـان روویـان تێدەکاوچەند قسەی بە هەقیان پێ دەڵێ ولە مەولادێتەوە سەرباسی عیسا ومەهدی و دیسان دەڵێ ئەو باس وخواسە باپێیان وانەبێ کە بۆئێمە کەڵکی هەیە... کەوایە تۆئەوڕۆبزانە حاڵی خۆت چییە ووە دوای دەردی خۆت بکەوە و دەرمانێکی بۆ پەیدا بکە و ئیتر با پێوە نەێ و تەشەن نەهێنێ. تۆ چووزانی تۆرەمەی داهاتوو ئەویش پتر لە هەزاران هەزارساڵی ئایندە چۆن دەبێ و چ دەردێکی لێ دەبێ؟

لە دواییـدا ئەوە دەگەیەنـێ، کە دەبـێ زانـست و زانیـارییەکی بخوێنی کە بە کەڵکی گەل و نیشتمانەکەت بێ و گەل و نیشتمانت پێی ببێتە شای گەلان و لە نێو گەلانـدا دەرکەوێ و دیـار بـێ و بە گـوتنی هەڵـوا زار شیرین نـابێ و قسە هـیچ نییە و دەبـێ کـار و کردەوەت هەبێ. نابێ بە قسەی ئەو شێخۆلکانە بخەڵەتێن، چونکە ئەوان بەڕاستی بەرپرسی ئەوەیان پێدراوە کە خەڵکی لە نەزانیدا بهێڵنەوە و خۆ ئیتر هەر بۆ ئەوەش دروست کراون و بەس. ئەوان لە دژی زانـــست و زانیـــاری و لە دژی ئـــایینی راســـتەقینە و تەکپەرستی شۆڕشێکی نهێنییان دەس پێ کردو هەرچی پێشکەوتن و زانست و هـونەر بـوو، رایانمـاڵی و لە چوارچێوەی ئەو نیشتمانە پانوبەرینە ئەو شۆڕشە ناپیرۆزە ئەنجام دراوە و بە جارێکی پەکی ئەو وڵاتەی خستووە و خەڵکە بەشەڕەفەکەی جـارانی وەهـا بەرەو پەستی بـردووە کە ئەگەر هەتـا سـەر وا بـێ و بۆیـان بلـوێ بەش و مافی لە ناوچوونە!!

ئەو جار دێتە سەر باسی خۆشی و ئاو و هەوای کوردستان بـاس دەکـا و دەڵـێ لە گـوێن بەهەشـتێ سـاز کـراوە و کوردسـتان نمـوونەیەکی زینـدووی بەهەشتی بەریـنە و هەر لە شـاری کـۆیەڕا هەتا دەگاتە مەراغە هەمووی ئاو و بەراو و بـاغ و راغە. ئەوەش کە

مەراغە بە کوردستان دادەنێ ئاماژەیەکە بۆ ئەو راستەقینە مێژوییە کە دەڵـێ لە کـۆنڕا تەورێـزو تەنـانەت بگـرە ئیـسفەهانیش هەر کوردستان بووە و وردە وردە کوردەکان بە هۆی گوشاروپاڵ پێوەنان پاشەکـشەیان لـێ کـردوە و بە جێیـان هێـشتووە و تورکەکـان و فارسـەکانیش لە جێـی وانـدا نیـشتەجێ بـوون. و ئیتـر ئەو هەرێمانەیان لێ دابڕیون و کردوویاننەتە تورکستان.

خوا لێخۆشبوو مامۆستای گەورەمـان هەمووبەڵا و بەدبەختـی و نەگبەتییەکـی ئەو کـورد و کوردسـتانە لە شـێخەکان دەزانـێ و پێـی وایە کە هەمـوو رۆژەڕەشـییەکی ئەو گەل و نیـشتمانە لە سـایەی وانەوەیە و ئەوەش دەڵـێ کە مەلا نەزانەکـانیش هاوکـاری وانـن و نەک هەر هاوکـار، بەڵـکە نـۆکەری وانـن و تەنـانەت وەکـوو تـاژی راویانن و کەروێشکیان بۆ لە لانێدا دەگرن واتـا ئەو خەڵکەیـان بۆ دەکەنە نێچیر و دەرخواردیان دەدەن. بەڵام مەلا زانا و دڵسۆزەکانی گەلـیش وەخـتە لە داخـان دیـق بـکەن و بگـرین. جەرگیـان رەش هەڵگەڕاوە و وەکوو پەڵاس و هیچیان بۆ نـاکرێ، چـونکە ئەوانـیش هەر یەکیەتییان نـیە یـان ئاگایـان لە یەکتـر نییە. بـێگومـان بـێ یەکبوون و یەکیەتیش هیچ کارێکی کۆمەڵایەتی و رامیاریش ناکرێ.

دەگێڕنەوە کە مامۆستا خۆی زۆر جار دەیفەرموو هەرچەند دەکەم سێ مەلام بۆحاڵی ناکرێن بە دڵ پێکەوە بن. ئەگەر بێتـوو مـن سـێ مەلام لەگەڵ بـن سـێ پـارچەی کوردسـتانی دابەش کـراو دەکەمەوە یەک و سەربەخۆی دەکەم.

جـا بەڕاسـتیس هەمـوو هۆنراوەکـانی مامۆسـتای بەڕێزمـان بـۆ ئەوەی دەبن کە بە ئاوی زێڕ بنووسرێنەوە ودیوانەکەشـی بۆئەوەی دەبێ وجێی خۆشیەتی کە هەموو زێڕکفت بکرێ و زێڕەوشـانی کەن. یان لانی کەم بۆ ئەوەی دەبێ کە هەموو کوردێکی بەشەڕەف تەواوی

هۆنراوەکانی و بەتایبەتی ئەو بەستەیە لە بەر بکا و هەمیشە وەک سروودێک بیخوێنێتەوە.

هەواڵـــــی کــــورد و کوردســــتان دەپرســـــی
وڵاتــــی چـــۆڵ و قەومــــی رووت و برســــی
لە ســـایەی شـــێخ و شـــەیتان، عــیلم و ئیمـــان
لە نێـــو کـــوردان نەمـــاوە، خـــۆڵ وە ســـەرمان
لە شـــاری کـــۆیە هەتـــا دەچـــیە مەراغە
هەمـــــووی ئـــــاو و بەراو وبـــــاغ و راغە
لە تەک شـــاخی ســـەفین و کێـــوی کۆســـرەت
هەزار جـــێگەی هەیە مانەنـــــدی جەنـــــنەت
ســـــەری حـــاجی قەڵا و ســـۆڵی چنـــارۆک
بە بـــێوێـــنەن لەگەڵ شـــوێنی حەمـــامۆک
ســـوێندت بـــۆ دەخـــۆم بەو خـــودای بـــێچـــوون
بە قـسەی شـێخۆلکان کـورد لە دیـن دەرچـوون
قەســـــەم بەو خـــودای خەللاقـــی کورســـــی
مامۆســــتای برســــی لە خــــوا ناترســــی
مەلا و شـــێخەکان بـــێدیـــن و بەدخـــــوون
(ألا إنهـــــــم هـــــــم المفـــــــسدون)
شـــێخی حیلەبـــــاز بە فـــــاڵ و نوشـــــتە
ســــەد پیرەژنـــــان دەبـــــا لە خـــــشتە
مامۆســــــتای فەقیـــــر لاڕێ دەنــــــۆڕێ
بـــۆ کـــۆتکە ماســـتێ شـــەرعی دەگـــۆڕێ
مامۆســــتای زانـــــاش جەرگـــــی پەڵاســــە
وەخـــــتە دیـــــق بکـــــا بەو بـــاس و خواســـە
رەبیـــی شـــێخەکان کـــۆر و مـــادوور بـــن

ئەو فێڵبازانە لە کوردان دوور بن
ئەو شێخە حیزەی چاو بە فرمێسکە
ئەم های و هوویەی بۆ نیسک و گیسکە
ڕەببی مامۆستای سەر و مێزەر زل
هەر دەربەدەر بی لە مەئوا و مەنزڵ
ئەی شێخی جاهیل زۆر چاک بزانە
خودا عالمی سیرڕ و نیهانە
ئەی مەلای نەفام ئەتۆ بی و خودا
لە بۆ چی ڕێگەت لە کوردان تێک دا؟
عیسا دێتە خوار ئیمڕۆ و سبەینێ
ئیش و کاری تۆ هەموو پێک دێنێ
لای مەلا وایە هەر کە مەهدی هات
خەڵاتی بۆ دێ جوببە بە قەڵات
وا چاوەنۆڕە مەهدی بێتە دەر
خۆ هەر نەهاتیش جەرگی هاتە دەر
ڕەببی مامۆستا هەر وا بناڵی
حەشری تۆ بکەن لە گەڵ جرجاڵی
ئەم باس و خواسە هیچ فایدەی نییە
ئیمڕۆ بنوارە حاڵی تۆ چییە
عیلمێ بخوێنە بۆ گەلت چا بێ
گەل و مەفتەنت بە عیلمی شا بێ
ئەم قال و قیلە و ئەم های و هۆیە
گشتی مایەیی بەدبەختی تۆیە
عیلم و زانستێ بێنە کایەوە
کە هەرکەس خوێندی پێی حەسایەوە

هەتـــــاکوو گەلــــــت بە ســــــەر بـــــکەویٚ
لە نـــــــاو گەلانــــــــا بەدەر بــــــکەویٚ
حەزرەتـــــی عیـــسا چـــی کـــرد لە بـــۆ خـــۆ
کە هـــاتە خـــواریٚ چـــی دەکـــا بـــۆ تـــۆ؟

شۆخی کوردی

مامۆســتای دڵســووتاو و جەرگ هەڵقرچــاوی کــورد وەکــوو ئەوینـداریٚکی بەسۆز و دڵ پڕ خۆشەویـستییە کە لە هـیچ کـات و ساتیٚکدا یارەکەی خۆی فەرامۆش ناکا و هەمیشە هەر لە یادیەتی و قەت لە بیری ناچیٚتەوە.

جا بەڕیٚزیشیان کە لە راستیدا ئەویندارى دڵ برینداری بەئـازاری گوڵی رزگاری کوردەوارییەو ئەوەندەشـی رق لە دژمنـی گەلە ستەم لیٚکراوەکەیەتی کە هەر کاتیٚک بۆی هەڵکەویٚ دەیهەویٚ بەردیٚکی تـیٚ بگریٚ و سەرنیٚزەیەکی بگەیەنیٚتـیٚ و نـووکە خەنجەریٚکـی تـیٚ رۆ کـا یان گوللەیەکی پیٚوە نیٚ.

ئەو گەل ناسە دەیهەویٚ وەک خۆی خەڵک رابیٚنـیٚ و خـۆی ئاسا چینەکانی جۆراوجۆری گەل دۆست و دژمنی خۆیان بناسن.

جا هەر بۆیە ویٚڕای ئەوەی کە لەو پـارچە هەڵبەستەدا ژیـواری خۆی و یارە خەیاڵییەکەی باس دەکا تیخی تیژ و ترونجی برِڕەری زمـانی بە سکاڵا وە کـار دەخـا و دەڵـیٚ ئەو یـارە بـیٚ میهرەی مـن ئەوەندە مەکرۆ فیٚڵبازە کە هەر دەڵیٚی نەخشبەندییە.

نەخــشبەندی و قــادری کە دوو رچە (طریقــت)ی شــیٚخایەتی لە کوردســتانن و هەر یەکەی بـۆ فیٚڵبــازی و فریـو دانــی خەڵــک بە

چەندین رچەی دیکە دابەش دەبن و بەو جۆرە کوردستانی گەورە و موسڵمانانی کوردیان لە بەینی خۆیان دابەش کردووە.

مامۆستا وا دەگەیەنێ کە ئەوان ئەوەندە فێڵباز و مەکرۆن کە خەڵکی سادە و ساویلکەی کورد لە فێڵ و مەکری وان ناگەن و ناتوانن لە رامیاری رێوی رەوشانەی وان حاڵی ببن و .. جا بۆیە دەڵێ:

بە پارچێکی برنجۆک خۆی دەپۆشێ
بەڵێ مەککارە بۆیتە نەقشبەندی
ئەگەر بێت و تەوەجوە کاتە قەلبم
بە جارێ دەبمە شێخی سوهرەوەردی
خەبەردانی لە خۆت کاتێ دەزانی
بە فێڵی ساحیرانە عەقڵی بردی

بەڵێ مامۆستا دەڵێ ئەو شێخانە کاریان وەهایە تا تۆ بێدار و ئەغیار دەبییەوە بە خۆت دەزانی ئەوان هۆش و بیر و ئاوەز و ژیریی تۆیان بە فێڵ و فێڵبازی بردووە، تۆ تازە بە جارێ لە رێی راست لادراوی.

ئەمجا دێتە سەرباسی خۆشەویستی زێد و نیشتمانەکەی و دەڵێ چ ئەندازەم شاری کۆیە بە تایبەتی لا خۆشەویستە کە وردکە بەردو خاک و خۆڵی وێ بە دورڕ و گەوهەر و مەرجان ناگۆڕمەوە.

هەروەها دەفەرموێ لە دنیایەدا هیچ شارێک ناگاتە شاری کۆیەو ئەو شارە لە هەموو شاران باڵاتر و باشترە. جا بە تایبەتی دیمەنی بەهارانی کە باغ و راغ و دار و باری ئەو ناوچەیە پشکووت و گڵووکی زەرد و سووری تێکەڵ بوون و چۆم و زێ و رووبار و شەتاوەکانی هەڵستان و کێو و گرد و دەشت و دۆڵەکانی خەمڵین و

هەوای خۆش و ئاوی سارد و بێگەرد و خۆش و ڕەوانی وی بەو دیمەنە جوانەوە کە هەیەتی هەر دەڵێی بەهەشتی بەرین و جێگەی هەر مانەوەی خواناسانە لە ڕووی عەردی.

ئەو پارچە هەڵبەستەی جەنابی مامۆستا تەنیا پارچە هەڵبەستی ئاشقانە و دڵدارانەیەتی و جگە لەو پارچەیە هۆنراوەی دیکەی دڵدارانەی نەبووە و نەنووسیوە یا وەبەر دەستی ئێمە نەکەوتووە.

بەڵام ئەگەر کەمێک بەوردی سرنجێک بدەینە ئەوتەنیا هەڵبەستە دڵدارانەشی، دەبینین کە پڕپڕە لە ڕامیاری و سۆزی دەروون و دڵسۆزی بۆگەل وهۆزی و دەس نیشان کردنی چاوبەست و فێڵباز و هەروەها سۆزی نەتەوایەتی. هەروەها پڕ و ئاخنراوە بە مەسەلە گەلی مێژوویی و سروشتی و ئەوینداری ونیشتمانی و گەلدۆستی و وڵات ویستی.

مامۆستا هێمنیش پارچە هەڵبەستێکی هەیە من خۆم زۆرم پێ خۆشە هەر دەڵێی هۆنراوەکانی جەنابی مامۆستای بە وردی خوێندۆتەوە و بە چاکیش لێیان حاڵی بووە و تێیانگەییوە کە مامۆستای پایە بەرزی کۆیی لە هەموو حاڵەتێکدا زێد و نیشتمان و گەلە چەوساوە و دابەش کراوەکەی هەر لە بیرە و هەرگیز فەرامۆشی ناکا و ئیتر ئەو مەبەستەی زۆر ژیرانە و زیرەکانە لەوی وەرگرتووە و وەستایانە و لێزانانە لە قاڵبێکی دیکەی هۆنراوەدا دایڕشتووە کە ئاوا دەس پێ دەکا:

لە شاییدا لە وەختی پێکەنینا
لە خۆشیدا لە کاتی هەڵپەڕینا
لە کاتێکا کە ڕاکشاوم لە جێدا
لە شار و کووچە و کۆڵان و دێدا
لە سەیرانێ دەمی ڕاو و شکارێ

لەجێژوانـــێ کە دەکوشـــم مەمکـــی یـــارێ
لە کـــۆڕی مـــاتەم و گریـــان و شـــینا
ئەمـــن ئەی نیـــشتمان تـــۆم هەر لە بیـــرە
لە کاتێکـــا کە رادەبـــرم بە رێـــدا
ئەمـــن ئەی نیـــشتمان تـــۆم هەر لە بیـــرە
لە مەزرایە کە خـــۆم هەڵکـــرد لە کـــارێ
ئەمـــن ئەی نیـــشتمان تـــۆم هەر لە بیـــرە

جا ئەوەش "شۆخی کوردی" مامۆستا کۆیی:

شۆخی کوردی

تەماشـــا لار و لەنـــجەی شـــۆخی کـــوردی
دەخیـــل ئەم عیـــشوەیە کـــێ فێـــری کـــردی؟
چ داغ و ئـــــاگرێکی دا بە جەرگـــــم
بە کـــوڵمی ســـوور و خـــاڵی لاجیـــوەردی!
بە پـــارچێکی برنجـــۆک خـــۆی دەپۆشـــێ
بەڵـــێ مەککـــارە بـــۆیتە نەقـــشەبەندی
ئەگەر بێـــت و تەوەجـــوە کـــاتە قەلـــبم
بە جـــارێ دەبـــمە شـــێخی ســـوهرەوەردی
خەبەردانـــی لە خـــۆت کـــاتێ دەزانـــی
بە فێڵـــی ســـاحیرانە عەقڵـــی بـــردی
لە شـــەکراوی بە بەفـــرێ خۆشـــترە لام
قـــسە و گوفتـــاری لاوی بەفـــری قەنـــدی
ئەوەنـــدەم شـــاری کـــۆیە لا عەزیـــزە

به دوورِ و لەعلــــــــی نـــــــادەم وردکە بەردی
لە دنیـــــادا چ شـــــار نـــــاگەن بە کـــــۆیە
بە رووبـــــار و بە دەشـــــت و کێـــــو و گـــــردی
کە پـــــشکووت بـــــاغ و راغ و دار و بـــــاری
کە تـــــێکەڵ بـــــوو گڵـــــووکی ســـــوور و زەردی
هەواکەی خۆشـــــە ئـــــاوی ســـــارد و خوشـــــی
بە عەینـــــی جەننەتـــــول‌خولـــــدە لە عەردی

سۆفیایەتی

روون کردنەوەیەک لە سەر سوهرەوەردی و ڕێبازەکەی.

ســـوهرەوەردی: چەن کەس لە زانایـــانی بەرز و بە ناوبـــانگی ئیسلامی بە نازنێوی سوهرەوەردی بەناوبانگن کە بریتین لە:

١ــ عەبـدولقادر ئەبوونەجیـب کـوڕی عەبـدوڵڵا سـوهرەوەردی پیـــاوێکی زانـــا و هەڵکەوتووبـــووە لە عێـــراق ولە ســـۆفیایەتیدا دەستێکی باڵای هەبووە. لە گوندی سوهرەوەردی نێزیـک زەنجـانی کوردسـتانی ئێرانـیّ لە سـەدەی شەشـەمی کـۆچی مانگیـدا لە دایـک بووە و چـۆتە بەغـدایە ولە فێـرگەی نیـزامییەی گەورەی ئەو شـارە خوێنـدنی خـۆی تەواوکـردووە وپاشـان گۆشـەگیری هەڵبـژاردووە و دووری لە خەڵکـــی کـــردووە تامـــاوەیەکی زۆر، پاشـــان خـــۆی دەرخستووە و هاتۆتەوە نێوگەل وخەڵکی بانگ کردووە بـۆ ڕێبـازی سۆفیایەتی و ژمارەیەکی یەکجار زۆر پەیڕەوییان لیّ کردووە.

پاشـان داوایـان لـیّ کـردووە بـۆوانەوێژی (تـدریس) لە فێـرگەی نیـزامییەی بەغـدایە، ئەویـش قبـووڵی کـردوە وئەوپیـشە پیرۆزەی

درێژە پێداوە تاساڵی ٥٦٣. هەرلەوساڵەشداکۆچی دوایی کردووە.
واوێدەچێ کە ئەو پیاوە پیرۆزە کوردە ئەگەرلە سۆفیایەتیەکەی پەشیمانیش نەبووبێتەوە زۆری گرینگی پێ نەدابێ. چونکە وانەوێژییەکەی پێ چاکتر بووە. خۆ روون و ئاشکراشە کە لە فێرگەی نیزامییەدا سۆفیایەتی نەخوێندراوە.

۲ـ ئەبولفەتح یەحیای کوڕی حەبەش سوهرەوەردی: پیاوێکی زۆر زیرەک و هۆشیار و زانا بووە و یەکێک بووە لە بلیمەتەکانی سەدەی شەشەمی کۆچی مانگی. چەندین کتێبی وەک: (۱ـ التنفیحات فی اصول الفقه ۲ـ التلویحات ۳ـ الهیاکل) داناوە وچەندین کەسی وەک مجدالدین الجبلی وفخرالدین رازی شاگردی وی بوون و لە خزمەتیان خوێندووە.

سەرەنجام لە تەمەنی ۳۸ ساڵیدا لە حەڵەب مەلیک زاهیری کوڕی سەلاحەدینی ئەییووبی دەستووری کوشتنی وی داوە و کوژراوە. گۆیا سەلاحەدینیش دەستووری لە سەرکوشتنی سوهرەوەردی هەرداوە چونکە ئەو پیاوە وەک دەگێڕنەوە لە دژی دێژە(شریعت) زۆرفتوای جۆراوجۆری داوە، جائەگەروابێ سەلاحەدین هەر بۆیە دەبێ دەستووری کوژرانی وی دابێ. دیارە ماک و بنچینەی سۆفیایەتی وشێخایەتیش هەردژایەتی دێژە پیرۆزەی ئیسلامە بەڵام لە ژێر پەردەدا و زۆربە نهێنی و ئیتر هەموو کەس ئاشکرای ناکاو.

۳ـ عومەری کوڕی محەمەدی شەهابەدین سوهرەوەردی ئەبوحەفس یەکێک بووە لە دێژەوان(فقیە)و زانا هەرە بەرزەکانی پەیڕەوی پێشەوا شافیعی. زۆرپارێزگاروزاناوخواپەرەست بووە لە ریشتەی سۆفیایەتیدا دەستێکی زۆربالای هەبووە و

لەوریبازەداخەباتێکی شێلگیرانەی کردووە و سەرەنجام لە ساڵی ٣٦٢ کۆچی مانگی لە شاری بەغدایە کۆچی دوایی کردووە.

٤ـ محەمەدئەمین کوڕی عەبدورەحمان کوڕی محەمەد حەسەن کوڕی محەمەدساڵح سوهرەوەردی یەکێکە لە زانا بەرزەکانی کوردی جیهانی ئیسلام و لە بەغدایەدا ژیانی هەرە زۆری خۆی بردۆتە سەر.

ئەو بلیمەتە زۆرتر لە زانیاری مێژوودا کاری کردووە و لەو بارەوە دەستێکی باڵای هەبووە. دوای تەواوی کردنی خوێندنەکەی ماوەیەکی زۆریش وانەوێژی کردووە و شاگردی پێگەیاندوون. لە پاشان بۆتە ئەندامێکی دادگای پێداچوونەوە (تجدید نظر)و ماوەیەکیش شارەوانی شاری سامەڕا و هەروەها یەک دوو شاری دیکەش بووە.

ئەو هۆزانە نووسراوەشی زۆرن بۆ نموونە مێژووی بەغدایە، کە بە نێوی پەراوێزی مێژوو نووسیویەتی. هەروەها دیوانی هۆنراوە و هتد و لە ساڵی ١٣٢٠ لە بەغدایە کۆچی دوایی کردووە.

جالێرەداکە مامۆستای کۆیی دەڵێ:

ئەگەر بێت و تەوەججوە کاتە قەلبم
بە جاریَ دەبمە شێخی سوهرەوەردی

بۆئێمە روون نیە کە مەبەستی کامە سوهرەوەردییە کە هەرکامیان لە وی دی گرینگترە و وەک شێخ رەزا لە بارەی کیژە جوانەکانی کۆیەوە دەڵێ:

شاری کۆیە کە لەباڵەب لە بتی نۆش لەبە
گەر فەلەک لێ بگەڕێ مەنبەعی عەیش و تەرەبە

دڵبەرانــی بە مەســەل هەروەکــوو ئەشــعاری مــنن
کامیــان لێــی بگەڕێــی ئەم لەمییــان مــونتەخەبە
غــارەتی عەقڵــی منــی کــردووە زیبــا ســەنەمێ
عــاریزی میــسلی قەمەر، قــامەتی نەخلــی روتەبە
زێــوی دانــاوە لە ژێــر لێــوی ئەمــم گــۆی زەقەنە
ســیمی خــڕ کــردووە وەک گــۆ کە ئەمیــشم غەبەبە
پێــی گــوت بــۆ مــاچێ ڕەزا کــافرە نەیــدایە وتــی:
ئەی خــودا ئەم کــوڕە شــێخ زادەیە چەن بــێئەدەبە

راستی ئێمەش هەرکام لە سوهرەوەردییەکان بگرین لەمیان هەڵبژاردەیە و هەر کام لەویتر زاناتر و وریاتر و داناترە.

جا لێرەدابە پێویستی دەزانم، کە کەمێک لە سەر تەسەوف یاسۆفیایەتی بدوێم. تەسەوف یا سۆفیایەتی شتێکە دووسەد ساڵ دوای کۆچی پێغەمبەری مەزنﷺ پەیدا بووە و پەیدا بوونەکەشی لەوەیڕا بوو، کە زۆربەی خەڵک روویان لە دنیاداری کرد و تا رادەیەک لە دین دوور کەوتنەوە، بەڵام هێندێک هەر لە سەر رەوشی پێشوو مانەوە و سەرەنجام وای لێهات ئەوانە بە نیازی دڵپاکی و پارێزگاری و بە نیازی دووری لە دنیا بەرگی زووری لە خوری ساز کراویان دەبەر دەکرد و چونکە بە عەرەبی بە خوری دەڵێن (صوف) ئەوانە بە صوفی واتا خوری پۆش مەشهوور بوون. جا لەوە بە دوایەش زۆر کەس کەڵکی خەراپیان بە قازانجی خۆیان لێ وەرگرتووە و هەروەها لێشی وەردەگرن!!

بەڵام دەبێ ئەوەی بزانین کە سۆفیایەتی راستەقینە ئەگەر فێزیکی زیادی نەبێ ولە شتە وەدیهێنراوەکان نەبێ کە پێغەمبەرﷺ بە توندی بە سەر وەدیهێنەرەکەیان دادەتاوە شتێکی خەراپ نییە. بەڵام هیچ پێویستیش ناکا نێوێکی تایەبتی بۆ دابنرێ چونکە تا

دوای دووسەد ساڵیش دوای کۆچی پێغەمبەرﷺ هیچ نێوێک لە ئیسلام زیاد نەکرابوو و هەر کەس لە سەر ڕێبازی ئیسلام بایە پێیان دەکوت موسڵمان و ئەوی لە سەر ئەو ڕێبازەش نەبایە پێیان دەگوت کافر.

جا ئەوجارلەوێ بەولایەوە نێووناتۆرە ودەستە وگروپ وئایینزا (مذهب)ەکان وردە وردە سەریان هەڵداولە سەرەتای پەیدا بوونیشیاندا زۆرترینیان ژێر زەمینی بوون وبە دزی کاریان کردووە.

پێغەمبەری مەزنیشﷺ لەو بارەوە دەفەرموێ: (افترقت اليهود على احدى وسبعين فرقة ثم افترقت المسيح على اثنين و سبعين فرقة و ستفرق أمتي على ثلاث و سبعين فرقة و كلهم فى النار إلاّ فرقة واحدة و هى الفرقة الناجية. قالوا: و ما هي يا رسول الله؟ قال: و هي التي على ما انا و اصحابي عليه).

بەڵێ پێغەمبەرﷺ فەرمووی: جوولەکەکان بوون بە٧١ دەستە و فەلەکانیش دوای وان بوون بە ٧٢ دەستە و لەوە بەدواوە ئوممەتی منیش دەبن بە ٧٣ دەستە و هەموویان گومڕان و دۆزەخین جگە لە یەک دەستە کە ئەوان دەستەی ڕزگارن. کوتیان ئەو دەستە کێن ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی: ئەو دەستەیەن کە لەسەر ڕەوشی من و یارانی منن.

جا بەڕاستی ئێستا زۆر لەوەش تێپەڕیوە و ڕەنگە دەستەجاتی موسڵمانان لە ٥٠٠ و هەزاریش تێپەڕ بێ.

خوای گەورە دەفەرموێ: (وَمن يبتغ غير الاسلام دينا فلن يقبل منهو هو في الآخرة من الخاسرين) هەرکەس جگە لە ئیسلام ئایینێک هەڵبژێرێ تەنانەت ئەگەر بە نێوی ئیسلامیش بێ هەرگیز قەبووڵ ناکرێ و ئەو کەسە لە دواییدا لە خەسارومەند و ڕەنج

بەخەسارانە. (وماذابعد الحق الاالضلال) چییە دوای هەق و رەدا، جگە لە گومڕایی؟

خۆم لە کتێبی شێخ و شێخایەتیدا ئەو مەبەستەم لە زمانی چەندین زانای ئیسلامی گێڕاوەتەوە و نووسراوەکەی خودی وانم هێناوە.

بەڵێ زۆر بە داخەوە دەبێ بڵێین خەڵک ئەوا گۆیەکانی گێشوشی بێبڕانەوە (کرات فضای لایتناهی) یەک لە دوای یەک دێنێتە ژێر دەستی خۆی و رامیان دەکا بەڵام ئێمەی موسڵمانی هیچ نەزانیش هەر دەبێ بڵێین ئەرێ لەو هەموو رچە و رێبازانە کامیان رەوایەو وەک بەڕێز رەفیق حیلمی دەڵێ:

هیممەتی ئەربابی عیرفان بێستوون ئیحیا ئەکا
ئەو کەسەی دڵسۆزی میللەت بێ وەتەن ئاوا ئەکا
نووری عیلم و مەعریفەت وا شەرق و غەربی گرتووە
قە و می ئێمە تا زە تەعلیمی خە ت و ئیملا ئە کا
بەسیە فیکری بێسە مە ر ئیمڕۆکە وەقتی غیرەتە
خاکی کوردستان لە ئێمە هیممەتێ داوا ئەکا
ئێستە بێعیلم و هونەر ژینی بەشەر مومکین نییە
چۆن لە فەننی عەسری حازر کوردی ئیستیسنا ئەکا
ئەورووپا کەشفی زمانی چۆلەکە و مەیموونی کرد
تازە کوردستانی ئێمە باسی ئەلفوبا ئەکا

هەناسە هەڵکێشان و پاڕانەوەی مامۆستا

مامۆستای گەورە وگران وخواناسی راستەقینەمان لە هیچ کات و ساتێکدا خـوای گەورەی لە بیرنەچـۆتەوە ولە هەمووحـاڵەت و ژیوارێکدا هەر پەنای بۆ وی بردووە وهانای هەربردۆتە بەربارەگای گەورەی وی ولە کەسـی دی نەپـاڕاوەتەوە و داوای قەت لە بـێجگە لەوی نەکـردووە و راز و نیـازی خـۆی هەرلە گەڵ ئەوی کـردووە و ئاتـاجی و پێویـستییەکانی خـۆی هەرلەوی ویـستووە و بـێگومـان بەڕاستی گوتوویەتی: (اياک نعبد و اياک نستعين).

ئەو بلـیمەتە پـسپۆڕە خـودای وەک زانـایەکی سـەرەتای ئیـسلام ناسیوە و پێـی وا بـوە کە بە بێویـستی وی هـیچ کارێـک نـاکرێ و هەرچـی ئەویـش بیکـات گەڕانەوەی نییە و هەر دەبـێ و دەبـێ هەر بشبێ و پێـی وا نەبـووە کە خـودا لە هەر گۆشـەیەکی زەوی کوێخـا یان گزیرێکی داناوە و هەموو کاروباری خۆی لەمەڕ خەڵکەوە بەوی ئەسپاردووە و هەرچی ئەو قوڵە شێخ و کۆنە کوێخا و گزیر و قوڵە چۆماغانە نەیکەن نابێ و هەر کەس ئەوان نەیبەخشن نابەخشرێ.

ئەو وەک خواناسـە گەورەکـان خـوای نـاسیوە و لە سـەر پـێ و شوێنی وان رۆییشتووە. هەرگیـز وەک ئیـسلام نەناسـانی زانـانوێن پێی وا نەبووە، کە گەل دۆستی و نیـشتمان پەروەری و مەسـەلەی نەتەوایەتی دژی ئیسلامە و لەگەڵ ئایینی خوادی ناتەبا و نامۆیە.

ئەو ویـستوویەتی هەمـوو گەلێـک بە مـافی خـودا پێداوی خـۆی بگات و لە ژێر ئاڵای پیـرۆزی ئیـسلامدا وێکـڕا بـژین وبحـاوێنەوە و تـاقە رێـگەی کـامەرانی و خۆشـبەختی و ئـازادی ورزگـاری تیـرەی مرۆڤیشی هەربە ئیسلام زانیوە و بەخـتەوەری کۆمەڵگـای خەڵکـانی

جیهان بە گشتی و گەلی هەژار و دابەش کراوی کوردی بە تایبەتی هەر لە قورئان و ئیسلامدا دیتووە و بەس و بۆ چارەی هەموو دەردە کۆمەڵایەتییەکان هەر لە ئیسلام و قورئاندا گەڕاوە و ڕەوگە و ڕێبازە جۆراوجۆرەکانی ساز کراو و داتاشراوی دەستی خەڵکی قەبووڵ نەکردووە و وەلای ناون.

هەروەها ئەو قەت پێی وا نەبووە کە خودا لە بەردەستی شێخ و پیراندا بێدەسەڵات وگوێ ڕایەڵی قسە وفەرمان یان لانی کەم ئەنجامدەری بێ چی و چەند وچۆنی داواوتکا وفەرمانەکانی وانە وەک مریدگەل ووشکە سۆفی و موسڵمانە لە ئیسلام حاڵی نەبووە فریودراوەکان وادەزانن!!

ئەو بەڕێزە ویستوویەتی ئیسلامی پیرۆزلەگەڵ بیروهەستی گەلە بەشخوراوەکەی تێکەڵ ببێ وببێتە هەوێن وئاوێتەی وێژە و فەرهەنگی ڕەسەن وپوختە وپاراوی کوردی وبنەما وبەردی بناغەی ژیانی کوردەواری. جادەبێ ئەوەش بڵێین کە ئەوە ویست وخواستی گەلێک لە خاوەن ویستانە. لە وڵاتی کوردستانا بەڵام لە بەرئەوەی لە ڕێگەی ڕاستی ئەو ویستە پیرۆزە لادەدەن نە بە ئاوات دەگەن و نە ئەو جۆرە کە پێویستە و دەبێ ببێ گوڵ دەکەن.

مامۆستای بەهەست و خودا ویستمان باوەڕی پتەووقایم وقۆڵی بەوە هەبووە کە ئەگەر هەرکەس بە زمانی زگماکی خۆی لە ئایین حاڵی بکرێ باشترین هەنگاو بۆ بەرەو پێش بردن وپەرە پێدان و بایەخ دان بە ئایین هەڵگیراوە وخوداش هەربۆیە پێغەمبەرانی بە زمانی خۆیان بۆناردوون (وما ارسلنا من رسول إلاّ بلسان قومه).

خوا لێخۆشبوو گیوی موکریانی لە دیباچەی فەرهەنگی مەهابادا بەسەرهات و ڕووداوێکی زۆرناخۆش ودڵتەزێن وکەسەرهێن دەگێڕێتەوە و دەڵێ : کاکم حوسێن حوزنی داماوی موکریانی

پەرتووکی ("منهاج الطالبین)"ی بە کوردی وەرگێڕابوو. مامۆستای کۆیی و مامۆستای گچکەی هەولێری پێکەوە لەسەریان نووسیبوو: (ئافەرین حوسێن حوزنی تۆلات وایە کە بەو کارەت خزمەتت بە فەرهەنگ وزمانی کوردی کردووە، خوادەیزانێ خزمەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلامت پتر کردووە). هە روەک ئاماژە ی پی کرا-

کاتێک کە خوالێخۆشبوو دەیهەوێ ئەو کتێبە چاپ بکا هێندێک لە بە رواڵەت مەلا و مەلا نوێنەکانی ناوچەی رەواندزی دەیانهەوێ بەرگری لێ بکەن و تەنانەت لە بەرکوردی نووسین و کوردی چاپ کردن ئەو دووبرایە بە گاور لە قەڵەم دەدەن ولە لای فەرمانداری شار گەلێک بەدبێژی دەکەن. ئەوانیش داوا دەکەن لە فەرماندارکە مەلایەکان کۆبکاتەوە و رووبەڕووی یەکتردایانبنێ و و دەمیان پێ بدا کە پێکەوە لە خزمەت ویدا بئاخێون. سەرەنجام وای لێ دێ تا دەگاتە ئەورادەیە کە فەرماندار لە دوویان دەنێرێ و دەیهەوێ کە بە شێوەیەکی سەخت و توند سزایان بدا.

کاتێک ئەو دووبرایە ومەلا نوێنەکان لە کۆشکی فەرمانداری لە خزمەت فەرماندارئامادە دەبن وباسەکە دەکێشرێتە پێش، بەڕێز خوا لێخۆشبوودااماو دەفەرموێ ئەگەرزمانی کوردی زمانی گاو روزیندیقیانە و نووسینی پێ حەرامە ئەدی ئێوە بۆچی قسەی پێ دەکەن وسەرەڕای ئەوش خۆئێستا لە کوردستاندالە مامۆستای کۆیی ومەلای گچکەی هەولێری مەلاتروزاناترنییە، ئەگەرئەوان ئەوکارەیان پەسندکردبێ وپێیان چاک بێ ئێوە دەڵێن چی؟

ئەوانیش دەڵێن ئەو زانایانە شتی واناکەن. داماوی بەڕێزیش دەستخەتی خودی خۆیانیان نیشان دەدا کە لە سەرخودی کتێبەکەی وییان نووسیبووبویان مۆریان کردبوو. مەلانوێنەکان دەڵێن تۆخۆت

چاپت هەیە و مۆرهەڵقەنی ئیترئەوە ساختەی خۆتە وئەوان هەرئاگاشیان لێ نییە.

ئەویش دەڵێ فەرمووون تەلەفونیان بۆبکەن ولێیان بپرسن . دوای ئەوەی کە ناوێران پێوەندییان لەگەڵ بگرن فەرماندار لێیان تووڕە دەبێ ودەیهەوێ هەموویان لە نهۆمی سەرێی کۆشکەوە هەڵدێرێ بەڵام خوالێخۆشبووداماو تکایان بۆدەکاولە چەنگی رق و تووڕەیی فەرماندارزگاریان دەکا.

ئیترسەدهەزاررەحمەت لە گۆڕی خۆی وکەس وکاری فەرمانداری واو مامۆستا گیوومامۆستای گەورە وگچکە وحوسین داماوی موکوریانی.

بەڵێ راستی دەبێ پێ لەوراستییە بنێین کە دوای ئەوهەمووشەڕوشۆڕو شۆڕشە زۆرانەی، کە لە کوردستانداکراون شۆڕشی کوردجار جارە نەبێ نەکەوتۆتە سەر رەواڵی رەوا و ڕێبازی راستەقینەی خۆی، چونکە یان بە ڕێبازی سۆسیالیستی و کۆمۆنیستی دا کاروانی خەباتیان ئاژواندووە کە وەک روون و ئاشکرایە ئەوانە هەر لە ماکا دژی نەتەوایەتین، یان دواکەوتووی ئەم و ئەو بوون و تادوندی سەرکەوتن رۆیشتوون و لە نەکاوێک لە سەختترین هەڵدێرگە هەڵیانداشتوون و بەوشێوە تاماوەیەکی زۆر دەنگی مافخوازی کورد کپ کراوە و ئەوەش چەندین جار دووپاتە کراوەتەوە. بەڵام لەنێو شۆرشە فەرهەنگییە کاندا تەنیاشۆڕشی مەلای کۆیی دەقاودەق لەسەر ڕێبازی ڕاستەقینەی شۆڕشی کوردی موسڵمان بووە و مووبە موو لەگەڵ بەرنامەی قورئانی پیرۆز بەرابربووە. دەبێ ئەوەش بلیین کە: لە نێو شۆڕشەکانی کورددا چەند شۆڕشیکی وەک شۆڕشی شێخ عوبەیدللای نەهری و شیخ مەحمودی نەمرومە لاسەلیمی دەرسیمی میری کورەی ڕەواندزی و

شیخە بەڕیزەکانی بارزانی زروکوردانە وخۆمالییانـە و موسلمانانە بـوون، بەلام بەداخەوە ئەوڕۆکـە هینـدیک کەسـی سـادە و سـاویلکە دژی ئیـسلام ونهیـاری نەتەوەی کوردخوشـیان لییـان نـایە و بەدوواکەوتوکونە پەرستیان دەزانن!!

مـن خـۆم لام وایە کە ئەگەر پێشەنگەکانی کـاروانی خەبـاتی خوێناوی کوردەواری ئەو کاروانە ماندو و شەکەژۆیە بخەنە سـەر ڕێبـازی راستەقینەی ئیـسلام، وقورئـان بـکەنە بەرنـامەی ژیـان و خەبـاتی نەتەوە چەوسـاوەکەیان تەنـانەت ئەگەر سـەد ئەوەنـدەی دیـش مانـدو و شـەکەژۆبێ سـەردەکەوێ. دەنـا لەوانەیە هەر لەوحاڵەتی نەشکان ونە سەرکەوتندا، تـا مـاوەیەکی زۆری دیـکەش بمێنێتەوە؛ یاخو خوا نەکاتیک بشکیتەوە.

جـێگەی داخ و کەسـەرە کە ئەوڕۆ هەر کەس دەم لە کـوردایەتی و مەسـەلەی کوردبـدا لە لایەک لە لایەن دەوڵەتـانی دەسـەڵاتداری فەرمانڕەوا وخۆسە پێن بە بە سەر کوردستاندا بە سەختی دەخرێتە ژێر گوشاروئازارو زەخـت و ئەشکەنجەوە وتـا سنووری سێدارە و پەت و قەنـارە و کـۆت وزنجیـر دەڕوا و لە لایەکـش ئەوانەی کە خۆیان بە دڵسۆزی کوردورابەری راستەقینەی شۆڕشی رەوای کـورد دەزانن دەیبەن لە سەر گلکۆی ناپیرۆزی مـارکس و ئەنگلـس ولینـین کڕنۆشـی پـێ دەبەن ولایـان وایە کە هەرکەس کـوردبێ دەبـێ هەرکۆمۆنیـست وخوانەویـست و هەق نەبیـست بـێ!! وای لەوبەدبەختییە کە تووشی کوردهاتووە!!

جارێـک لە ڕێکخـراوەی یەکێـک لە گروپەکـانی کوردسـتاندا باڵتۆیەکەی خۆم راخست ودەستم کردبە نوێژ کردن بە تێکڕادەمیـان کردەوە وگوتیان ئەوە چ دەکەی؟! تکایە ڕێکخراوەکەمان لێ نوێژاوی مەکە!! منیش گوتم وەڵڵا ئەگەر هەمووشتان هەڵێن من نوێژی خـۆم هەردەکەم.دابزانن خوشتان کافر ناکە ن ؟!

جارێکی دیکە بەرپرسێکی سادەی یەکێک لە سازمانەکانی کورد دەبینێ وا شۆفیرێک وشەی پیرۆزی(اللە)ی لە پێشی ماشینەکەی نووسراوە. دوای نارەحەت کردنی شۆفیرەکە دەڵێ دەبێ هەر ئێستا لێی وەکەی. ئەویش وەڵامی ناداتەوە ودەڵێ ئەگەر سەریشم ببڕی من وشەی ئەڵڵا لە ماشینەکەم ناکەمەوە.ئەویش خۆی هەڵدەستێ و بە چەقۆ دەس دەکا بە کڕاندنی و خەڵکەکەش دەس دەکەن بە رەخنە لێ گرتنی وناهێڵن وگەلیکیشی لی تورە دەبن و پێی دەڵێن تۆ ئەگەر ئاوابێت حاشالە خوت و لە...!!

جارێکی یەکێک لە ئەندامانی لیژنەی ناوەندی یەکێک لە سازمانەکانی کوردستان گۆیا شەقێک لە مزگەوتێ هەڵدەداودەڵێ هەتا ئەوکلێسخانە لە وڵاتدا بێ ئێمە سەرناکەوین! زۆربەی خەڵکی کوردستان ئەوەیان بیستووە و لێی ناڕازین.

جا ئێمە ئەگەر بە وردی ورد بینانە سرنجێک بدەینە هۆنراوە و نووسراوەکانی مامۆستای خۆشەویست وبەڕێزوکوردی راستەقینەمان بۆمان دەردەکەوێ کە هەردووک لایان تاوانبارەکاوهیچ کامێکیان پەسند ناکات. هەم دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکان وهەم سازمانە کوردییەکان. چونکە ئەوکوردە و داوای کوردایەتی دەکا و کوردیشی لە هەموو کەس خۆشتر دەوێ لە هەموو کەسیش لە سەرمەسەلەی کوردودوای رەوای سوورترە.

بەڵام هەرگیزاو هەرگیز بەو لاو لایاندا نەڕۆیشتووە و لە رێگەی قورئان لای نەداوە و چارەی دەردی گەلەکەی تەنیا لە ئیسلامدا دیتووە. دەبینین کە چۆن هانا دەباتە بەرخوای گەورە وچۆن سکاڵا دەکاو لێی دەپاڕێتەوە وچۆن باسی هەژاری و لێقەوماوی و بێچارەیی و بێکەسی گەلی کورددەکا ئەمجا لە دواییدا چۆن بە سەر

کورداندا دێ و سەرکۆنەیان دەکا و دەڵێ:

هەناسە هەڵکێشان و پاڕانەوە

یـــا رەببـــی بە لوتـــف و جـــود و ئیحـــسان
روحمێکـــــی بـــکەی لە حەققـــی کـــوردان
قەومێکـــــــی فەقیـــــــر و ناتەوانــــــا
بـــــێ پەروەر و بـــــێ پیـــــاوی دانــــا
بـــــێ مورشـــــید و عـــــالمی سیاســـــی
بـــــێ ســـــەتوەت و قاعیـــــدەی ئەساســـــی
بـــــێ روح و حەیـــــاتی ئیجتیمـــــاعی
بـــــێ قـــــودرەت و قـــــووەتی دیفـــــاعی
بـــــێ دەفـــــتەر و کـــــاغەز و کیتـــــابەت
بـــــێ ســـــەنعەت و حیـــــرفەت و کەســـــابەت
{تـــــۆ خـــــوایە بە ئەو قەومە فەقیـــــرە
روحمێکـــــی بـــــکە ئەتـــــۆ ئەمیـــــرا
ئەو قەومە خـــــوایە تـــــاکوو کەنگـــــێ
بـــــۆ چـــــوونەوە مـــــاڵی خـــــۆی بجەنگـــــێ؟!
ئەو قەومە خـــــوایە بـــــۆ وەهـــــا بـــــێ؟!
بـــــۆچی لە هەرچـــــی زیـــــنە دەبـــــێ جیـــــا بـــــێ؟!
بـــــۆ ژێـــــر چەپەرۆکـــــی هەر کەســـــێ بـــــێ
بـــــۆچ دژمنـــــی سەرســـــەختی دەبـــــێ بە ســـــێ بـــــێ؟!}
خـــــاکێکی هەیە وڵاتـــــی کـــــوردی
ئەکـــــسیرە وەلـــــێ لە چەنگـــــی مـــــردی
خـــــاکێکی ئەوەنـــــدە پـــــاک و رەنگـــــین

قەومێکـــــی ئەوەنـــد فەقیـــر و بـــێ‌تـــین
ئەی کـــاکی نەفـــامی گەوجـــی مـــل‌هـــۆڕ
بنـــــــوارە لە دەوری بـــــابە گورگـــــــوڕ
ئەو نەوتە چ بــــــوو چلــــــۆن بەدەرکەوت
چـــــۆن هەڵــــــدەقوڵێ مەنــــــابیعی نەوت
ئەو نەوتە بــــــوو ئـــــاگری هەڵایـــــساند
چەنـــد دەوڵەت و تـــاج و تەختـــی فەوتانـــد
ئەو نەوتەیە بــــــوو کە چــــــاردە ملیــــــوون
عەســـکەر لە فەرەنـــگ و نەســـلی مەیمـــوون
بــــۆی هــــاتە نیـــزاع و حەرب و کوشـــتن
تــــاکوو بە مەرامـــــی خــــۆ گەییـــــشتن
ئەو نەوتە چ بـــــووی؟ ژیـــــانی تـــــۆ بـــــوو
وەی خـــۆڵ بە ســـەرت ئەوا ئەویـــش چـــوو!!

مامۆستا زۆر چاک لە هەموو شتێک حاڵی بووە وبە تەواوی چۆتە بنج و بناوانی مەسەلەکە ولە فێڵی فێڵبازان ئاگادار بووە و زانیویەتی کە چۆن دژمنانی کورد ڕێگەیان لە کوردەکان گۆڕیوە و لەباتی هەموو جۆرە پیشە و پژگاڵ وزانست وزانیارییەکی بەرەو تەکیە و خانەقایانیان بردوون و فێری تەپڵ و دمبەگ و دەفیان کردوون.

کوردی بێچارەیان وەها لە شارێگەی ڕاستەقینەی ژیان لاداوە کە دەبێ ساڵەهای ساڵ کاری لە سەربکرێ تا بێتەوە سەر ڕێی خۆی. جاهەربۆیە لە جێیەکی دیکەدادەڵێ:

ئەی وەتەن، لاوەکـــــانی خـــــوێن شـــــیرین
ئەو دوعـــــایەی دەکەم، بڵـــــێن ئـــــامین

ڕەببی هەر کەس کە دژمنی کورد بێ
چاوی با دەرپەڕێ و ملی ورد بێ
ئەوی ڕێگەی لە کوردەکان گۆڕی
لەعنەتی خودا لە ئەلحەد و گۆڕی

ئەو جار دەبینێ وانەوت لە سەراسەری دنیایەدا ئاوری هەڵایساندووە و تەنانەت لە فەرەنگستانەوە بۆی دێن و شەڕی بۆ دەکەن و خوێنی بۆ دەڕێژن، چونکە خۆیان لە خاکی خۆیاندا ئەو کانگا گەورەیان نییەو بۆی دێنەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستان و شەڕو کوشتاری بۆ وەڕێ دەخەن و خوێنی بۆ دەڕێژن و بەڵام لاوانی کوردیش لەو حاڵەدا لەباتی هەمو هەنگاوێکی پێویست و لەباتی خوێندن وفێر بوونی زانست وزانیاری تەپڵ و دەف ودمبەگ لێدەدەن ودوای شێخ ومێخان دەکەون وئیتربە جارێکی هەموو شتێکیان فەرامۆش کردووە لە خەوی بێ باکیدا پرخەیان دێ، بە تووڕەیی و قەڵسییەکی تەواوەوە دەفەرموێ:

ئەی کوردی نەفامی خانەوێران
وەی عەبدی زەلیلی شێخ و پیران
ئێستاکە گەلێ مەعادینی دی
پەنهانە لە ناو دەروونی عەردی
وەک مەعدەنی زێڕ و زیو و سەردەف
تۆش لێدە لە تەپڵ و دمبەگ و دەف

بەڵێ مامۆستای کوردی دڵسووتاو، سەرکۆنەی کوردان دەکا و دەفەرموێ ئەی کوردی ماڵوێران و نەزان و ناحاڵی و ئەی بەندەی بێدەسەڵاتی شێخ و پیران، تۆ ئەوەندە بەدبەخت و ماڵ وێرانی، کە

بە جارێکی خۆت لەبەر دەستی شێخ و پیران ناوە و خۆت وەها زەلیل و زەبوون کردووە و ئەوانیش وەهایان ئەتۆبە شتی پڕ و پووچ و بێکەڵکەوە خەریک وسەرقاڵ کردووە، کە هۆشت نەبووو ئاگات لێ نەبوو و نەتزانی کە گەورەترین و گرینگترین کان و سەرچاوەی وڵاتەکەت، کە نەوتە دژمنانی تۆ دەریان هێناو بۆ خۆیان بردیان و تۆش تەنانەت ئەگەر بڕی چرایەکی چووکەڵەشت پێویست بێ دەبێ زارە خوارە لە بەروان بکەی ولێیان وەپاڕێی. بەڵام نازانی ئەو نەوتە چ بوو؟ ئەو نەوتە ژین و مایەی ژیانی تۆ بوو و تۆش خاکت بەسەر ئەوا لە دەستت داو دژمن بۆ خۆی بردی.

بەڵام ئێستاش گەلێک کانگا وچاوەی دیکەی وەکو و زێڕو زێوو سەدەف لە ژێر زەمیندا ماون و ئەوانیش یان هەروالە ژێر زەویدا دەمێننەوە یان ئەوانیش وەک نەوتەکە دژمن دەیانبات، چونکە تۆلە باتی ئەوەی بچی زانیارییەک بخوێنی کە ئەوانەی پێ وەدۆزی ئەواخەریکی دەف و تەپڵ و دمبەگ لێدانی و ئیترگورژی گوتەنی:

خۆی دەکا ئامادەتر دژمن دژی تۆ و تۆش کەچی
کاری گەورەت بۆتە قومار و بەرەو پەستی دەچی
تولە باتی پیشە وپژگال وهە ول وتیکوشان
هە لدە ویستی سا لە سە رکوچە وشە قام وگویچکە بان

جا بە تووڕەیی وناڕەحەتییەکی زۆرەوە دەفەرموێ تۆشایستەی ئەوەت نییە کە ببیە خاوەنی ئەوکانگا وشتە گرینگانە کەوایە بڕۆ لێدە لە تەپڵ و دمبەگ ودەف کە توهەر شایانی ئەوجۆرە شتانەی. دەنائاخر:

ئەو نەوتە لە خاک و مڵکی کوردی
کێ خستیە دەست و هات و بردی

لەم ئـــــاخیرەدا ئینگلیـــــز و ئەفـــــرەنج
پــــاش حەربێکـــی بە میحـــنەت و رەنـــج
بـــۆ فیکـــری عەمیـــق و حەدس و حیســـسە
گەر بێـــتە شـــەریکی نەفـــع و حیســـسە
ئەم مـــــیللەتە گەورە و عەزیـــــمە
ســـێ پـــارچە کـــرایە بـــویتە قـــیمە
هەرچـــی هەیە بـــا لەبـــۆ ئەوان بـــێ
بـــۆ ئـــۆممەتی ســـاحیبوززەمان بـــێ
قـــــولتێکی لە دەوری بـــــابە گورگـــــوڕ
نایـــــدەم بە منـــــارەی ئیمـــــام دوور
بـــــستێ لە وڵات و مڵکـــــی کـــــوردی
نایـــــدەم بە هەزاری ســـــوهرەوەردی
نەزر و هیـــــبە و عیـــــززە دەمێنـــــێ
ســـەد مەعـــدەن و کـــانی نەوت دێنـــێ
ئەو موجتەهیـــــدانە پـــــاکی کـــــوردن
ئێـــستاش بە تەمـــاعی مـــاڵی کـــوردن
هەر رۆژە لە دەوری مەرقەدێکـــــــــــی
بۆیـــــان گـــــرد ئەبـــێ بە قەد کەڵێکـــــی
هەر کـــــوردی فەقیـــــری خـــــانەوێران
نە قەبـــــری هەیە نە بیـــــر نە زینـــــدان
ئەو نەوتەیە مـــــایەی حەیـــــاتی
ئەو نەوتەیە ســـــەروەتی وڵاتـــــی
مەحـــــرووم لە حاســـــڵاتی عەرزی
بێچـــــارە ئەوا دەخـــــوا و دەلەرزی
قەتـــع و نـــنەزەریش لە مەعەدەن و کـــان

لەو ئـــــاو و بەراوی ملکـــــــی کــــــوردان
{ئەو کــــــوردە لە ســــــەر زەوی لە زێـــــــڕی
چـــــاو چـــــاوی لە نـــــۆکەری دەگێـــــڕی
ئێـــــــستاکە لە بێکەســــــــی خەســــــارە
چـــــــی کـــــــوردی هەژاریـــــــشە نەدارە
چـــــی کــــــوردە لە برســــــان و لە رووتـــــی
وا ئەمـــــــرێ لە بــــــێ رۆزی و قــــــووتی
بــــێ بــــە ش لە بە ر و بــــوو یــی ولاتـــــە
کوردە لــــــە وەتــــەن بــێدەســـەڵاتــــــە
واخوشــــی لـــە کــوردە گــە ل جــو دایـــــە }

مامۆستای دڵ بە کوڵ و دەروون زامـار، لە بەرنـاڕەحەتی زۆری دەروونی و لە تاوان و لە داخان وەک کابرای زۆرتووڕە و قەڵـس و نـاڕەحەت، بەڵام دڵـسۆز لەگەڵ لایەنـی رووبەڕوو هەر قـسەی لە جێیەک دەکـا، بەڵام هەمووشـیان هەر هەق و ڕەق وبـێتوێـک و مایەدارن.

وەک دەبینـین، کە لە هەوەڵـی ئەو پـارچە هەڵبەسـتەدا لەبەر یەزدانـــــی مەزن و میهرەبـــان هەڵدەباوێـــشکێ و داوای بەزە و میهروچاکەی بۆکوردان لێ دەکا و ئەمجا دێتە سەرباسی هەژاری و لێقەوماوی کورد و ژیواروحاڵەتی هەژارانەی کوردان باس دەکا.

پاشـان دێتە سەرباسی پیت وبەرەکەتـی کوردەواری و چـاکی و پڕکانەو چاوەیی کوردستان،ئەمجا کورد دەکاتە لایەنی ڕووبەڕوو و ڕووتێکراو (مخاطب)ی خۆی و پێی دەڵێ هەی گەوجی نەزان تەماشـا کە لە دەوروبەری بابـاگوڕگوڕ و بـزانە چـۆن و چەنـدین چـاڵاوی نەوتی لێدراوە ودژمن دەیبا و دەیخواولە نەوسی خـۆی خەرج دەکـا

دوای ئەوە دێـتە سەرباسـی نەوت و دەفەرمـویّ ئەو نەوتە چ بـوو چـۆن وەدەرکەوت و سـەرچاوەی کـانی نەوتـیّ چـۆن هەڵـدەقوڵن بـۆنەتزانی؟ و بێگـانە و لاوەکییەکـان هـاتن و دەریـان خـست و بـۆ خۆیان بردیـان. ئەو نەوتە ئـاوری کـردەوە و چەنـدین دامودەزگـا و میری و تـاج و تەختی لە نـاوبرد و چ شـەڕو هەڵـلا و هەنگـامەیەکی لەسەر ساز بوو؟!

فەرموودەی مامۆستا گەلێک بەجێیە چونکە دەبینـی کە ئێـستاش شەڕی نەوتیّ لە هەمووشەڕێکی سەختتروبەتەوژمتروزیانهێنترە.

ئەو جاریش دووبارە سەرکۆنە و لۆمەی کورد دەس پێدەکاتەوە و دەفەرمویّ ئەونەوتە مایەی ژیـانی تۆبـوو ئەی خـوڵ بەسـەرت کەوا لە دەســتت داوە، جـــا ئەگەرچــی ئەوەشـــت لە دەس داوە بەڵام ئەوشـتانەی دیـکە لە دەس مەدە و چـی دیـکە بە نەزانـی و فریـو خواردوویی وە دوای شێخ ومێخان مەکەوە تەپڵ ودمبەگ ودەف لـیّ مەدە کە ئەوانە هیچ بە کەڵکی تۆنایەن و هیچ قازانجێکیان بۆخوت وگەلەکەت نییە جـاکەوایە ئەی کـوردی بەدبەختـی مـاڵوێرانـی فێـڵ لێکـراو، هەسـتە وهۆشیار بەوە و ڕاپەڕە ورووەدە خوێنـدن و زانـین بکە وببە پیاو وخۆت کەڵک وقازانج لە خاکی پاک وپیـرۆزی خـۆت وەربگرە.

تۆ (وڵات) لە دەس بێگانە دابیّ چارەنووسی ئە و گە لە
هەڵـــمەت و قوربـــا نـــی دانە و ڕشـــتنی خـــوێنی گەرم

ئەوانەی تۆیان بەوشێوە فریـوداوە چاویـان بەسـتووی دارو لەی بێگانە و سیخوڕی دژمنـانی تۆن، ئیتر گورژی گوتەنی:

ئەریّ هـــۆ کـــوردە تـــۆ بـــۆچ وا نەزانـــــی
کلکـــــی بێگـــــانە بـــــۆ بە خـــــوا ئەزانـــــی

ئەوان پەروەردەی دەسـتی نەیـارن
مەچـۆ لایـان دەنـا تـۆش هەر لەوانـی

دوای ئەوە دێـتە سەرباسـی پـارچە پارچە کرانـی کوردسـتانی گەورەو دەفەرمـوێ ئەی خـوایە ئەوگەلە گەورە بـۆچی وای بەسـەر هات وبۆچی ئاوا پارچە پارچە کراوله بەربەدبەختی خـۆی کـراوەتە سێ پارچە!!

جـا لێـرەدا پرسـیارێک دێـتە پـێش کە کوردسـتان کواهەرسـێ پـارچەیە؟ ئـاخر ئەوە نیـیە پێـنج پـارچەی تەواوە؟! وڵامەکەشـی ئەوەیە، کە ئەو دەمـی کوردسـتان هەرسـێ پـارچە بـووە، چـونکە کوردسـتانی تـورکیە وسـوریيە وعێـراق یەک پـارچە بـووە ولـە ژێـر دەسەڵاتی دەوڵـەتی عوسمانیدا بووە ودوای شەڕی یەکەمـی جیهـانی ئەووڵاتـانە کە بە سـەربەخۆیی خۆیـان گەییـشتن هەریەکەی بەشـە کوردوپارچە کوردستانێکیان بۆخۆیان دابڕی و وەبەرخۆیان.

جـادوای ئەوەش دێـتە سەرباسـی پـاکی وپیـرۆزی وچـاکی خـاکی پـاکی کوردسـتان و دەڵـێ تەنـانەت قـوڵتێکی لـە دەروبەری بـابەگوڕگوڕە نەوتـاویەکەی خـۆم بە منـارەی ئیمـام دوڕیـش ناگۆڕمەوە وهێندەم لـە لام پیرۆزە.

ئەوەنـدەم شـاری کـۆیە لا عەزیـزە
بە دوڕ و لەعلـی نـادەم وردکە بەردی

لـە دواییدا باسی گەورەیی و سەروەری گەلی کـورد دەکـا و دەڵـێ ئەوپیـاوە گەورانە پاکیـان کـوردن و لـە نێـو کـوردان چیهاپیـاوی گەورەو زاناو بەناوبانگ هەڵکەوتووە، کە ئەوەش مـایەی شـانازی گەلـی کوردە.

دووباره بادەداتەوە سەر مەسەلەی نەوت ودەڵێ مایەی ژیانی کورد و سامانی وڵاتی کورد ئەو نەوتەیە وکوردیش و لەوی و لە هەموو داهاتی دیکەی وڵاتی خۆی بێچارە بێبەشە و بێجگە لەوانەش هەمووکان و چاوەکانی کوردەواری و هەموو ئاو و بەراوی وڵاتی کورد و هەموو مڵک وسامانی کوردان ئێستاکە لە بەربێکەسی خەسارە و کوردی هەژاریش لەسەر ئەو هەموو سامان و داهاتە زۆرە و لە سەر ئەو هەموو کانگا و چاوە و ناوەندی داهاتەڕا نەدارو هەژار و دەس‌تەنگ و لەبەر بێ‌ڕۆژی و لە برسان هەروا خەریکە بمرێ.

جا ئەمجار زۆر بە تووڕەیی و ڕق هەڵستاوی ڕوودە کوردان دەکاو دەڵێ هەر وەختە لە داخی ئێوە بمرم، کە بۆچی بیرێک لە حاڵ و ژیواری خۆتان ناکەنەوە؟ بۆ دێڵن دژمنانتان ئاوا داهات و سامانی وڵاتەکەتان ببەن ؟ ! خومن لە داخان بە خوای هۆش و ئارام و ئۆقرەم نەماوە. وە ک دەفەرموێ:

هەر وەختە لە داخی ئێوە بمرم
ڕۆییوە قەرار وهۆش و سەبرم

بەڵێ مامۆستای دڵ لە کوڵ لێرەدا دەیدرکێنێ هیچ چارە و پەنایەک نییە یەزدانی مەزن و بێ‌هاوتا نەبێ و هیوای بەکەس نەماوە لە کوردان، چونکە ئەو هەمووەی پێ گوتوون، تەنانەت لێشیان تووڕە بووە و بە هەر لەونێک ئامۆژگاری کردوون، بەڵام بەداخەوە ئەوان هەرگوێشیان پێی نەبزووتووە وبۆ چارەی دەردی خۆیان وە خۆ نەکەوتوون جاهەربۆیە لە خوادەپاڕێتەوە ونزا دەکاودەڵێ خوایە تۆ هەر خۆت دەزانی چارە چییە دەخوایە گیان ئەو ستەم و زۆرییە قبووڵ نەکەی و هەر خۆت بەزەیەکت بە

کوردابێ ومن هیـوام بە کەس نەمـاوە و هەر تەنیـا میهرو بەزەیـی تۆیە پەنای من.پاشانیش دووبارە هانا دەباتەوە بەریەزدانی تاک و تەنیاو بە پەرۆشی و پەژارەی زۆرەوە لێی دەپاڕێتەوە و دەفەرموێ:

چ بـــکەم چ بڵـــێم لە تـــاوی کـــوردان
ئـــاگر دەگـــرێ دڵـــم لە دەردان
چـــارە چیـــیە خـــودایە تـــۆ دەزانـــی
خـــۆت عـــالمی زاهیـــر و نیهـــانی
ئەم زوڵـــمە قبـــووڵ نەکەی خـــودایە
ئەســـڵا ئەمەلـــم بە کەس نەمـــایە
لـــوتفی تـــووە مەلـــجەء و پەنـــاهم
روحمێکـــی بە کـــورد بـــکەی ئـــیلاهم

دووبـارە بیـری نەوتـی دێـتەوە سـەرووەخت دەبـێ لە دەروونـی خۆیـداگڕ بگـرێ و بـسووتێ، چـونکە بیردەکـاتەوە، کە ئەو خـاکی پڕپیتـی کوردسـتانە هـیچ بەهرەیەکـی وای بۆکـوردان نیـیەو گـورژ گوتەنی :

هـەمـــوو داهـــات و سـامـانـــی وڵاتـیش گـاوران دەیـبەن
مـوسـڵمـانیـش سـواڵ و راو ورووتـــە بـۆژیـان دەیـکـەن.

بەڕاسـتی هەقـیش هەر بەخـۆیەتی، کە ئەو خـۆوەک خەڵکـی ئاسایی نییە کە ئاگـای لە هـیچ نەبـێ ونەزانـێ چ باسـە وخۆشـی لەوبارەوە فەرموویەتی:

ئەوەی زانـــایە نـــاو جەرگـــی پەڵاســـە
ئەوی نـــادانە نـــازانێ چ باســـە

پاشـــان هەر لەو هەڵبەســـتەدا تـــاوان و هۆبـــاڵی هەمـــوو ئەو دواکەوتـــن و ئەو هەمـــو و هەژاری و نەداری و مـــاڵ و ێرانـــی و لێقەومـاوییە هەروەک کەوایە و هـیچ گومـانی تێـدا نیـیە وبـێجگە لەوەی هۆکـارێکی دیـکە بۆوکـارە دەس نـاکەوێ دەخـاتە ئەسـتۆی خودی گەلی کورد و دەڵێ هەرگەلێک، کە ئاوانەزان و بێفەرهەنگ و وێژە بێ و ئاوا رەزیل و بێدەسەڵات و بێ هێزو توانا بێ هەر دەبـێ ئاوابێ، بەڵکە دەبێ خەراپتریشی بەسەر بێ و وەکو و بزنـی گـڕوێ دەبێ دەربکرێ لە نێو مەڕ و نابێ تخـوونی بێـرێ و مەڕ بکـرێ، کە ئەوەش هەرماناو واتـای ئـایەتی قورئـانی پیـرۆزە، کە دەفەرمـوێ: (لیس للانسان إلاّ ما سعی) مرۆڤ هـیچ شـتێکی بـۆنییە ووەدەسـتی ناکەوێ بە هەوڵ وکۆششی خۆی نەبێ. یان (ان الله لایغیرمـا بقـوم حتی یغیروا ما بانفسهم) بەڕاستی خوا حـاڵ و ژیـواری هـیچ گەل و هۆزێک ناگۆڕێ هەتا ئەوان خۆیان حاڵ وژیوای خۆیان نەگۆڕن.

بە غمخـــوارگی جـــز ســـر انگـــشت مـــن
نخـــارد کـــس انـــدر جهـــان، پـــشت مـــن

کەواتە گەلانی ژێردەستە دەبـێ خۆیـان بۆحـاڵی خۆیـان بیرێـکی بکەن و خۆیان بـۆراژە و خزمەتـی گەل و نیـشتمانی خۆیـان وەخـۆ کەون و بـۆ بووژانـدنەوەی وێـژە وفەرهەنگـی نەتەوایەتـی خۆیـان خەبات بکەن وتێبکۆشن چونکە گەلی دیلی خاوەن فەرهەنـگ وزمـان وەکـو و دیلێـک وایە، کە کلیلـی دەرکـی بەنـدیخانە، کە لە دەس خۆیـدابێ و هەر کـاتێ بـیهەوێ دەرکەکە هەڵـدەگرێ ودێـتە دەرێ و رزگار دەبێ بەڵام گەلی دیلی بێفەرهەنگ و زمان وەکوو دیلێک وایە کە کلیلی قفڵی دەرکی بەندیخانەکە لە دەس دژمنی زۆردار و خـاوەن دەسەڵاتی خۆیدابێ. کە دیارە بە ویستی وی نەبـێ رزگـاری نـابی و دیارە کە ئەویش قەت نایهەوێ.

جالەدوامین مەبەستی ئەو هەڵبەستەدا دووبارە رووده کوردان دەکاتەوه وپێیان دەڵێ ئێوەتا ئاوا لە گەڵ یەکتر خەراپ و بەدویست و خاون ئێرەیی بن و تائاواقینوولە یەکتربێ هەرئاوا ژێرچەپەرۆکی عەمروزەیددەبن و رزگاریتان مەحاڵە.

کەسێک کە لە زانیاری رەوانخوێنی ورە ونبیژی وخۆش خوێنی (بەلاغە) سەردەربێنێ وزانیارییەکانی لۆجیک (منطق) وریئۆنی (فلسفە) برێک بە باشی بزانێ وئەمجاهەریەک لە پارچە هۆنراوەکانی مامۆستای گەورە بداتە بەر جەنجەڕی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە وسەرنجێکی رەدابینانەیان بداتێ زۆربە چاکی تێدەگا کە چ ئەندازە ناسکییەتی ونەرمی ونیانی ورازوریئۆنی دە هۆنراوەکانی مامۆستاداهەیە، جابەتایبەتی ئەوپارچە هۆنراوە.

بەڵێ بەڕاستی ئەو پارچە هۆنراوەشی هەروەک هەموو هۆنراوەکانی دیکەی لە ئەوپەڕی خۆش خوێنی و ڕەوان خوێنی دایەو پڕپڕە لە ڕازو ڕیئۆنی و ڕاژۆی جوان جوان. بەڵێ مامۆستای گەورەمان لەوبەستە هەڵبەستەدا شتێکمان پێ دەفەرموێ کە پترلە نیوسەدە دواتر هۆنەری هۆشیار و ژیری کورد مامۆستا هەژار ئاماژەی بۆ دەکا و دەفەرموێ:

ماڵ لە خانەخوێ حەرام کراوە
مەسەلەی کوردە و لە کورد رووی داوە

ئەو بەڕێزە بۆمان باسی شتێک دەکا کە پێوەندی راستەوخۆی بە گیان و ژیانەوە هەیە، بۆمان باسی زێڕی رەش دەکاکە ئەورۆ وەک رەگی گیانی لێ هاتوە و کەمتر شتێک هەیە بە بێ وی ئەنجام بدرێ.

جاجەنابی مەلای گەورە ئاماژە بەوە دەکا، کە کوردستان نەوتی زۆرە و ئێمەی کوردیش ناتوانین کەڵکی لێ وەربگرین و ئەویشمان هەروەک زۆربەی کانە و چاوەکانی دیکە بۆ ئەولا و لایان دەڕواوخەڵک و بێگانە کەڵکی لێ وەردەگرن، ئێمەش دەبێ هەرلە دوور ڕا تێیان وەڕامێنین و بزەی چاومان بێت. جابۆیە ئابەو جۆرە بە هەناسە ساردی وداخ وپەژارەی زۆرەوە رووومان تێدەکا و دەفەرموێ:

وەک دێتە دڵم خەیاڵی نەوتێ
هێند نامێنی جەرگەکەم بشەوتێ
ئەو نەوتە چ بوو، حەیاتی تۆ بوو
وەی خۆڵ وە سەرت ئەوا ئەویش چوو
ئەی کوردی نەفامی خانە وێران
وەی عەبدی زەلیلی شێخ و پیران
قەومێ کە فەقیر و ناتەوان بێ
قەومێ کە رەزیل و بێ زمان بێ
ئەڵبەتە خەراتری بە سەر دێ
جێی ناکەنەوە لە شار و لادێ
وەک بزنی گڕۆڵ دەبێ دەری کەن
نابێ کە تخوون بێر و مەڕی کەن
تا ئێوە لە حەققی یەک خەرا بن
بەدخواە و حەسوود و ناتەبا بن
تا ئێوە لە حەققی یەک بە کەیدن
هەر ژێر چەپەرۆکی عەمر و زەیدن
تا ئێوە وەها لە عەقڵ دوورن
تەنیا سەحەبی پیاز و توورن

تــــا ئێـــــوە لە یەکتـــــری جـــــودا بـــــن
وا پـــــــرش و بـــــــڵاو و ناتەبـــــــا بـــــن
بـــــێشـــــک کە خراتـــــریش دەبیـــــنن
ئێـــــستاکە رەزیلـــــی رووی زەمیـــــنن
گەر ئێـــــوە هەمـــــوو یەک و بـــــرا بـــــن
بـــــۆ یەکتـــــری هەر شـــــەمع و چـــــرا بـــــن
ســـــەرکەوتن و ســـــەرداری دەبیـــــنن
وەبـــــزانن کە پادشـــــای زەمیـــــنن

ئەم خاکە

مێژوو نووسی گەورەی کورد خوا لێخۆشبو و ئەمین زەکی بەگ دەفەرموێ: (من لە ئەستەمبووڵ هەتا لە پەنای دەوڵەتی خەلافەتدادەژیام هە ستم بەوە نەدەکردکەکوردم، بەڵام دوای تێکچوونی دەوڵەتی خەلافەت کەکەماڵ ئەتاتورک هاتە سەرکار و مەسەلەی تورکایەتی کێشرا پێش، منیش زانیم کەوا کوردم و دەبێ هەوڵ بۆکوردایەتی بدەم).

بەڕاستی ئەگەرکەمێک ژیرانە سەرنج بدەینە جیهان وبە تایبەتی جیهانی ئیسلام و گەلانی دنیا، بە چاکی بناسین کە هەریەکەی بۆخۆی و بۆگەلی خۆی تێدەکۆشێ و هەوڵ دەداوتەنانەت بگرە گەلی واهەیە هەرلە نێوئیسلامداکە نەک هەرخاوەنی سەربەخۆیی خۆیەتی وبەس، بەڵکە چەندین گەلی دیکەی موسڵمانیش دەچەوسێنێتەوە وخستوونیەتە ژێردەستی خۆی وبەوحاڵەش هەر هاواریەتی بۆماف وسەربەخۆیی خۆی جالەوکاتەشداتەماشای هەژاری و بەدبەختی وژێرچەپەرۆکی گەلەکەی خۆمان بکەین مووله لەشمان راست دەبێتەوە ودڵمان پڕدەبێ وکوڵمان هەڵدەستێ وکۆیی ئاسادەڵێین:

ئەم خاکە دایکی تۆیە کەوتە دەستی ئەجنەبی
ئەی کوردی ساحەب غیرەت تۆ چلۆن رازی دەبی؟
نەوتی بابەگوڕگوڕ چۆن دەچێ بۆ پاریسێ
ئاگری حەسرەتەومەندی لە دەروونم داییسێ

ڕاستی من نازانم هێندێک کەللە وشک و چڵپاوخۆری خەڵکی بە چ بەڵگەو پەڕتۆیەکی ژیرانە ڕێگەی گەلخوازی و نیشتمان پەروەری لەگەلی کوردی موسڵمان دەبەستن؟! ئاخربەکام بەڵگەی ژیرانە دەڵێن کوردایەتی نابێ ببێ و مەحکوومی دەکەن؟ من زۆرجاران لە سەر ئەو مەسەلەیە دەرگیر بووم و هەمیشە گوتوومە ئەگەر لە ئیسلامدا، یان لە یاسای سروشتی ومرۆڤایەتی دا کوردایەتی مەحکووم بێ دەبێ لە پێشدا عەرەبایەتی و تورکایەتیش مەحکووم بێ، دەنا کوردایەتی بە تەنیا هیچ دەقێکی تایبەتی لە سەر نییە.

بۆچی بیرناکەنەوە کە ئەوەی ئەوان دەیلێن ودەیانهەوێ هەرگیزئایینی پیرۆزی ئیسلام پێی قایل نییە، بۆچی هەمووگەلێک نابێ مافی خۆی هەبێ؟ بە کام بەڵگە دەبێ کورد هەرژێرچەپۆکە و نۆکەربێ؟! ئەدی ئەوگەلە دەسەڵاتدارانەی نێوخاکی پاکی ئیسلام ئەگەرراست دەکەن بۆچی نەتەوایەتی خۆیان وەلا نانێن هەتاببنە نموونە وسەرمەشق بۆئێمەی هەژاری کوردیش؟!

ئەدی بۆئێمە دەبێ بەزۆر مندالەکانمان لە فێرگەکانی واندا هەروانەی فارسی و عەرەبی و تورکی و ئەرمەنی بخوێنن؟! ئەرێ ناکرێ بپرسین ئەوە بەکام یاسای ئاسمانی لەسەرمان تاپۆکراوە و ناشێ بڵێین ئەرێ کێهە ئایەتەی قورئان وتەورات و ئینجیل یان زەبوور و ئاوێستا و هتد ئەو ژیوارە ناهەموارو پڕ ئازارە زۆر دژوارە نامەردانەی لە سەرئێمە نووسیوە ؟! تاکەی دەبێ هەر ئاواش بێ؟!

من خۆم هەمیشە ئەوەم گوتووە ودەیڵێم ودەینووسم ودەیڵێمەوە کە هەر کاتێک لە تەواوی مافە کۆمەڵایەتی ورامیاری و فەرهەنگییەکانداجیاوازیم لە گەڵ فارسێک وتورکێک وعەرەبێک نەبێ، هەرگیزداوای هیچ مافێک ناکەم و باسی مەسەلەی

نەتەوایەتیش هەرناکەم ولە پێش هەمووکەسدامەحکوومی دەکەم. تەنیابەومەرجەلەگەڵ وان یەکسان بم و ئەوانیش هەرمەحکوومی بکەن.

ئەگەر کۆمەڵێک پێکەوە لە جێیەک بن وچارەنووسیان پێکەوە لکابێ و ناچاربن کە دەبێ پێکەوە بژین و بحاوێنەوە هەتا کاتێک کە مەسەلەی من من و تۆتۆیان بۆ نایەتە پێش وهەرچی هەیانبووویکرا بیخۆن وکەڵکی لێ وەربگرن و هیچ کەس نەڵێ فیسار شتە هەر بۆمن وهەموویان هەربڵێین بۆئێمە، ئەوە زۆربەباشی پێکەوە دەژین و دەحاوێنەوە و ژیانێکی ئارام و هێمنانەو لە ئاسایشیان دەبێ.

بەڵام هەرکاتێک گەورە و بەهێزەکانی ئەوکۆمەڵە چاویان لەوەی بوو، کە بەشی ئەوانی دیکەش بخۆن وهەرچی ئیشتیایان لێ بوودایاننا بۆخۆیان و گوتیان ئەوە بۆمن ومنمنۆکێیان لە نێو داوە دیهات بێ هێزەکانیش سەرەنجام دەس پێ دەکەن و ئیتردەبێتە مشت و مڕلە نێوانیانداو ئاخری ژیان لە هەموویان تاڵ دەبێ و ئەودەم دیاریشە کە تاوانباری گەورە کێهەیە وبۆدوارۆژیش کێ لە هەموان گوناحبارترە وسزای گەورەتری بەردەکەوێ؟

راستی خەڵک ئەگەربیانهەوێ وبە رێی راستی ئیسلامدا بڕۆن و بەراستی پەیڕەوی یاسای خودابن دەتوانن دنیابکەنە نموونەیەکی بەهەشتی بەرین و ئەگەروە دوای هەواو ئارەزووش بکەون، دەیکەنە نموونەیەکی دۆزەخ.

بە خوا زۆر سەیرە نەتەوەیی بوون و داوای مافی نەتەوایەتی کردن بۆ ئێمە گوناح و تاوان و لەرێ دەرچوون و لە ئایین وەرگەڕانە و کافر بوونە ودژی گەلی و دژی دینە و گاورییەتییە،

هەرکاتێک داوای سەرەتاییترین مافی مرۆڤمان کرد هەژار گوتەنی:

دەڵـــــــێن هەی لە دیـــــــــن وەرگەڕاو
کـــــورد و نــــان و بەرگ و پـــــێڵاو؟!
وا دیــــــارە بـــــــوویتە شـــــــعووبی
دەبـــــێ لە ڕێـــــگە دەرچـــــــووبی؟!

بەڵام بـۆگەلانی دەسـەڵاتدارو فەرمـانڕەوا لە سـەرمان تـاپۆی ئاسـمانی و مـۆری نـاوگەلانی و مـافی ڕەواوسروشـتی وفەرمـانی یەزدانییە؟!

لێرەدا پیاو ئەو فەرمودەی مامۆستای کۆیی بیر دەکەوێتەوە، کە کاتێک ئینگلیسیەکان لێیان پرسی ئەرێ تۆ ڕات چییە سەبارەت بەشێخ مەحموود و ئەو ئاژاوەی، کە ئەو ناویەتەوە؟ ئەویش دەفەرموێ: ئەگەرشێخ مەحموو دهاتباو وڵاتی ئینگلستانی داگیرکرد با ئێوە چیتان دەکرد؟ گوتیان شۆڕشمان بەرپا دەکردولەگەڵی بەشەڕ دەهاتین و یاخۆمان بە کوشت دەدا، یا ئەو دارودەستەکەی ویمان لە ناودەبرد، یا دەرمان دەکردنەوە. فەرمووی: خۆ دەیجا ئەویش هەر ئەوەی دەکا، کە ئێوە دەتانکرد ئەگەر لە جێی وی بان. بۆچی ئەوەتان بۆوی پێ تاوان و گوناحە، بەڵام بۆ خۆتان پێتان ڕەوایە وبە ئەرکی سەرشانی خۆتانی دەزانن؟ ئەرێ جا جیاوازی ئەو دوو مەسەلە دەبێ لە چیدا بێ؟!

ئەو ڕۆژانە گوێم لە ڕادیۆیەک بووکە بە نێو بۆ کورد دانراوە دوای وتـاریکی دووورودرێـژلە مەڕ مەحکـووم کردنـی مەسـەلەی نەتەوایەتی کورد، کە بە راستی پیاوی ژێربێژی لە هەمو وشە و ڕسـتە نادروسـتەکانی هەڵدەسـتا سـروودیکی خـستە سـەرکە سەردێڕەکەی ئەوە بوو:

ئەی گەلی کورد تێبگە کێ تۆی کرد بە ئەو کوردە؟
بیــری ناسیۆنالیـــستی تـــۆی بـــردووە بە ئەو دەردە

لەمەڕ جێگـــاکە هەمـــوو ژێـــر و خـــاوەن بیرێـــک دەزانـــێ کە کوردتەنیابە بیری نەتەوایەتییەوە ماوە وئەگەربیری نەتەوایەتی نەبایە هەربە یەکجاری لە نێو دەبراونیخەپەستیان دەکرد.

ئەوەش بەجێـی خـۆی، بەڵام نـاکرێ بڵێـین بـۆچی ئێـوە ئەو بیرەتـــان ئەوەنـــدە بەهێـــزە کە تەنـــانەت فەرهەنگـــی ئێمەشـــتان هەرخستۆتە ژێر تیشکی فەرهەنگی خۆتـان وبگرە هەر ڕێگەشمان نادەن کەمێک ئەو فەرهەنگە ژاکاوەی خۆمـان ببووژێنینەوە و بۆ هەموو کارێک و تەنانەت بگرە بۆ نـامەیەکی دۆستانەش هەر دەبێ زمانی ئێوە بەکاربەرین؟! ئەدی مامۆستا گوتەنی ئەوکارە بۆچی بۆ ئەنگۆرەوایە، بەڵام بۆ ئێمە تاوان و سووچ و بەڵایە؟

جا هەربۆیە من دەڵێم:

هە ر گە لێکـی نە یبـێ هە ستی نە تە و ا یە تـی
ژێردەستە، دیلە، پەستە، دەمرێ بە گـــــەدایـــەتـــی
لـە لای خـوداش رورە شە لـە پەسلانیش بی بەشە
لە دنــیاش هە تاماوە لە نا ودیـــــلان و هـــــە شـــــە

جامامۆسـتای خوالێخۆشـبوو کاتێـک، کە ئەوحـاڵە دەبینـێ و دیارە گورژی گوتەنی:

ئەو چـــا رە زە قەی ئــێمەیە ئاگـــایە لە بەدکـــار
ئاگـــا لە تەڵە و داو و لە نەخـــشەی بەدی زۆردار
تو کە نوستوی بە بێ با کی لـە نا و تـو کی قووا

گەر دەڵێی ئا گام لە د نیایە هەیە کوا نی کوو ا ؟!

خـــۆی بەتەواوی ئاگـــاداری ژیـــواری نالەبـــاری زۆر دژواری کـوردەواری بـووە و تەڵە و داوو نەخـشە نەگریـسەکانی دژمنـی لە دوور ڕادیتـووە، چـونکە داوی ڕەشـی دژمنـی لە سـەرخاکی ڕەش لە شەوی تـاریکی ئەنگوسـتە چـاودا دیتـووە. هۆشـداری داوە بەکـوردو تێی ڕاخوڕیوە و تانووت و تەشـەری لـێ داوە و پێـی فەرمـووە، کە نیشتمان دایکی مرۆڤە و هەرکەسیش خیرەتی هەبێ نـابێ قاییـل بـێ بەوە کە دایکی بکەوێتە دەستی بێگانە وبێگانە بەسەریدازاڵ ببێ.

سـەرەڕای ئەوەش دەفەرمـوێ ئەمـن نەخـشەیەکم ئاگـالێیە کە تۆنایزانی ئەگەربێتوپیادەبکرێ پاشی چەندساڵێکی دیکە هیچـت بە دەس نـامێنێ و ئەوەنـدەی هەشـتە لێـت دەسـتێنن، ئەمجـار ڕوودە کوردان دەکا ودەڵێ ئێوە لە سەرگۆی زەوی زەبوونترین ورەزیلترین خەڵکن وسەیرە لەسەرئەوحاڵەشڕا ئێستاخۆتان ناناسن؟!

ئەمجا بۆیان باسی دووسێ ڕووداوی مێژوویـی نێزیکـی دەروانـی خۆیـان دەکـاو دەفەرمـوێ: خۆئەوڕووداوانەتـان بە چـاوی خۆتـان دیتووە یابیستووتانە، جا ئێوەش ئەگەروەک ئەوخەڵکە خیرەتتـان هەبـایە و وەخۆکەوتبـان و پیـاوانە هاتبـانە مەیـدانی خەبـات و تێکۆشان بێگومان شتێکتان لە دەس دەهات و وەک ئەوانە کارێکتان دەکرد بـۆ خۆتـان و گەل و نیـشتمانی خۆتـان لە چەنگـاڵی دژمنـان دەردەهێنایەوە.

ئەو جـار هـۆی هەژاری و نەداری و ڕووت وقـووتی خۆیـان پـێ دەڵـێ و دەفەرمـوێ: ئێـوە چـونکە لە سـەرملک ومـاڵی خۆتـان نـان خۆری خەڵکین؟! ئێوە هەژار و نەدار و لێقەومـاون، کاتێـک خەڵـک لە سەرماڵی خۆت بە خێری خۆی خێرت پێ بکا لەوەی چاترنابێ.

دووبارە دەگەڕێتەوە سەرتانە وتەشەرودەفەرموێ: تا کەی وەک گاجووت لە ژێرنێری رەزیلی وزەبوونی بێدەسەڵاتیدا دەمێننەوە ؟! ئاخر خۆ ئەتۆش بە لای خۆتەوە گەلی و گەلیش دەبێ خاوەنی دەسەڵاتی خۆی و چارەنووسی خۆی بێ. خۆئازادیش مافی گەلانە ونابێ هیچ کەس لێیان تاپۆبکات. خوای گەورە هەموو کەسی ئازاد دروست کردووە و نابێ هیچ کەسیش ئەو ئازادی یەی لی بستێنێ. کە ئە وە مافی خودا پیداوی خویەتی.

پاشان دەفەرموێ سووری موو زەردی چاو شین کە مەبەستی لە کۆمۆنیستەکانی شۆڕەوییە، نەکەی بە هیوایان بی و تۆ قەت بە هەویای ئەم لا و لا مەبە و تەنیا بە هیوای خوا و هێزی دەس و مەچەکی خۆت و گەلەکەت بە و بەس.

مامۆستا عەبباسی مامۆستای بەرێزی من - یادی بەخێر - لە پارچە هەڵبەستێکی خۆیدا دەفەرموێ:

بە راســــت و چەپــــا هەڵمەخولێــــوە
تەنیــــا هێــــزی گەل رزگــــاری پێــــوە
رۆژهەڵات هەڵات لە کــــــۆڕی خەبــــات
کەس بە رۆژئــــــاوا نەگەیــــیە ئــــاوات

دیسان جارێکی دیکەش هەڵمەت دەباتەوە سەر خەرافات و پڕوپووچ پەرستی و دەفەرموێ کار بە زانیاری و کردەوە دەڕۆن بەرەو پێش و بە نەزانی و تەمبەڵی هیچ کارێک ناکرێ و کەوایە پۆست و زەرگ و دەف و دمبەگ فڕێ بدە چونکە ئێستا کاتی تۆپ و تفەنگ و تانک و فڕۆکەیە و ئیتر چاخی ئەمڕۆ لە گەڵ دوێنێ زۆر لێک جیایە و هەر بە هەوای دوێنێ ناگەیە مەنزڵێ و لە ڕێدا دەمێنیتەوە!!

بەڵێ جا ئا بەو شێوە دەس پێ دەکا و دەفەرموێ:

ئەم خاکە

ئەم خـاکە دایکـی تـۆیە کەوتە دەسـتی ئەجنەبـی
ئەی کوردی ساحەب غیرەت تۆ چلۆن رازی دەبی؟
بـۆ خـۆت ئەوا دەبینـی دوژمـن عەرزت دەکێڵـێ
پاشـی چەنـد سـاڵێکی دی هیچـت بە دەس نـاهێڵێ
لە سـەر ئەم کـورەی زەوی ئێـوە ارذل الناسـن
ئەمەش گەلـێ غەریـبە کەوا خۆتـان ناناسـن
بە قـووەی زۆری بـازوو، رەزاخـانی پەهـلەوی
دانیشت بە غیرەت و جاە لە سەر تەختی خوسرەوی
مـستەفا کەمـاڵ پاشـا ش ئـا لـی عوسـمانی تێکـدا
سـەیید فەیـسەڵی مەکـی بـوو بە مەلیـک لە بەغـدا

کوردستانی گەورە، کە کوردە نەتەوەخوازە کان داوای دەکەن، یا بە قسەی مامۆستا (ئەم خاکەی دایکی تۆ).

چەند ڕوون کردنەوەیەک

١ــ ڕەزا خانی پەهلەوی: ڕەزا شای پەهلەوی یە، کە لە نێوان ساڵەکانی ١٨٧٨ و ١٩٤٤ی زایینیدا ژیاوە و ماوەیەکی زۆر پادشای ئێران بووە. لە ساڵی ١٩٢٥ زایینی بە هۆی کودەتایەکی بێ خوێنڕێژی کە لە ئەحمەد شای قاجاری کرد چۆتە سەر تەختی پادشایەتی ئێران و لە ساڵی ١٩٤١ کاتێک کە هاوپەیمانەکان ئێرانیان داگیر کرد ناچار کرا بەوە کە بە قازانجی محەمەد ڕەزای کوڕی خۆی واز لە تەخت و تاجی پادشایەتی بێنێ و تەحویلی وییان بدات.

٢ــ مستەفا کەمال پاشا ئەتا تورک: سەرۆکی ڕێکخراوەی نیشتمانی تورک و دامەزرێنەری کۆماری تورکیە و تێکدەری دەوڵەتی بەهێزی ئالی عوسمانییە کە لە نێوان ساڵەکانی ١٨٨١ و ١٩٣٨ زایینیدا ژیاوە. یەکەم سەرۆک کۆماری ڕەگەز پەرستی تورکیا بووە لە ساڵی ١٩٢٣ دوای لە بەر یەک هەڵوەشانی دەوڵەتی عوسمانی هاتۆتە سەر کار و خۆی نێو ناوە (ئەتا تورک) واتا باوکی تورک.

ئەو پیاوە هەر چەندی بۆی کرا زەبری لە ئیسلام و کورد و کوردستان دا و لە ڕاستیدا دژمنێکی سەرەکی و سەرسەخت و کەللە ڕەقی هەموو موسڵمانان و بەتایبەتی کوردان بووە و لە گەڵ ڕەزاخان هاوپەیمان بوون و وێکڕا لە دژی ئیسلام و کورد هەرچی لە دەستیان هات کردیان و دروشمی جیاوازی ئایین و ڕامیارییان لە ناوچەدا وەها بەرز کردەوە کە هێشتاش هەر بێ لێ حاڵی بوون خەڵک خۆی بۆ بە کوشت دەدەن و سینگی بۆ دەکوتن!!

ئەتاتورک ئاڵ و گۆڕێکی زۆری لە تورکیادا وەدیهێنا. ئەلفوبێتکەی لاتینی لە جێی ئەلفوبێتکەی عەرەبی دانا و کردییە شێوەی نووسینی تورکی، زمان و فەرهەنگی کوردی قەدەغە کرد و جلوبەرگی کوردی لە بەر کورد داڕنی!! چارشێوی لە سەر ژنان لابرد و بە سەرومل رووتی وە دەشتێ خستن. لەمپەری لە سەر رێی پاکداوێنی لابرد!!

٣ـ ئالی عوسمانی: بریتییە لە زنجیرەی خەلیفەکانی بنەماڵەی عوسمانی کوڕی تەغرەلی تورک نژاد لە تورکیا کە ماوەیەکی یەکجار زۆر جڵەوی کاروباری دەوڵەتی گەورەی ئیسلامیان لە دەسدا بووە. یەکەم کەسیان کە دامەزرێنەری زنجیرەی عوسمانییە، عوسمانی کوڕی تەغرەلی گەورەی تورکان لە دۆڵی قەرەسووی ئەنادۆڵییە.

ئەو بەڕێزە لە نێوان ساڵەکانی ١٢٥٨ و ١٣٢٤ ژیاوە و لە ساڵی ١٢٨١ بۆتە گەورەی تورکان و لە جێی سولەیمان پاشای تورک کە بابی خۆی بووە دانیشتووە و زنجیرەی خەلیفە یا سوڵتانەکانی عوسمانی دامەزراندووە. تەغرەل یا ئەرتەغرەل کوڕی سولەیمان پاشای تورکە.

وەختی خۆی هێزی تورک لە ژێر سەرکردایەتی ئەو سولەیمان پاشایەدا کۆچیان کردووە و چوونەتە خوارەزم و لەوێ لە پەنای سەلجووقییەکان بە سەرکردایەتی عەلائەدینی سەلجووقیدا ماوەی شەش ساڵ ماونەتەوە.

ئەمجا سولەیمان پاشا خەڵک و سوپاکەی خۆی گێڕاوەتەوە بۆ وڵات و زێدی باب و باپیرانیان و ویستیان نیشتمانی خۆیان ئاوەدان بکەنەوە. بەڵام لە گەڕانەوەدا سولەیمان پاشا خۆی لە چۆمی فوراتدا خنکا و نەگەیشتەوە وڵات.

ئەو کابرایە چوار کوڕی هەبوون و دوای باوکیان ناکۆکی و دوو بەرەکایەتییان لێ پەیدا بوو، لە سەر پلە و پایە و لە سەر ئەوە بچنەوە بۆ ئەنەدۆڵێ یان نا. تەغرەل لای وا بوو کە نەچنەوە و قۆڵێکی لە گەڵ بوون. هێندێکیشان دەیانگوت لێرە دەمێنینەوە و ئەوانیش بە تەنیا نەبوون. سەرەنجام بوونە دوو دەستە: هێندێک مانەوە و هێندێکیش چوونەوە. تەغرەل کوڕێکی خۆی نارده لای عەلائەدینی سەلجووقی و داوای لێ کرد کە زەمینێکی باشیان بداتێ تا تێیدا دانیشن و بمێننەوە. ئەویش لە نێزیک ئەنقەرە ناوچەی (قەرەجەتاغ)ی بۆ دیاری کردن و ئەوانیش تێیدا نیشتەجێ بوون.

ئەو رووداوە لەساڵی ٦٣٠ کۆچی مانگیدا رووی داوە. لە ساڵی ٦٦٧ کۆچی شەڕێکی خەست و خوێناوی لە نێوان سەلجووقی و مەغوولییەکاندا رووی دا. تەغرەل بە خۆی و هێزەکەیەوە کۆمەکی بە سەلجووقییەکان کرد و بو بە پشتیوانیان لە پاداشی ئەو ئەمەکناسییەیدا عەلائەدینی سەلجووقی ناوچەکانی تومانیج و ئەشکی شەهریشی هەر بۆ بڕدان و پێشکەشی کردن. لە ساڵی ٦٨٠ تەغرەل کۆچی دوایی کرد و عوسمانی کوڕی لە جێگەکەی دانرا و بوو بە سەرکردەی هۆز.

سەرەنجام عوسمان بوو بە دامەزرێنەری زنجیرەی دەسەڵاتدارانی عوسمانی و ماوەیەکی زۆر خۆی و کوڕ و نەتیژە و نەبیرە و نەدیدەو..کانی جڵەوی فەرمانڕەوایەتی تەواوی جیهانی ئیسلامیان بە دەستەوە بووە.

عوسمان لە سەر رێوشوێنی باوکی رۆییشت و هەروا بە هاوکارو یارمەتیدەری سەلجووقییەکان مایەوە.

سوڵتان عەلائەدینیش زۆرتری رێز لێ نا و دەسەڵاتی وی پتر کرد و هەروەها دەستووری پێدا کە لە هەرێمی خۆیدا دەوڵەتێک

پێک بێنێ و سەر بەخۆیەتی خۆی رابگەیەنێ و سکەش هەر بە نێوی خۆی لێ بدات و پێی گوت کە دەستوور بدا لە مزگەوتەکانا نێوی هەر دووکیان وێکڕا ببرێ و پێی گوت کە دەس بکا بە گرتنی وڵاتانی پتر و رزگار کردنی هەرێم و ناوچەکانی دیکە.

عوسمان بە دەستووری عەلائەدین دەستی کرد بە داگیر کردنی هەرێم و ناوچە و شارەکانەی وڵاتی رۆم. لە ساڵی ٦٩٩ کۆچی، دەوڵەتی سەلجووقی بە یەکجاری لە ناو چوو و شوێنەواری بڕایەوە. ئەمجا عوسمان سەربەخۆیی تەواوی راگەیاند و فەرمانڕەوا و کارگێڕ و کارمەند و پیاوە رامیارییەکانی دەوڵەتی سەلجووقی یەک لە دوای یەک پەیوەندییان بە عوسمانەوە گرت و بوون بە کارمەندی دەوڵەتی عوسمانی و ئیتر لە ساڵی ٦٩٩ بەو شێوە دەوڵەتی گەورەی عوسمانی پێک هات و ئەمجا پتر دەستی کرد بە ئازاد کردنی هەرێم و شار و گوندەکانی دەوڵەتی رۆم و هەموویانی ئازاد کرد و لێی تاپۆ کردن و جگە لە شاری قوستەنتەنییە هیچ جێگایەکی دیکە لە ژێر دەسەڵاتی رۆمیاندا نەمایەوە.

بەڵام ئەو شارە بە ناوچەکەیەوە تا ساڵی ٨٥٧ کۆچی مانگی (١٤٥٣ زایینی) کە بە دەستی سوڵتان محەمەدی دووهەم ئازاد کرا و کۆتایی یەکجارەکی بە دەوڵەتی رۆم هێنرا هەروا لە ژێر دەستیاندا مابوو.

دەسەڵاتی عوسمانییەکان هەر درێژەی هەبوو، تا تەواوی (شبە جزیرە)ی باڵکان و هەموو وڵاتانی یۆنان خرایە سەر وڵاتی پانوپۆڕی ئیسلامی و سوڵتان سەلیمی عوسمانی لە ساڵی ٩٢٣ کۆچی مانگی وڵاتی میسریشی خستە سەر وڵاتی عوسمانی و ئیتر جار دەگەڵ جار و رۆژ لە دوای رۆژ هێز و دەسەڵاتی دەوڵەتی

بەهێزی عوسمانی زۆرتر دەبوو و زیادی دەکرد و ئەو زنجیرە دەسەڵاتدارەی عوسمانی تورکی وڵاتی خۆیان وەها بەرفراوان کردبۆوە کە بەشێکی زۆری وڵاتانی ئۆروپاییشیان هەر چەندە موسڵمانیش نەبوون خستبۆ سەر وڵاتی خۆیان و دەسەڵاتی ئیسلامییان بە سەردا سەپاندبوون.

نێزیکەی سی کەس لە تورکان بە نێوی سوڵتان یا خەلیفەی ئیسلام یەک لە دوای یەک دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرتووە کە هەوڵیان عوسمانی کوڕی تەغرەلە و لە ساڵی ٦٩٩ کۆچی مانگیدا سەربەخۆیەتی دەوڵەتی عوسمانی راگەیاندووە و دوامینیان موحەمەد رەشادی پێنجەمە کە لە ٢٦ی ئاوریلی ١٩٠٩ زایینی هاتۆتە سەر کار و تا کۆتایی شەڕی دوهەمی جیهانی کە دەوڵەتە هاوپەیمانەکان پەلاماری وڵاتەکەیان دا و پایەتەختەکەیان گرت و بە یەکجاری دەوڵەتەکەیان لە بەرێک هەڵوەشاند و کەسێکی بەکرێ گیراوی خۆیان بە نێوی مستەفا کەماڵ لە ئاسیای بچووکدا بە نێوی سەرکۆماری تورکیا دانا هەر پایەدار و بەردەوام بوو و درێژەی بە خەباتی خۆی دا.

موحەمەد رەشادی پێنجەم مرۆڤێکی زۆر هۆشیار و رامیارو لێزان و تێگەیشتوو و سەردەرچوو بوو، خەڵک زۆریان خۆش دەویست و میر و بەگەکانی دەوربەری خۆی بە لێزانی خۆی هەموو خستبۆ ژێر فەرمانی خۆی. بەڵام بارودۆخی ئەوسای رۆژگار جۆرێک هاتبۆ پێش و بە شێوەیەک وەرچەرخابوو کە ئەو مرۆڤە مەزنەی لە دوندی کێوی حەستەمی دەسەڵات و هێزڕا هێنایە خوارێ و دە خۆڵێی وەردا.

راستی دەوڵەتانی هاوپەیمان کە بریتی بوون لە ئەمریکا و رووس و ئینگلیز زەبرێکی وەها گرچووبڕیان لە پەیکەری ئیسلام و

گەلانی ژێر دەستە دا کە ئێستاش ژانی نەشکاوە و برینەکەی سارێژ نەبۆتەوە و هەروا پێیەوە دەناڵێ، بەتایبەتی گەلی کورد. ئەوەش کە دەڵێم هەرگیز بە مانای پەسند کردنی کاری ئەڵمان و هاوپەیمانەکانی نییە. بەڵام ئەوە راستەقینەیەکی مێژووییە کە کوردستان و گەلانی ژێر دەستەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەوتنە ژێر دەستی هاوپەیمانەکان و ئەوانیش لەباتی هەموو خزمەتێک خەیانەتیان پێ کردن و لە نێو دەوڵەتەکانی دۆستی خۆیاندا دابەشیان کردن و هەر بەشەی دایان بە دەوڵەتێک، بۆ نموونە کوردیان کردە پێنج پارچە و پارچەیەکیان دا بە تورکیان و یەک بە ئێران و یەک عێراق و یەک سوریە و بەشێکی لە هەمووان کەمتر شۆڕەوی بۆ خۆی هەڵیگرت و بلووچیان لە نێوان ئێران و پاکستاندا دابەش کرد شۆڕەوی کە ئەو بەشە کەمەی بۆ خۆی هەڵگرت بە پێی داخوازی چۆنیەتی هەڵکەوتنی جوگرافیایی مەڵبەندەکە بوو کە کەتبۆ ئەوبەری چۆمی ئارازێ و نەک لەبەر هیچ هۆیەکی دیکە...

شەڕەکانی یەکەم و دووهەمی جیهانی و بەتایبەتی شەڕی دووهەم پتر لە هەموو کەس بە زیانی موسڵمانان و کوردەکان تەواو بوو. گەورەترین دەوڵەتی دنیای ئیسلام لە بەرێک هەڵوەشا. کوردی بێچارە کرا بە پێنج پارچە. نیشتمانی کورد هەر وەک نیشتمانی ئیسلامی یەک پارچەیی خۆی لە دەس دا. عوسمانی و ئەڵمانییەکان بەڵێنی سەربەخۆیەتیان بە کورد دا و بەو بۆنەوە سەدان هەزار لاوی خوێن گەرمی کورد بۆ سەرکەوتنی وان خۆیان بە کوشت دا و بوونە دەستەچیلەی ئاوری شەڕی ماڵوێرانکەر، کەچی بەڵێنیدەران بە کوردان خۆشیان تێداچوون و جگە لە زیان و تێشکان هیچ شتێک بۆ کوردی هەژار نەمایەوە.

لەو شەڕو و هەرا و هاڵۆزی و پشێوییەدا زۆر کەس قازانجیان کرد و کەڵکی باشیان لێ وەرگرت و توانییان دەور و خولی چاخ بە قازانجی خۆیان وەرچەرخێنن. بۆ نموونە بەچە قەسحاو لە وڵاتی ئەفغانستانێ توانی خۆی بکا بە ئەمیری وڵات و لە دواییشدا نادرخان توانی ئەوی لە سەر تەختی فەرمانڕەوایی بێنێتە خوارێ و دە زیندانێی بکات و خۆی لە جێگەی وی دانیشێ و مستەفا کەماڵ لە ئاسیای بچووک توانی ئەو دەوڵەتە بەهێزەی ئیسلامی لە بەر یەک هەڵوەشێنێ.

بەڵام هەر کورد نەیتوانی هیچ کەڵکێک لەو ژیوارە هاڵۆز و شێواوەی جیهانی بۆ خۆی وەربگرێ و بەڵکە خەڵک بە قازانجی خۆیان کەڵکیان زۆر لە کورد وەرگرت . کوردی بیچارەیان بەرەو هەڵدیرگە برد و چاویا ن بەست و بەقازانجی خویا بەولاولایا نیان دادا و خاکەکەشیان بەسەر خویاندا دابەش کرد و نەیان هیشت بە هیچ جور بیر لەحاڵی خوی وەکات. هەزاران شێخ و تەکیەو خانەگایان بۆ دروست کردن و بەجاری لە مزگەوتی خواو مەلای جی نشینی پیغەمبەرﷺ یان بری و دوریا ن خستەوەو لەریبازی راستی ئیسلام لایان دا.

هاتن و نیشتما نەجوانەکەیان بەسەر چوار و پێنج وڵاتی دراوسێدا دابەش کرد. نازانم بۆچی هیندیک کەس و گروپ و دەستەجات هەر دەڵێن چوار پارچەی کوردستان هەر دەلێی پی لەپارچە کوردستانە چکۆلەکەی ئەوبەری چۆمی ئاراز نانین، کە لەپێش دا بەشیک بۆ لەخاکی شورەوی پێشو و ئیستاش بەشێکە لە تاجیکسات، کە بەرای من شتێکی زۆر سەیرو سەر سورهێنەرە.

من هەمیشە دەڵێم پێنج پارچەی کوردستان نەک چوار پارچە. ئەمەش پارچە هەڵبەستێکە لەو بارەوە چەند ساڵێک لەمەوبەر هونیومەتەوە:

وڵاتی ئێمە

وڵاتـــی ئیمـــــە داگیـــــر کـــــراوە   بـــە پێـــنج دە ولـــە تـــی چەپە ڵـــدراوە
ئەو پێـــنج دەولەتەش گـــشتیا لـــە ئیمـــە   د ڵیـــا ن پڕخـــوین و زوخـــاوو کیمـــــە
هەمـــــو زور دار و بـــــی بەزەیینـــــــە   د ڵیـــــان بەداخ و خەفەت وقینـــــــــە
پینوسـیان شـکاندوین زمانیـان بریـوین   لـە لیـزگەی گەلان نیـو یـان سـریوین
گەلیـــــک لە میـــــزە وڵات تاریکـــــە   ڕچـە ی ژیانمـان سـەخت و باریـکـــە
ناخۆشــــە نـــاخۆش ئەو ژینـــە تاڵـــە   وەک ئـــی نـــا بەنـــد و زینـــدان و چاڵـــە
پــــردەرد وتوشـــــە یەکجـــــار دژوارە   بــــەژان و ئـــیش و ئـــوف وئـــازارە
بـــی دە ســـە لات و دیـــل ویەخـــسیرین   بەوحـــالەش گـــشتمان لەیەک زویـــرین
هەمومـــان بـــو یەک وەک دژمنـــا نـــین   لـــە یەکترنـــامو قەلـــس ونەبـــا نیـــن
بـــۆدژمن نوکـــە ربـــویەک بەد ویـــستین   لەیەک نەیـــــار و ناخۆشەویـــــستین
زور بەقلیـــــسو کـــــین لەگەڵ یەکتـــــرا   بـــا ب وکوربـــو یەیەک برابـــو بـــــرا
بۆیـــــە واتوشـــــە ژیـــــواری ئیمـــــە   گـــشتی خـــەراپـــــە کـــــرداری ئیمە
گەلیکـــــین گەلیـــــک لەیەک بلاویـــــن   کلاوبـــــی ســــەرو ســـەبی کلاویـــــن
هەزارمە خـــا بـــن لەژ یـــری دوریـــن   بـو خەڵـک بـاش و بـو یەک نـا جـورین
لـــە بـــو بیگانـــان بەویـــنەی جاشـــین   جاشـــی بەپـــول وجاشـــی بـــەلاشیـــن
یـــە کجـار خـــە راپ ودوریـــن لـــە چاکـــە   دلمـــان پیکـــە وە پـــیس ونـــا پـــا کـــــە

رون لەیەک نیـــــیەویەک نەگرتـــــوین   پـــرش وبـــلاوو گە لیــک بەد خویـــن

هەرکەس ئەوی دی دەدابــــە نــــانی   کەس ریـزونـــرخی کەسـی نـا زانـــی
گـش خـوی پـی زورەی دی پـی کـەم   کەس نالی توش هەی هەردەلی من هەم
گـــولی نیـــشتمان هەر بۆیـــە ژاکـــا   کەس پـــشتیوانی لەکەســمان نــاکـــا
گە ل بوپلمژیــاگ نیــشتمان چـول بـــو   تیخـی تیـژی کـورد بەجـاری کـول بـــو
ڕۆڵەی دڵـــسوزی دایکـــی نیـــشتمان   کـوڕی گـیان فـیدا بۆ گـەل پـشتیوان

بەنـــا هـومیــــدی وا مـــا وەتە وە   لـــەد ا خـــا ن پـشتی چە مـا وەتە وە
هەزاران هەزار بونـــــە قوربــــــانی   گیانیـان بەخـت کـرد بـو کوردستانـــی

پێشمەرگەی شەرەف بەجەرگ و نەبەز   خـوی کـردە فیـدای نیـشتمان بــەلــەز
سـالەهـای سـالە بەسـەد رەنـگ وجـور   لە سەرمان دەدەن گەلانی کـورد خـور
بـە نیـوی ئـەنفـال سـەدان سـەدهـەزار   بـــە شیـمیـــابارا ن زاروکـی هـــەزار
پـــیر و جەوا نـــی ئەو نیـــشتما نـــە   بـۆ گـوللـەی د ژ مـن بونە نیشا نـــە

سـەدان پیـشەوا لـەو کـوردەی هـەزار   لەسـەر مـافی کـورد بـرا نـــە سـەردار
لاوی کـــــورد کـــــوژراوبرا لـــــەیاری   زۆر جـــار بـــەمافی کورد کـــرا یـــاری
لاشـە کـورد کـەوتـن وەک گـەڵاداران   فـرمـیـسک رژان وەک تـاوی بـــارا ن
جـەنـدەکـی کـوردان بـەپـول وبـەکـو   وەژیر خاک دران ، شیوەن و رو رو
بوتــە بــەکـــاری روزانـــەی کـــوردان   هــە زا را ن لا شــەکەوتن لەمەیـــدان
دەت هەوی بزانی کورد چی بەسەرهات   بچـو هەلەبـجە ی وا بـی دەنـگ ومـا ت
ببـــــینە لاشـــــەی کـــوردانی هەزار   شیـمیایـی لیـدراو بە دەستی بەد کـا ر
هـەزاران جــەنـدەک بـی سـوچ وتـاوان   کەوتون لەمە یدان بی دە نگ و بی گیان
گـش ئـەو کوردانـەی خنکـا ن وکـوزان   هەم ئەو خوینـا نەی بـــە نـاهــەق رژان

تاوانیان تەنیا کوردایەتی بـو — بو نیان لەسە رریی مە ردایەتی بـو
هـــەزارا ن ڕۆڵـــەی نەبەز وئـــا زا — شەهـیـد بـو لـە چـیاو بەنـدەن و رازا
هەزارا ن هەزار مـا لـە کـورد رمـــا — بـە بـومبـای دژمـن و لاتما ن جمـــا
بهەسـە د ا ن هەزا ر کــورد ئـــاوارە — بو رو لـە ی بـەنـا زما ن لی بیچا رەبـو
ئـەوەی بـە روالـەت یارمـەیشی دایـن — بـە دا و ی بـزرو نا د یا ری خـنکا یـن
دراوسـییەکـانی پـەسـت و سـتەمکـار — دژمنـی گەورە ن بـو کـوردی هـەژار
ئـەوانــە گەلــیک بــی بـەزەیــینە — ترسیـان نە لە خـوا ونە لـە دوای ژینە
ئـە وان هە مویـا ن ویکـرا هـا وکـا ر ن — بەلام مەخـا بـن کـورد نـا هـۆشیـارن
ئەوەنــدە ناچـار یـا خـــو نەزانـــن — کـە دژمنـی خـو بەدوسـت دەزانـــن
هینـدیک کـەس دەلـین ئـەوکوردستانە — کـە جـیی پاکا ن و هەم بەهەستـا نـە
لە نیـو چو ار دە وڵـە ت دا بەش کراوە — بەڵام مـن دەڵیـم پێنجـی تـەواوە
بـە پـشتیوا نـی یەزدا نـی پـاکـم — دەس هەلـنـا گـر م لـە بستی خاکـم
کەرکـوکی وەک بـوک د لـی ولاتـە — بـو وگـە لـە کـورد ە شـورەو قـەلا تـە
دەبـی ببیتـە پـی تـەختـی کـو ردان — خـە با تگیرا نی مەرد لەنا و مـەید ا ن
جـا ئـەودەم گـورژی شـاد وخوشـحالە — ئـیتربـە س د ەکـا گـریـا ن ونـا لـە

دوای ئەو مەبەستە گرینگە دو با ئەو بەریزە دژ من رەوینە بادەدا تەوە سەر شیخ و هەلمەتی شیرانەی بو دەبا و دیسانیش رو ی دەپەلوسی. چونکە دەزانی کە دژ منی نا وخویەو خو بی گومان دژ منی ناوەخوش لە دژ منی لاوەکی کەمتر نییە . جا بەراستی ئەو بلیمەتە قارەمانەو ئەو مامۆستا بەڕێزە دەڵێی لە راوە بەرازێیە و چەندین دڕندەو کێوی پڕ مەترسی بۆ هەڵکەوتووەو نێزەیەکی گەورەی پێیە و لە سەری دارێکی گەورەی درێژی بەستووە و هەرچی

بۆی هەڵکەوت نووکە نێزەیەکی دەگەیێنێتێ، بەڵام یەکانەیەکی لە عەرزی داوە و هەر تاو نا تاوێک نووکە نێزەیەکی دە ورگی رۆ دەکا و دەیـهەوێ بە یەکجاری بیتۆپێنێ و هەر بۆیە دەڵـێ بە فێڵ و مەکری شێخی جادووگەر لەو رێگە راستە لامەدە، چونکە دین هەر شەریعەتە و تەریقەت نییە. تەریقەت نیزیکەی ٣٠٠ ساڵ دوای پێغەمبەر پەیدا بووە و ئەو هەموو رێچکە و مێچکە پیس و لارێیانەی کە بە نێوی شێخایەتی و تەریقەت یان بە نێوی ئایین هێناونەتە روو هەموویان خەراپ و هەڵەن. چونکە ڕێ واتا ڕێی ئیسلام تەنیا یەکێکە و نابێتە دوو، ئیتر قەت هەق لە یەک بەو لاوە نابێ. جا کەوایە هەرگیز لەو رێگە راستە لامەدەن و هەر وە دوای هەق و رەدا بکەون و هەقیش هەر تەنیا ئیسلامە و بەس و ئەو رێچکە و مێچکەش هەموو لە ئیسلام جیان.

جا لەو کاتەدا ئەو پارچە هۆنراوە ئینگلیسییەی خۆمم بیر کەوتەوە کە لام وایە لە زینداني ورمێ چەند ساڵ لەمەوبەر دامناوەو وا لێرەدا دەیگونجێنم کە هیوام وایە خوێنەری خۆشەویست پێی ناخۆش نەبێ.

ڕەنگە لە نەنگ و لەنگی و دەبەنگیش خاڵی نەبێ، بەڵام ئەو کاتی هەر ویستوومە خۆم بە تاقی بکەمەوە و گوتوومە: دابزانم دەزانم؟ جا ئەگەر هات و نەمزانیبوو، کە دەزانم ئێستاش هەر نازانم، هیوام وایە نەنگانم بۆ بپۆشن و لەنگانم بۆ راست کەنەوە و چەنگانم لە چەنەی نەنێن و رەنگانم لێ نەدەن و جەنگانم لەگەڵ نەکەن و هەنگانم پێ هەڵنەهێنن. چونکە جگە لە خوای گەورە هیچ کەس بێنەنگ و لەنگ و جەنگ و رەنگ نییە.

جا ئەوە تۆی بەڕێز و ئەوەش بەستە هەڵبەستە ئینگلیزییەکە:

Who am Iam Kurdish boy in my Kurdistan

مای ئین بۆی کوردیش ئەم ئای کوردستان
My nationally's home had was Akpatan
ئەکپاتان واز هەد هۆم ناشناڵیز مای
Which I am very poor in my living
لیوینگ مای ئین پور وێری ئەم ئای ویچ
But I don't afraid fram Gil or killing
کیلینگ ئۆر جیل فرام ئەفراید دۆنت ئای بات
Rigor and Raile at way my country
کانتری مای وای ئەت رایل ئەند ریگۆر
To me is laik haering poetry
پوئیتری هیرینگ لایک ئیز می توو
Midya and Soran are my grand father
فاذێر گراند مای ئار سۆران ئەند میدیا
They were prensipall on land and biger
بیگێر ئەند لەند ئۆن پرنسیپال وێر دەی
My father Kawah killed Azhdahak
ئەژدەهاک کیلد کاوە فاذێر مای
At the lik way only he was wak
واک واز هی ئۆنلی وای لایک دی ئەت
My cuntrys sitys wich are byutifull
بیوتیفوڵ ئار ویچ سیتیز کانتری مای
Dyarbakr, Karkook, Oromyah, Mosull
موسڵ، ئۆرومیا، کەرکوک، دیاربەکر
Qamishlu, Halab, and kifry and wan
وان، ئەند کفری ئەند حەلەب، قامیشلوو

Kirmashan, Zangan with all Loorstan
لوڕستان ئەڵ ویت زەنجان، کرماشان
Many plac on land Kurdish contry was
واز، کانتری کوردیش لەند ئۆن پلاز مەنی
Laik wery tawn history tell us
ئاز تێل هێستۆری تاون وێری لایک
Tabriz at laster had was Kurdistan
کوردستان واز هەد لەستێر ئەت تەبریز
Laik mor and mor plac and Asfahan
ئیسفەهان ئەند پلاز مۆر ئەند مۆر لایک
Kurdish yung men Goorghy wery much
ماچ وێری گورژی مێن یانگ کوردیش
Laik hem country, tawn or villag
ویلەج ئۆر تاون کانتری هیم لایک

کوردییەکەی دەبێتە:

کێم ئەمن؟

من کوڕی کوردم لەکوردستانەکەمدا
ماڵی نەتەوایەتیم ئەکپاتان بووە
ئەگەرچی زۆریش هەژارم لەژیانمدا
بەڵام نەترساوم قەت لە کوشتن و زیندان
قسەی سووک و جنێو لە ڕێی نیشتماندا
بۆ من وەک بیستنی هۆنراوە و سرووودە
میدیا و سۆران باپیرەی گەورەی منن
ئەوان بگێڕ و هەڵسووڕێنەری لە سەر زەوی بوون

باوکم کاوە، ئەژدەهاکی کوشت
لەو ڕێیەشدا تەنیا ئەو هەنگاوی هەڵگرتووە
شارەکانی وڵاتم کە جوانکیلانەن
دیاربەکر و کەرکوک و ورمێ و موسڵن
قامیشلی و حەلەب و کفری و وان
کرماشان و زەنجان لە گەڵ هەموو لورستان
زۆر جێش لە سەر زەمینێ وڵاتی کوردبوون
وەکو و زۆر شاران ؛ مێژوو وامان پێ دەڵێ
تەورێزیش لە زۆرکۆنا کوردستان بووە
وەک گەلێک جێگا و هەم وەک ئیسفەهان
لاوانی کورد گورژی گەلێک زۆر
نیشتمانی خۆیان خۆش دەوێ جا شار بێ یا دێ

هۆنەرێکی لاوی موسڵمان دەڵێ:

مـــن هەمبـــێ قورئـــان و حەدیـــس
چـیمە لە ڕێچـکە و مـێچکەی پـیس
گە ر هە ڵیـــــشمواسن بە گـــــوریس
نـــاکەومە شـــوێن پیـــری نەگـــریس

ئـافەرین بـۆ بـاوەڕی ئەم گەنـجە کەلام وایە مەلا عەلـی بـاپیرە. هەرکەس بی من سوپاسی دەکەم . شێخ مەحمودی نەمر خـوا لێـی خۆش بێ کاتیک کە دەوڵەتـی کوردسـتانی دروسـت کـرد یاسـایەکی تـایبەتی بۆ نەنوسی و فەرمـوی هەر یاسـایەک مـرۆڤ بینوسـێ لـە قورئان چاکترنابی وئیمە ش یاسامان لە قورئان چاکتر ناوی.

بەڕاستی ئەو پیرانە هەموویان نەگریس و پیس و تەپڕەشن و هەموویـــان مەبەســـتیان خـــواردن ولە نـــاوبردنی گەل وســـۆزی نەتەوایەتـــی وخەفە کـــردن یـــان کـــز کردنـــی هەســـتی ئیـــسلامەتی راستەقینەیە. چونکە هەررێبازەکە ئەوەیە.

دەبینی چەند کەس هەریەکەی لە بەرێکەوە دەردەکەون بۆ ڕاوی و هەر یەکەشـــی بە ئامرازێـــک و هەریەکەی بە شـــێوەیەک ڕاوی گیانلەبەرە بێچارەکان دەکەن. یەک بە ساچمەزەن و یەک بە تاپڕ و یەک بە تاژی وتوڵە یان بازو باشوویەک بە داوویەکێک بەتەڵە و ئەوی دی بە تەپـــکە و ئەوی تـــریش هەربە بەرد و قۆچەقـــانی کە هەریەکەشـــی بە شـێوەیەک گیانـــدارە هەژارەکـــان دانەخـــۆر دەکـــاو دەیانخەڵەتێنێ.

ڕاستی کەسێک کە جوان بیرلە مەسەلەکە بکاتەوە و کۆیی ئاسا شت بناسێ دەزانێ کە ئەو پیرو میرو ئەو هەموو ڕێچکە و مێچکە و ئەو هەمـــوو گـــروپ و دەســـتەجاتانە هەموویـــان نـــاڕەوا و گـــشتیان ناڕەدان و مەبەستی هەموویان هەر یەکە وئەویـش کەڵـک وەرگـرتن لە خەڵک و لەورێیەشدا نەزان هێشتنەوەمانە.

هەموو زانا و ژیر و بەبیرێک ئەوە دەزانـێ، کە هەق هەریەکە و نابێ بە دوو، خواش خۆی دەفەرموێ: (وماذا بعد الحق إلاّ الـضلال) لە دوای هەق و ڕەدا جـگە لە گـومڕایی چیتـر هەیە؟! جـائەوەیە کە دەفەرموێ:

دەمـــاغی منـــداڵەکان پـــڕ کەن لە حـــوببی وەتەن
تەربییەتیـــان بـــاش بـــدەن، میللییەتیـــان فێـــر بـــکەن
هەرچـــی سەرخۆشـــی بـــدا مەیخـــۆن ومەیخـــۆنەوە
ئێـــوە لە عەقـــڵ و لە مـــاڵ زۆر فەقیـــرن و بـــێنەوا

{بە قسەی جاهیلی نەفام بە مەکری شێخی جادوو
لە رێگەی راست لامەدەن رێ یەکە و نابێ بە دوو
شێخی فێڵبازی جاسووس دژمنی سەرکەوتنە
نەیاری میللییەتە ئەم قسە گەلێک رۆشنە
خودا یەکە و هەق یەکە و دینی بەهەق هەر یەکە
ئەی کوردە یەک رێ بگرە و رێی هەق و دەق هەر یەکە
ئێوە چونکە لە مێژە هەر لادەدەن لەو هەقە
لە چاو کەلانی دنیا بەشتان هەر زللە و شەقە}

مامۆستای خۆشەویست وبەڕێزمان ئەوەندەی باوەڕ بە ئیسلام و یاساکانی ئیسلام هەبووە کە هەمووشتێکی هەرلە ئیسلامدا دیتووەو لای وابووە کە دەبێ تەنیاکەسانێک جڵەوی کەشتی کۆمەڵ بە دەستەوە بگرن کە موسڵمان ودینداروجێنشینی پێغەمبەر بن. مەلای بە جێنشینی پێغەمبەر زانیوە و پێی وابووە، کە دەبێ جێنشینی ئەولە رێبازی وی لانەدا و هەر مەلاشە کە لێی لاناداوکێش لە رێبازی پیرۆزی پێغەمبەرﷺ بە موولایدا مەلا نییە ولە جیاتی ئەوەی کە خەڵکەکە بەرەو شارێگەی یەکسانی وکامەڕانی بەرێ و کاروانی خەبات بە شەقامی یەکیەتی وبرایەتیدابئاژوێنێ بەرەو هەڵدێرگەی ناکۆکی و دژایەتی و دووبەرەکایەتی دەباوپیاوی واش بۆمەلا نابێ.

هەروەها کاتێک کە ئەرک و سپاردەی خۆی بە جێ نەهێناوە و نەیتوانی وەک پێغەمبەرﷺ خەڵک رابەری بکات مەلا نییە ومایەی بەدبەختی خەڵکە و سەرەنجام دژمنی گەل بە سەر گەلدا زاڵ دەبێ و زێد و نیشتمانەکەی داگیردەکا و گەورەیی وسەرداری وئازادی خۆی لە دەس دەدا جا هەر بۆیە بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە دەفەرموێ:

مەلا ئەگەر مەلا با دنیا بۆ وای لێ دەهات؟
ئەورووپایی چی دەکرد لە سەر قەتعەی رۆژهەڵات؟

ئەمجــا هەروەک هەمیــشە دوای دەردە دڵێکــی گــشتی وخەفەت خواردنێک بــۆ هەمــوو موسڵمانان دێتەوە ســەر دەردە دڵ کــردن و خەفەت خواردن بۆ کورد و کوردستان و دەفەرموێ: چونکە نەوتـی بابا گوڕگوڕی کەرکوکێ دەچێتە پاریسێ و بیـان و لاوەکـی دەیـبەن وکوردی هەژاریش هەروا بزەی چاوی دێ و لە ماڵی خۆیان بێبەش کــراوو دەبــێ تەنــانەت بــۆ پــڕی چــرایەکیش نەوت بە لارەملــی لە بەربێگانان وەپاڕێن و بۆ کەمێک لە ماڵی خۆیان زارە خوارە لە بەر بێگانان بکەن!! لە دەروونمـدا ئـاوری خەفەت و داخ وکەسەردایـیسێ کە لە راستیدا دەبێ ئەوئـاورە لە دڵ ودەروونــی هەمووکـوردێکی بــە شەڕەفدا بڵێسە ببەستێ وگڕبگرێ ودووکەڵ و چڕەچەمانەکەی چاوی دژمنان کوێربکـا و هەمــوو کوردی دنیــا وێکڕا یەک دەنـگ و کـۆیی ئاسا بڵێن و هاوار بکەن:

نەوتــی بابــاگوڕگوڕی چــۆن دەچــێ بــۆ پاریــسێ
ئــاوری حەســـرەتۆمەندی لە دەروونـــم داییـــسێ

{هەرچی لەم زەویـیەدایە چاوە و کـانی کوردسـتان
یـا هـیچ کەس پێـی نـازانێ یـانە دەیـبەن دژمنـان
چــۆن نەوتــی کرماشــانێ هەڵیلووشــی بیــانێ
تەواوی وەجەکــانم وەکــوو یەک دەکەن زانـــێ}

ئەگەرکەســێک بە وردی ســەرنجێکی جــوانی رەدا بینـــانە بە کتێبەکانی دەستووری زمان (صرف و نحو)و زانیارییەکـانی دیکەش بداوتەماشایەکی پەراوێزوکۆبە وراقەکانیـان بکـابۆی دەردەکەوێ کە زۆربەی هەرە زۆریـان پێویـست نـین وبە خـۆڕایی مێـشکی شـاگردی هەژاروفەقێی بێچارەیـان پێوە خەریـک دەکەن وبەو شێوە تەمەنـی

پڕبایەخی لاوی فەقێ بەفیڕۆدەدەن!!
جا بەتایبەتی جاری وایە هۆنەرێک یان تەنانەت بگرە هەڵدەکەوێ کە پیرێژنێکی عەرەب هۆنراوەیەک یا وتەیەکی عەرەبی گوتووە وزانایانی بەناوبانگی ئەوزانیارییانە راڤەی دووورودرێژ و کۆبە و پەراوێزی زۆرگەورەیان لە سەرنووسیوە و توێژکاری وردیان لە سەرکردووە.
لەوانەیە پیاو بڵێ ئەگەر یەک لە دەی ئەو توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و وردەکارییانەیان لەسەر پیشەسازی یان وەدیهێنانێکیان کردبایە، حاڵی خۆیان و گەلەکەیان لە جێیەکی دیکە دەبوو. دیسانیش دەڵیم بە داخەوە دژمن کاریکی وای کردووە، کە تەنانەت زاناکا نمانیشی هەرلە مەبەستی بنەڕەتی تا ڕاددەیەکی زۆر دورخستوتەوە!!
جا هەربۆیە مامۆستای لێزان و گەورەمان بەتایبەتی نێوی چەند کەس لەو زاناگەورانە دەباو دەیانداتە بەرتوانج و تەشەر و پێیان دەڵێ ئێوە بۆچی وەدوای شتی پێویست و مەبەست ناکەون و شتی ناپێویست چ قازانجێکی هەیە ؟ تەمەن کورتە و زانیارییەکان یەکجار زۆرن، دەبێ گرینگەکەیان بگری دەنا فریایان ناکەوی و پییان ڕاناگەی.

لە نێو تاقمی ڕوحانیدا باوە کە بێئەندازە، دوای شتی بێجێ و قونە قەیدوشتی نامەبەست دەکەون و وردەکارییەکی لە رادە بەدەرلە سەرمەسەلە جۆربەجۆرەکانی زانیارییەکانی ئیسلامی دەکەن و ئەوەندەی لێ دەکوڵنەوە، کە بەڕاستی لە تام دەردەچێ!! دەبینی هۆنراوەیەکی یەکێک لە هۆنەرە عەربەکان یان هەر وتارو قسەی پیرێژنە عەرەبێکی بۆنموونە لە سەر یاسایەکی زانیاری دەهێننەوە، پاشان ئەوندەی لێ دەکۆڵنەوەو وە دوای دەکەون کە

خودی ئەو یاساو ڕێسایە کە دەبێ تێیدا بەڕێوە ببرێت هەر بە یەکجاری فەرامۆش دەکرێ!! یا هەر لە بیردەچێتەوە، کە ئەو هۆنراوە بۆچی بە نموونە هێنراوەتەوە!! دەیان لک و پۆپی لێ دەکەنەوە و کات و هێزێکی یەجگار زۆر بێهودە بەخت دەکەن.

یان دەبینی کتێبێکی دەستور زمان (ڕێزمان و ڕێنووس) یا ڕەوانبێژی و ڕەوانخوێنی (بلاغە)، یا لۆجیک (منطق)، یان ڕیئۆنی (حکمت و فلسفە)و هتد دەیان ڕاڤە (شرح و تفسیر)ی لەسەر کراوە، کە هیچ پێویست نییە،بە سەدان کۆبە و پەراوێز و قونەقەیدی لە سەر نووسراوە و چەندین مەتەڵۆکەی لەسەر هێنراوەتەوە، کە جگە لەوە مێشکی ڕوونی شاگردی بێچارە تێکوپێک دەدا و مەبەستی ڕاستەقینەی لە بیر دەباتەوە و بە جارێکی هەموو شتەکەی لێ هاڵۆز دەکا هیچ قازانجێکی دیکەی نییە.

باوێکی دیکەی هەر زۆر لەوەش چەوتتر لە نێو مەلا وفەقێکانی کوردستاندا ئەوەیە کە زۆر بە کەمی خەریکی خوێندنی قورئانی پیرۆز دەبن و هێندێک وشکە سۆفی و مریدە مەلا، وایان بە خەڵک سەلماندووە کە قورئان هەموو کەس نایزانێ و هەموو کەس فێری نابێ و بۆ ئەوەی نابێ هەموو کەس دەسی تێوەردا و ئیتر نابێ هەر کەس قورئان بخوێنێ. دەڵێن قورئان سەتان تویێە و هەموو کەس ناتوانێ ئەو تویێانە هەڵداتەوە و بزانێ چیان دە بندایە!! کە دیارە مەبەستی ئەو هەڵوێستەش جگە لە دوور کردنەوەی خەڵک لە قورئان هیچ شتێکی دیکە نییە و خۆ ئیتر وای بە حاڵی ئەو موسڵمانەش کە دوور بێ لە قورئان و لە مانا و واتای قورئان حاڵی نەبێ!!

ئیتر ئەو مێشک وشکانە هەرگیز بیر لەوە ناکەنەوە کە هەرگیز شایستە نییە خوای گەورە شتی ئاوا بە زەحمەت و سەخت بۆ

خەڵک بنێرێ و خوا لەگەڵ خەڵک شەڕە مەتەڵۆکە ناکات!! هەر خۆشی لە قورئانا ئەفەرمێ: (و لقد یسرنا القرآن للذکر فهل من مدّکر) بەڕاستی ئێمە قورئانمان بۆ فێر بوون ئاسان کردووە، جا ئەرێ هیچ کەس هەیە فێری بێت!!

زانایانی بێگانە فڕۆکە وگەمی دەریایی و هەوایی وبێتەل ورادیۆو مووشەکی جۆراوجۆر و لەیزەر و بریسکە و هەزاران شتی گرینگە و گەورەی وەهایان سازکردووە کە پیاوسەری لێی سوڕدەمێنێ، بەڵام زانایانی ئێمە خودا پاداشیان بداتەوە هەر هاتن عەمر و زەیدیان تێک بەردان، لە ئاکاما ئێمەش هەموو شتێکمان لە دەس چوو وئێمە وەک گەلێکی لە گوێی گادا خەوتوو بێ ئاگا لە هەموو شتێک و ئیتر کانگا و چاوەکانمان لە دەس داو خەڵک بۆ خۆیان بردیانن و پێی پێشکەوتن و ئێمەش لە دواکەوتوییدا ماینەوە!! گورژی گوتەنی:

پیشەسازی خەڵکی جیهانی وەها پێش خستووە
هەر گەلێکی پیشە نازانێ گەلێکە نوستووە

خوای گەورەمان دەفەرموێ: ﴿وَلَقَدۡ صَرَّفۡنَا فِي هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانِ لِيَذَّكَّرُواْ﴾ اسراء:٧١. واتا بەڕاستی ئێمە لەو قورئانەدا هەموو شتێکمان روون کردۆتەوە تا فێر بن و بزانن. دووبارە هەر لەو سوورەتەدا دەفەرموێ: ﴿وَلَقَدۡ صَرَّفۡنَا لِلنَّاسِ فِي هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانِ مِن كُلِّ مَثَلٖ﴾ وە بەڕاستی روونمان کردۆتەوە دەو قورئانەدا بۆ خەڵک هەموو نموونەیەک.

راستی پیاوی ژیر کاتێ سرنج بداتە ئەو جۆرە ئایەتانە دەبێ خەجاڵەتی بکێشێ رێگەی خوێندنی قورئان لە خەڵک بگرێ. قورئان بۆ فێر بوون هاتووە وفێر بوونیش بۆ کردەوەیە، جا ئەوەیە کە

مامۆستا توورە دەبێ و پێمان دەڵێ ئێوە ئەوە خەریکی چین؟ ئەوەی ئێوە ئێستا بە نێوی دین و زانیاری دین خۆتانی پێوە خەریک دەکەن، هیچی نە دینە ونە دەستووری دینیشی لە سەرە. ئەنگۆ بۆچی ناچن زانیارییەکانی ژمێرامە و پێوانە (حساب وهندسە)و فیزیک و شیمی وزانیارییە سروشتی و پیشەسازییەکان و هتد بخوێنن؟!

جامامۆستا کاتێک کە ئەوەی بە چاوی خۆی دەبینێ مەنجەڵی لە کوڵی ناو دڵی پتروە کوڵ دێ وزڵقان دەداوئیتر بە خۆی نییە تورە دەبێ وجێی خۆشیەتی کە دەڵێ: ئەگەر ئێوەش وەک خەڵک پیاوبان دەبوو شتێکتان لە دەس هاتبایە و لەو هەموو ئاڵ و گۆڕەدا سەرە بەنێکتان وەدەس خۆتان خستبایە، ئێوە خیرەت نانوێنن وهەوڵ نادەن وتێناکۆشن، دەناکەسێک خیرەت بنوێنێ ووەخۆ کەوێ و هەوڵ بدا مسۆگەرە، کە خوای گەورەش سەرکەوتووی دەکات.(لیس للانسان الا ما سعی) فەرمودەی خوایە و شتیکی هە وانتە نییە، جا کوڵی دڵی ئەوجارەشی بەوجۆرە دەڕێژێ و دەفەرموێ:

بەچە قەساوو چاو پێکەوت چۆن بوو بە میری ئەفغان
لە ترسی وی هەڕای کرد مەلیک ئەمانوڵڵاخان
نادرخانی جەنراڵیش بەچە قەسای ئەسیر کرد
تاج و تەختی ئەفغانی چلۆن بۆ خۆی تەسخیر کرد
ئێوەش ئەگەر پیاو بان چشتێکوو لە دەس دەهات
کەسێ خیرەت بنوێنێ خودا تۆفیقی دەدات
ئێوەن بێقەدر و قیمەت بێعەسکەر و بێعەلەم
بێتاج و تەخت و دەوڵەت ژێر دەستی کوللی عالەم
چونکە نانخۆری خەڵکی لە سەر ملک و ماڵی خۆت
خاکت هەموو مەعدەنە خۆت فەقیر و رووت و قوت

تــا کەی وەکــوو گــاجووتی لە ژێــر نیــری زیللەتــی
سەد حەیف و سەد موخابن لای خۆت ئەتۆش میللەتی
سووری مـوو زەردی چاو شین نەکەی بە ئومێدی بی
ئەووەڵ بە قــووەتی خــۆت دووهەم بە عەونــی رەببــی
عــیلم و عەمەل خــۆیەتی جەهــل و تەمبەڵــی مەرگە
پۆســت و زەرگــان فـرێ دە، وەعـدەی تـۆپ و تفەنـگە
ببـــنە پـــۆلیس و عەســـکەر بـــۆ خزمەتـــی مەفتەنـــی
ســەعی و خیـرەت بـۆ وەتەن وەک روحە بـۆ بەدەنـی

مامۆستای بەڕیز وخۆشەویستمان خوا لێی خـۆش بـێ خەبـات و هەوڵ و تێکوشانی بۆ نیشتمان وەک گیان بۆ جەسـتە دانـا وە واتـا نیشتمانیک کە هەول و تێکوشانی بونە کری وخەباتی تـی دانـە بی وەک جەسـتەیەکی بـێ گیـان وسـست و سـرو سـاردە وە بوویـە و ئەوپیـی وایـە وەک لـە ڕاستییـشدا هەر وایـە خەڵـک ئەو رو دەبـی شیوەی خەبـات بگورن و ئیتـر چـاخ چـاخی خورافـات و پڕو پـوچ پەرستی نییەو نابێ ئی دی لاوە خوین گەرمە باوەڕدارەکـان چـی دی وە دوای گەنـدەلە شـێخ و کۆلکـە مەلای لابــە لا بـکەون . چونکــە بەراستی وەک دەبینین، کە ئیتـرئەو نەزانانـە ؛ بەو جـۆرە هەمـوو خەڵکیـان خەڵەتانـدووە و ڕێـگەی پێـشکەوتن و دۆزیـنەوەی ڕازە نهێنییەکانیـان لـێ گرتـوون و نـاهێڵن موسـڵمانی هەژاریـش وەک بیانییەکــان بە پیــشەسازی و داهێنــان و دەرهێنــان و ڕاهێنــان و تازەییەکانەوە خەریک بن و بە تەمای کەڕامەتی شێخ و زانینی شتە نــا لەبەرچاوەکــان لەلایەن ئەوەوە وهەروەهــابە تەمــای نوشــتە وگـشتەک وازیـان لـە هەمووشـتێکی سروشـتی هێنـاوە وسـەرەنجام هەمووشتێکیان لەدەس داوە وهیچیان بۆنەماوەتەوە !!

جا دەفەرموێ: ئێستا دنیای زانیاری و پیشەسازی و پێشکەوتنە. ئەم درۆو دەلەسە وفێڵ وفووتە باوی نەماوە ولە بەرابەر تۆپ و تەیارەدا کارێ ناکەن. مەحوی ئاسا کەسێ بەردت پێدادا دەبێ بەرقی تێبگری، وەک دەڵێ:

شوکرهوشیارە مە حوی تێ ئەگا دنیا خەراباتە
کەسێ شێتانە بەردم تێگرێ من بەرقی تێئەگرم

ئیتر لە کاتی بۆمبابارانێدا ئەگەر هیچت لە دەسدا نەبێ، کە داکۆکی و بەرگری پێ لە خۆت بکەی، دەبێ لانی کەم راکەیە ناو ئەشکەوتێک و خۆت وەشاری پبچیە بنەبانێ وخۆت حەشار بدەی و لەبێ دەسەڵاتیدا هەڵاتنیش جۆرە دەس کردنەوەیەکە.
پاشان رووده کوردان دەکاتەوە و دەفەرموێ وازلەو فریودەرودرۆزن و دووزمان ودووڕوو وچەند رووانە بێنن و بەس فریوی وان بخۆن. ئێوە چەندین ساڵە وە دوای وان دەکەون ولە بەدبەختی و ماڵوێرانی و برسییەتی و هەژاری و نەداری و پاشکەوتوویی بەدەر هیچتان پێ نەبڕاوە کەوایە وەرنە سەر ڕێی ژیری و بیروهۆش و گۆش بۆخۆتان هەوڵ بدەن نانێک وە دەس بێنن، چونکە بە برسیایەتی وئاشەک (معدە)ی خاڵی چتان پێ ناکرێ وچێکڵدانی بەتاڵ راناوەستێ وهەر بە پەراستووی پڕەوە کاردەکرێ. داکۆکی وپارێزگاری لە گەل و زێد و وڵات پێویستی بە فیداکاری و لە خۆ بوردوویی و گیانبازی هەیە و ئیتر کێ ئامادەیە، کە شتێک هەر نەیهەوێ و خۆشەویستی نەبێ، بەڵام خۆی بۆ بە کوشت بدا و فیداکاری وگیانبازی لە رێگەی ئەو شتەدا بکات؟
هەروەها دەفەرموێ دڵ ودەروون و دەماغی منداڵەکانتان پڕ بکەن لە خۆشەویستی زێدو نیشتمان وهەستی نەتەوایەتییان فێر بکەن و

لە دڵیـــان بهـــاوێن وزۆرچاکیـــان پەروەردە بـــکەن وهەرچـــی کە سەرخۆشـــیو مەســـتی دەهێنـــێ دووری لـــێ بـــکەن و مەیخـــۆن و مەیخـۆنەوە، چـونکە ژیـری و ئاوەزتـان تێک دەچـێ وبیروهەستی خۆشەویستی و تەنانەت لێک جیا کردنەوەی چاکە و خەراپەشتان نامێنێ ودژمن بە کەیفی خۆی بە سەرتاندا زاڵ دەبێ.

لە هەر وڵاتێکی میری، یان فەرمانڕەوایانی وڵاتەکە ناخەڵکی و دژی گەلـــی و ســـتەمکار وتەپـــڕەش(خـــائن)ی گەل و وڵاتەکە بـــن خەراپکاری و ئامرازگەلی خەراپکاری و گوناح و تاوان و بێویڵی لە وڵات نەک هەر بەرگری لـێ ناکەن بەڵکە وە بایەخیشی دەخەن و برەویشی پێ دەدەن. چونکە دەیانهەوێ خەڵک و بەتایبەتی لاوەکان کە خـوێنی پاکیـان وەک حەوجۆشـی نێـو گـڕەپێچەی تەنـدووری نێڵدراو لە کوڵە و بەو هیـوایەوە دەژیـن کە رۆژێـک بێت ئەوانیش بتوانن وەک خەڵکی دیکە گەل و نیشتمانەکەیان بە پلە و پایەیەک بگەیەنن وە سەر فەساد و خراپکاری و بێهۆشی و سەرگەرمی بگێڕن تا هۆشـی ئەوەیـان نەمێنـێ کە لەوان راسێن وبیانتاسێنن و داوای مافی خۆیانیان لێ بکەن.

لە دوای ئەوە دەفەرموێ هۆشتان بێ و بیـربکەنەوە و بە قسەی پیاوی نەزانی و تێنەگەیشتوو مەکەن، چونکە نەزان تەنانەت بەشی خۆشی نازانێ و دۆستی نەزان لە دژمنی زانا گەلێک خەراپترە.

ئێـوە بـۆچی زانیـاری سروشـتیتان وەلا نـاوە؟ لە حاڵێکـدا، کە زانیـاری سروشـتی یەکـێکە لە رۆشـنتـرین وگەورەتـرین رێگاکـانی خواناسی وخۆناسی و خەڵکناسی ،هەروەها یەکێکە لە گرینگترین رێبازەکـانی فێـر بـوونی زانـست و پیـشەسازی و دیاریـشە، کە پیشەسازی مایەی ناسین و دۆزینەوەی تازەکـانی ئاشکرا و نهێنـی

خودایە. هەروەک خۆی دەفەرموێ:

هەتـــاکوو نەبـــنە خاوەنـــدی ســـەنایع
هەمـــوو ئەنعـــامی خـــوا ئەڕوا بە زایـــع

بەڵێ ئەو بەڕێزە کە دەبینێ مامۆستایانی ئایینی لەباتی هەموو پێشکەوتن و پیشەسازی و وەدیهێنان و داهێنان وراهێنانێک هەر خەریکی کۆبە و پەراوێزلە کتێبە کۆنەکان نان و پەراوێز نان لە دیوانی هۆنراوەی ئیمرِوئولقەیس و زوهەیری ئەبووسەلما و تورفەی کوڕی عەبدی بەکری و عەمری کوڕی کولسومن دەیانداتە بەرتوانج و پلارودەفەرموێ:

بلێـــنە ســـیبوەیهی و مـــازەنی و خـــالوەیهی .
کانی نەفتین لە کیس چوو بە ریشی نەفتوەیهی
ئەتۆ و خودا پێم بڵێ مامۆستای رووت و برسی
هیچ ئیشی تۆ پێکدێنێ شیعری ئیمرۆئول‌قەیسی
کەڕامەت کەڵکی نەما لە گەڵ تۆپ و تەییارە
عولەمـــایی تەبیعـــی شـــوێنیان ئەودا دیـــارە
کاکە ئەم عەسرە نەما برام ئەو دەورە رۆیی
شێخ لە هەوادا دەفڕێ یا لە سەر ئاوێ رۆیی
درۆ فاییـــدەی نییـــە وەعـــدەی بۆمبـــا بـــارانێ
راکە لە بۆ ئەشکەوتێ غـــار بـــدە بـــۆ بنەبـــانێ

نازانم بۆچی مامۆستاکان زانیارییە بەکەڵکەیان وەلا ناوە و هەر نایخوێنن!! وە هەروەها نازانم چ قازانج وسودیکیان دەو هەمووە دوا کەوتنەی زانیارییە کانیوە ک(نحو وصرف وهتد)دا دیوەتەوە !!

مامۆستا گوتەنی:

مەلای نــــــادان بە عینــــــوانی شـــــــەریعەت
حەرامـــــی کـــــرد لە تـــۆ عیلمـــــی تەبـــیعەت

بە داخەوە مەلای کـوردەواری ئەوەنـدە وەدوای شـتی نـاگرینگی وەکوو ڕێزمان و ڕێنووس (صرف و نحو) وکەشف وکەرامەت دەکەون کە وێراناگەن هیچ زانیارییەکی بەکەڵک فێربن !! چونکە نا وەندێکی فێرکاریش لەوڵات دانییە وهەر کەس بە سەلیقەی خویدە خـوێنی و ووانـە ویـژی دەکـا کەس نییـە لەوەهلـە روییـە بییـان گێرێتـە وە و بەڕاسـتی تەنـانەت فێـری شـێوەی ڕاگەیانـدن و بانـگ کـردنیش هەرنابن و بە داخەوە لەبەرئەوەی، کە گرینگترین کاری وانە زۆر و زۆرتـر کۆڵینەووکـۆبە وپەڕاوێـز و قـونە قەیـدە نـاتوانن وەدوای زانیارییە بەکەڵکەکان بکەون و بیانخوێنن. بەڵێ ڕێزمان و ڕێنووس پێویستە، بەڵام بەمەتەلەی کوردی : هەمووشتێک بە خوێ وخوێش بە مانا.

گەورەتـرین زاناوپـسپۆڕی ئیـسلامیش ئەگەر تەنـانەت لە شـاری کەرکـووک و کرماشـانیش بـێ دەبـێ شـەوێ لە تاریکیـدا دانیـشێ و نــاتوانێ پــڕی فتیلەیەکــیش لەو هەمــوو نەوتە زۆرە هەڵینجــێ و کەڵکی لێ وەربگرێ!! جا بۆیە مامۆستا تووڕە دەبێ و دەڵێ:

بلێـــــنە ســـــیبوەیهی و مـــــازەنی و خـــــالوەیهی
کـانی نەفتـین لە کـیس چـوو بە ریـشی نەفتـوەیهی
ئەتـۆ و خـودا پـێم بلـێ مامۆسـتای رووت و برسـی
هـیچ ئیـشی تۆ پێکـدێنێ شـیعری ئیمـرو ئولقەیـسی
کەرامەت کەڵکـــی نەمـــا لە گەڵ تـــۆپ و تەییـــارە
عولەمـــــایی تەبیعـــــی شــــوێنیان ئەودا دیــــارە

یان دڵسوزانە ڕیگەمان نیشان دەداو دەڵێ:

عیلمــــی بخـــوێنە بـــۆ گەڵـــت چـــا بـــێ
گەل و مەفتەنـــــت بەو عـــیلمە شـــا بـــێ

جا ئەو بەڕێزە، دڵسۆزانە پێمـان دەڵـێ، کە بەسیەتی وچیدی وە دوای ئەو جۆرە شتە پڕوپووچـانە مەکەون، چـونکە دەورە وچـاخی شتی نەماوە.

مامۆستا لەو چەند تـاکە هـۆنراوەی دواییـدا ئامـاژەی بـۆ ئەوە دەکا کە شێخە فێڵبازەکان بە درۆ و دەلەسە خەڵـک دەخەڵەتێنن و چاویان دەبەستن کە بەڵـێ ئەون بە کەرامەت چ دەکەن و چ ئەنجـام دەدەن بە حەوادا دەفڕن و لە سەر ئاوی دەڕۆن.

روون کردنەوەیەک لە سەرئەفغانستان

ئەفغانستان ئەم وڵاتە یەکێکە لە وڵاتە هەژارو نەدارو زۆرلێکراوەکانی ئیسلامی کە لە رۆژهەڵاتی ئێران ولە باکووری پاکستان وباشووری تاجیکستان وئۆزبەکستان و تورکەمنستان هەڵکەوتووە و ماوەیەکی زۆریش هەربەشێک بووە لە هیندوستان،هەر بۆیە کەسێک بیهەوێ مێژووی ئەو وڵاتە لێکداتەوە دەبێ لە پێشدابە مێژووی هیندووستاندا بچێتەوە.

لەووڵاتەدا هەمیشە دەوڵەتەکانی شورەوی و پێش ویش تەزاری رووسی و ئینگلستان بۆلە ژێردەستی خۆنانی پادشایان و ئەمیرەکانی وێ ململانەیان کردووە وگەلێک لە وابەستەکانی خۆیان لەوێدا بە ئەمیری گەیاندووە وبەو جۆرە هەمیشە دەستیان لەو وڵاتەدا هەر هەبووە و خۆتی هەڵقوتاندنیان کردووە.

پادشایان و ئەمیرانی زۆری هەواداری ئینگلستان هاتوونەتە سەرکار. بۆ نموونە ئەمیر عبدالرحمن کە هەتا ساڵی ١٩٠١ زایینی هەرلە سەرکاربووە و دوای ویش ئەمیرحبیب اللە بە پادشایەتی گەیشتووە. کێشە و بەرە و ململانێ و رەقەبەرایەتی لە ناوەوەی وڵاتدا هەر هەبووە و ئاوری ئاشووب وئاژاوەی ناخۆش لە بنەوەدا هەر ئایساوە و سەرەنجام لەو نێوەدا ئەمیر حبیب اللە کوژرا و برای وی ئەمیر نصراللە بە دەسەڵات گەیشت کە ئەویش زۆر زوو بەرکەنار کرا. پاشان یەکێک لە کورە لاوەکانی حبیب اللە بە نێوی امان اللە خان لە جێگەی مامی بوو بە فەرمانڕەوای ئەفغانستان و زۆر کاری باش و ئاڵوگۆڕی جوانی لە نیشتماندا وەدیهێنان.

امان الله خان زۆری کار کرد بۆ ئەو وڵاتە و سەرەتای کارەکانی ئەوە بوو، کە پەلاماری بردە سەر هێزەکانی ئینگلیس لە هیندوستان و بە کردەوە نیشانی دان کە ئیتر ئەو ژێر چەپۆکەی وان نییە و سەربەخۆیەتی وڵاتی ئەفغانستانی دەوێ. ئەو هەڵمەتەی لە مانگی مەهی ١٩١٩ زایینیدا بوو.

امان الله خان رامیارییەکی وەهای گرتە پێش کە بە زوویی سرنجی خەڵکی بۆلای خۆی راکێشا و هەرچەندی توانی نوێکاری و خاوێنکاری لە وڵاتدا ئەنجام دا.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٨ زایینیدا مەلیک امان الله خان بۆ سەفەرێکی دوور و درێژ ئەفغانستانی بەرەو ئەورووپا بەجێ هێشت. بەڵام لە ماوەی دیار نەبوونی ویدا لە لایەن بەکرێ گیراوانی ئینگلستانەوە پڕوپاگەندەیەکی یەکجار زۆر لە دژی وی دەکرا و ئاژاوەی لە سەر کار لابرانی وییان دەگێڕا. پاش ماوەیەک ئەو هاتەوە بۆ وڵات و بەرژەوەندی و کارە گرینگەکانی خۆی درێژە پێدایەوە.

سەرەنجام لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٨دا شۆڕشێکی گەورە دەستی پێکرد و لە ژێر رابەرایەتی کەسێک بە نێوی بەچە قەساو کاری خۆی دەس پێکرد و لە ساڵی ١٩٢٩دا سەرکەوت.

امان الله خان بە خۆی و خاوخێزانییەوە هەڵات و بەچە قەساو بوو بە ئەمیری ئەفغانستان. بەڵام ئەو کابرایە تەنیا پێنج مانگ توانی رابەرایەتی ئەو وڵاتە بە دەستەوە بگرێ. چونکە هەر دوای پێنج مانگ یەکێک لە شالیارەکانی امان الله خان بە نێوی نادرخان لێی راپەڕی و لە سەر کاری لابرد.

بەڵام ئەو هەر بە قازانجی خۆی راپەڕینی کرد و امان اللە خانی نەهێنایەوە سەر کار، بەڵکە خۆی بە نێوی نادرشا لە سەر تەختی دەسەڵات دانیشت.

ئەمجا دووبارە ئاژاوە لە وڵاتدا سەری هەڵدایەوە بەڵام چونکە نادرشا دۆستی نیزیکی ئینگلیسییەکان بوو و زۆریان یارمەتی دەدا توانی خۆی راوەستاو بکا و بمێنێتەوە.

سەرەنجام لە ساڵی ١٩٣٣ زایینی (١٣١٢کۆچی هەتاوی) محەمەد زاهیر شا بە دەسەڵات گەیشت. لە ساڵی ١٣٥٣ هەتاوی (١٩٧٣ زایینی) داود خان کە بە یارمەتی شوڕەوی و کومونیستەکانی دیکە هاتە سەر کار و لە راستیدا ئەو ڕێگای بۆ خو لە باوەشی کومونیستی هاویشتن ئەفغانستان خۆش کرد و لە ١٣٥٧ (١٩٧٨) کومونیستەکان بە رابەرایەتی نوور محەمەد تەرەکی کودەتایان کردو سەرکەوتن و ئەمجا لە ١٣٥٨ (١٩٧٩) بە بڕەک کارمەل بە وەلانانی حەفیروڵلا ئەمین هاتە سەر کار.

جا مامۆستا کۆیی هەموو شتێکی بە چاوە زیت و زەقەکانی خۆی دیتووە و لە بەرابەر هەر رووداوێکدا هەڵوێستی گرتووە و خۆی بێلایەن نیشان نەداوە.

وەک دەبینین هەر لەو پارچە هەڵبەستەدا دەستوورات و یاساگەلێک بۆ کوردان دادەنێ و پێیان دەڵێ مێشکی منداڵەکانتان لە خۆشەویستی نیشتمان پڕ بکەن و بە کوێرایی چاوی کەم بینی ئەو نۆکەرانەی بێگانەکە پێیان وایە خۆشەویستی نیشتمان و گەل دۆستی و نەتەوە ویستی دژی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە.

جا هەر بۆیە مامۆستای خوا لێخۆشبوومان دەفەرموێ منداڵەکانتان باش رابێنن و فێری سۆزی نەتەوایەتی بکەن و مێشکی پاکیان بە بیر و هەست و سۆزی نەتەوایەتی و نیشتمان پەروەری ئاو بدەن کە ئەوە خۆی ئایینە نەک دژی ئایین.

نازانم هێندێک کەس بۆچی هێندە بیرکورتن بۆ مەگەر موسڵمانان لە سەریان پێویست نییە بەرگری و داکۆکی لە خاکی پاکی ئیسلام و لە سنوورەکانی ئیسلامی و لە گەلی موسڵمان بکەن؟ مەگەرئەوە بە مانای ئەوە نییە کە دەبێ موسڵمان خۆشەویستی گەل ونیشتمانی ئیسلامی دە دڵدا بێ؟ کە بە بێ ئەو خۆشەویستییە ئەو داکۆکی نەگونجاو و ناهەڵسووڕاوە.

بەڕێزبێکەس هۆنەری کورد دەڵێ:

داری ئازادی بە خوێن ئاو نەدرێ قەت بەر ناگرێ
سەربەخۆیی بێ فیداکاری ئەبەد سەرناگرێ

ڕاستی دەبێ ئەو ڕاستەقینەش قبوڵ کە ین کە ئەفغانستان هەرچەند لەبار فەرهەنگی و ئابوری گەلیک لەپاشە بەڵام لەبوار وبەستینی ئایینی و بیر و باوەڕەوە، تا ئەوجییە پتەووبەهیزە، کە تا ئیستا چەند جار خوی قوربانی ئایین و بیر و باوەری ڕاستەقینەی ئیسلام کردووە ولەگەڵ چەند زلهیزی ملهوڕی زۆردارو داگیرکەر بەشەڕ هاتووە و لمبوزیش پی دەخولێ وە رداون وە لە وڵاتی خوی وەدەر نا و نەتەوە.

هەر لە دەورانی ئیمە داو، کە بە چاوی خۆمان دیتومانە لەگەڵ دو دانە زلهێزی ملهوڕی کەلەگای جیهان واتا شورەوی و ئەمریکا دا بەشەڕها تووە و خەباتی خوایی خۆی درێژە پیداوەو سەری بۆ هیچ لایکیان شوڕ نەکردووە و مەردانە لەسەر ڕێبازی ڕاستەقینەی ئیسلام تەنانەت زۆر بە ماندویی و.شەکە ژوییش هەر ڕۆییشتووە .

پەیام بۆ ئەفغانستان

دڵم پڕپڕ لە خوێن و هەم زووخاوە
خەم و داخ و جخارم زۆرە ئەوڕۆ
دەبا بگریم بناڵێنم بە دڵ من
شەپۆڕ و شین و زایەڵەم لە تاوان
بەخوڕ بێت و بەگوڕ بێت بۆ موسڵمان
بکەم هاوار لە بۆ تیپی هەزاران
بڕێژم ئەشکی سوور و سوێری چاوم
وەها هەڵکێشم گەر خوێنی لەگەڵ بێ
لە بۆ ئەفغانستانی زۆر بەڕێزم
لە بۆ زێدی موسڵمانانی چاکم
ئەفغانستان وڵاتی پڕ لە دینم
چلۆن چاوم بە تۆ هەڵبێ ئیتر من
ڕەهێڵەی مووشەک و بۆمبی ملۆزمی
دڕندەی لاشەخۆری بێبەزە و پەست
بە گش هێزێکەوە هاتوونە مەیدان
هەتاکوو تۆ بە بۆمبایان وەکێڵن
دەڵێن نابێ موسڵمان بێژێ من هەم
تەواوی گاورەکان و بتپەرەستیش
تەواوی تەپەڕەش و دووڕوو و درۆزن
منیش ئەفغانی دیندار و بەڕێزم
کە من کوردم لە کوردستانی گەورە

بە بـۆم و مووشـەک و تانـگ و فـڕۆکە
هەمـووی کێڵـڕاوە چەن گاسـنەش کـراوە
بـرای ئەفغـانی مـن بـۆ تـۆ پەرۆشـم
هـۆ ئەی هـاوبیر و هاوئـایین و دەردم
هەچەنـدی دژمنـی ئەو دیـنە پـاکە
لە مـن راسـاوە لێـی داوە لە سـەر دیـن
هەچەنـدی مووشـەک و ناپـاڵمی دژمـن
لە دووڕرا گەر دەبیـنم دێـنە خـوارێ
هەمووش دەدرێن لەجەرگو دڵ و هەناوم
ئەرێ ئەفغانییەکـانی رووت و بـێمـاڵ
بـکەن شـانازی بەو حـاڵە شـەلاڵە
بە خـوا ئەو ئـاورەی بەربـۆتە ئێـوە
گـڕە و بەردراوەتە گیـانی موسـڵمان
دژی ئیـسلام و قورئـان و خـودایە
بە زۆری و ملهـوڕی و هێـز و توانـا
دەبـێ گـشتی موسـڵمان نـۆکەرم بـێ
دەبـێ نەوتـی ولاتـانی موسـڵمان
کە ئینگلـیس پیـری کەمتیـاریش بەدوودا
بە دووڕوویـی لە دووی تێـرۆر چیـانن
ئەوەیـی دەیڵـێن رواڵەت درۆیە بـایە
هەق وراسـتی و رەدا ئەورۆ نەمـاوە
بەڵام ئەی قوربەسـەر ئەو دژمنـانە
چلـۆن ئەو بیـرە پووچـانە وەهـایە
لە کـام بیـرگە و لە کـام یاسـای مرۆڤـدا
خەڵـک ئـاوا بە گەل کوشـتن رەوایە

چلــۆن ئەو بیـــرە پووچـــانە قەبـــووڵە
خەریکـــن ساز بـــکەن جەنگێکـــی تـــازە
بە جۆرێـــک زنجیـــر کەن دە پـــێ خەن
ئەگەر وابـــێ بـــزانن قـــوڕ بە ســـەریان
ئیتـــر ئیـــسلام لە نـــاو نـــاچێ بەوانە
لە ڕێـــی ئەو ئـــایین و زێـــد و وڵاتە
ئیتـــر هەرکەس موســـڵمانە لە جیهـــان
هەمووی هەروا بە بیر و هەست و هۆشی
چلـــۆن نەکـــوڵێ دڵـــی لاوی موســـڵمان
ژن و منـــداڵ و پیرێـــژنەی فغـــانی
لە ترســـی وەی نەوەک ببـــنە بەهێـــزێ
بە گـــاز و مووشـــەک و بـــۆمبی ژەهـــردار
ســـتەمکارن ئەوانە پەســـت و دوو ڕوو
ئەوەنـــدە پەســـت و بـــێویـــژدان و دیـــنن
بـــڕۆن ئەی ڕێـــویە پیـــرەی ڕۆژئـــاوایی
نە ویژدانتـــان هەیە نە خـــواش دەناســـن
لە ئەمریکـــا و لە ئنگلیـــستانی خۆتـــان
ئیتـــر گـــورزی شـــەو و ڕۆژێـــی نـــزایە
خـــودایە خـــاکی ئینگلیـــستان وەکـــێڵە
هەموویـــان بێـــنە ســـەر ڕێبـــازی ئیـــسلام

نەمـــامی بـــوونی پـــڕ هیـــوام ژەکـــاوە
دەروونیـــــشم پـــــڕی ناســـــۆرە ئەوڕۆ
بـــکەم زاری لەگەڵ شـــیوەن بە کـــوڵ مـــن
وڵاتـــی پـــڕ بکـــا و ئـــاوم لە چـــاوان

موســـڵمانی هەزاری خـــاکی ئەفغـــان
بنـــــاڵێنم لەتـــــاوی دەردەداران
هەناســـەی بۆســـۆداری دڵ و هەنـــاوم
هەناسـێکی وەهـا گـشتی دووکەڵ بـێ
دەبـا بگــریم هەتـــاکو مــاوە هێــزم
بـــرای ئەفغـــانی لەم رۆژگـــارە تـــاکم
دەبـــێ بمـــرم کەوا ئـــاوات دەبیـــنم
کەوا کەوتـوویە ژێـر دەسـرێژی دژمـن
لەسـەر تـۆیە ئەتـۆش خـۆهەر لەهـۆزمی
چ ئەمریکـا و چ ئینگلـستانی بـێهەسـت
تەواوی نۆکەرانیـــــشیان لە گەڵـــــدان
لەســەر ئەو خـاکە ئیـسلامێک دەهـێڵن
بڵـێ هەم مەرجەمـــن ناپـــاڵمی لێـــدەم
موســـڵمانی نەزان و دوورە هەســـتیش
دژی تـــۆ بـــوونەتە هاوکـــاری دژمـــن
لەرێتـا بەخـت ئەکەم گـش تـین و هێـزم
گەلـــێکم دیـــوە ئەو ســـووران و دەورە
کەژ و دەشـــت و چیـــا و دۆڵ و خـــرۆکە
بەشـی منـیش هەروەکـو ئـی تـۆ بـراوە
لە تاوانـــت نەمـــاوە بیـــر و هۆشـــم
وەکـــو خـــۆم دەردەدار و رەنـــگ زەردم
لەتـــۆ راســـی ئەمـــن پـێم وایە کـــاکە
موســـڵمانان دەبـــا گـــشتمان وەهـــا بـــین
لە تـۆ دەدرێ لەسـەر دیـن و لەسـەر مـن
دەڵێـــی گـــشتی بەســـەر منـــدا دەبـــارێ

لە سینە و سەر، لە باڵ و ران و چاوم
هەژار و دەربەدەر دیندار و ژین‌تاڵ
کە بۆ خوایە هەمووی ئەو ژینە تاڵە
دەسووتێنێ ئەوەی ئیسلامی نێوە
موسڵمانی هەموو جیهان و ئەفغان
سەرەی ئاژاوەگێڕان ئەمریکایە
دەڵێ ئیسلام نەمێنێ لەم میانا
کە نابن وەرگری گوللەی گەرم بن
هەڵیلووشین لە بۆ پاراوی دڵمان
کە هەر ئاوا بوو بیری ویش لە زوودا
لە ماکیشا نەیاری دین و ژیانن
ئەوەی من پێت دەڵێم بێ‌سۆ وەهایە
ستەمکاری بەهێزە خێوی باوە
نەمان بۆو ترسەنۆکانەی ژنانە
مرۆڤگەل قڕ کرێ کەنگێ رەوایە
لە کام فێرگە و لە کام رێسای مرۆڤدا
هەزار نەفرین ئیتر لەو ئەمریکایە
تەواوی کاری وان بۆ ماڵ و پووڵە
بە شێوەی نوێ و ئیتر بەو سازوبازە
چەلیپاینێکی دیکەن بۆ وەڕێ خەن
سەلاحەددینێکی دیش دێتە سەریان
بە بۆمبارانی گش رۆژ و شەوانە
موسڵمان گشتی ئامادەی خەباتە
پەرۆشە بۆ موسڵمانانی ئەفغان
هەتا ماوە لە بۆ دین تێدەکۆشێ

لە تـــاو ئەفغـــانی ژێـــر بـــارانی بۆمبـــان
ئەوا زلهێـــزی ســـەر کـــوفری جیهـــانی
موســـڵمانی جیهانیـــان بێـــنە ڕێـــزێ
شـــەو و ڕۆژ دەیرڕشـێنێ پەسـتی بەدکـار
شـــەو و ڕۆژ بەربـــوونە گیـانی مـــن و تـــوو
نەیـــاری ئاشـــتی و یەکـــسانی ژیـــنن
کە ئێـــوەن دژمنـــی ئاشـــتی و تەبـــایی
لە دەســـتی ئێـــوەدا خەڵکـــان کەساســـن
خەڵـــک پێـــو دژمـــنە چـــی مـــاوە بۆتـــان
خـــــودایە هەر نەبـــێ ئەو ئەمریکـــایە
لە گـــاوران تـــاقە یەکێکـــیش مەهـــێڵە
بـــرا بـــن بـــۆ مە ســـا گـــشتیان سـەرەنجام

مەهاباد ـ ١٢ ڕەزبەری ٢٧٠١ی کوردی[١]

١ ـ مـن بۆخـوم ڕام وایە کە هەرگیـز موسـڵمانان نـابێ خۆیـان دە باوەشـی زلهێـزە گاورەکان باوێن و هەر وەها نابێ دڵیشیان پێ خۆش بکەن. چونکە بەڕاستی ئەوان دوژمنی ئیـسلام و موسـڵمانانن و بـۆ قـازانجی خۆیـان نەبـێ هـیچ کـارێکی نـاکەن. بەڵام دەکـرێ موسڵمانان هۆشیارانە و زیرەکانە دۆستیان بن و کەڵکیان لێ وەربگرن و بۆ قازانجی خۆیان لە گەڵیان ڕێ ببڕن.

هـیچ گومـان لەوەدا نیـیە کە ئـی وا هەیە ئەو قـسانە و ئەو هـۆنراوانە پەسـند ناکـا و بەتایبەتی لەبارەی ئەمریکادا و بە داخەوە پێی وایە ئەو فریشتەی ئازادییە. بەڵام من دەڵێم: مەگەر فەرهەنگی پێشکەوتووی ئەمریکا نێربازی نییە؟! دەیجا بە کوێی هەڵبڵێم؟!

روون کردنەوەیەک لەسەر ئەو زانا ناو براوانە

سیبویە:

ئەو بەڕێزە کونیەی ئەبو بەشیر و ناوی عەمرە و کوڕی عوسمان کوڕی قەمبەریـیە و نازنـاوی (سـیبوەیهە) پێشەوای ڕێزمـان و ڕێنووس (نحـو وصرف)ە ئەو زانـایە زانیـاری ڕێنووسـی (نحـو) لە خەلیلـی کـوڕی ئەحـمەد و عیـسای کـوڕی عەمـر و یۆنـسی کـوڕی حەبیب فێـر بـووە و هەروەهـا لە ئەخـفەش و چەنـد نـاوداری دیکە زانیـاری وشە (لغة) و هتد فێر بوە.

لە ساڵی ١٩٤ کۆچی مانگیدا کۆچی دوایی کردووە و تەمەنی تەنیا ٣٢ ساڵ بـووە. کەوایە لە سـاڵی ١٦٢ کـۆچی مانگیـدا هـاتۆتە سـەر دنیا.

خا لویە:

حوسێنی خالوەیهی لە ساڵی ٩٨٠دا کۆچی دوایی کردوە و خەڵکی هەمەدانە و بەرواری لە دایک بوونی بۆ ئێمە روون نەبۆوە.

مازنی:

ئەبـوو عوسـمانی بەکـری زانـایەکی نەحـوی و لـوغەوی خەڵـکی بەسرەیە و لە ئەخفەش فێری نەحو بووە وانەی نەحو و لوغەی بە سیرافی وابن دورەید و نەفتەوەیهی و ئەبووبەکری ئەبناری گوتووە. پیاوێکی زۆر زانا و وردبین بووە لە نەحو و لوغەدا.

نفطویه:

ئیبراهیمـــی نەفتەوەیهـــی کە لە نێــوان ســاڵەکانی ٨٥٩ و ٩٣٥دا ژیاوە پێشەوایەکی گەورەیە لە زانیاری نەحو و ڕێنووس و وێژەدا. خەڵکی عێـراقێیە و لـە بەغـدایە کۆچی دوایـی کـردووە. جـا لە نێو مەلاو فەقێـی کوردەواریـدا بـاوە کە ئەوەنـدە لە بـارەی ڕێنووسـی عەرەبیدا لێکۆڵینەوە و توێژکاری دەکەن و وەدوای بزێوکە (اعـراب) دەکەون کە هەموو شـتێکیان لەوەدا کـورت هەڵێنـاوەتەوە و زۆربەی شتە گرینگ و زانیارییە گەورەکانیان بە تەواوی فەرامۆش کردووە!

هەر لە سـەر یەک هـۆنراوەی(امـرء القیـسی) دەیـان لاپەڕە ڕەش دەکەنەوە و چەندین ڕۆژان بە بەڕێـک هەڵا دەڕۆن. لە مەرجێکدا کە لەبـارەی زانیـاری سروشـتی بە تەواوی کـۆڵیەن و هـیچ لە هـیچ نـازانن و بە تەواوی ئەو گەلـی هەژار و نەدار هەمیـشە دیـل و دەس بەسەرە و بۆ نانێـک پشتی نـۆکەری دوولا دێنێـتەوە بۆ ئەم و ئەو کڕنۆش دەبا.

مامۆسـتا دەفەرمـوێ ئەی مەردی دڵ و دەرون ڕوونـاک گـوێ لە قسەی من ڕابگرە و هەرمن دڵـسۆزی ڕاستەقینەی تـۆم. ئێوەی ئەی کـوردینە خاکەکەتـان هەمـووی کانگـای زێڕ وزێـو وشـتی بەنـرخ و بایەخـدار وشـاخ وداخ وکێـو و دەشـتی وڵاتەکەتـان پـڕە لە دوڕو گەوهەرو یاقووت و مەرجان و مەڕمەڕو گرانیت، بەڵام ئێوە لە بەر نەزانی ودەبەنگی خۆتان نازانن ئەو سفنگەل (مـواد)ە جۆراوجـۆرە و کانەکـانی وڵات چۆنـاوچۆن وەدەس دێـن وچۆنیـان کەڵـک لـێ وەردەگیرێ.

وڵاتێکتان هەیە پڕکان و مەعدەن　　بەبێل و پێمەرە دو قورتی لێ بدەن

یا لە جییە کی دیکە دا دە دەفەرموی:

دەزا نـی نـا و عەردی چـی تـــیدایە   وەلـی مـەرقــومی ئەمـری کیمیـا یـە
هەتاکو ئەو عیلمـە زۆر چاکی نـە خوینن   دەبی هەر با قـلە و سلقـان بـچێنــن

بەڕێز ئەحمەد موختاربەگی جافیش دەڵێ:

لە خەو هەڵسن درەنگە میللەتی کورد خەو زەرەرتانە
هەمــوو تــاریخی عــالەم شــاهیدی فەزڵ و هونەرتــانە
بە خــۆڕایی لە دەســتی بەرمەدەن ئەم خــاکە شــیرینە
کە تۆزی وەک جەواهیر، سورمە و کوحلی بەسـەرتانە
بە سـەر خاکا ئەگەر نازیش بـکەن حەقتـانە کوردینە
تەماشــا ســێبەری ئەم شــاخ و کێــوانە لە ســـەرتانە
دەسا تێکۆشن ئەی قەومی نەجیب و بێکەس و مەزڵووم
بە گورجی قەتعی کەن ئەم ڕێگە دوورەی وا لە بەرتـانە
زمانی حاڵی ئەحـمەد هەر ئەڵێ وریان بـن ئەی خەڵکە
بـــزانن بەردی ئەم شـــاخانە ئەڵمـــاس و گوهەرتـــانە

لە دواییدا دەفەرموێ پـوختەی وتـار ئەوەیە کە پێتـان دەڵـێم. بە فەرمانی پێغەمبەری خوا کە دەفەرموێ (الدنیا مزرعـة الآخـرة) واتـا جیهان کێڵگەی پەسڵانە وچۆن کابرالە مووچە و بەرەکەی شیناوەرد دەکا و بەرو بووەکەی هەڵـدەگرێ و دەیهێنێـتەوە مـاڵێ و دەیخـوا، ئاواش دەبێ لە جیهان بۆپەسڵان کەڵک وەربگری و خەلە وخەرمـان هەڵبگری و چاڵ و کەند و هوڕ و جەواڵان پڕبکەی. بە گشتی خـووی سروشت هەروەهـایە کە دەبـێ (هەر ئەوڕۆ بـۆ سـبەینێ تێبکۆشـی)، یان دەفەرموێ: (لیس الرجل رجل الدنیا ولاالرجل رجـل الآخـرة بـل

الرجل رجلهما) پیاو ئەو پیاوە نییە، کە هەر پیاوی دنیایە بێ و پیاو ئەو پیاوەش نییە، کە هەر پیاوی ڕۆژ دوایی بێ بەڵکە پیاو ئەو پیاوەیە، کە پیاوی هەردووک لا بێ . هەروەها بە پێی چەندین فەرموودەی دیکەی ئەو پێغەمبەرە بەڕێزە دەبێ دین و دنیاو جیهان پەسڵان ڕێک بخەن و بە جوانی بۆ هەردووکیان تێکۆشن و بە هۆی هەوڵ و تێکۆشانی خۆتان، خۆتان بگەیەننە ریزی گەلانی جیهان. چونکە بێ هەوڵ و تێکۆشانی خۆتان هیچتان دەس ناکەوێ کە خوا خۆی دەفەرموێ (لیس للانسان إلاّ ما سعی) واتا مرۆڤ بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆی نەبێ هیچ شتێکی بۆ نییە و لە جێگایەکی دیکەدا دەفەرموێ: (ان الله لایغیر ما بقوم حتی یغیروا ما بانفسهم) بەڕاستی خوا ئاڵوگۆڕ لە ژیوار و حاڵی هیچ گەل و هۆزێکدا وەدیناهێنێ هەتا خۆیان ئاڵوگۆڕ لە ژیواری خۆیاندا وەدینەهێنن.

جا ئەوەیە کە دەفەرموێ:

بۆ خۆتان سەعی بکەن نانێکوو بێتە دەستی
ئینسانی مەعدە خاڵی ناو زگی راناوەستی
{میللەت ئەگەر فەقیر بێت ئاخر دەبێتە ئەسیر
گوێ لە قسەی من راگرە ئەی مەردی رۆشن زەمیر
خاکوو هەموو مەعدەنە، مەعدەنی زێڕ و زێوی
پڕ لە لەعل و یاقووتە ناو شاخ و داخ و کێوی
ئە توش ئەو الە برسان زگت قۆڕە قۆڕیە تی
منالت گرۆی گرتووە بو نان نورە نوریە تی }

مامۆستای کۆیە و کانەکانی کوردستان

مامۆستای بەڕێزوخۆشەویستمان هەرجارێ کوڵی دڵی خۆی بە جۆرێک ولە بۆشتێک دەردەبڕی چونکە بە داخەوە بە هەرلایەکدا کە دەڕوانێ لە ناتەواوی و ستەم لێکراوی گەلەکەی بەولاوە چیترنابینێ، جا هەربۆیە وەک باوکێکی دڵسۆز، یا وەک رابەرێکی کارامە و لێهاتوو، یا وەک فەرماندەرێکی لێزان و دووربینی جەنگی کە لە هەرلایەکی مەیدانی شەڕداله هێزەکانی خۆماڵیدا کزی و لاوازییەک ببینێ تا دژمنی زەبوون نەتوانێ زەبری لێ بوەشێنێ، خێرا راستی دەکاتەوە وبە جوانی پێی ڕادەگا و هەڵەکان پڕدەکاتەوەو ناتەواوییەکان تەواو دەکا و خاڵە بێ هێزو لاوازەکان بەهێزوگوڕ دەکا. زۆربە ئاشکرایی قامک دخاتە سەر ئەو خاڵانە و ئاماژەیان بۆ دەکاو پێمان دەڵێ، کە لە کوێوە تێشکاوین ویان لە کوێ خەریکە بمانشکێنن!! هەروەک دەبینین کە جارێک لە باری رامیاری و کۆمەڵایەتی و جارێک لەباری وێژەیی و فەرهەنگی و جارێک لە باری گەلدۆستی و نەتەوایەتی و جارێک لە باری نیشتمان پەروەری و دامەزراندنی دەوڵەت و میری، هەروەها جارێک لە باری پاکسازی و خاوێنکاری ناوخۆیی وە ئیتر ئەمجارە لە بارەی سروشت و زانیارییە سروشتییەکان و کانەکانی کوردستانەوە بۆمان دەدوێ و دەفەرموێ: کوڕینە! لاوە کوردەکان! هۆ خەڵکی کوردستان! پەندی پێشینیانی کورد دەفەرموێ: (دەستی ماندوو لەسەر زگی تێرە) یان دەفەرموێ: (ئەوەی دانایە دانایە) و (ئەوەی نادانە لە دوایە)، دەجا ئەگەر وایە هەستن دەستی من و دامێننتان چی دیکە نەیدۆڕێنن!! ئێوەش هەروەک گەلانی دیکەی جیهان وەخۆ

کەون وخۆتان زانا ودانا بکەن وەک دەفەرموێ:

میـــــسالی عـــــیلم بفـــــڕە وەک تەیـــــران
بە هێـــزی عـــیلم بچـــۆ بـــن بەحـــران
عیلمێکـــــی گەورە لە نێـــو کـــوردان بـــوو
بە قـــسەی پڕوپـــووچ لە کیـــسمان چـــوو
بە دەف و دمـــبەگ، بە رەقـــس و ســـەما
عـــیلم و مەعـــریفەت لای کـــوردان نەمـــا
ئـــێمە پابەنـــدی وەهـــم و خەیـــاڵین
ئـــێمە خەریکـــــی کەری دەججـــــاڵین
بە خـــوا زۆر حەیـــــفە و مەخـــابن
میللەتـــی کـــوردان هەتـــا کەی وا بـــن
جەهـــــالەت بـــــڕوا دەورەی عیرفـــــانە
کـــۆنە بـــا بـــڕوا نـــۆرەی کـــوڕانە

ئیتر ئەنگۆش زانایانە و لە رووی زانیارییەوە بکۆشن و خەریکی کـار و کۆشش و هەوڵ و خەبـات بن و بـۆ خۆتـان نانێک وەدەس بێنن و بە زەحمەتی خۆتـان بـژین و هەرگیـز چـاو لە دەستی کەس مەبن و چاوتـان هەرلە هێزی شان و باهۆی خۆتان بێ. مرۆڤ نـابێ هەرگیـزاو هەرگیـز وەک ئاغـاوات و شـێخەکانی کوردستان ببێـتە ملـــۆزم ولە ســـەرورگی خەڵـــک بـــلەوەڕێ وخەڵکـــی نەزان و نەخوێندەوارکەربکا و بچەوسێنێتەوە. هەروەها نـابێ وەک هێنـدێک لە لاوە تەمبەڵەکـانی کـوردەواری هەر بە تەوەزەلـی و بێکـارەیی رایبوێرێ و هیچ کارێکی لە دەس نەیەت.

چونکە ئەگەر ببێتە ملۆزم و خۆی بە خەڵکی بەخێو بکات هەر تا کاتێک خەڵک هۆشیار دەبنەوە و لە خەوی بێئاگایی وەخەبەر دێن

دەتوانێ بیخوا و بەوجۆرە لێی بخوڕێ وتاکاتێک فێڵ وفووت و تەڵە و داوەکانی بۆخەڵکی نەزان و چاو بەستراو دەردەکەون بەو شێوە بۆی دەلوێ و دەتوانێ خوێنی خەڵک بمژێ دەنا بێگومان ئەودەم مستی پڕ لە قینی لە دەم دەدەن ودەم و ددانی تێکدەشکێنن. بەختی سەرەوخوون دەبێتەوە و تاج و تەختی وەردەگەڕێ. ئەگەر تەمبەڵ و تەپلۆسیش بێ هەرگیزتێر و تەسەل نابێ و هەمیشە هەردەس تەنگ و نەدار و رووت و برسی دەبێ و خۆ پیاوی برسیش هیچ کارێکی لە دەس نایە، بێگومان ئەگەر تەکتەکی بنەماڵەکانی کۆمەڵیش هەژار و نەداربن جگە لە کۆمەڵێکی زۆر هەژار و نەدار و برسی چی دیکەی لێ پێک نایەت و خۆ کۆمەڵی نەداریش جوێ لەوەش، کە هیچی هەرلە دەس نایە و ناتوانێ بەرەی خۆی لە ئاوێ دەربێنێ لەگەڵ کاروانی پێشکەوتن ناتوانێ بەرەو شاری ئاوات بڕوا و کەشتی هیوا بئاژوێنێ و لەوەش پترخۆشی هەر دەبێتە ژێر چەپۆکەی خەڵک و دیل و یەخسیری دەستی دژمنانی خۆی دەبێ و دژمنانی هەروا لەسەری زاڵ دەبن و ناتوانێ دەستی خۆی لە بن باری خەڵک دەربێنێتەوە و بە جارێ نیخە پەستی دەکەن و ناهێڵن کە سەری هەڵێنێ و دەنگی هەڵبڕێ.

جـا مامۆسـتای خۆشەویـستمان کە ئەو دەردانەی هەمـوو زۆر بە چاکی دەزانێ و بەڵکە بە هەمـوو هەست وبـوونی خـۆیەوە ئـێش و ژانەکەی چاشتوون و دڵە پڕ هەستەکەی وەسۆ هـاتووە و ژانەکـانی کولاونەوە و لێرەشدا کوڵی دڵی خۆی لەوە دەردەبڕێ کە والاوەکانی کــوردەواری لەبەر نەزانـــی خۆیـــان هەر بە تەمبەڵـــی و نەزانـــی رادەبوێرن و ناچن بۆ فێرگە وخەریکی فێربوونی زانـست و زانیـاری نابن وناتوانن بە چاکی کەڵک لە خاکی پاکی خۆیان وەربگرن!!

ئیتر هەر بۆیەش تەواوی ئەوکانە و چاوە گرینگانەی کوردستان یا بێگانە و دژمنان دەریان دێنن و بۆخۆیان دەیانبەن و کەڵکیان لێ وەردەگرن یا هەروا لە ژێرزەویدا دەمێننەوە وکەڵکیان لێ وەرناگیرێ، کوردەکانیش هەروا بە ڕووت ورەجاڵی وبە هەژاری و نەداری دەمێننەوە.

مامۆستا لێمان تووڕەیە و پێمان دەڵێ کەڵک وەرگرتن لەو کانەو چاوە گرینگانە پێویستی زۆری بە زانین و فێر بوون هەیە و بێگومان بە نەزانی ئەوانە دەرناهێنرێن و نەوتەکەمان لە کیس چووە، با ئەو شتانەی دیشمان لە دەس دەرنەهێنن!! خۆمن هەر کاتێ نەوتەکەم وە بیر دێتەوە ئاورم دە هەناوان بەردەبێ، بەڵام چ بکەم هیچم لە دەس نایە. وەک دەفەرموێ:

چۆن دێتە دڵم خەیاڵی نەوتێ
هێند نامێنێ جەرگەکەم بشەوتێ
نەوتی باباگوڕگوڕی چۆن دەچێ بۆ پاریسێ
ئاوری حەسرەتۆمەندی لە دەروونم داییسێ

منیش هەربەودمی ئەوی ئەوتاکەم لێ زیاد کردووە هیوادارم پێی ناخۆش نەبێولێم قەلس نە بێ، چونکە هەر لە دلی ویم قسە کردووە دیارە لە زۆر جێی دیکەشدا ئەوکارەم کردووە وەک فەقی دەڵێن (بەزەننی رەزا) :

چون نەوتی کرماشانێ بۆ خۆی دەیبا بیانێ
تەواوی وەجەکانم بە ویکڕا دەکەن ژانێ

خوای گەورە کوردستانی خۆشەویستمانی وەها دروست کردووە کە هەمووی هەر کانگا و سەرچاوەی زۆر گەورە و گرینگە و شتگەلی

گرانبەهای وەها بەنرخی تێدایە کە وڵاتانی دیکە لێی بێبەشن وەک کانی زێڕ و زێو و یاقووت و زومڕوت و ئەڵماس و نوقرە و ئەو جۆرە شتانە. تەنانەت شاخ و کێوەکانیشی هەمووی هەر کانگای شتگەلی زۆر بەنرخی نایابە، دەتوانین بە راشکاوی بڵێین، کە (کوردستان بووکی رازاوە بە خشڵی کانە).

جا مامۆستای بەڕێزمان بە تووڕەییەوە دەفەرموێ: بەڵام ئێوە لە سەر ئەو خاکە چاکەڕا لەبەر گێژی و نازیرەکی خۆتان ناتوانن کەڵکیان لێ وەربگرن و بۆ خۆتان دە کاریان بکەن. وەک دەڵێ:

ئەمما ئێوە نەزانن لە بەر گێژی و دەبەنگی
ئەو زومڕووت و یاقووتە چلۆنتان دێتە جەنگی
ئێوە لەسەر ئەو خاکە دەبوو خۆتان بە کوشت دەن
داگیرکەران بکوژن یا لە وڵاتیان دەرکەن
ئێوەش خۆ بە قسەی خۆتان گەلێکی خاوەن خاکن
بەڵام نیسبەت بە خۆتان بێموباڵات و باکن
بە خوا لە داخی ئێوە من هەر خەریکە بمرم
یا بخنکێم لە قینان یانە زەردوویی بگرم

راستی پیاوکاتێک هۆنراوەکانی مامۆستا دەخوێنێتەوە و چاوێک بە شاخ و چیاحەستەمەکانی گاگەش و کارگ و هەرمێ و پانەسەرو شارستێن و کۆنە کێچ و هەنگەوێ و مێشەدێدا دەخشێنێ و بە درێژایی نێزیکەی پتر لە ١٠٠ کیلۆمیترو بەرینایی ٥٠ کیلۆمیتر هەوایی هەمووی هەرگڕانیتی رەش وسەوزە و پڕپڕیشە لە میکا ئەگەرهەزاران ساڵ بە خەڵوارلێی دەربێنرێ هێشتا رەنگبێ نیوەش نەبێ وئێستا لێشاوی بەردگڕانیتی ئەومەڵبەندە لە چەندین جێگەی ئەورووپا سەری دەرهێناوە یا ئەگەر چاوێک لە کێوەکانی نێوان

شـاوەلە ودەشـتی قـوڕێ بکـاوببینێ کە ئەوچیـا دوورو درێـژومەزنە هەموی هەر سەنگی سپی چینییە . یـا تەماشـا کانگـا مەڕمەڕی پـلە یەکەمی گوندی قزل قوپی شـارویران بـکەی کـە ئەوا چەنـدین سالە بیگـــانەک بوخـــوی دەیبـــا و دەیخـــواو رەنـــگە بەشـــی هەمووخانووبەرەکانی هەمو قاڕەی ئەورووپا یان تێدا بێ یـاخۆلە دەیـان وسـەدان وهەزاران جێگـای دیـکەی ئەوکوردسـتانە کەوابە تـــازەیی دەیـــان و ســـەدان و هەزاران کانگـــای بەردی مەڕمەڕ و مەرمەڕیت و باڕیت و میکا ونیکل و ئاسن و فـافۆن و نەوت و گـازو زومـرووت و پیـرۆزە و گـۆگردومس و جـۆرگەلی زۆری رەنگیـان دیتۆتەوە وبێگومان لە دەیان وسەدان جێگەی دیـکەی کـوردەواریش کە کانگای پاقر و رادیۆم و ئۆرانیۆم و زیڕو یـاقووت هەبێ رەنـگە لانـی کەم لە دڵـی خۆی دا بڵـێ ئەرێ خـوایە مامۆسـتای کـۆیی ئەو هەمووشتانەی لە کوێ زانیـوە؟! خۆخـوا خـۆی دەفەرمـوێ: (لایعلـم الـغیب إلاّ الله) جگە لـە خوا هـیچ کەس نهێنـی نـازانێ، دەنـا دەکـرا بڵێـین ئەو بەڕێـزە زانیـاری نهێنـی یـا بە وتەی پیـر و مریـدان کەرامەتی هەبووە.

بەڵام راستی ئەوەیە،کە مامۆستای بەڕێزمان لەهەموو زانیاری و فێرێکـی، کە لە وڵاتـدا بـاو بـووبێ دەسـتێکی بـاڵای هەبـووە و زۆر لێزانانە تونیویەتی هەموو شتێک لێک بداتەوە و هەمـوو شـتێکیش یا بە زانیاری ولێزانی یا بە تاقیکاری و تـێکەڵاوی بـۆ مـرۆڤ روون دەبێتەوە و دەردەکەوێ.

پیاو ئەگەر بیر لەو مامۆستا بەڕێزە دەکاتەوە راستی سەری لێی سـووڕ دەمێنـێ، چـونکە ئەو لە هەر بـوار و بەسـتێنێکدا پـسپۆڕ و شـارەزا بـووە و لە هەر بـابەتێکەوە سـەرامەد و سـەردەچوو بـووە. هەر دەڵێی ئەندازیارێکی کانی یا سروشتی بووە زۆر چاک زانیـوە،

کە ناوی زەوی چی تێدایە و ئەوەی تێدایە بۆچی دەبێ و چۆنیش دەردێنرێ و چۆنی کەڵک لێ وەردەگیرێ. هەروەک خۆی دەفەرموێ:

دەزانـــــی نـــاوی عەردی چــــی تێــــدایە؟
وەلـــــێ مەرقـــــوومی ئەمــــــری کیمیـــــایە
هەتـــاکوو ئەو عـــیلمە زۆر چــاکی نەخـــوێنن
دەبـــــێ هەر بـــــاقلە و ســــڵقان بچێـــــنن
عیلمــــــی کیمیــــــات گەر نەخوێنـــــدووە
بە خـــــوا نـــــازانی خـــوا چـــی کـــــردووە

مامۆستا هەر کاتێ بیری لەو هەموو کانگا و چاوە گرینگانەی کوردستان کردۆتەوە کە یا بێگانە دەیانکەن و دەیانخۆن دڵە ڕووناک و پڕلە هەست و زانیارییەکەی پتر وەکوڵ هاتووە و وەک مەنجەڵی سەرگڕەپێچەی تەندووری نێڵدراو زڵق زڵق کوڵیوە. کوڵی گریانێی لە تاوان دە ئەوکێ ماوە ولە لایەک دیتوویەتی گەلە هەژارەکەی هەروا بە هەژاری مـــــاوەتەوە ولە لای دیـــــش کە روانیویەتی وا دژمنان بە کەیفی خۆیان کەڵک لە خاکی پاکی کوردستان وەردەگرن لە کوردان تووڕە بووە و تانووتی لێداون ویستوویەتی پێیان بڵێ ئێوە نەزانن و لە نازیرەکی و گێژی و هۆڕی خۆتان هەر ناشزانن کە ئەو کانە و چاوانە چین، دەنا چۆن دەبوو بێڵن دژمنانی خۆتان ئاوا مایەی ژین و ژیان ئێوە بەرن و کەچی خۆشتان ئاوا رووت و رەجاڵ و نەدار بن؟

لە ساڵانەداله گوندی ئاڵاوانی ناوچەی مەنگوڕایەتیداله ماڵی خاڵان بووم ویستم بە پێیان بە شاخ و کێوەکانی گاگەشێدا بەرەو مەهاباد بگەڕێمەوە، لە پانەسەری کە لە گەڵ کوڕە خاڵێکم بووم لە چـــادرێکی لامـــان دا بـــۆ ئەوەی، کە نەختێـــک بحەســـێینەوە و

برسیایەتی و تینوایەتی دەربکەین. خاوەن چادرەکە ڕێزێکی زۆری لێ گرتین ولێم پرسی و گوتم کاکە گیان ناوت چییە بەخێر؟ فەرمووی ناوم ئەبوبەکرە وئێستاکە گوندی پانەسەر بە هۆی شەڕێکی خوێناوی کە چەند ساڵ لەمەوبەرلە نێوانی هێزی پێشمەرگە وجاشانداتێی کراوە پێیان چۆڵ کردووین و خانووەکانیشمان هەرلێ سووتێنران، دەنا لە پێشدا ئێمە خەڵکی ئێرە بووین و ئێستا بە ناچاری چووینەتە گوندی شارستێن.

منیش گوتم: کاک ئەبوبەکر تۆ چۆن لەو هەموو کانگا بەردە گرانیتە جوان و چاکانە بۆخۆت جێیەکت نەگرتۆتەوە؟ بە زمانێکی زۆرسادە و ساکار فەرمووی : جا مامۆستا کوردی پانەسەر و کانگا؟ منیش بە تووڕەییەکی دۆستانەوە عەرزم کرد : بۆکوردی پانەسەری لەگەڵ کابرایەکی تاران چ جیاوازییەکی هەیە؟ من ئەوەت لێ قبووڵ ناکەم و زۆریشم پێ ناخۆشە وا دەڵێی، ئەویش هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا و گوتی: بە قورئانی لێت خوێندووە ساڵێکیش دەبو، کە لێرە بۆڵدزێر کاری لە سەر ئەو بەردە گران بەهایە دەکرد، بەڵام خەڵکی ئێمە هەر دەیانگوت ناوانییە، بەردچۆن دەفرۆشێ و، شتی وا هەرنابێ. بەڵام ئەوە مریشکێکی زێڕبە چە ند جوچکەوە لە بن گڵی دایە و لەوی دەگەڕێ! گوتم: بە خوا لەوەی تۆدەیڵێی گەلێک گرینگترە. ئەوبەردە بریقەدارە سەخت و رەقە. کاری مریشکی زێڕنییە کە ئە و کابرایە لە کێوە دەری دێنێ!!

جامامۆستای گەورە پێمان دەفەرموێ ئەی کوردینە ئێوە چۆن دەبێ لە سەر ئەو هەموو پیت وبەرەکەتەی کوردستانیڕا ئاوا هەژارو چاو لە دەست و نەدار بن. کوڕە زۆر زۆر نەنگە. خۆ ئێوە:

خاکوو هەموو مەعدەنە، مەعدەنی زێڕ و زێوی
پڕ لە لەعل و یاقووتە ناو شاخ و داخ و کێوی

ئەممـــا ئێـــوە نەزانـــن لە بەر گێــژی و دەبەنگـــی
ئەم زومــڕووت و یــاقووتە چلۆنتــان دێــتە چەنگـــی
ئەوەی خەڵقـی خـودا بـوو لە مەعـدەن و کـانی نەوت
هەمووی لە کیس ئێمە چوو، بەدەستی کافران کەوت

راستە کە دەبێ فێری زانیارییەکـانی فیزیـک و کیمیـا و زانیـاری سروشتی زۆر بە چاکی بخوێنن،جا بە هۆی ئەوان بتوانن ئـاڵوگۆڕ لە سفنگەل (مواد)ی بن عەرز و سەر عەرزیدا بەدی بێنن و بتوانن لە شتێکەوە بیانکەن بە شتێکی دیکە،ئەمجا بە کەیفی خۆتـان کەڵکیـان لێ وەربگرن، ئیتر بەو زانیارییانە و بە هۆی کەڵک وەرگرتن لەوان کان و چاوانە سەرکەوتن لە دوای سەرکەوتن وەدەس بێنن. وڵاتـی رازاوەی کوردەواری پتر وەڕازێنن و بەرەو پێشی بەرن. زۆر نەنگە گەلە بەجێماوەکەتان لە دواکەوتوویی و بەجێماوی رزگار بکەن:

ئەو بەڕێزە هیچ ناهەقی نییە کە دەفەرموێ:

هەروەخـــــتە لە داخـــــی ئێـــــوە بمـــــرم
رۆییـــــــوە قەرار و هـــــــۆش و ســـــــەبرم
چ بـــــکەم چ بڵـــــێم لە تـــــاوی کـــــوردان
ئـــــاگر دەگـــــرێ دڵـــــم لە دەردان

ئەمجا پەنا دەباتە بەر یەزدانـی مەزن و بێهاوتـا و هانـای بـۆ دەبا و لێی دەپاڕێتەوە و دەڵێ:

چـــارە چیـــیە خـــودایە تـــۆ دەزانـــی
خـــۆت عـــالمی زاهیـــر و نیهـــانی
ئەم زوڵـــمە قبـــووڵ نەکەی خـــودایە

ئەســــــڵا ئەمەلــــــم بە کەس نەمـــــایە
لـــــــوتفی تـــــووە مەلـــــجەء و پەنـــــاهم
روحمێکــــــی بە کـــــورد بـــــکەی ئـــیلاهم
وەک دێــــــتە دڵـــــم خەیــــــاڵی نەوتــــــێ
هێنـــــــد نـــــامێنی جەرگەکەم بفەوتــــــێ

بەڕێز جەنابی مامۆستای کۆیی لەوەش هەر زۆر قەڵسە کەوا لە نێوکوردانــدا پیــشەسازی و وەســتاکاری زۆرکەمە و هەرخەریکــی حیقایەت و داستان وشتی بێ ئاکامن ، یـان خەریکی لێکدانەوەی هۆنراوە و قسەی رەق و تەقی عەرەبـانن و دوای زانیـاری سروشتی ناکەون پێمان دەڵێ کوڕینە ئەوەی ئێستا ئێمە دەیکەین ولە سـەری دەڕۆین بە کارنایە چونکە هیچ کەڵکی نییە:

ئـــــێمە پابەنـــــدی وەهـــــم و خەیـــــاڵین
ئـــــێمە خەریکـــــــی کەری جرجـــــاڵین
عیلمـــــــی ســـــەنایع لای ئـــــێمە نیـــــیە
گەر چـــــشتێک هەیە ئەویـــــش قەولیـــــیە

مامۆســتای بەڕێزوخۆشەویــستمان گەلێــک لەوەش قەڵــسە کە مامۆستاکانی ئـایینی هەرواخەریکـی سـاخ کـردنەوەی قونەقەیـد و مەتەڵۆکی عەرەبی وهۆنراوە سەخت و ڕەقەکانی هۆنەرانی تەنانەت پێش ئیسلامیـشن وگوێیـان بەوە نـابزوێ کە ئـاخر بـابە ئەوە هـیچ کەڵکی نییە وئیترفلان پیرێژنە عەرەبە لە خـۆڕا قـسەیەکی چەوت و هەڵەی بە سەرزاریدا هاتووە ئەو هەموو لێکدانەوە و لێکـۆڵینەوە و تـوێژینەوەی بـۆچییە؟ بـۆیەک کەڕەت نـاڵێی هەڵەیە و لە کـۆڵی ببیەوە و ئەو هەموو زەحمەت و رەنجە لە پیشەسازی یا لانـی کەم

لە توێژینەوەی ئـایەتێکی قورئانـدا بە خەرج نـادەی؟ یـان ئەوە کە زانیاری سروشتی (طبیعی)تان بە یەکجـارەکی وەلا نـاوە و جەنـابی مامۆسـتاش ماشـەڵڵا بە ناگـایی فتـوائەدا کە حەرامە خوێنـدنی ئەو جۆرە زانیارییانە و هەر لە خۆڕایی و بێبەڵـگە دەڵـێ ئەوە عیلمـی شـەیتانییە!! بەو جـۆرە لە خەڵکـی موسـڵمانی قەدەغە کـردوون!! ناهێڵێ لاوە خوێنگەرمەکانی کورد فێری ئەو زانیارییانە بن و تەنیا زانیارییە خەیاڵی (تئوری)یەکانی بۆئێمە هێشتوونەتەوە وهێنـدێک (قال اقول و قولە ویقول) کە بەڕاستی ئەوەش هیچ کەڵکی نییە.

مامۆستا کاتێ دەبینێ لە فێرگە خواییەکـانی کوردسـتاندا کە ئەو هەمـوو گەنـج و لاوە تەمەنـی پڕبـایەخی خۆیـان بـۆ فێـر بـوونی زانیارییەکـانی ئـایینی تەرخـان کـردووە بەڵام بە پـێچەوانەی رابـردووی روحـانییەتی کـورد کـاتێ تەواو دەبـن و دم وەردەگـرن و گۆیـا دەبـنە مەلا تەنـانەت نـاتوانن بە هـیچ جۆرێـک لە بـاری پیشەسازییەوە سەر دەربێنن و لەباری پزیشکی و دەرمانییەوە هیچ نـازانن و لە ئەندازیاریـدا هەر زۆر کـۆڵن و لە بـاری رامیـاری و کـۆمەڵایەتییەوە یەکجـار زۆر لە پاشـن و لەبەر چـاوی وان شـێخە جادووگەرەکـان خەڵکـی کـورد بە نێـوی ئـایین دەچەوسـێننەوە و فریویان دەدەن و دەیـانخەڵەتێنن، نەک هەر بەرەنگاریـان نـابنەوە بەڵکە هاوکاریشیان دەکەن و بە فەرموودەی خۆی ئەویش بـۆ شێخ وەکـوو کەلبـی مـوعەللەم، بە دەم کەروێشکی بـۆ ئەگـرێ لە لانە!! هەروەها دەیان و سەدان ناتەواوی و ناڕێکوپێکی دیکەش دڵە پاک و خـاوێنەکەی دیسان وەکوڵ دێتەوە و دەفەرموێ:

عیلمـــــی تەبـــــیعەت عیلمـــــی خـــــودایە
قـــــال و قـــــولە گـــــشتی هەبـــــایە
عیلمـــــی کیمیـــــات گەر نەخوێنـــــدووە

به خـــوا نـــازانی خـــوا چـــی کـــردووه؟
عیلمـــی حیکـــایەت گەر کەڵکـــی هەبـــا
دەبـــوایه دنیـــا هەمـــوو بـــۆ مه بـــا

جا مامۆستای دڵسۆزمان لێرەدا دەیهەوێ پێمان بڵێ که ئێوه ئەو جۆره زانیارییانه نازانن و له پیشەسازیدا ئاوا له پاشن ناتوانن کەڵک لەو هەموو کانگا و چاوانه وەربگرن کەوا خوای گەوره بۆ ئێوەی له خاکی پاکی کوردستانیدا داناون. خۆ هەر به هۆی ئەو نازیرەکی و دەبەنگییەتانه کەوا چاوه نەوتەکانی وەک باباگوڕگوڕو کرماشان و هتد له کیسمان چوو و نەیاران هاتن لەو لاوەڕا بۆ خۆیان دۆزیانەوه و کەڵکیان لێ وەرگرتن. جا بەو شێوەیه به تووڕەییەوه رووما‌ن تێدەکا و دەفەرموێ:

ئەی کـــاکی نەفـــامی گەوجـــی مـــلهـــۆڕ
بنـــــواڕه له دەوری بـــــابه گوڕگـــــوڕ
ئەو نەوته چ بـــوو؟ ژیـــانی تـــۆ بـــوو
وەی خـــۆڵ به ســـەرت ئەوا ئەویـــش چـــوو
ئەو نەوته چ بـــــوو چلـــــۆن بەدەرکەوت
چـــۆن هەڵـــــدەقوڵێ مەنـــــابیعی نەوت

ئەمجا پاشی ئەو تووڕه بوون و دەرده دڵ کردن و ناڕەحەتییه دەیهەوێ هەر نەبێ هانمان بدات بۆ ئەوەی که لانی کەم ئێستا که نەختێک وەخۆ کەوین و هۆشمان بێتەوه بەر و هەر نەبێ نەهێڵین چی دیکه کانگا و چاوه گرینگەکانی کوردستانمان له دەس بچن و نەیاران وەک ئەوانی دیکه بێن و بۆ خۆیان دەریانبێنن. چونکه بەڕاستی خاکی کوردستانی خۆشەویست هەمووی هەر فەڕ و پیت و

بەکەڵـکە و لە چـاو ئەنـدەران زۆربەی هەر کانگـا و سـەرچاوەی شتگەلی جۆراوجۆرەو هەر بستە خاکێکی گرینگترە لە گەوهەرێکی و بە فەرمـانی خـوای گەورە شـتی وای تێـدایە کە بـێگومـان لە جێـی دیکەدا هەر نییە یا زۆر کەمە. جا بۆیە دەفەرموێ:

ولاتێکتـــــان هەیە پـــڕ کــــان و مەعـــــدەن
بە بێـــڵ و پـــێمەڕە دوو قـــۆرتی لـــێ دەن
خـــــاکێکی هەیە ولاتــــــی کـــــوردی
ئەکـــــسیرە وەلـــێ لە چەنگـــی مــــردی
بـــــستێ لە ولات و مڵکــــــی کــــوردی
نایـــــــدەم بە هەزاری ســــــوهرەوەردی
قـــــوڵتێکی لە دەوری بـــــابە گوڕگـــــوڕ
نایـــــدەم بە منــــــارەی ئیمــــام دوور

جا کەوایە ئەی کاکی کوردە ئەتۆش هەروەک مامۆستای دڵسۆزی خۆت ڕێزی خاکە چاکە پاکەکەت بگرە، خۆشت بوێ و بیپـارێزە و مەیدە بە دەستی بێگانە و پێشت وانەبێ کە تـازە کوردسـتان هیچـی تێدا نەمـاوە و هەمـووی بە دەسـتی بێگانەکـان دەرهێنـراوە چـونکە کوردســتان خەزێنێکـی گەورەی لە بــن نەهــاتووی وایە کە ئەگەر هەزاران ساڵ لێی دەربێنرێ هێشتا چەنـدانێکی لـێ کەم نـابێتەوە و ئیتر دەریایەکی مەزنی بێبنی وەهایە کە هەرچەندی لێـی هەڵێنجـی خاڵی نابێتەوە. جا هەر بۆیە بە تووڕەییەوە دەفەرموێ:

ئەی کـــــوردی نەفــــامی خـــــانەوێران
وەی عەبــــدی زەلیلـــــی شـــێخ و پیـــران
ئێـــــستاکە گەلـــــێ مەعـــــادینی دی

پەنهـــــانە لە نـــــاو دەروونـــــی عەردی
وەک مەعـــدەنی زێـــڕ و زێـــو و ســـەدەف
تـــۆش لێـــدە لە تەپـــڵ و دمـــبەگ و دەف

واتا تا کەی ئەتۆ هەر فریوی شێخ و پیرانی چاوبەست دەخۆی و وە دوای زانست و زانیاری ناکەوی و فێر نـابی کە چۆن کەڵـک لەو چـاوە و کانـانە وەردەگیـرێ و هەر لە بـاتی هەمـوو پێـشکەوتن و سەرکەوتنێک تەپڵ و دمبەگ و دەفمان بۆلێدەدەی؟ ئـاخر ئەو کـارە نالەبارەت چ دەردێکی تۆ چار دەکـا؟ بۆچی وەهـۆش نـایەوە، کەی ئەوە کـارێکی ژیـرانەیە؟ وڵات کەی بەو جـۆرە شـتە پڕوپووچـانە بەرەو پێش دەڕوا؟

کانگا و چاوەکانی جۆراوجۆری کوردستان ئەوەندە زۆر و باش و بەکەڵکن کە دەتوانین بڵێین ئەگەر دەوڵەتێکی رێکوپێـک و دڵـسۆزی کورد بە سەریان رابگا و سەرپەرستیان بکا بـێگومـان هەزاران سـاڵ ئەو گەل و هۆز و وڵاتەی پێ هەڵدەسووڕێنرێ و هەزاران بەرنـامە و پـرۆژەی بـاش باشیـشی پـێ دادەمەزرێ و ئیتـر ئەو وڵاتەی پـێ دەڕازێنـرێتەوە و سـەرەڕای ئەوەش دەتـوانرێ کە یـارمەتی مـرۆڤ دۆستانەی باشیش بە ئەولا و ئەم لا بکرێ.

جا ئیتـر هەر بۆیەشە کە دەوڵەتە داگیرکەرەکـانی کوردسـتان بە هیچ کلۆجێک ئامادە نین دەستی لێ هەڵبگرن و لەو ڕێیەدا هەزاران هەزار و بەڵکە میلیۆنەها سەربازی کوڕی خەڵک بە کوشت دەدەن و بە هەر نرخێک بێ لە ژێر چەوسانەوەی خۆیاندا دەیهێڵنەوە و ئیتر تونـدە تونـد بە خرێنەکانیـان دەیگـرن و لە هەر چـوار پێـنج لاوە دەیکرۆسنەوە، بەڵام بەو حـاڵەش چونکە بە تەواوی دڵنیـا نـین و ترسی ئەوەیان هەمیشە هەر لە دڵدایە کە رۆژێک هەر دەبـێ لاوانـی

کوردیش وەک ئەحمەد موختار بەگ دەڵێ:

ئەورۆ بـا وا بـێ بەڵام ڕۆژێ ئەبـێ ئەولادی کـورد
بێـنەوە مەیـدان بە عـیلم و سـەنعەت و عیرفـانەوە
خانەقین و مەندەلی و خـاکی لوڕستان یەک بە یەک
وەک وەسـا ئەیـدوورن بە لای مەنتـیقەی بابـانەوە
کێـو و کەژ ئەبێـتە بـاخ و جـادە و قەسـرە ڕێ
بـۆ تەماشـای دەسـتە دەسـتە دێـن لە ئینگلیـستانەوە

بەڵێ هەمیشە ترساون کە ڕۆژێک دەبێ لاوانی کوردەواریش بچنە فێرگە و زانکۆ و زانستگا و فێری زانست و زانیـارییە پێویـستەکانی رۆژبن و هێزێکی گەورەو کۆک و پۆشتە و تەیار بەچەکی زانیـاری و لێهاتوو و کارامە پێک بێنن و لێیان ڕاپەڕن و کوردستانیان لە بنـی ددان و بەڵکە لە گەرووش دەربێننەوە و هەر بۆیەش لە زۆربەی ئەو وڵاتە داگیـر کـراوەدا سـەرمایە گوزارییـان نەکـردووە و ناشـیکەن چونکە دەزانن کە ڕۆژێک هەر لێیان بەجـێ دەمێنـێ و ڕاسـتی ئەوان تەنیـا لە شـوێنێکیان سـەرمایەگوزاری کـردووە یـان دەیـکەن و کارخانەو پرۆژە و بەرنامەی گەورە و درێژخایەنی تێدا دادەنـێن کە بە تەواوەتی توانیبیان یا بتوانن ئەو شوێنە بە یەکجاری بە کوردان چـۆل بـکەن و پێیـان بە جـێ بـێڵن. بە کـوردی و بە کـورتی ئەو جێگایانەی کە بە تەواوی و بە دڵنیایی لە ژێر دەستیاندا نەبووبێ هیچ خەرجییەکی ئەوتۆیان لێ نەکردووە و لێی ناکەن.

جا مامۆستای خۆشەویست و خـوا لێخۆشـبوومان زۆر بە چـاکی ئەو ڕۆژەی پـێشبینـی کـردووە و زۆر چـاک زانیـویەتی کە بە ڕۆشنایی زانست و زانیـاری و هێزی بـازوو نەبێ ئەو وڵاتە ڕزگـار نابێ و بە ئاوات و بە ئامانجی خۆی ناگا، ئیتر بەو شێوە تێمـان

رادەخورێ و دەیهەوێ لە خەوی بێئاگایی هەڵمانبستێنێ و پێمان دەڵێ:

هەستە پێش کەوە ئەی لاوی کوردی
ئاگات لە خۆ بێ کاروان رابردی
بە نووری عیلم ریگا بە دەر خە
بە زۆری باسک کاری بە سەر خە
میسالی عیلم بفرە وەک تەیران
بە هێزی عیلم هەرۆ بن بەحران
عیلمێ بخوێنە بۆ گەلت چا بێ
گەل و مەفتەنت بە عیلمی شا بێ
هەتاکوو گەلت بە سەر بکەوێ
لە ناو گەلانا بەدەر بکەوێ

ئەمجا مامۆستای گەورە و دڵسۆزمان هەر لە دوایی ئەو بەستە هەڵبەستەدا دووبارە روو دە کوردان دەکاتەوە و دەکەوێتە سەرکۆنەو لۆمە کردنیان و تانووت و تەشەریان لێ دەدا و دەفەرموێ:

ئێوەش خۆ بە قسەی خۆتان گەلێکی خاوەن خاکن
بەڵام نیسبەت بە خۆتان بێموبالات و باکن
ئێوە لەسەر ئەو خاکە دەبوو خۆتان بە کوشت دەن
داگیرکەران بکوژن یا لە وڵاتیان دەرکەن
بە خوا لە داخی ئێوە من هەر خەریکە بمرم
یا بخنکێم لە قینان یانە زەردوویی بگرم
ئاخر چۆن ئەوە حاڵە لە چاو کوللی میللەتێ
هەر کوردی خانەویران بژی لە ناو زیللەتێ

ئەمجا هەر لەو بەستە هەڵبەستە جوان و پڕ واتایەدا باسێک لە رابردووی گەلی زۆر لێکراومان بۆ دەکاو دەفەرموێ: ئێوە کوردینە پێتان وانەبێ کە باب و باپیرانیشتان هەروا وەکو ئێوە زەبوون و یەخسیری دەستی دژمنانی خۆیان بوون، ئەوان نەک هەر وا نەبوون و بەس، بەڵکە دوو زنجیرە پادشای زۆر بەهێز و بەناوبانگی ماد و ساسان کە لە کاتی خۆیاندا لە جیهاندا بێوێنە و نموونە بوو و لە هەر یەکەیان پتر لە سی کەس بۆ ماوەی چەند ساڵان پادشایەتییان کردووە، نەک هەر تەنیا لە خاکی پاکی کوردستاندا سەربەخۆ بوون و بەس بەڵکە دەسەڵاتی بەشێکی زۆری وڵاتانی جیهانیشیان هەبووە و گەورە و خاوەن دەسەڵاتی زۆر و بەهێزترین دەوڵەتی رۆژگاری خۆیان بوون و ژمارەیەکی زۆری گەلانی دیکەی جیهانیشیان لەبەر دەستیدا بووە و فەرمانبەر و فەرمان هەڵگری وان بوون و لە کاتی خۆیدا هیچ کەس بەوان نەوەستاوە،هەر کەسێک نەیاری و دژمنایەتی کردبن خێرا و زۆر بە ئاسانی توانیویانە کە تەمبێی بکەن و چەپەڵۆکی خۆیانی پێدا دەن.

بۆ نموونە کیاکسار یا هوەخشەترە، یا هۆخەشتەر سێهەمین پادشای زۆر بەڕێز و بەهێزی ماد کە بە پێی هێندێک لێکدانەوەی مێژوویی لە ساڵی ٧٠٠ پێش لە دایک بوونی هەنتەشی مەسیح بە سوپایەکی یەکجار زۆرەوە هەڵیکوتاوەتە سەر دژمنی لەمێژینە و بەهێزی خۆی واتا دەوڵەتی ئاشوڕ لە نەینەوایە و پاش چەند مانگ گەمارۆدانێکی زۆر سەخت و دژوار بە سێڵاوێکی گەورەی دەستکردی شووره و باڕووەکانی شاری نەینەوایەی کە بە خشتی کاڵ دانرابوون رووخاند و بەو جۆرە شارەکەی گرت و پایتەختەکەی بە یەکجاری وێران کرد. بەڵام هەر وەک لە خودی ئەو پەڕتووکەدا دەیخوێنینەوە پادشای ئاشوڕ کاتێ کە بە یەکجاری دڵنیا بوو

تەمابڕ بوون لەوەی کە بتوانێ دەست بکاتەوە و تێگەیی کە تازە بێگومان بە دەستی هێزەکانی ماد بە دیل دەگیرێ و.. خۆی و خاوخێزانی و تەواوی ماڵ و سامانی خۆی لە کۆشکی شایەتیدا ئاگر دان و سووتاندنی. ئەو ڕووداوە بە پێی هێندێک لە لێکۆڵینەوە مێژوییەکان لە ساڵی ٦١٥ بەر لە دایک بوونی هەنتەشی عیسا بووە.

بە هەر حاڵ ئەو بەڕێزە لە گەڕانەوەیدا لە شاری هەولێر جێژنێکی گەورەی گرت و ئەو جێژنی سەرکەوتنەیان دانا بە سەرەتای بەرواری کوردی. جا بەو پێیە ئێستا بەرواری کوردی دەبێتە ٢٥١٦، بەڵام بە هێندێک لێکدانەوەش کە ئەوەیان فەرمی (ڕەسمی)یە ئێستا بەرواری کوردی دەبێتە ٢٧٠١. واتا ساڵی ١٣٨١ کۆچی هەتاوی بەرابەرە لەگەڵ ٢٧٠١ مادی کوردی.

بە هەر حاڵ بەرواری کوردی لەو ڕۆژەدا هەڵگیراوە کە کیاکسار یا هۆخشەترە بەهێزترین پادشای ماد کە بە پێی گەلێک سەرچاوەی مێژوویی لە ساڵی ٦١٥ پێش لە دایک بوونی مەسیح کۆچی دوایی کردووە و دوای مردنیشی سەرکەوتنە مەزنەکەی خۆی بە سەر گەورەترین دژمنی گەل و دەوڵەتی مادا واتا ئاشوورییەکان لە شاری هەولێرێ ئەو جێژنە مەزنەی کە باسی کرا گرتی.

جا دیارە دوای زنجیرە پادشای ساسانی، کە دەورانی ئیسلام دێتە گۆڕێ و ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەسەڵاتی بە سەر تەواوی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای میانە و باکوورو ڕۆژئاوای ئەفریقادا سەپاند و تەواوی ئەو گەل و هۆزانەی کە لەو مەڵبەندەدا دەژیان زۆربەیان بە ئامێزێکی ئاوەڵاوە پێشوازییان لە ئیسلام کردو هاتنە ژێر ئاڵای ئیسلام و موسڵمان بوون و کەمێکیشیان ئامادەیی خۆیان دەربڕی کە سەرانە بدەن و ماوەیەک بۆ بیر کردنەوە

مۆڵەتیان خواست. کوردیش وێڕای گش ئەو گەلانە سەربەخۆیی نەبووە، لە ژێر دەسەڵاتی میری ئیسلامیدا بووە، بەڵام شتێکی زۆر لە خودموختاری پتری هەبووە، دیارە کورد و هەموو گەلانی دیکەی بن دەستی ئیسلامیش بەو بڕە خودموختارییە قایل و دابین بوون.

ئەو جار دوای ماوەیەک لە سەدەی پێنجەمدا سەرداری بەڕێزی کوردی موسڵمان سەلاحەددینی ئەییوبی هاتۆتە مەیدان و بۆتە فەرمانڕەوای تەواوی خاکی پاکی ئیسلام و تەواوی موسڵمانانی جیهانی بە کورد و ناکوردەوە و بە عەرەب و ناعەرەبەوە لە ژێر ئاڵای پیرۆزی ئیسلامدا کۆ کردۆتەوە و هیچ گەل و هۆزێکی موسڵمان بە نێوی نەتەوایەتی خۆیەوە کارێکی نەکردووە و هەرچی بووە و کراوە هەر بە نێوی ئیسلام و دەوڵەتی ئیسلامییەوە بووە و کراوە. بەڵام هیچ گەل و هۆزێکیش زێفی لێ نەکراوە و مافی نەخوراوە.

جا ئیتر پتر لە یەک سەدەی تەواو لە سایەیی سەلاحەددینەوە کورد نەک هەر فەرمانڕەوای کوردستان بووە و بەس بەڵکە تاقە دەسەڵاتداری تەواوی خاکی پاکی ئیسلام و هەموو موسڵمانانیش بووە و هەموو گەل و هۆزە موسڵمانەکانی ئەو ناوچەیە لە ژێر فەرمانی کوردی موسڵماندا بوون. بەڵام لەبەر ئەوەی کە ئەو باسە زۆر دوور و درێژە و پێداچوونەوەیەکی زۆری پێویستە مامۆستای بەڕێزمان لێرەدا هەر ئاماژە بەوە دەکا کە دەبێ لە مێژوودا وەخوێنرێ و بەو جۆرە دەفەرموێ برۆ مێژوو وەخوێنە و بزانە، کە گەلی تۆ رابردوویەکی چەندە رووناک و پڕ لە شانازی هەیە و پێت وانەبێ کە هەمەیشە ئاوا هەژار و رووت و پەتیارە بووبێ، ئەمجا بە هۆی ئەوەی، کە ئەو کانە و چاوانەی یەکجار لە لا گرینگە و نایهەوێ کە چیدیکە کورد سەبارەت بەوان بێموبالات بن و خەڵکیش

هەروا بۆخۆی دەریانبێنێ و بیانخوات، بەڵکە دەیهەوێ هۆشیار ببنەوە و فێری زانیارییە سروشتی و فیزیک و کیمی و پیشەسازی ببن و بتوانن بۆخۆیان ئەوان دەربێنن و کەڵکیان لێ وەربگرن. جا بەو شێوە دەفەرموێ:

ئەمن ئەوا پێم گوتن ئێوەش مەیلی خۆتانە
نەکەن لە دەستی دەرکەن ئەو مەعادین و کانە
(و ما علی الرسول إلاّ البلاغ المبین)
ئاخر تو خوا تا کەنگێ ئاوا بە زیللەت بژین؟
حاسڵی عەرزوو دەکەم بە ئەمری "خیر الانام"
دین و دنیا رێک بخەن نامە تەمام وەسسەلام

راژۆیەکی گرینگ لێرەدا هەیە کە ئەویش ئەوەیە مامۆستا جاری وایە دەڵێی جاڕس دەبێ و دەڵێ جا من ئەوا پێم گوتن و سپاردەی خۆم راگەیاند و بەرپرسییەتیم لە سەر خۆم لابرد. ئێوەش بە قسەم دەکەن بە قازانجی خۆتانە و بە قسەشم ناکەن مەکەن، خۆ هەر بە زیانی خۆتانە. بەڵام چونکە هێندەی گەلەکەی خۆی خۆش ویستووە هەر خێرا دووبارە بای داوەتەوە سەر پەند و ئامۆژگارییە بەنرخە دڵسۆزانەکانی خۆی و هەر دەڵێی ئاگاشی لە خۆی نییە وەک لە بیری چۆتەوە کە هەر ئێستا تووڕە بووبوو و دەیگوت کارم پێتان نیە چونکە بە قسەم ناکەن.

راستی ئاخر ئەو هەر خووخدەی چاکە و دڵسۆزی و بەختەمامییە چۆن دەتوانێ کە لە ئامۆژگاری گەلەکەی روو وەرگێڕێ؟ ناکرێ و نابێ، ئیتر ئەوە هەر لە بازنەی گونجانا نییە. جا هەر بۆیە هەر لەو کاتەدا کە دەڵێ ئەمن ئەوا پێم گوتن ئێوەش مەیلی خۆتانە، کە مانای وایە کارم پێتان نییە و من ئەوەندەم لەسەر بوو پێتان بڵێم و

ئەوا پێشم گوتن، با دەداتەوە سەر راسپاردە و بەرپرسییەکی زۆر گەورە کە دەیخاتە سەر شانی کوردەکان و دەڵێ نەکەن لە دەستی دەرکەن ئەو مەعادین و کانە.

جـا هەر لە وێـنە و نمـوونەی ئەو فەرمایـشتەیەتی کە لە جێگـایەکی دیـکەدا دوای ئەوی زۆری ئامۆژگـاری کـوردان کـردووە و گەلێکی شێر و رێوی بۆ هێنـاونەتەوە و وە بەری هەڵخوێنـدوون و لێیـان بـێ هیـوا بـووە، کە بە قسەی بکەن بە تـوورەییەوە پێیـان دەڵێ: ئەتـۆ چۆنێک دەژی مـن هەر مەلامە. واتـا ئەمـن ئەو هـات و هاوارەم هەمـووی هەر بـۆ تـۆیە و بەس، ئیـتر مـن بـۆ ئەوەم نیـیە خـۆم بە پلە و پـایەک بـگەم، چـونکە مـن مەلام و مەلایەتیـشم پـێ گەلێـک گەورەیە و نـامهەوێ لەوەی بـاڵاتر بـم کە ئێـستا لە جێـی پێغەمبەرم و ئیتر چ پلە و پایەیەک لەوەی باڵاتر دەبێ؟

بەڵام دووبارە بە خۆی ناوەستێ و هـاواری لـێ بەرز دەبێـتەوە و دڵە پـڕ هەست و ئەویـندارەکەی دووبـارە وەکـوڵ دێـتەوە و ناچـار وبێئیختیار دەڵێ: برا بەسیە ئیتر، خەتمـی کەلامە. واتـا بەسیەتی ئەی کـاکی خـۆم واز لەو تەمبەڵـی و تەوەزەلیـیەت بێـنە و وەخـۆ کەوەو فێـری زانیـارییە پێویـستەکان بـبە و بـۆ گەلـی خـۆت و نیشتمانی دابەش کراوی خۆت تێکۆشە و ئەو ژیانە تـاڵە ئـاڵوگۆڕ بکەو تاڵی و خەفەت گۆڕ بکە. ئاخر هەتا کەنگـێ پێـو بڵـێم و هەتـا کەنگێ دڵم لە تاوی ئێوە وە کوڵ بێت، خۆ من:

هەروەخـــــتە لە داخـــــی ئێـــــوە بمـــــرم
رۆییـــــوە قەرار و هـــــۆش و ســـــەبرم

جـا ئـا بەو جـۆرە لێرەشـدا كـوڵی دڵـی خـۆی هەڵـدەڕێژێ و دەفەرموێ:

بــۆ خۆتــان ســەعی بــكەن نــانێكو بێــتە دەســتی
ئینــسانی مەعیــدە خــاڵی نــاو زگــی ڕاناوەســتی
{مــیللەت ئەگەر فەقیــر بــێ ئــاخر دەبێــتە ئەسـیر
گوێ لە قسەی من ڕاگرە ئەی مەردی ڕەۆشەن(ضمیر)
خــاكو هەمــوو مەعــدەنە، مەعــدەنی زێــڕ و زیــوی
پــڕ لە لەعــل و یــاقووتە نــاو شــاخ و داخ و كێــوی
ئەممـــا ئێـــوە نـــازانن لە بەر گێـــژ و دەبەنگـــی
ئەو زەمـــرووت و یـــاقووتە چلۆنتـــان دێـــتە چەنگـــی
{ئێوەش خۆ بە قسەی خۆتـان گەلێكی خـاوەن خـاكن
بەڵام نیــسبەت بە خۆتــان بــێموبــالات و بــاكن}
{ئێوە لەسـەر ئەو خـاكە دەبـوو خۆتـان بە كوشت دەن
داگیـــركەران بكـــوژن یـــا لە وڵاتیـــان دەركەن}
{بە خــوا لە داخــی ئێــوە مــن هەر خەریــكە بمــرم
یـــا بخنكـــێم لە قینـــان یـــانە زەردوویـــی بگـــرم}
{ئـاخر چــۆن ئەوە حــاڵە لە چــاو كــوللی میللەتــێ
هــەر كــوردی خـانـەوێـران بـــژی لــە نــاو زیـللەتێ}
{تــو نــە تــە وە ی میــدیا وقوبــاد وكــە یخوســرە وی
هە ستە خیرە ت بنوێنە هەتا كە نگی دە خــە وی ؟!}
{زۆر شە رمە بۆ ڕۆڵەی كورد هێندە سەرنە وی كرد ن
تــو هــەرجــا ریـكی دەمــری مە مرە لەترسی مـرد ن}
{بــاب و بــاپیرانی تــۆ كەی وا بە زە لیلــی چــوون
دەوڵەتــی مــاد و ساسان گەورەی هەمــوو دنیـا بــوون}
{ئەمجـا لە دوای ئەوانـیش سەلاحــەدد یــنی د لــێر

ها تـه مەید انی خەبات، کوڕە کـــوردی نێـــره شێر}
بـــڕۆ تەئـــریخ وەخـــوێنه کـــوردی فەقیـــر و هەژار
{بـــزانه مـــیلله تـــی تـــۆ کەی ئـــاوا بـــووه پە تیـــا ر}
{ئـه ومیللـه تـه کورده ی تـو ڕۆژێـک نیـوه ی جیهـانی
لـــه ژ یـــر ڕکـــێفی دابـــو بـــهڵام ئـه تـــو نـا زانـــی
{ئەمـــن ئەوا پـــێم گـــوتن ئێـــوەش مەیلـــی خۆتـــانه
نەکەن له دەســـتی دەرکەن ئەو مەعـــادین و کـــانه}
{کو ردی مه ردی به خیره ت دەسا هه سته پێشکه وه
خۆکـــورد له ڕێی ئازادی پیش قفلـه یــه و پیشڕه وه}
(و مـــا علـــی الرســـول إلاّ الـــبلاغ المبـــین)
ئـاخر تـو خـوا تـا کەنگێ ئـاوا به زیلـلەت بـژین؟!}
حاســـڵی عەرزوو دەکەم به ئه مـــری ٘خیـــر الانـــام
دیـن و دنیـا ریـک بـخەن نـامه تەمـام وەســـەلام

چەند نموونە لە دراوەکانی سکەلێدراوی ساسانیان

نموونەی (١)



Coins of the Sasanian kings, showing their crowns.

نموونەی (٢)



نموونەی (٣)

نموونەی (٤)

نموونەی (٥)

گەڕانەوە سەرباسی پێشوو:

جا کاتێ مامۆستای بەڕێزمان مامۆستای کۆیی ئەو هەموو هێزودەسەڵات و سەرداری و سەروەری و گەورەییە و ئەو هەموو ئازایەتی و دلێری و پیاوەتی و ئەو هەموو شانازییەی دەورانی مادەکان و ساسانییان و سەلاحەددینی ئەییووبی بیرد یتەوە لەگەڵ ڕەزیلی و زەبوونی و هەژاری و داماوی و بێدەسەڵاتی و چەوساوەیی و ژێر چەپۆکی و بەدبەختی ئێستای کوردان بەرابەری دەکات وەهە لی دەسەنگێنی، دڵی بەخۆی و بەحاڵی گەلەکەی دا دەمێنێ و مەنجەڵی لەکوڵی دەروونی پتروە جۆش دێ و زڵق زڵق دەکوڵێ و د اخ و خەفەت و پەژارە بۆ ئەو کاتی دەخواو زۆر پەژار و خەمبارو داماو دەبێ و بە پەرۆشەوە هەناسان لە وەها دڵێکی پڕلە کوڵی خۆی هەڵدەکێشێ ود ەڵێ:

{{ئێوەش خۆ بە قسەی خۆتان گەلێکی خاوەن خاکن
بەڵام نیسبەت بە خۆتان بێموبالات و باکن
ئێوە لەسەر ئەو خاکە دەبوو خۆتان بە کوشت دەن
داگیرکەران بکوژن یا لە وڵاتیان دەرکەن
بە خوا لە داخی ئێوە من هەر خەریکە بمرم
یا بخنکێم لە قینان یانە زەردوویی بگرم
ئاخر چۆن ئەوە حاڵە لە چاو کوللی میللەتێ
هەر کوردی خانەوێران بژی لە ناو زیللەتێ
باب و باپیرانی تۆ کەی وا بە زەلیلی چوون
دەوڵەتی ماد و ساسان گەورەی هەموو دنیا بوون
ئەمجا لە دوای ئەوانیش سەلاحەددینی دلێر
هاتە مەیدانی خەبات، کوڕە کوردی نێرە شێر

بــڕۆ تەئــریخ وەخــوێنە کــوردی فەقیــر و هەژار
بــزانە میللەتــی تــۆ کەی ئــاوا بــووە پەتیــار}}

ئەمــن ئەوا پــێم گــوتن ئێــوەش مەیلــی خۆتــانە
نەکەن لە دەســتی دەرکەن ئەو مەعــادین و کــانە
(و مــا علــی الرســول إلاّ الــبلاغ المبــین)
ئــاخر تــو خــوا تــا کەنگــێ ئــاوا بە زیلــلەت بــژین؟
حاســڵی عەرزوو دەکەم بە ئەمــری 'خیــر الانــامْ
دیـن و دنیا بـا ڕێـک بخەن نـامە تەمـام وەسـسەلام

ژیانی وا بەئالام و بەمیحنەت

ماملۆستای دانـا وزانـا و هۆشـیار و هەسـتیاری دڵ پـڕلە کـوڵ دووبارە مەنجەڵـی دڵـی لە کـوڵـی زۆر بە تەوژم وەک حەوجۆشێکی زۆرلە جۆش زڵقان دەدا وجۆشی نانیشێتەوە. چونکە بیر لە ژیـانی تفت و تاڵی وەک ژەقنەمووتی کوردی هەژار دەکاتەوە و کوڵی دڵـی تاو لە تاوێ لە جۆش و خرۆشتر دەبێ.

ئەو بەڕێزە کاتێک تەماشا دەکا ژیانی کورد هەمووی هەررەنج و ئـازار و خەم و دەرد و کـوڵە وهەرچـی کـوردە تەنـانەت لە گیـانی خۆشی هەر ئەمین نییە و هەمیشە دژمنەکەی بۆی لە بۆسەدایە ود ەیهەوێ لە کەمینی بخا وبە یەکجاری نیخەپەستی بکـا و لە نـاوی بەرێ، بە کورتی ژینی کورد و مرۆڤی کورد لە ژینی هەموو کەسێک تاڵترە و ناخۆشترە وبگرە لە سەرخاکی خۆشی ولە مـاڵی خۆشیدا لە گیـانی خـۆی بـێمەترسـی نیـیە نەخـشەی تواندنەوە و لەنـاو بردنیشی هەرلە گۆڕێدایە.

جـا ماملۆسـتاش بە هەمـوو ئەنـدام وە ژیریـی و هەسـت و ویژدانییەوە بەهەموو بیرو ئاوەزی هۆشیار و بێدارییەوە دەیبینێ و هەستی پێ دەکا، ناچار کوڵی دڵـی دەردەبـڕێ و پڕ بە زاری هـاوار دەکا و دەڵێ ژیانی ئاوا بۆچی دەبێ ئەو ژیانە ژانە، برکە و کوڵ و دەرد و خەمە، ئیتر ژیـانی وا بە ڕەنـج و ئـازار و پـڕ لە پەژارە یـا خوا هەر نەبێ و بەنەفرین بێ،چونکە بەڕاستی هێندە تاڵ و توژن و سەخت و دژوارە، کە لە تاڵی و تفتیدا نە گوژاڵ و کەکرە دەیگەنێ و نە ژاڵە.

جـا ماملۆسـتای تـاڵی چێـژ و راسـتی وێـژی کوردمـان دەفەرمـوێ سەرەڕای تاڵی و تووشی و ناخۆشی هەمیـشەیی ئەو سـاڵ هەر زۆر

زۆر لەساڵەکانی دیکەش تاڵترە و ناخۆشترە. ئەو ساڵ ئاسمان لە باتی بارانی رەحمەتی سالانی لە ماتەم و شیوەندا قوڕی وەسەر خۆی کردووە.

بەڵام بە داخەوە جەنابی مامۆستا روونی نەکردۆتەوە داخوا ئەوساڵ بۆچی و لەبەر چی وا ئاسمان و گیاو گوڵ و دارو درەخت و باغ و راغی شاری کۆیە و هەموو کورد و کوردەواری ماتەمینە و ئاوا قوڕیان وەسەر خۆیان کردووە؟ ئیتر بۆ ئێمەی چاو لە زاری وی ڕوون نەکردۆتەوە کە لەو ساڵەدا چ بووە و چ رووی داوە؟

بەڵام وەک من بیرم بۆی دەچێ ڕەنگە ئەو ساڵە ساڵی بە برینداری بە دیل گرانی کەڵە پیاوی زۆر هۆشیاری کورد شێخ مەحموودی نەمر و هەروەها تێکچوونی دەوڵەتەکەی و گیرانی پایتەختەکەی، واتا شاری سولەیمانی کەوا بە تازەگی دەوڵەتێکی نەونەمامی موسڵمانی کوردستانێ تێدا دامەزراندبووبێت کە بەڕاستی جێی خۆیەتی زەمین و ئاسمانی کورد و دار و بەردی کوردستان لە ماتەمدا بێ و شینێ بگێڕێ و قوڕ وە سەری خۆی بکا.

بەدیل گیرانی شێخ مەحموود

شێخ مەحموودی نەمر واتا زیندەیاد لە شەڕێکی قارەمانانەدا لەگەڵ دەوڵەتی زۆرداری ئینگلیس لە مەڵبەندی دەربەندی بازیان لە بەرواری ١٩١٩/٦/٩ زایینیدا زۆر بە سەختی بریندار بوو بە کەنەفتی کەوتە بن بەردێک کە لە دوایی بە یادی ئەو شێخە قارەمانە خوا لێخۆشبوە ناویان نا بەردە قارەمان.

بە داخێکی گرانەوە ئەو رۆژە ئەو بەڵا گەورە بە سەر گەلی کورد هات و رۆژی تێکشکانی ئەرتەشی کورد و رۆژی چارەڕەشی گەلی کورد بوو. چونکە هەر ئەو رۆژە لە دەربەندی بازیان سوپای کورد وەها شکا کە خۆی پێ نەگیرێتەوە. بەڵام بەو حاڵەش تا بەشێکی هەرە زۆری ئەو ئەرتەشە دلێرەی کورد لە ناو نەچوو، مەیدانی شەڕیان چۆڵ نەکرد و قارەمانانە بەربەرەکانیان کرد و فیداکاری و لەخۆ بوردووییان نیشان دا. ئەو رۆژە کوشتە و برینداری کورد لە ژمارەدا نەبوو، شەڕگەکە پڕپڕ بوو لە لاشەی کوژراو و برینداری هەردووک لا، بەڵام هی کورد زۆر پتر بوون لە هی دژمن.

مەلیک مەحموودی قارەمان لەو بریندارانە بوو کە زۆر کەنەفت و کەلەلا بوون و خۆیان پێ قوتار نەدەکرا. ئینگلیسییەکان کە بەو سەرکەوتنەیان سەرمەست بوون، دە نێو لاشەی کوژراو و و بریندارەکان دەگەڕان تا جەندەکی بێگیان یا نیوەگیانی مەلیک مەحموود وەبینن و لەگەڵ خۆیان ببەن. کەسێک بە نێوی موشیر لاشەی نیوە گیانی مەلیکی خوا لێخۆشبووی دیتەوە و هەڵیانگرتەوە و بردیان بۆ بەغدایە.

جا دوای ئەوەی کە برینە سەختەکانی لەشی ساڕێژ و زامە قووڵەکانی دڵی قووڵتر بوون لە بەرواری ٢٥ مانگی تەمووزی ١٩١٩

زایینی لە دادگایەکی زۆر نادادگەرانەدا بڕیاری خنکێنرانی خۆی و هاوڕێیەکەی شێخ حەمە غەریب کە وەزیری ناوخۆ بوو، درا.

مەلیکی خوا لێخۆشبوومانیان زۆر لە زیند انیدا هێشتەوە و نەیانوێرا بیکوژن. پاشان هەرخۆیان بڕیاری خنکێنرانی مەلیکیان گۆڕی هەڵیان شاندەوە وکردیانە زیندانی هەمیشەیی، بەوحاڵەش دووریان خستەوە بۆشاری (ئەندامان) لە هیندوستانی ژێرچەپۆکەی خۆیان.

جا هەرلەوشەڕەدا کە شێخ مەحموود بە برینداری گیرا و ژمارەیەکی زۆریش لە پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان خۆیان کردە قوچی قوربانی و گیانی پاکی خۆیان فیدای گەل و نیشتمانەکەی خۆیان کرد ، سوپای سەرکەوتووی دژمن نەگەڕایەوەو ڕانەوەستا، بە شەڕو قوونەشەڕهات هەتا پایەختی پیرۆزی یەکەم دەوڵەتی سەربەخۆی ئیسلامی کوردی د اگیرکرد و هەموو دام ودەزگا وسازمان و ڕێکخراوە و ئۆرگانەکانی میری تێکوپێک دان و بە جارێکی لە بەرێکی هەڵوەشاندن.

جا ئەگەر وا بێ و مامۆستای بەڕێزمان مەبەستی لەو ڕۆژەی کە باسی دەکا ئەو ڕۆژە (ڕۆژی گیرانی شێخ مەحموود و داگیر کرانی پایەخت و تێکدرانی دەوڵەتی کورد) بێ، بەڕاستی جێی خۆیەتی، کە نەک هەر مامۆستای بەڕێز و خەمخورمان بەڵکە هەرچی کوردە قوڕ وە سەر کات، چونکە مامۆستا خۆی گوتەنی ئەو ڕۆژە ڕۆژی شینی کوردە و هەموو کوردێک دەبێ هەر قوڕ بپێوێ و شاخ و کێو و دار و بەرد و گژوگیای کوردستانیش هەمووی هەر شینی بێ و قوڕ وەسەر خۆی بکات. جا بەتایبەتی شاری کۆیە شاری مەلای کۆیی، دەبێ تەنانەت باغ و راغ ودار و درەختیشی هەر لە ماتەمدا قوڕبدا بەسەر خۆیا.

بەڵێ ئەو شینە شینی قەومی کوردە   نە قیامەت رابووە لەو دار و بەردە
سەماش ئیمساڵ لە جێی بارانی رەحمەت   ئەبارێنێ قوڕوخۆڵی مەزەللەت

جـا ئەگەر مامۆسـتا مەبەسـتی لە رۆژی شـینی کـورد رۆژی ١٩١٩/٦/٩ نەبێ، بێگومـان دەبێ مەبەسـتی رۆژی ٢٤ کـانوونی دووهەمـی ١٩٢٣ی زایینـی رۆژی مـۆر کرانـی پەیمـانی دژی کـوردی لـۆزان بێ کە لەو رۆژەدا پەیمانێک بە هـۆی پێداگرتنی دەوڵەتـی ستەمکاری وەختی تورکیا لە دژی گەلی کـورد نووسرا و مـۆر کـرا. بەو پەیمانە هەموو ئەو تا زیاری (امتیاز)انەی کە بە هۆی پەیمـانی سیڤەر بە کورد درابوون هەڵوەشانەوە.

جـا مـن خـۆم لە پـارچە هەڵبەسـتێکی دووردرێـژ بە نێوی"وتوویژی کورتەک وبێخاڵ"دا ئاماژەم بەو پەیمانانە، کە بۆ کورد ولە دژی کورد بەستراوە کردووە و گوتوومە:

پەیمانەکانی دژی کوردو بۆ کورد لەزمان بێخاڵەوە

یەک دوو پەڕ مێـژووی بەدبەختـی کـوردی
وەرە وەخـوێنین کەمێـک بە وردی
ئەو پەیمـانەی وا لە سـیڤەر بەسـترا
چـرای هیـوای کـورد بەوی هەڵکـرا
لەو پەیمـانەدا کـە سـوێند خۆرەکـان
سـەر بەخۆییـان دا بە بـڕێ کوردسـتان
هەر چەنـدەکەم بـۆ ئەو تـاقە چـرایە
ئەو دڵـۆپە ئـاوە بـۆ ئەو مەزرایە
بەڵام ئەسـتێرەی بەختـی گەلـی کـورد
لە ئاسـۆی ئـاوات تروسـکەی دەکـرد
کەچـی بە زۆری و پێگـری تورکـان
پەیمـانی سـیڤەر گـۆڕدرا بە لـۆزان

ئەمجـــــا لە دژی هەمـــــوو کوردســـــتان
کـــــرایە ســـــەعداباد پەیمـــــانی لـــــۆزان
ســـێ میـــری چەپەڵ ســـێ دێـــوەزمەی ڕەش
پەیمانیـــــان بەســــت کـــورد بنێـــــنە هەش
لە دژی کـــــــوردان دەیـــــان پەیمـــــــانی
ئـــــاوا بەســـــــتراوە، دەبـــــێ بزانـــــــی

بەڵێ جا مامۆستای دڵ لە کوڵی کۆیی کاتێ کە ئەو هەموو دەردو کـوڵ و داخ و خەفەتەی گەلـی هەژاری کـوردی وە بیـر دێـتەوە کە دیارە قەتیشی هەر لە بیر نەچۆتەوە و ناچێتەوە، دەروونـی پڕ لە جۆشـی وەکـوو دەریـایەکی پێـلهـاوێژ شـەپۆلان دەدا و دەکەوێـتە تێکەوە هاویشتن و کەف کـردن و هەڵمەکوتی لـێ بەرز دەبێـتەوە و شـەپۆڵەکانی وەک کێوەکـانی کوردسـتان گەورەن و بەرز دەبـنەوە. چونکە ئەو بەڕێزە دڵ پڕ کوڵە زۆر چاک دەزانێ، کە ژیانی کوردی بێچارە ئەوەندە ناخۆش و سەخت و تاڵ و تووشە کە لە تاڵیـدا نە گوژاڵ و نە ژاڵە و نە کەکرە هیچیان نایگەنێ.

سەرەڕای ئەو هەمـوو تـاڵی و تووشـی و سـەختییەی هەمیـشەگی ئەوساڵ لە باتی بارانی رەحمەت، ئاسمان قوڕ و خۆڵی زەبـوونی و هەژاری بە سەر کورددا دەبارێنێ، هەروەک بە دیرێـژی و بە روونـی باسمان کرد.

وا دیارە ئەو ساڵەی کە مامۆستا ئاماژەی بۆ دەکا سـاڵی دابەش کرانی کوردستانی گەورە بێ یـان سـاڵی بەسـتنی پەیمـانی شـوومی لۆزان، یان پەیمانی سەعداباد و بەغداد بێ، جا دەفەرموێ تەماشا کە لەو ماتەمەدا شـاری کـۆیە تەنـانەت بـاغ و راغـی شـارەکەش لە ماتەمدا قوڕی وە سەر خۆی کردووە.

شــاری کــۆیە بە هــۆی پیــاوانی گەورە و دڵــسۆزی وەک مەلا عەبدوڵلای یەکەم و دووهەم و سێهەم و هەروەهـا مەلایـانی دیکەی جەلیزادە و پیاوانی دووربینی وەک حاجی قادر و مامۆستای کۆیی کە خەمخۆر و پێشڕەو و سەرقافڵەی کاروانی خەباتی رزگاریخوازی کـورد و کوردسـتان بـووە لەگەڵ شـارەکانی دیـکە جیـاوازی هەیە. هەروەها بە هـۆی بەهـار و سروشـتی هـاودەنگی و هاوگـاری لەگەڵ کورد و کوردستان کردوە و بەرگی شینی تازیەباری لەبەر کردووە، ئیتـر ئەوسـاڵ نە گـوڵ پـشکووت و نە بولبـوڵ خوێنـدی کە دیـارە مەبەسـتی گـوڵی هیـوا و شـادی و هومێـد و بولبـولی سروشـتی خۆیەتی.

راسـتی مامۆسـتا ئەو رووداوە دڵتەزێـنە ئەوەنـدە بە گەورە و گرینگ دەزانێ کە پێی وایە لە ناوی کورد و کوردستانی زۆر لێکراو گیـا و گـوڵی زەویـش هەر لە ژینـی خۆیـان بێـزارن، ئیتـر لە هەر لایەک شین و شەپۆڕە و کوردەواری ماتەم دایگرتووە. جا لە دواییدا دەفەرموێ:

چ قەومـــــاوە لە دنیــــــادا خــــــودایە
چ شـــــینێکە و لە بـــــۆ کــــێ دانــــرایە؟!

پاشـان دەفەرمـوێ: بەڵـێ بـا هەمـوو کەس بزانـێ کە ئەو شینە شینی کـوردە کە هەر دەڵێـی پەسـڵان و رووداوە گـرینگەکەی رووی داوە و ئیتر ئەورۆ هەرچی کوردە و لە هەر جێیەکە دەبـێ هەر قـوڕ بپێوێ. بۆ کێ؟ بۆ شێخی نەمر. بۆ دەوڵەتی کوردستان. بـۆ دابەش کرانی وڵاتی کورد.

ئەمجا ڕوو لە خوای گەورە دەکا و دەس دەکا بە نـزا و سکاڵا و پاڕانەوە و دەردە دڵ و گلەیی دەکا، کە خودایە ئەو گەلەی تۆیان چ

لێ کردو چ پێ کرد؟ ئەدی تۆ بۆچی لێی ناپرسی؟ خوایە هاوار و هانامان هەر وەبەر تۆیە.

هەروەها دەڵێ قوڕی کوێ من وەسەر خۆم کەم بۆ گەلی کوردی کە خۆت زانای ئەی خودایە چ دەردێکیان داوەتێ و چیان بە سەر هێناوە؟

دڵم بۆ کورد و کوردستان بە دەردە
ژیانم تاڵ، هەناسەم سووک و سەردە
ژیانی هێندە تیژ و تۆش وتاڵە
نە گوزاڵ هێندە نا خۆشە نەزاڵە

راستی مامۆستا هەقیەتی کە ئاوا لەم ژینە بێزارە چونکە بێگومان ژیانی وا شیاوی گەلێکی وەها گەورە وخاوەن زێد ونیشتمان و فەرهەنگ وزمان نییە وئیتر هەر بۆیەش دەفەرموێ:

ژیانی وا بە ئالام

ژیانی وا بە ئالام و بە میحنەت
بە لەعنەت بێ، بە لەعنەت بێ، بە لەعنەت
چ ساتێکی لە نەفسی خۆت ئەمین نی؟
دەمێکە یانە دەڕوا یا ئەمینی؟
هەموو عالەم لە حاڵی خۆی بە دەردە
شەهە، میرە، جحێڵە، دەوڵەمەندە
ژیانی هێندە تیژ و ترش و تاڵە
نە گوزاڵ هێندە ناخۆشە نە ژاڵە
سەما ئیمساڵ لە جێی بارانی ڕەحمەت

دەبـــــارێنێ قـــــورِ و خــــۆڵی مەزەلـــــەت
تەماشــــای بـــــاغ و راغـــــی شـــــارەکەی کـــــۆ
لە ماتەمـــــدا قـــــورِی داوە بە ســـــەر خـــــۆ
بەهـــــاریش ئەلبیـــــسەی شـــــینی لە بەر کـــــرد
نە گـــوڵ پـــشکوت، نە بولبـــوڵ چەهچەهـــی کـــرد
گیـــــاش هەتـــــا لە ژیـــــن بێـــــزارە ئیمـــــڕۆ
لە هەر لایـــــێ فیغـــــان و شـــــین و ڕۆڕۆ
چ قەومـــــاوە لە دونیـــــادا خـــــودایە
چ شـــــینێکە و لە بـــــۆ کـــــێ دانـــــدرایە؟
بەڵـــێ ئەم شـــینە شـــینی قەومـــی کـــوردە
قیـــــامەت ڕابـــــووە لەم دار و بەردە
ئیتـــــر ئەورِۆکە ڕۆژێـــــکە کەوا کـــــورد
لە دەســـــتی داوە هەرچـــــی وەکـــــۆی کـــــرد
لە شـــــار و دێ، لە دەشـــــت و دۆڵ و کێـــــوی
هەرچـــــی کـــــوردە دەبـــــێ هەر قـــــورِ بپێـــــوی
قـــورِی کـــوێ کەم وەســـەر خـــۆم بـــۆ گەلـــی کـــورد
خـــــودایە ئەم گەلەی تۆیـــــان چ لـــــێ کـــــرد؟
دڵـــــم بـــــۆ کـــــورد و کوردســـــتان بە دەردە
ژیـــــانم تـــــاڵ، هەناســـــەم ســـــووک و ســـــەردە

شیوەن بۆ سەعد زەغلول



سەعد زەغلول

سەعد زەغلول کابرایەکی مافناس (حقوقدان)ی میسرییە و لە گەورە گەورانی خەباتکاری ڕێبازی سەربەخۆیەتی گەلی میسر بووەو لە ساڵی ١٨٥٧ی زایینی لە میسر لە دایک بووە و لە ساڵی ١٩٢٧ کۆچی دوایی کردووە. واتا حەفتا ساڵی تەواو ژیاوە و لە ڕێی گەیاندنی خاوەن مافەکان بە مافی خۆیان خەباتی کردووە.

ئەو بەڕێزە لە زانستگای جامع الازهر خوێندوویەتی و یەکێکە لە فەقێکانی ئەو زانستگا ئیسلامییە و لەوێدا پێ گەییوەو شاگردی وەفادارو هاوکاری زۆر بەکاری بەڕێزان سەیدجەمالەدین ئەفغانی و شێخ محەمەد عەبدە بووەو لە ساڵی ١٩٢٤ زایینیدا سەرەک شالیارانی میسر و سەرۆکی کۆڕی نوێنەرایەتی میسری بە ئەستۆوە بووە.

حیزبی السعدی، یان الوفد لە میسردا دامەزراندووە و خەباتێکی زۆری بۆ سەربەخۆیەتی میسر کردووە و سەرەنجام لە ساڵی ١٩٢٧ زایینیدا وەک باس کرا کۆچی دوایی کردووە.

جا بە هۆی ئەوە کە لە کارەکەی خۆیدا ڕاست بووە و بەڕاستی دڵسۆزی هۆزی خۆی بووە هەموو کەس هەر خۆشی ویستووە. بەڕێز مامۆستای کۆییش ڕێزی بۆ داناوە و تەنانەت دوای مردنیشی شینی بۆ گێڕاوە و شەپۆڕی بۆ کردووە و پێی هەڵدەڵێ و نزای بۆ لە خوای گەورە دەکا و بۆی دەپاڕێتەوە. کە بەو جۆرەی خوارەوە دەس پێ دەکا و دەڵێ:

شیوەن بۆ سەعد زەغلول

عە رەب و کورد و هیند و قەومی مەغۆل
هەموو مەحزونە بۆ سەعد زەغلوول
ماتەمێکە لە عالەمی شەرقا
ئەگرین ئاسیا و ئەفریقا
ئەمەلی ئاسیا چلۆن دەڕوێ؟
ئاسیا ئاوی گەر نەما دەنوێ
سەیری سودان کە ڕەش هەڵایساوە
گەورە و گچکە خۆی لە نیل داوە
سەعدی میسری غروبی کرد و نەما
نیلی میسری دەڵێی خمە لە خەما
بە وەفاتی زەعیمی بێهەمتا
دوور نییە کە بڵێم عەرەب فەوتا

نەکــو تەنهــا وەزیــری میــسری بــوو
بەڵکــو حەقەن عەزیــزی میــسری بــوو
تەختــی میــسری شــکا لە بەدبەختــی
کــێ یە تەعمیــری کــا بە تەڕ دەســتی
نەحــسی ئەکــبەر لە جــانبی غەربــی
ســەری هێنــا دەری خــودا چ دەبــێ
دەبــێ خــاوەر زەمینــی ئــالی زەمەن
چــی بەسـەر بێ لە ئافەت و لە میحەن؟
ئەوی عەقڵــی هەبــێ لە نێــر و لە مــێ
وەخــــتە بمــــرن لەوی غەم و ئەلەمــێ
ئەو لە میــسر و ئەمــن لە شــاری کــۆ
بــۆی دەگــریەم بە دەنــگ و بانــگ و ڕۆ
بــۆی دەگــریەم بە خــاترێکی مەلــول
دەکــو لاڵ بــم بــۆ ســەعد زەغلــول
ڕەببــی هەر تــۆی کە خــاوەن ئەمــری
ئەوی زینــدوو بــێ غەیــری تــۆ دەمــری
ڕوحــی زەغلــوول لە جەننەتــولمەئــوا
شــادمان بــێ (کیــف مــا یهــوی)
تــا لە میــسرا حەیــاتی میللــی هەیە
ئەســەری هــیممەت و حەیــاتی ویــیە

ئــالێرەدا بە جــوانی بۆمــان دەردەکەوێ کە مامۆســتای کــۆیی ئەگەرچی مرۆڤێکــی نەتەوەخــواز بــووە بەڵام هەرگیــز بەرچاوتەنــگ نەبــوە، بەڵــکە زۆر مرۆڤێکــی لێبــوردوو و دڵفــراوان و ســەخی و میهرەبــان بــووە. ئەو هەرچەنــد لەبەر بەدبەختــی گەلەکەی زۆرتــر

هاواری هەر بۆ کورد بووە، بەڵام لە راستیدا پێوەندی بە هەموو گەلانی موسڵمانی جیهانەوە هەبووە و دڵسۆزی هەموویان بووە و دەتوانین بڵێین کە ئەو تەنیا هەر هی کورد نەبووە و پێوەندی بە هەموو چەوساوەکانی جیهانەوە هەبووە.

تەماشا کە چ شینێک بۆ عەرەبێکی چاک و پاک دەگێڕێ؟ لە مەرجێکا کە خۆی زۆر ئاگادارە و دەزانێ کە عەرەبەکان چ ئەندازە بۆ کوردان خەراپ بوون و چ ئەندازە ستەمیان لێ دەکردن. بەڵام مامۆستا خوا لێی خۆش بێ زۆر چاک دەزانێ کە ئەو ستەمەی لە لایەن عەرەبەکانەوە بە سەر گەلی کورددا سەپاوە بێگومان هەموو عەرەبێک پێی خۆش نییە و تەنانەت هەر لێشی قایل نییە و ئیتر ئەگەر پیاوی ستەمکاریشیان هەیە مرۆڤی باشی وەک سەعدی زەغلوولیشیان تێدایە و جێی خۆیەتی کە ئەگەرچی ئەو لە میسریشە و لە ناوەندی هێز و دەسەڵاتی عەرەباندا دەژی، منیش لەشاری کۆیەم و لەهەرێمێکی چەوساوەی کوردستادا ژیانی بەژان و ژوار دەبەمە سەرێ، چونکە پیاوێکی چاک و بەڕاژە و خزمەتە و ئامانجی خەراپی نییە و ئاواتی هەردووکمان هەر یەکە بە بانگ و رۆ و داو و هاوار بۆی دەگریم.

بەڵێ بە دڵێکی خەمگینەوە بۆی دەگریت و خۆی بۆ لاڵ دەکا و بۆشی لە یەزدانی مەزن دەپاڕێتەوە کە گیانی پاکی لە (جنة المأوا)دا شاد و خۆش بکا و هەرچۆنێکی بۆ خۆی دەیهەوێ ئاوای لەگەڵ بکات.

ئەمجا دڵنیایی دەدا و دەڵێ کە هەتا گیانی نەتەوایەتی و هەستی گەلویستی لە ولاتی میسرێدا بمێنێ و هەر شوێنەوار و چەخەری ژیان و خەبات و تێکۆشانی ویە و راستیشە پیاوی گەورە و لێهاتوو قەت و قەت شوێنەواری کوێر نابێتەوە و بە درێژایی مێژوو

نێوبانــگ و چەخەر (اثــر)ی خەبــات و تێکۆشــانی هەر دەمێنــێ و ساڵەها لە دوای خۆیان خەڵک ژیاننـامە و ناسنامە و خەباتنـامە بۆیان دەنووسن و شانازییان پێوە دەکەن و پێیان هەڵدەڵێن.

بەڵــێ پیــاوی گەورە و هەڵکەوتــوو وەکــوو داری بەری وایە و خەڵک لێی دەخۆن و لە میوە و بەر و سێبەرەکەی کەڵک وەردەگرن. داری میـوە هەرگیـز کـاری بەوە نیـیە کە کـێ بەرەکەی دەخـوا. ئەو بەرەکەی دەگـرێ و میـوەی خـۆی پێدەگەیەنێ و هەرکەس دەتـوانێ کەڵکی لێ وەربگرێ.

چـرا خـۆی دەسـووتێ و روونـاکی خـۆی بە هەمـوو لایەکـدا بـڵاو دەکاتەوە و هەر کەس و هەر گیانلەبەرێک دەتوانێ رێگەی خـۆی بە تیـشکی ئەو وەدۆزێ و سـەر دەرکـا. بـاران دەبـارێ و هەور ئـاو هەڵدەرێژێ و هەرگیز هەور جەتون نییە و رژدی و دەس قووچـاوی ناکـا و بە بـێ جیـاوازی بەخشـشی خـۆی بە هەمـوو لایەکـدا بـڵاو دەکاتەوە.

راســتی پیــاوی گەورە و بەخــزمەت و زانــا و دانــاش ئامــانجی ئەوەیە کە هەموو خەڵک لە خزمەت و راژەکانی کەڵک وەرگرن. ئەو چــرایە و رێ بــۆ هەمــوو کەس روونــاک دەکــا. هەورە و بــارانی رەحمەت دەبارێنێ و هەموو زیندەوەرێک پـاراو دەکـا و تینـوویەتی زەوی دەشــکێنێ. داری بەرەو خەڵــک بەرد و پــلاری پێــدا دەدەن و ئەویش لە بەرابەردا میوەیان بۆ هەڵدەوەرێنێ.

فێڵی شێخەکان

ڕێوی دەعبایەکی زۆر فێڵباز و وەینسازە. باوە کە دەڵێن دەچێتە لای مەڕ و دەڵێ من هەر لە تیپی ئێوەم و گیاخۆرم. دەچێتە لای گورگ و سەگ و دەڵێ منیش وەک ئێوە گۆشت خۆرم و شا کەڵپم هەیە و دەچێتە لای مەل و باڵندە و دەڵێ دۆستی دڵسۆزی ئێوە و پاسەوانیتان بۆ ئەکەم و لێتان وریا دەبم و دەچێتە لای شێر و ورچ دەڵێ من هەر نۆکەرو خزمەتکاری ئێوەم. ئیتر بەو جۆرە خۆی دەگەڵ هەموو تیپێکی ڕێک دەخا و هیچیان لێی حاڵی نابن و تێی ناگەن کە لە ماکا دژمنی هەمووشیانە و دۆستی بەڕاستی هیچکامیان نییە.

جا بەڕاستی شێخەکانی ئێمەش بەو جۆرەن، لە لای سونییان خۆیان بە سوننی و لە لای شیعان خۆیان بە شیعە و بە کورتی لە لای هەر تیرەیەکی ئیسلام خۆیان دەکەنە ئەو و دەچنە دە بەرگ و پێستی وی. کە دەشتوانم بە راشکاوی بڵێم و گومانیش لەوەدا نییە کە لە لای گاورەکانیش خۆیان بە دژی وان نیشان نادەن.

مامۆستای بەڕێزیش کە زۆر چاک لە فێڵ و فووتی وان گەیشتووە و زۆر بەباشی ناسیونی فێڵەکانیان روو دەکاو یەکێک لەوان دەکاتە رووتێکراوی خۆی و دەڵێ:تۆ بەوهەموو فێڵ وفووت و چاو نەزێری خۆتەوە کە بە هیچ جۆرێک ئەوانە لەگەڵ سونیان نایەنەوە خۆت بە سوننی نیشان دەدەی و هەروەکوو پاپ خەڵکی نەزان و نەخوێندەوار فریو دەدەی و بەهەشتیان پێ دەفرۆشی (رەنگبێ ئی وا هەبێ بڵێ مامۆستا لێرەدا زۆر زێدەڕۆیی کردووە، دەنا بەهەشت چۆن بە خەڵک دەفرۆشرێ؟) من دەڵێم مامۆستا

ڕاستەقینەی گوتووە و هیچ زێدەڕۆیی نەکردووە. هەر ئەو ساڵانە تەنانەت خەلیفەیەکی شێخی زەمبیلی کە نامهەوێ ناوی بێنم گۆیا ژنێکی زۆر جوانی لە سەر سێ دانگی بەهەشتێ مارە کردبوو. هەموو خەڵکی ناوچەش دەیانزانی تەنانەت من خۆم داکۆکیم لێ دەکرد و دەمگوت وا نییە. کەچی خەڵک پێیان وابوو منیش هەر لەو تیپەم بۆیە دەمهەوێ پاکانەی بۆ بکەم.

بەڵێ جا مامۆستا پێی دەڵێ هەی قوڕت وەسەر چەندە بێهۆشی پێت وایە کەس ناتناسێ بەڵام ئەوەی ئایین و ژیرییەکی هەبێ زۆر چاک ئەتۆ دەناسێ و دەزانێ تۆ بۆیە خۆت بە سوننی نیشان دەدەی تا بڵێن ئەو هێتم (قطب) و خاوەنی پلە و پایە و روتبەی گەورەیە!!

بەڵێ ئەتۆ سوننییەکی وای کە لە سایەی تۆ و کەرامەتی تۆوە ئێمە هەم دین و هەم دنیامان لە دەس دا. خەڵک بە هیوای تۆ پشتێندیان کردەوە و روویان دە کار و کۆشش و خەبات و شۆڕش نەکرد و تۆش لە هەموو پێشکەوتنێک دوورت خستنەوە مەگەر دەس بە گونی تۆ بگرن دەنا هیچیان بە دەس نەماوە!! تۆ خەڵکت وەها بەرەو مردە پەرەستی راکێشا بوو کە ڕێگەی راستت لێ ون کردبون و نەتدەهێشت خۆیان وەدوای دەرد و مەرگی خۆیان بکەون و بۆ خۆیان چەکی داکۆکی و بەرگری لە خۆیان پەیدا بکەن و داکۆکی پێ لە خۆیان و وڵات و زێدی خۆیان بکەن!!

چونکە دەتفەرموو فلان و فیسار لە ناو گۆڕا ئاگایان لە ئێوە هەیە و ڕێگە لە گاوران ئەگرن و نایەڵن ئەوان زەبرتان لێ بدەن و زەفەرتان لێ بێنن تەنانەت لە شەری یەکەم و دووهەمی جیهانیدا دەتگوت ئەوان ڕێگە لە کافران دەگرن و ناهێڵن بێنە بەغدایە و ئێوە لە جێی خۆتان دانیشن هیچتان بە سەرنایە. خەڵکت وەها بە تەما کردبوو کە جەنابی شێخ هەر بە فوویەکی فڕۆکە هەڵدەوەرێنێ

کەچی ئەو فلّتەفلّت و هایوهۆیەی تۆ هەمووی بە درۆ دەرچوو و هیچ شتێک بە خەڵک نەگەیشت و هیچیان بۆ روون نەبۆوە. بەڵام لەبەر بێمێشکی و نەزانی و بێژیری خۆیان ئێستاکەش هەروەکوو خۆیان وان و لەبەر کەریانیان بە دڵ و بە گیان هەر بەندەی تۆن!! بەڵام هۆبالی ئەو خەڵکە هەژار و نەزان و بەدبەختە هەمووی هەر بە ئەستۆی تۆیە... تۆ یا شێخ سوننی بە سەری بابی خۆت چاک دەزانی دەبێ هەروا بی.[1]

ئەمجا بە توندی لە دەمی دەدا و دەڵێ:

کەی سوننی وەک تۆیە؟! سوننی پەیڕەوی بەرنامەی خودان و لە سەر رێبازی راستەقینەی پێغەمبەری خودان و رێبواری رێگەی پێشینیان و جێنشینی راستەقینەی وانن. سوننی پێکەوە زۆر پاکن و هەرگیز وەکوو تۆ نین کە بە درۆ و دەلەسە ماڵی یەکتر بخۆن و یەکتر فریو بدەن و فێڵێ لە یەکتر بکەن:

رێبــــازی ســــوننییان زۆر رێـــک و راســـــتە
ئەتــــۆ ســــوننی بــــی، خـــودا نەخواســـتە

چونکە لە رێباز و (مذهب)ی سوننیاندا کە رێبازی راستەقینەی پێغەمبەرو یارانییەتی، فێڵ و فووت و خوارو خێچی و شێخ و مێخ و

---

١ ـ بە داخەوە ئێستاش هێندێک کەس هەر پێیان وایە کە بە هیممەتی غەوسی بەغدایە هەرگیز بەغدا ناکەوێتە ژێر چەنگی گاوران چونکە گلکۆی غەوس عەبدولقادری گەیلانی لەوێیە و گۆیا هەر کاتی گاور چوونە ناو بەغدایە (تۆپی کەلە) کە تۆپێکی ئەفسانەیی و تا ئێستا هیچ کەس نەیدیوە هەر بۆ خۆی وەکار دەکەوێ و هەموویان گوللەباران دەکا و لە ناویان دەبا کەچی ئەوە چوار پێنج ساڵە ئەمریکایی و ئینگلیسی داگیریان کردووە و بە کەیفی خۆیان تێیدا دەگەڕێن و هیچ هەواڵ و شوێنەوارێکیش لە ترو تۆپی شێخەکان نییە.

درۆ و دەلەسە هەر نییە و زانایانی سوننی بە توندی دژ و نەیاری ئەو کارەن.

بەڵکە ئەتۆ نەک هەر سوننی نی و بەس، هەر دوژمنی ئیسلام و موسڵمانانیشی و گورگی لە پێستی مەڕدای و خەڵکی چاو بەستراو هێشتا نەیانناسیوی دەنا بێگومان ورگت بە نووکە نێزان دەدڕن و کەلـلەی ناپاکت دەکەنە گۆی شەقێن و پێستی سەرت بە کایە داخننەوە، جا ئا بەو شێوە دەفەرموێ:

فێڵی شێخەکان

تۆی شێخی ئەهلی سوننە و جەماعەت؟
بەو هەمـوو کەیـد و فێـڵ و تەمـاعەت؟
هەروەکـوو پـاپی، بەهەشـت دەفرۆشـی
وەی قـوڕت بەسـەر گەلـێ بێهۆشـی
تـۆ بـۆیە سـوننی، تـا بڵـێن قـوتبە
خـاوەنی پـایە و سـاحەبی روتـبە
بەڵـێ تـۆ قـوتبی، قـوتبی زیـانی
دائـیم گەڕ دەخـۆی لە دەوری نـانی
بەڵـێ تـۆ سـوننی و سـوننی وەهـا نـی
تـۆ ئەحـواڵی خـۆت چـاکتر دەزانـی
بەڵـێ تـۆ سـوننی، سـاحەب کەرامەت
ئەتـۆی شـافیعی رۆژی قیـامەت
لە سـایەی تـۆوە و کەرامەتـی تـوو
دیـن و دنیامـان هەمـوو لە کـیس چـوو

به ئومێـــدی تـــۆ پـــشتیان کـــردەوە
دەســـتیان بە گونـــت گرەویـــان بـــردەوە!!
دەتفەرمـــوو فـــلان لە نـــاو قەبـــری
رێـــگە لە کـــافر و بـــێدینـــان دەگـــری
نـــایەڵێ کـــافر بێـــنە بەغـــدایە
ئێـــوە دانیـــشن، چـــوو بە ســـەرنایە
وا بە تەمـــانە حەزرەتـــی شـــێخی
هەر بە فـــویەکی تەییـــارە بێخـــی
ئەم فڵـــتە فڵـــتە هـــیچ و پـــووچ دەرچـــوو
وەبـــاڵی مـــیللەت یـــا شـــێخ بە مـــل تـــوو
ئێـــستێکەش مـــیللەت هەروەکـــوو خـــۆنە
بە دڵ و بە گیـــان بەنـــدەیی تـــۆنە
تـــۆ ســـوننی یـــا شـــێخ بە ســـەری بـــابی
خـــۆت چـــاک دەزانـــی دەبـــێ هەر وا بـــی
ســـوننی تـــابیعی ئەهلـــی خـــودانە
ســـوننی پەیـــڕەوی رەســـولەڵلانە
ســـوننی ســـالیکی رێگـــای ســـەلەفن
زاهیـــر و بـــاتین، نـــیعمەل خەلەفـــن
ســـوننی زۆر پـــاکن نەوەک وەکـــوو تـــۆن
بە درۆ و دەلەســـە مـــاڵی خەڵـــک بخـــۆن
رێگـــای ســـوننییان زۆر رێـــک و راســـتە
ئەتـــۆ ســـوننی بـــی؟! خـــودا نەخواســـتە

بەڕێـز وخـوا لێخۆشـبوو مامۆسـتا مەلا کەریمـی فیـدایی پـارچە هەڵبەسـتێکی زۆر جـوانی لە بـارەی ئـاوات وئامـانج وخواسـت وویـستی شـێخەکاندا نووسیوە کە بـۆ بیـرەوەری ئەو بەڕێـزە وبـۆ

پیرۆزی نێوی ئەو بویژە لێرەدا دەیگونجێنم.

ئەوپارچە هۆنراوەی کاتێک نووسیوە، کە مەلا مستەفای بارزانی لە کوردستانی عێراقی دەستی بە شۆڕش کردووە ودەنگی کوردی بەرز کردۆتەوە وبە گوێی جیهانیانی راگەیاندووە.

جا بە هۆی ئەوە، کە مەلا مستەفای بەڕێز لە بنەماڵەی شێخە بەڕێزەکانی بارزانییە و، کە دیارە ئەوانیش هەمیشە لە خزمەت گەلی کوردا بوون، تا ئێستا خەیانەتیان لێ نەبینراوە، مامۆستا مەلا کەریمی رەحمەتی، مەلا مستەفاشی هەر بە شێخ داناوە دەنا مەلا مستەفا هەرگیز شێخ نەبووە و قەتیش داوای شێخایەتی نەکردووە. بەڵکە مەلایەکی دڵسۆزی راستەقینەی کوردوکوردستان بووە و تا ژیاوە ئەوپەڕی داکۆکی لە کورد و مەلای کورد کردووە. من خۆم لە بیرمە کە جارێک مەلاکانی کوردستانی عێراقیی کۆکردبوونەوە پێی فەرمووبوون: (مەلاینە! تا منتان هەم بۆخۆتان کارێک بکەن دەنا دوای من رەنگە رێگەتان نەدەن.) دەنا شێخ و شۆڕش وگەل رزگا کردن شتێکی مەحاڵە.

شێخ مەحموودو شێخ سەعیدی پیرانیش هەردووکیان هەرمەلا بوون و لە بنەماڵەیەکی مەلازادە هەڵقوڵیون وجگە لە شۆڕشی مەلایانە چیدیکەیان نەکردووە ومێژووی ژیان وخەباتیان روونکەرەوەی ئەو مەبەستەیە.

جا ئەوەش بەستە هەڵبەستەکەی مامۆستا مەلا کەریمی فیدایی لەمەڕ وەزن و کێشی شێخانەوە:

وەزنی شێخان

جەوهەرم زۆرە وەلـێ جەوهەر ئەمـن بێفەڕ دەکـا
داخ و دەردی ئەو زەمـانەی ئـێمە بێجەوهەر دەکـا
دوژمنی کەس نیم و چبکەم بەحری شیعرم دێتە جۆش
هەر بە وێـنەی خیگەڕۆنـی زەنـگە ئەڕۆ سـەر دەکـا
مـن دەدەم پەنـدێ لەبـۆ شـێخم ئەگەر زیـوەر نەبێ
گەر کەرامەتدار بـێ بەو پەنـدە ئەو بـاوەڕ دەکـا
پێـی دەڵـێم ئەی شـێخە تـۆ بـڕوانە شـێخی هەنـدەران
هەروەکـوو شـێرە دەگەڵ تـۆپ و تەیـارەی شـەڕ دەکـا
ئەو کەوا داوایـی مـاف و سـەربەخۆیی گەل دەکـا
روو لە یاسـایی بەرێـزی دینـی پێغەمـبەر دەکـا
تـۆش دڵـت ئەوڕۆ لە نێـو دەریـا و گـۆلی ئـارەزوو
حەز لە کیژی چاو کەژاڵ و یاری رەنگ ئەسمەر دەکا
شـێخی خەڵکـی مەنزڵـی کێـو و چیـایە و هـی منـیش
خەو لە نێـو خـانوویی بەرز و دۆشـەکی مەخـمەر دەکا
شـخی خەڵکـی عاشـقی تـۆپ و تفەنـگە و شـێخەکەم
دەسـتبـازی هەر دەگەڵ یـاری سـمت مەڕمەڕ دەکـا
شـێخی خەڵکـی کـۆنە چـۆغێکی لە بەردا دێـتە دەر
شـێخەکەی مـن خـۆ عەبـایی سـەوزی بێئەسـتەر دەکا
شـخی خەڵکـی لەتـکە نـانێکی هەبێ دەیـدا بە خێـر
شـێخی مـن داوایـی پـووڵ و پـارە و زیـوەر دەکـا
شـێخی خەڵکـی دێـتە مەیـدانێ وەکـوو بەوری بەیـان
روو لە دەستەی دژمـن و کێشە و شـەڕ و سەنگەر دەکا

دژمنـــی نـــامەرد دەشـــکێنێ لە چـــۆڵ و کێـــو و کەژ
دەیگـــرێ دەســـتی دەبەســـتێت و دەمـــی قەمـــتەر دەکـــا
شێخی مـن هەروا بە دەروێش و بە پرچ و موویی ریش
بیـــری داگیـــر کردنـــی ســـەرچاوەیی کەوســـەر دەکـــا
شـــێخی خەڵکـــی حەز لە لاوی زیـــرەک و زانـــا دەکـــا
شـــێخی مـــن مەیلـــی خەلـــیفەی شـــتنەزان و کەر دەکـــا
شـــێخی خەڵکـــی وا لە نێـــو خوێنـــاوە جلکـــی بـــوو شـــەلاڵ
شـــێخی مـــن بە درۆ بە فرمێـــسک ردێنـــی تەڕ دەکـــا
شـــێخ ئەوا هەوڵـــێ دەدا بـــۆ ســـەر بڵنـــدی قەومەکەی
شێخی من هەر باسی جندی سەر زل و شەشپەڕ دەکا
شێخی مـن ئەورۆ بە تەپـڵ و زەرگ و دەروێشی شرۆڵ
ڕوو لە بـــۆ نـــانێ لە گونـــد و تەکـــیە و مینـــبەر دەکـــا
شـــێخی خەڵکـــی قارەمـــانێکە لە شـــەڕدا نـــابەزێ
شـــێخی مـــن کـــاتی شـــەڕێ دەبێـــیە ، زەرد و تەڕ دەکـــا
مـــن ئەوەم پـــێ ســـەیرە شـــێخی مـــن لە دێـــدا هەمـــدەمی
مـــامە ســـۆفی تەمـــبەڵ و مـــل پـــان و لۆزەنـــدەر دەکـــا
ئەی خـــودا چـــۆنی بەرابەر کەم دەگەڵ شـــێخی خەڵـــک
کردنـــی ئەو کـــارە مـــن دووچـــاری دەردی ســـەر دەکـــا
بـــۆ خەلـــیفە و شـــێخە دنیـــا بـــوو بە حەشـــری نێـــرەکەر
هەر فیدایی دێت و لەو حەشرەی سەری خۆی دەر دەکا

ڕەنگە ئەوپرسیارە لە مامۆستا مەلا کەریمی ڕەحمەتـی بکـرێ کە بەڕێـز چـۆنە مەلا مـستەفای ڕەحمەتیـت بە شـێخ دانـاوە؟ هەروەهـا چۆنە ئەوکەڵە پیاوەت بە شێخی خەڵکی ناساندووە؟

لە وڵاما من دەڵـێم دانـانی مەلا مـستەفا بە شێخ هەروەک گـوتم بەو بـۆنەوەیە کە ئەوبەڕێـزە لە تـۆرەمەی شـێخە بەڕێزەکـانی بارزانی سەربەرزە وئەوەش، کە دەڵێ شێخی خەڵکی، ئەوە جگە لە

وێنێکی هۆنەرانە چی ترنییە. چونکە ئەگەربە ئی خۆی دانابا پێ هەڵگوتنەکەی هێندە خاوەن چەخەرە نەدەبوو.

سەرەڕای ئەوەش هۆنەران ئەوجۆرە وەینەیان زۆرن، شتی خەڵک بەئی خۆیان وئی خۆیان بەئی خەڵک وهەروەها خۆیان بە خەڵک و خەڵک بەخۆیان دەدانێن و هەمووشی هەربۆ رازاندنەوەی هەڵبەست و وتارە.

لاڵ بم بۆ نەتەوەی کورد

باوە لە نێو کوردەواریدا کاتێک کەسێک دەرد و بەڵایەکی بەسەرهات یان تووشی کەند وکۆسپ وگیروگرفتێک بوو یان زیان و خەسارەتێکی لێکەوت وکابرا نەیدەتوانی بۆی تێهەڵێنێتەوە ولەو بەڵایە رزگاری بکا خۆی بۆکوێروکەڕولاڵ دەکا و دەڵێ بۆی کوێر بم یان بۆی لاڵ و کەڕ بم یان بۆی نەمێنم و هتد. واتا بریا لەباتی ئەوەی کە ئەتۆ ئەو دەردەت بە سەر دەهات من ئاوا و ئاوام بە سەرهاتبا و بەڵام تۆ یان ئەوم بەو شێوە نەدیتبایە.

جا مامۆستاش کاتێک ئەو هەموو دەرد و بەڵایانە لە سەر سەری کورد دەبینێ و پێشی چارەسەر ناکرێن و بەو هەموو داد و هات و هاوار و بەو هەموو تانوت و تەشەر و بەو هەموو پێشنیار و رێنوێنی تەنانەت بە هیچ کوێیەک ناگات و یەک هەزارەمی تاسە و ئارەزووەکانیشی نایەنە جێ وەکوو ناهومێدێکی دەس لە هەموو پچکێک بڕا و دەس دەکا بە ناڵەناڵ و بە باس کردنی دەردی گرانی گەلەکەی و خۆی بۆ لاڵ دەکا و ئیتر هەر لەو کاتەشدا تانە و تەشەریان لێ دەدا و سەرکۆنەیان دەکا و دەڵێ گەلی کورد لە نێو دژمنانی تورک وفارس و عەرەبی خۆیدا وەکی ئەسپێیەک کە لە

نێوانی دوو بەرداندا هەڵکەوتبێ و وەختە بە جارێکی نیخەپەستی بکەن و بیپڵیشێننەوە و بە تەواوی جیقی دەربێنن و بە مەتەڵەی کوردی (ئەو لام تات و ئەم لام تات، وەی بابە جیقم دەرهات).

پاشان پڕ بە زاری هاوار دەکا و دەڵێ لەبەر زوڵم و زۆر و ستەمی فارس و تورک و عەرەبان کە بە هەموویان سواری شانی کوردان بوون و خەریکن دەیخنکێنن!! هەی خەڵکانی خوا و خواناسەکان! فریا کەون کوردەگەل مرد!! هاوار هاوار هاوار!!

ئەمجا بۆ خەڵکی خوا روونی دەکاتەوە کە ئەو کوردە هەژارە بۆچی وای بەسەر هاتووە و بە هۆی چی ئاوای لێهاتووە و دەڵێ چونکە ئەوەندە گەلێکی بێهەست و دەمارە کە هەر کەس هاتە سەری و داوای ئاغایەتی لە سەر کرد لەباتی ئەوەی کە مەردانە لێی راپەڕێ و بە مست گرچووی ببڕێ و بە زللە لاچاوی سوورەوە کاو بەشەق سمتی بتەزێنێ و قوونی بدڕێ، کڕنۆشی بۆ دەبا و هەرچی ئەو بیڵێ قبووڵی دەکا و دەستی بۆ بە سینگییەوە دەنێ.

سەرەڕای ئەوەش کوردەکان کاتێک کە روویان کردە تەکیە و خانەقایان کە بنکەی بەدخوازی و رێبازی ریابازی و فێڵبازی و پایەگای دژی گەلی و دژی ئایینن بە جارێک لە فێرگەو زانیاری و هەموو پێشکەوتنێک تەوەلا بوون و دوور کەوتنەوەو لە جیاتی هەموو کار و پیشە و پڕگاڵێک تەپڵ و دەف و دمبەگ و کەشکۆڵ و دەسحێب و رشتە و شۆڵ و دوگرد و وەکازیان دەس دانێ و هەموویان بوونە بە دەروێش و گەڕیدە،کە ئەوەش بە هیچ دەردێکی وان ناخوا و هیچ زامێکیان چارە ناکا و بەو جۆرە هەموو برینەکانیان تەشەنا دەبن و چڵکێ دەکەن و سەرەنجام پێیان دەمرن. ئیتر هەر بۆیەشە کە وا رەزیل و مەندەمۆر و کز و لاواز و رەنگ زەرد و بێهێزن.

پاشان دەفەرموێ وە نەبێ ئەو گەلە هەمووی هەرئاوا بێ هەست و بیرو هۆش بێ و هەمووی هەر ئاوا گەوج و گەمجە و نەزان بێ و گەلێکی خەمخۆری وەک من تا ئێستا لە تاو دەردی کوردی سەری نایەوە و ئەو ئاوات و ئامانجەی بردە ژێر گڵی.

ئەمجا ئەمە ئەگەیەنێ کە خۆی هەرچەندە وەکوو کێوی دەماوەند قایم و قۆڵ و پتەو و بەهێز و خۆڕاگرە بەڵام بەو حاڵەش هەناسەی سارد و ئاهی ناهومێدی و بێهیوایی لە دەورەی بۆتە تەمومژ و ئاسۆی هیوای لێ تاریک کردووە. هەر دەڵێی کێوی دماوەندە و مژی لێ هاڵاوە!!

پاشان باسێکی مێژوویی دەکێشێتە پێش و دەفەرموێ کە گەلی من هەمیشە هەر ئاوا نەبووە، بەڵکە لەمەو پێش گەلێکی چوست و چالاک و ئازا و ژیرو هۆشیار و مەرد و نەبەز بووە. هەموویان رێکوپێک و خاوەن باوڕ و متمانە بە یەکتر بوون و هەموویان خۆگرو خۆڕاگر و هاوڕاز و هاودەردی یەکتر بوون. جا بەتایبەتی لە دەورانی سەرداری کوردی موسڵمان سەلاحەددینی ئەییوبی هیچ گەل و هۆزێک لە دنیادا وەکوو کورد نەبووە و لە سەر کورەی زەوی هیچ نەتەوەیەک نەیتوانیوە وەکوو کورد بێتەوە و یەکەتازی مەیدانی بەزێنە (مسابقە) بێ چونکە کورد هەر ئەوک وردەیە کە لە چاخی سەلاحەدینی ئەییوبی وەک کێوی ئەلوەند و قەندیل و زاگرۆس لە بەرابەر هێرشی لافاوی جوولەکە و فەلە و گاورەکانی رۆژئاوایی و ئوروپاییدا چەقی و خۆی ڕاگرت.

ئەمجا باسی گەورەیی و گرینگی ئەو شەڕە سەختە کە ئوروپاییەکان لەگەڵ گەلی کورد بەتایبەتی و هەموو ئیسلاما بە گشتی کردیان و بە سەریان داسەپاند دەکا و دەفەرموێ:

چ گەلێک بوو کە بە درێژایی حەوت ساڵ لەگەڵ حەوت پادشای

ڕۆژئاواییدا شەڕی کرد؟ مەگەر هەر کورد نەبوو کە بە تەنیا بێئەوەی خەلیفەی ئالی عەباسیش یارمەتی بدا و تەنانەت بێئەوەی سەربازێکیشی بۆ بنێرێ لە بەرابەر ئەو حەوت دەوڵەتە گەورەدا مەردانە ڕاوەستا و هەمووشیانی بە چۆکدا هێنان. ئەدی لەو حاڵەتە تورکی... لە کوێ و فارسی... چی دەکرد و لە کوێ بوو؟!

ئەگەر ڕاستیت دەوێ دەبوایە تا ڕۆژی پەسڵان هەموو خەڵکی ئاسیا و تەواوی موسڵمانان مەمنوونی کوردان بن و سوپاسیان بکەن کە ئەو بەڵا گەورەی لە سەر لابردن و بۆ داکۆکی لە ئیسلام و موسڵمانانی جیهان و لە خاکی پاکی ئیسلام ئەوپەڕی فیداکاری و لە خۆ بوردوویی نیشان داو سەریشی پێ لە بەردی ئەلحەدێ دان و هەموویانی تێک شکاندن و بە جۆرێکی وەها تەمبێی کردن کە تا ئێستاش نێزیکەی دوای نۆسەد ساڵی نەیانوێراوە و نەیانتوانیوە کە جارێکی دیکە بیری هێرش بردنە سەر ئیسلام و موسڵمانن بکەن.

بەڵێ گورژی گوتەنی:

لە دەورانی سەلاحەددین و شێرکۆ خانی کوردیدا
هەموو دوژمن هەڵستان و بەڵام سەریان لە بەردی دا
چەلیپا و خاچ پەرەست و جوولەکە و گاور بە تێکڕایی
هەموویان هاتنە مەیدان و شکاندمانن بە ئازایی
بەڵێنیان دا لە قورئان و لە ئیسلام و موسڵمانان
نەهێڵن شوێنەوار و بنکەنە گەپجاڕی دەورانان
بە پشتیوانی یەزدان و بە هێزی یەکیەتی و ئایین
وە کارن خست چەکی باوەڕ شکاندن دژمنی تایین
هەتا یەک بووین ئاوا بووین نەبوو هاوچەشن و مانەنن
سنووری دووری ئیسلامی بە هێزی باوەڕن تەندن
زراو و نەترەیان چوو دژمنانی ئایینی یەزدان

گەلێکن یارمەتی بێ هێز و دەستان کرد وەکوو مەردان
نەیـــارانی لەخۆبـــایی وە خـــۆ کەوتـــن بە خـــۆڕایی
بە تێکـــڕا هـــاتنە مەیـــدان و شـــکاندمانن بە ئـــازایی

ئەمجا دێتە سەر ئەوە کە ئـاهو هەنـاسـە هەڵدەکێشێ بـۆ ئەوەی کە هەموو تیرە و بنەماڵەکانی کورد خەسار بـوون و هـیچ کەڵـک و بەهرەیەکیان بۆ گەلەکەی خۆیان نەبووە. چونکە ئەوەنـدە لە یەک دوور و بـێیەکیەتـین کە هەر تیـرەیەک خـۆی بە تەنیـایە و لەگەڵ ئەوانی دیکە دژ و نەیار و نـاڕێکە. جـا لە میراودەلـیڕا بگـرە هەتـا هەمەوەند و هتد. دەڵێ بەتایبەتی تەماشای تیـرەی میراودەلـی کەن کە یەکێکە لە تیرەکانی گەورەی کوردەواری و لە شـەڕی دووهەمـی جیهانیدا چۆن لە گەڵ سێ دەوڵەتی گەورە بە شەڕ هـات و چـۆنیش هەر سێکیانی بە چۆکدا هێنا و لمبۆزی پـێ ڕە زەوی خـستن و ئیـتر هەر سـێکیانی لە شـەڕدا بەزانـد و زەبـری گرچـووبڕی دا لە هەر سێکیان. یەکەم هەڵمەتی خۆی بۆ دەوڵەتی تورکان بـرد و زەبرێکـی وەهـای لێـدان کە لە شـاری ئەسـتەمبووڵ پێتخەتـی ئەو میـرییە سەرۆکی ئەو دەوڵەتە لەرزی و نەترەی چوو و بە جارێ تۆقی.

هێرشی دووهەمی خۆی بۆ دەوڵەتی ئێران بـرد و پاشـی شـەڕێکی خەست و خوێناوی ڕەزاخـان پاشـای ئێران بـۆ پـتەو کـردن و تـازە کـردنەوەی هێـزە شـپرزە بـووی خـۆی پەنـای بـردە بەر کێـوی دەماوەندو بنکەی فەرماندەری و بەڕێوەبەری کاروباری شەڕی بـردە دامێنەکـانی کێـوی سـەر دە ئاسـمان هەڵچـووی دەماوەنـد و ئیـتر هەڵمەتی سێهەمینیشی ئەوە بـوو کە هەڵمەتـی لە هێزی ئینگلیـزی داگیرکەر دا و لە دەربەندی بازیانیڕا هەتـا بەغدایە ڕەپێـی نـاو لە بەشێکی زۆری خاکی پاکی کوردستان وەدەری نـایەوە، جـا لە گەڵ

ئەوەشدا کە ئاوا ئازا و رەشید و بەهەڵمەتن، چونکە لەگەڵ یەکتر ناتەبا و ناریکن و پەیمان و بەڵێنییەکیان لە بەیندا نییە، ئەگەرچی لەبەر زۆریانیش نایەنە ئەژمار لە نێو گەلانی جیهاندا هەر سووک و چروک و رەزیل و بێقیمەت و نرخ و پوکن. پاشان روو دەکاتە خودای گەورە و لێی دەپاڕێتەوە و بە هەژاری دەستەکانی بەرز دەکاتەوە و دەس دەکا بە تکا و نزا و سکاڵای خۆی وەک مەردانی یەزدانی سەرەنجام هەر بۆ لای خوای خۆی دەباتەوە دەڵێ:

خودایە! خۆت دەزانی کە حاڵی کوردان چۆنە و کەوایە خۆت بەزەیی و روحمت پێیاندا بێ کە تەنیا بەزەیی ورەحمەتی تۆیە لە فریای هەمووکەس دێ وئیتر بیکە بە خاتری گەورەیی و خۆشەویستی هەنتەشی محەمەد و بە میهرەبانی خۆت، روحمێکیان پێ بکە بەو شێوە دەس پێ دەکا:

لاڵ بم بۆ نەتەوەی کورد

لە بەینی تورک و فارسا میللەتی کورد
وەکی ئەسپێیەکە مابەینی دوو بەرد
لە غەدری تورک و جەوری فارسی غەددار
هاوار ئەی عالەم وەڵلا کوردەگەل مرد
ئەوەند قەومێکی بێحیسس و دەمارە
ئەوەی هاتە سەری سوجدەی لەبۆ برد
کە ڕوویان کردە تەکیە و خانەقایان
تەوەللایان لە عیلم و مەدرەسان کرد
بە تەپڵ و دمبەگ و کەشکۆڵ و ریشتە
بە تەسبیح و وەکاز و شۆڵ و دووگرد

هەموویـــــان بـــوونە دەروێـــش و گەڕیـــدە
ڕەزیـــل و مەنـــدەمۆر و ڕووت و ڕەنـــگ زەرد
گەلـــێ وەک مـــن لە دەردی قەومـــی کـــوردی
ســەری خـۆی نـایە ژێـر خـاک حەســرەتەومەند
لەمەو پـێش میللەتـێ بـوون چوسـت و چـالاک
لەمەو پـــێش میللەتـــێ بـــون عاقـــڵ و مەرد
هەموویـــان ڕێکوپێـــک و مـــوعتەبەر بـــوون
هەموویـــان خـــۆگر و هەمـــڕاز و هەم دەرد
لە دەوری شــــا ســــەلاحەددینی کـــوردی
چ مـیللەت نەبـووە وەک کـوردان لە سـەر عەرد
کە هـــات بـــۆ ئاســیا لافـــاوی غەربـــی
چ قەومـــێ پێـــشی گـــرت وەک کێـــوی ئەڵوەنـــد
چ مـــیللەت بـــوو لە تـــوول و عەرزی حەو ســاڵ
لەگەڵ حەو پادشـــای غەربـــی شـــەڕی کـــرد
لە کـــوێ بـــوو تـــورکی بەد ئەفعـــال و کـــردار
لە کـــوێ بـــوو فارســـی نـــاهەموار و نـــامەرد
خەلـــیفەی مـــالخوری ئـــالی عەباســـیش
چ ئدیمـــــدادی نەدان حەتتـــــا بە یەک فەرد
هەتـــــا ڕۆژی قیـــــامەت ئاســـــیایی
دەبـا مەمنـوونی کـوران بـان وەکـی عەبـد
هەناســـەی ســـارد و ئـــاهی ناهومێـــدی
لە دەورەم بـــۆتە تەم هەروەک دەماوەنـــد
لە بەر بـــێخـــاوەنی پـــاکی خەســـار بـــوو
ئەگەر میراودەلـــی بـــوو گەر هەماوەنـــد
تەماشــــا عەشـــــرەتی میراودەلـــــی کەن

به سێ جار سەتوەتی سێ دەوڵەتی برد
له ئەووەڵ زەربەتێکی دا له تورکان
له ئەستەمبووڵەوە لەرزی خوداوەند
دووەم دەردێکی دا سەرداری ئێران
ڕەزاخان ئیلتیجای برد بۆ دەماوەند
سێهەم شەققی گەیاندە هێزی ئینگلیز
به بازێ چوونه بەغداوە له دەربەند
وەکوو میراودەلی پێنج سەد عەشیرەت
له کوردان بۆت بلێم بێ‌میسل و مانەند
وەلێ چونکه لەگەڵ یەک ناتەبانه
له بەینیاندا نییه هیچ عەهد و پەیوەند
له بەینی میللەتان سووک و ڕەزیلن
ئەگەرچی نایەنه ژێر حەدد و ژێر عەد
خودایه خۆت تەڕەحوم کەی به کوردان
به لوتفی خۆت و بۆ خاتری محەمەد

عەشرەتی میراودەلی

تیره یا عەشیرەتی میراودەلی یەکێکه له تیره و هۆزەکانی بەناوبانگی گەلی کورد، که له کۆنەوە له ناوچەی پژدەرێدا دانیشتوون. پژدەر ئێستاکه ناوچەیەکه له کوردستانی عێراقێ و ناوەندەکەی شاری قەڵادزێیه.

وشەی پژدەر له ماکا (پشتدەر)ە که پشت دەربەند بووە و مەبەستیش پشت دەربەندی ڕەمکان واتا دەربەندی پشت ڕانیەیه.

بنەمـاڵەی میراودەلـی لە ماکـا کـوردی خالیـدی، هەروەک فەیزوڵلابەگـی بـانەیی و دارەشـمانەیی هەموویـان یەک بەرەبـابن ووەک دەڵێن باپیرە گەورەی هەموویان هەر یەکە.

هێنـدێک لە پژدەرییەکـان لە مەرگەد ا نیـشتەجێ بـوونە وگۆیـا میراودەلـی و بابـانی دوو بەرەبـابن وتـۆرەمەی دوو برایـانن کە بە نێـوی میرئـاودەل (میـر عبـدالله) و فەقـێ ئەحـمەدی دارەشـمانەیی بەنێوبانگن. جا بابانییەکان لە فەقێ ئەحمەد و میراودەلییەکـانیش لە میرئاودەل پاشەکەوت بوون.

وەک دەڵێن داستانەکە ئاوا دەس پێدەکا: لە رۆژگـاری رابـردوودا دووبرا هەبوون بە نێوی کاکەمیروکاکەشێخ کە لـە هەرێمی مەرگێ دا دەژیـان وبە هـۆیەک کە بـۆئێمە روون نییە هەردووکیـان کـوژراون. خێزانـی کـاکەمیرلەو کاتیـدا دووگیـان دەبـێ و دوای ئەو ڕووداوە دەڵتەزێـنە دەچێـتە خـدرانێ کە لـە مەڵبەنـدی چنـارانی پـشتی خەلەکـانییە (ومنـیش لە سـاڵی ١٣٤٨ زسـتانەکەی بە فەقێیەتـی لە چنـاران ولە مـانگە ڕەمەزانەکەشـدا بە مەلا ڕەمەزانـی لە بـنکەی پێشمەرگەی مەلا مستەفای ڕەحمەتی لە خەلەکانێ و مە لای لقی حە وتـی هێـزی فـارس بـاوە بـووم . کـە فەرمانـدەکەی کـوڕە کوردێـک موسـڵمان بـە نیـوی گوڵـە بـاغ بـو. یـادی ئەو کـاتە بەخێـر) ئەو بێوەژنە لەوێ کوڕێکی دەبـێ و نێوی دەنـێ ئەحـمەدو، وەکـو هەر بێوەژنێکی هەژاری کورد، کوڕەکەی بە دەرد و ڕەنـج پێـدەگەیەنێ و گەورەی دەکا.

بەڵام لە پـێش گەورە بـوونی ئەحـمەد بە هەرهـۆیەک بـێ کە ئەوەش بـۆ ئـێمە نادیـارە کـە بۆچی لە خـدارنێش دەڕوا و دەچێـتە گوندی دارەشمانە کە لە حەوت میلـی رۆژهەڵاتـی شـاری قەڵادزێـیە. ئەمجا ئەحمەد دەنێرێتە نێو فەقێیان وبۆ مەلایەتـی پێـی دەخـوێنێ.

جـا لەبەرئەوەی فەقێیەکـی زۆرچـاک وزیـرەک ووریـا دەبـێ زۆر بە زوویـی نێـوی دەکـا و بە نێـوی فەقـێ ئەحـمەدی دارەشـمانەیی لە کوردستاندا نێوبانگی دەڕوا.

ئەحـمەد سـەرەڕای ئەوەش کە زۆر زانـاو دانـا و زیـرەک دەبـێ، زۆریش قارەمان و پاڵەوان و مەردێکی ڕەشید وئازا دەبێ. لە شەڕی موسڵمان و کافراندا بەشداری دەکـا و گەلێک دلێری ورەشیدی لە خۆی دەنوێنێ . خاتوو کەیغان" کچی شای فەڕەنـگ کە سـەرکردەی بەشێک لە سوپاو پاڵەوانێکی زۆر ئازا و نەبەز دەبـێ و، تـا ئێستا هـیچ یەک لە پاڵەوانەکـانی موسـڵمان نەیـوێراوەنێ و پشتیان لە عەردی نەداوە، فەقێ ئەحمەدبە ئاسانی دەیگرێ و یەخسیری دەکا و لە مەیدانی شەڕێ دەباتە دەر و دەیهەوێ بیباتەوە ماڵی خۆیان.

لەڕێـیە تووشـی شـێرێک دەبـن وبە گژیانـدا دێ، فەقـێ ئەحـمەد لەشـەڕ لەگەڵ شـێرەکە دابە سـەختی برینـدار دەبـێ و کەیغـانیش هەڵدێ و خۆی قوتاردەکا. ئەویش دوای چاک بـوونەوەی زامەکـانی بە دوای کەیغانـدا دەگەڕێـتەوە ودەیبینێـتەوە. جـا خـاتوو کەیغـان چونکە لە بنیڕا خۆی بۆکەسێک داناوە کە پێـی بـوێرێ وبتـوانێ بە سەریدا زاڵ ببێ و لە راستیـشدا شێت و شـەیدا و ئەویـنداری فەقـێ ئەحمەد ببـوو، لەگەڵـی دەگەڕێـتەوە و وێکـڕا دێـنەوە دارەشـمانە و دەس دەکەن بە ژیان وسـێ کوڕیـان دەبـن کە هەر کـامە لەوی دیکە قارەمانتر دەبێ.

یەکەمیـان بابـا سـولەیمان بـووە کە بـاپیرە گەورەی بنەمـاڵەی بابانییەکانە و زنجیرەی پادشایانی کوردی موسڵمانی بابانی لەوی پاشەکەوت بووە وهەموویان لە تۆرەمەی ئەو قارەمانەن.

دووهەمیان خـان بـود اغە کە ئەویـش بـاپیرە گەورەی بنەمـاڵەی گەورەی میراودەلییەکـــانە،ئیتر میراودەلـــی و پـــژدەری

ونورەدینییەکان هەموویان لە نەتەوەی وین. خان بداغ کوڕێکی دەبێ بە نێو میراودەل کە میراودەلییەکان لەوین لە گوندی نورەدیندا کە لە چوار میلی باشووری رۆژهەڵاتی قەڵادزێیە نیشتەجێ دەبێ. بە داخەوە کوڕەکەی دیکەی فەقێ ئەحمەد کە وەک دەڵێن موکریانییەکان لە تۆرەمەی وین بۆمان روون نەبۆوە ناوی چییە. جا هۆنەری هە ست ناسکی کورد خاڵەمینیش لەو پێیەد ا زۆر بە بێهیواییەوە تاسە دەردەبڕێ و دەڵێ:

تۆ بڵێی بۆ مە پەیا بێ مەردێک
تۆ بڵێی هەستێ لە نێو کورد کوردێک
بڵێ من کوردم و هەر کوردم ئەوێ
جگە لەو مافە هەچی بێ نەیەوێ!
تۆ بڵێی یەکدری کوشتن بەس کەن
تۆ بڵێی گوێ لە قسەی هیچ کەس کەن!
تۆ بڵێی تۆرەمە گیر خا قەڵەمێ
بەروبووی ئە و قەڵەمێ بکا هەڵەمێ
ناهومێد نین لە بەزەت ئەی خوایە
هەمی لەم شوێنە هەمیش لە دوایە

چەند چوارینە لە مامۆستاوە

مامۆستای بەڕێز و خۆشەویست هەرگیزکاری هەڵبەست هەڵبەستن وهۆنراوە هۆنینەوە نەبووە، ئەگەرد ەبینین کە ئێستا د یوانێکی ئاوا گەورەی هەیە هەموو هەرهەڵڕشتنی دەرد و کوڵ و ناڵەی دڵەو کولدوی دەرونی بریندار و پڕ لە زامیە تی و نیشان دانی هەست و هاوار و سۆزی دڵسۆزییە کە بێ ئیختیار دەری

بڕیوە. جا هەر بۆیەشە، کە هێندێک جار دەس دەکا بە هات و هاوارو داد و بێداد و هێندێک جاریش نزا وپاڕانەوە ولاڵانەوە دەس پێ دەکات و لە بەر خوای گەورەوە هەڵدەباوەشکێ و گەلێک جاریش هەڵمەت دەباتە سەر هێندێک باوی پڕوپووچ و بە هۆنراوە ئاگرینەکانی بۆمبارانیان دەکا و زۆریش وا هەیە هێرش دەباتە سەر خودی پڕوپووچ و خەراپەکە و لە بەر پێیاندا پڵچی دەکاتەوە و دەیهاڕێ.

ئامانجی مامۆستاش لە هۆنراوە هۆنینەوە تەنیا بەربەرەکانی کردنی خەرافات و پڕ و پووچ پەرستی و ئەو شتانە کە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام زیاد کراون و باوگەلی ناڕەوا ولە ناو بردنیانە. هەر بۆیەش گرینگی نەداوە بە چۆنیەنی هۆنراوە و کزی و لاوازی وشەو وتە و رستەی بەلاوە گرینگ نەبووە و بۆ ڕێکوپێک کردنی هۆنراوەکە واتا وکاکڵی مەبەستەکەی تێکنەداوە و زۆرتر گرینگی بە مانان و مەبەست داوە، نەک بە وشە و رستە تەنیا گرینگی داوە بە هێز و وزەی مانا و واتا و مەبەستی هۆنراوە کە لە راستیشدا هەموو مەبەستەکانی یەک لە یەکی بەهێزتر و جوانتر و گرینگ و گەورەترن.

جا هەر بۆیە زۆربەی هۆنراوەکانی مەسنەوین کە بۆ نووسینی مەبەستگەلی جۆراوجۆر و مێژوو داستان بەکارد ەبرێ و بە زۆری کەڵکی لەو شێوە و جۆرە هۆنراوەی وەرگرتووە. چەن بەستەیەکیشی غەزەلن و کەمێکیشی چوارینەن. جا هەر بۆ نموونە لەو چوارینەی خوارەوەدا کە لەبارەی بنەماڵەی نەقشبەندی نووسیویەتی دەفەرموێ ئەو تیرە جیا لە خەڵکەکە گۆیا نەقشین و نوقمن لە یادی خودا و لە خەڵک بێگانە و رەمەکین. لەگەڵ ئەوەی کە باراشی دەبا بۆ ئاشی بێجگە لە یادی کەرەشین هیچ شتێکی دیکەی لە دڵدا نییە و ئیتر وەک دەڵێن کابرایەک هەبوو چەند کوڕی بوون و خۆی ژنەکەی نەمابوو. هیچیشیان نەبوو ژنی پێ

بێنی. رۆژێک پێکەوە دانیشتبوون و باسی ژن هێنانیان دەکرد و سەرەنجام یەکێکیان گوتی وەرن با لە پێش هەمووماندا ژنێک بۆ باوکمان بێنین و خۆشتان دەزانن کە جگە لە گوێدرێژێک هیچی دیکەمان نییە کەوایە با ئەوی بۆ باوکمان بە ژن بدەین.

بەڵێ زۆر، یان کەمی پێچووکارەکە نەکرا ولە دواییدا هەر کە کوڕەکان بە بێدەنگی دادەنیشتن باوکیان دەیگوت ئەرێ رۆڵە بۆچی قسەیەکی ناکەن. هەرکە دەیانگوت بابە باسی چی بکەین؟ دەیگوت باسی کەرەشینێ بکەن!!

تومەز ئەو جگە لە یادی کەرەشینێ پتر لە دڵیدا نەبوو، هەردەیکوت باسی کەرە شینێ بکەن.

جا مامۆستاش دەفەرموێ هەرچەندە کە بەو باراشی دەبا بۆئاشی ودەبوو لە بیری ئاش لێ کردندا بێ بەڵام بێجگە لە یادی کەرەشین هیچی دیکەی لە دڵدا نییە وئەوبەرێزە هەر لە یادی کاری خۆیەتی و بیری خەڵکی لە دڵدا نییە کە بەو جۆرە دەڵێ:

ئەم تایفە مومتازە کە گۆیا نەقشین
موستەغرەقی یادی خودا و لە عالەم وەحشین
با وجوودی کە باراشی دەبا بۆ ئاشی
هیچ شتی لە دڵدا نییە غەیری کەرەشین

ئەمجا لەو چوارینەیدا گاڵتە بە یەکێک لە شێخەکان دەکا و دەڵێ ئەو هەنتەشە و ئەو جەنابە ئەگەرچی کەڕاماتی وی وەک سەگ دەوەڕێ ئیتر دەنگ و باسی کەرامات کەی مەڵبەندی پڕ کردووە بەڵام هەرکە نان وپیوازی لێ بڕا لە تاوان نێزیکە رەگی جەرگی ببڕێ و ئەو بێچارە ئەوەندەی ماڵ خۆش دەوێ و ئەوەندەی خوارن مەبەستە کە بۆ مستێک بروێش هەر دەگەڕێ کە بەو شێوە دەفەرموێ:

ئەو حەزرەتە وەک نــــان و پیــــازی دەبــــڕێ
نێــزیکە لە تــــاوان ڕەگـــی جەرگـــی بیــڕێ
هەرچەنـــدە کەرامـــاتی وەکـــوو ســەگ دەوەڕێ
بێچـــــارە لە بـــــۆ مـــــستێ بڕوێـــشی دەگەڕێ

ئەمجا لەو چوارینەدا هەڵمەتێکی قارەمانانە دەباتە سەر بیر و باوەڕی پەست و چەپەڵ و ناڕەوای مەسیحی و هێندێک لە وشکە موسڵمانەکان کە هەنتەشی عیسایان کرووە بە خوایەک و خوای گەورەیان بە جارێک فەرامۆش کردووە و لە بیریان بردۆتەوە. دەفەرموێ سازکەری زەمین و ئاسمان عیسایە. بە خوا ئەو قسە قسەیەکی بێمانا و واتایە و پیاوی زانا و دانا شتی وا بێمانا و واتا و پووچ و هەڵە وچەوت وناڕەوا ناڵێ وهەرکەس کە هۆش و گۆشێکی هەبێ لە شتیوا بە دوورە،ئاخر ئەو کەسەی کە زانا و دانا بێ چۆن شتی وا دەڵێ! کە دەفەرموێ:

خـــــالقی عەرز و ســـــــەما عیــــــسایە
بەخـــــودا ئەو قـــــسە زۆر بـــــێمەعنـــــایە
کەســــــەکی هۆشــــــی هەبـــــێ وا نـــــاڵێ
چـــــۆن دەڵـــــێ وایە ئەوەی دانـــــایە

بەزمی خانەقا و تەکیە

هۆنراوەکانی مامۆستا ئەوەندە سادە و ساکارن کە هەموو خوێندەوارێکیش بە ئاسانی لێیان حاڵی دەبێ و تێیان دەگا، چونکە ئەو بەڕێزە بە زمانی خەڵکی نەخوێندەوار و هەژاری کوردەواری

هۆنیونیەوە و ئیتر هیچ وەک هۆنراوەی هێندێک لە هۆنەرانی دیکە چیستان و چڵتوێ و مەتەڵۆکە نین بەڵکە مەبەستگەلێکی جوان و روون و رووک و بێتویکڵی ئایینی و نەتەوایەتین و بۆمباران و دەسرێژێکی رامیاری لە سەر سەری مڵۆزم و ملهوڕ و کەڵەگایەکانی کۆمەڵی کوردەوارین و هیچ پێویستیان بە تویژکاری و شی کردنەوەو ڕاڤەدان نییە،رەنگە هەموو کەس لە مانا و واتا و ناوەرۆکەکەیان بە چاکی تێبگات و هەر لەو کاتەشدا هەر هۆنراوەیەکی دەلاقێکە ڕوو بە دنیایەک کراوەتەوە و لە هەر بەستەو چەکامەیەکیشیدا ئەگەر ورد سرنجی بدەینێ لایەنێکی بەرزو بێوێنەی ئەو کەڵە پیاوەمان بۆ دەردەکەوێ و ئاگاداری و زیرەکی و هۆشیاری و لێزانی و هۆزانی ویمان بۆ روون دەبێتەوە و دەزانین کە چ ئەندازە دڵسۆزی ئیسلام و گەلی کورد بووە.

ئەوەتا دەبینین، کە لە پارچە هۆنراوەی بەزمی خانەقا و تەکیەدا شێرانە و ئازایانە و نەترسانە هەڵدەکوتێتە سەر ئەو بەرنامە خەراپە و ئەو باوە بێبایەخە و هاوار دەکاتە خەڵک و دەڵێ دەس هەڵگرن و واز لەم دژمنەی خۆتان کە نایناسن و گورگە لە پێستی مەڕدایە، یان دژمن و نەیارێکی وایە، کە جلوبەرگی براکەتانی لە بەر خۆی کردووە و داخەکەم ئێوەش زۆر ناوربا و ناهۆشیارن و بۆتان لێک جیا ناکرێنەوە بهێنن و چیدیکە روو مەکەنە نەیاری خۆتان و ئایینەکەتان. هەروەها ئەم خانەقا و تەکیە کە لە ماکا کەڵەی مزگەوت و فێرگەی ئایینین، وەلا نێن و بەس مزگەوتەکان چۆڵ کەن و ئەوان ئاوەدان کەنەوە.

هەروەها دەڵێ بۆ خاتری خودا بەسیەتی، تا کەنگی ئێوە وە دوای ئەو شتە پڕوپووچانە دەکەون و ئەو بەزمە چییە و کەنگێ

تەکیە و خانەقا لە بەرنامەی دیندا هەبووە و ئاخر لە کوێی قورئانێدا ئاماژەی بۆ کراوە؟

خۆهەروەک شێخ کەڵەی دینە، تەکیەش کەڵەی مزگەوتە و تەنیاو تەنیا بۆ لێک بڵاو کردن و پەرت و پەرێشان کردنی موسڵمانان ساز کراوە و وێنە و نموونەشی هەمان مزگەوتی"زیان"ە کە بە دەستووری ئەبوعامیری دووڕوو و هاودەستەکانی دووڕوو و بێئابڕووی وی بۆ کۆبوونەوەی خۆیان و بۆ بۆسە و کەمین دانان بۆ پێغەمبەرﷺ و پەرت و پەرێشان کردنی موسڵمانان و پەرە پێدانی کافریەتی دروستیان کرد.

ئەمجا مامۆستا بەوەشەوە ڕاناوەستێ و هەڵمەتێکی توند و شێرانە دەباتە سەر خودی خاوەن خانەقا و سازکەری تەکیە و ڕووی تێدەکا و پێی دەڵێ ئەی شێخ ئەفەندی بەس ئاوا ئەو خەڵکە هەژارە بچەوسێنەوە و لە خوا بترسە خۆ خەڵکی ماڵوێران چ حاڵێکی نەما و هەموو شتێکی لە دەس دا. تۆ کە دوژمنی ناڕاستەوخۆی و ستوونی پێنجەمی لە لایەک و دژمنانی ڕاستەوخۆش لە لایەک و ئیتر بە هەمووتان وەک ڕەوە گورگ دەمتان لە لاشەی ئەو گەلە هەژارە ناوە!!

گەلێ کەس ماڵی دا بە تۆ و خۆشی ئەوا لە برسان پشتی دەشکێ بەوحاڵەش ئاگایەکت لێی نییەو لێی بێهەواڵی و بەزەییت بەماڵ و منداڵیدا نایەت و لەبەر نەداری ژنەکەی دەربەدەر بوو و ماڵ و منداڵی بەجێ هێشت و چووە بۆتە قەرەواش و کارکەری ماڵان و لە ڕۆخی ڕەشماڵان و لە لاپانگی تاوڵاندا بە هەژاری و نەداری سەری ناهومێدی نایە سەر زەمینی ڕەش، بەڵام تۆ هەر لێشت نەپرسی ئەو بۆ تۆ ئاوا بوو تۆش بۆ وی ئاوای!!جا تو خوا ئەوەش ئایین و ویژدانە، یا ئەوەیە مرۆڤایەتی و مەردانەگی تۆ؟

هەروەها پێی دەڵێ بەدبەخت ئەو هەژارە کە مریدی تۆیە و سەمەندۆک کراو و لەغاو کراوی خۆتە گیانی شیرینی خۆی دا و بەختی کرد بۆ مستە ئاردێک، بەڵام تۆ بەهەشتی خوا دەفرۆشی بە زەمین و باغ و ئیتر تۆ زۆر لەڕێی خوا دووری و خوا هەر ناناسی و لەبەر هەڕەیی و غلوور بوونت ترسی خوات نییەو دەک وەبەر رق و قینی خوا بکەوی تۆ کە دۆستی خوای چۆن دەبێ وا بی؟! چۆن دۆستی خوا ئاوا لە خوا نەترس و بێئاگایە لە خوا؟ تۆ کە پێت وایە دۆستی خودای و تکاکاری ڕۆژی پەسڵان و فەرمانڕەوای ئەوکاتی چما بۆ خۆت دەچێتە بەهەشتێ؟ تاکوو بیفرۆشی و بە زەمین و باخ و پووڵی بدەی؟ دەک جەنابی شێخ، ڕووت ڕەش بێ بۆ ڕەوش و ڕەفتار و بۆ کردەوە و ئاکارت.

هەروەها پێی دەڵێ تۆ چۆن لە سزای خوا ئەمینی و چۆن پێت وایە کە سزات نادا؟ دەک بەڵای خودا لێت دا. خوا ئاگاداری هەموو دیار و نادیار و هەموو راز و ئاشکارێکتە و دەزانێ دووڕوویی و باوەڕداری تۆ تا چ رادە و ئەندازەیەکە.

ئەمجا هیچ چاری نامێنێ چونکە دەزانێ هەر بە قسەی ناکا و ئامۆژگاری بۆ ئەو جۆرە کەسانە گوێز دە دیواری هەڵاویشتنە بۆ دوامین جار رووی تێدەکا و دەفەرموێ: تۆ بەو هەموو درۆ و دەلەسە و فێڵ و فووت و ئیفتیرایەت ئەی درۆزنی ڕووڕەش لە ڕۆژی سزا و ژمارەدا چۆن رزگارت دەبێ؟!

بێگومان دیارە لە ناو کڵی دۆزەخدا دەتسووتێنن و خەز و بەزت لە ئەندام هەڵدەچزێنن و ئیتر دەستی خۆت لە خەفەتان دەگەزێ و پەنجەکانی خۆت ڕادەنووسێی و خۆزگە و ئاوات و بریا دەخوازی و دەڵێی بۆ وام کرد و وەبەر فەرموودی خوا کە دەفەرموێ (یوم یعض

الظالم علی یدیه فیقول یا لیتنی اتخذت مع الرسول سبیلا یا لیتنی لم اتخذ فلانا خلیلا) دەکەوی.

ئەو ڕۆژە ڕۆژێکە کە ستەمکار بە دەستی خۆی رادەنووسێ و لە داخ و خەفەتان وەختە بتەقێ و دەڵێ سەد خۆزگە لەگەڵ پێغەمبەری ڕێگەم گرتبایە،ئەی بریا فیسارە کەسم بە دۆست و دڵسۆزی خۆم دانەنابایە و پەیڕەویم لێ نەکردبایە کە بە راستی ڕێی راستی لێ ون کردم و ئیتر ئەوان کە (اضلوا کثیرا و ضلوا عن سوا السبیل) زۆریان گومڕا کردن و خۆشیان ڕێگەی راستیان ون کرد.

بەڕاستی مامۆستای کۆیی مەلایەکی هەڵکەوتوو و تایبەتی وا بووە، کە خیرەت و پیاوەتی ئەوەی هەبووە هەرچی لەدڵیدا بێ بیڵێ و زانیاری خۆی نەشاریتەوە و وەک هێندێک کۆلکە مەلای بێئایین و دینفرۆش و خۆدۆڕێن نەبووە. راستی لە کەس نەشاردۆتەوە و شێرانە هەڵیکوتاوەتە سەر هەموو جۆرە خەراپکاری و پڕوپووچ پەرستییەک و فێڵ و تەڵەکە و تەپکە و داوی خوێڕیە شێخ و گەندەڵە مەلاکانی دەرخستووە و رووی کردووە و زۆر جارانیش رووی لە یەکی تایبەت و دیار کردووە و بە هۆنراوە جوان و رووەکانی خۆی کابرای وەها سەنگەسار کردووە کە لەبەر چاوی گشتی یا لانی کە لەبەر چاوی پسپۆڕانی گەلی خستووە.

ئەوەتا دەبینین، کە لە بەزمی خانەقا و تەکیەدا لە هەوەڵەوە خوا دێنێتە تکایە و دەڵێ بۆ خاتری خودا بەسە ئەو داب و نەریتە نامووسڵمانانەیە و ئەو باوە بێبایەخە و ئەمجا روو لە شێخ ئەفەندی دەکا و چەندین قسەی توند و هەق و ڕەقی پێ دەڵێ کە ئا بەو جۆرە دەفەرموێ:

بەزمی خانەقا و تەکیە

بەسیە بۆ خاتری خوا بەسیە — تا بە کەی بەزمی خانەقا و تەکیە
شێخە فەندی بترسە لە خوا — میللەتی قوڕ بە سەر چ حالی نەما

گەلێ کەس ماڵی خۆی هیبەی تۆ کرد — عاقیبەت خۆڵ بە سەر لە برسا مرد
روحمەکت قەت نەکرد بە منداڵی — خەبەرێکت نەبوو لە ئەحواڵی
هەر ئەوەندەت ناسی کە بە دەستی پڕ — هاتە لات و ئیتر چی تر گیرفان‌بڕ
ژنەکەی دەربەدەر بوو چەند ساڵان — تاکو فەوتا لە ڕۆخی ڕەشماڵان

تۆ بەهەشتت فرۆشت بە بستێ عارد — ئەو ئەوا روحی دا بە مستێ ئارد
تۆ لە ڕێگای خودا گەلێ دووری — خۆفی خوات هیچ نییە لە مەغروری
دەکو قەهری خوات بە سەردا بێ — چۆن وەلی خوا دەبێ وا بێ
وا دەزانی کە تۆ وەلی خودای — هەم شەفیع و (مطاعی) رۆژی جەزای
تۆ لە بۆ خۆت چما دەچیتە ئیرەم — تاکوو بیدەی بە عەرد و دار و درەم
چۆن ئەمینی لە مەکر و کەیدی خودا — دەکو یا شێخ بەلای خوات لێدا
خوا خەبیرە بە سیرڕ و ئیعلانت — خوا دەزانی نیفاق و ئیمانت
بەم هەمووو ئیفتیرایە ئەی کەزاب — کو نەجاتت دەبی لە ڕۆژی حیساب

جا ئا لێرەدا ئەگەرچی جارێکی دیکە بەستەی هۆنراوەی خانەقاو تەکیە بخوێنرێتەوە زۆر بە جێیە، هەم هی مامۆستا و هەم هی من.

روون کردنەوەیەک لە سەر مزگەوتی زیان

ئەوەش باسی وەدیهێنەر و چۆنیەتی وەدیهاتنی مزگەوتی زیان (مسجد الضرار) و هەروەها داستانی ئەو رووداوە کە لە قورئانی پیرۆزدا بە روونی باسی لێ کراوە کە بێ گومان ئەو تەکیە و خانەقایانە هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ ویدا نییە.

لە دەورانی پێغەمبەری مەزنداﷺ دووڕووەکانی مەدینە گەلێکیان کارشکێنی و خەراپکاری دەکرد و تەنانەت گەیشتنە ئەو جێیە کە بوختان بە بنەماڵەی پێغەمبەری بکەن و شتی ناڕەوا بۆ خاوخێزانی ئەو ساز بکەن دەیان شتی تریش کە هێندێک لەوانەیە مەسەلەی مزگەوتی زیان کە بەو جۆرەی خوارەوە بوو:

دوازدە کەس لە دووڕووەکان بە بەهانەی ئەوەی کە ماڵیان لە مزگەوتی قوبایە دوورە و شەوانەش تاریکە، یان زۆر جارانیش وا هەیە، کە باران دەبارێ و ناتوانن بگەنە مزگەوتی قوبایە ویستیان بە نێوی مزگەوت جێگەیەک بۆ کۆبوونەوەکانی خۆیان ساز بکەن تا لەوێدا کۆ ببنەوەو نامەکانی ئەبوعامیری راهیب بخوێننەوە، بەکورتی وەک خوای گەورە دەفەرموێ بۆزیان گەیاندن بە موسڵمانان و بۆ ئەوەی بیکەنە بنکەی بڵاو کردنەوەی کوفر و دووڕوویی و ئاژاوە لە نێو موسڵماناندا و بۆ لێک بڵاو کردنی موسڵمانان و پەرتەوازە پێ کردنی باوەڕداران، هەروەها بۆ بۆسە نانەوە بۆ پێغەمبەری خۆشەویستﷺ تا بەو جۆرە بتوانن لە بەینی بەرن.

ئەبوعامیر کەسێکی زۆر زیرەک و وریا و دووڕوویەکی رامیار بوو پێش هاتنی پێغەمبەر بۆ مەدینە بڕیار بوو ببێتە گەورەی هۆزی خەزرەج بەڵام بە هاتنی ئەو بەڕێزە مەسەلەی وی بە یەکجاری فەرامۆش کرا. هەر بۆیە بوو بە گەورەترین دژمنی پێغەمبەرﷺ هەمیشە دەیگوت هەرکەس شەڕ لەگەڵ محەمەد بکا دۆستی منە و بە تەواوی هێزو وزەی خۆم یارمەتی دەدەم. ئەو ناپاکە لە شەڕی حونەین بە هاوکاری کافرەکان لەگەڵ پێغەمبەرﷺ و یارانی بەشەڕ دەهات بۆیە خودا دەفەرموێ: (و ارصادا لمن حارب الله من قبل) جا کاتێ کە کافرەکان تێکشکێنران ئەو هەڵات بۆ شامێ و لەوێڕا نامەو پەیامی دەناردەوە بۆ دووڕووەکانی مەدینە و پێی رادەگەیاندن کە هەرچەندی بۆیان دەلوێ و لە دەستیان دێ چەک و چۆڵە و هێزو شەڕکەڕ کۆوەکەن و نووسیبووی منیش دەچمەلای قەیسەری رۆمێ و بە سوپایەکی گەورەوە دەگەڕێمەوە بۆ لاتان و ئەوجا محەمەد و یارانی بە یەکجاری لە شاری مەدینە دەردەکەین یان هەموویان لە ناو دەبەین.

جا بەو دەستوورە دوو ڕووەکان کەمینگایەکیان بە نێوی مزگەوت ساز کرد و کاتێ کە لە خۆ بوونەوە، چوونە خزمەت پێغەمبەرﷺلە حاڵێکدا ئەو بەڕێزە ئامادەی سەفەر بوو و خۆی ئامادە دەکرد کە بچێ بۆ خەزای تەبووکێ. داوایان لێ کرد کە بێت و بۆ پیرۆزی نوێژی تێدا بکا و هەر بە دەستی خۆشی دەرکی بکاتەوە (ئیفتیتاحی بکات) بەڵام پێغەمبەرﷺ فەرمووی (نحن الان علی جناح سفر ان رجعنا انشاء الله تعالی) ئێمە ئێستا لە سەر سەفەرین ئەگەر گەڕاینەوە کە خوا بیهەوێ.

پێغەمبەرﷺو یارانی چوونە غەزای تەبووکێ و بۆ شەڕ لەگەڵ دەوڵەتی رۆمێ و دوای ئەوە پتر لە مانگێک لە سنووری وڵاتی رۆم

هـۆردووی لێـدا و کەس نەیـوێرا بەرەو رووی بکـۆخێ گەڕایەوە پاشـان بە سـەرکەوتنەوە گەڕایەوە یەک رۆژ پـێش ئەوەی بگـاتەوە مەدینە خوای گەورە نیگای بۆ نـارد و ئەو ئایەتـانەی ژمـارە ١٠٧ و ١٠٨ و ١٠٩ی بـۆ نـاردن و فەرمـانی پێدا کە نەچـیە مزگەوتـی زیـان چونکە ئەوە داو و تەڵەیە، یان تەپکەیەکە بۆوی دانراوە.

جا هەر بۆیە پێغەمبەرﷺ ناردی کە ئەو بە ناو مـزگەوتە تێکدرا و هەڵیانوەشـــاندەوە و بەردی بناغەیـــان دەرهێنـــا و دار و پەردووەکەشیان سووتاند و ئاوریان تێبەردان.

جـا بەڕاسـتی تەکـیە و خانەگاکـانی ئەورۆ هەموویـان هەر لە چەشنی ئەو مزگەوتی زیانن و هیچ جیاوازییەکیان نییە.

بەڕێز عەللامەی نەوئەنـدیش لە تەفـسیرە جـوانەکەی خۆیـدا لە جلدی ١ لاپەڕەی ٤٨٧دا دەفەرموێ: (اتفاقا در زمان مـا اکثـر مـساجد موجب تفرقە و ترویج کفر و شرک و نشر مطالب ضد قرآنی است و سـنگری شـدە بـرای منـافقین، ماننـد خانقاهـا کە غیـر خـدا را میخوانند و آن را مکانی برای حزبی قرار دادەاند).

ناهومێدی

مامۆسـتای هێـژا و زانـا کە تەماشـا دەکـا گەلـی کـورد گەلێکـی هەژارو لێقەوماوە و لەسـەر ئەو حاڵەشڕا لە نێوان سێ دەوڵەتـی گەورەدا دابەش کـــراوە و گەلێکـــی هەژاری نەداری ناهۆشـــیاری بێیەکیەتـی نەخوێنـدەواری بێدڵـسۆزە و کوردەکـانیش زەبـوون و بێدەسەڵات و رووت و قووتن و بیـری داهاتووشـیان هەر نـیـە و بە تەواوی بێبیر و هۆشن و هەر دەڵێی مردوون و بە خاکی بێهێزی و

چـــیلازی و زۆنــگ و چــاڵی رەشــدا رۆچــوون و ســەرۆکەکانیان بـێزانیـاری و نەزانـن و لەگەڵ ئەوەشدا دز و فێڵبـاز و بـێشـەرم و حەیـا و شـوورەیین و هـیچ نـازانن و کەوتـوونەتە داوی بێگـانە و بێگـانە پەرەسـتی و گەل و هـۆز و زێـدی خۆیـان نەک هەر لە بیـر نەماوە بەڵکە بە هەرزانیش دەیانفرۆشن!!

ئەوە لە لایەک، لە لایەکی دیکەش شێخەکانیان کە دژمنی گەل و دۆسـتی بێگـانەن و لە رێبـازی گەل و نیـشتمان فرۆشیـشدا گەلێـک لێزان و هۆشیارن و بە فێڵ و مەکران وەک رێوی وان و بە جـۆرێکی وەها خەڵکی کەر دەکەن کە خەڵک وا دەزانن ئەوە دڵسۆزییە بۆیـان ئەنجـام دەدەن، لە مەرجێکـا کە نە بوونەکەیـان پێویـستە و نە بەرنامەکەیـان بەشـێکە لە ئـایینی پیـرۆزی ئیـسلام و بەڵـکە بە پـــێچەوانە دروســـت دژ و نەیـــاری ئەو ئـــایینە پـــاک و پێشکەوتنخوازانەیە وەک من لەو چوارینەدا گوتوومە:

ئەرێ هـــۆ کـــوردە تـــۆ بـــۆچ وا نەزانـــی
کلکـــی بێگـــانە بـــۆ بە خـــوا ئەزانـــی
ئەوان پەروەردەی دەســـــتی نەیـــــارن
مەچـــۆ لایـــان دەنـــا تـــۆش هەر لەوانـــی

ناهومێدی دەردەبڕێو بێهیوایانە دەیدرکێنێ کە چەنـدە لەو گەلە گەورە ناهومێد و بێهیوایە و دەڵێ پێم وا نییە و بـاوەڕ نـاکەم کە هەتا چەندی دیکەش رابەرێکی دڵسۆز و هۆشیار و زیـرەک و پیتـۆڵ بۆو گەلە پەیدا ببێ و بتوانێ لەو چـاڵی رەشـی زۆنگـی بەدبەختـی دەریـانبێنێ و دەستیان بگرێ و لە هەورازی ژیـان سـەریان بخـا و بیانباتە ناو بەهەشتی رزگاری.

مامۆستای دووربین و پسپۆڕمان چاک دەزانێ کە مەرجی سەرکەوتن و پێگەیین رابەری دڵسۆز و زانا و یەکیەتی و برایەتییە لە گەڵ نەبوونی کرمی نێوخۆ کە بە داخەوە کوردی هەژار هیچیانی نین و بەڵکە هەموو لەگەڵ یەکتر دڵ پیس و لە یەکتر لە فێڵ و دابەش دابەش کراو و بێبەخت و هەژار و رەزیل و بێدەسەڵاتن.

سەرەڕای ئەوەش خۆ هەر خاوەنی ماڵی خۆشیان نین و نۆکەر و کاسەلێسی خەڵکین وڵاتی کوردستان لەنێوان سێ دەوڵەتی تورکیاو عێراق و ئێراندا دابەش کراوە.

راستی ئەگەر مامۆستا لەو چاخی ئێمەدا ژیابایە و بە چاوی خۆی دیتبای کە چۆن کوردستان کراوەتە گۆشتی قوربانی و بە پێنج بەش دابەش کراوە و هەر کەسیش بەشە کوردی بەرکەوتووە وا خەریکە بە ئاوری بێبەزەیی و ستەم دەیبرژێنێ و بە ئەوپەڕی دڵڕەقییەوە دەیچەوسێنێتەوە دەبوو چی کردبا و چ داد و هاوارێکی دەس پێ کردبایە؟

جا کەوایە جێی خۆیەتی کە پەیامێکی گیانی بۆ بەرێ بکەین و پێی بڵێین هۆ مامۆستای دڵسۆزم ـ دڵسۆزی گەل و هۆزم ئەی چرای نیشتمانم ـ تۆ جەرگت کرا بە سێ بەش ـ ئاوا پۆشیت بەرگی رەش ـ کرا بە سێ بەش کوردستان ـ هاوارت گەیشتە ئاسمان ـ بەڵام ئەی مامۆستا گیان ـ من کرا بە پێنج لەت دڵم ـ هیچ وەکوو تۆش ناکوڵم!! تۆ لە جێی من بای چت دەکرد؟! ژیانت چۆن دەبردە سەر؟ بە خوا رەنگە مامۆستا گیان هاوارت گەیبایە ئاسمان فریشتەشت حاڵی کردبان لە دەردی گرانی کوردان!

لێرەدا جێی خۆیەتی پیاو ئەو پارچە هەڵبەستەی مامۆستا ئاوارەی بیر بێتەوە کە بە نێوی پەپوو نووسیویەتی و پەپووسلێمانکە دەدوێنێ وهێندێک لە دەرد و رەنجەکانی خۆی

بۆباس دەکاولە ئاکامد ا سەرکۆنە ی د ەکا و دەڵێ:

پەپـــوو گیـــان ئەمـــن بەو هەمـــوو حـــاڵە
وەکـــوو تـــۆ نـــاکەم گریـــان و نـــاڵە
مـــن لە جێـــی تـــۆ بـــم خـــۆم پـــێ پاشـــایە
ئێـــــرە ناخۆشـــــە دەچـــــمە بەغـــــدایە

ئەوجار دێتە سەر باسی پاشماوەی دەوڵەتی بابان و شیرکەتی بەینی کورد و عەرەبان و هەبوونی چەند کەسێک لە وەزیر و گزیر و نوێنەری کوردان لە نێو عەرەباندا کە هیچیان ئی کورد نین و بۆ کورد نین و موختار جاف گوتەنی:

ئەو قەرار و مەجلیسەی وا خەڵک ئەڵێن بۆ کورد ئەبێ
هەر قسەی رووتە وقسەش ناچێتە ناو گیرفانەوە

بەڵکە هەرنۆکەرو بەکرێ گیراوی ئەملاولایانن وسەرەڕای ئەوەش بەدسروشت و بێشێواز دارەدەستی خەڵک و زمان بەستراو و بێزیپک و زاکونن و لە مافی کورد ناپرسن و ئەوەی لە بیریان نەبێ و لێی بێباک بن هەر کورد و مافی کورد بەشی کوردستانە.

دوایە دەڵێ جا بە تەمای ئەوانە قوڕ بە سەر هۆزی کورد ئەوانە وەزیری چی و نوێنەری چین و چەند دوورە؟! خۆ هەموو خاک و ئاومان لە دەس دەرهێنرا و چمان بە دەستەوە نەما و ماڵوێران بووین و خاک و ئاومان داگیر کراو نیشتمانمان شڕ کرا و دەوڵەت و میریمان تێکوپەکان درا.

جا بە دەردی بۆخۆی دەفەرموێ: بۆخۆت ئەوا دەبینی دژمن عەرزت دەکێڵێ پاشی چەند ساڵێکی دی هیچت بە دەس ناهێڵێ.

مەحوی لەو بارەوە دەفەرموێ:

گەر حەسادەت مانیعی ئەو قەومە نەبوایە، بەبان
دەوڵەتێ سەربەخۆ، ئاساری هێشتا دیارە کورد

ناومان لە نێو ناواندا نەما ئەو دەوڵەتە گەورە و بەهێزەی بابان ئێستا چووک کراوەتەوە و هاتۆتە سەر ئەوە کە چەند وەزیر و نوێنەرێکی بە نێوی بێنێوەرۆک ئەویش نەک لە ناو وڵات و زێدی کوردستاندا بەڵکە لە دەرەوەی کوردستان هەیە و بەس.
جا لە سەر ئەو حاڵەشڕا و بەو هەمو بەدبەختی و ماڵوێرانی و لێقەوماوی یەوە جەنابی شێخ دەگەڕێ بە تەپڵ و دمبەگ و زەرگ و رشتە خەڵک بانگ دەکا بۆ تۆبە و بانگیان دەکا بۆ رێبازی کەربازاڕی و مێشک و دڵیان تاڵان دەکا و ناهێڵێ بیر لە حاڵی خۆیان وەکەن، بەڕاستی جەنابی شێخ و دارودەستەکەی ستوونی پێنجەمی سوپای دژمنن لە نێو گەلی هەژار و لێقەوماوی کورددا و بەڕاستی ئەوان دژمنێکی زۆر خەتەرناکن! بەڵام خەڵکی نەزان نازانێ!! بە نێوی دین و ئایین وەهایان فریو داوە کە هەر لە دینیشیان لا داوە.

شێخ دڵی پڕ ئاگرەو وەکوو سۆبە گەرمە، بەڵام ئاگری بێدینی و خوا نەناسی و بێگانە پەرەستی، ئاگری فێڵ و تەڵەکە و خەڵک بۆ دژمن خەڵەتاندن و بە درۆ نزا کردن و دەس بە سەر نەزاناندا هێنان.
جا تۆ خوا وەرە کولاوی دانێ و سڵاوی لێ بکە!! وەرە ئەو کەرەی لەو قوڕەی دەربێنەوە، نەخۆشی هەژار سکی دێشێ دەستی رە پشتێ دەخەن. کابرا برسیەتی و ئاوی بە گەروویدا دەکەن، بە دەردی مامۆستا خۆی گوتەنی سەیرێ ئەوێ سەیرانێ!!

ناهومێدی

بەتەما نیم کە میللەتی کوردی
لە سەر ئەم عەرزە پاشی چەندی دی
کەسەکی وا بێتە ساحەبی وان
خاوەنی ئیعتیبار و ئاوی روو و ئیمان
وەک تەفەککور دەکەم لە فیکری وان
هەر لە کۆوە هەتاکوو مووش و وان
بە تەمامی ئەڵێی هەموو مردوون
پاک لە خاکی مەزەللەتا رۆچوون
هەموو بەدخوا ە و دژمنی یەکدین
با وجوودێ کە قەومێکن یەکدین
روئەسایان بە کوللی بێعیلمن
د ز و قولابی و بێحەیا و شەرمن
عولەماکانیان دەڵێی کێوین
شێخەکانیان بە حیلە وەک رێوین
پاک لەگەڵ یەکتری بە دڵ پیسن
بە فڕ و فێڵ و کەید و تەلبیسن
عوسمانی و عرووس دەوڵەتی ئێران
دابەشیان کردووە وڵاتی کوردان
کوردی بێتالع هەژار و رەزیل
دەربەدەر بوون، سەقیل و خوار و زەلیل
ساحەبی ملک و ماڵی خۆ نینە

قـــــورِ بە ســـــەر کاســــــە لێـــــسی خەڵکیــــنە
گەرچـــــــی ئەمـــــرۆ لە خیتـــــــەی بابـــــــان
شـــــــیرکەتێکیان هەیە لە گەڵ عەرەبـــــــان
چەنــــــد کەســــێکیش بە نـــاوی کوردســــتان
لە وەزیــــــــــر و لە نائیــــــــب و ئەعیـــــــان
بەعزەکـــــی فــــورس و بەعزەکـــــی تـــورکن
بەعزەکـــــی جـــــاو فرۆشــــی زۆر چڵکـــــن
بەعزەکــــــی بـــــێ کەڵاش و بـــــێ زافـــــن
وەکـــــــوو دەعبایەکـــــــانی پـــــاش قـــــافن
هەموویــــــان داربەدەســــــت و بەســـــتەزمان
قــــــورِ بەســــــەر قەوم و قیــــــل کوردســــتان
نـــــائیبی چـــــی و وەزیـــــر چـــــی! هەیهـــات
ئـــــاو و عەردیـــــان گـــــش لە دەس دەرهـــات
لە ســـــەر ئەم زیلــــــلەتەش جەنـــابی شـــێخ
دەگەڕێـــــتن بە تەپــــڵ و دمـــــبەگ و مـــێخ
دەعـــــــوەتی خەڵقـــــــی ئەکـــــا بـــــۆ تـــــۆبە
دڵـــــــی پـــــــڕ ئـــــاگرە وەک ســـــــۆبە
پیـــــرەژن دێـــــتە پـــــێش بە خـــــۆ و هـــێلکە
دەڵـــــێ یـــــا شـــــێخ چـــــاویکم لـــــێ کە
مـــــن ئومێــــــدم بە هیممەتـــــی شـــــێخە
جـــــا فیـــــدا ت بـــــم دەســـــتەکم ڕێـــــخە

زەکات بۆ ئاغاوات

مامۆستای بەڕێز هەمیشە ویستوویەتی کە مەلاکان ئازاد و سەربەخۆ بن و هەرگیز فتوای ناڕەوا نەدەن و دەوڵەمەند و ئاغا و دەرەبەگ و خاوەن زۆرەکان شوێنەواری پێچەوانە و نابەجێیان لە سەر دانەنێن و نەتوانن بیانکەنە بەندە و کۆیلە و گوێ لە مستی خۆیان.

ئەوەی خوا فەرموویەتی و پێغەمبەرﷺ رایگەیاندووە بیلێن و بیکەن و ئەوەی خوای گەورە نەیفەرمووە، نەیلێن و نەیکەن. خواش بۆ هەموو شتێک بەرنامەی هەیە. بۆ نموونە لەمەڕ زەکاتێوە دەفەرموێ: (انما الصدقات للفقراء و المساکین و ابن السبیل و الغارمین و فی الرقاب و العاملین علیها و المؤلفة قلوبهم و فی سبیل الله) واتا زەکات بۆ هەژاران و نەداران و رێبواران و وامداران، هەروەها بۆ ئازاد کردنی کۆیلە و ئەو کەسانەشە کەوا بە سەری ڕادەگەن و بۆ دڵدانەوەی نۆموسڵمانان و لە ڕێی خواشدا و بۆ ئەو کەسانەیە کەوا بە کاروباری ئایینی موسڵمانانەوە خەریکن کە دیارە وەرگرانی زەکات هەشت تیرەن و بە هیچ جۆرێک ئاغاکان و دەوڵەمەند و دەسەڵاتدارەکان و خاوەن زۆر و ستەمکارەکان وەبەر ناکەون و پێیان ناشێ، بەڵام بە پێچەوانەی فەرمانی دادپەروەرانەی قورئان و یاسای پێشکەوتنخوازانەی دێژەی پیرۆزی ئیسلام زۆر بیستراوە و بینراوە کە تەنانەت ئاغا گەورەکانی وڵاتی کوردستان زەکات و سەرفترەی خەڵکەکەیان بۆخۆیان کۆ کردۆتەوە و لە ئەوکی ئەو کەسانەی کە خوا بۆی داناون گێڕاویانەتەوە و بە ئەوکی خۆیداندا کردووە!! کە دیارە ئەوەش شێوەیەکی دیکەی چەوساندنەوەی چەوسێنەرەوانە.

جا مامۆستا بیستوویەتی کە یەکێک لە مەلاکان فتوایەکی وەهای داوە کە بە بەڵگەی ئەوە کە ئاغاکان دەستوپێ سپیلکەن و کاریان پێ ناکرێ زەکاتیان پێ دەشێ و تا ئەو ساڵانەش ئەو بەرنامە لە ئارادا هەبوو و ئاغاکان زەکات و سەرفترەیان هەر وەردەگرت.

جا مامۆستاش تووڕە دەبێ و ئەو پارچە هەڵبەستە دەمکوتکەرانە دەنووسێ، بەڵام بە داخەوە تەنیا هەر ئەو تاکەی هەوەڵیم دەسکەوت و ناچار خۆم کردۆتە شاگردێکی دڵسۆزی مامۆستا و بەو شێوەی خوارێ بۆم تەواو کردووتەوە:

زەکات بۆ ئاغاوات

زەکاتی مەڕ و بزن
مەلا دەستی خۆ گەزن
زەکات لە بۆ رەئیسان
مەلا بمرن لە برسان
زەکاتی نیسک و نۆکان
مەلا بوشکێنن چۆکان
زەکاتی رەش وڵاخان
مەلا بمرن لە داخان
زەکاتی پووڵ و دراوی
بۆ مەلاش بێ بەدناوی
خوا داینـاوە لە قورئان
مەلاش نایداتە بەوان
زەکات بۆ بێدەستانە
نەک بۆ دەستەی مەستانە

زەکـــــات بــــــۆ بەگ و میـــــــران
مەلا دەربـــــــــــکەن لێــــــــــران
فەقـــــــــێ بخـــــــوێنن بە ســــــواڵ
بــــــڕوا بــــــۆ شــــــێەی بەتتـــــاڵ
شــــــــێخ و بەگ و ئاغــــــــــاوات
بۆیــــــــان بـــــــۆتە بە داهـــــــــات
حەقـــــــی خــــــوا لە مـــــاڵی خەڵــــــک
مـــــاڵ بـــــێ بەر بـــــێ وەکـــــوو پەڵــــک
زەکـــــــــاتێ بگـــــــــــرن ئاغـــــــــا
مەلاش بمــــــــــــــرن لە داغـــــــــــــا
زەکـــــات بــــــۆ شــــــێخ و میـــــــران
مەلا بجنێـــــــــــــــــی بە شــــــــــیران
هەژار لە برســـــــــــــان بمـــــــــــــرن
بەشـــــــی شـــــــێخانیش پتـــــــــرن
بــــــــــــۆ زاڵمەکـــــــــــــانی مەزن
ســــــــــەیرێ ئەوێ ســــــــــــەیرانێ!!
یــــــا بــــــۆ دەســـــــتەی ئیبلیــــــسان
ســــــــــەیرێ ئەوێ ســــــــــــەیرانێ!!
بــــــۆ دەســــــتەی چــــــاو چنۆکــــــان
ســــــــــەیرێ ئەوێ ســــــــــــەیرانێ!!
بــــــــۆ ئاغـــــــــاوات و شـــــــــێخان
ســــــــــەیرێ ئەوێ ســــــــــــەیرانێ!!
بــــــــدرێ بە مــــــــام گــــــــوڵاوی
ســــــــــەیرێ ئەوێ ســــــــــــەیرانێ!!
زەکــــــات لەبــــــۆ هەشـــــت ســـــــینفان

سـەیری ئەوێ سـەیرانێ!!
هەم بـۆ دەسـتە وەسـتانە
سـەیری ئەوێ سـەیرانێ!!
نەک بـۆ رووت و فەقیـران
سـەیری ئەوێ سـەیرانێ!!
زەکـات بە تێـڕ و جەواڵ
سـەیری ئەوێ سـەیرانێ!!
مـالییەی چەنـدین سـناوات
سـەیری ئەوێ سـەیرانێ!!
بـا بخـۆن چینـی بـێکەڵـک
سـەیری ئەوێ سـەیرانێ!!
پێـی رابـوێرن لە باغـا
سـەیری ئەوێ سـەیرانێ!!
لێـی بێـبەش بـن فەقیـران
سـەیری ئەوێ سـەیرانێ!!
ئاغـاش زەکـاتی بگـرن
سـەیری ئەوێ سـەیرانێ!!

ئەگەر بە چـاوێکی وردبینـانە و رەدا بینـانە تەماشـای رازی پێویست بوونی زەکات بکەین بۆمـان دەردەکەوێ کە خـوای گەورە چ لوتف و مەرحەمەتێکی لەگەڵ ئەو خەڵکە کردووە کە ئەو بەرنـامەی بۆ داناون.

لە پێش ئیسلامێدا زەکات باو بووە بەڵام ماڵیاتێک بـووە کە بۆ دەوڵەمەندان لە هەژاران و کارگەران و کاسبکاران ئەستێندراوە. کە بەڕاستی شتێکی سەیرە! ئـاخر ئەو کـۆمەڵەی کە دەوڵەمەنـدەکانی،

هەژارەکـــانی دەچەوســـێننەوە چ ئەویـــن و دۆســـتایەتی و چ خۆشەویستییەکیان لە نێواندا دەبێ؟

بەڵام ئیسلام هێنـای ئەو بەرنـامە نـادادگەرانەی ئـاڵوگۆڕ کـرد و فەرمووی زەکات دەبێ دەوڵەمەندەکان بیدەن بە هەژار و نەدارەکانی کۆمەڵ. دەستووریشی دا کە دەبێ ماڵدار خۆی داوتەڵەبانە لە مـاڵی خـۆی ئەنـدازەیەکی دیـاری کـراو هەڵبگـرێ و بیـدا بە هەژار و نەدارەکان و تا ئەویش دێتە رادەی وی و هەر دەبێ دەستی بگرێ و یارمەتی بدات و بە هیچ جۆرێکیش نابێ منەتی بە سەردا بکات.

جـا بـێگومـان وەهـا کۆمەڵێک هەمیـشە دۆستایەتی و ئەویـن و خۆشەویستی لە نێوانی تاکە تاکەی حەشیمەتەکەی دایە و هەرگیـز پێکەوە دژ و نەیار نین.

جا مامۆستا بۆیە تووڕەیە چونکە ئەو کەسـەی کە ئەو بڕیـارەی داوە کە زەکـــات بـــۆ ئاغـــا و شـــێخ و بەگ و میـــران دەبـــێ و.. بەرنامەکەی وەک پـێش ئیـسلام لـێ کـردۆتەوە! دیـارە نـایەهەوێ کە زەکات لە جێی خۆیدا بە کار ببرێ و هەر کاتێکیش لە جێـی خۆیـدا بە کـار نەبـرێ، نە وەبەر دەکەوێ و نە کەڵکیـشی لـێ وەردەگیـرێ. ماڵەکەش بە فیرۆ دەڕوا و کابرای زەکات دەریش زەکاتەکەی هەر دە پێدا دەمێنێتەوە.

سەرەڕای هەموو ئەوانەش بـێفەرمـانی خـوای گەورەش کـراوە و زەکـات وەرگـرەکەش مـاڵێکی حەرامـی خـواردووە و بـۆ پەسـڵانیش خۆی پێناودار کردووە.

تا کەی لە غەمت!

هۆنەری هێژا و هونەرمەندی هیوا کوژاومان مامۆستای دڵسۆزی گەل و رابەری هۆشیاری کۆمەڵی دڵ بێدارانی کوردەواری، دوای ئەو هەموو هات و هاوار و داد و فوغان و ئەو هەموو گریان و زاری و شیوەن و زایەڵە و هەروەها دوای ئەو هەموو پاڕانەوە و لاڵانەوە و ئەو هەموو تووک و نزا و ئاهو نزووله و ئەو هەموو پەند و ئامۆژگاری و ئەو هەموو دڵسۆزی و بەختەماملییەی کە بۆو گەلە هەژار و زۆر لێکراوە دابەش کراوەی کورد کە دەیکا و هەر هیچی بۆ ناکرێ و هیچ سوودی نییە و هیچیشی لە دەس نایەت و تەنانەت ئەو خەڵکە خەو لێکەوتووەی هەر بۆش وەخەبەر نایەت و ئەغیار نابێتەوە.

چونکە ئەو خەڵکە وەها لە خەوی غەفڵەتدا تلاونەتەوە کە پرخەی خەویان تا رێی دوور دەڕوا و هەر دەڵێی مردوون و وەهاش بە زۆنگی تەمبەڵی و بێئاگاییدا رۆچوون کە هەرچەندی ستەمیان لێ بکرێ هێشتا هەر قبووڵی دەکەن و لاچۆ و مەکە و نابێ نییە، دێنێ هیوا و ئاواتە بەرزەکان و ئامانجە گەورەکانی خۆی بە خەیاڵ دەکاتە کیژێکی زۆر جوانی ئەبرۆ رەشی کوڵمە سپی وەک قەندی چاومـاری (نەمر و هەر زیندوو) و لە بەرابەر خۆیدا دایدەنێ و ئەمجا پڕ بە چاوە زیت و زیندوو و پڕ ئەوینەکانی تێر تێر لێی دەڕوانێ و رووی تێدەکا و پێی دەڵێ:

ئاخر ئەی یارە جوانەکەم! تا کەنگێ لە داخی خەم و پەژارەی دووری تۆ من یەخەی خۆم دادڕم؟! تا کەی داماو و پەرۆش بم؟ ئاخر تا کەی ئەو حاڵ و ژیوارە؟ خۆ هەر وەختە لە داخ و دەردە و پەژارەی تۆ من بمرم؟

هەی هـاوار! هەی هـاوار! هەی هـاوار! تـۆ خـواکەی ئەی یـارە نـــازدارەکەم و نـــازەنینەکەم! کە قەت قەتـــم هەر نەدیـــوی و لە سوێیانیشت وەختە دڵم بتۆقێ، هەر نەبێ لە دوای نەمانم لە رووی وەفـاوە جـار جـارە وەرە سـەر گڵکـۆیەکەم و سـڵاو و درووودێکـی دڵدارانەم لێ بکە. وەفا بنـوێنە و ئەمـن بـدوێنە و جەفـا وەتـۆێنە و دڵم وەلاوێنە و خۆت وەڕازێنە و گۆڕەکەم هەڵپڕخێنە و بەرەو رووی من بزەت بێتێ و بەزت دابێ بە حاڵمدا و نەختێک لە رووما چـاوە جوانەکانت هەڵێنە. ئاخر تۆ بۆچی وا بێ بەزەیی و نامیهرەبانی؟

بەڵێ مامۆستا دەڵێ: من ئاوام بەو یارە نازەنینەم گوت و خۆ بە هەزار دەردی سەری و خیرەت وەبەر خۆ نان و شـەرمی خـۆ بە زۆر شکاندن رامگەیاند کە تۆ ئاگات لە حاڵی منی بێچارە نییە و نازانی کە من چەندە هەناسە سارد و دڵ گەرمم؟

ئەویـــش لە ڕووی جەفـــاوە و بە تـــووڕەییەوە وڵامـــی دامەوە کە هێندەی دیشی نارەحەیی کردم و پێی گوتم جارێ ئەتۆ چیت دیوە؟ جگە لە نموونەیەک لە جەفای جۆراوجۆر و شیواشیوی مـن هیچـت چاو پێ نەکەوتووە. تۆ کە بتهەوێ لێوی ئـاڵی گـوڵی رزگـاری مـاچ بـکەی و بە کەیفـی خـۆت بیمـژی پێویـستە جەور و جەفـا و ئـازاری یەکجار زۆر بکێشی، کە ئەتۆ هێشتا هیچت نەدیوە.

بەڵێ دەڵێ گوتم ئاخر خۆ من ناتوانم تەنانەت لە دوای مردنیشم هەر جەفاکێش بم. خۆ رۆژێک نەتبینم دنیام لە بەر چاوان تـاریکەو هەر شـتێک و هەر کەسـێک کە دەبیـنم بیرەشـۆم پێـی ناشـکێ و هەروەها دەڵێ ئەو یارەی من ئەوەندە بێمیهر و وەفایە بڕوانە چۆن لەگەڵ مـن دەجـووڵێتەوە تەماشـا بـۆ ئەوەی تەنـانەت وێـنەی مـن نەچێتە ناو چاوی چۆن چـاوی لە مـن وەردەگێـڕێ. مـن رۆژێکـی لە بێچارەیی و پڕ ڕوویی خۆم پێم گوت ئەی یارەکەم، کە تۆ وەک بت

وای بۆ ئاگات لە منی ئەویندار و بێچارە نییە کەچی پتر هەڕەشەی لێ کردم و گوتی چارێ لە کوێتە؟ ئەوەندەی دیتووتە هەر کەمێکە لە جەفا و ئیتر گورژی گوتەنی ئەتۆش ناچاری کە دەبێ قبووڵی بکەی وبی کێشی.

کـــێ بمـــژێ لێـــوی بـــووکی رزگـــاری
دەبــــێ بە خـــوێنی خـــۆی بکـــا یـــاری
هەرکەس ئـــــازادی و سەربەســـــتی بـــــوێ
بـــــــای گەرم و ســــــــاردی وە لەش ئەکەوێ

ئـەو کــەســەی بگـری بــەهـیـی سـینـەی یـــــا ر
نــابـــی بـتـرســـی لـــە لـــرفـــەی رەشمـــا ر

تا کەی لە غەمت

تـــا کەی لە غەمـــت یەخەی کراســـم بـــدڕم؟
نێـــزیکە لە دەرد و حەســـرەتی تـــۆ بمـــرم
بــۆ خـــاتری خـــوا لە پاشـــی مـــردن جـــار جـــار
ئاهیـــستە لە ڕووی وەفـــا وەرە ســـەر قەبـــرم
گەر مەرحەمەتـــێ بە مـــن دەکەی،ســـا بـــیکە
نەممـــاوە تەحەممـــولی جەفـــا چیـــدیکە
رۆژێکـــــی ئەگەر خـــــودا نەکـــــا نەتبیـــــنم
بـــێشـــک هەمـــوو دنیـــام لە نەزەر تـــاریکە
ئەبـــرۆی رەش و کـــوڵمی ســـپی و چاومـــاوی
ئەی دڵ عەجەبـــا ئەتـــۆ چـــۆن مـــاوی؟

بنـــوارە چلـــۆن چـــاوی لە مـــن وەرگێـــڕا
نەک ســـوورەتی مـــن بچێـــتە نـــا و چـــا وی
ڕۆژێکـــی لە بێچـــا رەیـــی و بـــێشـــەرمی
پـێم وت ســەنەما بە خــوای ئەتــۆ بــێرەحمـی
ئاگـــات لە منـــی عاشـــق و بێچـــارە نیـــیە
بـــۆ حـــاڵی هەناســـە ســـاردی و دڵ گەرمـــی
فەرمـــووی جـــارێ لە جەفـــا ئەتـــۆ چـــت دیـــوە؟
مەیـــدانی جەفـــا دۆڵـــو دەرە و شـــیو شـــیوە
مـــاچی لەبـــی لێـــو ئـــاڵی گـــوڵی ڕزگـــاری
پێویـــستی جەفـــای زۆرە، ئەتـــۆش ناچـــاری

چەند نموونەیەک لە خیرەت و مەردانەگی و زیرەکی مامۆستای کۆیی

ئەو بەڕێزە ئەوەندە پیاوێکی نەترس و بەخیرەت و بەتوانا بووە کە لە دەورانی خۆیدا هیچ کەس وەک وی پێی نەکراوە و بە راستی بێ لینگە و بێهاوتا بووە.

بێگومان هەر زانایەک زانایە و بەڵام هەر زانایەک توانا نییە و هەر زانایەکیش توانای نەبێ زانیارییەکەی بارێکە لە سەر شانی و بە کاری هیچ نایە و کەڵکی نییە. چونکە زانا دەبێ توانایی ئەوەی ببێ زانیارییەکەی خۆی رابگەیەنێ و ئەگەر خیرەتی راگەیاندنی زانیارییەکەی خۆی نەبوو ئەو زانیارییە بەڵایە بۆ وی و تۆقێکە بۆ دوا رۆژی پەسڵانی و هەر بە هۆی ئەوەیەوە سزا دەدرێ.

بەڵام مامۆستا کۆیی لەو زانا بەرزانە بووە کە خیرەت و شەهامەتی دەربڕین و راگەیاندنی زانیارییەکەی خۆیان هەیە و وەک تیخی دەبان وان و هەرگیز ژەنگاوی نابن و هەمیشە دەدرەوشێنەوە و دەبریسکێنەوە هەموو هۆنراوەکانی و تەواوی نووسراوەکانی و هەڵسووڕان و داسووڕانی و فەرمووده و وتارەکانی هەر یەکە خۆی گەواهێکی گەورەیە لە سەر ئەو داوایە.

جا لێرەدا بۆ چەسپاندنی داواکەم چەند بەسەرهاتێکی وی دەگێڕمەوە کە هەر یەکەی گەواهێکە و هەر کامەی گەورەترین بەڵگەو پەتۆیە لە سەر خیرەت و پیاوەتی مامۆستا.

١ـ دەگێڕنەوە جارێکی ئینگلیسییەکان مامۆستا راپێچ دەکەن و دەیبەنە یانەی ئاسایشی خۆیان و پاش جەزرەبە دانێکی زۆری شیاوی وی لێی دەپرسن ئەتۆ سەبارەت بە شێخ مەحموود بیروڕات

چۆنە؟ ئەویش لە وڵامیاندا دەفەرموێ: هەموو گەل و هۆزێک لە دنیادا مافی ئەوەی هەیە، کە میری سەربەخۆی ببێ و خۆی سەرنویشت وچارەنووسی خۆی دیاری بکاو گەلی کوردیش یەکێکە لەو گەلانە و شێخ مەحموودیش مافی ئەوەی هەیە وببێتە پادشا و سەرۆکی کوردستان و ئەورۆ کەس لەو وڵاتە لەوی باڵاتر نییە و ئیتر کاری ئەو کارێکی ڕەوایە.

٢ ـ هەروەها جارێکی دیکە بانگی دەکەن و لێی دەپرسن ئێمە نازانین کە شێخ مەحموود ئەو ئاژاوەی بۆچی ناوەتەوە و بۆچی وا دەکا؟! ئەتۆ لەو بارەوە چ دەڵێی؟ ئەویش لێیان دەپرسێ ودەڵێ: ئەگەر شێخ مەحموود هاتبا و وڵاتی ئێوەی داگیر کردبایە ئەنگۆ چیتان دەکرد و چ دژکردەوەیەکتان لە خۆ نیشان دەدا؟ ئەوانیش دەڵێن لەگەڵی بە شەڕ دەهاتین و لێی رادەپەڕین و ئەجەنگاین لە گەڵیا هەتا دەرماندەکردەوە. ئەویش دەفەرموێ دەیجا خۆ ئەویش هەر ئەوەی کردووە کە ئێوە دەتانکرد، ئەگەر لە جێی وی بان بۆچی بۆخۆتان بەڕەوا و باش دەزانن؟ بەڵام بۆوی بە گوناح و تاوان؟

٣ـ دیسان لە دەورانی نوێنەرایەتییەکەیدا جارێکی لە لایەن خەڵکی تووڕە و ڕق هەستاوی شاری بەغدایەوە پەلامار دەبردرێتە سەر کۆڕی خیبرەکان (مجلس نواب) و نوێنەرەکان جگە لە مامۆستا هەموویان هەڵدێن و خۆیان دێر و دەوێ رادەکەن و وەک جووجەڵە مریشکان خۆیان دەشارنەوە. بەڵام مامۆستا بە ئەوپەڕی خیرەتەوە لە جێی خۆی دەچەقێ و زۆر قسە بۆ خەڵکەکە دەکا و هەر چۆنێک بێ بڵاوەیان پێ دەکا. لە دواییدا کە خڕ دەبنەوە لە مامۆستا دەپرسن و دەڵێن ئەری تۆ چۆن نەترسای و خوت نەشاردەوە؟ بە خوا ئێمە زۆر ترساین. ئەویش دەفەرموێ: ئەمن بە سێ بەڵگە و

پەڕتۆ (دلیل) دەبوو نەترسم و وەکوو ئێوە هەڵـنەیەم. یەکەم: ئەوە کە من موسڵمانم و موسڵمانیش دەبـێ بەخیـرەت بـێ. دووهەم: ئەوە کە من زانام و زاناش دەبـێ بـێخیـرەت نەبـێ. سێهەم ئەوە کە مـن کوردم و کوردیش لە هەموو کەس بەخیرەتترە.

وەک دەبینـین مامۆسـتای بەڕێـز مـان یەسـێ بەڵگـــەی زۆر بەهـیزو قەوی خـیرەت و ئازایەتی ودلـێری خـوی بەهەقـا لەکـانی خـۆی سـەلماندەو، کە بـریتین لـە:مـوسڵـمانـــەتیو زانیـــاریو کوردایەتی.

کـە دیـارە لـە روانـگەی ویـیەوە هەر سـێکیان هـۆی خیــرەت و دلـێری و نەترسین، کە لەراستیشدا هەر دەبـێ وابـێ و نـابێ هـیچ موسڵمانێک ترسنۆک بێ، بەتـایبەتی ئەگەر زانـابێ و خـوئەگەر ئەو موسلما نەزانـایە کوردیش بی ئیتـر هەر قسەی لـی مەکـە کـە دەبـی لەهەمو کـەس بە خیرەت ترو ئازاترو دلیرترو نەترس تر بێ.

زور لەمیژە گوتویانە: چیای مەزن هەرکێیە هەبـی بـزن و هەرزن هەرگـــیز لەوی کـــورد نـا بەزن.

خـوا لێخۆشـبوو مامۆسـتای کـۆیی هەروەک، کە زانـایەکی زۆر بەخیرەت و لێزان و هەڵکەوتوو بووە پیاوێکی زۆر بەڕێز و نەبەز و نەترس و بێمنەت و خۆنـاس و بەوەفاش بووە.

٤ـ جارێکی وەزیرێکی (گویا سە رە ک شـالیاران د ە بـی)عێراقـی دێـتە کـۆیە و پیـاو مـاقوولان بـۆ پێـشوازی ئەو بانـگ دەکـرێن و خەڵکێکی زۆر لەو بارەوە کۆ دەکـرێتەوە و مەلا عەبـدوڵڵا نـاوێکیش کە مامۆسـتای مەلای کـۆیی دەبـێ وێـڕای مامۆسـتا لە ریـزی بانـگ کراوەکان دەبێ.

مامۆستا لە کاتی ڕۆیشتندا دەیهەوێ مەلا عەبدوڵڵا وە پێش هەمووان بکەوێ چونکە خۆی مامۆستای وی بووە و خۆی بە دوا مامۆستاکەی خۆیدا بڕوا و وەزیریش بە دوای ویدا بێت. وەزیر نایهەوێ وە پێش مامۆستای کۆیی بکەوێ و زۆریش گرینگی بە مەلا عەبدوڵڵا نادا و مەلا عەبدوڵڵاش بە هیچ جۆرێک وە پێش وەزیر ناکەوێ و پێ لە سەر ئەوە دادەگرێ کە وەزیر وە پێش هەمووان بکەوێ و سەرەنجام وەزیر پێش دەکەوێ و مەلا عەبدوڵڵا بە دوایدا دەڕوا و بەو پێیەش مامۆستای کۆیی دەبێتە سێهەمین کەس و کە تەماشا دەکا بە دوو زانای ئایینی وا نەزانێکیان وە پێش خۆیان داوە پێی ناخۆش دەبێ. لە پشتەوە پیلی مەلا عەبدوڵڵا دەگرێ و دەیخاتەوە دوایە و پێی دەڵێ وەرە دوایە وا دیارە ئەتۆ شایانی پێشکەوتنت نییە خۆ من لەبەر تۆ نەبێ وەزیری هەر بە پیاویش نازانم و ئێتیر ئەو جار خۆی وەپێش وەزیری دەکەوێو مەلا عەبدوڵڵاش بە دوای وەزیریدا دەڕوا. گۆیا دوایە بە وەزیری دەڵێ ئاقڵت هەبێ قەت وە پێش مەلا و زانایان مەکەوە. وەزیریش خێرا دەڵێ قوربان بمبوورە من مەلا عەبدوڵڵا بە زۆر پێشی خستم.

مامۆستا هەر لەو کاتەدا کە پیاوێکی نەترس و باوەڕدارێکی بەبڕشت بووە و باوەڕی بە بیر و باوەڕ و بە کار و کردەوەی خۆی هەبووە و مەردێکی ڕەند و مەند و هێواش و لەسەرەخۆ و لێبوردووش بوە و هەرگیز خێرا هەڵنەچووە و بۆ تۆڵەی بە پەلە هەوڵی نەداوە.

ھ ـ بۆ نموونە جارێک جەوانێک لە شەقامی شاری کۆیە لە پشتەوەڕا دەمانچەیەکی پێوەدەنێ و دەیهەوێ بیکوژێ بەڵام نایهەنگێوێ و دوایە کە مامۆستا ئاوڕی وێ دەداتەوە زۆر خەجاڵەت دەبێ و تێکدەچێ و دەمانچەکەی لێ هەڵدەوەرێ و مامۆستاش ڕووی

تێدەکا و پێی دەڵێ کوێری ئەوە بۆ نەتپێکا ڕۆڵە ئەوە دەتهەوێ مەلای کۆیی بکوژی؟ ئەمجا دەمانچەکەی بۆ هەڵدەگرێتەوە و وێی دەداتەوە و دەڵێ مەلای کۆیی تا خوا نەیکوژێ بە کەس ناکوژرێ وەرە برۆ لە رێی خۆت.

بنەماڵەی بەڕێزی مەلای کۆیی هەر لە بنیڕا بنەماڵەیەکی زانا و زانا پەروەر و زانست دۆست بووە و وەک باس کرا چەندین مەلای گەورە و زانای هەڵکەوتووی لێ سەر هەڵداوە و زنجیرەی مەلایانی ئەو خانەدانە پیرۆزە گەلێک درێژ و خاوەن ئاڵقەی گەورە گەورەیەو چەندین پیاوی گەورەی وەک خۆی و باوکی لێ هەڵکەوتوە.

لام وایە ئەوەندە بەسە بۆ رانان و پێ هەڵگوتنی ئەو بنەماڵە کە وەک بەڕێز گیوی موکریانی دەڵێ حاجی مەلا قادری کۆیی لە نامەیەکیدا کە لە ئەستەمبووڵیڕا بۆ بەڕێز حاجی مەلا عەبدوڵڵا جەلی باوکی بەڕێزی مەلای کۆیی نووسیویەتی دەڵێ:

به غەیری جەددی ئێوە کێهەیە دانا
لە کوردستان بناغەی عیلمی دانا

بەڕاستی ئەو بنەماڵە دڵسۆزی راستەقینەی کورد و کوردستان و ئایین پاکی ئیسلام بوون جا بەتایبەتی خودی مامۆستا مەلا محەمەد خوا لێی خۆش بێ گۆیا ئەو بەڕێزە هەمیشە هەر فەرموویەتی هەر چەند دەکەم سێ مەلام لەو کوردستانەدا بۆ حاڵی ناکرێن دەنا سەربەخۆیی تەواوم بۆو وڵاتە دەستاندەوە و ئەگەر سێ مەلام بە چاکی لەگەڵ بان کوردستانم دەکرد بە گوڵستان.

دەڵێن هەر کاتێک باسی شێخ عەبدولقادری گەیلانی دەکرد هەر دەیفەرموو مەلا عەبدولقادری گەیلانی. جارێک لێیان پرسی قوربان

تـــۆ بـــۆچی قەت نـــاڵێی شـــێخ عەبـــدولقادر و هەر دەڵێـــی مەلا عەبدولقادر؟ ئەویـش دەیفەرمـوو مـن نـامهەوێ بچـووکی بـکەمەوە، چونکە مەلا جێنشینی پێغەمبەرە و گەلێک گەورەیە، بەڵام ئـاخر شێخ چ کـارەیە و چ پـلە وپـایەیەکی لە ئـایینی پیـرۆزی ئیـسلامدا هەیە؟ عەبدولقادر گەیلانـی هەرگیـز شـێخ نەبـووە بەڵـکە زانـایەکی گەورە بووە.

جـا راسـتیش ئەوەیە کە عەبـدولقادر گەیلانـی قەت شـێخ نەبـوو بەڵـکە مەلایەکـی گەورە بـووە و گۆیـا هەمیـشە وانەی چـل فەقێـی گوتـووە و ئیتـر ئەگەر راگەیانـدن و رێنـوێنی خەڵکیـشی کردبـێ بە نێوی شێخایەتی نەبووە و تەکیە و مەکیەی رانەگرتووە و خانەقای نەڕازانـدۆتەوە. بەڵـکە فێـرگە و مزگەوتـی ئـاوەدان کـردوونەتەوە و فەقێـی راگرتـوون و دژی دەروێـش بـازاڕی و شـێخایەتی بـووە و خۆشـی دە لاپەڕەی پەڕتـووکی (الـغنیـة)ی خۆیـدا دەفەرمـوێ: (هەر مورشیدێک چاوی لەماڵی مریـدەکانی خـۆی بـێ یـان ئەگەر بۆیـان برد و پێیدا نەناردنەوە بزانە ئەو مورشید نییە و بۆ وەدوا کەوتنـێ نـابێ).

مامۆسـتای کـۆیی هەر کەسێکی خزمەتـی گەلـی کـورد و زمـانی کوردی و ئاییـنی پیرۆزی ئیـسلامی کردبـێ زۆری خـۆش ویـستووە و پتریش دنەی داوە. بۆ نموونە بە خەتی خـۆی وێـڕای مەلا ئەفەنـدی هەولێری لەسەر پەڕتووکی پێشەوای ئایینی داماو حوسنی حـوزنی موکریانی(گچکە) کە دوو بەرگی (منهاج الطالبین)و (فـتح المعـین)وە وەرگێـڕا بـۆ سـەر زمـانی شیرینی کـوردی بەو جـۆرەی نووسـیوە (ئـافەرین سـەید حـوزنی، تـۆ لات وایە کە تەنهـا خزمەتـی زمـانی کوردیـت کـردووە و بەس، خـوا دەیزانـێ خزمەتـی ئـایینی پـاکی ئیسلامت پتر کردووە، خوا ئەمسالتان زیاد بکا).

حوسێن حوزنی موکریانی

٧- دەروێشێکی نەزان و دژمنی تیپی مەلا دەیهەوێ لە مامۆستای بدا و رقی کۆن و نوێی خۆی پێ بڕێژێ لە کاتێکدا کە ئەو بەڕێزە لە حەوشەی مزگەوتی سووری کۆیە رۆژێکی زستان خەریک دەبێ دەستنوێژی هەڵبگرێ و لە بەر سەرمایە دەرگای حوجرەکانیش هەموویان پێوەدرابوون و فەقێکان هیچیان لە دەرێ نەبوون دێوانەی غوولپەیکەری سەر قرژن لە حاڵێکدا کە کوتەکێکی گەورەی سەرخڕی لە پشت خۆی گرتبوو دێت و لێی دەپرسێ و دەڵێ مەلا ئەرێ ئەتۆ گوتووتە پێغەمبەر لە حەزرەتی غەوس گەورەترە؟ دەروێش کە دەیهەوێ بەهانەیەکی دەس کەوێ تا مامۆستا کوتەککاری بکا چاوەڕوانی ئەوەی دەبێ کە مامۆستا بڵێ جا هەر وایە ئیتر ئەویش دایبگژێنێ.

مامۆستا زۆر بە زووی لێی حاڵی دەبێ و مەبەستە گڵاوەکەی دەزانێ و بۆ ئەوەی فەقێکان پێ بزانن و بێنە دەرێ بە دەنگێکی بەرز دەڵێ لە کێت بیستووە؟ جا چۆن باوەڕ دەکەی؟ خۆ لە خۆمت نەبیستووە؟

فەقێکـان، کە گوێیـان لە دەنگـی مامۆسـتا دەبـێ گورجێـک دێـنە دەرێ و دیوانەی دەگرن و دەکانیەکەی هەڵدەکێشن و بەو سـەرمایە مەلەی پێ دەکەن و بەو جۆرە مامۆستا لە چەنگی ئەو خوا نەناسـە رزگار دەکەن.

مامۆستا خۆی یەکەم کەس بووە لە کۆیە کە کچی خۆی نـاردۆتە قوتابخـانە و ویـستوویەتی ئەو سـنووورە بـشکێنێ کە ئـافرەت لە چوارچێوەی نەخوێندەواریدا بمێنێتەوە.

ئەو بەڕێزە تەنانەت خۆی پارچە زەمینێکی گەورەشـی بەخـشیوە بۆ دروست کردنی قوتابخانە لە شاری کۆیە و یەکەم قوتابخـانەی ئەو شارە لە زەمینی ویدا دروست کراوە.

ئەو خـوا لـێ ی خۆشـبێ هەمیـشە بـۆ چـارەی کـورد بە پەرۆش بووەو زۆر بە خەمـی کـوردی هەژار ولێقەومـاوەوە بـووە. لە کـاتی ویدا هێشتا کۆمۆنیزم نەگەیوەتە کوردسـتان و لە کوردسـتاندا بەو نێـوە خەڵـک فریـو نەدراوە و دژایەتـی کردنـی ئەو رێبـازە هـیچ پێویـست نەبـووە، هەر بۆیەشـە کە لە هۆنراوەکـانی مامۆسـتای بوتشکێن و خەرافات فڕێدەرماندا هەڵمەت و پەلامار بۆ ئەو رێبـازە لاوازە و پەیڕەوانی ئەو نەکراوە. دەنا بێگومان ئەگەر مامۆستا لەو رۆژگـارەی ئـێمەدا ژیابـایە دەنگـی رەخـنە و بێـزاری لەو بـارەوە دەگەییە ئاسمان و گوێی پەریانی کەڕ دەکرد.

ئەوەی هەبـووە هەر رێبـازگەلی جۆراوجـۆری شـێخایەتی و دەروێـش بـازاڕی و مریـدایەتی و تەریـقەت و مەریـقەت بـووە و بە نێـوی تەریـقەت و مەریـقەت شـێخ و شـێخ بـازاڕی خەڵکیـان لە شـاڕێگەی ئیـسلامی پیـرۆز لاداوە و بە کـوردی و بە زمـانێکی سـادە بڵێین لەو چاخیدا دژمنانی ئیسلام بە هیچ جۆرێک خیرەتی ئەوەیان نەبووە و نەیانتوانیوە راستەوخۆ لە دژی خوا راپەڕن و بڵێن و خوا

هەر نییە و نەبووە و نابێ ببێ بەڵکە خواشیان بە رواڵەت قەبووڵ کردووە بەڵام زۆر لێزانـانە و هەر بە نێـوی ئـایین و ئیـسلام و بە شێوەیەکی هۆشیارانەی وا کە هەموو بە نێو زانایەکیشی لـێ حـاڵی نەبـێ و تێینەگـا چەنـدین ئـاواڵ و هاوتایـان بـۆ خـودا دانـاوە و خەڵکیـان لە رێبـازی خواپەرەسـتی راسـتەقینە لاداوە و ئەو تـاقە رێگەیـان کـردۆتە دەیـان و سـەتان و هەزاران رێـگە و ئەو تـاقە خودایەیان کردۆتە سەتان خودا!! دەبێ ئەوەش بڵێین وبیـسەلمێنین کە ئەو مریدە بێچارانە هەرگیز پێیان وا نەبووە و نەشیانزانیوە کە ئەو رێچکە و رێبازانە ئیسلامی نین و دژی ئیسلامن دەنـا بـێگومـان هەر ئەوان خۆیان لێیان رادەپەڕین و وەک زبڵی ناو مـاڵ و حەوشـە رایاندەماڵین و دەیانخستنە ناو زبڵدانی مێـژووەوە، جـا هەر بـۆیە رەنـگە بەشـێکی زۆر مریـدە نەزانەکـان هەر بە موسـڵمان لە قەڵەم بدەین.

جا هەر بۆیە مامۆستا لە هۆنراوە و نووسراوەکانیدا و هەروەهـا لە وتارو قسە و کردارەکانیدا هەڵمەت دەباتە سەر ئەو جۆرە بیـر و بـاوەڕە و ئەو شـێوە بیـر کـردنەوە و ئەو خـوا دەسـتکردانە خـڕ دەکاتەوە و دەیانخاتە زبڵدانەوە و گـورژی گـوتەنی گش خـواگەلی پووشاڵی - بێنێوەرۆک و خاڵی - بە نووکی شەق تێم هەڵدان - هەر کە لێیان بووم حـاڵی و ئیتـر هەموویـان وەلا دەنـێ و تەنیـا خـوای گەورە و وەدیهێـنەری جیهـان و بـوونەوەر بە خەڵـک دەناسـێنێ و دەیـهەوێ موسـڵمانان بچـنەوە سـەر بیـر و بـاوەڕی موسـڵمانانی هەوەڵی و دەورانی پێش دووسەد ساڵ دوای کۆچی پێغەمبەری مەزن واتا بیـر و بـاوەڕی راسـتەقینەی موسڵمانانی سـەرەتای ئیـسلام و رێبازی راستینی قورئان و بەو شێوە دەفەرموێ:

به عـــیلم و عەقـــڵ و هـــۆش و فیکـــر و عیرفـــان
به قەولـــــی مـــــستەفا و ئایـــــاتی قورئـــــان

بـــــزانن ئەو قـــــسانە پـــــاکی پـــــووچن
ئەگەر خوامـــــان هەبـــــێ ئەقتـــــابە بـــــۆچن؟
بە قەولـــــی جـــــاهیلان خۆتـــــان مەگـــــۆڕن
بە چـــــاوی دڵ لە دنیـــــایە بنـــــۆڕن
بە غەیـــــرەز قـــــودرەتی دەوواری جەببـــــار
بە غەیـــــرەز پادشـــــای خەلـــــلاق و قەهھـــــار
بە قـــــوتبێکی زەعیـــــف و ناتوانـــــا
ئیـــــدارەی چـــــۆن دەبـــــێ ئەی مەردی دانـــــا
ئەوەی لای ئێـــــوە دەوواری ئومـــــوورن
لە بەر دەســـــتی خـــــودا کەمتـــــر لە مـــــوورن
کەســـــێ ئیمـــــانی بە خـــــوا و قـــــودرەتی بـــــێ
چلـــــۆن ئەو ئیعتیقـــــادەی دەشـــــتە قەلبـــــێ؟

راستی پیاو ئەگەر کەمێک ژیر بێ و هۆش و بیر و زانیاری خۆی وەکار خا و فەرموودەکانی پێغەمبەری مەزن و ئایەتەکانی قورئان و یاساکانی ئیسلام هەڵسەنگێنێ و بەراوردێکی ژیرانە و زانایانەیان لێ بکا دەزانێ کە ئەو قسە و چاو و ڕاوانە و ئەو هەموو خواگەلە پووشاڵییە دەستکردانە پووچ و بێمایە و بێنرخن و هیچ کارێکیان لە دەس نایە و بە کەڵکی هیچ نایەن و ئەو چاو و راوو و قسە و باسانەش هەموویان درۆ و دەلەسە و بێبنج و بناوانن و قسەی نەزان و تێنەگەیشتووانن.

ئاخر پیاو دەبێ بە چاوی دڵ لە دنیایە بڕوانێ و قورئان گوتەنی: ﴿ أَفَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَتَكُونَ لَهُمْ قُلُوبٌ يَعْقِلُونَ بِهَا ﴾ الحج:٤٦، ئایا گەشت و گوزار ناکەن و بەم سەرزەوییەدا ناگەڕێن و بیر ناکەنەوە و تێگەیشتن پەیدا ناکەن و خۆیان بە چەکی زانیاری و

ژیری ئامادە و پڕچەک ناکەن؟ جا هەتا دڵگەلێکی وەهایان بۆ شتی پێ بزانن و بیری پێ بکەنەوە و پێی لە جیهان و بوون و بوونەوەر حاڵی بن و یاسا و بەرنامەی خوای پێ بزانن واتا بۆ ئەوەی ناکەن هەتا دڵگەلێکی وایان بێ؟

ئایا تا کەنگێ هەروا بە نەزانی بەرەو پێش دەچن و تا کەی لەو خەوی بێئاگایی هەڵناستن؟ تا کەی ئەو هەموو خورافات و شتە پڕوپووچانە و ئەو چاو و راوە بێبنج و بناوانە قبووڵ دەکەن؟ خۆ وەڵس و ئاژەڵ نین کە بۆ هەر لایەکیان لێ خوڕن دەڕۆن؟ مرۆڤ دەبێ لەگەڵ وەڵس و پاتاڵ و ئاژاڵ جیاوازی هەبێ و ئەو جیاوازییەش هەر بە ژیری و بیرە و بەس.

خوای گەورەش هەر کەسە بە ئەندازەیەک ژیری داوەتێ و ئیتر کەس نابێ ئەو بەشە خوا پێداوەی خۆی خامۆش و نیخەپەست بکا بەڵکە دەبێ ئەو چرایە بە چاکی هەڵبکا و ئەو ئەستێرە تیشکە هاوێژە شۆق پڕژێنە گەشەدارتر بکا و پتر و پتر بیدرەوشێنێتەوە.

بێگومان ئەو کەسەی بیر و ژیری و ئاقڵ و ئاوەزی خۆی وەکار دەخا و بەو پێیە لە دنیا و شتەکانی دنیا و یاسا و رێسا و بەرنامەکانی خوا دەگا وەک کەسێکی بینا و چاو ساخ وایە کە هەموو شتێک و بگرە وردترین شت لەبەر پێی خۆی و دەوروبەری خۆی دەبینێ و بە پێچەوانە کابرای چاولێکەر و لاساکەرەوە و دواکەوتووی ئەم و ئەو وەکوو کوێرێک وایە تەنانەت گەورەترین مەترسی و دڕندەترین دژمنی خۆی نابینێ کە بێگومان هەرگیز وەک یەک و یەکسان نین.

﴿قُلْ هَلْ يَسْتَوِي ٱلْأَعْمَىٰ وَٱلْبَصِيرُ أَمْ هَلْ تَسْتَوِي ٱلظُّلُمَٰتُ وَٱلنُّورُ﴾ الانعام:١٦

، بڵێ ئایا وەک یەکن بینایان و کوێرەکان ئایا یەکسانن تاریکی و

ڕووناکی؟ لە قورئاندا کەم نین ئەو ئایەتانەی کە دەفەرموون (افلا تدبرون) ئایا لێ کۆڵینەوە ناکەن؟ (افلا تعقلون) ئایا تێناگەن و لێ حاڵی نابن؟ (افلا تذکرون) ئایا فێر نابن و وە بیر خۆ ناهێننەوە؟! ئامۆژگاری ناکەن؟ (افلا تعلمون) ئایا نازانن؟ (افلا تتفکرون) ئایا بیر ناکەنەوە؟.

جا مامۆستای بەڕێزمان لەو جۆرە موسڵمانانە بووە کە بە پێی فەرمانی قورئان بیر و ژیری و هۆش و زانیاری خۆی وەکار خستووە و بە چاوی دڵی لە جیهانێ وەڕاماوە و لێی حاڵی بووە. خوای گەورەی ئەو جۆرەی کە قورئان پێمان دەناسێنێ ناسیوە و هێز و وزەی خوای پێ لە سەرەوەی هەموو هێز و وزەیەک بووە. هەرگیز پێی وا نەبووە کە خوا بوونەوەرێکی وەهایە کە لە ژێر فەرمانی شێخ و خەلیفەدا کار دەکا و چاوی لە زاری وانە داخوا چی پێ دەڵێن تا وا بکا یان پێوەندییەکی خزمایەتی تەنگاتەنگی لە گەڵ شێخ و مێخ دا هەیە و ئەوانی کردۆتە نوێنەری قەت لانەبراوی خوی لە سەر زەمین و هەر کەس ئەوان بە خوای نەناسێنن هەرگیز خوا نایناسێ ؟ هەر وەک ئەو جۆرەی بیر کردنەوە گەلێک لەو تاقم و توێژانە و ئیتر گورژی گوتەنی:

بڵێم پێت ناپەرەستم ئەو خودایە
کە هەوساری لە دەستی شێخی دایە
ئەمن زەندیقەم و ئاور پەرەستم
ئەگەرکوو خوا نەکا خوامان ئەوایە
دەبا من پێت بڵێم کاکە بە کوردی
شتی ئاوا ئەرێ کێ فێری کردی؟
لە قورئانا نە شێخم دی و نە دەروێش
هەموو چەند جاری لێک داوە بە وردی

ئەگەر پێویـــــستە شـــێخ بـــۆ ئـــایینی خـــوا
بڵـــێ پـــێم شـــێخی گـــش پێغەمـــبەران کـــوا؟
مـــــحەمەد خـــــۆی و دۆســــــت و یارەکـــانی
بە گـــــشتیان شــــێخێکیان دەبـــــوایە ببـــــوا!!

مامۆسـتا ڕێـکوڕاسـت لە هەمـوو هۆنراوەکانیـدا و هەروەهـا لە تەفسیرە بەنرخەکەیدا دەفەرموێ شێخ پێویست نییە و نـابێ ببـێ و زیـانی گەورەشـی هەیە و ئەو وەک هێنـدێک لە زڕە مەلا و وشـکە موسڵمانەکان نەبووە کە باوەڕیـشیان بەو جـۆرە شـتانە نیـیە بەڵام لە ترسی خەڵک یا ترسی دەزگـای دەسـەڵاتدار بە ڕواڵەت قبـووڵی دەکەن و دژایەتـی و نەیارییـان نـاکەن، ئەوان کە لە خـشەی قـوڕێ هەڵــدێن و لە سـێبەری خۆیـــان دەسـڵەمێنەوە و هەروەهـــا وەک ئەوانەش نەبـووە کە لە لای هەر کەس بـوون لە گەڵ ویـن بـۆ وی دەڵێن و بە کـوردی لە گەڵ شـوانی پاسـێ دەکەن و لەگەڵ گـورگیش کەلاکی دەخۆن!!

چەند نموونەیەک لە خیرەت و دلێری و بوێری ماموستای کۆیی

ماموستا پیاوێکی راست و رەوان و یەک رەنگ و بێپێچوپەنا و بەخیرەت و نەترس و کۆڵنەدەر و نەبەز و ژیر و زانا و هۆشیار و رامیار و قسە لە روو بووە. شەرمی لە کەس نەکردووە و ئەوەی بە رەوای زانیبێ بە هەموو کەسی گوتووە و بێرووپامایی بیرو رای خۆی دەربڕیوە. شاو گەدای بە لاوە یەکسان بووە و قسەی راست و رەوای خۆی بە گوێی هەمووواندا داوە.

١ـ جارێکی مەلیک بانگی دەکاتە بەغد ایە و لەو کاتەشدا مانگی رەمەزانێ دەبێ سەرد ەمی نیوەڕۆیە مەلیک فەیسەڵ دەستووری خواردەمەنی ونانی دەدا. ماموستاش تووڕە دەبێ و دەفەرموێ بۆمەگەر رەمەزان نییە؟ لام وایە ئێوەی عەرەب ئیسلامەتییەکەتان هەردە مل کورداندا هێشتۆتەوە و بەس . وا دیارە خۆتان باوەڕتان پێی نییە وهەربۆوەی سواری ملمان بن بە ئەستۆی ئێمەتاندا هێناوە؟! خۆ دیاریشە کە لە سایەی ئیسلامڕا چاکترتان توانیوە خۆتانمان بە سەردا بسەپێنن.

ئەو بلیمەتە پسپۆڕەی کوردی کورد پەرەوەرە کاتێک کە دەچێتە میسرێ و ماوەیەکی زۆر لەوێ دەمێنێتەوە و خەریکی و لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنی مەلاکانی میسرێ دەبێ کەس نابی وی ناهێنێ و هەر کەس وتوویژی لەگەڵ دەکا زوو بۆڕی دەدا و بە چۆکیدا دێنێ و ناچاری دەکا ددان بە گەورەیی و زانایی ماموستا و هەژاری و ستەم لێکراوی گەلی کوردا بێنێ.

کاتێ دێتەوە نیشتمان و زێدە خوشەویستەکەی لەبارەی مەلاکانی میسرێ لێی دەپرسن و دەڵێن ئەرێ ئەوان بە رێژە (نسبت)ی تۆ چۆنن؟ ئەویش دەفەرموێ لە میسرێ تەنیا دوو مەلای لێ بوو و بەس، ئەوانی تر هیچیان بۆوەی نابن کە تەمای مەلایەتیت پێ هەبن.

٢ـ دەڵێن جارێکی کابرایەکی دز ماڵێکی زۆری لە نەختینە و زێڕو زیوەر لە ماڵێ مامۆستا دزیبوو. زۆریان هەوڵ دا تا سۆراخیان کردو زانیان کە کێ دزیویەتی. دزیان گرت و هێنایانە مەیدانێ و تەواوی شتەکانیان پێ هێنانە دەرێ و لە مەیدانێ داینان. خەڵک نەیاندەزانی داخوا مامۆستا چ فەرمانێکی دەردەکا. دەیانگوت رەنگە لانی کەم بە پێی دەستووری قورئانی پیرۆز دەستوور بفەرمێ کە دەستی ببڕن. بەڵام ئەو بەڕێزە زۆر لەوەی دڵاوا و دڵۆوانتر بووە کە تۆڵە لەو کەسەی بکاتەوە کە خەراپەی لەگەڵ کردووە. جا هەر بۆیە فەرمووی: رۆڵە ئەوا بەخشیمی و ئەو پووڵ و زێڕانەشم هەموو دایەوە بە خۆت و بە گەردن ئازایی بۆ خۆت بن بەو مەرجە چی دیکە دزییە نەکەیەوە.

٣ـ دەڵێن جارێک حاجییەک جووتە کەوشێکی لە مەککەی‌ڕا بۆ مامۆستا هێنابوو بە یادگار و پێشکەشی کردبوو. رۆژێکی لە مزگەوتێ کە خەڵکێکی زۆری لێ دەبێ و کەوش دیتنەوە بڕێک بە زەحمەت دەبێ مامۆستا کە هەڵدەستێ بڕوا دەڵێن کەوشی مامۆستای بێنن حاجیش دەڵێ جێم کەن ئەمن کەوشی مامۆستای دەناسم. مامۆستا کە گوێی لەو قسەی دەبێ راناوەستێ کە کەوشەکانی بۆ بێنن یەکسەر بە پێخواسی لێی دەدا و دەڕواتەوە. بەو شێوە نیشان دەدا کە هەم خۆی پیاوێکی بێمنەتە و هەمیش کەسێک کە چاکەیەکی کرد نابێ بە هیچ جۆرێک بە سەر چاوی کابرایدا داتەوە و پیاوەتییەکەی بەبادا.

خـوای گەورەش لەو بـارەوە دەفەرمـوێ: (یـا ایهـا الـذین آمنـوا لاتبطلــوا صــدقاتکم بــالمن و الاذی) ئەی باوەڕدارەکـان چــاکە و خێرەکانتان بە منەت دان و ئازاردانی ئەو کەسە کە چاکەتان لەگەڵ کردووە بەتاڵ مەکەنەوە و بێنرخی مەکەم

٤ــ دەڵــێن مامۆسـتا دەیفەرمـوو سـەرەڕای ئەوە کە بەرژەوەنـدی ئیسلام و پێغەمـبەر(لەوەدا بـوو کە پێغەمـبەرﷺ نەخوێنـدەوار بـێ هەردووکیـان قازانجیـان کـرد کە ئەو هەنتەشـە نەخوێنـدەوار بـوو. چونکە خوێنـدەواری ئەو سـەردەمی عەرەبـان بریتـی بـوو لە بڕێـک ئەفسانە و بەیت و باو و هێندک هۆنراوەی هۆنەرە بێباوەڕەکـان و خۆ ئەوەش شایانی شانی پێغەمبەرﷺ نەبووە.

منیش دەڵێم مامۆستاش و گەلی کوردیش و ئیـسلامی پیـرۆزیش زیانیان کرد کە مامۆستا لەو دەورانیـدا بـوو، چـونکە ئەو ئەوەنـدە لە پـێش خەڵـکەکەوە بـوو کە ئێـستاش تەنـانەت زۆر مـاوە خەڵـک بتـوانن بە تەواوی لە مەبەسـتەکانی مامۆسـتا حـاڵی بـن و بتـوانن قەبووڵی بیر و باوەڕ و روانگە و راکانی وی بکەن!!
من هیچ گومانم لەوەدا نییە کە پاشی چەند ساڵێکی دیکە کاتێـک کە خەڵک دەگەن بە پـایەیەکی بەرزی زانیـاری و رزگـاری و ئـازادی هەمـوو کەس بـۆی دەردەکەوێ کە مامۆسـتا بەڕاسـتی موسـڵمانێکی راستەقینەی کـوردی ئـازادی خـوازی نەبەز و تێکۆشـەر و دڵـسۆز و راستەقینەوێژ بووە و جگە لە خێـر و خۆشـی خەڵـک و راگەیانـدنی ئیسلامی راستەقینە هیچ شتێکی دیکەی مەبەست نەبووە.

٥ــ دەڵــێن جــارێکی مامۆسـتا لە وتــاری هەینیـدا رووی کـردە خەڵکەکە و فەرمووی برایان ئەوڕۆ لەگەڵ جوولەکەیەک سەودایەکم کردبوو!! لە حاجیم دابوونێ بە جـوولەکەیەکی بەڵام لە بەدشانـسی

لێم پەشیمان بۆوە و لەگەڵی نەکردم دەنا بێگومان دەستیم لەبنیڕا بڕیبوو!!

ڕەنگە ئەو قسە زۆر کەس خۆشیان لێی نەیەت و تەنانەت تانەش لە مامۆستا بدەن و بڵێن جا چۆن پیاوێکی ئاوا دەبێ قسەی ئاوا بکا؟ بەڵام ئەگەر کەمێک لێی ورد ببینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە مامۆستای بەڕێز لەو فەرموودەی خۆیدا چۆن تانە لە موسڵمانان دەدا و بە تووڕەییەوە ئامۆژگارییان دەکا! ئەو دەڵێ باشترین و هەڵبژاردەترینی موسڵمانان حاجییەکانن و ئەوانیش بە داخەوە لە بەر خەراپیان دەبێ دە کەسیان بدەی بە جوولەکەیەک و ئەویش لێت پەشیمان دەبنەوە!!

ساڵێکی من خۆم لە شاری پیرانشارێ فەقێ بوم کابرایەکی ددانسازی لێ بوو بە نێوی "ئەندەڕانیک" منیش ددانم وەژان هات و چوومە لای و بۆی کێشام. ئەو کابرایە خۆی فەلە بوو هەواداری هەنتەشی عیسای بەڕێز. لەوەیڕا وردە وردە خۆم لێ نێزیک کردەوە و لە دڵی خۆمدا دەمگوت پێغەمبەر(فەرموویەتی ئەگەر خودا یەک کەس بە هۆی تۆوە بێنێتە سەر ڕێی ڕەدایە بۆ تۆ چاکترە لە جیهان و لە هەرچی لە جیهاندایە، کەوایە با ئەو کابرایەی ڕێنوێنی بکەم بەڵکە خودای گەورە ئەو شانازییەم پێ ببەخشێ.

بەڵێ زۆر ڕۆژان دەچوومە لای و قسەم بۆ دەکرد و ئامۆژگاریم دەکرد و بانگم دەکرد بۆ ئیسلام و موسڵمان بوون و ئەوەی دەمزانی پێم دەگوت. خوا هەڵناگرێ زۆر چاکی گوێ بۆ رادەگرتم. بەڵام هەموو جارێ وڵامی ئەوەبوو کە موسڵمانەتی ئەگەر وەک فلان حاجی و فیسار مەلا و ئەم و ئەو بێ بە کەڵک نایەت و هیچ نییە و فەلەییەکەی خۆم زۆر چاکترە و قەت بەوەی ناگۆڕمەوە. خۆ ئەگەر

وەکوو قورئانیش دەڵێ و وەک پیاوانی موسڵمانی راستەقینەی سەرەتای ئیسلام بێ زۆر باشە بەڵام من هەرگیز لە دەستم نایەت.

٦ـ دەڵێن مامۆستا کتێبێکی هەیە بە نێوی (قەل فڕی و قەلەڕەشەی لە جێ) کە بارەی ئەوەیدا دایناوە لە شێخێک دەمرێ و کوڕەکەی یا کەسێکی دیکەی خزمی لە جێی وی دادەنێن.

بەڕاستی ئەوەشی زۆر پڕمانا و تویێدارە و گەلێک جوان و بەجێیە. من ئەو کتێبەم نەدیوە، بەڵام لە نێوەکەیڕا دیارە کە نێوەرۆکەکەی خاوەن مەزە و پڕ نێوەرۆک بێ و وێدەچێ بە فێڵ و فووتی شێخە فێڵاوییەکان بۆ ئەوەی کەس دەستی وێی رانەگا و فێڵی وانیش ئاشکرا نەبێ لە بەین برابێ، بۆیە لە هیچ جێیەک دەس ناکەوێ. زۆر نێزیکە وەک کتێبەکە ڕێزدار شێخ مارفی نۆدێی کە دژی مەولانا خالیدی نووسیویەتی لە لایەن ئەو دام و دەزگایەوە لەناو برابێ.

هەروەها لەبارەی هەنتەشی مووسادا دەڵێن دەیفەرموو خوا بۆیە لە ماڵی فیرعەوندا بە بەخێو کردنی دا هەتا بەخیرەت بێ و وەکوو جوولەکەکان ترسەنۆک نەبێ و بێگومان ئەگەر لەوێشدا بەخێو نەکرابا و گەورە نەبووبا ئاوا بەخیرەت و نەترس نەدەبوو. هەروەها بۆ ئەوەش بە چاکی لە فێڵ و رامیارییەکانی فیرعەونی حاڵی بێ.

٧ـ دەڵێن جارێکی لەگەڵ یەک دوو کەس لە فەقێکانی خۆی بە نێو رەز و باخی خۆیاندا دەگەڕا و کە سەری هەڵێنا دارێک، کە مێوێکی ترێ سپی لە سەر دەبێ و زۆری ترێ پێوە دەبێ، ئەودەم بەو فەقێیانە دەڵێ بڵێن با فەقێکان بەشی خۆیان لەو سپیلکەیە بکەنەوە (سپیلکە: داری ترێ سپی کە لە سەر داری تر بێ).

فەقێکانیش یەکیان دەگەڕێتەوە بۆ حوجرەی و بەوانی دیکە دەڵێ. بەڵێ فەقێ دێن و بە تەواوی میوەکە دەڕنن و هیچی پێوە ناهێڵن. لەو سەری کە مامۆستا لەگەڵ فەقێکەی دیکە دەگەڕێتەوە تەماشا دەکا دارە مێوەکە هیچی پێوە نەماوە. دەڵێ خەتای خۆم بوو ئەگەر گوتبام هەموو بۆخۆتان بێ ئاوایان لێ نەدەکرد.

دەڵێ فەقێیەک چوو لای حاجییەک و گوتی ئەو جستانە لێفەیەکم وێدە بە ئەمانەت، ماڵمان دوورە و هیچ نوێن و پێخەفێکیشم نییە. حاجیش لێفەیەکی زۆر باش و تازەی بۆ برد و وێی دا، تا بەهارێ فەقێ لێفەکەی لە کەڵک و کەرەم کرد و بەهارێ بە شڕۆڵەیی بۆی بردەوە و گوتی حاجی ماڵت ئاوەدان بێ و خوا خێرت بنووسێ. دەمهەوێ لێرە بڕۆم و ئەوە لێفەکەت.

حاجیش دەڵێ: جا خۆ فەقێ من بۆیەم نەدابوویەی بۆم بێنییەوە ئێستا بۆ هێناوتەوە؟ فەقێش دەڵێ: ئەی ماڵت خەرا نەبێ بۆ ئەو دەمی نەتگوت هەر بۆ خۆت بێ، وەڵلاهی ئاوام لێ نەدەکرد.

٨ـ مامۆستای کۆیی هەروەک پیاوێکی زۆر زیرەک و وریا بووە و زۆریش قسەزان و تێگەیشتوو و حازر جواب بووە و زۆر بە چاکی توانیویەتی ئەو کەسەی کە لە ئاقارێڕا هاتووە بۆڕی بدات و کڕ و ماتی بکات.

دەگێڕنەوە جارێک "کەفتانکوک" کە سەرلەشکرێکی گەورەی ئینگلیزی بوو لە کاتێکدا کە مامۆستا لە دادگایەک دەبێ دێتە لای و مامۆستاش لەبەری هەڵناستێ. ئەویش زۆری پێ ناخۆش دەبێ و پێی دەڵێ مەلا تۆ بۆچی لەبەر من هەڵناستی؟ مامۆستاش فەرمووی: چونکە لە تۆ گەورەتر لێرەیە کە قورئانە.

کەفتانکوک دەیهەوێ بە جۆرێک مامۆستا بشکێنێ و بەو جۆرە تۆڵەی لێ بکاتەوە و بە جارێک وردی بکا. جا هەر بۆیە پێی دەڵێ مەلا راستە دەڵێن قورئان تەڕ و وشکی تێدایە؟

ئەویش خێرا دەفەرموێ: بەڵێ ئەوە نییە دەفەرموێ (و لا رطب و لا يابس إلاّ فى كتاب مبين) ئەمجا کەفتانکوک دەڵێ: مامۆستا پێغەمبەر لە شەوی بەرز بوونەوە (معراج)دا بە کوێدا چوو بۆ ئاسمانان؟ خۆ هیچ رێگەیەکی لێ نییە؟

مامۆستاش دەفەرموێ: هەنتەشی عیسا بە کوێدا چوو هەنتەشی محەمەدیش هەر بەوێدا رۆیی.

کەفتانکوک دەڵێ: جا کە دەڵێن هەموو شتێک لە قورئانێدا هەیە، ئێستا کە وا من لێرە راوەستاوم ئەوەشی تێدایە؟

مامۆستاش دەفەرموێ: بەڵێ ئەوە نییە دەفەرموێ (و ترکوک قائما).

کەفتانکوک دەڵێ: دوو کەس لە جێیەک بن یەکیان نوستوو بێ و یەکیشیان بێدار بێ، من سڵاو لە کامیان بکەم؟

مامۆستا دەفەرموێ: لەوی نوستووە، چونکە بێدارەکە نیگەهبانی نوستووەکەیە و لە یاسای سوپاییشدا نیگەهبان نابێ قسە لەگەڵ هیچ کەس بکا جگە لە ئیست دان و راگرتن.

ئەمجا کەفتانکوک دەڵێ: مەلا لەورۆ بەولاوە هەر کارێکت بە من بێ لە خزمەتت دام.

مامۆستاش دەڵێ: هیچ کارێکم بە تۆ نابێ.

دەڵێن جارێکی یەکێک لە زانایانی سروشتی هاوچەرخی مەلای گەورە هاتە لای مامۆستا بۆ باس و وتوویژو باسێکی زۆریان کرد و کابرا لە هەموو باسەکانیدا بۆڕی دەخوارد و ناچار بە تەسلیم

دەبوو و هیچی پێ نەما و ناچار هاتە سەر ئەوە، کە گوتی: جەنابی مامۆستا قورئان زۆر کێتێبێکی بەرزو بەهێز و جوانە، بەڵام نەنگێکی گەورەی هەیە، کە ناکرێ چاوی لێ بقووچێنرێت و ئەویش ئەوەیە، کە هیچ نەزم و تەرتیبێکی نییە و هەروا شتێکی تێکەڵ پێکەڵ و بێڕێسایە!!

مامۆستاش لە وەڵاما دەفەرموێ: بەڵێ بەڵێ لە پێشتریشدا زۆر کەس ئەو شەکرانەی شکاندووە و ئەو فەرمایشتانەی فەرمووە. بەڵام مەگەر ئێوە نازانن، کە نەزم و تەرتیب و ڕێسامەندی تایبەتی شتە وەدیهاتووەکانە (حادثات)؟ و هەرگیز لەگەڵ شتی کۆن (قدیم)دا بۆز ناخوات.

٩ـ جارێک مامۆستا لە حوجرەی وانەوێژییەکی خۆیدا خەریکی وانە گوتنەوە دەبێ و فەقێکان دەورەی لێ دەدەن. لەو کاتەدا کابرایەکی عەرەبی ڕووتەڵەی نەناسراو دێتە ژوورێ، کە هەر دەتگوت بە شێوەیەکی تایبەتی و بۆ مەبەستێکی تایبەتی خۆی گۆڕیبو و وەک ئەوەی دەچوو، کە بیهەوێ هیچ کەس نەیناسێ و بە مەبەستی خۆشی کە هەر دەتگوت تاقی کردنەوەی مەلای گەورە بووە بکات.

جا لەو کاتەدا مامۆستا، کە سەرگەرمی وانە گوتن و شی کردنەوەی وانەی فەقێیان دەبێ، هەر دەسبەجێ ڕاڤە و ڕوون کردنەوەکانی لە کوردییەوە دەگۆڕێ و دەیکاتە عەرەبی و مەبەستەکانی بە زمانی عەرەبی لە سەر وانەکە هەڵدەڕێژێ و دەڵێ خۆزگە هەر ئێستا مەلای تەنتاوی لێرەبایە تا لە وانە گوتن و ڕاڤەو ڕوون کردنەوەکانی من کەڵکی وەرگرتبایە و بۆ خۆی گەلێک شتم لێ فێر بایە.

پاشــان دوای تەواو بــوونی وانەکە و ڕۆیــشتنی عەرەبە رووتە فەقێکان لێی دەپرسن کە ئەورۆ بۆچی لە نێوەڕاستی وانەکەدا راڤەو روون کردنەوەکەت کرد بە عەرەبی؟

ئەویش دەفەرموێ: لەو کاتەدا بە دڵمدا هات، کە ئەو کابرایە مەلای تەنتاوییە و بۆ تاقیکاری و لێ حاڵی بوونی من هاتووە و ئیتر منیش هەر بۆیە ئەو قسەم پێ گوت.
جا دەڵێن جەنابی تەنتاویش ئەو مەبەستەی لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا نووسیوە و تۆماری کردووە، بەڵام من نەمدیوە.

١٠ـ دەڵێن جارێکی لاوێکی کوڕی دیمەن کچانەی لاو و لووسیکەر ئەو تاکە هۆنراوەی خۆی بۆ دەخوێنێتەوە کە دەڵێ:

به ڕیـــشی پـــان و پرچـــی پـــڕ لە ئەســـپێ
بنـــاخەی کـــاری کـــوردان چـــۆن دەچەســـپێ؟

کە مەبەستی تانە و تەشەردان لە مامۆستا دەبێ. ئەویش خێرا رووی تێدەکا و دەفەرموێ:

به کـــــولمی ســــوور و پرچـــــی ژنـــــانە
تـــــۆ رزگـــــار دەکەی ئەو کوردســـــتانە؟

ژیانی پڕ لە ژانی مامۆستا

بەهەشتی مەلای کۆیی لە ساڵی ١٢٩٣ کوچی مانگیدا هاتۆتە جیهان و لەو شارە جوانکیلانەی کۆیە بۆ یەکەم جار دیمەنی دڵڕفێنی خاکی پاکی کوردستانی بە چاوە بێدار و خەو لێنەکەوتووەکانی خۆی دیتووە و هەوای زور خۆشی ئەو هەرێمەی هەڵمژیوە و بە گیان و ژیری و هەست و ویژدانی خۆی ژیانی ژاناوی هاوڕەگەزەکانی خۆی دیتووە و هەستی پێ کردووە. ئەگەرچی ژیواری خۆی و بنەماڵەی خۆی تا ئەندازەیەک لە ژیواری نالەباری خەڵکی کوردەواری باشتر بووە بەڵام بۆ حاڵی تاڵی کۆمەڵی کوردەواری وەک شەم سووتاوە و وەک مەنجەڵ کوڵیوە و وەک بولبوڵ خوێندوویەتی. هەناسەی بۆسۆداری پڕ لە بڵێسەی هەڵکێشاوە و ئاوری خەفەت و خەم و پەژارە لە دەروونیدا ئایساوە.

ئیتر گیوی موکریانی گوتەنی: ئەو زانا گەورە و بلیمەت و هەڵکەوتووە بە مێشکێکی رووناک و گیانێکی پاک و ئازادی پەرەستانەوە کەوتە ناو کۆمەڵێکی نەخوێندەوارو دیل و ژێردەست و رێ لێ‌گۆڕاو. کۆمەڵێکی خۆخۆری بێگانە پەرەستی حەفتا رەنگ. کۆمەڵێکی کە لە ترسی جرجاڵی دەلەرزی و بە ئومێدی هاتنە خواری عیسا و دەرکەوتنی مەهدی دەگەشایەوە و دەستی بۆ هیچ کار و پیشەیەکی نەدەچوو. کۆمەڵێکی کە پشتی لە مەلا و مزگەوتی خودا و رووی لە شێخ و شەیتان و تەکیە و خانەقا کردبوو.

ئەویش بەو هەموو زانیاری و ئەویندارى و خودا پەرستییەوە لە بەرامبەر ئەو هەموو کارەساتە بێ‌جێیانە خۆی پێ رانەگیرا و

نەیتوانی چاویان لێ بپۆشێ و قۆڵی مەردانەی لێ هەڵماڵین و بە پێچەوانەی هەموو جۆرە ناکۆکی و ناڕێکی و ناڕەوایی و لەگەڵ هەبوونی ئەو هەموو کۆلکە مەلا و گەندەڵە شێخ و لەتکە خەلیفە ش بە بێ کۆڵ دان راوەستا و بەربەرەکانی کردن.

هەروەها مامۆستا گیو سەبارەت بەو کەڵە پیاوە دەنووسێ و دەفەرموێ: (زانای دڵسۆز و نەبەز بە بێگومان لە هەستی پاکی حاجی قادری برادەری باوکی بەهرەوەر بووە بەڵام تا ساڵی ١٩٢٣ بە کردەوە و وتووێژ تەنها خەریکی بەربەرەکانێتی شێخ و تەکیە و خانەقا و کۆڵکە مەلایان بووە چونکە زۆر رقی لەوانە بووە کە ئایینی دەشێوێنن و لە پەنای ئایینی پاکی ئیسلامدا کارانی بێجێ و ناڕەوا دەکەن و هەژاران دەڕووتێننەوە، بەو هۆیە و چەند هۆیەکی ترەوە زۆر نەپرژابووە سەر ئەوەی کە ئاوڕێکی تەواو لە نیشتمانە دابەش کراوەکەی خۆی بداتەوە)

بابا مەردۆخی رۆحانی "شیوا" لە بەرگی ٢، تاریخ مشاهیر کرد، لاپەڕەکانی ٢٥٧ و ٢٥٨ کە باسی مامۆستا دەکا دەڵێ ئەو لە ساڵی ١٢٩٧ کۆچی مانگیدا لە دایک بووە) و بەو پێیەش چوار ساڵ لە تەمەنی پڕبایەخی مامۆستا کەم دەکاتەوە.

بەهەر حاڵ ئەو پیاوە بەڕێز و زیرەکە لە ژێر میهر و دڵسوزی باوکی بەڕێزی حاجی مەلا عەبدوڵلادا پێگەیی و لە ماوەیەکی کەمدا توانی ئیجازەی مەلایەتی وەربگرێ. ئەوەندە فەقێیەکی زرینگ و ئازا و تێکۆشەربوو کە بەو کەم تەمەنییەش فەقێکانی ئاواڵ و هاوپۆلی خۆی بەجێ هێشت و وە پێش هەموویان کەوتەوە و ئەو رێگەی کە فەقێکان بە دە دوازدە ساڵ دەیبڕن بە شەش حەوت ساڵ بڕی. زۆر زوو بوو بە مەلایەکی بلیمەت و زانایەکی زۆرزان و

ڕامیارێکی ڕاماو و هۆشیارێکی داماو و دڵسۆزێکی خەمخۆری کورد و کوردستان و ئایینی پیرۆی ئیسلام.

مامۆستا مەلای عەبدوڵلای بابی، ئەوی لە جێی خۆی دانا و هەموو کارەکانی مەلایەتی و مزگەوت و فێرگەی حەواڵە بەوی کردن. ئەویش لێهاتوویەکی وەهای لە خۆی نیشان دا، لەو چاخی مێرمنداڵیدا بوو بە یەکەم وانەوێژی گەورە و لێهاتوو و پێشنوێژی هەینی شاری کۆیە.

لە ساڵی ١٣٢٦ کۆچی، کە باوکی کۆچی دوایی کرد بە هۆی لێوەشاوەیی خۆی هێندەی دیکەش گەورە بوو کردیان بە سەرۆکی زانایان (رئیس العلما) و هەروەها ساڵی ١٣٣٩ کۆچی بوو بەقازی و پێشەوای شاری کۆیە و هەموو مەلاکانی شار ڕێزیان بۆ دادەنا و دەستووریان لێ وەردەگرت و فەرمانیان ئەنجام دەدا.

لەوەش بە پێشەوە لە ساڵی ١٩١٢ زایینیدا بە روو لێنانێکی زۆری دەوڵەت بوو بە مفتی شاری کۆیە و لە ساڵی ١٩٢٤ زایینیدا بوو بە ئەندامی جڤاتی دامەزراندنی عێراق (مجلس التأسیس العراقی) و لەو کاتەدا کە پلە و پایەیەکی جیهانیشی دەسکەوت وەک زۆر لە پیاوە سپڵە و بێئەمەگەکان، گەل و نیشتمانە دواکەوتووەکەی خۆی لە بیر نەچۆوە و فەرامۆشی نەکرد و ئەوپەڕی هەوڵ و تەقەلای بۆ خزمەت و ڕاژەی زێد و هاوڕەگەزەکانی خۆی دا و هەرچەندی بۆی لوا خزمەتی کرد ـ خوای گەورە پاداشی باشی بداتەوە ـ.

لە دوای ئەوەش چەند جاران بە نوێنەری کۆڕی عێراقی هەڵبژێردرا و لە ساڵی ١٩٢٨ز. واتا ١٣٤٧ک. وازی لە تەواوی کاروباری دەوڵەتی هێنا و دەستی لە هەموو پیشەیەکی رەسمی

کێـــشاوەتەوە و بایداوەتەوەســـەر وانەوێـــژی و مەلایەتـــی و نووسینەکەی پێشووی خۆی دەس پێ کردۆتەوە.

مامۆستای بەرێزمان هەوەڵ و ئاخیری تەمەنی پڕبایەخی خۆی بە مەلایەتی، واتا پیرۆزترین پیشەی جیهانەوە رابوارد. بە هەموو توانـای خـۆی تێکۆشـاوە بـۆ ئەوەی، کە مەلاکـان بەتـایبەتی و گەلەکەی خۆی بە گشتی لە رەزیلی و زەبوونی و بەدبەختـی رزگار بکـات و لە زەلکـاوی نەزانـی و دواکەوتـوویی دەریـانبهێنێ. تـا سـەرەنجام ئەویـش وەک هەزاران هەزار خەمخـۆری دیـکەی گەلـی لێقەوماوی کورد سەری ناهومێدی ناوەتەوە و ئەو هەموو ئـاوات و ئامانجە بەرزانەی بردۆتە بن گڵـی و لە یەکەمـی خەزەڵـوەری ١٣٦٢ ک و ١٩٤٣ز چـاوە زیـت و وریاکـانی لە سـەر یەک دانـاون و بە داخەوە هەڵینەهێناونەوە و ئیتر ئەو ئەستێرە پڕشنگدارەی ئاسمانی هیوای ئایینی پیرۆزی ئیسلام و کورد و کوردستان بە یەکجاری ئاوا بووە.

بەڵام ئەگەرچی ئەو خۆی رۆییشت و وڵاتی کوردەواری بە رواڵەت بەجـێ هێـشتووە و مـاڵاوایی لە زێد و گەل و ئامـانجە بەرزەکـانی کــردوە بەڵام نێــو و نێوبــانگی بەرز و پیــرۆزی و شــوێنەوار و پاشـەوارە بەنـرخ و بایەخـدارەکانی بە درێژایـی تەمەنـی کـوردی موسڵمان دەمێننەوە.

بێگومان هەتا کوردێک لە کوردستان بمێنێ و ئایینی پیـرۆزی لە وڵاتـی کوردەواریـدا پـایەدار بـێ، پەنـد و ئامۆژگـاری و نووسـراوە بەنـــرخ و یادگـــارە جوانەکـــانی لە دوای خـــۆی هەر یەکەی ئەسـتێرەیەکی تیـشکەپڕژێن و چرایەکـی هەڵگیرسـاوە و لە زێـد و نیـشتمانەدا و ئیتـر تـا کوردێـک لە دنیـادا مـابێ جێـی خـۆیەتی کە نێوبانگی مامۆستای کۆیی بەرز و بەرزتر رادەگرێ و یـادی دەکـا و

لە هەموو نزا و پاڕانەوەیەکی خێر بێبەشی ناکات و گرینگتر لە هەموو شت تێدەکۆشێ بۆ بڵاو کردنەوەی نووسراوەکانی.

جا هەر بۆیە من بە دڵێکی بریندار و سۆزێکی زۆری دەروونەوە و بە پەرۆشی و پەژارەی زۆرەوە رووی تێدەکەم و گیانی پاکی ئەو ئەدوێنم و دەڵێم:

بۆ مەلای کویی

ئەی ئەستێرەی پڕشنگدار
ئەی کوردی خۆشی نەدیو
ژین تاڵ و تووش و دژوار
ئەی دڵسۆزی کوردستان
گەلێکت زەحمەت کێشا
زۆر زۆرت چاشت پەژارە
رابەرێکی رێزان بووی
ئیسلامناسی ئەو دەورە
دژی پڕوپووچ پەرستی
بە گش هێز و توانینت
زۆر تێکۆشای مەردانە
بەڵام حەیف مامۆستا
نەیانزانی کە تۆ کێی
تۆ کە رۆژی ولاتی
تۆ هەیاسی دوڕناسی
سەد خۆزگە ئێستا هەبای
تۆ مەردی تێکۆشەر بووی

نەیاری زۆرداران بووی
دژی ملهوڕ و بەدکار
بە هۆشیاری و ئازایی
کێ بە قەد تۆ ئازا بوو
کێ وەکوو تۆ بوو بە کار
لەم زێد و نیشتمانە
لەنێو هەموو کوردانەدا
هەبان چەند مەردی وەک تۆ
گەلی بێدەرفەت و هەل
دەیگرت ڕێگەی خەباتی
هەرچەندە یەک دنیا بووی
تۆ مەردی تێکۆشەر بووی
بۆیە بە داخە دڵم
تۆ بەو هەموو ئاواتە
وا بە ناکامی مردی
وا منیش لەسەر ڕێی تۆم
ئەی مامۆستای بەڕێزم
دڵسۆزی کوردەواری
گورزی پەیڕەوی تۆیە
گەلی ئێمە هەزارە
کاریشی بۆ نەکراوە
پێویستی بە رابەرە
بۆ ئەوەی گەل سەرکەوێ
زۆریش کەمن ئی وەک تۆ

ئەی مەلای دڵ برینـــــــــــــــدار
لە نـــــــاو بەدبەختییــــــــا ژیـــــو
نەســــــــاوە و مانـــــــــدوو و پرکـــــــار
پێـــــــشەوای دڵ بەهەســـــــتان
گیـــــان و مێـــــشک و دڵـــــت ئێـــــشا
بـــــــــۆ ئەو کـــــــــوردە هەژارە
دڵـــــــسۆزێکی کـــــــوردان بـــــــووی
تـــــۆ بـــــووی مامۆســــــتای گەورە
دژی نـــــــــــارەوا و پەســـــــــتی
بە هەســــــــــت و بە زانینــــــــت
پیــــــــاوانە هەم کـــــــــــوردانە
کـــــورد نەیناســــــی تـــــا ئێـــــستا
لە ســـــەر کـــــام رێبـــــاز و رێـــــی
ئەی داخەکەم زوو هـــــــــــــــاتی
ئەودەم تۆیـــــــــان نەناســـــــی
کـــــــوردگەل یــــــــــارمەتی دەدای
لە ســـــەر رێـــــی پێغەمـــــبەر بـــــووی
رێنـــــــــوێنی هەژاران بـــــــــووی
ســـــــــتەمکاری بە ئــــــــــازار
کــــــــردت خەبــــــاتی خـــــوایی
کـــــێ وەک تـــــۆ بـــــێپەروا بـــــوو؟
کـــــێ بە قەد تـــــۆ بـــــوو هۆشـــــیار؟
لە گـــــــش ئەو کوردســــــــــتانە
لە ئەم بەشـــــــــەی جیهانـــــــــدا

کـــــوردگەل دەبـــــوون ســـــەربەخۆ
ســــــــەردەکەوت لە ســـــــەر کەل
دەشگەییـــــــــــشت بە ئـــــــــاواتی
ئەی داخەکەم تەنیـــــــا بـــــــووی
کـــــوردی پـــــاک و رابەر بـــــووی
وەک مەنجەڵـــــــــێ دەکـــــــوڵم
بـــــــــــــــۆ ئەم گەل و وڵاتە
بەختـــــــت یـــــــاری نەکـــــــردی
هەروەکـــــوو تـــــۆ رەنـــــجەڕۆم
مەلای بەتوانـــــــا و هێـــــــزم
ژیـــــــای بە ژینـــــــی هەژاری
وەکـــــوو تـــــۆ دڵ بە ســـــۆیە
زۆر ئاتـــــــاجی بە کـــــــارە
چـــــی پێویـــــستە هەر مـــــاوە
بە زانـــــــست و هـــــــونەرە
چەنـــــد مەردێ وەک تـــــۆی دەوێ
بـــــۆیە دڵـــــم هـــــاتۆتە ســـــۆ

وتوویژ لەگەڵ یەکێک لە فەقێکانی مامۆستا

زۆرم هەوڵ دا، کە بچمە خزمەت چەند کەس لە فەقێکانی مامۆستای و بە درێژی قسەیان سەبارەت بەو کەڵە پیاوە کوردە لێ پرسم و وتوویژیان لەگەڵ کەم. بەڵام بە داخەوە بۆم نەلوا و سەرکەوتوو نەبووم و تەنیا توانیم بە خزمەت یەکێک لە فەقێ بەڕێزەکانی وی بگەم و وتوویژی لەگەڵ بکەم. بەڵام ئەویش بە داخەوە لەبەر پیری و نەخۆشی حەوسەلەی زۆر نەمابوو منیش نەمویست زۆری زەحمەت بدەم.

بەڕێز مامۆستا مەلا محەمەدی بارزانی دانیشتووی شاری شنۆ کاتێ کە بە تەلەفون عەرزم کرد کە دەمهەوێ بێمە خزمەتتان و سەبارەت بە مامۆستای کۆیی پرسیارگەلێکت لێ بکەم و زانیاری پێویستمان پێ بدەی و وەڵاممان بدەیەوە، فەرمووی: زۆرم پێ خوشە و هەرچی بیزانم پێت دەڵێم. بەڵام مامۆستا بارزانی بەڕێز لە بەر ئەوەی کە زۆر لە چاخی فەقێیەتییەکەی لە خزمەت مامۆستا کۆیی دوور کەوتبۆوە و پتر لە ٨٠ ساڵ دەبوو کە لە خزمەتی نەمابوو، هەروەها هیچ کاتێکیش چاوەڕوانی ئەوە نەببوو کە کەسێک ئاوا بێت و لەبارەی مامۆستایەکی خۆیدا لێی بپرسێ زۆر شتی لە بیر نەمابوو.

بەهەر حاڵ مامۆستا مەلا محەمەدی بارزانی پیاوێکی زۆر پیرۆز و مەلایەکی کوردی زۆر موسڵمان و خاوەن باوەڕە و ئیتر ئەوەش وتوویژێکی کە لە گەڵ ئەو بەڕێزەدا کردوومە. ئەوەش بڵێین ئەو مامۆستایە کە ئێستا لە شاری شنۆیە دەژی تەمەنی لە نێزیکەی نەوەد ساڵیدایە و ئەگەرچی زۆر بێهێز و چیلازە بەڵام زۆر پاک و خاوێن و سەری حاڵە.

* مامۆستا ئایا بەڕێزتان لە خزمەت مامۆستای کۆییتان خوێندووە؟

بەڵێ لە خزمەتیم خوێندووە و فەقێی وی بووم.

*پرسیار: مامۆستای بەڕێز چەند جاران لە دەورانی فەقێیەتی خۆتاندا لە خزمت ئەو زانا گەورەی کورد بوون؟

وەڵام: من لە دەورانی فەقێیەتی خۆمدا دوو جاران لە حوجرەی ئەو بەڕێزەدا بووم، جارێکی بە سوختایەتی و جارێکیش بە موستەعیدایەتی.

* پرسیار: ئەو کاتی بە سوختایەتی چیت دەخوێند و لە خزمەت چ کەسێکی لە موستەعیدەکانی مامۆستات دەخوێند؟

وەڵام: ئەودەم کە سوختە بووم لە خزمەت مامۆستا مەلا عومەری ئاکرەیی و کتێبی قاضی لاری منطقم دەخوێند، مامۆستا مەلا عومەریش کتێبی رسالة الحسابی دەخوێند و زۆریشی هەوڵ دا کە عیلمی هەیئەت بخوێنێ بەڵام نازانم بۆچی مامۆستا پێی نەدەگوت.

* پرسیار: مامۆستا بەڕێزتان لەگەڵ چەند فەقێی دیکە لە حوجرەی مامۆستا کۆییدا بوون و مامۆستا بەتێکڕا چەند فەقێی هەبوون؟

وەڵام: مامۆستا خۆی ئەودەم پتر لەبیست فەقێی خۆی هەبوون و بێجگە لە فەقێکانی خۆشی چەن فەقێی مەلا بەهادینیشی کە تازە وەفاتی کربوو دەهاتنە خزمەتی و وانەیان دەخوێند و مامۆستا بە هەموویان رادەگەیی.

* پرسیار: شێوەی دەرس گوتنی مامۆستا چۆن بوو؟

وەڵام: مامۆستا لەو ماوەدا کە من لەوێ بووم ماوەیەکی زۆر کەم دەرسی تەک تەکی دەفەرموو بەڵام لە دواییدا کردی بە حەڵقە

چونکە فەقێکان ئەوەندە زۆر بوون کە نەدەکرا هەر کەسە بۆخۆی وانەیەکی بخوێنێ و ئیتر کەلاسی مامۆستا هەمیە ژمارەیەکی زۆری فەقێ تێدا بوون و دەتگوت ئامانجێکی زۆر بەرز و بڵیندی هەیە و خۆی بۆ دەکوتێ.

* گورژی: ئایا مامۆستا چ کتێبێکی زۆرتر دەگوتەوە؟

وەڵام: زۆرتر هەر کتێبەکانی سەرەوەی دەگوتەوە و ئەوانەی کەوا لە نێو فەقێیاندا لە ئاخرماندا دەخوێندرێن و فەقێکان زۆرتر بۆوەی دەهاتن لە خزمەتی دەورەیەکی ئامادەیی ببینن و دوا پلەی خوێندنیان تێپەڕ بکەن.

* گورژی: ئایا هەروەک مەلای دیکە وێژامەی کتێبی دەخوێندەوەو دوایی وشە بە وشە مانای لێدەداوە؟ یان جۆری وانە گوتنی وی تایبەت بە خۆی بوو؟

وەڵام: نەخێر، وەک مەلای دیکە وانەی نەدەفەرموو بەڵکە کاتێک دەهاتە سەر دەرسێ لەبەرخۆیەوە وێژامەی کتێبەکەی دەخوێندەوەو زۆر بە گورجی چاوێکی رێ دەخشاند و لە بن لێوان بۆ خۆی دەیخوێندنەوە و پاشان سەری هەڵدێنا و دەستی دەکرد بە وتارو کاکڵی مەبەستەکەی بۆ شاگردەکانی بە درێژی باس دەکرد. ئیتر قەت گوێی بە وێژامە و مێژامە نەدەدا. هەر شتێکی باسی لێ کردبایە لە پێشدا باسی دەکرد و بیروڕای زانایانی لەسەر دەگوت و بە جوانی شی دەکردەوە و توێنەوەیەکی باشی لەسەر ئەنجام دەدا و ئەمجا ئەگەر پێویست بایە بیروڕای خۆشی لەسەر دەردەبڕی و دەیفەرمووو منیش بیروڕام ئاوایە.

* گورژی: مام ۆ ستای بەڕێز مەلای کۆیی خوا لێی ڕ ازی بێ، چۆنی فەقێکان بەخێو دەکرد؟

وەڵام: مامۆستای کۆیی ئەو هەموو فەقێیانەی هەر لە سەرئەرکی خۆی و بە ماڵی خۆی بەخێو دەکرد، بەڵام ئەگەر کەسێک یارمەتی دابایین مامۆستا بەرگری نەدەکرد و خوا هەڵناگرێ خەڵکی شاری کۆیەش زۆریان یارمەتی دەداین. خودی بنەماڵەی مامۆستاش مەوقووفەی تایبەتی فەقێیانیان زۆر هەبوو ئەو مەوقووفانە جگەلە فەقێیان هیچ کەس مافی کەڵک لێ وەرگرتنیان نەبوو.

* گورژی: دەکرێ نێوی چەند کەس لە فەقێکانی مامۆستامان پێ بڵێی و بشفەرمووی کە زۆرتر چ جۆرەی فەقێیەکی رادەگرت؟

وەڵام: هێندێک لە وانەی کە لە بیرم ماون خۆم و مەلا ساڵحی پەسوێ و مەلا ئەبووبەکر و مەلا قاسم و مەلا محەمەدئەمین و مەلا تاهیرو مەلا مەعسووم ئەو فەقێیانەی کە دەهاتنە خزمەت مامۆستا زۆرتر کەسانێک بوون کە لە کۆتایی خوێندندا بوون یان تەنانەت دوای مەلایەتیش دەهاتنەوە و ماوەیەک لە لایان دەخوێند بۆ نموونە مەلا ساڵح ناوێک کە هەر ئەوەندەم لەبیرە دوای چەند ساڵێک تەدریس (وانە وتنەوە) فەقێ و فێرگەی بەجێ هێشتبوون و هاتبۆوە بۆ خوێندن و ماوەیەکی زۆری لە خزمەت مامۆستادا دەستی کردەوە بە خوێندن.

* گورژی: قوربان مامۆستا بێجگە لە شاری کۆیە لە چ جێیەکی دیکەش خزمەتی خۆی ئەنجام داوە،

وەڵام: من نەمزانیوە کە لە هیچ جێیەکی دیکە بووبێ و ئەوەندەی من دەزانم هەر لە کۆیە لانکە و بنکەی و قەڵاتی باب و باپیرانی خۆو هەر لە جێی وان و لە سەنگەری واندا ژیاوە و ئەرکی پڕ لە شانازی خۆی ئەنجام داوە و بە داکۆکی خەریک بووە.

* گورژی: ئایا مامۆستاش هەروەک هەموو مەلایەکی کوردستان بە بەرات و زەکات و بە بەدبەختی ژیاوە یان خۆی خاوەن مڵک و ماڵ و سامان بووە؟

وەڵام: بنەماڵەی جەلیزادەکان لە کۆیەدا یەکجار زۆر دەوڵەمەندو ساماندار بوون و مامۆستاش خۆی زور دەوڵەمەند بوو و ماڵ و مڵکێکی زۆریان هەبوو بەتایبەتی گوندێکیان هەبوو بە نێوی پێبازوک و لە چنارۆکیش باخ و رەزی زۆریان هەبوو و داهات و دەرامەتی هەموویانی بۆ دەهاتەوە.

* گورژی: قوربان پلە و پایەکانی میریی مامۆستا چۆن بوون؟ چ بەرپرسییەکی هەبوو؟

وەڵام: راستی ئەمن زۆرم ئاگا لەوەی نییە و هەر هێندە دەزانم کە ئەو بەڕێزە لە پێشدا قازی کۆیە بووە و دوایە وازی هێناوە بەڵام برایەکی بە نێوی شێخ نووری هەبوو کە موعەلیم و وانەوێژ بوو لە کاری دەوڵەتیدا واتا فێر کردن و بارهێنان کاری دەکرد.

* گورژی: مامۆستا لە بەغدایە نوێنەری گەلی کورد لە چ کۆڕێکدا بووە؟

وەڵام: نازانم و لەو بارەوە هیچ ئاگاداریم نییە.

* گورژی: لە دەورانی نوێنەرایەتی مامۆستادا چ خاڵێکی بەرچاوت لەبیرە؟

وەڵام: بە داخەوە لەو بارەوە هیچ نازانم.

* گورژی: مامۆستای بەڕێز چ قسە و یان کردەوەیەکی خۆش و جوانی مامۆستات لە بیرە؟ بۆمان باس بکە.

وەڵام: جارێک مامۆستا دەیفەرموو کابرای نەزان (جاهل)زەڕ و

زیانی تەنانەت بۆ دار و بەرد و شتی بێگیانیش هەیە لەو دەمەدا کابرایەکی نەزان لەوێ بوو و لە داخان مستێکی لە پەنجەرەکە راکێشا و شکاندی. مامۆستاش فەرمووی هەر ئەوە خۆی بەڵگەیەکی گەورەیە.

جارێکیش قازییەک لێی دەپرسێ و دەڵێ سوڵح چەند جۆری هەیە؟ ئەویش خێرا دەفەرموێ سێ: الصلح عن اقرار و عن انکار و عن... بێدەنگە دەکا و چی تر ناڵێ. قازیش دەڵێ قوربان بۆ ئەوی دیت نەفەرموو ئاخر ناڵێی سێ جۆرە. مەلایەکیش لەوێ دەبێ و دەڵێ چۆن ئەوە نییە فەرموویەتی بێدەنگە کردنەکەی بە مانای گوتنە چونکە ئەوی دیکەش عن سکوت.

* گورژی: قوربان مامۆستا پیاێکی خۆ بە کەم زان و خاکی بوو یان بمکەر و خۆ بە زۆرگر و بەفیز بوو؟

وەڵام: ئەو بەڕێزە جاری وا بوو ئەوەندەی خۆ بە کەم دەگرت کە دەیگوت جا تۆ خوا هەڵپچڕاوێکی وەک من چیە و بۆ چی دەبێ؟ و تەنانەت خۆی بە کەمتر لە هەر کەسێک دەزانی. بەڵام جاری واش بوو کە خۆی ئەوەندە پێ گەورە بوو کە دەیگوت من بەو هەموو عەزەمەتەوە ؟ بەڵام هیچ کەس نەیدەتوانی لە بەرابەر ویدا خۆی پێ زۆر بێ و هەر کەس خۆی بە زل زانیبایە بە چاوێکی کەم و سووکی چاو لێ دەکرد.

* گورژی: قوربان مامۆستا سەبارەت بە دەوڵەتی عوسمانی چ جۆرە بیروڕا و بۆچوونێکی هەبوو؟

وەڵام: هیچ لەو بارەوە نازانم.

* گورژی: چەند کەس لە ئاوالان و دۆستانی کوردستانی مەلای کۆییمان بۆ نێو ببە.

وەڵام: راستی کەسم لە بیر نەماوە، بەڵام ئەوەندە دەزانم کە خەڵکی کورد بە تێکڕا خۆشیان دەویست و لەگەڵ مەلا گچکەی هەولێریش دۆستایەتی زۆر خۆش بوو.

* گورژی: مامۆستای بەڕێز سەبارەت بە باوکی مامۆستای کۆیی چ دەزانی؟

وەڵام: باوکی مامۆستای کۆیی پیاوێکی زۆۆ ئازا و زانا و خاون بیروڕای راست و رێکەوتووانە بووە. بۆ نموونە مامۆستا مەلا محەمەد جارێکی لە خزمەت باوکی دەرسی المختصری دەخوێنێ و دوای باس و وتار هەڵڕشتنێکی زۆر مامۆستا مەلا محەمەد عەرزی باوکی دەکا ئاخر بابە ئەو خۆ مەلا سەعد وا ناڵێ؟

ئەویش دەفەرموێ: ئاخر ئەمن وا دەڵێم و خۆ منیش ئەگەر بەدبەختی نەبێ لەوی کەمتر نیم، بەڵام ئەو فارس بووە و منیش کوردم؟

* گورژی: مامۆستای کۆیی بە چ هۆیەک لەگەڵ شێخ مەحموودی نەمردا هاوکاری رامیاری نەکردووە و ئەگەرچی زۆریشی خۆش ویستووە و زۆر جاریش لە رووی ئینگلیزەکاندا داکۆکی لێ کردووە؟

وەڵام: باوەڕ کە لەو بارەوە هیچ نازانم و ئاگادارییەکم نییە.

* گورژی: قوربان مامۆستا سەبارەت بە مەلاکانی دیکە چۆن بوو، بیروڕای لە گەڵیان چ چۆرێک بوو؟

وەڵام: مامۆستا مەلا زاناکانی زۆر خۆش دەویست و بەتایبەتی ئەوانەی کە سەبارەت بە دین موخلیس بوون و هەوڵی دەدا کە فەقێکان بچنە لایان و لە خزمەتیان بخوێنن بۆ نموونە جارێکی لە فەقێکان تووڕە دەبێ و دەفەرموێ ئەوە جییە هەرچی راست بۆوە دێتە لای مەلا محەمەدی کۆیی؟ بۆ مەگەر هەرچی لە لای محەمەدی

کۆیی بخوێنێ دەبێتە محەمەدی کۆیی؟ دە بڕۆن لە لای مەلاکانی دیش بخوێنن و با ئەوانیش تەدریسیان هەبێ و ئەگەر تەدریسیان هەبێ ئەوانیش زۆریان دەبنە محەمەدی کۆیی.

* گورژی: ئایا مامۆستا لە شێوەی نووسینی کتێبە کۆنەکان قایل بووە یان نا؟

وەڵام: نەخێر لە زۆران زۆر نەقایل بووە بۆ نموونە ڕۆژێکی هەر لە بن لێوان وێژامە (عبارت)ی خوێندەوە و هیچی نەگوت و لە دواییدا سەری هەڵبڕی و فەرمووی ئەوەی ئەو دەیڵێ بۆخۆی دەڵێ و ئەوەش کە لە هەمبانەی مندایە سبەینێ پێتان دەڵێم.
هەروەها زۆر لە کتێبی (جمع الجوامع) ناڕازی بوو هەربۆیەش کتێبی (المصقول فی علم الاصولی)ی خۆی لە بەرابەر ویدا داناوە.

* گورژی: قوربان مامۆستای کۆیی چ جۆرە پیاوێک بوو؟ لەبارەی بیچم وقەڵافەتەوەم مەبەستە.

وەڵام: پیاوێکی گەورە و بە قەڵافەت و یەکجار زۆر بەسام بوو مرۆڤێکی چاو و برۆ رەش و سمێڵ پان و ریش پڕ و کۆرپە و نێوچاوان پان و موو بەهێز بوو.

* گورژی: مامۆستا گیان ئایا هیچت لە باس و گفتوگۆیەکانت لەگەڵ مامۆستادا لە بیر ماوە؟ بۆمان باس بکەی؟

وەڵام: بەڵێ ئەوەم لە بیرە کە مامۆستا ڕۆژێکی هاتە سەر دەرسێ و پاش قسە و باسێک و پاش ئەوە کە بۆی باسی ساز کرانی مرۆڤ کردین فەرمووی ئەوە نییە خوا خۆی دەفەرموێ: (خلقکم من تراب) کە ئەوە ئاماژە (اشارە)یە بەو کە دروست کردن بە بێ سفن (مادە) نابێ.

منیش گوتم ئاخر ئەوە نییە دەشفەرمێ: (ان الله خلق سبع سموات و من الارض مثلهن) ئەویش فەرمووی لە میسلی دەپرسی یان لە خەلق؟

منیش عەرزم کرد لە خەلق. و پاشان گوتم باشە (تراب) لە چییە؟

ئەویش فەرمووی: لە (دخان) و منیش گوتم (دخان) لە چییە؟ فەرمووی لە هەیوولا. ئەمجا بێدەنگەمان لێڕا کرد.

* گورژی: ئایا مامۆستای بەڕێز چی دیکەت لەبیر ماوە؟

وەڵام: بەڵێ وا ئەوەشم بیر کەوتەوە کە رۆژێکی لە بارەی گیان (روح)دا لێم پرسی و عەرزم کرد قوربان گیان کە لە بەدەن جودا بۆوە دەچێتەوە (عدم) یان دەچێتەوە (وجود)؟

ئەویش فەرمووی دەچێتەوە وجود و قەت نامرێ. منیش گوتم ئەدی بەچی دەژی؟ فەرمووی بە ئەمری خودای گەورە.

هەروەها رۆژێکی لە بارەی ئەو ئەجننەی تەختی بەلقیسای هێنا لێم پرسی و گوتم: هێندێک دەڵێن ئەجننە هەمان میکرۆبە و زۆر وردیلەیە ئەگەر وابێ ئەو چۆن ئەو تەختە زەلامەی پێ هات؟

فەرمووی ئەجننبە سێ جۆری هەیە: یەکیان هەمان میکرۆبە و زۆر وردیلەیە و جۆرێکیشیان باڵدارە و بە باڵ دەتوانێ بۆ هەر جێیەک بفڕێ.جۆرێکیشیان زۆر زەلامن و رەنگە هەمان عیفریت بێ و خواش دەفەرموێ: (و قال عفريت من الجن انا اتيک به قبل ان تقوم من مقامک).

* گورژی: قوربان چ ساڵێک لە خزمەت مامۆستای کۆییدا بوویو ئێستا تەمەنتان چەند ساڵ دەبێ؟

وەڵام: راستی لە بیرم نییە کە چ ساڵێک بوو کە من لە خزمەت ئەو بەڕێزە بووم، ئێستاش من رەنگە لە ٨٥ ساڵ باڵاتر بم.

* گورژی: قوربان چ شتێک مامۆستای ئاوا هان دەدا کە ئەوەندە داکۆکی لە مەسەلەی نەتەوایەتی بکات؟

وەڵام: وەڵلاهی هەر فەقیری و لێقەوماوی خەڵکی کورد و بێبەشی و بەشخوراوی کوردان. بەڕاستی مامۆستا لە تاو کوردان ئاوری گرتبوو. دەتگوت پەپوولەیە و خۆی لە شەم داوە. یان ئاور لە دەروونیدا هەڵایساوە.

* گورژی: چەند کەس لە مامۆستا یانی مامۆستا کۆیی دەناسی ئەگەر بزانی پێمان بفەرموو.

وەڵام: وەڵلا کەسیان لێ ناناسم و هیچ نازانم لەو بارەوە.

* گورژی: مامۆستا گیان زۆرت سوپاس دەکەم و هیوادارم خوای گەورە پاداشت بداتەوە و پایەدارت بکا.

وەڵام: خوا تۆفیقت بدا و خوای گەورە سەرکەوتووت بکا بۆ ئەوکارە باشانەت.

جێگەی باسە مامۆستا مەلا موحەممەدی بارزانی، کە مەلایەکی زۆر ژیرو پیرۆز بوو، ئێستا چەند ساڵێکە کۆچی دوایی کردووە خوالێی خۆش بێ و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات.

نامەی یەکێک لە فەقێکانی مامۆستا

زۆرم هەوڵ دا نامە بۆ چەند کەس لە فەقێکانی مامۆستا بنێرم تا ئەوانیش وڵامم بدەنەوە و بە نامەکانی وان پەڕتووکەکەم برازێنمەوە بەڵام بە داخەوە ئەوانەی کە لە خزمەت ئەو زانا بەرزو هۆزانە لێزانەیان خوێندبوویان نەمابوون و کۆچی دواییان کردبوو یان خەڵکی هەرێمی ئێمە نەیدەناسین ومنیش خۆم ناسیارییەکم لەسەریان نەبوو.

سەرەنجام لە چەند کەسی کوردستانی گەرمێن (باشور)م پرسیار کرد کە دوو کەسیان لە فەقێکانی مامۆستا پێ ناساندم، یەکیان مەلا موسلیمی إلاّ اللەی مەلای مزگەوتی حەتکێ، یان گەرمۆکی شاری کۆیە کە هەرچی کردم دەستم وێی رانەگەیی ونامەم بۆ نەنێردرا بۆی بە داخەوە نەمتوانی کەڵک لە زانیاری و ئاگاداری وی وەربگرم.

یەکیشیان مەلا محەمەدئەمینی کانی مازوەیی لە ئۆردووگای حاجییاوایە کە ئەو نامەیەم بۆنارد وئەویش ئەو نامە جوانەی بۆ ناردمەوە کە زۆر سوپاسی دەکەم و هیوام وایە خوای گەورە پاداشی باشی بداتەوە.

نامەکەی خۆم بۆ مامۆستا مەلا محەمەدئەمینی کانی مازوەیی

بە نێوی یەزدانی مەزن

مامۆستای بەڕێز و خۆشەویست جەنابی مامۆستا مەلا محەمەدئەمینی کانی مازوەیی!

وێڕای هەواڵ پرسین و دەس ماچ کردن لە خوای گەورە دەپاڕێمەوە کە ساغ وسلامەت وسەرکەوتوو بیت .

لە پاشان سەروەرم هەرچەند یەکتر ناناسین، بەڵام کارێکی گەورەم پێتانە تکایە ناهومێدم مەفەرمو، وەڵامم بدەوە . خودا پاداشتان بداتەوە.

من چەند ساڵە خەریکم وکتێبێکم لەبارەی مەلای کۆیی د ا نووسیوە و دەمهەوێ لەوەی کە هەیە تەواوتروکاملتری بکەم. ئەو کتێبە(ناوی کوڵی دڵی مەلای کویی)یە، ژیان و بەسەرهات وخەبات وتێکۆشانی مەلای کۆیی تێد ا باس کراوە. هۆنراوەکانی ویم هەموو هێناون وراڤە وشەرحم داون.

جا تکایە بەڕێزتان کە فەقێی جەنابی مامۆستای کۆیی بوون لەهەر بابەتێکەوە کە ئاگات لێی هەیە بۆم بنووسە تا بە نێوی خۆت لە کتێبەکە می بهاوێم و رەگەڵی بخەم و پێی بڕازێنمەوە. بە تایبەتی لەو لایەنانەی خوارەوە:

١. ژیانی پڕ لە ژان و شانازی مەلای کۆیی چۆن بووە؟
٢. خاڵە بەرزەکانی ژیانی مەلای کۆیی وچۆنیەتی هەوڵ و تێکۆشانی وی.

٣. چۆنیەتی وانەوێژی (تدریس) و فەقێکانی و فێرگەکانی.
٤. پیشە دەوڵەتییەکانی مەلای کۆیی و قسە خۆشەکانی.
٥. هۆنراوەکانی جگە لەوەی کە گیوی موکریانی چاپی کردووە، هەرچیست لایە بۆم بنێرەوە بەتایبەتی هۆنراوەی فارسی و عەرەبییەکانی.
٦. ئازایەتی و دلێری و نەترسی وباوەڕی بەرزی مەلای کۆییم بۆباس بکە.
٧. بە کوردی هەرچی سەبارەت بەو مامۆستا بەڕێزە دەیزانی، ئەگەر دەکرێ ئەدرێس و نیشانی کاک مەسعود وچەند فەقێی مامۆستا کۆییشم بۆ بنێرەوە تا نامەیان لێ بنووسم.

ئەو کتێبەی من پتر لە ٦٠٠ لاپەڕەیە وهەمووی هەرسەبارەت بەو کەڵە پیاوە کوردەیە وپێم خۆشە پتر بیڕازێنمەوە و هەرچیشم زانیوە ود ەسم کەوتووە نووسیومە وئەوەش کە نەمزانیوە ئێوە یارمەتیم بدەن و بەو ناونیشانە بۆم بنێرن:

کوردستانی ئێران، مەهاباد، گەڕەکی باغی شایەگانی، مزگەوتی بیلالی حەبەشی، کووچەی١، مەلا حوسێنی گورژی.

ئیتر بە خواتان دەسپێرم. خواتان لەگەڵ.

ئەوەش وەڵامـی نـامەی مامۆسـتا مەلا محەمەدئەمینـی کـانی مازوەیی:

بۆلای جەنابی زۆرخۆشەویستم کاک مەلاحوسێن!

یەکەم زۆر ئەحوالـت دەپرسم و هیـوام خۆشـی و شـادیتە. بـڕای بەڕێزم لە بارەی جەنـابی مەلای کۆیی داوای چەنـد ئاگاداریـت لـێ کردووم.

بـرام زۆر لە میـژە لە خزمەتـی بـووم لەوانەیە ٥٠-٦٠ سـاڵ زیاترە، ئێستا زۆر بێتاقەتم، هێـزم نییە، چـاوم نـابینێ، بۆخـۆم ناتوانم هەتا شتێ بنووسم.

بەڵام لە بەر دڵـی جەنابـت هەر مەعلوومـاتێ لام بـێ ئەوا بـۆت روون دەکەمەوە:

١ـ ئەم عومرەی کەرایبواردووە موحتاج بە هیچ کەسێ نەبووە لە باری ژیانەوە خەڵک موحتاج بەوبووە. دوو دێیان هەبـووە تـایفەی ئەوان. پیاوی گەورە دەهـاتن بـۆ خزمەتـی لە هەولێروچەنـد شـاری دیڕا، وەکوو موحـافیز (پارێزگاری پارێزگا) و دوکتور وئاغا وشـێخ ومەلا وچەند کەسانی دی.

٢ـ زۆر تەعەسسوبی کورد ایەتی هەبوو، دەیفەرموو:

هەتـــا دەمـــرم لە بـــۆ کـــوردان دەنـــاڵم
عیلاجیـــان چـــۆن بـــکەم هـــاوار بە مـــاڵم؟

دەیفەرمـوو بە قـسەی ئاغـاوات خـۆت مەخە نـاو ئـاگر. بۆخـۆت خۆت بهاوێ ئاگری، نەک بۆخەڵقی وخەڵقی مەکوژە.

٣ـ بۆخـۆی خوێنـدنی لە مەدرەسـەی خۆیـان بـووە لە خـزمەت حـاجی مەلا عەبـدوڵڵای بـابی لە شـاری کـۆیە وئیجـازەی هەرلە خزمەت باوکی وەرگرتووە لەوێ. ١٥ موسـتەعیدی هەبـوون جەنـابی مەلای دەرسەکی ئی من بوو ئـی تـوحفەی، دەرسـەکی حەدیـسی ئـی کوڕی شێخی سەران مەلا مـحەمەد، تەفسیریـشی ئـی مەلا سـەعدی قـاڵادزێ، فەرمـووی نـاتوانم لەو سێ دەرسە زیـاتر، ئەم سێیەی هەڵبژارد و گـوتی ئەمەی دیکە کە ١٢ فەقێیە بـا سـامیع بێ. هەتـا ئەگەر فەلەکیـاتی دەگـوتەوە وەکـوو لەوێ دانرابـی وابـوو دەسـتی خۆی دەکردە کورە لەروی وییەوە شەرحی دەدا و هەر دەیگوت خۆی لەسەر ئەو کوڕەیە، کە باسی دەکا.

لە باسـی رضـاعەوە مەلایەکـان کێـشەیان بـوو، کاغەزێکیـان بۆنوسیبوو دوورو درێژفەرمووی (علـی رضـیع) چـی کە نـا، یەعنـی ئەو حـورمەتە، یەعنـی ئەو حەرامە هەربۆرضـیعە. واتـا بـو شیرخۆرەکەیە.

لەو تەوسیفەدا دەفەرموێ: کـابرایەک بە ژنـی خـۆی بڵـێ تەڵاقـت کەوێ ئەگەر محەبەتـی فـڵان شەخـسەت هەبـێ، چـونکە مـحەبەت شـتێکی قەلبیـیە ونـازانرێ زۆری لەسـەر دەڕوا ئایـا ئەو تەڵاقە دەکەوێ یان نا؟

جەنـابی مەلا لە سـەری نووسـیوە: (هەرچـی سـاحەب یـارە لە چاوانڕا دیارە.)

ئەگەر فەقێ دهاتە سەر دەرسی لاپەڕەیەکی دەخوێندەوە بۆخۆشی نەختەکـی دەخوێنـدەوە و مەفهـوومێکی دەفەرمـوو. فەقـێ دەبـوایە دەرسـی خـۆی بزانـێ چـونکێ زۆر شـتی خـارجی دەهاویـشتە ئەو دەرسە.

٤ـ ماوەیەکی قازی بووە هەرلە کۆیە، حوکمێکی زۆرعەداڵەتی بەڕێوە بردووە.

هاوینان دەچووینە (چنارۆک) کە هاوینە کوێستان بوو. لە هەیبەت سوڵتان بەو دیوەدا بۆ دیوی رانیە ئەنواعی میوەجاتی تێدا بوو. هەموو فەقێکانی لەگەڵ خۆی دەبرد، مڵکی خۆیان بوو.

جەنابی مەلای، شێخی ناشێخ خۆشیان نەدەویست. بانگی بەیانی دەدا نوێژی دەکردودەڕۆی وئەمن و مەلا محەمەد لە خزمەتی دەڕۆیشتین لە دوای وی و نەشیدەگوت وەرن. لە خزمەتیدا دەڕۆیشتینە خوارێ گەیشتینە بن دارەکی میوە سپیلکە ، کە ترێیەکی زۆری پێوە بوو، گوتی محەمەدئەمین بانگی فەقێیەکی کە لەم ترێیە بۆخۆیان لێ کەنەوە، بێجگە لەوەی گە رەزێکیشی دابووینێ ؛ بۆخۆیان کە هاتینەوە سەری بڵیند کرد هیچ هێشووی پێوە نەمابوو فەرمووی خۆ هەموویان لێ کردۆتەوە. گوتی خەتای خۆم بوو. فەقێیەک هەبوو لە شارەکی چۆ کن حاجییەکی گوتی: دەقەسرم لە سەرمان ئەم جستانە شتێکم دەیە، بە خۆیدا دەم.

حاجی لێفەیەکی نوێی دایە. فەقێ هەتا جستان رۆیی لێفەی هەلاهەلا کرد، بۆی بردەوە بە دڕاوی گوتی حاجی ماڵت ئاوا بێ. حاجی وتی خۆ بۆ ئەوەم نەداویە، کە لێت بستێنمەوە. گوتی بۆ زوو پێت نەدەگوتم لێت ناستێنمەوە؟ ئەوها لێکم نەدەکردەوە.

جەنابی مامۆستا ئەو میسالەی بۆ هێناوە و گوتی ئەگەر بمگوتبا ترێیەکە هەموو بۆ خۆتان بێ هەمووتان بە یەکجار لێ نەدەکردەوە.

٥ـ جارەکی هەموو دانیشتبووین لە حوجرە مارەک هاتە ژوورێ شەو بوو، فەقێکان هەموو بە دەر کەوتن لە چنارۆک بووین جەناب

مەلای لینکە پێڵاوێکی هەڵگرتەوە بە مارەکەیدا دا لە خەیاڵم نییە کوشتی یان نا.

٦ـ کتێبێکی لە عیلمی اصولدا داناوە بە موافق جمع الجوامع قورئانی تەرجەمە کردووە بە کوردی. دەفەرموێ: (الم) وەکوو هەلاو لە سەر تەلەفونێ بۆ ئاگادارییە.

کاک مەسعوود لە بەغدایە سەفەرەکی چوومە لای وەزیر بوو گوتی خەریکم تەرجەمەکەی باوکم لە چاپ دەدەم بەڵام ئیختیدارم نییە. گوتم چەندت مەعاشە؟ لە ساڵی ٩٧٠ گوتی ٣٠٠ دینار. گوتم ئەگەر لە جێی باوکت دانیشتبای باشتر نەبوو؟

گوتی: نەمدەتوانی، چونکە من هێندە گوناحم کردووە نەمتوانی لە جێی باوکم دانیشم.

گوتم: ان الله لایغفر ان یشرک بە و یغفر ما دون ذلک لمن یشاء.

گوتی: دەترسم لەوانە نەبم.

گوتم: ان الله یغفر الذنوب جمیعا.

چەند حدیس و ئایەتم بۆ خوێندەوە. مەسعوود گوتی: دەچووینەوە مزگەوتی گەورە زۆر شتم بۆ بەدەر کەوت لوقمەیەکم خوارد. لەو لوقمەی کە خواردم ئەوی دیتم نەمدیتەوە موحافزە. ئەمن بۆیە ناتوانم لە جێی دانیشتم

برام هۆنراوەکانی بە فارسی و عەرەبی لە خەیاڵم نەماوە و ئیتر هیوادارم سوودی هەبێ و بە خوات دەسپێرم.

برای خۆت مەلا محەمەدئەمینی مەلا عەبدوڵلای کانی مازوەیی
لە ناحیەی خەلەکان

* ئەو نامەیەم نێزیکەی دوای یەک مانگ لە بەروای نامەکەی خۆم پێگەیی، بەڵام بە داخەوە بەرواری لەسەر نەنووسرابوو.

بیرورای زانایان لەبارەی مامۆستادا

لەبارەی ژیان وخەبات و بەسەرهاتی مامۆستای دڵسۆزی کورد مەلای گەورەی کۆیی گەلێک لە زانایان و نووسەرانی کورد مەبەستگەلی جۆراوجۆریان نووسیوە کە بە داخەوە لێرەدا بۆمان نالویٚ نێویکیشیان بهێنین. بەڵام بە پێویستی دەزانم کە ئەگەر بۆ رەنگاورەنگ بوونی کتێبەکەش بێ بەسەر هەموویاندا پاز نەدەم و چەند دانەیەکیان لە کۆتایی کتێبەکەدا هەر بە ویٚژامە (عبارت)ی خۆیان بهێنم.

مەسعوود محەمەد جەلیزادە لە پەرتووکی گەشتی ژیانمدا لاپەرە ١٠ و ١١ ئاوای نووسیوە:

مەسعوود محەمەد

حاجی مەلا عەبدوڵلا لە ساڵی ١٩٠٨ز (١٢٦٣ک) لە کۆیە بە رەحمەتی خوا شاد بووە. دوای ئەو کورە گەورەکەی محەمەد کە دواتر بە مەلای گەورە ناوی دەرکرد لە جێی دانیشت. حەوت هەشت ساڵێک بوو خوتبەی جومعە و دەرسی فەقێکان لە لایەن باوکییەوە بەو سپێردرابوو.

هەر چەند ناساندنی ئەم مرۆیە بە خوێنەری کورد کاری سەرپێیی و پەلە لێ کردن نییە تا ئێستا لە شەپۆلەکانی سەرووی شەخسییەتی بەو لاوە چی ئەوتۆ لە قووڵایی دەروون و پاشخانی نەفس و سەقافەت و سەرجەمی هەوڵ و خەباتی لای خەڵق نەزاندراوە، چارم ناچارە لێرەدا لە بواری گەشتی ژیانی خۆمەوە

کە شەلەگەیەکم لە جێی ئەو، تەنها کورتەیەکی ژیانی بۆ خوێنەر بگێڕمەوە و بایی ئەوە بکات تەئسیر و تاوی بوڕکانی ئەو لە مندا روون بکاتەوە.

باوکم (١٨٧٦- ١٩٤٣ز) لە چەند نووسیناندا باسی هەندێ سەربوردەی ژیان و خەبات و فکری کراوە وەک گوتارێکی گەلاوێژی ١٩٤٣ (دوای مەرگی) کتێبی ئەمین زەکی بەگ لەبارەی ناودارانی کوردەوە، کتێبەکەی قزڵجی (مساجد السليمانيه)، دوو کتێبەکەی مومتاز حەیدەری و عەبدولخالق عەلائەدین، چەند گوتار لە ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی بە بۆنەی بیرەوەری وەفاتی، یا موناسەبەیەک پەیوەندی بەوەوە هەبووبێ. هەندێک لە نووسینەکانی مەغدید حاجی، ناوناوەیەک لە نووسینی خۆمدا کتێبی(الاعلام الزركلی)، کتێبی (علماء اربيل)ی زوبیر بیلال و هی دیکەش...

چەند قەسیدەیەکی مەدح ئامێزیشی پێدا هەڵگوتووە وەک هەڵبەستەکەی ئەسیری و هینەکەی مەلا ئەحەدی ئەشکەنەیی(چاپ نەکراوە)و یەکێکی مەلا مستەفای عاسی (چاپ نەکراوە) لە مەرسیەشدا لاواندنەوەکەی کۆمەڵەی (ژ.ک)ی مەهاباد و قەسیدەیەکی خادم و هی سەیید ئەنوەری حوسێنی و چوارینەکەی دڵزار و یەکێکی مەلا زاهیری مەلا سادق (چاپ نەکراوە) لە هەڵکەوتدا نووسەری وەک مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی و هەژار و کەماڵ مەزهەر و کەریم شارەزا و هی دیکەش بە چاکە باسیان نووسیوە.

دوای مەرگی لە پاییزی ١٩٤٣ تەئبینیەیەکی بۆ گیرا. لە رادیۆ مۆسکۆش لە ١٩٧٦ کۆبوونەوەیەکی ئەدەبی بیرەوەری سەد ساڵەی وەلادەتی بڵاو کرایەوە. لە رادیۆی تاران و شوێنی دیکەش ئەم

ڕۆهەڵاتە نێزیکە باسی کراوە و لە تەلەفیزیۆنی کەرکووکیش ناوناوە دوان و گوتاری لە سەر بڵاو کراوەتەوە.

لە کتێبە کوردییەکانی قوتابخانەی ڕەسمیش وەک ئەدیب و زانایەکی کورد لەسەری نووسراوە.

ناحەزەکانی بریتی بوون لە:
١ـ زۆردار ٢ـ ئەفسانە پەرەست ٣ـ مێشک ویشک ٤ـ دوژمنی کوردایەتی.

بەڵام لە ژیانی خۆیدا کەسێک لە ناحەزانی زاتی نەکرد بە نووسین ناوی بە خەراپە بهێنێ و یا ڕووبەڕووی دەنگ هەڵێنێ.

هەروەها لە لاپەڕە ١٢ی گەشتی ژیانمدا دەڵێ:

بەڵام وەک بابم بۆمانی باس کرد تا نەخرایە بەردەستی مەلا محەمەدئەمینی کونەفلووسەیی کە موستەعیدێکی لێهاتووی حاجی مەلا عەبدوڵڵا و مەلایەکی هەڵکەوتووی دواتریش بوو لە هەولێر زیهنی بە چاکی ناکرێتەوە، دەیگوت مامۆستاکانم خەریک بوون بە شێوازی نالەباریان بمکووژێننەوە، مەلا محەمەدئەمین ڕزگاری کردم هەموو زانینم هی ئەو مامۆستایەمە لە سەرەتای دەس پێ کردنی خوێندنی پلەی دوای سوختایەتییەوە بە باوکی دەڵێ: من خوێندنی بە زیلەت ناکەم، نانی رادبە ناخۆم، ناچمە هەندەران بۆ فەقێیەتی، رابواردن و مەجلیسی تایبەتی خۆم لە مزگەوت و مەدرەسەدا نابێ لە ئی خاوەن قوناخەکان کەمتر بێ. ئاغازادە و بەگزادە ڕێی نەبێ خۆ هەڵداتەوە بە سەر رەجاڵی و مسکێنی کۆبوونەوەی فەقێیانماندا.

حاجی مەلا عەبدوڵڵا قەول و بڕیەی لەگەڵ دەکات ئەو بە چاکی بخوێنێ و ئەویش هەرچی ئارەزوویەکی هەیبێ بۆی پێک بێنێ. بە

درێژایـــی خوێنــدنی مەجلیــسی بە قــاوە و قلیــان و ســەماوەر و دەنگخۆش و قسە خۆشییەوە بارتەقـای مەجلیـسی خـودا پێداوەکان بووە و بگرە لە هەندێ رووەوە لە هی ئەوانیش زیاتر بووە.

دیسان کاک مەسعوود لە لاپەڕەی ١٣شدا دەڵێ:

خوێندنی باوکم لە چاو دەوروبەری خۆی و باری ئەو سەردەمەدا هەروەک لە رووی بەسەربردنەوە لە هی خەڵکی دیکە جـودا بـووە، هەروەها لە لایەن چەند و چۆنیشەوە کەم مانەند بووە.
خەسـت خەسـت لەگەڵ مامۆسـتاکانی و دواتـریش لەگەڵ بـاوکی خەریکـی سـاغ کـردنەوەی کتێـبە زانـستییەکان لە مـزگەوت بـووە و هەموو دڵ و مێشکی خۆی بەو کارە بەخشیوە. لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا بۆ ماوەی یەک ساڵی تەواو لە مزگەوتی گەورە دەرنەچووە.

بەڕێــز عەزیــزی مــوحەمەد پــوور داشــبەندی لە پەراوێــزی ١٠٣ پەرتــووکی (آداب و رســوم کردانـــی) بەڕێــز مەحمــوود ئەفەنـــدی بایەزیدیـدا سـەبارەت بە مەلای گەورەی کـۆیی لە بـارەی ئەو کەڵە پیاوە هەڵکەوتووە ئاوا دەڵێ:

چنانکه علامه و وحید عصر خود مرحوم ملا محمد کویی معـروف به جناب مەلا کـه یکـی از مـدافعان و روشـنبینـان اسلام و تـساوی حقوق و آزادی انسانها بویژه آزادی زنان از قیـود خرافـات مخـالف اسلام و غیر منطقـی و مبـارزه از بـین بـردن تقلیـد کورکورانـه قـرن بیستم از ١٩١٩تشرین اول ١٩٤٣ میلادی در کردستان عـراق بـه شـمار میرفت ایشان نظر به اینکه یکی از اهداف پیشرفته و خدا پسندانهای که همواره مطمع نظر ایشان بـوده آزادی طبقـه زحمـتکش و در عـین حـال مربی واقعی جامعه بشریت یعنی زنان و مادران دلسوز اجتماع بوده است.

طلاق دادن زانان را که گاهگاهی در میان کردان اتفاق می‌افتاده مورد نکوهش قرار داده و آنان را از انجام اینگونه اعمال برحذر داشته است. بدین مناسبت قصدیه‌ای را هم تحت عنوان (ژن هینان و طلاق دان) (زن و طلاق) سروده که در پایان به اصل و چکیده ترجمه آن خواهیم پرداخت.

جناب ملا می‌خواست به این طبقه زنان که در آن موقع هم در خاور دور به عنوان یکی از کالاهای مرد به حساب می‌آمده و خرید و فروش می‌شده است ارزش واقعی خود داده شود. می‌خواست ایشان را از قید و زنجیر بی‌عدالتی‌هایی که به خواسته مردان به دست و پا و حتی افکار ایشان زده بود رهایی بخشد.

زنان در اجتماع آزادانه حق هر گونه فعالیت را داشته باشند، دوشادوش مردان در فراگیری علم و صنعت در راه پیشبرد جامعه مشترک خانواده بشریت گام بردارند. زنان نیز از کلیه حقوق طبیعی و اجتماعی و انسانی خویش بهره‌مندشوند از سلطه کابوس ترس و وحشت شرکت در کارهای احتماعی رهایی یابند.

ظلمت شب تار زندگی را با نور دانش و کوشش و تشریک مساعی مردان در هر امری به روز روشن سعادت و خوشبختی مجماعه مبدل سازند که در این امر توفیقی هم یافته بود، زیرا برای اولین بار به دستور ایشان دختران کرد در شهر کوی عراق توانستند دوشادوش پسران پا به مدرسه بگذارند و از آن پس در کارهای اجتماعی نیز سهیم شوند.

هەروەها ئەو بەڕێزە لە لاپەڕەی ١٠٣ هەمان پەڕتووکدا سەبارەت بە مامۆستای بەڕێزی بەرزی کۆیی ئاوا دەفەرموێ:

واینک شرح حال مختصر این یگانه ستاره تابناک جهان اسلام نام مبارکش محمد فرزند حاج ملا عبدالله جلیزاده کویی است که

این خانواده حداقل سیصد سال در پهنه کردستان به نشر و ترویج معارف اسلامی اشتغال داشته‌اند.

معظم له در سال ۱۲۹۸ ه.ق در شهرستان کوی عراق پا به عرصه ظهور گذاشته و در ۱۸ سالگی به دریافت اجازه و گواهینامه افتا و تدریس و اجتهاد از محضر پدر بزرگوارش نائل می‌گردد. در سال ۱۳۲٦ ه.ق به جای والد راحل خود نشسته و به لقب رئیس العلمائی ملقب می‌شود. در سال ۱۳۳٤ به عضویت مجلس ولایت موصل انتخاب شده و از والی موصل تقاضای تأسیس مدرسه‌ای را می‌نماید که در خاک اعطایی خود وی بنا می‌گردد.

در سال ۱۹۱۲ به مقام افتا و قضاوت شهر کوی اشتغال داشته و در سال ۱۹۱۹ که دوران اشغال عراق از جانب دولت بریتانیا بوده باز قضاوت را ادامه داده و در سال ۱۹۲٤ به عضویت المحلس التاسیس العراقی منتخب و پس از مدتی پیگیرانه خواستار حقوق ملی کردها شدند.

پس از آن در سال ۱۹۲۸ از مقام قضاوت و مقامهای دیگر کناره‌گیری کرده و تمام هم خود را صرف تدریس و تألیف می‌نماید و علما و افراد سرشناس بی‌شماری را از منبع پر فیض معلومات خویش سیراب کرده و ایشان را به درجه افتا و اجتهاد نایل می‌کند.

جناب ملا که به (مەلای گەورە) شهرت داشته است تالیفات زیادی را به زبان‌های کردی و عربی در زمینه‌های گوناگون از خود به یادگار گذاشته است. از جمله کتابهای عربی می‌توان از.

۱. المصقول فی علم الاصول
۲. الکلام الجدید
۳. القائد فی العقائد
٤. ابهی المآرب فی اثبات الواحب

٥. کشف الاستاد فی مسئلة الاختیار
٦. ضیاعان عظیمان
٧. المعجزات و الکرامات و چندین کتاب دیگر نام برد و از

کتابهای کردی

١. عەقیدەی ئیسلام
٢. نویکەرەوە
٣. تفسیر قرآن را نام برد.

استاد کویی در سپیدەدم ١٢ تشرین اول سال ١٩٤٣ در شهر کوی جان را به جان آفرین تسلیم می‌نماید. روحش شاد و جنة المأوی مسکنش باد.

مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس

بەڕێز مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیسیش لەبارەی ئەو بلیمەتە پایە بەرزەدا ئاوا دەفەرموێ لە پەڕتووکی (علماءنا فی خدمة العلم و الدین) لاپەڕەی ٥٣٤ کە مەبەستەکەی وی بە زمانی عەرەبییە و لەوە پێشیش هێندێک لە دەقی وێژامە (عبارت)ە عەرەبییەکەمان هێناوە و وەریشمان گێڕاوەتە سەر زمانی کورد. ئەو بەڕێزە لە درێژایی وتارەکەیدا ئاوا دەفەرموێ:

الملا محمد بن الملا عبدالله الجلی هو العالم العلامة فرید الدهر و نادرة العصر، الملا محمد بن الحاج ملا عبدلله ابن الحاج ملا اسعد ابن الحاج ملا عبدالله ابن الحاج ملا عبدالرحمن الجلی رحمهم الله تعالی.

ولد فی قصبة کوي‌سنجق سنة الف و مأتین و اثنین و تسعین هجریة و تربی فی بیت العلم و الفضل حتی وصل حد التمییز، فبدأ بالقراءة، و ختم القرآن الکریم و الکتب الادبیة، ثم دخل فی تعلم العلوم العربیة و جد و اجتهد و سعی و راعی حق تحصیل العلوم فی مدرسة والده، فحصلها و تکامل و استوی و اخذ الاجازة منه

فبقی فیها مدرسا معاونا لوالده الماجد فی افادة الطالبین و سائر خدمات الدین.

و بعد مدة فوض الیه والده التدریس و الامامة و الخطابة، وقام الوالد بالوعظ و الارشاد فقط الی ان توفی والده، فبطبیعة الحال قام صاحب الترجمة بالجمیع خیر قیام. و لکنه بعد مدة من الزمن اوکل امر الخطابة الی اخیه لابیه الشیخ نوری و استمر هو علی الامامة و التدریس.

کان لصاحب الترجمة دور عجیب فی الحرکة العلمیة و توجیه الطلاب بل توجیه المسلمین کافة الی الیقظة و الاعتماد علی النفس، و التوجه الی معالي الامور والوحدة و الاعتصام، والابتعاد عن الاختلاف و الخرافیات، وفي الواقع کان احد الاحدین فی العلم و الفضل و الغیرة و الشهامة و الجسارة الادبیة و قوة القلم، و فلاحة البیان، و صراحة اللسان، و لو لا بعض الموانع لاستفاد الناس منه ما لایستفاد بکثیر من الزمان، فکان یختار لعماء الدین الترأس و الاستقلال بتوجیه المسلمین، و اخذ الزمام الامور المهمة، و الحرکة نحو الامام فی کافة الشئون الدینیة و الاجتماعیة و السبق علی سائر الناس.

فتخرج من تربیته فوج من العلماء الغیاری الذین لایخافون فی الله لومة لائم و کذلک کان له آراء قیمة فی شئون التعلیم و التدریس و رعایة الایام و الزمان، و لکن لیس التدبیر کل شیء فان التقدیر قد یضحک علی التدبیر.

و کان لصاحب الترجمة تألیفات کثیرة منها:

کتاب المصقول فی علم الاصول، کتاب فی اصول الفقه، و منها القائد فی العقائد، و منها رسالة بعنوان حقیقة الایمان،و رسالة فی الکلام بعنوان الکلام الجدید، و شرع فی تألیف کتاب علی غرار

المقاصد للتفتازانی سماه المشاهد. و الظاهر انه لم یتم، و منها تفسیر للقرآن الکریم باللغة الکردیة و قد طبع منه الی الان جزءان و نرجو الله توفیق نویه علی طبع ما بقی منه فی المستقبل القریب. و قد کتب بخطه في آخر تفسیره ما یلی (و اما مشربی و میلی فلیس إلاّ الی الاتحاد و نبذ الخلاف ما امکن، و اکرر علی الدوام قوله تعالی "تلک امة قد خلت لها ما کسبت و لکم ما کسبتم و لاتسئلون عما کانوا یعملون" و قوله تعالی "ان الله لایغیر ما بقوم حتی یغیروا ما بأنفسهم" نسأل الله الرحمة و السداد. انتهی فی یوم الاربعاء سلخ ربیع الثانی سنة الف و ثلاثماة و سبعین و خمسین. الحقیر جلیزاده محمد) و ختم تفسیره فی سنة الف و تسعماة و ثلاث و اربعین میلادیة ١٩٤٣.

و توفی الی رحمة الله فی السنة نفسها فی الثانی عشر من التشرین الاول. رحمه الله تعالی و طاب ثراه. قلت و یظهر من جرأة قلمه و نبرات کلمه انه کانت له رحمه الله هوایات عالیة، و امنیات غالیة، و لکن الامور بید الله، یتصرف فی الکون کما یشاء لا کما نشاء. هذه جهة و من جهة اخری ان لکل شیء سببا، و المهمات لها اسباب، و اذا لم تکن الاسباب فی مستوی الطاقة لایمکن للانسان الوصول الی المخصوص و نفوض الامور الی الله ان الله بصیر بالعباد.



بابامەردوخی رۆحانی

هەروەها بەڕێز بابا مەردوخی روحانی "شیوا" لە پەڕتووکی تاریخ مشاهیر کرد بەرگی دووهەم لاپەڕەی ٢٥٧ و ٢٥٨ لەبارەی ئەو هۆزانە لێزانە و ئەو کەڵە پیاوە کوردەدا ئاوا دەڵێ:

ملا محمد افندی فرزند حاج ملا عبدالله جلی دانشمند محقق و پژوهشگر از خاندان جلی‌زاده بسال ١٢٩٧ (ه.ق) در شهر کوی متولد شد و در حجره پدر تربیت یافت و به تحصیل پرداخت. در سن ١٨ سالگی بر اثر استعداد ذاتی و سعی و جدیت کافی به حد کمال رسید و پس از اخذ اجازه به تدریس و مطالعه و تحقیق و تالیف مشغول شد. بعد از وفات پدرش به سال ١٣٢٦ (ه.ق) رئیس العلماء لقب کرفت و در سنه ١٣٣٩ (ه.ق) قاضی کوی شد و متعاقب آن به نمایندگی در مجلس مؤسسان عراق راه یافت.

پس از آن چند بار دیگر به عنوان نمایندگی مجلس به بغداد رفت و در سال ١٣٤٧ (ه.ق) از تمام مشاغل رسمی دست کشید و کار خود را منحصر به مطالعه و تحیقیق و تدریس کرد.

محمد افندی دانشمندی بود اهل فلسفه و شعر و ادب و بیشتر اشعارش پند و واندرز و دعوت مردم است به اتفاق و رعایت حقوق هم و همزبانان.

و اما تألیفات وی.

١. المصقول فی علم الاصول.
٢. القائد فی العقائد.
٣. ابهی المآرب فی اثبات الواجب.
٤. کشف الاستار فی مسألة الاختیار.
٥. الاله و الطبیعة و العقل و النبوةو المعجزات و الکرامات.
٦. المشاهد علی طراز المواقف و المقاصد.
٧. الحدس سلم الارتقاء.
٨. غایتی و املي في علمي و عملي.
٩. خراب العالم.
١٠. رسالەای در حقیقت اسلام.
١١. رسالەای در حقیقت ایمان.
١٢. عەقیدەی ئیسلام به زبان کردی.
١٣. دیوان اشعار کردی.
١٤. داستانی کردی (خەون و کەرامەت).
١٥. فڕی فڕی قەل فڕی.

همچنین کتاب‌ها و رسالەهای دیگری در اصول و منطق و حکمت و ادبیات که قسمت زیادی از این تالیفات به چاپ رسیده است.

ملا محمد جلی‌زاده به سال ١٣٦٢ (ه.ق) در کوی وفات یافته است.

لە بارەی بەڕێز جەنابی مەلای گەورەی کۆییدا گەلێک لە زانایان و نووسەران و بلیمەتانی کورد وتاریان نووسیوە و بیروڕای خۆیان دەربڕیوە. جا هەر لەو پێیەدا بەڕێز فوئاد حوسێن ئەحمەد لە لاپەڕەی ١٦٤ کتێبی (ئافرەت لە هۆنراوەی کوردیدا) لەبارەی ئەو کەڵە پیاوە چاونەترساوە و ئەو بلیمەتە هۆزانە لێزانەدا ئاوا دەنووسێ:

مەلای گەورە هەر لە منداڵییەوە دەستی کردووە بە خوێندن ئەمەش هەر لەبەر ئەوەیە چونکە لە بنەماڵەیەکی زانستی خاوەن پەڕتووک و خاوەن قوتابخانە بووە. لە سەرەتای پێ گەیشتنیەوە بەهرەی شاعیری هەبووە. درەوشانەوەی ئەم ئەستێرە گەشە پڕشنگدارە لە کاتێکی زۆر پێویستدا لە ئاسمانی کوردستان، کە لە ژێر چەپۆکی دەرەبەگایەتیدا دەتلایەوە بووە، مەلای گەورە بە هەستە ناسک و گیانە کوردایەتییەکەی و بیرە تیژ و هۆشیارییەکەیەوە قۆڵی مەردانەی لێ هەڵماڵیوە بۆ رزگار کردنی نەتەوەی کورد لەو هەموو نەخۆشییانەی کە بووبوونە هۆی دواکەوتنی. نەخۆشی نەخوێندەواری و نەزانین و بیری دوا کەوتوویی، ئەم بار و زرووفەی میللەتەکەمان کارێکی گەورەی کردۆتە سەر هەست و نەست و دەروونی شاعیری ناوبراومان. ئەوەش لە یاد نەکەین شێعرە نیشتمان پەروەرییەکانی حاجی قادری کۆیی کارێکی گەورەی کردۆتە سەر مێشک و بیری مەلای گەورە.

ڕێزدار حاجی قادری کۆیەش هەروەک گوتمان لەبارە بنەماڵە بەڕێزەکەی مامۆستادا فەمویەتی هەڵبەت پێش لە داییک بونی مامۆستاش:

بەغەیری جەددی ئیوەکی هەیە دانا لە کوردستا ن بناغەی عیلمی دانا؟!

کە ئەو بەڕیزە لەبارەی تەکییە وخانەقاکانیشا ئەفەرموێ:

شکڵی تەکیە و خانەقای شێخەکان   لەم هەموو شێخ و مریدانەی ریا

هەروەها ئەو بەڕیزە لە پارچە هەڵبەستێکی دیکەدا هەروەک گوترا دەڵێ:

ئیبتیفا قە دلبەریکی بی کـــەدەر   حاجی ئەنواعی لیباسی کردە بـــە ر
بی جیاز و مارە یی دەید ابە شو   لە و هە مو کورد انە داخواز ی نە بو

واقـــــیعەن رەنگیـــــنە ئەم بـــــۆ ریـــــان
فەردێکـــــی نـــــاچێتە مزگەوتـــــی خـــــودا

هەروەها لە لاپەڕەی ١٦٥ی هەر هەمان کتێبدا ئاوا دەفەرموێ:

ئەوەی یارمەتی مەلای گەورەی داوە بۆ فراوان کردنی ئاسۆی بیرو رۆشنبیری ئەوەیە، کە جگە لە زمانی کوردی زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی باش زانیوە و لە شێوە و داڕشتن و بیر و بڕوادا

چوەتە قوتابخانەی شاعیری شۆڕشگێڕی مەزنی کورد حاجی قادری کۆیی و لە سەر ڕێبازەکەی ئەو ڕۆیشتووە و باسی گەلێ بابەتی نوێی کردووە.

دیسان بەڕێز فوئاد حوسێن ئەحمەد، دە لاپەڕە ١٦٥ی پەڕتووکی ئافرەت لە هۆنراوەی کوردیدا دەنووسێ:

مەلای گەورە نە تەنها بە قسە و وتوویژ، رای روونـاک و رۆشنبیری و پێشکەوتووانەی خۆی لەبارەی ئافرەتەوە، دەرنەبڕیوە، بەڵکوو بە کردەوە ئەوەمان بو دەچەسپێنێ. ساڵی ١٩٦٢ز نەک هەر کوڕ، بەڵکوو کچی خۆیشی خستە قوتابخانەی کوڕانەوە و سەیری کۆمەڵی کوردەواری دەکرد.

ئەوەی دەیبینی بۆنی دواکەوتوویی و کۆنە پەرەستی و خورافاتی لێدەهات، هێرش و هەڵمەتی دەکردە سەر و ئیتر هیچ دیمەنێکی ئیجتیماعی نەما لە ناو کۆمەڵەکەی کە هەڵمەتی نەباتە سەر، کە گەشتێک بە نێو باغ و باغاتی هۆنراوەکانی شاعیری ناوبراوماندا بکەین و بزانین لەبارەی ئافرەتەوە چی وتووە و چۆن سەیری کردووە و لە چ جۆرە پلەیەکدا دایناوە، ئەوسا بۆمان ئاشکرا دەبێ تا چ رادەیەک پێشکەوتنخواز و بیر فراوان و تێگەیشتوو بووە. شاعیر چ لە کاتی هەرزەکاری و چ لە کاتی هەڕەتی لاوەتی یان چوونە ناو مەیدانی پیرییەوە هۆنراوەیەکی نەهۆنیوەتەوە کە باسی جوانی ئافرەتی کردبێ، یان وەکوو شاعیرانی پێش خۆی کە جۆرەها کەرەسەی جوانکاری و تەشبیە و لێکچواندن و خوازە و خواستە، کە جیهانی ئافرەتیان پێ رازاندۆتەوە و باسی روومەت و خاڵ و زولف و باڵای دڵبەریان کردووە و لە لایەکی تریشەوە باسی ئەڤینی و دڵسووتاوی و هەڵقرچاوی خویانیانی کردووە و لە ئەنجامی دووری یاردا ئارامیان لێ بڕاوە و قسەی نالایقیان دەرهەق

کـردوون. وەکـوو بێوەفـا، غەددار، جەلـلاد، خـوێنڕێـژ لێـرەدا هەروەک دەبینـین جیـاوازییەک لە نێـوانی شـاعیرانی پێـشوو و شـاعیری ناوبراومانـدا سـەر هەڵـدەداتەوە و ڕێبـازێکی تـایبەتی گرتۆتە بەر، کە حاجی قادری کۆیی رابەر و پێشەوای بوو.

هەروەها دە لاپەڕەی ۱۷۱ هەر ئەو کتێبەدا دەڵێ:

مەلای گەورە چەنـدین دیـاردەی نالەبـاری کـۆمەڵایەتی رەچـاو کـردووە کە تیایـا ئـافرەت کڵـۆڵ و زەلیـل و ناهومێـد بـووە. لەم مەیدانەدا ئاسپی خۆی تاو داوە و بە هۆنراوە تیژ و رەوانەکانی کە هەمـوو کەس لێـی تێـدەگات رەخـنە لە مەلا و شـێخە درۆزنەکـان دەگرێت کە پەیڕەوی ئایینی ئیسلام ناکەن! و بە هەوەسی خۆیـان و لە بەر بەرژەوەندی بێویژدانیان فتوا دەردەکەن! تیایا زوڵم و زۆرو نـاهەق دەسـەپێنن. دیـسانەوە لە هەمـان روانـگەوە هۆشـیاری خەڵـکەکەش دەکـاتەوە کە کێـشە و ناکۆکییەکانیـان و چارەسـەر کردنیان دەدۆزێتەوە و وەکـوو بەرمـاڵ لە بەر دەمیانـدا رایـدەخات، هەروەک لە هـۆنراوەی تەڵاقـدا دەبینـین چەنـد بە وردی و جـوانی باسی مەسەلەکەی دەکات و بەرگری لە مافی ئافرەت دەکات، مەلای گەورە دەڵێ:

خـــودا فەرمـــووی لە قورئـــان (الطـــلاق مرتـــان
فامـــساک بمعـــروف او تـــصریح باحـــسان
بڵـێن بە قەومـی کـوردان دەسـتی مـن و دامێنیـان
عەیـبە بە حەقـی قورئـان ژن هێنـان و تەڵاق دان
ژن زینەتـــی دنیـــایە ئەمـــانەتی خـــودایە
حەبیبـــی مـــستەفایە قەڵاتـــن لە بـــۆ مێـــردان
وەزیـــفەی زۆر گەورەیە دەزانـــی ئەویـــش چەیە؟
منداڵ بوون و تەربیە بێمەسخەرە و جوێن پێ دان

هەروەها ئەو بەڕێزە دە لاپەڕەی ١٧٣ی هەمان پەڕتووکدا دەڵێ:

مەلای گەورە ئامۆژگاری مەلاکانی دەکرد کە هەرگیز کچان بە منداڵی لە کوڕان مارە نەکەن و مارە کردنیشی بە بێ ڕەزامەندی کچ لا ڕاست نەبوو، هەروەها دژی ئەوەش بوو کە ئەگەر هات و دایک و باوک لە یەک جیا ببنەوە باوک منداڵەکە ببات، واتا نابێ منداڵ بە ساوایی لە دایک دوور بخرێتەوە چونکە دایک زیاتر و چاکتر منداڵەکە بەخێو دەکات و پێی دەگەیەنێ. شاعیر (واتا خودی مامۆستا) دەڵێ:

داک مامۆستای فیتریە پەیدا بوونت لەویـیە
بە مـادی و مەعنەویـیە خەراپە لە ڕێـی لا دان

دیسانەوە هەر بەڕێز فوئاد حوسێن ئەحمەد دە لاپەڕەی ١٧٤ی ئافرەت لە هۆنراوەی کوردیدا دەفەرموێ:

مەلای گەورە چەند دووربین و هۆش فراوان بووە؟ پێوەندییەکی بەتین لە نێوان پەروەردەی چاکی دایک و خزمەت کردنی نیشتمانی پیرۆزدا دەخاتە ڕوو، دایکی دانا و تێگەیشتوو کە دەزانێت چۆن بەچکەکەی پەروەردە بکات تا دواڕۆژ ببێتە لاوێکی ئازا و بەجەرگ کە بتوانێ خزمەتی مەفتەن واتا نیشتمانەکەی بکات، بە کاوەی ئاسنگەری دەشوبهێنێ، چون تەخت و بەخت و تاراجی زوحاکی خوێنمژی رووخاند و میللەتی کوردی لێ رزگار کرد. وەک دەڵێ:

ئومێـدم وایە لاوە ئەتـۆش هەروەکـوو کـاوە
لە بـۆ کـوردان هەڵـبکەی رایەتـی ئەتـابوکی
منـیش ئەوا ئەگـریەم رۆڵە لە بـۆ قەومـی تـۆ
هەمـوو جەرگ و هەنـاوم ئەوا هـاتە سـفت و سـۆ

بەڕێز محەمەدی مەلاکەریم لەبارەی ئەو بلیمەتە پایەبەرز و زانا هەڵکەوتووە کوردەدا دەڵێ:

هەر لە گیانی بەرزی حاجییەوە ئیلهامی وەرگرتووە و خاوەن رۆشنبیرییەکی فراوان بووە ئاگاداری جیهانی دەرەوەی کوردستان بووە، شیعرە سیاسییەکانی بەڵگەن بۆ قسەکانمان. ئاگاداری بەرهەمەکانی"محمد عبدەو جمال الدین افغانی و گاندی هندستانی و سەعدی زغلول میسری" بووە و ئەو کارە ناڕەوایانەی کە داگیرکەرانی وەکوو ئینگلیز و فارس و تورک و عەرەب بەرانبەر بە گەلانی جیهان دەیکەن، هەموو ئەمانەی بە وردی زانیوە. بەڕێز کەریم شارەزا لە بارەی بەڕێز جەنابی مەلای گەورەی کۆییدا دەڵێ:
شاعیر سەر بە دوو پەیڕەوی ئەدەبی بە یەکترەوە بەستراوە، کە پەیڕەوی بیر و روونکی یا زانست پەروەری و پەیڕەوی ڕیئالیزمی رەخنەگرییە.

بەڵێ جا منیش دەڵێم: بە تێکڕا دەتوانین بڵێین کە بەڕێز جەنابی مەلای گەورە کە بە هەق مەلایەکی گەورە بووە، ژنی زۆر خۆش ویستووە و پێشی وا بووە کە ئافرەت لە جیهاندا بە گشتی و لە کوردستاندا بەتایبەتی زێف و ستەمی لێ دەکرێ و مافی خوا پێداوی خۆی لێ زەوت دەکرێ، بە چاوی سووک و بێڕێزی جاو لێ دەکرێ، مافێکی کە بە پێی یاسای ئاسمانی و سروشت بۆی دانراوە لە هەموو راستان لێی زەوت دەکرێ.

جا هەر لەو کاتەشدا پێی وا نەبووە کە ئافرەت دەبێ بگەیەنرێتە پلە و پایەیەکی بالاتر لە ئی پیاو، یان یەکسان لە گەڵ پیاو. بەڵکە پێی وا بووە ئەویش هەروەک پیاو دەبێ لە ژێر فەرمانی خوادا بێ و یاسا و رێساکانی یەزدانی بە جوانی بەڕێوە بەرێ و

ئەوەی خوا بۆی داناوە لێی لانەدات، وەک دەفەرموێ:

ژنـیش وەک مـوزەککەرە، عەیـنەن ئەویـش بەشـەرە
چـاو لادانـی لە سـەرە، هەر دوو لە یەک حـوکم دان

مەلای گەورەمان هەرگیز وەک هێندێک کەسی بیر نەکردۆتەوە کە دێـنن ژن دەکەنە ئاغـا و کوێخـا و باڵاسـەری پیـاو و ئیتـر هەمـوو جـۆرە تازیـاری (امتیـاز)ێکـی پێـدەدەن و تەنـانەت دژی فەرمـان و دەسـتووری قورئـانی پیـرۆز کە دەفەرمـوێ: (الرجـال قوامـون علـی النساء= پیـاوان سەرپەرشتیارن لە سەر ژنـان) پیـاوی بێچـارە بە جـارێکی بـێدەسـەڵات دەکەن و دێـنن دە بەر دەسـتی ژنێـی دەنـێن. ژنـیش بـۆ هەمـوو شتێک ئـازاد دەکەن، کە دیـارە دەیـان و سـەدان خەراپەی لێ پەیدا دەبێ وشیرازەی بنچینەی کۆمەڵیش بە یەکجاری تێکدەچێ.

هەروەها مامۆستا نەک وەک هێندێکانیش بووە کە هەموو جۆرە مافێکی لە ئافرەتی بێچارە زەوت دەکەن، بگـرە هەروەکـوو ئـاژاڵ و پاتاڵ و وەڵس (حیوان)ی لە پێنـووس دەدەن و هـیچ جـۆرە مـافێکی پێنادەن کە ئەوەش هەمووی هەر خەراپە و لە رێ لادانە. لە راستیدا نە ئەویان و نە ئەمیان یاسـای خـودا و بەرنـامەی ئـایینی پیـرۆزی ئیسلام نین.

ئیـسلام ئـایینێکی ئاسـمانی میـانەڕەوی لایەنگـری ئـازادی و سەربەستییەکی ئەوتۆیە کە بافت و شایانی شـانی مرۆڤ بێـت، نە زێدەڕۆی تێدایە و نە کەمڕۆیـی. (نە افـراط و نە تفـریط) بەڵـکە لە نێوان ئە ودوو رێیەدا رێگایەکی مامناوەندی هەڵبژاردووە. رێگایەکی وایە کە ئەگەر لەوە پتر ماف بە ژن بدرێ سەردەکێشێ بۆ خەراپی و شیرازەی کۆمەڵ لە بەر یەک هەڵدەوەشێ و ئەگەر لەوەش کەمتـری

پێ بدرێ ستەمێکی زۆری لێ دەکرێ و هەر کۆمەڵێکیش ستەمی تێدا بێ کۆمەڵێکی گەندەڵ و رزەڵۆک و نەخۆشە و بەرەو لەناو چوون دەڕوا.

جا مامۆستای گەورەی خوا لێخۆشبوومان ئەو رێگا میانجییەی هەڵبژاردووە و بە کۆمەڵی کوردەواریش پێشنیاز دەکات و دەیهەوێ کە گەلە هەژارە لێقەوماوەکەی ئەو رێیە بگرێتە بەر.

ئەو بەڕێزە لە پارچە هەڵبەستی تەلاقدا پێمان دەفەرموێ: ژن خشڵ و جوانی بووکی رازاوەی جیهانە و ئەمانەتی خوای گەورە و خۆشەویستی پێغەمبەری مەزنی ئیسلام و قەڵات و پشتیوانی پیاوەو ئیتر دەبێ ڕێزی راستەقینەی خۆی بۆ دابندرێ و مافی خودا پێداوی خۆی بدرێتێ. چونکە ژن دایکە و خۆ دایکیش یەکێکە لە دوو پایەی قایمی بنچینەی کۆمەڵ. هەر ژنە کە بەخێوکەر و پەروەردەکەری رۆڵە بەئەمەگەکانی گەل و نیشتمانە و هەر ئەوانیشن کە راگری ئالای ئازادی و سەربەرزی و سەربەخۆیی کۆمەڵ و زێد و وڵاتن و هەر ئەوانیشن کە کار دەکەن و چەکەی مل دەکێشن و بە زەحمەت و هەوڵ و تێکۆشانی خۆیان گەل و نیشتمان راگیر و راوەستاو دەکەن دیارە کە دایکیش نەبێ رۆڵە نابێ.

کەوایە دەبێ چینی لاووتازە پێگەیشتووی گەل زۆر ئازا و نەبەزو دلێر و چاونەترساو و ژیر و هۆشیار و بەجەرگ وخۆڕاگر بێ، چونکە هەرگیز گیا و گوڵ و شیناوەرد لە زەوی بێپێز و کەمهێز و بێپیت و بەرەکەت باش نابێ و جوان گەورە نابێ، هەروەها بەرهەم و ئاکامی چاکی نابێ. زەوی دەبێ خزمەتی بکرێ و خاوەن زەوییەکە بە چاکی پێی رابگا دەنا خەلە و خەرمانی چاکی لێ هەڵناگرێ.

خۆ دایکێکیش ئەگەر بێت و سەرکز و دەربەدەر و بێڕێز و نادڵ بە جێ بێ هەرگیز رۆڵەی ئاوای نابێ بەڵکە ئەوەی لێی دەبێ

کەسێک دەبێ کە چاو چنۆک و زەرد و چیلاز و ترسەنۆک و بێهێزو لاواز و بێبیر و ژیری دەبێ کە بێگومان ئەو جۆرە کەسانەش نەک هەر بە کەڵکی خۆیان و کۆمەڵەکەشیان نیەن و بەس بەڵکە دەبنە سەربار و ملۆزمی کۆمەڵ و لەباتی ئەوەی کە گەل و وڵات بەرەو پێش بەرن زۆریشی وە دوایە دەخەن.

بەڵێ مامۆستای گەورەی خوا لێخۆشبوومان خوای گەورە پلەوپایەی پەسلانی بەرزتر کات لۆمە و سەرکۆنەی کوردان دەکا و دەفەرموێ: ئێوە ئەی کوردانی مەرد سەبارەت بە ژنان بێباکن و ڕێزو حورمەتی ئافرەتان ناگرن و خزمەتی پێویستیان پێ ناکەن، هەر بۆیەش قەت دایکی چاکتان نییە، ئێوە چاو لە حاڵی خۆتان ناکەن و یەکیەتی و هاوپەیمانیتان نییە و وەک دڕک و دڕووی ناو عەردانن کە هەرگیز یەک ناگرن و هەمووتان هەر تیژ و بڕەرن!

هەروەها دەفەرموێ فێر کردن و پەروەردە و بارهێنان و گەورە کردنی منداڵ لە ئەستۆی دایکە و راستی ئەگەر دایکیش چاک نەبێ هەرگیز منداڵەکەی چاک نابێ چونکە گوتمان دایک وەکوو زەمینە و خوای گەورەش لە سوورەی ئەعراف ئایەی ٥٨ی قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ: (و البلد الطیب یخرج نباته باذن ربه و الذی خبث لایخرج إلاّ نکدا) زەمینی چاک و پاک و بەهێز و پێز شیناوەردەکەی دێتە دەر و دەڕوێ بە ودم و یارمەتی خوا بە شێوەیەکی وا کە خودی جووتێرەکەی سەری لێی سوور دەمێنێ، ئەو زەمینەش کە وا خەراپ و ناپاک و بێهێز و پێزە زۆر بە کەمی نەبێ گیا و گوڵی لێ شین نابێ، کە دیارە ئەویش بێکەڵکە.

بەڵێ مامۆستای بیروڕای وایە کە دایک مامۆستای سروشتی منداڵە و هەر دایک بەرپرس و بەرگروان (ضامن)ی خووخدەی ئەوە و جگە لە خەرج و پیتاک و خواردەمەنی منداڵ باوک هیچی لە سەر

نییە و جا ئەگەر دایک چاک نەبێ و منداڵەکە چاک بار نەهێنێ لە دواییدا سێسەد فەرموودەی پێغەمبەری مەزنیشی بۆ وەخوێنی شوێن و چەخەری لێ ناکات. بەڵێ جا مەلای گەورە ئا بەو جۆرە دەفەرموێ:

ژن زینەتی دنیایە ئەمانەتی خودایە
حەبیبی مستەفایە قەلاتن لە بۆ مێردان
ژن ئەگەر بە حورمەت بێ، بێزیللەت و زەحمەت بێ
بە تەربیە و خزمەت بێ، دڵگوشاد و لێو خەندان
کوڕی دەبێ وەکوو شێر ئاقڵ و دانا و دلێر
بە دڵ غەنی بە چاو تێر، سەردار و مەردی مەیدان
ژنێکی دەربەدەر بێ، دڵ پڕ غەم و کەدەر بێ
ڕەزیل و دەسبەسەر بێ، وەک مەحبووس لە ناو زیندان
دەبێ ئەولادی کوو بێ؟ بێڕەوت و هەم بێڕوو بێ
مێشکی وەکوو کەدوو بێ، ترسەنۆک وەک یەهوودان
دەرحەق ژنان بێباکن، بۆیە بێ داکی چاکن
سەیری حاڵی خۆ ناکەن وەک دڕکن لە ناو عەردان
تەربیە لە لای داکە داک چابێ ئەولاد چاکە
باب لە ئەسڵا بێ باکە فەرقەکی ناکا چەندان
کە داکی چاکی نەبێ دووسەد حەدیسی نەبێ
چلۆن تەئسیری دەبێ وەک پف لە پوتک و سندان
وەزیفەی زۆر گەورەیە دەزانی ئەویش چەیە؟
منداڵ بوون و تەربیە بێمەسخەرە و جوێن پێ دان

مامۆستا گیوی موکریانی دە لاپەڕەی یەکی پێشەکی دیاری مەلای کۆییدا کە لە چاپخانەی کوردستان لە هەولێرێ چاپ کراوە،

دەفەرموێ:

بەهەشتی مەلا محەمەدی کۆیە جەلیزادە بەناوبانگی کۆیی نـاوی مـحەمە د کـوڕی حـاجی مەلا عەبـدوڵلا کـوڕی حـاجی مەلا ئەسـعەد کوڕی مەلا عەبدوڵلا کوڕی مەلا عەبدوڕەحمانە.

پڕشـنگێکی هەرە گەورە و ترووسکەدارە لە بنەمـاڵەی خـانەدانی زانستیی جەلییە، کە بە درێژایی ۳۰۰ ساڵان لە شارۆچکەی کـۆیەدا خەریکـی بـڵاو کـردنەوەی هونەرەکـانی زانـستی و خوێـندەوارییەتی بوون.

بەهەشـــتی حـــاجی قـــادری کـــۆیی لە نامەیەکیـــدا کە لە ئەستەمبووڵەوە بۆ حاجی مەلا عەبدوڵلای جەلی نووسیوە ددانی بە بەرزییەتی پایەی راژەی زانیاری وان داناوە و فەرموویەتی:

بە غەیـــری جە د دی ئێـــوە کـــێهە یە دا نـــا ؟!
لە کـــــورد ســـتا ن بنـــا غە ی عیلمـــی دا نـــا

زانای کوردستانی خۆشەویست لە سـاڵی ۱۲۹۳ک لە کـۆیەدا پێـی ناوەتە کۆڕی ژیانەوە و لە تەمەنی ٥ ساڵانەییدا رەوانی پاکی دایکی رووی لە وڵاتی خامۆشان کـردووە. ئیتـر تەنـها بـاوکی پەروەردەی دەکرد و سەبارەت بەزرینگی و هۆشیاریەتی زۆری خۆش دەویست و پێیەوە مانـدوو بـووە، هەر لە تەمەنـی پێـنج سـاڵانەییەوە لە لای موسـتەعیدەکانی بـاوکی دەسـتی بە خوێـندن کـردووە، پەڕتـووکی الخـادمی تەواو کـر کە یادگـاری مەلا عەبـدوڕەحمانی جەلـیزادەی باپیریەتی.

قۆناخی فەقێیەتـی (سوختایەتی) بە سـاڵ و نیوێـک بڕیوە و لە تەمەنی ١٤ ساڵیدا باوکی وانەی پێ دەگوت، لە تەمەنـی ١٨ سـاڵیدا دەستووری کۆتایی خوێندنی وەرگرت.

چارەنووس وای کرد کە خۆی وانەی بە مامۆستایەکانی خۆی دەگوتەوە و لە پێش ئەوەدا کە تەمەنی بگاتە ١٩ ساڵی دەستووری کۆتایی خوێندنیشی دانێ. کە لە ١٣٢٦دا باوکیشی رووی لە وڵاتی خامۆشان کرد سەرناوی سەرۆکی زانیاران (لقب رئیس العلماء)یی بۆ وی مایەوە و هەر بەو هۆیەوە کە بە مەلای گەورە ناو براوە.

لە ساڵی ١٣٣٤ای کۆچیدا بوو بە ئەندامی جڤات (مجلس) وڵایەتی موسڵ.

هەروەها ئەو بەڕێزە دە لاپەڕەی سێی(٣) هەمان پەڕتووکدا لە بارەی ئەو هۆزانە پسپۆڕ وبلیمەتەدا دەڵێ:

مەلای گەورە هەر لەمنداڵییەوە هەوەسی لە هەڵبەست دانانێ بووە و لە زۆر لایەنانەوە بە هۆنراوە دوواوە، بەڵام لە رووی ئەوەوە کە لە دەریای زانیارییاندا گەیشتبووە بەرزترین پلە، زانایییەکەی بە سەر بوێژییەکەیدا زاڵ بووە، ئیتر هەمیشە هەر خەریکی وانەوێژی و پەڕتووک دانان و ئامۆژگاری کردن بووە. کاتێکی وای نەبووە کە بە پوختی خەریکی هەڵبەست دانانبێ بێت هەرچەندە هونەری هەستیارییەتی هەر لە منداڵییەوە لە باوکی و مەنفی و حاجی قادر و کەیفی و شێخ رەزا فێر بوو و لە گەلێک لایەنانەوە هەڵبەستی داناوە، بەڵام هەڵبەستە نیشتمانییەکانی لە هەموان پترن.

دیسان هەر مامۆستا گیوی بەڕێزمان لە لاپەڕەی ٤ هەمان کتێبدا سەبارەت بە مەلای گەورەی کۆیی، کە زۆر جێی خۆیەتی ئێمە بڵێین مەلای گەورەی کوردستانی، دەفەرموێ:

ئەو زانا گەورە بلیمەت و هەڵکەوتووە بە مێشکێکی رووناک و گیانێکی پاک و ئازا و ئازادی پەرستانەوە کەوتە ناو کۆمەڵێکی

نەخوێندەوار و دیل و ژێر دەست و دواکەوتووی ڕێ لێ گۆڕاو، کۆمەڵێکی خۆخۆری بێگانە پەرست و حەفتا ڕەنگ، کۆمەڵێکی کە لە ترسی جرجاڵی دەلەرزی، بە ئومێدی هاتنەی خواری عیسا و دەرکەوتنی مەهدی دەگەشایەوە و دەستی بۆ هیچ کار و پیشەیەکی نەدەچوو، کۆمەڵێکی کە پشتی لە مەلا و مزگەوتی خودا و ڕووی لە شێخ و تەکیە و خانەقا کردبوو.

ئەویش بەو هەموو زانیاری و ئایینداری و خودا پەرستییەوە لە بەرامبەر ئەو هەموو کارەساتە بێجێیانە خۆی پێ ڕانەگیراو نەیتوانی چاویان لێ بپۆشێ و قۆڵی مەردانەی لێ هەڵماڵیوە و بە پێچەوانەی هەموو جۆرە ناکۆکی و ناڕێکی و ناڕەوایی و کۆلکە مەلاو بەدکردارێکییەوە بە بێ کۆڵ دان ڕاوەستا و بەربەرەکانی کردوون.

دووبارە مامۆستای گیوی خوا لێی خۆشبێ لە لاپەڕەی ٧٤ دیاری مەلا محەمەدی کۆییدا ئاوا دەفەرموێ:

مەلای گەورە نەک تەنها هەر بەسەر زانیارییە کۆن و نوێیەکاندا ئاگادار بووە و بەس، بەڵکوو بە سەر پێشکەوتنی زانیاری کۆمەڵایەتییە پێشکەوتووەکانیشدا شارەزا و لایەنگریشیان بووە. لە ناو وانەکانیشیدا باسی زانیارییەکانی کۆن و تازەی دەکرد و زۆر دژی ئەو پەڕتووکە درێژانەی وەکوو (صرف و نحو) و ئی تر بوو کە فەقێیان تێیاندا پیر دەبوون و سوودێکی واشیان نەبوو، بۆیە بە بەرژەوەندی دەزانی کە کورت بکرێنەوە و چتی نوێیان لەگەڵ بخوێندرێ هەر وەک فەرموویەتی:

عیلمی تەبیعەت عیلمی خودایە
قال و قولە گشتی هەبایە

عیلمـــــــی کیمیـــــــات گەر نەخوێنـــــــدووە
بە خـــوا نـــازانی خـــوا چـــی کـــردووە؟

جـا ئـا لێرەدا منیش دەڵـێم: دەڵـێن مامۆستا خـۆی هەمیـشە دەیفەرموو من ئەگەر سێ مەلام لە تەواوی کوردستانی گەورەدا بـۆ حـاڵی کرابـان، سێ پـارچەی کوردسـتانم سـەربەخۆ دەکـرد، بەڵام ئەمن دەڵـێم: سێ مەلای وەکوو مەلای گەورە، نەک مەلای نـامەلا و بەڵا یان نیوە بەڵا!!

مامۆستا گیـوی موکریـانی لـە لاپەڕەی ١ دیبـاچەی دیـاری مەلای کویەد الە بارەی ئە و هوزانـە زۆرانـە دائـاوا دەنوسـی: جەلـی زادە بەناو بانگی کۆیی نـاوی (محمد) کـوڕی حـاجی مەلا عبداللـە کـوری حاجی مەلا اسعد کور ی مەلا عبدالله کوری مەلا عبد الرحما نی یە. پرشە نگیکـی هەرە گەورە و تروسکە دارە لـە بنەمـاڵەی خـانەدان و زانستی (جە لی)یە کە بەدریژایی ٢٠٠ سالان لـە شـارۆچکەی کۆیەدا خەریکی بڵاو کردنەوەی هونەر و زانست و خویندەوارییـن. بەهەشتی حـاجی قـادری کـۆیی لـە نـامەیەکی دا، کـە لە ئەسـتەمبوڵەوە بـۆ حاجی مەلا عبداللەی جەلـی نوسیوە ددانـی بـە بەرزییەتـی پـایەی راژهی زانیاری وان داناو فەرمویەتی: بەڵێ حاجی مەلا قـادرە کـۆیی سەبارەت بە یە کگرتوویی کوردان بیر و ڕای ئەوەیە کە دەرفەرموێ:

ئیتیفاقە دلبەریکی بی کـــەدەر حاجی ئە نواعی لیباسی کردە بە ر
بێ جیاز مارەیی دەیدا بەشـــو لە کوردانە داخوازی نەبـــــــو

هەروەهـا لە بـارەی بنەمالـە گەورەی مەلای کوییـشدا بیـر ورای ئەوەیە کە وەک باسمان کرد لەنامەیەکدا کە لـە ئەسـتەمبوڵی ڕا بـۆ

بەڕیز حاجی مەلا عەبدوللای با بی ماموستای کویی نوسیویەتی :

بـە غـە یـری جـە ددی ئیـوە کـی هـە یـە دانـا
لــە کوردســتان بناغــە ی عــیلمی دانــا

دیارە کە ئەوە بیـروورای زانـا و هـونەریکی هونەرمەنـدی کـوردی کوردستان خوازی وەک ڕیزدار حاجی قـادری کۆیی لەبـارەی مەلای کـۆیی و بنەماڵـە بەڕیـزەکەی دا ئەوەیە کـە دەفەرمـوی جگـە لـە بنەماڵە وباب وپیرانی ئیوە چ کەسیک بناغە وبنچینەی ساختومانی فیرزانیاری لەزێد ونیشتمانی کوردەواریدا داناوە و ئیتر هەر باب و بـاپیرانی ئیـوە بـوون، کـە زانـست و فیریـان هێناوەتـە وڵاتـی خوشەویستی کوردستان. دیسان ڕیزدار مامۆستا گیوی موکوریـانی لە لاپەرەی(٦) دیبـاچەی دیـاری مەی کـویی دادە فەرمـوی : زانـای دلسوزونە بە زبی گومان لە هەستی پـاکی حـاجی قـادری بـرادە ری باوکی بەهرەوەر بووە ؛ بەڵام تاسـالی ١٩٢٣بـە کـردەوە ووتـو ویـژ تەنیا خەریکی بە ربە رە کا نی شیخ وتە کیە وخانە قاوکولکە مە لایان بووە ، چونکو زوررقی لەوانە بوو کە ئا یین دە شێوینن و لە پەنـای ئـایینی پـاکی ئیـسلامدا کـارانی بـێ جـێ و نـا ڕەوا دەکەن و هەژاران دەروتێنــنەوە، بەو هـۆیەوە چەنـد هـۆیەکی تـرەوە زۆر نەپرژاوەتــە ســەر ئەوەی کــە ئــاوڕیکی تەواو لــە نیـشتمانە دابەشکراوەکەی خۆی بداتەوە .وە هەر ئەو خوشەویستە لە لاپەڕەی (٤) هەمــان کتیــب دا دەفەرمــوی : ئەو زانــا گەورەو بلیمەتــە هەڵکەوتووە بەمێشکیکی ڕوناک وگیانیکی پاک وئازادی خوازانەوە، کەوتە ناو گەلێکی نەخوێندە وارودیل وژێردەست ودواکە وتـووری لـی گوراو؛ کومەلیکی خـو خـوری بیگانـە پەرستی حەفتـا ڕەنـگ ؛ کومەڵێـک کـە لەترسـی جرجـال دەلەرزی و بە ئومێـدی هاتنـە

خوارەوەی عیسا و دەرکەوتنی مەهدی دەگەشایەوە دەستی بۆ هیچ کارو پیشەیەکی نەدەچوو؛ کومەڵێک کە پشتی لە مەلاو مزگەوتی خودا و ڕوی لە شێخ و شەیتان و بێگانە کرد بو!! ئەویش بەو هەمو زانیاری و ئاییینداری و خودا پەرستی یەوە لە بەرابەر ئەو هەمو کارەساتە بێ جێ یانە خوی پی ڕانەگیراو نەیتوانی چاویان لی بپۆشی، قولی مەردانە ی لی هەڵمالی و بەپیچەوانەی هەموجۆرە ناکۆکی ونا ریکی ونارەوایی وکۆلکە مەلاو بەدکرداریکی یەوە بەبێ کۆڵدان و ڕاوە ستان بەر بەرەکانی کردن.

گۆشە یەکی دی لە ژیانی پڕ لە ژانی رامیاری و کۆمەڵایەتی مەلای گەورە

تەنانەت هەر مرۆڤێکی ئاساییش لەو جیهانە پان و بەرینەدا خاوەنی ژیانێکی پڕپڕە لە بەرزی و نزمی، تاڵی و تووشی،شادی و خۆشی، خەم و کوڵ و دەرد و پەژارە، سەرکەوتن و ژێرکەوتن، هیوا و ئاوات، تاسە و ئارەزۆ، رەنگاوڕەنگی و جۆراوجۆرییە و ئیتر هەر لە بنیشڕا بە پێی یاسای سروشت ودەستوری خوا (سنة الله) ژیانی هەر گیانلەبەرێکیش هەر ئاوایە و خاوەنی گەلێک لایەن و رەنگ و دیمەنە، ئیتر هەر لە ماکا رەنگینی و جوانی و شیرینی و خۆشی و تام و چێژەی ژیانیش هەر لەو رەنگاوڕەنگی و جۆراوجۆرییەدایە و بەس.

جا لە نوکیشا هەر ئەوەش خۆی یەکێکە لە نیشانە و دیاردەکانی یەزدانی(آیات الله) هەروەک خۆی لە ئایەتی ٢٢ی سوڕەی الرومی قورئانی پیرۆزدا دەڵێ: (و من آیاته خلق السموات و الارض و اختلاف السنتکم و الوانکم) واتا: دروس کردنی ئاسمانەکان و زەمین و جیاوازی و جۆرا و جۆری و رەنگاوڕەنگی رەنگەکانی ئێوە و هەروەها جۆراوجۆری زمان و زاراوەکانی ئاخاوتنتان هێندێکە لە دیاردە و نیشانەکانی خوای گەورەتان. جا ئێمە ئەگەر کەمێک بە جوانی سەرنج بدەین و لە مەبەستەکە ورد بینەوە، بە چاکی بۆمان دەردەکەوێ کە مرۆڤ هەروەک شێوە و بیچمی لەش و جەستە و ئەندامی و رەنگی رووی و روومەتی و دەنگی زار و زمانی و زاراوەی گفتوگۆی جیاوازە و رەنگاوڕەنگ و جۆراوجۆرە، خووخدە و ژیان و بەسەرهات و رابواردنەکەشی هەر وایە.

داخەوە ئـــا لەو حـــاڵەت و ژیـــوارە دژوارانەدا نە کەس هەبـــووە ئـاوڕێکی دڵـسۆزانەی وە سـەر بـدا و کەمێـک ئەو ناسـۆر و زام و کەوەنانەی بۆ تیمار بکا و هەتـوانێکی هێدی کەرەوەی بـۆ لە سـەر دابنێ و هەروەهـا نە ئـاوپڕژێنێکیش هەبـووە کە دڵـۆپە ئـاوێکی بـۆ لەو ئـــاورە بەتەوژم و بڵێـــسەدارەی دڵ و دەروونـــی پـــڕ کـــوڵی بپڕژێنێ.ئەو دڵسووتاوە لێقەوماوە لەو کوردستانە پان و بەریـنەدا لە دوو بـــرای کـــوردی مەردی بە شـــەڕەفی هۆشـیاری دڵ بێـداری ئەویندارى کوردستان (مامۆستا داماو و مامۆستا گیوی موکریـانی) هیچ کەسێکی دیکەی گومـان نەبـردووە کە بتـوانێ بە تەواوی گرێـی دڵـی خـۆی لە لا وەکـات. بەڵام هەر کاتێـک پـۆرگی دڵـی خـۆی بە پـارچە هەڵبەسـتێک دڕیـوە و گرێـی دەروونـــی بە هـۆنراوەیەک کـردۆتنەوە، پـێش بـڵاو کـردنەوەی نـاردوویەتی بـۆ ئەو دوو بـرا بەشـــەڕەفە کە زانیـــویەتی ئەوان زۆر بە چـــاکی هەڵیـــدەگرن و دەیپـارێزن و لانـــی کەم لە داهـــاتوودا ئەوان کـــارێکی وا دەکەن کە بەرەی داهـاتووی گەلـی کـورد کەڵکـی بـاش لە بیـر و راکـانی وی وەربگـرن. کە بەڕاسـتی کردیـان و خـوای گەورە پاداشـی باشـیان بـــداتەوە. مەلای گەورەمـــان لە دەورانێکـــدا ژیـــاوە کە ســـەردەمی سەرکەوتنی نەزانی بەسەر زانیاری و ناڕەوا بە سەر ڕەوا و تەکیەو خانەقا بە سەر مزگەوتی ئیسلامی و شێخ بە سەر مەلای جێنـشینی پێغەمبەرﷺدا بووە بەڵێ، ئەودەم چاخێک بـووە کە دوو تەریقەتـی قـادری و نەقـشبەندی تەواوی کوردسـتانی گەورەیـان لە نێـوان خۆیاندا دابەش کردبوو و وردکە تەریقەتەکانی دیکەش هەرکـام لە گۆشەیەک بەشی خۆیان بردابوو. تەنانەت ئەو کەسەش کە لایەنگـر راستی و ئاییني پاک بوو نەیدەتوانی و نەیـدەوێرا کە ڕاشکاوانە و بە ئاشکرایی بیروڕای خـۆی دەرببـڕێ و نەیـاری و دژایەتـی خـۆی

رابگەیەنێ. وەک مامۆستای گەورە پەرچەمی خەبات و بەربەرەکانی لەگەڵ پڕ و پووچ پەرستی لە مەیدانی مەردایەتی بچەقێنێ.جا مەگەر دلێر و بوێر و بەجەرگ و باوەڕ و پۆڵایینێکی وەک مەلای گەورە کە بە ئاشکرا هەموو کەس سامی لێ دەکرد و لێی دەترسا و خاوەنی پلەوپایە و ڕێزێکی تایبەتی بوو لە نێو تەواوی خەڵکا و تەنانەت بگرە فەلە و جوولەکە یش هەر ڕێزێکی زۆریان بۆ دادەنا. ئەو چاخیش هەروەک ئێستا زۆران زۆر تێبینانە و ترسەنۆکانە جاروبارە لە ترسی خوا یا لە ترسی لۆمەی ویژدان جۆرێک بیروڕای ڕەوای تێکەڵ بە ناڕەوایان دەربڕیوە و بۆ نموونە گوتوویانە (ئێمە نەیاری هەموو شێخێک نین و هەر لە گەڵ شێخە خەراپەکانمانە)، بەڵام مەلای گەورە بە تێکڕایی بە بۆمبای بەتەوژمی هۆنراوە جوانەکانی بۆمبارانی کردوون و گوتوویەتی:

هە تا شێخێک لە کوردستان بمێنێ
ئومێدی زیندەکانیت پێ نەمێنێ
بە ریشی پان وپرچی پر لە ئەسپێ
بناغەی کاری کوردان چون دە چەسپێ ؟!
بە کەشکول وسوال و فەقرو زیلەت
مەحالە کاکی خۆم تەشکیلی دەولەت

ئەمجا بەتایبەتی ڕووی چەکە ستەمکوژەکەی هۆنراوە ئاگرینەکانی لە دوو نەیاری زۆر دیاری سەرەکی گەل و زێدەکەی کردووە و هەردوکیان بە نەیاری گەل وریشە کیشی ژیانی خەلک لە قەلەم دەدا وبەخەلکیان دەناسینی و بەئاشکرایی و بێترس دەڵێ:

تەریقەی قادری و نەقشبەندی
بە بای دا ڕەونەق و ئاهەنگی کورد

لــــە وان و ئـــە رزە روم تـــا حـــە ی جافـــان
تــە وە لــلا بــو ن لــە عــە قــل وعــیلم وعیرفــا
بــە وی شــول وبــە وی عــە قــل و تــە میــزی

موحە قق قە ومی کورد نایــیــتە ریـــزی مامۆستا لە ساڵی ١٩٢٤زدا بە رووڵێنانی خەڵک قبووڵی دەکا کە ببێتە ئەندامێکی جڤاتی دامەزرێنەری عیراقی (مجلس التاسیس العراقی) لە بەغدا و بە نوێنەری هە رێمی موسل هەڵبژێردراوە و بە شێوەیە کی زۆر مـــاقووڵانە و داب و دەســـتووریکی زۆرگرینـــگ بەڕێ کـــراوە بۆهەولێرولەوێشەوە بۆ بەغدا.گوایا مامۆستای بەڕێز لە کۆڕی دامەزرێنەریدا هەوەڵین هەنگاوی بۆ کورد و کوردستان هاویشتووەو لە پێش هەمو شتێکدا مەسەلەی کوردی کێشاوەتە پێش و لە نێو نوێنەرەکاندا باسی لێ کردووە. لەو کاتەدا کە ئەو بەڕێزە لەو کۆڕەدا نوێنەر دەبێ سەردانێکی مەلیک فەیسەڵی هەوەڵ دەکا و مەلیک زۆری ڕێز بۆ دادەنێ و داوای لێ دەکا لە کاتی پشوودانی هاوینەدا وانەی ئایینی و عەرەبی پێ بڵێ و مامۆستاش بەڵێنی پێدەدا و بڕیار دەدەن کە بۆ ئەو کارە لە شاری کۆیە لە مزگەوتی حاجی مەلا ئەسعەد کە بە لەباری دەزانن فێرگەیەکی شیاو دروست بکرێ و مەلیک سێ مانگەی هاوینێ لەوێدا بێ و مامۆستاش بچێ و وانەی پێ بێژێ.بەڵێ مەلیک پارەیەکی زۆر دەنێرێ و فێرگەکە دروست دەکرێ لە ساڵی ١٩٢٥ز، بەڵام گۆیا لە بەر گیروگرفتی هەرێمی موسڵ، مەلیک بۆی ناکرێ هاوینەکەی بێتە کۆیە و نامەیەکی جوانی لێبوردنخوازی لەگەڵ چەندین پەرتووکی چاکی کەم وێنە بۆ مامۆستا دەنێرێ. بەداخەوە نامەکەم دەس نەکەوت تا تۆماری بکەم.مامۆستای بەڕێز ناهێڵێ ئەو فێرگەیە چۆڵ و خاڵی

بمێنێتەوە و قۆڵێک لە فەقێکانی خۆی لەوێ دادەنێ و چەندین فەقێی هەر لە و حوجرە پیرۆزەدا بە پووڵی مەلیک فەیسەڵی هەوەڵێ کە بۆ ویش دروست کرابوو پێ گەیاندون و ودمی مەلایەتی پێداون بۆ نموونە یەکێک لەو فەقێیانە، کە لەو فێرگەیەدا پێگەویون و لە خزمەتی مامۆستای بەڕێز ودمی مەلایەتییان وەرگرتووە مەلا ئەحمەد مەلای مزگەوتی (زێوە و مزورکا)ی شاری ئامێدییە کە لە ساڵی ١٣٤٦ کۆچی مانگی و ١٩٢٧ زایینی کۆڕێکی یەکجار زۆر جوان و باشی بۆ گێراوە و ودمی مەلایەتی پێداوە.

جارێک پێش ئەو رووداوەی سەرێ کە بە داخەوە بەروارەکەیم بۆ روون نەبۆوە مەلیک فەیسەڵ دێتە هەولێر و زانایان و پیاو ماقووڵان و گەورە گەورەکانی هەرێم بۆ پێشوازی و گوێ گرتن لە مەلیک بانگ دەکرێن.

بەڕێزان مەلای کۆیی و مەلا ئەفەندیش کە لە تیپی بانگ کراوان دەبن لە باداوەوە دێن بۆ پارێزگاری هەولێر سڵاوێکیان لێ دەکا و خۆی وە پێشیان دەکەوێ و دەیهەوێ بڕوا و ئەوانیش بە دوایدا بێن، بەڵام مامۆستای کۆیی پیلی دەگرێ و دەیهێنێتەوە دوایە و دەڵێ جارێ نۆرەی ئێمەیە و تۆ مافی ئەوەت نییە وە پێش زانایانی ئایینی بکەوی.

موتەسەڕیف دەڵێ ببوورن من بۆ بەڵەدی پێشکەوتم و گوتم نەوەک شارەزا نەبن. مامۆستاش دەڵێ ئێمە زۆر چاک شارەزاین سوپاست دەکەین. جا ئەمجا ماموستا کە نۆرە قسەی دێ زۆر بە چاکی لە قسەکانیدا هەڵدەکوتێتە سەر مەلیک و گەلێکی رەخنە لێ دەگرێ و زۆر باش و بێترس دەیشێلێ هەروەک هەڵمەت بەرێتە سەر کەسێکی کەمتر لە خۆی...

جارێکیـان لە وتـاری ئێـوارانەی ڕەمەزانـی خۆیـدا قـسەیەک لە عەبـدولقادری گەیلانـی دەگێـڕێتەوە و نـاڵێ شـێخ عەبـدولقادری گەیلانی بەڵکە دەڵێ مەلا عەبدولقادری گەیلانی. هێندێک لە خەڵکە ناحـاڵییەکە وەدەنـگ دێـن و مـشتومڕیان لـێ پەیـدا دەبـێ و گۆیـا نەقـابیلەتی خۆیـان دەردەبـڕن و قـسەکە بە مامۆسـتا دەگـاتەوە.لە ئێـوارەیەکی دیـکەدا بـاس و قـسەکە بـۆ ئەو جێـیە دەکێـشێتەوە و دەیباتەوە سەر مەسەلەی پێشوو و دەڵـێ بیـستوومە هێنـدێک کەس لێیان گران هاتووە کە من لەبارەی غەوسی گەیلانیدا گوتـوومە مەلا عەبدولقادری گەیلانی. بەڵام با بزانن کە ئەوەی لەویەوە بۆ خەڵـک کەڵکـی هەبـێ مەلایەتـی و زانیـارییەکەیەتی، کەشـف و کەرامـاتی ئەگەر هەبـووبێ لەگەڵ خـۆی بەسـەر چـوون و مەلایەتـیش ناوێـک نییە نە بۆ غەوس و نە بۆ لەویـش بـاڵاتر هـیچ کەمـایەتیەکی تێـدا بێ، چونکە مەلایەتی واتـا زانـایەتی و ئەویـش خـوا لێـی ڕازی بـێ پیاوێکی زۆر زانا بـووە و مـن نـامهەوێ چکۆلەی بـکەمەوە و ئەگەر ئەو کەسانەی بەوە ڕازی نین من لەوە بەولاوە دەڵێم مەلاخوا!! واتا خواش هەر مەلایە چونکە زانایە.

بەڵێ مامۆستا مەلایەتی پێ لە هەموو پلە و پایەیەک گەورەتر و باڵاتر بووە چـونکە مەلا جـێنشینی پێغەمـبەرە و تـازەش کە هـیچ کەس نـابێتەوە بە پێغەمـبەر و گەورەتـرین شـانازی جـێنـشینی پێغەمبەرە دروودی خوای لەسەر بێ.

هەروەها پیاوێکی زۆر دەخۆڕادیو و بـێمـنەت لە خەڵـک بـووە و ویستوویەتی هەمیشە بە زەحمەتی خـۆی بـژی و هەرگیـز چـاوی لە شـتی خەڵـک نەبـووە و قەتـیش نەیویـستووە لەبەر دەسـەڵاتداران وەپاڕێ و لێیان مەمنوون بێ تا کارێکی بۆ بکەن یان شتێکی بـدەنێ گۆیا جارێکی لە چنارۆکی خەڵکێکی زۆری لێ میوان دەبـێ و شـەوی

کە بۆ شەونشینی دادەنیشن لە نێو قساندا پێی دەڵێن تۆ بۆ سەفەرێکی بەغدایە ناکەی خۆ دەوڵەت هەر خوا خوایەتی کە تۆ داوایەکی لێ بکەی.

ئەویش لە وڵاما دەفەرموێ: واللە و باللە و تاللە ئەگەر بە نووکی وەکازەکەم ئاوراکێشم بۆ نێو باخ و دەبن دارێکی بکەم گەلێکم پێ چاکتر و شەرافەتمەندانەترە لەوەی کە لە بەردەرگای مەلیک یان سەرەکوەزیر یان کەسێکی دیکە داوای روخسەتی چوونە ژوورەوە بکەم.

جا پاشان ئەو هۆنراوەیان بۆ دەخوێنێتەوە:

شـــاهی کە نەبـــێ رادەبـــوێرین بە فەقیـــری
بـۆ ئەهلـی قەنـاعەت لە پـلاو خۆشـترە دانـدۆک

چنارۆک هاوینە هەوارێکی زۆر خۆش و لە چاو مەڵبەندەکە گەلێک فێنکترە لە قەدی کێوی بەرزی هەیبەت سوڵتانیدا هەڵکەوتووە ورێگای لێک بەستنی شارەکانی کۆیەو چوارقوڕنە و رانیە و قەڵادزێ و سەردەشت و بەتێکڕا بەشێکی زۆری کاروانی کوردستانی گەرمێن و کوردستانی کوێستانێ بەوێدا تێپەڕ دەبوو. خودی چنارۆک خۆی بریتییە لە دوو بەش. چنارۆکی بڵباسان و چنارۆکی مەلایان. چنارۆکی بڵباسان کەوتۆتە لای باکوور و ئەگەرچی پتر لە چەند کیلۆمەترێک لە کۆیە دوور نییە و بە پێیان هەر تەنیا رێگەی ٤٠ ــ٥٠ وردیلەیەک دەبێ و بەس، بەڵام لە شاری رانیە پتر لە رێگەی حەوت کاتژمێرە لە سەر رانییەیە و ئەوەش بە هۆی ئەوەیە چونکە تیرەی بڵباس زۆرتر هەر لە مەڵبەندی پژدەر و بیتوێنێدا ژیاون و ئەوێش ملکی وان بووە.

بەڵام چنارۆکی مەلایـان، کە لـە لای باشـوور هەڵکەوتـووە و زۆر باشتر و خۆشتر و ئاوەدانترە لـە چنـارۆکی بڵباسـان و چـاکتر پێـی راگەیون. ئەو مەڵبەندە باغ و رەز و زەوی و زار و مـووچە و بەرەی زۆری لێیە و کـانی و سـەرچاوەکانی هەمـوو ئـاوەدانن و هاوینـان چەند هۆبەی لێ پەیدا دەبن و خاوەن ملکەکان بە هەوار و هەروەهـا بۆ رەنێو هێنانی زنحاتەکان و رەز و باخەکانیان دەچنە وێندەرێ و تـا پـاییزێکی درەنـگ لەوێ دەمێنـنەوە. کە مامۆسـتای بەرێـزیش لەگەڵ ئەو خەڵـکە وێـڕای فەقێکـانی هاوینـان چـۆتە وێ و دەسـتی کردووە بە وانەوێژی و موتالاّ و نووسەری.

کێوی هەیبەت سوڵتان زنجیرە کێوێکی بەرز و بڵیند و بـاریکە کە لە پشتی سماقان و نێزیک دەربەندی دووکانێ ڕادەس پێدەکا و درێژ دەبێتەوە و تا لە شاری کۆیە و لە دەشتی کۆیەش تێدەپەڕێ و لەو دیوە و دیوان واتا بە دیوی کۆیەشدا و بەو دیوی رانیەشدا لە قەد و داوێنی کێـوەکە گەلێکـی دێهـات لـێ هەڵکەوتـوون. بـێ لە چنـارۆک دەتوانین بۆ نموونە ئاماژە بە گوندەکانی گەلی گۆلان و کانیکەندو پێبازوک بە دیوی کۆیەداو کانی وەتمان و کانی مازوو و سماقان و باقلانە و شارۆچکەی خەلەکان و هتـد بە دیـوی رانـیەدا بکەیـن. کە دەتـوانین لە نێـوی خەلەکـان یـادی بەڕێـز نـاوداری کـورد ئیبنـو خەلەکـان و لە نێـوی بـاقلان یـادی گەورە پیـاوی ئـایینی مەلا ئەبووبەکری باقلانی بکەین کە ئەمیان خەڵکی خەلەکان و ئەویشیان خەڵکی گوندی باقلانێ بووە و منـیش چـوومەتە هەر دووکیـان و بە چاوی خۆم دیتوومن.

ڕەمەزانێک بە فەقێیەتی لە گونـدی کـانی وەتمـانێ بـووم لە گەڵ فەقێکـانی ئـاواڵم بە یـادی مەلا ئەبـوبە کـری بـاقلانی سـەردانێکی باقلانێمان کرد ڕەمەزانێکیش لە سەردەمی شۆڕشە پیرۆزەکەی مەلا

مستەفای بارزانی خوا لێی خوش بێ لە خودی خەلەکانی مەلا رەمەزانی بنکەی پێشمەرگەکانی لقی ٧ هێزی فارس باوە بووم و ئەو مانگە رەمەزانە لەگەڵ ئەو پێشمەرگانە و جا بەتایبەتی فەرماندەی لق کاک گوڵەباخ زۆر بە خۆشیم بردە سەر، یادی بەخێر.لێرەدا پێم خۆشە ئەوەندەبڵێم کە هەموو کەس دەبێ ئەوەندەی بزانێ کە لە کاتی مەلا مستەفای رەحمەتیدا پێشمەرگە ئاوا دیندار و خواپەرست بوون کە لانی کەم مانگی رەمەزانێ مەلایان رادەگرت بۆ ئەوەی ئامۆژگارییان بکات و رێگەی ئاییینیان پێ بڵێ. لە بیرمە ئێوارەیەک پێشمەرگەکان و فەرماندەکەیان کاک گوڵەباخ هاتنە لام بۆخواحافیزی و ماڵاویی و داوای نزای خێریان لێ کردم و گوتم دەچن بۆ کوێ؟ گوتیان هەتا نێینەوە ناکرێ پێت بڵێین دەبێ ببەخشی. گوتم خواتان لەگەڵ سەرکەوتوو بن.

بەیانی کە لە خەوێ هەستام دیتم هەموویان هاتوونەتەوە و گەلێکیشیان کەلوپەلی سەربازی لەگەڵ خۆیان هێناوە. جا ئەو جار دیتم بۆیان گێڕامەوە کە ئەوشۆ چوونەتە سەر مەخفەری گەورەی شاری کۆیە و بڕیار وا بووە کە لەگەڵ بانگی خەوتنان ئەوانیش لە سەربانی مەخفەرەکە وێڕای بانگی مزگەوتەکانی شار بانگی بڵێن و سوپاس بۆ خوا ئەو کارەشیان کردووە و بە دەستێکی پڕیشەوە گەڕاونەتەوە.

بەڵێ پێشمەرگەی مەلا مستەفا ئاوا بوون و بەڵام وەک ئێستا دەبیستم دەڵێن زەمین تا ئاسمان جیاوازی هەیە!! گۆیا ئەو کەسەی خۆی بێ گەورەی پێشمەرگەیە شەقی لە مزگەوتێ هەڵداوە و گوتوویەتی "تا ئەو کلێسەخانەمان لە نێو بێ قەت سەرکەوتن بۆ ئێمە نابێ" یان دەڵێن سکرتێری زلهێزێکی کوردستان گوتوویەتی: "دەبێ ئەگەر رۆژێک بێ و سەرکەوین وشترێک لە عەرەبوستانێڕا

بێنین و ئەو قورئانانە هەموو خڕ کەینەوە و لێی بنێین و بەرەو عەرەبستان بەڕێی کەینەوە و ئیتر نابێ تەنانەت کەری کوردستانیشی لێ خەسار کەین".

جا من لێرەدا نامهەوێ کە هیچی لە سەر بنووسم بەڵام هەر ئەوەندە دەپرسم دەبێ ئەوانە بەو جۆرە بیر و باوەڕانەوە چۆن داوای رابەرایەتی خەڵکی موسڵمانی کورد بکەن؟ یا خەڵکی موسڵمانی کورد چۆناوچۆن ئەوانە بە رابەری خۆیان قبووڵ دەکەن؟

بەڕێز مامۆستای کۆیی لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدا کچە مامێکی خۆی بە نێوی نەعیمە کچی مەلا حەبیب مەلا ئەسعەد هێناوە و چەند منداڵێکی بووە بەڵام جگە لە کچێک هەموویان بە منداڵی مردوون.

دوای مردنی ئەو ژنەی خزم و دۆستانی زۆریان داوا لێ کردووە تا قبووڵی کردووە، کە دووبارە ژن بهێنێتەوە. ئەو ژنەی دووهەمی کچێک بووە بە نێوی حەبیبە کچی شێخ رەزای کوڕی شێخ قادری سندوڵانی ناوچەی پژدەر کە لەویش چەند منالێکی بووە و کاک مەسعوود محەمەد یەکێکە لەوان.

مامۆستا مەلایەکی وەها بووە کە مەلایەتی پێ لە هەموو پلە و پایەیەکی جیهان باڵاتر بوە و هەر بۆیە گەلێک شانازی پێوە کردووە و هەر بە چەکی مەلایەتی توانیویەتی بە گژ هەموو خەراپکاری و ناڕەواییەکدا بچێتەوە. جا هەر بەو هۆیەوە ئەوەندە بە مەلایەتی و زانستەکانی مەلایەتییەوە خەریک بووە کە زۆر بە چاکی خۆی تێدا تەیار و ئامادە کردووە و هەر بەو بەڵگەشەوە بۆتە پیاوێکی هەرە بەرزی زانای هەڵکەوتوو و بلیمەت و زمانپاراو و خۆشبێژ و رەوانبێژ و ئاگادار لە هەموو زانیارییەکانی ئیسلامی و مێژووی گەلانی جیهان و بەتایبەتی گەلی کورد و هەروەها مێژووی ئیسلام.

جـا هەر بـۆیە هەمیـشە لە خـۆی رادەدیـت کە لە بـاس و وتوویژەکاندا زاڵ ببێ و نەیاران ببەزێنێ و هەرگیز ترسی لە دڵدا نەبوو، قەتیش تەمای بەوەی نەبوو کە ستەمکاران و دەسەڵاتدارانی نا هەق ڕێزی لێ بگرن و ئیتر هەر بۆیەش مەرایی و روپامایی لەبەر کەس نەدەکرد. بڕوای تەواوی بە خـۆی و زانیـاری خـۆی هەبوو و هەرگیز لە بەرابەر هەق و نـاڕەوادا کت و مـات نەبووە و وەڵام دانەوەی نەیاری پێ لە ئاو خواردنەوەش ئاسانتر بووە.

ئەو دەیگـوت مەلا جـێنـشینی پێغەمـبەرە، پێغەمـبەریشﷺ لە هەمـوو کەسـێک گەورەتـر و مـاقووڵترە، کەوایە جـێنـشینیەکەشی هەروەک خۆی دەبێ لە هەموو کەس باڵاتر بێ. دەیگوت مەلا دەبێ خۆی لە سەر هێڵ و ڕێبـازی پێغەمبەرﷺ بڕوا و خەڵکی بە دوای خۆیـدا بکـشێنێ و قەت قەت نـابێ ئەو وە دوای خەڵکـی بـکەوێ و قەتیش نابێ هیچ کەس خەتـی بـدا بە مەلا و دروست بە پێچەوانە مەلا دەبێ خەتی بە خەڵک بدا و دیاریکەری ڕێبازی گەل بێ.

کاک مەسعوود لە لاپەڕەی ٢٥ی کتێبی (گەشتی ژیانم)دا لەبـارەی ئەو بەڕێزەوە دەڵێ:

باوکم مەلا بوو، بەڵام مەلایەک کە بتوانێ لە هەموو زانستەکانی ئیسلامیدا کتێب دابنـێ. تەنـانەت لە گەلێک مەسـەلەدا ئیجتیهـادی خـۆی بەکاردەهێنـا بەدرێژایـی عـومری مەلایەتـی خـۆی دەرسـی گوتبێتەوە یەکسەر بێئامادە کردن دەرسـی گوتـۆتەوە. دەمـدیت کە دەکەوتە سەر شەرح و تەقریری دەرسەکانی وەک تـاڤگە قسەی لـێ هەڵدەڕژان.

ناوناو لە گەرمەی تەقریردا هەڵوێستێکی دەکرد و چاوی دەبڕیە شتێکی نادیار. دەیگوت لەو تەرزە حاڵەتەدا چەند ڕێبازێکی شەرح،

بـۆم دەکـرێنەوە، لەو هەڵوەسـتەدا یەکێکیـان پەسـند دەکەم واش دەبوو کە پێویست بە شەرح نەبووبێت بە چەند قسە و هێمایەک لە دەرسەکە دەبۆوە.

بـاوکم خەتیـب بـوو، بەڵام خەتیبێـک کە بتـوانێ بە کـوردی و عەرەبـی و تـورکی و فارسـی تـا حەز بکـات لە سـەر بـابەت بدوێ بێحازر کردن و بێ کاغەز و بێ ئەوەی پێشتر ئاگادار بووبێ لە چی دەدوێ.

باوکم لە دەروونـدا ئیمانی بە هەق هێنـابوو. لەو ئیمـانە تێکڕای بوونەوەر لە بەر چاو و لە بەر تەبعی جۆرێک لەنگەری بەستبوو کە ئیتر گۆڕانی باری بوونەوەر نەتوانێ لەنگەر بەستنەکە تێک بدا.

بۆیە هەرگیز لە بارێکەوە بۆ بارێک نەدەگۆڕا. لە ماڵەوە لە نێو مزگەوت و لە نێو ئاپۆرەی خەڵق و لای دەسـەڵاتدار و بێدەسـەڵات یەک زەڕڕە فەرقی بە قسە و ڕەفتـاری نەدەکـرا، چ لە ژووری خـۆی تەنها بایە و کتێبێکی خوێنـدبایە و چ لە دیوەخـان یـا لە مـزگەوت لەگەڵ خەڵق دانیشتبایە یان لە هەر هەڵکەوت و هەڵوەستی دیکەدا بایە هەمان ڕەفتاری دەکرد.

واتا تەنهـا بـایە، یـا خەڵـق دیـار بـایە، بـایی سەرە مـوویەک حەرەکە و سـەکەنەی نەدەگـۆڕا. هەر بە قەدە ر ئەوەی شـەرم لە سێبەری خۆی بکات شەرمی لە خەڵق دەکردەوە.

مـن بە لای کەمەوە ١٠ سـاڵێک بەر لە وەفـاتی گەیـشتبوومە تەمەنێک مانای شتان تێبگەم. (٢٤ ساڵی بووم کە وەفاتی کـرد) لەو دە سـاڵەدا بەو لای هەمـوو سـنوورێکەوە ئەم دیـاردەیەی لەنـگەر بەستن و نەگۆڕانم لەو مرۆڤەدا بەدی نەکرد تا ئەوەی چەند جار بە

لای خۆشمەوە دیاردەکە نائاشنا خۆی دەنواند. هەر دەتگوت بە سەر مەتەڵێکەوە دەنۆڕم کە باشی تێناگەم.

وا بزانم ئەو قاڵ بوونەوەی بۆ هەق کە گوفتار و رەفتاری یەکچوون کردبوو، یەکێک بوو لە هۆی ئەو هەیبەتەی، کە لەو مەجلیسە دەنیشت ئەوی تێدابایە لە مەجلیس دانیشتنی بگەڕێین و سەیری ئەو رێگەیە بکەین کە پێیدا دەڕۆیشت. لەماڵەوە بۆ مزگەوتێ دوو رێگە هەبوو یەکێکیان بە ناو بازاڕدا دەچوو، کە بە ناچاری ئەو رێگەیەی دەگرتە بەر، هەر لە زارکی بازاڕەوە کە بو ئەهلی بازاڕ دەردەکەوت تێکڕایان هەڵدەستانە سەر پێیان تا لێیان رەت دەبوو.

تەنانەت گاور و جوولەکەش وەک موسڵمانەکان بۆی راست دەبوونەوە. واز لە ئەهلی بازاڕ بهێنین بو منداڵی کۆڵانەکانی گەڕەکەکەی خۆی، عەسری رۆژانی کۆتایی بەهار و سەری هاوین کە لە ماڵەوە دەردەچوو بەرەو مزگەوتی حاجی مەلا ئەسعەد، منداڵی گەڕەکەکە سەرگەرمی قەپوقیری جگێنە و تۆپێنە بوون، هەر کە چاویان پێ دەکەوت کەلا و جگ و تۆپیان لە دەس بەر دەبۆوە و خۆیان بە دیواری ئەم بەر و ئەو بەری کۆڵانەوە دەگرت تاکوو لەبەر چاوانیان بزر دەبوو.. ئینجا وردە وردە دەگەڕانەوە بۆ گەمەکانیان.

من ئەمانە و سەدان شتی دیکەشم دەدیت لەو بابەتە کە لە کەسی دیکەم نەدەدیت. رۆژ لە رۆژ هەیبەتی لە دڵمدا کاریگەرتر دەبوو.

دیارییەکی بەنرخ لە مامۆستایەکی بەڕێزەوە

راستی نووسینی کتێبێکی ئاوا گەورە وگش لایەنە لەبارەی پیاوێکی ئاوا گەورەدا کە لە چەندین لاوە مێژووی خەبات و شانازییەکانی گەلەخەباتکارەکەشمانە هەروا بەسادەگی و سووک و ئاسان پێک ناهێنرێ وهەروا بێزەحمەت ورەنج وکوێرەوەری ساز ناکرێ و هەرگیزاو هەرگیزلە شتە گونجاوەکان ناژمێردرێ. جا ئیتر هەر بویە منیش بە ناچاری داوای کۆمەک ویارمەتیم لە پێک هێنانی ئەو کتێبەدا لە گەلێک لە زاناودانا و پسپۆڕانی کوردستان کردووە وهەرکەس گومانی کەمە زانیارییەکیشم لە بارەی مەلای گەورەدا لێ کردبێ بە لەونێک دەستی نیازم بۆد رێژ کردووە .

جا یەکێک لەو کەسانەی کە داوای کۆمەک و یارمەتیم لێ کردوون وبۆرازاندنەوەی کتێبی (کوڵی دڵی مەلای کۆیی) دەستی خوازیاریم لە پێش پان راکردوون مامۆستای بەڕێزم جەنابی مامۆستا مەلا عەبدوڕەئووفی نەقشبەندی لە شارە جوانکیلانەکەی سەردەشتێ لە گوێن بەهەشت بوو.

لەو بارەوە یەک دوو جار باس ووتووێژم لە گەڵا کردبوو، لێی حاڵی ببووم کە زانیارییەکی باشی سەبارەت بە مامۆستای گەورە لە لایە و سەرەڕای ئەوەش دیتم کە ئەو بەڕێزە ڕێزێکی زۆری مەلایانە بۆ مەلای گەورە دادەنێ و زۆریشی خۆش دەوێ و شانازیشی پێوە دەکا، تەنانەت لە سەر نووسین و تۆمار کردنی ژیاننامە و راڤەی بیروڕا و هەڵوێستەکان و هەڵبەستەکانی ئەو مەزنە مەلایە زۆریشی دنە دام.

منیش زۆر بە گەرمی داوام لێ کرد کە هەر زانیارییەکی کە لە مەڕ ئەو هۆزانە لێزانە زۆرزانەوە هەیەتی پێشکەشم بکا و هەر ئەندازە دەتوانێ لەو بارەوە یارمەتیم بدات.

ئەویش بەڵێنی پێدام، بەڵام فەرمووی نەوەک لە بیرم بچێتەوە بە تەلەفۆن لەگەڵم باس بکەوە، دوو سێ جار تەلەفۆنم بۆ کرد و دوایی نامەیەکیشم هەر لەو بارەوە بۆ نووسی. جا ئەویش خوای گەورە پاداشی باشی بداتەوە لە وەڵاما ئەم دیارییە بەنرخەی بۆ ناردم، کە هەم لەبەر ڕێزی وی و هەم لەبەر چەند راژۆ (نکتە)یەکی زۆر گرینگ و سەرنج راکێش پەراوێزەکانی هەر بە دەقی وێژامە(عبارت)ی خۆی دەخەمە بەردەستی خوێنەرانی خۆشەویست و هیوادارم کە زۆر بە وردی بیخوێننەوە وسەرنجی بدەن. تا بزانن مامۆستای گەورەمان چ ئەندازە و تا چ رادەیەک دڵسۆزی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و کورد و کوردستان بووە و چەندە بۆ ئەو خەڵکە سووتاوە و چۆن خۆی بۆ لێر و لەوێ داوە و پەنای بۆ ئەملاو ئەولایان بردووە!! بزانن کە چۆن وێڕای بانگی گشتی و هاواری هەراو لە هەمووان وردە بانگ و وردە هاواری تایبەتیشی لە هێندێکان کردووە، بە هەموو جۆر گازی کردوون کە بێنە ناو مەیدانی خەبات و تێکۆشانەوە. بەڵێ ئەو دیارییەی مامۆستای بەڕێزم بریتی بوو لە ودمنامە (اجازە نامە)یەکی خودی مەلای گەورە کە بۆ یەکێک لە فەقێکانی و دم وەرگری خۆی بەڕێز جەنابی مەلا سەعدی کۆیی قەڵادزەیی نوسیویەتی و هەروەها کورتە باسێک لە ژیانی مەلا سەعد و نامەیەکی کە جەنابی مەلای گەورە بۆ بەڕێز مەلا محەمەدئەمینی بێژوەیی (شێخەمین) نووسیویەتی و چەند داوایەکی گرینگی لێ کردووە و هەروەها نامەیەکی مەلا ئەحمەدی ئەشکەیی کە بە میرزا ئەحمەدی ئەشکەیی بەناوبانگە بۆ خودی مەلای کۆیی.

من خۆم لام وایە کە ئەو نامەی مامۆستای گەورە بۆ جەنابی مامۆستا مەلا محەمەدئەمینی بێژوەیی نووسیوە بەشێک یا نموونەیەکە لەوهەمووهەوڵ وتەقەلایەی کە ئەو بەڕێزە بۆحاڵی کردن وراپەڕاندنی خەڵکی کورد داویەتی.بەڕاستی وا وێدەچێ کە ویستوویەتی لانی کەم چەند کەسێکی وەک بەڕێز مامۆستا محەمەدئەمینی بێژوەیی بکاتە هاوبیروباوەڕوهاوکاری خۆی و بیانهێنێتە مەیدانی خەبات و لە دەوری خۆی کۆیان وەکاتوئیتر هەژار گوتەنی:

(بە رد) = خەڵک لە خۆی کۆ وەکا پێم وایە
شۆڕشی گەرمی لە بن سەردایە

وەک رابرد دەڵێن مامۆستای گەورە زۆر جاران دەیفەرموو: ئەگەر سێ مەلام لەگەڵ بان، یان سێ مەلام بۆ حاڵی کرابان سێ پارچەی کوردستانم سەربەخۆ دەکرد. جا من دەڵێم رەنگە بەڕێز شیخەمێن کە مەلایەکی زۆر زانا و دانا و هەڵکەوتوو بووە یەکێک لەو سێ مەلایانە بووبێ کە مامۆستا مەبەستی بوون کە لە گەڵی بن بۆ رزگار کردن و سەربەخۆ کردنی کوردستانی گەورە، کە هەر لە خودی ناوەرۆکی نامەکەشی وا دەردەکەوێ و دیارە کە چی لێ دەوێ.

بەڵام بە داخەوە بۆمان روون نەبۆوە کە داخوا وڵامی ڕێزدار شێخەمین چ بووە؟ئایا هەر بێدەنگی لێڕا کردوە و لەماکا بە ئاواڵ و هاوتای خۆی نەزانیوە؟ یا وڵامی داوەتەوە و بە بوون یا نەبوون بە جۆرێک حاڵی کردوە و لە مەبەستی خۆی و بەڵام ئەو گەنجینە مێژووییە دەس ئێمە نەکەوتوە بۆ ئێمە روون نییە.

بە راشکاوی دەتوانین بڵێین کە ئەو نامەی مامۆستا بۆ شێخەمین هەروەک نامەکان و هۆنراوەکانی دیکەی زڵقێکی چووکەیە لە کوڵی دڵی مەنجەڵی دڵی وەکوڵ هاتوو و دەروونی پڕ ئاگری ئەو ڕێزدارە. بەڵێ ئەو بەڕێزە لەم بەڕێزە لەو ڕێزە هۆنراوەدا جاری وایە بە توانج و پلار و تانە و تەشەر و لاتاو و تانووت و لادراو و وێچواندن و وەرگیرا و ڕێکوڕاست و راستەقینە (کنایە و مجاز و تعریض و تشبیە و حقیقیت و استعارە) پێی رادەگەیەنێ کە جەنابی مەلا تۆ پیاوێکی زۆر گەورە و بەڕێزی و لە نێو خەڵکدا قسەت دەڕواو فەرموودەکانت خاوەن شوێن و چەخەرن، کەوایە هەستە و راپەڕە و وەخۆ کەوە. ئەمڕۆ ئیتر رۆژی کڕ بوون و بێدەنگی نییە، پێشینیانی ئێمەش هەر کەسە بەشی خۆی تێکۆشاوە و ئێستا ئیتر نۆرە لە سەر من و تۆ راوەستاوە، دەوەرە با ئێمەش ئەرک و سپاردە و بەرپرسییەتی خۆمان بەجێ بێنین.

من زۆر لە مێژە خەریکم کە بۆ ئەو ئایین و گەل و نیشتمانە دابەش کراوەی کورد کارێک بکەم، بەڵام لەبەر ئەوەی بە تەنێم و دیارە، کە دەستکێش بە تەنێ تەقەی لێ نایەت تا ئێستا کارێکی ئەوتۆم بۆ نەکراوە و داخەکەم خەبات و تێکۆشانی بێوچانی من تا ئەورۆ ئاکامی دڵخوازی خۆمی نەداوە.

جا سەرەڕای ئەوەش ئەوەندەم کەند و کۆسپ و لەمپەری جۆراوجۆر لەسەر ڕێگەی خەبات و تێکۆشانە کە هەر چی دەکەم و دەکرێنم دەرچوون و دەرەتانم لێی نییە و شێخگەلی جۆراوجۆر و گاڕانی مرید و دەروێشانیش ئەوەندە زۆرە کە هەموو وڵاتیان لێ تەنیوم!! بە داخەوە توانیویانە خەڵکی هەژار و نەخوێندەواری کورد بە جارێ گومڕا بکەن و ڕێگەی لێ بگۆڕن و

ڕەببی ئەوی ڕێگەی لە کوردەکان گۆڕی
لەعنەتی خودا لە ئەلحەد و گۆڕی

بەڵێ ئەی شێخی ئەمین تۆی شێخی ئەمین و لە لات دەدرکێنم کە بە راستی ئەو نەیارانەی گەلی کورد، کوردیان لە رێی راستی لاداوەو بە لاڕێدا بەرەو ئامانجی گڵاوی خۆیان ئەوا دەیئاژوێنن. خۆت دەبێ بزانی کە ئەوانە لە هەر لایەکەوە وەها بەربوونەتە گیانی خەڵکی هەژاری کوردەواری کە بە جارێک مێشک و بیر و هەست و ئاوەزیان تاڵان کردووە و لە راستی و راستەقینە دووریان خستۆتەوە!! ئەوانە خۆت دەزانی کە دژمنی کوردن.

رەببی ئەوی کە دژمنی کورد بێ
چاوی با دەرپەڕێ و ملی ورد بێ

یا شێخ من بەو دەردەی دووچارم و هەرچی دەکەم و دەکرێنم بۆم حاڵی ناکرێن و لێم حاڵی نابن. دەڵێی ئەو ئایەتە کە دەفەرموێ: (صم بكم فهم لايرجعون) دروست لەگەڵ وانییەتی! بەڵام جەنابی مەلای تۆ زۆر چاک لە قسەم حاڵی دەبی و چاک دەزانی دەڵێم چی، خۆ گەلی هەژاری چاو بەستراوی لێقەوماوی دابەش کراو و ماڵ خوراو حاڵی نابێ و هەر پێی وایە شێخ خودا چکۆڵەی وییە و دەبێ هەر بە هۆی خودا چکۆڵەش پێوەندی لەگەڵ خوای گەورە هەبێ. ئێستاش هەر پێی وایە باران بە فەرمانی شێخ ئەبارێ و هەرچی شێخ نەیداتێ نایبێ و هەرچی شێخ بۆی نەکا بۆی ناکرێ!!

جا کەوایە هەستە و راپەڕە و وەخۆ کەوە و خەڵکی خەو لێکەووتووی کورد لەو خەوە خەستە وەخەبەر بێنە بانگی بێدار باشیان بە بن گوێدا لێبدە و با لەو خەوی چلە ئەغیار ببنەوە. هەستە وەرە مەیدانی خەبات و تێکۆشان و شۆڕش بکە بۆ گەل و ئایین و نیشتمانەکەت، وەرە با پێکەوە ئەم خەباتە خواییە (جهاد) دەس پێ بکەین.

یا شێخ! تۆ بەرپرسی کە دەبێ حاڵی بەدحاڵی گەلی هەژاری کورد بگۆڕی و بە هەموو هێز و توانای خۆت بۆ ئاڵوگۆڕ کردنی ژیواری کوردەواری هەوڵ بدەی.

چونکە تۆ ئەگەرچی شێخیش نیت و بەڵکە مەلای وڵاتی کوردەواری بەڵام چونکە نێوبانگی شێخایەتیت لەسەرە ئەو خەڵکە نەزان و نەخوێندەوارە چاکتر بە قسەی تۆ دەکەن. خۆ تۆ خۆشت زۆر چاک ئاگات لە حاڵی بەدحاڵی کوردی هەژار و ستەملێکراو هەیە و دەزانی کە لە چ حاڵێکدایە و ئیتر پێویست ناکا من بۆت باس بکەم.

کەوایە وەرە دەستت وە دەستم دەو وەرە مەیدانی هەوڵ و تێکۆشانەوە وبا پێکەوە لە ڕێی خوادا بۆ گەلەکەمان شۆڕش بکەین. من زۆر چاک دەزانم کە تۆ پیاوێکی زۆر چاک و شەریف و پیرۆزیو جێی خۆیەتی کە پێت بڵێم پیر و پێشەوا، بەڵام ڕاستی یا شێخ ئەو شێخانە کەوا لە وڵاتا هەن هەر هەموویان هێتم(قطب)ی دەستگیرن و دەستی خەڵک دەگرن و چاوی خەڵک دەبەستن! و لە هەموو کار و کۆشش و خەبات و تێکۆشانێک دەیگێڕنەوە. ئەوانە پێیان سپێردراوە کە خەڵک بەرەو تەمبەڵی و تەوەزەلی و نەخوێندەواریو بێکاری و نەزانی ڕابکێشن و دەستییان لە تەختەی ببەستن و لە ئامانجی بەرزی کەماڵ و تەواویەتی و تێگەیین و پێگەیین بیانگێڕنەوە و ئیتر حاجی قادر گوتەنی:

که دەیگوت پیرم و من دەستگیرم
لە لام وابوو لە بەر جەهل و نەزانی
کە پیر بووم تێگەیشتم دەستی گرتم
لە کەسب و کار و تەحسیلی مەعانی

جا یا شێخ! تۆش دەستگیری و ئەوانیش هەر دەستگیرن! بەڵام تۆ بۆ کەماڵ و بەرەو کەماڵ و تەواوی دەستی خەڵک دەگری و بەرەو سەرکەوتن و خۆشبەختی دەیانبەی. ئەوانیش دەستی خەڵک دەگرن و لە کەماڵ و تەواویو کامەرانی دەیگێڕنەوە! کارەکانتان جیاوازییان زۆرە ئی تۆ بۆ کەماڵە و ئی وان لە کەماڵە یان هەر بۆ ماڵە. ئامانجی وان ماڵە و ئامانجی تۆش کەماڵە. جا کوردی هەژاریش زۆر خاوە و زۆر خەمبارە و زۆر هەژار و زۆر نەزانە تەنانەت شیرو خامەی شیر لێک جیا ناکاتەوە! هەر بۆیە نەیاران و دژمنانی بە شیر کەوتوونەتە سەروگوێلاکی و لە جێی شیرێک کە پێغەمبەر باسی لێ کردووە ئەوا بە شیر لە سەر و پۆتەڵاکی دەدەن.

ئەو خەڵکە کوردە هەژارە ئەوەندە نەزان و ناحاڵین کە فەرقی پێ ناکەن کە بە شیری بڕندە و دڕندە دەیبڕن و دەیدڕن هەروا دەزانن کە ئەوا (انهار من لبن و انهار من عسل مصفی) چۆمی شیر و هەنگوینە و شوکرانەی لە سەر دەکەن. جا کەوایە دە وەرە ئەی برای بەڕێز، با پێکەوە بیرێکی بنەڕەتی و تەگبیرێکی ژیرانە بۆ حاڵی بەدحاڵی ئەو خەڵکە لێقەوماوە بکەین (الا کلکم راع و کل راع مسؤول عن رعیتە).

راستی هیچ ریایی و رووپاماییت لەبەر ناکەم و زۆرم خۆش دەوێی و پێم پیاوێکی باشی و بە چاکت دەزانم و لاشم وایە ئەگەر وەخۆش کەوی و بانگەوازێکی شۆڕشگێڕانە بکەی و بتهەوێ خەڵک راپەڕێنی، قسەت گوێ لێ رادەگرن و فەرمانت بەڕێوە دەبەن، دەیجا تۆش قسەی من بە کەم مەگرە و رابە و بە بانگاوازی خۆت کوردستانی مەزن پڕ بکە (من اصبح و لم یهمتم بامور المسلمین فلیس بمسلم).

یا شێخ من بێفێڵ و تەڵەکە و بێدرۆ و دەلەسە لەگەڵتام و لەو ڕێبازەدا پشتت بەر نادەم. دەخیل و سەد دەخیل کاتی ڕاوەستان نییە. دەس لە دەست و قەوەت لەخوا، و خۆ ئیتر ئەگەر برا لەلای برای بێ مەگەر بەڵا لە لای خوا بێ، دەنا بێگومان سەرکەوتن مسۆگەرە و (ان الله یدافع عن المؤمنین)

جەناب، باوکم شێخ عومەری خۆش دەویست و منیش تۆم خۆش دەوێ، ئەوان هەردووکیان ڕۆیشتن و بە ڕەحمەتی خوا شاد بوون و ئێستاکە نەماون و نۆرەی من و تۆیە. بەڵام خۆشتان باش دەزانن کە نەباوکم دەروێش و مریدی شێخ عومەر بووە نەمنیش دەروێش و مریدی تۆم بەڵکە خۆشویست و دۆست و دڵسۆزتم.

خۆ تۆ یا شێخ زۆر چاک دەزانی کە وشەی شێخ وشەیەکی هاوبەشە (مشترک)ە و وشەی هاوبەشیش چەند واتایەکی لێ دەفامێتەوە. شێخیش هەم بە مانای پیر و دەستگیرە و هەم بە مانای شێخی خاوەن تەکیە و خانەگایە و هەم بە واتای پیر و بەساڵاچوویە و هەم بە واتای ڕابەر و پێشەوایە. خۆ وشەی هاوبەشیش چاوگەی خەراپی و کانگای فەسادە، چونکە هەروەک کە کەڵکی چاکی لێ وەردەگیرێ کەڵکی خەراپیشی لێ وەردەگیرێ و بۆ چاکە و خەراپە وەک یەک بەرکار دەبرێ. هەر ئەوە کە بابم شێخ عومەری خۆش ویستووە ڕەنگە کەڵکی خەراپی لێ وەربگیرێ و هێندێک کەسی سادە و ساویلکە پێیان وا بێ کە مریدی بووە لە مەرجێکا تۆ خۆشت لە ڕووی زانیاری زۆرتەوە دەزانی کە زانا و دانا و بلیمەتێکی وەک بابم قەت و قەت بۆ مرید نابێ. چونکە پیاوی نەزان و کەم ژیری نەبێ نابێتە مرید. من خۆم لە خزمەت تۆدا ڕێز و حورمەتێکی تایبەتیم هەیە و زۆرم خۆش دەوێی و باوەڕو متمانەم پێتە و دەمهەوێ کە بە هاوکاری بەڕێزتان کارێکی گەورە و گرینگ بۆ ئایین و گەل و نیشتمانەکەمان بکەم.

کاکی خۆم تۆ خۆت زۆر چاک دەزانی کە کۆلکە مەلاکان نۆکەری شێخە نارەواکانن و ئەوانیش گومانی تێدا نییە کە سیخوڕ و بەکرێ گیراوی ئەملا و ئەولایانن و ئایین و ژیانی گەلیان بۆ بێگانەکان تاڵان کردووە و بە کوردی دژمنان توانیویانە بە هۆی وانەوە گەلی کوردی بێچارەو هەژار و لێقەوماو لەئایین و ژیان و سەربەخۆیی و دەسەڵات و سەربەرزی و شانازییەکانی خۆی ببڕن!.

بە داخەوە خەڵکی نەزان و نەخوێندەواریش هیچ فەرقێی پێ ناکاو جیاوازی بۆ دانانێت و پێی وایە تەنانەت ئەو دژگەلییانەش هەر مەلا و پیر و پێشەوان. راستی ئەوەش کە وشەی مەلا و شێخ هەر کامە وشەیەکی هاوبەشە کۆمەک و یارمەتییەکی یەکجار زۆری بەو مەبەستە گلاوە دژی گەلییەی وانی کردووە و زەرەر و زیانێکی زۆری لە کوردستاندا بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و گەلی کورد گەیاندووە. چونکە خۆ بە کۆلکە مەلا و کۆلکە شێخە بێگانە پەرستەکانیش هەر دەڵێن مەلا و شێخ.

خۆت دەزانی و ئاگاداری کە هەر لە زۆر کۆنەوە و زۆر لەمێژە تا ئەمڕۆ مەڵبەندەکانی ئالان و کۆیە مەڵبەند و ناوەندی زانست و زانیاری بوون و هەر دوو جێگەی بووژانەوە و بزووتنەوەی زانیاریو هەرێم و قزگەی (مرکز)ی رۆڵەی بەئەمەگی تا ئەندازەیەکی زۆر پێشکەوتووتر بوون. بێشەڵانی زانست و زانیاریو شێرە زاناکانی کوردەواری و پێگەی قارەمانانی هەڵکەوتووی زێد و گەل و نیشتمان بوون.

کاکە! تۆ خۆت زۆر چاک دەزانی کە مەڵبەندەکانی ئالان و کۆیە هەر لە کۆنەوە جێگەی شەرەف و زانست و زانیاری و هۆشیاری و بێداری و کوردایەتی و مەردایەتی و دلێری و بوێری بوون و ئێستاش لە دەورەتی دە زەمانان ئەوا نۆرە لە سەر من و تۆ

راوەستاوە و خۆ ئیتر ئێمەش نابێ بیدۆڕێنین دەنا بێگومان ئابڕوومان دەچێ لە لای خوا و خەڵک. هەرگیز نابێ بهێڵین ئەو ئاڵا رەنگینەی زانست و زانیاری کە پێشینیانمان لەسەر شانی خۆیان دانابوو بە شنە بای ئایین و دینداری دەشەکایەوە، وە عەردی بکەوێ و دەبێ هەروا بەرز رایبگرین. چاخ هەر بەرەو پێش دەچێ و جەنگەی خەبات و دەمی راپەڕینە، جا ئەگەر تۆش لەگەڵم بێیە مەیدانێ، بێگومان پێکەوە دەتوانین تۆماری نالەباری خەیانەتکاری شێخ بازاڕی بەو نەیارانەی ئایین و گەل وەپێچین و پێیان لوول دەین و دە زبڵدانی مێژووی بهاوێین.

کاکە گیان من وا لێرە لە کۆیە زۆر چاک خەریکم و هەر چۆنێک بێ توانیومە لانیرێکی رابگرم. من لەباتی ئەوەی کە وەک هێندێکان خەریکی خەڵک کەر کردن و مرید و دەروێش بازاڕی بم زۆر بە سەختی بە بڵاو کردنەوەی زانست و زانیاری و وانەوێژی و ئامۆژگاری خەڵکەوە خەریکم. وانەی زانایانی ئایینی دەڵێمەوە و مەلا و پێشەوا بۆ خەڵک پەروەردە دەکەم و نەزان و نەخوێندەوارەکان ئامۆژگاری دەکەم. خەو و خوم بۆتە نووسین و کتێب دانان و راوەستانم نییە و دەمهەوێ بە زمانی شیرینی کوردی راڤە (تفسیر)ی قورئانی پیرۆز بنووسم. کارم زۆرە و ئاوات و ئامانجگەلێکی زۆر گەورە و مەزنم لە پێشن.

جا تکایە تۆش قۆڵی خیرەت و هیممەت هەڵماڵە و وەرە مەیدانی هەوڵ و تێکۆشان و بۆ رزگاری ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە چەنگی خەرافات و گەند و کەلاشێکی کە بە هۆی دژمنانی زانا و دۆستانی نەزانەوە رەگەڵی خراوە و هەروەها بۆ سەربەرزی و سەربەخۆیی گەلی خۆت وەکوو مەردانی ئازا خەبات بکە.

وەرە با پێکەوە تێکۆشین بۆ رزگاری گەلی کوردی زۆر لێکراو و کوردستانی دابەش کراو. برالە! نەزان چی لە دەس نایەت و ئەوە ئەرکی سەرشانی ئێمەیە کە دەبێ ئەوانیش حاڵی بکەین. خەڵکی نەزانی ئێمە خۆی لە زاری گورگی دایە و هەژدیها هەڵیلووشیوە.

راستە رێگای خەبات زۆر سەخت و تووش و دژوارە و گەلێک کەند و کۆسپی وەهای لەسەر چەقی رێگایە کە بە هەموو پاڵەوانێکیش لاناچێ، بەڵام ئەوە بزانە کە لە رێگایەدا بە تەنیا نیت و لانی کەسێکی وەک مەلای کۆییشت لەگەڵە.

من ئەگەرچی زۆر بە سەختی دژ و نەیاری شێخگەل وشێخ بازاڕیم، بەڵام هەرگیز دژ و نەیاری تۆ نیم و بەرهەڵستیت ناکەم، چونکە بەڕاستی پێم وایە حیسابی تۆ زۆر لەوانە جیایە و تۆ زۆر زانا و دانا و مەلایەکی تێگەیشتووی، خو منیش هەر تەنیا دژ و نەیار و بەرهەڵستی خەرافات و پڕوپووچ پەرستی و ئەو شتانەم کە بە نێوی دین لە دینیان زیاد کردوون و دژمنی ئەو کەسانەم کە بە ناوی دین بوونەتە ملۆزم و لە سەر ورگی خەڵک دەلەوەڕن و هەر لە ماکا دژی رێبازی خودایین و نەیاری ڕەدا و راستەقینەن.

راستی ئەو کارەی ئەو نەیارانە دەیکەن گەلێک لە زانست و زانیاری و لە ئایین و رێبازی خودا دوورە، بەڵام چونکە تازە دڵیان وەکوو قیر رەش بووە ناگەڕێنەوە سەر رێگای راست و لەسەر رێگەی چەوت و چەوێڵی خۆیان دەڕۆن و خەڵک بانگ دەکەن بۆ دۆزەخ! و ئیدی هەر کەس وەدوایان بکەوێ هەتا ملان بە قوڕێدا دەچێتە خوارێ.

من زۆر چاک دەزانم و باوەڕم بەوەی هەیە، کە تۆ هەرگیز وا نیت و چاو لەوانە ناکەی. تۆ جگە لە رێگەی راست و رەوان و رەوشی چاک و پاکی پێغەمبەر(وەپێش خەڵک ناکەوی، چونکە تۆ

زانا و باش مەلای وڵاتی کوردەواری و رۆڵەی بنکەی بووژانەوەی زانست و کوڕی جگەرگۆشەی مەڵبەندی ئالان فێرگەی ئیبنولحاجی سنجووەیی و مەلا عەبدوڵلای بێتووشیت. دیارە مەلاش ئەگەر مەلا بێ، دەبێ دڵسۆز و خەمخۆری خەڵک بێ و چاو لە رەوشی پێغەمبەری مەزنی ئیسلام بکا و هاوڕێ و هاوکارێکی دڵسۆز و بەختەمام (ئەمین) بێ بۆ خەڵکی هەژار.

برای بەڕێز، ئەو ڕێگایە گەلێک سەخت و دژوار و پڕ کەند و کۆسپ و پڕ خەتەرە و هەمیشە مەترسی مەرگی لێ دەکرێ، کە ئایە بۆ ڕێگوزەری لەو ڕێیەدا ئاواڵ و هاوڕێی دڵسۆز و هۆشیار و بەختەمام و ئەمین پێویستە و ڕێبواری ئەو ڕێگایە دەبێ وەکوو مووسا و خزر پێکەوە راست و دروست و ئەمین و پاک و خۆیی بن.

جا ئەگەر بەڕێزتان مەیل و ئارەزووی هاوکاری و هاوخەباتی ئێمەتان هەبێ و ئامادەی هاوڕێییمان بن، من ئارەزووم زۆرە و مەیلم بەتینە، زۆر زۆرم پێ خۆشە لەگەڵتا هاوکار و هاوڕێ بم.

ئیتر کەوایە وەرە مەیدانێ دەس لە دەست و قەوەت لە خوا با پێکەوە بە هاوکاری یەکتر بۆ رزگاری گەلە چەوساوە و نیشتمانە دابەش کراوەکەمان لە چەنگاڵی ستەمی ستەمکاران و هەروەها بۆ رزگاری ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە کوردستاندا لە چەنکی دژمنانی فێڵباز و زۆرزان و دۆستانی گەوج و نەزان و دەرهێنانەوەی جڵەوی کار لە دەستی شێخە خەیانەت پیشەکان و ئاغا زۆردارە خوا نەناسەکان وەخۆ کەوین.

کاکی خۆم ئەمە دەست و پێمان بەستراوە، قەڵەممان شکێنراوە، وڵاتمان دابەش کراوە و داگیر کراوە و هەر خوا خۆی دەزانێ چمان لێ کراوە، و چمان پێ کراوە، تۆ بە تەمای کێیت؟ پێت وایە شێخە زگ زلە گەل خۆرەکان بەزەییان بەو گەلە هەژارەدا دێت و کەمێک

کەمتری قووت دەدەن یان برێک بە گرانتری دەفرۆشن و چی دیکەی هەرزان فرۆش ناکەن؟ یان پێت وایە ئاغا ستەمکارەکان تیتۆڵێک لە هەمزاغای بەگوڕی مەنگوڕ دادەدڕن و چاوێک لە سمکۆخانی ئەردەڵانی شێری بێشەڵانی سەڵماس و چیهریق دەکەن و بۆ رزگاری گەلەکەیان وەخۆ دەکەون؟ سەرەنجام لە پێناوی کامەرانی هۆزەکەیاندا گیانی شیرنی خۆشیان بە سەخاوەتەوە دەبەخشن و پێشکەش بە دایکی نیشتمانی دەکەن؟ یا مەلاکان چاو لە پێغەمبەرﷺ دەکەن و بۆ خەباتی خوایی (جهاد) وەخۆ دەکەون؟،

راستی یا شێخ! من دەڵێم ئەوڕۆ گەلی کورد دڵسۆزێکی نییە کە خەمێکی بۆ بخوات. تەواوی گەلانی جیهانیش هەر بەو شێوە رزگار بوون و لە هەوەڵەوە هەر یەک یا چەند کەسێک خەمخۆریان بۆ کردووە و بۆی وەخۆ کەوتوون تا سەرەنجام راپەڕین هەروا و گشتی بووە رێگەی خەباتیان پانتاو کراوە و لە ئاکاما بە ئاوات و ئامانجی خۆیان گەیشتوون.

بەڕێز! من بە هاوکاری و هاوڕێیەتی تۆ گەلێک قاییلم و زۆریشم پێ خۆشە و شانازیشت پێوە دەکەم و ئامادەشم لە پێناوی پارازتنی ئیسلام و رزگار کردنی کورد و کوردستان و سەربەخۆیی وڵاتەکەم هەرچی لە دەستم بێت بیکەم و لە هەموو شتێکی خۆشم بگوزەرێم، چونکە بەڕاستی من بیر و باوەڕم وایە کە:

نەوتی باباگوڕگوڕی چۆن دەچی بۆ پاریسی
ئاوری حەسرەتۆمەندی لە دەروونم داییسی

جا تۆش وەرە وەک من بیر بکەوە با بەرگی دیلی و کۆیلەتی فڕێ دەین. لەو رێیەشدا لە هیچ سڵ مەکە و لە هیچ شتێک مەترسە. چونکە ئێمە، کە لە سەر رێی رەداین خوای گەورەمان پشتیوانە و

خواشـمان بەسـە بـۆ یاریکـاری و ئیتـر ئەویـش خـۆی باشـترین یارمەتیدەرە (حسبنا الله و نعم الوکیل نعم المولی و نعم النصیر)

جا لە دواییشدا لە پەروەردگاری مەزن و بێهاوتـا دەپـاڕێتەوە و دەفەرموێ: ئەی خوای گەورە ئاخیرمان خێر بکە و دواییمان وەخێـر بگێڕە. بەڕاستی تۆ هەر خۆت بیـسەر و بیـنەری و چـاک دەبیـسی و ئاگات لیە کە من چ دەڵێم و دەشبینی و زۆر چاک دەزانـی کە مـن چ دەکەم بۆ گەل و ئایین و نیشتمانەکەم و خۆشت دەزانی کە مـن دڵـم چۆنە و چی تێدایە.

من زۆر چاک دەزانم، کە تۆ پیاوێکی زانـا و دانـا و لێهـاتووی و زۆرم پێ ناخۆشە ئەوهەموو زانیاریو لێهاتوویەی تۆخەسار بێ و هیچ کەس کەڵکی لێ وەرنەگرێ.

روون کـردنەوەیەک لە سـەر ژیـانی مەلا مـحەمەد ئەمینـی بێژوەیی.

ئەو بەڕێـزە کە نـاوی محەمەدئەمـین و ناوبـانگی شـێخەمینە زانایەکی گەورە و بلیمەتێکی هەڵکەوتووی کوردەواری و دڵسۆزێکی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بـو لە نـاوچەی سەردەشت و لە مەڵبەنـدی ئالان.

ئەو ئـالانەی کە رازاوە بە رەز و بـاخ و گـوڵ و گـوڵزار و دار و درەخـت و میوەجـاتی جۆراوجـۆر ورەنگـاوڕەنگە. ئـالانیش وەک هەموو مەڵبەندەکانی دیکەی سەردەشتێ مەڵبەندێکی گەلێـک خـۆش ئاووهەوای خاوەن دار و درەخـت و رەز و بـاخ و بێـستان ولـڕەوا و تەنانەت نێو جەنگەڵەکانیشی هەر پڕە لە میوەی سروشتی و مەگەر لە جـستانێدا دەنـا لە هـیچ وەرزێکـی سـاڵدا شـاخ و کێوەکـانی بێمیوەی جۆراوجۆر نـیە. ئـالان نـاوچەیەکی نە گەرم و نە ساردی مـامناوەنـدییە کە لە دامێنـی کێوەکـانی هـۆملی ٢١٣٠ متـری و لەکـلەکـی ٢٣٤٢ مەتـری و زەرتـک دا لە سـەر لێـوای جـۆمی بەناوبانگی کەڵوێ واتا زاب صغیر هەڵکەوتووە.

سروشتی ئەو مەڵبەندە وەهایە کە خوای گەورە زۆر خۆش ئاو و هەوای ساز کردووە و هەر چەنـدە زەوی وزاریـشی زۆر کەمە، بەڵام زۆر پڕ پیت و بەرەکەت و خاوەن ئاو و کانیـاوی سـارد و خۆشـە و خەڵکێکـی زۆر بـاش و موسـڵمان و کـورد و بەشـەڕەفی تێـدایە، هەرچەندە زۆر بە کەمی کەڵـک لە ئـاوی چۆمی کەڵـوێ وەردەگرێ بەڵام زۆربەی خاکەکەی بەراوە و تـرێ و مێـوژە رەشـەی ئـالانێ لە تەواوی کوردسـتاندا بەنێوبـانگن و هەنـارو هەرمێـی زۆر و جۆراوجۆری هەیە.

قزگە و ناوەندی ئەو مەڵبەندە گوندێکی گەورەیە بە نێوی بێژوێ کە زۆر کۆنە و لە داوێنی کێوی هۆمل هەڵکەوتووە و منیش خۆم لە ساڵی ١٣٥٢هـ ماوەیەک لەو گوندەم خوێندووە لە خزمەت مامۆستا مەلا رەئووفی نەقشبەندی کە نەوەی خودی مامۆستا مەلا محەمەدی بێژوەییە. ئەو کاتی هێشتا شوێنەواری حوجرە و مزگەوتەکانی چاخی مەلا محەمەدەمین هەر مابوو بەتایبەتی مزگەوتەکە کە لاشەی دوو یاری فیداکاری پێغەمبەر(تێیدا نێژراوە دەستی لێنەدرابوو. جا من هەر جستانێ ئەو ساڵە لە لایەن ساواکەوە بە تاونی کوردایەتی دەستگیر کرام و تووشی گەلێک ئازار و ئەشکەنجە بووم و دوای ساڵێک زیندانی، کە ئازاد کرام نەچوومەوە وێ.

مەلا محەمەدئەمین کوڕی بەڕێزمەلا ئەحمەدی سەراوی ولە دەوروبەری ساڵی ١٢٧٧ک. لە دایک بووە ولە گەلێک لە ناوچەکانی کوردستان و شار و دێیەکانی ئەو وڵاتە خوێندووە و بۆ خوێندن لێیان ماوەتەوە و سەرەنجام لە گوندی بیارە لە خزمەت زانای بەڕێز مەلا عەبدولقادری کانی، کە بوودی ودمی مەلایەتی وەرگرتووە و ئیتر بە دەستووری مامۆستای خۆی گەڕاوەتەوە بۆ گوندی بێژوێ و بۆتە مەلا و دەستی کردووە بە راگەیاندنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و وانەوێژی و ئیتر گەلێکی مەلای باش پێگەیاندوون.

ئەو مەلا گەورە هەرگیز کاتی خۆی بەفیڕۆ نەداوە و هەمیشە هەر خەریک بووە. کاتی خۆی بە چەند بەش دابەش کردووە بەشێکی بۆ موتالا و پەرتووک خوێندنەوە و بەشێکی بەتایبەتی بۆ قورئان خوێندن و بەشێکی بۆ وانەوێژی و راهێنانی فەقێکان و بەشێکی بۆ راگەیشتن بە کاروباری خەڵک و کەمێکیش بۆ حەسانەوەی خۆی

دانابوو. ئەو خوا لێ خۆشبێ پیاوێکی گەلێک زانا و دانا و بەڕێز و ڕێزگر لە میوان و ڕێبوار و مشەختان بووە.

ئەو دوو کوڕی هەبوون کە هەردووکیانی کردۆتە مەلا و بۆ مەلایەتی پێی خوێندوون و مەلا محەمەد و مەلا مەحموود هەردووکیان لە پێش باوکیاندا کۆچی دواییان کردووە و خودی مەلا محەمەدئەمینیش دوای یەک سەد و پێنج ساڵ ژیانی پڕ لە خەبات و شانازی لە ساڵی١٣٨٠ک. کۆچی دوایی کردووە و هەر لە گوندی بێژوێ ئەسپاردەی خاکی پاکی کوردستان کراوە.

گەورەترین بەڵگە لەسەر ئەوەی کە ئەو بەڕێزە زانایەکی زۆر مەزن و بلیمەتێکی هەڵکەوتوو بووە ئەوەیە کە گەورەترین و هۆشیارترین مەلای کوردەواری واتا جەنابی مامۆستای گەورەی کۆیی لە چاو ئەو هەموو مەلایانە لەوێڕا داوای یارمەتی و هاوکاری لێ کردووە و بۆ چارەی دەردی گرانی گەلە هەژارەکەی ویستوویەتی دەستی وە دەستی بدات و هاوبیری و هاودەردی لەگەڵ بکات.

مامۆستای کۆیی زۆر چاکی تێڕادیتووە و بە ڕاشکاوی پێی گوتووە هەر لە کۆنەوە مەڵبەندەکانی کۆیە و ئالان جێگەی پیاوی گەورە گەورە و زانا و بلیمەت و هەڵکەوتوو بوون، بۆ نموونە چەندین زانا و دانای وەک ابن الحاج سنجوەیی، مەلا عەبدوڵڵای بێتووشی مەلای بەرکۆیی و حاجی مەلا قادری کۆییان لێ هەڵکەوتووە و ئیدی ئەوان لە چاخی خۆیاندا ئەرکی خۆیان بە ڕێژەی خۆیان و چاخی خۆیان بەجێ هێناوە و ڕۆیشتوون و رابردوون. بەڵام دەبێ ئێمە ئەوەی بزانین کە لەو گەڕ و چەرخ و سووڕانەی ڕۆژگاردا ئێستا نۆرە گەیوەتە سەر من و تۆ کەوایە هەستە و رامەمێنە و وەرە مەیدانی خەبات و تێکۆشان و با وێکڕا کارێک بۆ ئەو گەلە چەوساوە لێقەوماوەمان بکەین و بە هەر

لەوەنێک بۆ کوردستانە دابەش کراوەکەمان کەوا داگیرکەران خەریکن قووتی دەدەن رزگار بکەین و ئایینیشمان هەر لە خەتەردایە و بە تەنیاش کارێک ناکرێ دەبا ئێمە دەستمان وە دەستی یەک بدەین.

بەڵێ مامۆستای گەورە بەو پیاوە بەڕێزە دەفەرموێ: چ بکەم و بڵێم چی؟ ئاخر بە هەموو مەلایەک هەر دەڵێن مەلا و بە هەموو شخێکیش دەڵێن شێخ. و شێخ وشەی هاوبەش و هاواتا وەک مەلا و شێخ و شیر و.. بنکەی خەراپی و تۆڕی راوچیانن و دەتوانن نێچیریان پێ بگرن! کۆلکە مەلا و کۆلکە شێخان ژیان و ئایینی گەلەکەمانیان تالان کردووە و بۆ دژمنانیان چاوی خەڵکی کوردیان بەستووە. جا تۆش هەرچەندە نێوبانگی شێخەتیت لەسەرە بەڵام بێگومان تۆ لەو جۆرە شێخە چاو بەستانە نیت تۆ زانای و ئەوەش هەرگیز لە شان و باهۆی زانایان ناوەشێتەوە. من لە کۆیە خەریکی گوتنەوەی وانەی زانایان و راگەیاندنی ئایینی ئیسلام و نووسین و پەند و ئامۆژگاریم، ئەدی تۆ چ دەکەی؟ ئایا تۆش چاو لە من دەکەی یان نا؟

جا گرینگ لێرەدا ئەوەیە کە مامۆستا محەمەدئەمین نێوی شێخەتی و هەواداری لە شێخ زیائەدینیشی لەسەر بووە و ئەو دەورانەش دەورانی شێخ بازاڕی بووە و جگە لە مەلایەکی وەک مەلای کۆیە کەس نەیتوانیوە لە ئاقاریاندا بێت و مەلای گەورەش هەمیشە هەر خەریکی پەیدا کردنی هاوکاریکی تێگەیشتوو و پێگەیشتوو بووە و نامەی رەسمیشی لەو بارەوە بۆ ئەو بەڕێزە نووسیوە نیشانەی چاکی و پاکی و تێگەیشتوویی و پێگەیشتوویی ئەو خاوەن ڕێزە بووە.

من هیچ گومانم لەوەدا نییە کە ئەویش بە لەوەنێک وڵامی مامۆستای داوەتەوە بەڵام بە داخەوە دوای خۆیان بەرچاو تەنگان ونیان کردووە و نەیانهێشتووە کە خەڵک کەڵکی لێ وەرگرن.

نامەی مەلای کۆیە بۆ مەلا محەممەدئەمینی بێژوێ

بسم الله الرحمن الرحیم

ئەی شەخـــسی شــــەریف و عـــالم و ژیـــر
ئەی ئەو کەســـەی جێـــیە پێـــی بڵــێم پیـــر
شــــــێخانی کە هەن لە نێـــــو وڵاتـــــا
ســـەرجەم هەمـــوو بوونەقـــوتبی دەس‌گیـــر[1]
تـــۆ بـــۆ کەمـــاڵ و هـــی وان لە کەمـــاڵ
فەرقـــی فـــرەیە لە لای خـــاوەن بیـــر
کەمـــــاڵەهەدەف لە خـــــزمەت ئەوان
کەمـــاڵە هـــی تـــۆش بە دیـــن و تەگبیـــر[2]

---

[1] ـ واتە شێخەکان کەوا بڵاون لە ناو هەرێمی کوردەواریدا هەموویان دەسگیرن بەڵام ئەو دەسبرِ و مووتە شێخانە دەستت ئەگرن و ئەبنە لەمپەر لە کەسبی کەماڵ و تۆش دەستیان دەگری و هاوکارییان ئەکەی و هانیان ئەدەی بۆ کەسبی کەماڵ. بە قەولی شاعیری فارسی:

خال محبوبان سیاه و دانه فلفل سیاه   هر دو جان‌سوزند اما این کجا و آن کجا

یان بە قەولی شاعیری کوردی:

که دەیگوت پیرم و من دەستگیـــرم   لە لام وا بوو لە بەر جەهل و نەزانی
که پیر بووم تێگەییشتم دەستی گرتم   لە کەسب و کار و تەحسیلی مەعانی

[2] ـ لە بەینی کەماڵ و کەماڵ لە نیوە شیعری ئەوەڵ و دووهەمدا فەننی جیناس هەیە و وشەی ئەووەڵ مورەککەبە واتە چونکە ماڵ و سامان و مادیات هەدەف و ئامانجی ئەو گرۆهەیە کەوا ئەخولێنەوە و خەلیفەسازی و ئاوربازی ئەکەن و هەدەف و مەبەستی تۆش تەوجیە کردنی خەڵکە بەرەو کەماڵ و بەرزی سروشت.

جـــا کـــوردی هەزار خـــامە و خەم بـــارە
نـــازانێ کـــامە شـــیرە و خـــامەی شـــیر[1]
بە شـــیر کەوتـــوونە ســـەر و گـــوێلاکی
لە جێـــی چەمـــی شـــیر کە فەرمـــووی بەشـــیر
شـــیری بوڕنـــدە و شـــیری دوڕنـــدە
شـــوکری پـــێ ئەکەن لە جێـــی چەمـــی شـــیر
ئەی شـــێخی ئەمـــین تـــۆی شـــێخی ئەمـــین
تـــۆ لە قـــسەم حـــاڵی، نەک گەلـــی فەقیـــر[2]

---

[1] ـ جـا بـا دەداتەوە سـەر گەل و هـۆزی بـێهێـز و ئەڵـێ لەبەر ئەمەی بێسەواد و نەخوێندەوارە و خامە و خاوو و کەمتەجرەبەیە هەڕێ لە بڕێ ناکاتەوە و فەرقێ بە شیری تیغ ناکا لەگەڵ شیری نۆشین دەس ئەداتە شیر بازی و خۆی پێ موسڵە ئەکات و ئەبێتە نمایش‌نامە بۆ خەڵک لای وایە ئەو شیرە هەمان (لبنا سائغا للشاربین)ـە.

خامەی شیر واتە سەرشیر. لە بەینی خامە بە مانا خاو و دەستەوستان و خامەی شیردا جیناس هەیە کە ئاماژە ئەکا بۆ شیعرەکەی مەولەوی:

کار پاکان را قیاس از خود مگیـــر   گرچە باشد در نوشتن شیر شیـــــر
کان یکی شیر است و مردم می‌برد   وان یکی شیر است و مردم می‌خورد
وان دگـر در بـــادیـــە مـردم درد   ویـــن دگـــر در بادیـــە مردم خورد

بـادیە دوو مانـای هەیە یەک چۆڵ و بیابـان واتە شێری حەیـوان کە لەوێ ئەو پیـاوی ئەخـوا. بادیەی تـر بە مانا کاسـە و قـاپ و قاچـاغ کە شـیر حیەوان لەوڕا مەردم بە نۆشی ئەکەن. شیریش سێ مانای بۆ گوتراون: ١ـ شیر معادل سیف ٢ـ شێر بە مانا اسد ٣ـ شیر بە مانا لبن.

[2] ـ لە بەینی بەشیر لە ئەووەڵی شیعر و ئاخری شیعرەکەدا جیناسی تەرکیب هەیە پێی ئەڵێن موجەننەح، چونکە سەروبنی شیعرەکە بە جیناس تەواو بووە. هەی ئەوەڵیان واتە بە شمشیر کەوتۆتە داپاچینی خۆی و هەڵئەخاتەوە و بەم لام و لادا وێنەی مەست پێی وایە ئەو چۆمەنەی حەزرەتی بەشیر و نەزیر باسیان لێوە ئەکا (فیها انهار من لبن و انهار من عسل مصفی) ئەم شیرە ژەنگاوییەی کە وا زۆر بە کارێکی جاونی ئەزانێ و شوکری لە سەر

حـــــاڵی بەدحـــــاڵی قەومـــــی بێچـــــارە
بـــــدە تەغییـــــرێ قـــــسەت بە تەئـــــسیر[1]
بـــابم مـــوخلیس بـــوو لە بـــۆ شـــێخ عـــومەر
مـــن موخلیـــسی تـــۆم بـــێ زۆر و تەزویـــر
چەبـــــکەم چە بڵـــێم لەفـــزی موشـــتەرەک
(ام الفـــساد)ە و پێـــی دەگـــرن نێچیـــر[2]
بە کـــــۆڵکە شـــــێخ و بە کـــــۆڵکە مەلا
دیـــــن و ژینـــــی گەل تـــــاڵانە و ئەســـــیر
مەڵبەنـــــدی ئـــــالان مەڵبەنـــــدی کـــــۆیە
هەر لە کـــــۆنەوە بە بـــــێ کێـــــشە و گیـــــر
(دار العلـــــم) بـــــوون جێـــــی بـــــووژانەوە
بێـــشەی رۆڵەی دیـــن عەلـــلامەی و نحریـــرد
ئێـــــستاش وا نـــــۆرە لە دەورەی زەمـــــان
هـــاتە ســـەر تـــۆ و مـــن بە ئەمـــری تەقـــدیر

ئەکا نازانێ فەرقی هەیە شیری مەتعووم دەبێ شەکری تێکەی و بینۆشی= لیس مشتری الافلاک کمشتری الاملاک

هەرچی سمێڵ سوور بوو هەمزاغا نییە   بەینی ئەم دوو شیرە عاسمان و رێسمانە

١ ـ لە وشەی حاڵدا جیناس هەیە.

٢ ـ واتە لە کۆنەوە مەسەلەیەکە ئەڵێن لەفزی موشتەرەک ماکی فەسادە هۆی هەڵە و بە سەهوو چوونە من کە غەیبەت و مەزەممەتی شێخ و دەروێش ئەکەم و ئەو کەر بازارییەی ئەو کەرە گەلە ناویانەتەوە، بە ناوی دین و شەریعەت و تەریقەت دەرخواردی خەڵکی عەوامی ئەدەن فەرقی زۆر زۆرە لەگەڵ رێ و رێبازی پاکبازان

سگ آخر کە باشد کە خوانش نبند   بفرمای تا استخوانش دهند

بە داخەوە تەریقەت و عیرفانیان کردۆتە داو، تا بازی مەل و مەردمی بێچارە تێکەون و ئەوان سفرەیان رەنگین ببێ و کاریشیان بە سەر مەسلەک و نەمانی دینەوە نییە. (ضعف الطالب و المطلوب)

بس مزور و صوفی نمای ازرق پوش   کە اقتباس کنند گفتگوی درویشان
بە زرق و دلق خلق را فریب دهند   کە پر کنند شکم ز خوان و نعمت ایشان

یـــا شـــێخ مـــن لێـــرە لەجیـــات دەروێـــشی
کـــــارم ارشـــــادە و تەدریـــــسە و تەقریـــــر
دەرســـــــی عولەمـــــا و ئەنـــــــدەرزی عەوام
خەو و خـــووم بـــۆتە نووســـین و تەحریـــر
بە لەفـــزی کـــوردی شـــیرینی بـــێ‌گەرد
نیـــــازم وایە دەس کەم بە تەفـــــسیر[1]
بـــکە هیممەتـــێ مـــونکیر نـــیم بـــۆ تـــۆ
مـــونکیرم لە بـــۆ مـــونکیر و نەکیـــر

[1] ـ وا دیارە ئەم نامەیە لە سەردەمی دەس پێ کردنی بووە بە تەفسیری کوردییەکەی و ویستوویەتی لەگەڵ مزگێنی مەشوەڕەتیشی لەگەڵ بکا ئەو دەمە تەفسیر بە کوردی باو نەبووە تەنانەت یەکێ ئایەتێکی لە ناو میسالی پەڕتووکە عیلمییەکانا بۆ فەقێیەکی مانا بکردایەوە ئەیانگوت کارێکی چەوت و خەراپە و نیزیکە لە کوفر و وەرگەڕان. جا دەفەرموێ لەم کارە خێرەدا دوعای سەرکەوت و دەسکەوتم بۆ بکە من ئاقیدەی باشم بە تۆیە کە عالمی عاملی ئەفەرمێ من موعتەقیدم بە پیاوانی ئەهل ئەم کارە وەکوو سەلەفی سالحین کە رۆیشتوون خویان و راهو و رەوشیان گشت پاک و خاوێن بووە و ئەهلی مەعرەفەت بوون مەعرووف بوون بە ئەهلی عیرفان و مەعاریف منیش (آمری بالمعروف و ناهی عن المنكر)م و مونکری مونکەراتم کە ئە وبێ‌مایە و پایە و کەس نەناس و خوا نەناسانە واتە منکر و نەکرە و مجهول الحاڵن خستوویانەتە ناو گەل و خەڵکی کوردەوارییان پێ هەڵئەخەڵەتێنن و بە کەشف و کەرامەت و تەریقەتیان بە ناو عالەمدا بڵاو کردۆتەوە و پێیان ئەسەلمێنن ئەو کۆڵکە شێخ و کۆڵکە مەلایانە بوونە سەرەتانی گەل عەمەلیان لە سەر خەڵک هەر ئەخذ و جەڕڕە و خەڵکیش رەوانە ئەکەن بۆ سەر مەسیری اسفل السافلين واتە هەرگیز عاملی رافعە نین.

بۆ سەر بەرزی خەڵک تێناکۆشن هەر عاملی خافض و جاڕن و خەفضی خەڵک ئەکەن بۆ دۆزەخ جەڕڕی ماڵ ئەکەن بۆ گیرفانیان کە ئەویش وێنەی دۆزەخ لە کاتی پرسیار بە (هل امتلئت) وڵامەکەی هەر (هل من مزيد) بە هیچ پڕ نابێ بازێ پێیان وایە جەنابی مەلای مونکیر، عەزابی قەبر و گۆڕەوشار و سوئالی مەلەکەینە هەر بە هەوای ئەم شیعرە، بەڵام وەکوو گوتمان گرشمەیە بۆ ئایەتی (كنتم خير امة اخرجت للناس تأمرون بالمعروف و تنهون عن المنكر) مەبەس لەو مونکەر و نەکیرە وا دەرئەکەوێ فرشتەی قەبر نەبن (والله اعلم)

ئەو مونکەراتەی ئەو نەکیرانە
دوور لە مەعاریف دڵ ڕەش وەکوو قیر
دەیکەن کە هەمووی لە زیددی دینە
تۆ خۆت دەزانی ئەی مەردی بەسیر
شێخی وەک کوڵک مەلای بێ کەڵک
بانگ ئەکەن لە خەڵک بۆ (بئس المصیر)
ەفیقی ئەمین ئەشێ بۆ تەریق[1]
وەک خزر و مووسا جا مەبە دڵگیر
ئەگەر مەیلت بێ مەیلم بە تینە
لەیلی بێمەیل ئەبەخشێ زنجیر
ئەنازم پێت و دوعا ئەخوازم
(حسبنا الله و نعم النصیر)
ربنا ارزقنا حسن الختام
انک انت السمیع البصیر

[1] ـ ئاماژە ئەکا بە وشەی ئەمین بە دوو مانا ١ـ واتە شێخەمین ئەشێ بۆ ڕەفاقەتی تەریقە کە ئەڵێن الرفیق ثم الطریق ٢ـ مەبەست لە ئەمین پیاوی دروستکار و ئەمینە.
ئیشارە ئەکاتە جەریانەکەی حەزرەتی خزر و مووسا کە گوتی (هل اتبعک علی ان تعلمنی مما علمت رشدا) ئەڵێ ئەگەر لێم دڵگیر نەبی وەکوو خدر ئەتۆ بێسەبریم لەگەڵ نەکەی و منیش سابر بم و مەیلم بە رفاقەتی تۆوە هەیە بەو شەرتەی تۆش مەیلت بێ و پێت باش و خۆش بێ دەنا بە تاقی تەنێ هەر من حەز کەم و تۆ کەیفت لێ نەبێ ئەوە ئەبێتە عەشقی یەک تەرەفە و بێئاکامە.
گر نە از جانب معشوق بود خود کششی کوشش عاشق بیچارە بە جایی نرسد

نامەی میرزا ئەحمەدی ئەشکەیی بۆ خزمەت جەنابی مامۆستای کۆیە

بسم الله الرحمن الرحیم

کەلامی میرزا ئەحمەدی ئەشکەیی نامەیەکە بە سووڕەتی شیعر ناردوویەتی بۆ لای ماموستای کۆیی لەو غەزەلەدا زۆر جیناس و وردەکاری بە کار بردووە و تەنانەت مەلای کۆیی رەحمەتی خوای لێ بێ کۆ بە کۆ فەرموویەتی ئەم کابرایە یا هیچ نازانێ یا هەموو شت ئەزانێ، جا وا بۆ بیرەوەری ئەودوو زاتە بە نموونەی ئەدەبی کوردی دەقی غەزەلەکەی نووسرایەوە:

لە تاقیبی[1] حەقیقەتدا کەسێ دانای ئەسرارە
لە ناحەق لا بە حەق مولحەق، حەقایق بێنە بێدارە[2]
لە واقفیە کە توفیقە بە وەقفی وەقفە مەوقوفە
قەفای قەف قەف بە قافی قوە دەووارە
بە جەهدی حاصلی تحصیل و استحصال محصولی

---

١ ـ تاقیب: تاقی کردنەوە، تەحقیق
٢ ـ لە ناحەق لا: واتە دوورە لەو لامۆیی لێ ئەکا ناچێتە کاناڵی بەتاڵەوە بە حەق مولحەقە یانی مل راکێشە بۆ حەق بە دڵ مورزەم بووە گەردنی بۆ دانەواندووە. مولحەق گەردن کەچە لە مولحەقی عەرەبییەوە هاتووە حەقایق بێنە ئیشارە بەو مەسەلە کەلامیەیە کە ئەفەرمێ حەقایق الاشیاء ثباتة واتە سۆفستایی نییە بێدارە بەخەبەرە نووستوو نییە خەبەردارە گرشمە ئەکاتە زۆر شت.

محـصل حوصـلەی حاصـل بە ئەصـلی مـا حـصل دیـارە[1]
مـــدقق بـــا لە دار الفکـــری دق البـــاب دقـــت کـــا
بە تەدقیقـــی دقـــایق دەق دەزانـــێ کـــۆیە ئەو شـــارە
خەزێـــنە نەقـــدە نەقـــدینەی نقـــوداتی نەقـــی زاتـــی
مەلا مەوسـوم و مەرسـومی لەسـەر ڕێـی فەخـری موختـارە
بە تەسـدیقاتی سـددیقی سـەداقەت موسـەددیقی سـیدقە
خیتـابی خـــوتبە خەتتـــابێ خیتـــابی ئەمـــری غەففـــارە
کە زینـــوورەینە چـــاوەی نـــوور ئەوە چـــاوی لەبەر چـــاوە
حەیـــاتی بـــۆ حەیـــاتی حەی پـــڕ و یەحیـــای حەیـــا دارە[2]
لە عیلمـــی حەزرەتـــی عەلـــیە ولایـــاتی بە مەعلـــوومی
شـــەرایع شـــارعە و مەشـــرەع شـــرووعی ڕۆژی ئەتهـــارە[3]
ئەئیممەی ئەربەعەی هەر یەک لەسـەر ڕوبعـی کە ئوسـتادن

---

١ ـ بە کۆشش و خەباتی کە هەیبوو لە پێناو تەحسیلی علووم و بە هۆی داوتەڵەبی بۆ حسوولی مەحسوول و ئاوات ئەو موحەسیلە شاگردە حەوسەلەی هەبووە بە دەستاوەردەکەی کە دەسکەوتی ئەوە لەم هەوڵ و تەقەللایەدا دیارە.

٢ ـ کە عثمان ذی النورین سەرچاوەی نوورە ئەم چاوە خانووی حەیا و زانستەی لە بەر چاوە حیاط کۆشک و حصاری بۆ ژینەوە حەی قەوم و قەبیلەی خۆی پڕە هەموو وەخت جێی کردنەوەی ئاواتە وەکوو یحیی کوڕی زکریا بە حەیا و هەیبەتە وسیدا و حصورا

٣ ـ عیلمی ئیجازدەر ئەچێتەوە سەر عەلی بە مەعلوومی بۆ شەریعەت وێنەی شارعە ڕێباز واز کە خەیابانی پێ ئەڵێن وەکوو مەشرەعە سەرچاوەیە کە ئاوی لێ ئەخونەوە ڕۆژی پاکی بۆ تلووع لە کن ئەوە دەس پێ دەکا.

(بەڵام من هیچ گومانم لەوەدا نییە کە ئەوەش هەر نەخشەیەکە بۆ گەورەتر نیشان دانی هەنتەشی عەلی لە یارەکانی دیکەی پێغەمبەرﷺکە دیارە ئەوەش زۆر مەبەستی گەورە گەورەی لەبندایە. دەبێ ئەوەش بزانین کە لە نێو یارانی پێغەمبەردا گەلێک پیاوی وا هەبوو کە لانیکەم وەک وی هاتۆتەوە بۆ نموونە عەبدوڵلای کوڕی عەبباس یەکەم ڕاڤەدەری قورئانەکەوایە بێ‌گومان ئیجازەنامەکانی وڵاتی کوردەواری لە ڕووی نەخشە براونەتەوە سەر عەلی./ گورژی).

وەلیعەهــدی هەموویــانە مــحەمەد یــاری هەر چــوارە[1]
لە کەرکوکـۆ وەکـوو کـۆ هەر لە کـۆ نـاکۆن لە کـن ئێـوە
کەوا کــۆی کــۆیی تــووکن کــن مەکــان و کــانی ئەدوارە[2]
جەلیـزادە جەلـی جیلـی مەجـال و هەم ئەجەللـی جیلـی تـۆ
مەجەلـلەی جلوەیـان جێ کـرد لە جـۆگەی ئەو جلـوەدارە[3]
بەحـوکمی عـیلم و حـیلم و سـەبر و شـوکر تـۆوە سـەربەرزین
وە ئــیللا جــاهلی وەک ئەشــکەیی گــومڕایە بێچــارە
ئیلاهـی تـا لە دنیـا عەمـر و زەیـدێ بـێ، سـەلامەت بـێ
ئەبـوو مەسـعوود ئیبنولحـاج کە بـۆ دیـن سـەرجەمی کـارە
جەسارەت بـوو کە مـن کـردم بە کوردی وا لە سوێت مـردم
نەفـامی بــوو لە دەســتم چــوو قــسوورم عەفــوە ئەمجــارە
چ بێـژێ ئەشکی ئەشکی کورتە ئەشکی خـۆی ئەبێ بڕێـژێ
ئەگەر مــاوم لە گەرمــاوم بە گەرم ئــاوی ســەرەو خــوارە[4]

---

١ ـ چوار ئیمامەکان بۆ گوتنەوەی دەرسی روبعی موجیب و موقەنتەر کەوا زۆر سەختن لە سەر پشتی ئەرز روبعی مەسکوون ئوستادی ئەون کە جێنشینی هەموانە و یاری هەر چوارە.

٢ ـ لە شاری کەرکوک وەکوو ئەستێرەی کۆ (پەروین) هەر لە قەدیمەوە بۆ فێر بوونی دین و دنیا جەم ئەبن لە کن تۆ لە کاتێکا کەوا کووچەی شای کۆ هەموو کون و کەلەبەری مەکان و مەعدەنو سەرچاوەی نوور و بەرەکەتە.

٣ ـ ئەی جەلیزادە جلی باپیرەت و شێخی جیلی حەزرەتی غەوس لە بۆ مەیدانی نەتەوەی جیلی تۆ رۆژنامەکانیان جلوەیی دا کە نوی (جلوە) بوو کە سەرچاوەکەی هەڵئەگیرا لە رووی نوسین. سەرمەقالەکەی بە پێنووسی تۆ کە جیلوەی زانینی و مارفەت لە مست تۆدایە.

٤ ـ ئەشکی ئەووەڵ ئیشارە بە نازناوی خۆیەتی ئەشکی دوایی بە مانا پەل و قاچ و قول و ئەشکی سێیەم واتا فرمێسکی خەم و پەژارە ئەڵێ ئەڕێژم فرمێسکی گەرمم هەتا ماوم = ئەگەر مـاوم لە گەرمـاوم ـ واتە ئەو گونـدەی کە لێـی بـووە گەرمـاو بـووە کەوا لەبەر بێتووشـەوەیە بە گەرمئـاوی واتە بە ئـاوی گەرمـی فرمێـسکی کە لە چـاوم سـەرەو ژێـر

لە نامەکەی ڕێزدار ئەشکەیی دا هەست و سۆزیکی زۆر پاک و خاوین دەبینری ود یارە کە لەدڵ و دەرونیکی زورپاک وخاوین وبێ خەوش هەڵقوڵیوە و بەڵام بە داخەوە کەمیکی بولای پڕو پوچ پەرستی، یا کە سپەرستی باو لەوسەردەمی دا بایداوە تەوە، کە ڕەنگە جەنابی مامۆستاش ئەگەر وەڵامی نەدابیتەوە هەر لەبەر هێندێ بوبێ.

هەڵئەرژێ ئەبێ لەم (گەرمابە) واتە حەمام خۆ خاوێن بکەمەوە چونکە (العنان تجريان لمن لە العينان تجريان).

دەقی ئیجازەنامەی مەلای كۆیە بۆ مەلا سەعدی قەڵادزەیی

دەقی ئیجازەنامەی جەنابی مەلای كۆیە مەشهوور بە مەلای گەورە مەلا محەمەد بن الحاج ابومسعود بۆ جەنابی ابوالفضائل ركن الدین حاجی مامۆستا مەلا سەعدی كۆیی قەڵادزەیی رحمهما الله:

بسم الله الرحمن الرحیم

الحمد لله الفالق الحب و النوی خالق الانسان و ما له من المدارک و القري، العالم بما ابرزه و ما اضمره و ما نوی، فان تجهر بالقول فانه یعلم السر و الخفی، القدیر الذي استوی له ملک السموات و الارض و ما بینهما و ما تحت الثری، هو الاول و الآخر و الباطن و الظاهر منه المبدء و الیه المنتهي الهادي، من سلک منهاج الشریعة الی حقیقة الطبیعة، حتی بلغ الغایة القصوی هو الخالق الرازق الدلیل المرشد القریب المجیب السمیع البصیر المدبر المقدر البارئ المصور له الاسماء الحسنی فسحبنا الله و كفي

و الصلوة علی صاحب الرسالة و محدد جهات العدالة، المبعوث بالكتاب و المیزان مفسر آیات الاكوان بآیات القرآن، نبي الحكماء و حكیم الانبیاء، طب الارواح و دوائها و عافیة الاشباح و شفائها. نور حدیقة الوجود و نور حدقة الشهود، الامام المعصوم و المعلم المعلوم سید البشر السعید الاكبر و البدر الاتم و النیر الاعظم فخر

الانـام و واضـع الاحكـام و الـعـضـد الاقـوي مـعـدن الـصـدق و الـصـفا سيدنا و سندنا محمد المصطفى صلى الله عليه و على آله الاذكيـا و اصحابه الازكياء و التابعين لسنته و القائمين بنصرته و الحافظين لملته و الحارسين لامته و الناشرين لدعوتـه و الـراوين لاخبـاره و الناقلين لآثاره و على كل من به اقتدي و اهتدي و اليـه سـمي و ثـمي صلوة ارق من النسيم، و احلى من العسل المصفى.

اما بعد فيقول افقر الوري محمد بن عبداللـه الجلـي مـا ذل قـوم و العلم فيهم عزيز و ما عز قوم و العلم فيهم ذليل. هذا عيان لا حاجة الي دليل فعليكم بالعلم و احترامه لتبتغوا ذروة المحمد و سنامه و اقتبسوا من نوره ليخرجكم من الظلمات و يفتح لكم ابواب الـسموات و ينجيكم من غياهب الاوهام و الخيالات.

العلم كرامة فوق الكرامات. بالعلم يمتاز الحق عن الباطل و يعلم الممكن عن المستحيل علما يعرف به احوال المواليـد و بـه يـسخر و يخسر الهواء ويلان الحديد علما ينفع البشر في الدنيا و المحـشر و لله الشكر توجه في هذا العصر جمع الطلاب نحو خلاصة الحقـائق و الب الالباب لا يشغلهم تصريف السيارات عن دقائق الاشارات و لا يعمهم المباني عن المعاني و المبادئ عن المقاصد و المواقف عـن المشاهد و من جملتهم ابوالفضائل ركن الدين الملا محمد سـعدالدين ابن سليمان الكوي ثم الپشدري وفقـه اللـه لمـا يحبـه و يرضـاه و اعانه علي التدريس و اغناه فانا راض من نفسه و لازم درسنا و اخذ منا علوما، فاجزنا له تدريس العلـوم العاليـة و نـشر الفوائـد مـن الفنون الغالية كمـا اجـازني والـدي و اسـتاذي و سـيدي و سـندي و مولاي ابومحمد جمال الدين جليزاده الحاج ملاعبدلله افندي باجازته عن والده الامجد جليزاده ضياءالدين الحـاج محمـد اسـعد باجازتـه العـالم الربـاني عبـدالرحمن افنـدي الروزبهـاني عـن صـبغة اللـه

الماورني عن والده مصطفى افندي الزادي عن صبعةالله افندي الصفوي الحسين آبادي عن والده ابراهيم بن حيدر عن والده حيدر بن احمد عن والده احمد بن حيدر عن والده حيدر الاول عن مولانا زين‌الدين الكردي البلاتي عن نصر الله الجلالي عن ميرزاجان عنو خواجه جمال‌الدين محمود الشيرازي عن محمد بن اسعد الصديقي الدواني عن والده اسعد الصديقي الدواني عن السيد علي الجرجني عن مبارک شاه البخاري عن القطب الرازي عن العلامة الشيرازي عن الكاتب القزويني عن فخرالدين عن والده ضياءالدين عمر عن الشيخ سلمان نصرالدين الانصاري عن الامام الحرمين عبدالملک ابي المعالي عن ابي‌طالب المكي عن ابي عثمان المغربي عن ابي عمرو الزجاج عن ابي القاسم الجنيد البغدادي عن خاله الشيخ السري السقطي عن معروف الكرخي عن الامام علي الرضا عن والده الامام موسي الكاظم عن والده الامام جعفر الصادق عن والده الامام محمد باقر عن والده الامام زين‌العابدين عن والده الامام حسين سيد الشهداء عن والده مظهر الغرائب و العجائب النجم الثاقب علي[1] بن ابي‌طالب كرم الله وجهه و رضي الله عنه حضرة منبع صدق الوجود معدن الصدق و الصفا سيدنا ابي القاسم محمد المصطفي عليه ازكي الصلوة و انماها عن طاوس ملائكة المقربين مولانا جبرئيل الامين عن الملک القدوس السلام المؤمن المهيمن العزيز

---

١ ـ زۆر شتی وا هەیە و بووە و دەبێ کە کابرا لە منداڵی‌ڕا فێری دەبێ و خووی پێدەگرێ و لەگەڵ هەست و ویژدانی تێکەڵ دەبێ جا وا هەڵدەکەوێ، کە ئەو شتە لە ڕاستەقینەش دوورە، بەڵام کابرا تازە نائاگایانە یا ئاگایانە دەیڵێ و دەیکا و ئیتر گوێی لەوەی نییە و هەر ناشپرسێ دروستە یا نا؟ هەر وەک ئەو بردنەوە سەر هەتنەشی عەلی (ڕە) هەموو ئیجازەنامەکانی کوردستان. من زام وایە کە مامۆستا هەر بیریشی لێ نەکردۆتەوە دەنا بێ‌گومان بیرێکی لێ دەکردەوە و بیرێکی بۆ دەکرد.

الجبار المتكبر الخالق الرازق البارئ المصور حضرة الله جل جلاله و عم نواله و هو الذي تعالي علمه عن كسب و نظر فسبحان الله و الحمد لله و لا اله إلاّ الله و الله اكبر.

اللهم اجعل هذه الايادي متصلة بحبلك المتين الذي لايتقطع و محصنة في حصنك الحصين لايتصدع.

اللهم اجعل هذا العهد مقربا اليک و وسيلة لديک.

اللهم يا اكرم الكرماء اكرم العلم و العلماء و روّج الشريعة الغراء و آمننا من الفتن الفاضحة بحرمة النبي و بحرمة سورة الفاتحة.

كتبت هذه لاجل قرة عينا عبدالرؤوف اللهم وفقنا وفقه بحرمة سيد المرسلين آمين.

لە رۆژی شەممۆ هەشتی رەمەزانی سەنەی هەزار و سێسەد و حەفتا و حەوتی هیجری قەمەری (١٩٥٨/٣/٢٩ میلادی)

باقی یادگارە لەگەڵ ارشاد العباد بۆم رەوانە کردی.

روون کردنەوەیەک لەسەر ژیانی حاجی مەلا سەعدی کۆیی

مەلا سەعد کۆیی کوڕی مەلا سلێمان کوڕی مەلا قادری کۆییە لە سەرەتای هەزار و نۆسەدی زایەنیدا لە شارۆچکەی کۆ هاتۆتە دونیاوە سەرەتای خوێندنی لە مزگەوتەکانی کۆدا پێک هێناوە و دوایی هاتۆتە ناوچەی پشدەر بەشی زۆری لە لای مەلا حەسەنی کوڕی شێخ بیلال هێرۆییدا ماوەتەوە بۆ پلەی دوایی چۆتە خزمت مامۆستای کۆ لە خزمەت ئەودا ئیجازەی عیلمی وەرگرتووە دوایی بۆ ماوەیێ هاتۆتەوە وڵاتی پشدەر بە دەرس و بەحس و گوتنەوە و نووسینەوە خەریک بووە تا لە ئاکاما مامۆستایەکی نموونە و خوێندەوارێکی شارەزای لێ دروس بووە.

دوایی دەستی لە مەلایەتی هەڵگرت و رووی کردە موعامەلە و هاتە شاری قەڵادزە بەڵام لایەنی عیلمەکەی بەرنەدا و هەر بە موتاڵاو کۆشش لەو رێبازەدا بەشی زۆری وختی خۆی ئەبردە سەر یەکێ بوو لە موریدانی شێخەمینی بێژوێ و جەنابی مەلای کۆش لوتفێکی تایبەتی لە گەڵا هەبوو، لە دیانەت و تەقوا و عیلم و شارەزایی ئەو یەکجار رازی بوو و ئەیفەرموو بە حەق موجازی منە. ئێستاکەش مزگەوتێ لە قەڵادزێ بە ناوی مزگەوتی مەلا سەعدی هەر ماوەتەوە و مەشهوورە ناوبراو لەگەڵ دنیایەک لە عیلم و تەقوا و خزمەت بە ئیسلام و موسلمین لە ساڵی ١٩٧٨دا بەرەو ماڵی ئەبەدی گەڕایەوە. یەکێک لە شاگردە نموونەکانی مامۆستای کۆ رەحمەتیان لێ بێ کۆ بە کۆ.

ئەمەی ئەو دیوەش نموونەی ئیجازە نامەکەیەتی کە وەختی خۆی بە ناوی یادگار و تەزکار لەسەر داوا و ئیلحاحی خۆم بۆی نوسویمەوە منیش کردم بە دیاری بۆ برای زانا و خۆشەویستم مەلا حوسێنی گورژی وفقه الله علی مراضیه و جعل مستقبله خیرا من ماضیه.

عبدالرئوف

بیروڕای جەنابی حاجی مەلا سەعدی لەبارەی مامۆستای کۆیەدا

فەرمووی جەنابی مەلا بۆی گێڕامەوە جەلێک وا ڕێکەوت بە سۆنگەی کارێ کەوا باوکم ناردمی بۆ کەرکوک و ئەویش لەگەڵ حاجی شێخ عەلی کوڕی حاجی شێخ عەبدوڕەحمان برای شێخ ڕەزا زۆر نێوانی خۆش بوو. رایسپاردم کە لە کەرکوک میوانی حاجی شێخ عەلی بم و نامەیەکیشی بۆ نووسی، منیش کە چووم بۆ وێ هێشتا واردی شار نەبوو بووم کە ئەو خەبەری زانیبوو کەوا کوڕی حاجی مەلا عەبدوڵلا دێ بۆ کەرکوک و لەوێ میوان دەبێ. کاتێک نزیک بوومەوە لە ماڵەکەیان دیتم شێخ لە قاپیەی ماڵەکە بە حاڵەتی ئامادەباش لەگەڵ جەماعەتێک ڕاوەستاوە بۆ پێشوازی و ئیستیقبالی من. منیش بەو شێوە کەوا گەجێک بووم و ئەو هاوتای باوکمە و مامۆستایەکی پیر و بەساڵاچووە و شەرمم کرد و زۆر باسی لێ بوردنیم کرد کە بەو تەشریفاتە قاییل نیم.

خولاسە بەو ڕێز و حورمەتە واردی مەنزڵ بووین و دانیشتم لە خزمەتیا و تا ئێستاکەش من بە خزمەت جەنابی شێخ عەلی نەگەیشتبووم بۆ ماوەیێ بێدەنگیم حاسڵ کرد گوێم لە فەرمایشاتی ئەو ڕاداشت دوایی فەرمووی ئەوە بۆ قسە ناکەی گوتم ئەمەوێ کەڵک وەرگرم لە خزمەت تۆدا و پێم وایە لە خزمەت تۆدا کە (صدیق الوالد عم الوالد) کە لە جێی مامی منی بێ ئیجازە حەقی وتووێژم نییە. فەرمووی نەخێر پێم خۆشە قسە بکەین. فەرمووی منیش هەر ئەو باسەی کە تێیدا بوو جەنابی شێخ ئیستینادی بە حەدیسێک و ئایەتێک کردبوو هاتمە سەر تەحقیقی حەدیسەکە و

گوتم لە بوخاریدا لە فلان بابەیدا ئەو حەدیسەی گێڕاوەتەوە. ئەو فەرموودەیەش راویەکەی فلانە لە فلانی الی آخر الحدیث. جارێ لە پێشەوە حاڵی روات و ژیان‌نامەی ئەوانم بۆ باس کرد زۆر بە گرینگی و بە وردی دوایی هاتمە سەر ئایەتەکەی کە ئیستینادی پێ کردبوو لەوێشا نەزەری فەخری رازی و شێخی بەیزاویم بۆ تەحلیلکرد کە لە ئاقار یەکتر هاتوون و هەر یەکە نەزەری تایبەتیان هەیە ئەوسا نەزەری خۆشم بەیان کرد و گوتم ئەوەش قەولی سالس رای منە شێخ تەحریرو تەعەجوبی کرد لەم ئاگاهی و تەبەحورە کە من نیشانم دا. راست بۆوە ناوچاوانی ماچ کردم و گوتی شوکر کەوا بە چاوی خۆم بە گوێی خۆم بۆم روون بۆوە کە جەنابی حاجی مەلا وەجاخی روون و رۆشنە.

دەستی بە ریشیدا هێنا، جا فەرمووی ئەو چەندەکە لەوێ مامەوە عولەما و ئەعیانی کەرکوکی دەعوەت ئەکردن ئەهاتن منیش لەگەڵ هەمووان بە زبانی خۆیان ئەدوام ئەو چەندە، کە لەوێ مامەوە لە خزمەت شێخا بە کۆڕێکی علمی و ئەدەبی و خۆشی و شۆخی بەڕێوە چوو.

تەنانەت کە گەڕامەوە شێخ بۆ بەدرەقە کە زیاتر لە ئیستیقبالەکە تەشریفی هێنا واتە تا قاپی هاتبوو بۆ ئیستیقبال، بەڵام بۆ بەدەرەقە تا ئینتیهای گەڕەک لەوێ کە دەستم ماچ کرد عەرزم کرد من ئەوەندەی لە قاپیەکەڕا بەولاوە دڵم پێی خۆشە چونکە ئەەی بە ماڵی خۆم ئەزانم ئەوەی تا قاپی تەشریفت هێنابوو ئەوە لە سۆنگەی باوکمەوەیە منیش لەوانەم کە ئەڵێم:

ا نا ا بن نفس و کنیتی ادبی　　من عجم کنت او من العرب
ان الفتی یقول ها انــا ذا　　لیس الفتی من یقول کان ابی

فڕی فڕی قەل فڕی

خۆشەویست دروودی خوای لەسەر دەفەرموێ: العلم فی الصغر کالنقش فی الحجر) واتا فێر بوونی زانیاری لە منداڵیدا وەکو نیگارە لە سەر بەردی. کە دیارە زۆر دەمێنێتەوە و رەش نابێتەوە.

بەڕێز مامۆستای کۆیی کتێبێکی زۆر چووکەڵە و پڕبایەخ و بەنرخی هەیە بە نێوی (فڕی فڕی قەل فڕی) من خۆم ئەو کتێبەی مامۆستام لە تەمەنی منداڵیدا لە کوردستانی عێراقێ کاتێک کە فەقێ بووم جارێک خوێندبۆوە و راستی کاکڵی واتاکەی لە بیرگەمدا هەر مابۆوە و لە مێشکمدا دەجووڵایەوە و وەک کەسێک کە شتێکی زۆر خۆش دەخوا و تا ماوەیەکی زۆر تام و چێژەکەی لەبنی ددانیداهەر دەمێنێ.

من ئەو کاتە نە خەیاڵی نووسینی کتێبێکم لەبارەی مامۆستادا هەبوو نە ئەوەندەشم دڵ بە هەڵگرتنی کتێبان خۆش بوو. زۆرتر ئەو جۆرە کتێبانەمان بۆ سەیر و پێکەنین دەخوێندەوە بەڵام کاتێک کە دەستم کرد بە نووسینی کتێبی کوڵی دڵی مەلای کۆیی هاتەوە بیرم و گەلێکم پەکوو پەکوو و زۆرم ئاخ و خەفەت دەخوارد کە بۆچی ئەو کتێبەم هەڵنەگرتووە.

ناچار دەستم کرد بە پرسین و بەولاو لادا هەڵسووڕان کە داخوا کێ هەیەتی و لە ناو کتێبخانەکەیدا هەڵیگرتووە تا ماوەیەک لێی وەربگرم. دەنا دەمزانی لە کتێبفرۆشییەکان بە هیچ جورێک پەیدا نابێ زۆرم هەوڵ دا تا سەرەنجام لەو هەموو گەڕان و هەوڵدان و تێکۆشان و پرسیارانەدا لە ناکاوێک بە ئاکام گەیشتم و ئیتر دووبارە بڕوام بەوە هێنایەوە کە هەوڵدەر بێئاکام هەر نابێ. ئەوە

بوو کە دۆستی بەڕێز جەنابی حاجی مەلا محەمەدی محەمەدزادە مامۆستای گوندی مەمەلیانی سندووس موژدەی پێدام کە ئەو هەیەتی.

بەڵام دیار بوو کە زۆر دڵ پێوە بوو بە مەرجی ویدانەوە ویی دام. دۆستێکی دیکە کاک عوسمانی زاکیری بە زۆر لێی وەرگرتم و بە پەلە چۆ شار و دوو دانە روونووسی بە فتۆکۆپی لێ هەڵگرتەوە یەکیان بۆ من و یەک بۆ خۆی و بەو جۆرە ئەو دەنکەمان کردە سێ دەنک و ئەمانەتییەکەمان بە خاوەنی خۆی گەیاندەوە.

جا بە هۆی گرینگی و کەمی کتێبەکە و بۆ ئەوەی هەموو کەس لەمەولا بتوانێ دەستی ویێ رابگات و ئەو دەنکە زێڕ و تەڵای دەستەوشانەش بە یەکجاری نەبەتلێ تەواوی دەقی کتێبەکەم خستە ناو مەنجەڵی لەزلقی کوڵی دڵی مەلای کۆیی. کە دیارە ئەویش هەر زلقێکە لەو کوڵە و بلقێکە لەو مەنجەڵە، کە لە سەر گڕەپێچەی تەندووری سوورەوە کراوی دایەخراو و سەرنراوە و چەندین ساڵە قژقژ دەکوڵێ.

جا ئەوەش دەقی کتێبی فڕی فڕی قەل فڕی

دەقی نامیلکەی فڕی فڕی قەل فڕی

ئینسان ئەگەر بە گەورەیی ئەحواڵی منداڵی لە یاد بێ قیاس لە ئەحواڵی گەورەیی بکات فەرقێکی زۆر سەیر دەبینێ و ئەگەر بە چاوی دڵ تەماشاکا دەزانێ ئەو فکرەی کە لە ساتی منداڵیدا هەیبوو زۆر پاک و زۆر چاک بووە ئەمما بە تەربیەی دایک و باوک و کەس و کاری فکری لێ گۆڕا و لێیان تێکدا.

لە یادمە کە بە منداڵی گەمە (یاری)یەکمان دەکرد (فڕی فڕی قەل فڕی) چەند منداڵ دەورەیان لێک دەدا یەکی ناوی چەند باڵندەیەکی دەهێنا و لەگەڵ ناوی باڵندەکە منداڵەکان دەستیان بەرز دەکردەوەو لەو میانەدا ناوی چشتێکی دەهێنا کە نەفڕی ئەوی دەستی هەڵبڕیبا تێدەکەوت ناوی ئەو چشتە نەختێک وێچوو بوو لە گەڵ نوی باڵندەیەکی، بۆیە ئەو منداڵە لێی تێک دەچوو مەسەلەن دەیگوت: "فڕی فڕی فڕی قەل فڕی کۆتر فڕی فڕی کوتک فڕی" ئەوی دەستی بڵیند کردبا تێدەکەوت و منداڵەکان تێر پێدەکەنین و گەپیان پێدەکرد: فڕی فڕی قازی بازی فڕی فڕی فڕی قاز فڕی قاضی فڕی" دیسان تێدەکەوت چەپڵەیان بۆ لێدەدا قەشمەری (گاڵتە)یان پێدەکرد یەعنی ئەو منداڵانە فکری فیتری خۆیان جیاوازی و تەمیزێکی باشیان هەبوو چی دەفڕێ و چی نافڕێ چۆن دەفڕێ و بە چی دەفڕێ بە چاکی دەیانزانی لە پاش گەورە بوون و فکر و هۆشی قەوم وەرگرتن دەبینین فەرقێکی زۆری هەیە. بە جارێ واش سەرەوبن بووە.

ئیمان بە کەرامەتی فکری فیتری بە تەواوی گۆڕیوە مەسەلەن بە هیممەتی شێخ (فڕی فڕی کەر فڕی) دەبێ دەست بەرز کەی. (فڕی فڕی شێخ بۆ خۆی فڕی) دەست بەرز کەی. هەی هاوار بو خاتری

خوا بۆ خاتری پێغەمبەر چۆن دەست هەڵبڕم ئەو کەرە گوێدرێژە ئەو شێتە سەر زلەی ورگ پانی مل ئەستوورە چۆن دەفڕێ؟

هەی ماڵ وێران تۆ ئیمانت نییە، کافری زەندیقی، لە دین دەرچووی، نازانی شێخ خۆشەویستی خوایە، ئەمە کەرامەتی ئەولیایە، تو نەتبیستووە لە مەلایانی موتەبەحیر کەرامەتی ئەولیا حەقە، هەرچێکی لە خوای بخوازێ بۆی دەکا، تۆبە بکە دەست هەڵبڕە.

برام لازم نییە ئەوی خۆشەویستی خودا بێ بفڕێ وفڕین قاعیدەی هەیە، پێغەمبەر، ئەبوبەکر، عومەر، عوسمان، عەلی خۆشەویستی خوداش بوون و نەشفڕین. بەڵام چوێلەکە دەفڕێ و خوشەویستی خوداش نییە.

کوڕە ماڵڕماو ئەوە چشتێکی ترە وەرە ئیمان بێنە دەنا شێخ غەزەبت لێ دەگرێ. خوداش لێت خۆش نابێ و پێغەمبەریش شەفاعەتت بۆ ناکات.

خولاسە بە سەد دەسیسە و فڕوفێڵ منداڵەکە وەردەگێڕن و لە سەر فکری فیتری حەقی لادەدەن.

دیسان فڕی فڕی فڕۆکە (طیارە)ی ئینگلیزی فڕی هاتە سەر شاری کۆیە (لە ساڵی ١٩٢٢دا) ئینگلیز شاری کۆیەی بۆمباردمان کرد و بۆمباردمانی دەکات.

منداڵە پاکەکە خێرا دەست هەڵدەبڕێ، گەورەکان دەست هەڵنابڕن. منداڵەکە دەپرسێ بۆچ دەست هەڵنابڕن؟

دەڵێن: بڕۆ کەرە چ حەددی هەیە فڕۆکە چیە چۆن دەفڕێ ئەوانە کافرن چۆن بە حەوا (ئاسمان) دەکەون؟ خۆ شێخ و ئەوالیا نین بفڕن؟

منداڵەکە: وەرن بۆ خاتری خودا دەست هەڵبڕن دەنا زەرەر دەکەن بە خوا ئەوە هات گڕەگڕی دێ، بۆمبای زۆر پێیە یەکەکتان پێدا بدا بەر بکەون هەموو پارچە پارچە دەبن.

گەورەکان: بڕۆ منداڵی نەفام، تەماتە هەڵمانخەڵەتێنی تا تێکەوین، پێمان پێبکەنی؟

منداڵەکە: بە خودا مەقسەدم ئەوە نییە، بۆ ئێوەمە، حەیف دەکەم بفەوتێن.

گەورەیەک: ئەها بە خودا ئەوا هات، کوڕە ڕاست دەکا، تەقەی بۆمبای هات، لەبەر قشڵەی[1] تەقی، عاردی لەرزاند، دەنگێکی زۆر بەهێزی هات هەر وەخت بوو پەردەی گوێم بدڕێتن. مەترسن شێخ بە هیممەت ناهێڵێ زیانمان پێ بگات.

منداڵەکە پێکەنی و وتی: باوکم خۆتان بشارنەوە ئەوە ئیشی شێخ و مێخ نییە. ئەها، ها بنۆڕن شێخ ئەوا بۆخۆشی هەڵدێ، تەق بۆمبا تەقی، شێخ هەڵات. ئەوجار فڕی فڕی لە ترسان باڵی گرت. ئەها ئەوە غار دەدا بۆ کونێکی خۆی بشارێتەوە، ئا ئای ئەوە چۆ ناو ئەشکەوتەوە! هاها چۆ شەبنەبانێ!

گەورەکان: ئەی ماڵی وێرانم. خۆ شێخ هەڵات و خۆی شاردەوە، دەکوو خانەت خەرا بێ یا شێخ، ئەدی لە زەلزەلەی ڕۆژی قیامەت لە سایقەی ئینشیقاقی سەماوات، لە شەهیق و زەفیری جەهەننەم چۆن نەجاتمان دەدەی؟! داخەکەم پەککوو چۆن عەقڵی گۆڕین بە درۆو دەلەسە کوو ماڵی خواردین؟! لە دین و دنیای کردین، بە

---

[1] ـ قشڵە بینایەکە محەدمەد پاشای ڕەواندز کە ناوبانگی پاشای کۆرەیە لە سەر گردی کۆن بینای کردووە کە کەوتۆتە باکووری ڕۆژئاوایە (شمال غرب)ی کۆیە.

هیممەت هیممەت و بەرەکاتی وی تەنها بۆو ماڵی مفتی بوو. تەق... تەق.... بۆمبابـــاری جێـــی قـــسە نەمـــا، هەڕا کەن، هەڕا کەن، چارەسەرە رۆژی نەفسی نەفسییە، فڕی فڕی شێخ فڕی، مەلا فڕی، فڕی فڕی ئاغا فڕی، فڕی... فڕی فڕی، فڕی فڕی ئەفەندی فڕی فڕی، فڕی... فڕی فڕی... حاجی فڕی...سۆفی فڕی... دەروێش فڕی...سە فڕی... مریشک فڕی، هەموو فڕین، چوونە بنەبانان....

منداڵەکە: ئەدی وا بفڕن دەنا تێدەکەون، قوڕ بە سەرتان، ئەگەر بە شەو هات بە ئالیکتریک دونیای روونـاک کرد لە سەربانان. لە ناو حەوشان، لە کۆڵانان، هەمووی دیتن ئەوجا چی دەکەن؟

گەورەکان: تو خوا ئەمەش هەیە! ئەوجار قوڕی کوێ کەین بە سەر خۆمـان، کێوە بچین، کێوە بفڕین، دەبێ زەوی بکۆڵین و بچینـە بـن عـاردی، ئەوا فـڕۆکە گەڕاوە.... چـووە کەرکـوک... ئەلحەمدولیللا ... یارەببی... ئەوجارەش قوتار بووین.

داخەکەم ئەوانەی، کە زۆر کەرن دووبـــارە دەبـــنەوە کەرەکەی جاران و دەچنەوە خزمەت شێخ و دەست و پیی ماچ دەکەن و دەڵێن قوربان لە سایەی هیممەتی تۆوە سلامەت بوون و زیانمان نەهێنا.

یەکێـک لە مریـدە هەرە کەر و گەوجەکـانی دەڵـێ بە خـودا بە غەوس چاوم لێ بوو، کە بۆمبا دەهاتە خوار حەزرەتی شێخ دەستی وەبەر دەگرتن لە ئێمەی لا دەدا، (صدق صدق آمنا آمنا) هیممەتـی شێخ کافییە زاهیرەن خۆی شاردەوە و باتینەن هیممەتی فەرموو. شکوور دەرچووین، کوڕە هەر شێخ حیسابە!!

منداڵەکە وەختە لە قینان بدڕێ و تەق بکا ئەوجارەش فڕۆکەی ئینگلیـزی فـڕی لە کەرکـوک، لە بەغـدا، لە موسـڵ وەک قـاز و قولینگ لە سەران دێنە خـوارێ و ئەوا لە هەمـوو لایەکەوە هـاتن و جێبەجـێ کردیـانە ئـاگر بـاران، قیـامەتە عـالەم بە لەرزە لەرزە

دەستیان بە هەڵاتن کرد... یا غەوس! یا غەوس! شاهی نەقشبەند! ئومەرمەندان! خارخاران! پیرەمەگروون! پیرۆتە سووری مەرگێ! پیری دایان نەجات حیفز هاوار دەخیل. دیسان بەو چەشنە هەموویان خۆیان بزر کرد و خۆیان شاردەوە گەلی مزگەوت و تەکیە بە بەر بۆمبا کەوتن و رمان و خەراپ بوون.

دووبارە کە رۆیشتنەوە خەڵکی هاتنەوە دەرێ زۆر ترسان ئەسەری تەجرەبەیان دیت کەمێک هاتنەوە سەر هۆش تەمایان بوو نەختێ عاقڵ بن، بەڵام کە هێندێکیان چوون بۆ لای شێخ، شێخ نەمابوو، مەلا نەمابوو، هەموویان باڵیان گرتبوو و فڕیبوون. ئەوجا گوتیان بەڵێ بە خودا لێمان گۆڕاوە، هەر شتە قاعیدەی هەیە، ئێمە بە حیکایەتی قاڵیچەی سلێمانی پێغەمبەر و باس و خواسی عفریتان تێکەوتین، شێخان هەڵیانخەڵەتاندین، فلان سواری قاڵیچەی سلێمانی بوو، گوتی بە حەقی سلێمان بمبە فلانە جێ، دەستبەجێ بردی، عفریتەکان قەڵای کچی شایان هەڵگرت و بە باغەوە بردیانە ناو حەوت دەریایان لە جزیرەدا دایاننا. بەعزێ لە ئەولیایان دیتوویانە کە کەعبە لە جێی خۆی نەماوە چووە بە پیر رابیعەی عەدەوییە. ئەی ئەمان رەببی دەخیل ئەوە چی بوو چۆن وای لێ هات و باسی کەرامەت و حیکایەت بە جارێ ئێمەی گۆڕی، ئەگەر لێگەڕابان هیچ نەبا لە جێی خۆمان دەماین ئەوەندە بە عاردیدا نەدەچووینە خوارەوە و وەک لە حیکایەتێدا دەڵێ:

ئەحمەد کەوتە ژێر زەمین پیان گوت دوو بەران دێن رۆژی جومعە، خۆت هەڵدە سەر بەرانە سپیەکەی، بە سەر ئەکەوی، ئەگەر بکەویە سەر بەرانە رەشەکەی لە حەوت تەبەقەی زەوی رۆدەچیت. قوڕ بە سەر خۆی هەڵدا کەوتەسەر بەرانە رەشەکەی و کەوتە بن حەوت تەبەقەی عاردی.

چـی بکەیـن تـاوانی ئـێمە نەبـوو. مەلای چـاک لە وەعزیـدا دەیفەرموو فلانە کەس هەر بە تاوێ دەچێتە مەککە دەفڕێ دەچێتە ئاسـمان سـدرة المنتهـی، بەهەشـت، کورسـی، عەرش، هەمـووی دەگەڕێ، نەمانـدەوێرا دەنـگ بکەیـن کەرامەتـی ئەولیـا حەقـقە لە کتێبی عەقیدە نووسراوە وەک موعجیزەی پێغەمبەران دەبێ ئیمـانی پێ بێنن!!

منـداڵ بە منـداڵی بە فیتـری ئیلاهـی زۆر زیـرەکن دیـارە پرسـیار دەکاو دەڵێ: بابە ئەو بارانە کوو دەبارێ کەوا دەنک دەنک و تنۆکە تنۆکە دێتە خوارێ؟

باب: ڕ ۆڵە ئەوە مەلائیکەت دەچن لە بەحری (رزق مقسوم) ئاوێ دێنن بە بێژنگەیدا دەکەن وەک دەنـکە گەنـم و جـۆ لە بێژنگـێ دێـنە خوارێ ئەمن لە مەلام ئاوا بیستووە.

منداڵ: ئەدی بابە بۆچی هێندێ جاران بە ڕێژنە دەبـارێ و دەنکـی گەورەیە، جارجاریش نەرمە نەرمە دەبـارێ و دەنگـی ورد ورد دێـتە خوارێ وەک خونـاوەی ڕەشمالان؟! بە پێی قسەی تۆ دەبێ بێژنـگ و سەرەد و هێڵەکیشیان هەبێ؟!

بـاب: سـەیرێ ئەم هەتیـوە بێـژۆیە، ئەوە دەرسـی شـەیتانە بە قسەی مەلایان بڕوا ناکات.

منداڵ: ئەدی بابە گیان ئەو بروسکە و گرمەی هەوری چییە؟

باب (ئەگەر سوننی بـێ دەڵـێ) ڕۆڵە ئەوە مەلائیکەتـێکە بە قەدەر ژەنـگە سـوورەیەکی قەمچیەکـی ئـاگرینی بە دەسـتەوەیە لە هەوری دەدا د و بە سەریدا دەهاڕێنێ. ئەوە برووسکەی ئاگری قەمچی و ئەو نەڕەیە و دەنگە گەورەش ئی وییە.

منداڵ: ئەدی بابە جارجارە برووسک لە عەردی دەدا ئینسان و حەیوانی دەسووتێنێ لەو جێیە بۆنی باڕووتی لێدێ و هەندێ جاران لەو جێگایە ئاسن دەدۆزێتەوە.

باب: ئەدی لەو ماڵ خراپە ئەتۆ چیت بە سەر شتی واوەیە وەڵڵا ئەوە شەیتانە سەرم بە فەتەڕات دەدا.

باب ئەگەر شیعە بێ دەڵێ: ئەوە نعلەی(علی الصحابة صلاة الله و سلامه علیک یا امیر المؤمنین)موجتەهیدی نەجەفی ئەشرەف و کەربەلای موعەللا وایان فەرمووە. ئەڵبەتتە ئەڵبەتتە وایە بابە تەمامە.

کوڕە شیعە بڕوا دەکا ئەمما منداڵە سوننی زرنگن بە قسە پڕوپووچ ناخەڵەتێن، ئیللا ئەوانە نەبێ کە وەکوو شیعان ئیمانیان بە ئیمامو هەیە بە شێخان هەبێ، ئەوانیش دەگۆڕێن. دەنا منداڵە سوننی بەتایبەتی منداڵی کوردان قەت لە زەکای فیتری خەڵقی ناکۆڕێن. لە سەر ئەو بێکەسییە ئیمڕۆ شکور منداڵی کوردان بە نەوعێ بۆ ئەوجی ئەعلا دەفڕن. هەرچی دۆستە حەق وایە کەیفی پێ بێ چونکوو زۆر باش دەخوێنن عاقیبەت بۆیان باش ئەبێ دەچن بۆ بڵندترین پایە.

هیوای من بە بێچووە کوردان ئەوەیە بە قسەی پڕپووچ نەگۆڕێن تەماشای خودای بکەن خەڵق و ئیجادی ئەو بێننە بەر چاوی قەواعیدی فیتری تەماشا کەن. خارقولعاددە چ نییە گوێی نەدەنێ. چی خودا کرد بێتی بە عادەت ئەوە باشە ئەگەر بە عەقڵ تەماشای کەرامەتیان کردبا دەیانزانی فایدەی چییە بۆ هەموو شتێ تەشەبوسیان بە کەرامەت نەدەکرد. ئەوە ڕاستە شێخ دەفڕێ بە لۆقێ دەچێتە مەککە نوێژی سبەینێ لە مەککە دەکا و ئیشراق لە مەدینە، زوحا لە قودس، نیوەڕۆ لە بەغدا، بۆ هەموو مللەت چ

کەڵک دەگرێ؟ تا ئیمڕۆ حەجاجی قوڕ بەسەر پشتی دەشکا لە سەر حوشتر گەلێکیان بەردەبوونەوە ئەسکوردیان ورد دەبوو چل پەنجا رۆژ بە سواری حوشتر حیندرحۆیان دەکرد و کوڵووکیان دەچوو ئایا بۆ میللەت فایدەی چی هەیە کە شێخ بفڕێ یا نەفڕێ چووە مەککە یا نەچووە مەککە، بفڕێ و نەفڕێ تەماشای لەوحی مەحفووزی کرد ئەوەی تیا بوو بۆی کەشف بوو چ سوودی هەیە؟ بابەگوڕگوڕ ئاگری شالاوی هەڵسا، بەغدای ترساند کە ئاوی نەوتاوی بکا. بە عیلم وفەن و هەندەسە زەوتیان کرد و تەمایانە ئەو نەوتە بۆ ئاورووپا بەرن. ئێمە خۆمان لە ماڵی خۆمان بێبەش بووین کەشفی عیلمیمان نەبوو ئەو لە نێو عەردیدا بوو لێمان بزر بوو ئەجانب بەدەریا خست ئێمەش هەر خەریکی لەوح بووین قەی ناکات لەوە پێش سۆفی نەزەرە.

ئەم قورئانە لە لەوحی مەحفوو زڕا بۆ پێغەمبەر هاتە خوارێ بۆ ئەم وەلی و شێخانە تەماشای ناکەن حەتتا کەمیان بە ڕەشخوێنیش دەیزانن بە مەعنا هیچ، ئەوی خەراپە نالێ، ئەوان کە ئیمانیان هەیە بە قورئان کەلامی خودایە بیزانن فکری موسڵمانان هەر بەو لاو بەولادا دەفڕێ بەڕاستی روو لە ڕێگای راست ناکەن.

فڕی فڕی بە فکرم هاتەوە کەری دەجالی فڕی کەری وا هوڕ و هوپ گوێ ئەوەندە درێژە حەفتا هەزار جوو لە بن سێبەری گوێیدا رادەوەستێ شەقامی لە مەددی نەزەری بە چل رۆژ هەموو دنیا دەگەڕێ خسووسەن نەڕە دێوێکی وەک دەجاڵی سوار بووە.

منداڵەکە: ئەو کەرامەتی ئەولیایان سەلماند عەبدی خودا عیبادەتی دەکەن با کەرامەتیان بێ ئەی دەجال ئەوە چییە؟ ئەویش خۆشەویستی خودایە؟ خودا ئەو هەموو ئیشانەی بۆ دەکات؟ فڕی فڕی هەموو خەزێنەیی دنیا بە پەلە لە دوایی سەری وی وەک زەنگە

سووره و زەردەواڵە و مێش هەنگوین بە هاژهاژ و گرمەگرم بە ئەمری وی دەفڕن ئەمە بۆ فڕی؟ فڕی فڕی ئەم چیایە فڕی، ئەم چیایە بە ئەمری ئەو لە ڕەگ و ڕیشە لە عاردی دێنە دەرێ و بە حەوای دەکەون دەفڕن وەک دوو بەران شەڕەقۆچێ دکەن لەم بەر و لەوبەر، ئەمە بۆ کەس نەبووە وەکوو ڕێک دەکەوێ.

گەورەکان: برای باوکم ئێمە موسڵمانین بە قەولی مەلایان مسڵمانین ئەوەی ئەوان فەرموویانە بڕوا دەکەین، حەتمەن دەفەرموون ڕووبار و نان و گۆشتی بە دوودا دەڕوا.

منداڵەکە: چی؟ ڕووبار؟ چی؟ نان؟ چی گۆشت؟ بە خوا ئەمە قسەیەکی سەیرە خۆزیا ئەمن لە ناو ئێوە گەورە نەبووبام ئەم تەرزە قسانەم نەبیستبا لە ئێوە هەرچی مەلا بیڵێ ئێوە دوای قسەی بکەون ئەوە قەت نابێ. ئەمە دیارە مەلا زۆر برسییەتی نانە ئاردی لە ماڵ نییە لە مێژە گۆشتی نەخواردیە تامەزرۆیە خەون بە نان و گۆشتەوە دەبینێ (الخیر لنا و الشر لاعدائنا) لام وایە تەفسیری ئەم خەونە ئەوەیە ئیمڕۆ سبەی کێخوا خێر بۆ خۆی دەکا و دوو سێ حەیوان سەر دەبڕێ دەیکا بە کەشکەک و مەلای دەعوەت دەکا. سەلەی پڕ لە نان و تەبەقی پڕ لە چێشتی لە بەر دەمی دادەنێن مەلا عافییەتی دەکا لاڕانێکیش دەنێرنە ماڵی مەلا، مەلاش نەختێ بە کوڵاوی و هێندێکیش بە برژاوی یەک دوو زگی تریشی لێ دەخوا یا کەسی بووە وەکوو بسحاق (بسحاق ناوی پیاوێکی بووە) ئەویش حەزی لە تەعام بووە ئەمما بوسحاق چاکە باسی تەعامی خۆش دەکا واقیعەن ئەویش حەزی لە قاورمە بووە لە گەڵ ساواری ڕزی ڕەواندزیان ئەمە ئەوەندە نان و گۆشتە بۆ تریت خۆرەکانە.

ئەوە لە مەلای چاک دوورە گۆشت و نان و حەز بە درۆی هەڵبەستراوە خەیاڵ و خولیای برسییانە دوورە لە پێغەمبەر

چونکە پێغەمبەر وەحی لە خوا وەردەگرێ تەشریعی ئەحکان ئەکا دوورە لەم نەوعە قسە پڕوپووچانە خسووسەن تەعریف و تەوسیفی کەری دەجاڵ یا خوا لەعنەتی خوا لەو کەسەی بێ کە درۆی بە زاری پێغەمبەرێوە هەڵبەست و عالەمی ماڵوێران کرد، کردنی بە کەری نەفامی هیچ نەزان. برای باوکم وەرنەوە سەر حاڵی منداڵی، بە خوا زۆر باشترە.

فڕی فڕی قەل فڕی دەست هەڵبڕن، فڕی فڕی قول فڕی دەست هەڵمەبڕن، مەبەستی لە قولە رەشەیە و نافڕێ وە ئیللا سەرەو بن دەبن وەک هاڕووت و ماڕووت سەرەوژێر هەڵدەواسرێن. بەڵێ ئەویش حیکایەتی زەمانی پیرییە موسڵمانەکان، کە گەورە بوون گوێ و عەقڵیان تەواو دەبێ ئیمانیان بە قووەت دەبێ ئەمجا هەموو عەجایب و غەرایب بڕوا ئەکەن.

خۆشناوێک مەدحی کەری خۆشناوێکی تری دەکرد و دەیگوت بە خوا کەرا تۆ زۆر دەنگی خۆشە ئەویش تەشەکوری ئەکرد و دەیوت ماڵت سەد جار ئاوا بێ هیچ چاکەم بۆ تۆ نیشە ئەوا هەر لە پیاوەتی خۆتەوە مەدحی کەرێم ئەکەی. موسڵمانانیش سەد جاران ماڵیان ئاوا بێ، دەجاڵ هیچ پیاوەتیشی بۆ ئەوان نییە کەچی مەدحی کەرەکەی ئەکەن.

فێڵێک لە ناو کوردان هەیە کۆتر فڕێنکێی پێ دەڵێن وا دەبێ کچکی گچکە دەدەنە پیاوێکی زەبەلاح لێی مارە دەکەن و بۆی دەگوێزنەوە. کچەکە لێی دەترسێ هاوار هاوار دەکا و بۆی راناوەستێ ئیشی خۆی لەگەڵ بکا. ئاخر کۆتر فڕێنکێی پێ دەکا شەوێ، یا رۆژێ گەمەی لەگەڵ ژنەکەی دەکا دەڵێ وەرە کۆتر فڕێنکێت پێ بکەم بۆ خۆت دەفڕی دەچیتە دەرەوە. ئەویش پێی خۆش دەبێ و دەڵێ باشە بە پەتێکی دەست و پێی دەبەستێتەوە و

ئیشی خۆی لەگەڵ دەکا. دیارە ئەوەی لاقی ببەستری چی بەسەر دێت ئیتر لازمە ئینسان ئاگای لە دەست و لاقی خۆی بێت وەئیللا تێدەکەوێ.

بەڵێ ئەگەر ئیمڕۆ بڵێین عەقڵ لە نێو موسڵمانان‌دا فڕی راستە گورج دەست هەڵبرە و ئەگەر بڵێین عیلم و زانین لە نێو کوردان‌دا فڕی وایە و خێرا دەست هەڵێنە. هیچ رامەوەستە نە عیلم نە عەقڵ نە فکری تەنقید و موحاکەمە لە ناو موسڵمانان خسووسەن لە ناو کوردان ئەوانی کە تابعی شێخانن نەمایە فڕییە رۆیشتییە. لام وایە نایەتەوە مەگەر منداڵانێ کە تازە پێدەگەن فێڵەکی بکەن، فاقە و داوێکی دابنێنەوە بەڵکوو تەیری عیلم و عەقڵی پێوە بێ دەیگرنەوە ئەویش لازمە باوکەکانیان لێیان گەڕێن لەسەر عەقڵی فیتری گەورە ببن لێیان نەگۆڕن.

خودا بە مەرحەمەتی خۆی عەقڵێکی چاکمان پێ کەرەم کا (ئامین)

دەردی دڵی مەلای کۆیی

پێغەمبەری خۆشەویستمان ﷺ لە فەرموودەیەکی خۆیدا دەفەرموێ: (کل مولود یولد علی الفطرة ثم ابواه یهودانه او یمجسانه او ینصرانه) هەموو رۆڵەیەک هەر لە سەر پاکی و چاکی لە دایک دەبێ، پاشان دایک و بابی دەیکەن بە جوولەکە یا ئاگرپەرەست یان فەلە.

بەڵێ بێگومان بە پێی ئەو فەرموودەی پێغەمبەر هەموو منداڵێک هەر لە سەر پاکی سروشتی خۆی لە دایک دەبێ و دێتە سەر دنیایەو ئەگەر لێشی گەڕێن هەروا بە پاکی گەورە دەبێ و بە پاکیش دەمێنێتەوە. جا تەماشای کەن ئەو هەموو خەڵکە هەمووی هەر بە پاکی ببێ و بە پاکیش بمێنێتەوە چۆن و چەندە خۆش دەبێ و کەشوهەوای ئەو جیهانە کەوا پڕاوپڕ و لێوالێوە لە پاکی و چاکی سروشتی و ئەوینی راستەقینە چەندە نەرم و نیانە؟ جیهانێکی بێخەوش و ژەنگی گوناح و تاوان، بێهەموو جۆرە فرت و فێڵ و درۆ و دەلەسە، بێ خەیانەت و خەراپکاری و پڕ پڕ لە راستی و دروستی و یەکیەتی و برایەتی.

راستی ئەگەر شوێنی ژین و دایک و باب و کەس و کار و دەوروبەرییەکانی لە مرۆڤ گەڕێن و هەر کام بۆلایەک و بۆ ئامانجێکی نەبەن و هەر کەش بە قازانجی خۆی جۆرێک ئاڵوگۆڕی تێدا وەدی نەهێنێ و هەر کەس بۆ لای خۆی رانەکێشێ، گومان لەوەدا نییە کە ئەو بێچارە نە هیچ فێڵ و فووتێک دەزانێ و نە خەیانەت و خەراپکاری و نە ئاگاشی لە درۆ و دەلەسە و خێچی و خواری هەیە و نە زێف و ستەم و دەزانێ و نە ناڕاستی و

دژمنایەتی. ئەوەی هەیەتی هەر راستی و چاکی و پاکی و ئەوینە. دڵــی وەک شووشــەی بــێگەرد وایە و لـە ئــاوێنەی بــێژەنــگ و ژار خاوێنترە، وەک قاقەزێکی سپی و تــازە و دەس لێنەدراوە کە هـیچ شـتێکی لـە سـەر نەنووسـرابێ. هەرکەس دەیـهەوێ بـۆ خـۆی و بە قازانجی خۆی لە سەری بنووسێ، لە ڕاستیـشدا هەر کەس تـوانی دەستی خۆی وە پێش بخا و بەر لە هەموان لە سەری بنووسێ ئەو مێشک و دڵە بۆ خۆی و بە قازانجی خۆی تاپۆ دەکا.

جـا بەڕاستی ئەوە دایـک و بـاب و کەس و کـاری منـداڵەکەن کە دەبێ زۆر بە چـاکی لێـی وریـا بـن و پـێش دەستی بکەن و لەپـێش هەمـوو کەسدا بـۆ خـودای خۆیـانی تـاپۆ بـکەن تـا هەم بە کەڵکـی خۆیان بێ و هەم بۆ گەل و نیشتمانەکەشیان ڕۆڵەیەکـی لێهـاتوو و بەقــازانج بــێ و هەروەهــا لـە ڕۆژی پەسڵانیــشدا بتــوانن وڵامــی بەرپرسییەکانی خۆیان بدەنەوە.

دایک و باب دەبێ منـداڵ هەر لـە سـەر ڕەوشـی پـاک و سروشـتی خوایی خۆی پەروەردە بکەن و بە ڕەوگە و ڕێبازی ئایینی یەزدانیـدا بیخەنە سەر گەڕ و هەمیشە ڕێگەی ڕاست و دروسـتی نیـشان بـدەن. دەنـا بێگومان بەرپرس و بەرگرونی جیهان و پەسڵانن.

چونکە زۆر نێزیکە ئەو منداڵە بکەوێتە سـەر ڕێگەیەکـی خەراپ و هەم خۆی و هەم کۆمەڵێک لە خەڵک بەدبەخت و ماڵوێران بکـات و ئیتر وەک پشیلەی ڕەجەبە شێتی گەڕەکێکی بە خـۆیەوە بـسووتێنێ! منداڵ کاتێ کە لە دایکی دەبـێ جـگە لـە فێـر کـردن و بارهێنانەکـانی سروشتی پـاک و خـاوێن (تعلیمـات و تمرینـات پـاک طبیعـی) هـیچ جۆرە فێر کران و بارهێنـانێکی دیکەی نییە و نایزانێ.

بەڵام لە دواییـــدا وردە وردە لە چوارچێـــوەی ژیـــنگەکەی و دەوروبەرییەکانی خۆی فێری دەیان و سەدان و بەڵکە هەزاران شتی

جۆروجۆری وا دەبێ کە سەرتاپا بۆ خۆی و گەل و نیشتمانەکەی زیانی رووت و بەدبەختییە و شۆڤار و نەیارو تەپڕەشەکان لە سەر مینای بێگەردی مێشک و دڵی خاوێنی قەباڵەی خەیانەتکاری تۆمار دەکەن و ئەو چاکی و پاکییەی پێشووی دەشۆنەوە.

جا راستی ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش هەروەک ئەو منداڵە پاکە لە دایک بوو ئتیر کاتێک کە خوای گەورە بۆ کۆمەڵی مروڤی نارد جگە لە یاسا و رێسای چاک و پاک و پێشکەوتنخوازانەی مرۆڤایەتی و خواپەرستی هیچ شتێکی دیکەی تێدا نەبوو.

راستی تا نێزیکەی دووسەد ساڵ دوای پێغەمبەرﷺ هەروا بە دەست لێنەدراوی مابۆوە، بە تایبەتی لە دەورانی پێغەمبەر و یارانی پێغەمبەرﷺ و پەیڕەوانی وان و پەیڕەوانی واندا نە هیچ شتێکی لێ زیاد و نە هیچ شتێکیشی لێ کەم کرابۆوە و دروست وەک منداڵێکی پاکی دوور لە هەموو پیسییەک بە پاکی و چاکی مابۆوە و دەتگوت شووشەی بێگەردە.

راستی کەسیش خیرەتی ئەوەی نەبوو، کە هەرگیز وەها خیانەتێک بکا و راستەوخۆ بە گژ خوا و پێغەمبەری خوادا بێت. چونکە پێغەمبەرﷺ لەو بارەوە هەڕەشەی گەورەی کردووە و فەرموویەتی (من احدث فی امرنا هذا لیس منه فهو رد فهو و ما احدثه فی النار) هەر کەس شتێک لەو ئایینەی ئێمە زیاد بکا، ئەو شتە فڕێ دراوە و قبووڵ نەکراوە و ئەو کەسە خۆی و شتە زیاد کراوەکەی لە دۆزەخدا دەبن.

دیارە ئیسلام ئایینێکی پاک و چاک و بێخەوش و گەردە و هیچ جۆرە خەرافات و پڕوپووچییەکی لەگەڵ نییە و نابێ ببێ و هەر کاتێک گەند و گەلاش و خەرافاتی رەگەڵ کەوت لە راستەقینەی خۆی دەردەچێ و خواش قبووڵی ناکات. (و من یبتغ غیر الاسلام

دینا فلن یقبل منه و هو فی الآخرة من الخاسرین) بەڵێ هەرکەس بێجگە لە ئاینی پاکی ئیسلامی دەس لێنەدراو دینێکی دیکە بۆخۆی هەڵبژێرێ هەرگیز لێی قەبووڵ ناکرێ و ئەو کەسە لە پەسلانیشا لە ڕیزی ڕەنج بەخەساران و دەسبەتاڵانە. جا هەر بۆیە موسڵمانانی هەوەڵی زۆر زۆر لە مجێز بوون بۆ ئەوەی کە ئەو دینە وەک خۆی بهێڵنەوە و دەسکاری نەکەن. نە هیچی لێ زیاد کەن و نە هیچیشی لێ کەم کەنەوە.

خوا هەڵناگرێ خۆ هە تا لە دە س وانیشدا بوو هەروا بە دە س لێ نە دراوی و بە پاکی مایەوە تەواوی ئەو کەسانەش کە وزەوزی ئاڵوگۆڕ کردنی دین یا لێ زیاد و کەم کردنیان دەهات خێرا سەرکوتیان دەکردن و نەیاندەهێشت ئامانجی گڵاوی خۆیان لە نێو خاکی پاکی ئیسلامدا وەدی بێنن و زۆر هۆشیارانە و وریایانە هەر ئاژاوەیەکیان هەر لە تۆودا خەفە دەکرد و نەیاندەهێشت بگوورێ.

داری ناکۆکی و دووبەرەکایەتییان خێرا لە ریشە دەردەهێنا و هەرگیزاو هەرگیز رێگەی بڕ بڕ بوون و قۆڵ قۆڵ کرانی موسڵمانانیان بە هیچ جۆرێک نەددا. بەڵام بە داخەوە دوای یارانی وەفاداری پێغەمبەر و پەیڕەوان و پەیڕەوانی وان ژیوار بە جارێکی گۆڕا و هەم موسڵمانان شل بوون و لە بڕشت کەوتن و هەم دژمنانی ئیسلامیش چاکتر کەوتنە سەر فێڵ و لە بڕشتتر و ئازاتر بوون، توانییان وەک دۆست و دڵسۆز خۆیان بنوێنن و فرمێسکی تیمساح بۆ موسڵمانان بڕێژن!

ئەوان زۆریان خۆ بە تاقی کردبۆوە و لە رێگای جەنگ و سوپاییەوە هەرگیز سەرکەوتنێکیان وەدەس نەهێنابوو و دەیانزانی کە لەو رێیەوە هیچیان پێ لەگەڵ ناکرێن. جا هەر بۆیە هاتن و لە رێگەی فێڵ و تەڵەکە و درۆ و دەلەسە و دووڕووییەوە وەخۆ کەوتن!

بەرگی دۆستییان دە بەر کرد و خۆیان بە برا نیشان دا و لەو ڕێیەدا هەرچی لە دەستیان هات کردیان و بە هەزاران داخی گرانەوە لەو ڕێیەدا سەرکەوتنی زۆریان وەدەس هێنا!! توانییان جگە لە خودی قورئانی پیرۆز دەس دە هەموو شتێکی ئیسلام وەردەن و بە فەرموودەی مامۆستای مەزن تەنانەت بیر و باوەڕی خەڵکیشیان هەر گۆڕی و بگرە لە کتێبەکانی بیر و باوەڕیشا شتی دڵخوازی خۆیان بو ئێمەی نەزان گونجاند. و لە پەڕتووکە مەزنەکان و کتێبە دێژەیی (شرعی)یەکانیشدا شتی وایان بۆ تۆمار کردین کە ئێستاش پاش پتر لە ١٤٠٠ ساڵە هەروا پێیەوە دەناڵێین! جا سەیر ئەوەیە کە تەنانەت مەلا گەورەکانیشمان بە شێوەی ڕەسمی بە فەقێکانیان دەگوتەوە و دەیڵێنەوە! ئیتر بەڕێژە پەکی وەها ئاوێتەی ئایینیان کردبوو کە بەڕاستی جیا کردنەوەیان کارێکی زۆر دژوار ور حەستەمە، هەر جوولەکەکان لە دوای پێغەمبەر پتر لە چەندین هەزار وتەیان بە زمانی پیرۆزی پێغەمبەروە هەڵبەست و مامۆستاش گوتەنی (لەعنەتی خودا لەو کەسانەی درۆ بە زمان پێغەمبەرەوە هەڵدەبەستن) شتی وەها خوڕافی و پڕوپووچ و خەراپیان بە نێوی دین دە مێشکی منداڵانی موسڵمان هاویشت کە نە خوا فەرمووبووی و نە پێغەمبەر و نە هیچ کەسێکی ژیرۆمەند و دینزانیش بۆی قەبووڵ دەکرێ.

ئەو ئیسلامە کە خوا بۆ محەممەدی نارد تەنیا یەک ڕەوگە و ڕێباز بوو بەڵام ئەوان کردیانە دەیان و سەدان ڕێچکە و ڕێبازی جیا جیاو تەنانەت دژ بە یەکتریش. تەریقەت و مەریقەت و شێخایەتی و مێخایەتییان پێوە لکاند بە شێوەیەکی زۆر فێڵبازانە تەریقەتیان ڕەگەڵ شەریعەت خست و تەریقەتیان دانا بە کاکڵ و شەریعەتیشیان کردە توێڵک. خۆ دیارە کە هەموو میوەیەکیش

کاکڵەکەی گرینگە و توێکڵەکەی ئەگەر نەشبێ زۆر گرینگ نییە و تەنانەت هی زۆرێک لە میوەکان هەر فڕێ دەدرێ.

جا ئەوجار هێنایان تەریقەتیشیان کردە بە دەیان و بەڵگە سەدان تەریقەت و بەو جۆرە موسڵمانانییان کردنە تۆوی پڕپڕە و ئاردی نێو دڕوان و ئیتر یەکیەتییە پۆڵایینەکەی موسڵمانانیان وەها تواندەوە کە چەندین سەدەیە هێشتا نەمەیوەتەوە!

ئەو هەموو رێچکە و رێباز (مذاهب)انە ئەو هەموو تەریقەت ومە ریقە تانە یان بەو هەموو پەیڕەو و پرۆگرامانەوە لە بەر دەمی منداڵی کاڵی زۆرخاوی موسڵمان دانا و ئیتر بەو جۆرە سەریان لێ شێواند و رێگەیان لێ گۆڕی و بە فەرموودەی مامۆستای گەورەمان رەببی –

ئەوی رێگەی لە کوردەکان گۆڕی
لەعنەتی خودا لە ئەلحەد و گۆڕی
رە ببی هە رکە س کە دژ منی کورد بی
چاوی با دە ر پەڕی و ملی وردبی

سەرەنجام وای لێ هات کە موسڵمانانیان تێک بەردا و بە گژ یەکتریاندا کردن و خۆ دزیش بازاڕی هاڵۆزی دەوێ، زۆر چاکیان بۆ هاتبوو موسڵمانان دەستیان دە بەرۆکی یەک نابوو و خەنجەریان بەخوێنی یەک سووبوو ئەوانیش هەستیان کرد بەگوێستنەوەی سامان و دەرهێنانی کانگاو چاوەکانی وڵاتی ئیسلامی و ئیتر گورژی گوتەنی:

بەگژ یەکدا دەچین و خەنجەرن بە خوێنی یەک سوورە
لەدژمن نیز یکە دڵمان و هەر تەنیا لەیەک دوورە
تەواو داهات و سامانی وڵاتیش گاوران ئەیبەن
موسڵمانیش سواڵ و راوو رووتە بۆ ژیان ئە یکەن

بیر و باوەڕی ئەو کەسانەی کە لە سەر هەر کام لەو ڕێچکە و ڕێباز و تەریقەتە جۆراوجۆر و جیا جیایانەن جۆرێکە کە لە بەر گروپگەراییەکەیان راستەقینەی ئاینی ئیسلامیان یا هەر لە بیر چۆتەوە و یا زۆری گرینگی پێ نادەن، چونکە بە لای وانەوە شەریعەت توێڵک و تەریقەت کاکڵە و دیارە هەمیشەش کاکڵ لە توێکڵ گرینگترە. دەک نۆشی گیان نەبێ ئەو کاکڵە پیسەی دەرخواردیان دان.

جا هەر ئەوەندە خۆی بەڵگەیە بۆ ئەم داوایە کە ئەگەر لە لای وان بێڕێزی خوا نەخواستە بە خوا یا پێغەمبەریش بکرێ زۆری گرینگی پێ نادەن و رەنگە هەر قەڵسیش نەبن، بەڵام ئەگەر پێیان بگوترێ شێخەکانتان شێخ نییە یان پیاوی چاک نییە یان تەریقەت لە بنیڕا شتێکی خەراپە و.. یا بگوترێ بابا ئەو بەرنامانە هەر دە ئیسلامێدا نین، ئەگەر هەبان پێغەمبەر دەستووری لە سەر دەدان یان یار و یاوەرانی پێغەمبەر دەیانکردن بە یەکجاری لە کوورە دەردەچن و هەر خوا خۆی دەزانێ چۆن دەهاوژوێن؟

مامۆستایەکی خۆشەویست و بەڕێزم جەنابی مامۆستا مەلا حوسێنی فیردەوسی کە هەر خەڵکی گوندی خۆمان سارتکی‌یە بۆی گێڕامەوە و فەرمووی فەقێ بووم چوومە لای مەلایەکی مریدە شێخ بەو مەرجە جێگەی کردم کە لەگەڵیان خەتمەی شێخی بکەم، هەموو رۆژێ لێی دەپرسیم ئەرێ حوسێن گیان! خۆشەویستی شێخت زیاد نەبووە؟ منیش دەمگوت نەوەڵلاهی هیچم لێ حاڵی نییە! سەرەنجام رۆژێکی منیش بەویم گوت ئەرێ قوربان بۆچی جارێکی ناڵێی خۆشەویستی پێغەمبەرت زیاد نەبووە؟ گوتی ئەوە هیچ هیچ لە وی گەڕێ گەڕێ!

جـا مامۆسـتای گەورەمـان خـوا بە میهـر و بەزەی خـۆی شـادی بفەرموێ، دێنێ دەردی دڵ دەکا و لە کتێبی فڕی فڕی قەل فڕیدا ئەو کوڵ و بـڕک و ژانە دڵانە هەڵـدەڕێژێ و بە شـێوەی چیرۆکێکـی زۆر سادە و باوێکی منداڵانە نیشانی دەدا.

ئەو بەڕێـزە منـداڵێکی دڵپـاکی زۆر خـاوێنی ڕەوش سروشـتی نەگۆڕدراو لەگەڵ چەند کەسی پیـاوی فریـو دراوی مریـدە شێخ کەر کراو دادەنێو یاری فڕی فڕی قەل فڕییـان پـێ دەکـات. گەورەکـان لە نۆرەی خۆیاندا دەیانهەوێ منـداڵەکە بیرو بیـر و بـاوەڕی چەوت و چەوێڵ و تەریقەتبازی و شێخ بازاڕی و مریـدایەتی بەرن وبـاوەڕی پێ بە شێخ و گەورەیی وی پەیدا بکەن و پێی دەڵێن شێخ دەفڕێ بە هیممەتی شێخ کەر دەفڕێ شێخ بۆمبـای لە ئاسـمانێ دەگێـڕێتەوە و ناهێڵێ بتەقێتەوە و زیان بە خەڵک بگەیەنـێ، بەڵام منـداڵەکەش کە خـاوەنی بیـر و بـاوەڕێکی پـاکی سروشـتی و دڵ و دەروونێکـی بێخەوشی وەک مینای بێگەردە و هەرچەندی دەکـا و دەکرێنـێ بـۆی قەبـووڵ نـاکرێ و نـاتوانێ بیـسەلمێنێ و ناچـار هـاواری لـێ بەرز دەبێتەوە و دەڵێ هەی هاوار بۆ خـاتری خـوا ئەو شـێخە زگ زلە و ئەو کەرە گوێدرێژە چۆن دەفڕن؟ ئاخر بابە هەموو شتێک بـۆ خـۆی یاسا و ڕێسایەک و بەرنامەیەکی تایبەتی هەیە، فڕینیش بۆ خـۆی هەل و مەرجێکی تایبەتی هەیە و کابرا ناتوانێ وا بە ئاسانی بفڕێ.

جا مامۆستای گەورە خوا لێی خۆش بێ لەو چیرۆکە بەنرخەیدا قارەمانی چیرۆکەکە منداڵێکی کاڵی سادە و سـاکاری دەروون پـاکی ڕاسـتی خـواز و ڕاسـتگەرا دادەنـێ و لایەنەکـانی دیکەی چیـرۆکەکە چەنـد کەسـی گەورە و فێـڵ لێکـراو و مێـشک تـاڵان کـراو وفریـو خواردوون بە پڕوپووچ گەرا و خەرافاتی لە پێنـووس دەدا و پـێکەوە ئەو چیرۆکەیان پێ دەگێڕێ بە جۆرێک، کە گەورەکان دەیانهەوێ بە

منداڵەکە بسەلمێنن شێخ، چونکە خۆشەویستی خوایە(ئەگەر ببیٚ) دەتوانیٚ بە حەوادا بفڕیٚ و بە سەر ئاوێدا بڕوا، بەڵام فڕۆکە، چونکە گاور دروستیان کردووە یا گاوری تێدان ناتوانیٚ وە حەوا بکەویٚ و بفڕیٚ. کە دیارە زۆر زۆر لە ژێری و ئاوەز دوورە و ماموستا گوتەنی برا ئەو عەسرە نەما کاکە ئەو دەورە رۆیی شێخ بە حەوادا بفڕیٚ یا لە سەر ئاویٚ رۆیی.

بەڵیٚ منداڵەکە راستی خواز و راستی ویستە و دەیەویٚ پێیان بقەبوولێنیٚ کە بابە ئاخر راستەقینە شتێکە و فریو و فێڵبازیش شتێکی دیکەیە. پێویست ناکا هەر کەس خۆشەویستی خوا بوو هەر بفڕیٚ تەماشا کەن پێغەمبەر و یارانی خۆشەویستی خوا بوون هیچ نەشدەفڕین و بە سەر ئاوێشدا نەدەڕۆیشتن. چونکە خاوەنی هەلومەرجی فڕین نەبوون. نە باڵیان هەبووە نە ئەو کاتیش ئامرازی وەکوو فڕۆکە و کۆپتێر هەبووە کەوایە هەر چەندە خۆشەویستی خواش بوون نەیانتوانیوە بفڕن.

بەڵام چۆلەکە و نموونەکانی وی لە مەل و باڵندە ئەگەرچی نە پێغەمبەر و نە خۆشەویستی خواشن چونکە باڵیان هەیە و خاوەنی هەلومەرجی فڕینن دەتوانن بفڕن. ئاخر هەر شتێک بۆ خۆی خاوەنی یاسا و رێسا و بەرنامەیەکی تایبەت بە خۆیەتی. و بە زاراوەی زانیاری تا سوغرا و کوبرای قەزیە راست و دروست نەبن ئاکامی دروست نادا.

جا بەهەشتی مامۆستای گەورە لەو چیرۆکەدا ئەوەمان پیٚ دەڵیٚ کە موسڵمانان و بەتایبەتی موسڵمانانی کورد هەر وە دوای شتی خەرافاتی و پڕوپووچ و ئەفسانەیی کەوتن و لەو رێیەشدا راستەقینەیان ون کرد و بوونە هۆی گومڕایی تۆرەمەی داهاتوو و بەرەی دوارۆژیش (اضلوا کثیرا و ضلوا عن سواء السبیل) زۆریان

گومڕا کردن و خۆشیان هەر ڕێگەی ڕاستیان لێ ون بوو. دەیان و سەدان شتی بێبناوان وبێڕاستەقینەی وەک قاڵیچەی سولەیمان، دەریای ڕۆزی دابەش کراو (بحر رزق مقسوم)، داستانی ئەحمەد و شەوی بەرات، لە بەر دەستا بوونی دێو و درنج و جنۆکە، عەبدی سۆفیان و کەری جرجاڵ یان بۆ ئێمە ساز کردووە و هەر لە منداڵیڕا دە مێشکیان هاویشتووین و جا بە گەورەییش تەنانەت بگرە بە زانیاری باشقە مەلا و زانا و پسپۆڕەکانی ئیسلامیش لە مێشکمان ناهێنرێتەوە دەر و وە ژەنگی ئاواڵ بۆ خوا دانان و هاوبەش بۆ پەیدا کردن و ئەو جۆرە گوناحانە و کرێژی نەزانی وەها ئاوێنەی دڵمانی ڕەش کردووە کە بە ئاسانی و هەر وا بە سووک و سادەگی بۆمان مشتومال ناکرێ و خاوێن نابێتەوە.

بەڵێ جا ئەوەیە کە مامۆستای گەورەمان دەفەرموێ: دەبێ خەڵک ڕاستیخوازو ڕاستیویست بن،(خوارق العادە)و کەشف و کەرامات و درۆ و دەلەسەی شێخ و مێخان چ کەڵکێکی هەیە و بۆچی دەبێ و چ بارێک لە سەر شانی خەڵکی موسڵمانی هەژاری زۆر لێکراوی چاو بەستراو لادەبا و چ دەردێکیان لێ کەم دەکاتەوە؟!

جەنابی شێخ بفرێ، یا نەفرێ، بچێتە مەککە یا نەچێ، بە لۆقێک ئەو سەرەو سەری دنیا بکا یا نەیکا، بە ئێسرێک هەموو جیهان بگەڕێ یا نەگەڕێ چ دەبێ و ئەم گەل و ئایین و نیشتمانە چ قازانجێکی لێ دەکا؟ شێخ هەر خەیانەتمان پێ نەکا و دەرخواردی بێگانانمان نەدا بەسە. حاشا هیچی ویمان لەوە پتر ناوێ. ئاخر زۆر سەیر و سەرسووڕهێنەرە بۆ چی تا ئەوڕۆ حاجییە هەژارەکانمان بەو هەموو زەحمەت و نارەحەتییەوە دەرد و ئازار و نیزیکەی دوو مانگ بە سواری حوشتر حیندرحۆیان دەکرد تا دەگەیشتنە مەککە و ئی واشیان هەبوو کە لە حوشترەکەی بەر

دەبــۆوە و ملــی دەشــکا، بەڵام چــۆنە جەنــابی شــێخ هەر بە ئیــسرێک(لحــظه) یــا بە چــاو لـە سـەر یەک نانێـک دەچێـتە وێ و دەگەڕێــتەوە؟ ئەدی ئەگەر وایە و خــاوەنی ئەو هەمــوو کەشــف و کەرامات و زانیاری نهێنی و دۆستی وا نیزیکی خـودان، بـۆچی ئەو هەمـوو چـاوە و کانگـا گرینگـانەی کوردسـتان و تەنـانەت نەوتـی کەرکــوک و کرماشــان دەرنــاهێنن؟ خــۆ ئەوان ئامــانجی هەرە گەورەیان پووڵ پەیدا کردنە و پووڵیش لەو ڕێیەوە زۆر چاک پەیـدا دەبێ، بۆچی نۆکەری و بەندەگی بۆ دەکەن؟ بۆ چی لە ڕێیەکی ئـاوا ئابڕوومەندانە وەدەستی ناهێنن؟ بۆچی پەتی نۆکەری و قەڵاتەی راو پێکەری لە ملی خۆتان دەرناهێنن و خۆتان ناکەنە پیاو؟!

مەگەر نابینن، کە بێگانەکان بەهۆی زانیاری زۆر و پیشەسازی و ژمێـرە و پێـوانە چـۆن کانەکـانی کوردسـتان وبگـرە هەمـوو خـاکی ئیــسلامییان دەرهێنــاوە و زەوتیــان کــرد؟ بەڵام شــێخە بێگــانە پەرستەکان هەر ئاگاشیان لێ نەبوو ئێـستاش هەر پێمـان دەڵـێن بە کەرامەت چەسپاندوویانە کە کەوا نوورە لەباباگوڕگوڕ هەڵدەستێ و هیممەتی فڵانە شێخە ئـاگری بەرزی بابـاگوڕگوڕ بەغدای روونـاک کردبـوو شـەوقی لە دونـدی بـرایم جەلالـی کـورتەکڕا دەبینـرا و ئەوانــیش لە بەر نەزانــی و دەستەوســتانی خۆیــان و لەبەر خەیانەتکاری و بێگانە پەرستی خۆیـان خەڵکیـان وا حـاڵی کردبـوو کە ئەوە نــوورە لە گــۆڕی پیــرۆزی بابــاگوڕگوڕی پیــر و پێــشەوا هەڵدەستێ. دەک بە درۆیان دڕێن.

بەڕێــز هــۆنەری ژیــری کــورد عە بــدوڵڵا پەشــێو گەمە بەو بیروباوەڕە پووچە دەکا وبە پەژارەوە دەڵێ:

منـاڵەکـان منـاڵەکـان! ئەی برسـییە ژیـن تـالەکـان! دەزگیـرانم کوترێکی دیار بەکرە.....

بـۆ گواسـتنەوەی رۆژ ئەژمیـرم پەر پەر دری   قەدی چیـام قەف قەف بری کە لەدەرگای سنورم دا ؛ تفی دەمی پوسـتال رەشیک هـا سـوغی دا نیـو چـاوانم!! وە هەروهـا ئەو هەڵبەسـتەی پیـشوی ئەو بەرێزە بیر دێنمەوە کە دەڵی:

منداڵەکان! مناڵەکان
ئەی برسییە ژین تاڵەکان!
لە سەر سینگە نەوتاوییەکەی بابە گوڕگوڕ
نیزیک تاقگەی سەرەوژووری زێڕینی گڕ
گڵکۆیەکی بچکۆلەم دی
لێی نووسرابوو
ئا لێرەدا
مناڵێکی چاوبزی کورد
لە برسان مرد!!

یان دەیانگوت کابە لە جێی خۆی نەماوە و گۆیـا بە پیـر خـاتوو رابیعەی عەدەوییەوە چووە! کەرێ جرجاڵێ گوێی ئەوەندە پانن، کە لە ژێر سێبەری گوێیەکیدا جێگەی حەفتا هەزار جوولەکە دەبێتەوە.

جا بۆیە مامۆستای بەڕێزمان دەفەرموێ: کابرایەکی خۆشناوەتی بە کەری کـابرایەکی دیـکەی خۆشـناوەتی هەڵـدەگوت و دەیگـوت کەرەکەی تۆ زۆر کەرێکی چـاکە و دەنگـی زۆر خۆشـە... ئەویـش لە وەڵاما دەیگوت ماڵت سەد جار ئاوەدان بێ، هیچ چاکەیەکیشم بۆت نییە و هەر لە پیاوەتی خۆتەوەیە کە ئاوا بە کەرەکەمدا هەڵدەڵێی.
راستی جرجاڵیش هیچ چاکەیەکی بۆ موسڵمانان نییە بەڵام هەر لە چاکەی خۆیانەوە ئـاوا بە کەرەکەی هەڵـدەڵێن و بۆی بـوونەتە چاوەش! ماڵیان ئاوا لە ئاقڵی خۆیانەوە!

دیسان ئەو بەڕێزە لەو چیرۆکە چووکەدا پێمان دەڵێ کە خەڵک ئەوەنــدە برســی و هەژار و نەدارە کە تەنــانەت مەلای بەدبەخــت و ماڵوێران ئەوەندە تامەزرۆیە لەسوێیان و لەززەتان خەون بەنان و گۆشتەوە دەبینێ ئەوەندە برسی و ئاتاجە خەونەکەی بە دڵخـوازی خۆی مانا دەکا وخەیاڵ پڵاوێکی باشی بۆ دەکا.

سەرەنجام دەڵێ وا هەڵدەکەوێ کە لە نێو کورداندا بـاوە کچێکـی منداڵی گچکەی هەژار دەدەن بە کابرایەکی تەمەنداری زەبەلاح و لێی مارە دەکەن و بۆی دەگوێزنەوە. کچە بێچارەکە لە کابرا دەترسـێ و خۆی نادا بە دەستەوە، هاوار هاواری لێ پەیدا دەبێ. ئەمجـا کـابرا لێی دەگەڕێ تـا ئـارام دەبێـتەوە پاشـان لە ڕێگەی فێـڵ و فـووتەوە بۆی دەچێ، شەو یا ڕۆژ گاڵتە و دەسبازی لەگەڵ دەکا و پێی دەڵـێ وەرە با کـۆتر فـڕێنکەت پـێ بکەم. ئەویـش نـازانێ و دەڵـێ باشـە. کابراش دێنێ دەست و لاقی پێکەوە دەبەستێت و وای تێدەگەیەنێ کە بەو جۆرە دەتوانی بۆ خۆت بفڕی و بە کـولانە و پەنـجەرەدا بچیـتە دەرێ و وەک کۆتران باڵ بگری.

جـــا کـــابرا بەو جـــۆرە کـــاری خـــۆی لەگەڵ دەکـــا و ئەویـــش دژکردەوەیەکی پێ ناکرێ چونکە دەست و لاقی بەستراون و کەسێک کە دەست و لاقی ببەسترێن دەبێ حاڵی کوو بێ؟

ئەمجا دەفەرموێ ئێمەی کوردی هەژاری ماڵوێران وەک ئەو کـچە بەدبەختە لێقەوماوە دەست و قاچمان بەستراوە و دەرەتانمان نییەو داکۆکیمان پێ لە خۆمان ناکرێ. دژمنان وەها ڕێگەیان لێ بڕیوین و دەست و پێیان بەستووین و وڵاتیان لێ تەنیوین کە هەرچی خۆمـان بێژ و بەوێدا دەین لەبەر بێیەکیەتی هیچمان لە دەس نایە و ئەوان دەتوانن بە کەیفی خۆیانمان لەگەڵ بکەن. ئێستا هەر خۆت پێم بێژە چماوە لە گەڵمان بکەن؟ مەگەر ماڵیان نەخواردین؟ نیـشتمانیان لـێ

دابەش و داگیر نەکردین؟ دینەخەمانیان لێ دەس تێوەرنەداین؟ئاقڵ و هۆشیان لێ نەستاندین؟لە ماڵی خۆمان وەدەریان نەناین؟لە ژیان و لە هەموو شتێکیان نەکردین؟ دەست و لاق و چاویان نەبەستین؟

جا پاشانیش بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە دەفەرموێ: ئەگەر بڵێین ئیمرۆ عەقڵ لە نێو موسڵمانان فڕیوە راستە و درۆی تێدا نییە و باوەڕ بکە و خێرا دەست هەڵبڕە. هەروەها ئەگەر بڵێین عیلم و زانیاری لە نێو کوردان فڕیوە و نەماوە، دیسان باوەڕ بکە و گورجێ دەستت هەڵێنە، دەنا تێدەکەوی و دەیدۆڕێنی. چونکە بە داخەوە ئەوڕۆکە نە ئاقڵ و ئاوەز لە نێو موسڵماناندا ماوە و نە عیلم و زانیاریش لە نێو کورداندا. جا بەتایبەتی لە نێو ئەو کوردانەی کەوا کەوتوونەتە دوای شێخ و مێخان و بوونەتە مرید هەر بە جارێک باری کردووە، نە دین ماوە، نە ئاقل، نە بیر و هەستی ئازادی، نە مرۆڤایەتی و کوردایەتی، نە زانست و زانیاری، نە هۆش و هەستی تەکپەرەستی و نە...

مەلای گەورە، دلێر مەردی جۆگەتشکێن

جستانان لە کوێستانان بە گشتی ولە کوێستانە سەر دە ئاسمان هەڵکشاوەکانی کوردستانی سەر بەرز بەتایبەتی، جاری وا دەبێ کە ئەوەندە بەفر دەبارێ تەواوی رێوبان دەگیرێن و هاتوچۆ بە تەواوی دەبڕێ و پێوەندی لە نێوان خەڵکدا نامێنێ. جا بۆ کردنەوەی رێوبان و پەیدا کردنەوەی پێوەندی نێوان خەڵک لاوەکان دەستە دەستە خۆیان هەڵدەکەن و دێنە مەیدانێ و جۆگەتێ بۆ هەمووان دەشکێنن.

بەڵام لەو بەینەدا کێهە لە هەمووان ئازاتر و دلێرتر، قۆچاختر و لە هەمووان پتر دە خۆی راببینێ، ئەو وەپێش گشتیان دەکەوێ و ڕێیە بۆ هەمووان دەشکێنێ و کەلێنێ دەو بەفرە حەستەم و فرزە بڕەی دەخات. جا لە پاشان ئەوانی دیش پێدا دەڕۆن و تا سەرەنجام وەهای لێ دێ کە ڕێیەکە بۆ هەموو کەس پانتاو و تەخت دەبێ و ئەوجار ئیتر هەر کەسێکی بێهێز و لاوازیش هەر دەتوانێ پێیدا بڕوا.

دیارە کە ئەو کارەش لە دەس هەموو کەس نایەت و هەر کەس ناتوانێ و دە خۆشی رانابینێ وە پێش گشتیان بکەوێ و جۆگەتێ بۆ خەڵکی بشکێنێ. چونکە ئەو کارە کوڕی ئازا و دلێر و بەهێز و دەخۆڕادیتووی دەوێ و مەردی قارەمان.

جا راستی مەلای گەورەش خوا لێی خۆش بێ، لە دەورانێکدا ژیاوە کە دەسەڵاتی تەریقەت و شێخ و مێخان تەواوی وڵاتی کوردستانی تەنیبۆوە و بە تایبەتی دوو تەریقەتی قادری و نەقشبەندی خەڵکی کوردستانی گەورەیان بە شێوەیەکی سەیری ناجۆگرافیایی لە نێو خۆیاندا بەش کردبوو. گاڕانی مرید و دەروێشان بە دوای شێخ و خەلیفاندا دێ بە دێ، شار بە شار، کۆ بە کۆ، ناوچە بە ناوچە و هەرێم بە هەرێم دەڕۆیشتن و دەگەڕان و مانۆڕیان دەدا.

ئیتر بەو جۆرە لەبەر چاوی دۆست و دژمن خۆیان نیشان دەدا. هوولە هوول و نەڕە نەڕی دەروێشان گوێچکەی پیاوی کەڕ دەکرد، تەکیە و خانەگاکان کە لە ماکا وەک مزگەوتی زیانن لە بەرابەر مزگەوتانی خودادا راست کرابوونەوە و ژمارەیان لە ژمارەی مزگەوتەکان لەوانەبوو زۆرتر و پتریان بە قەرای وان بێ و لە پەنای گەلێک لە مزگەوتە خوداییەکاندا خانەگایەکیش ساز کرابوو کە ئێستاش لە گەلێک جێیان نموونەیان بە داخەوە هەر ماوە!!

لەباتی حوجرەی فەقێیان و فێرگەی زانیاری، تەکیە و دەروێشدان ئاوەدان دەکرانەوە و ژمارەی مرید و دەروێش و شێخ و خەلیفان زۆر لە مەلا و فەقێ و لایەنگرانی ئایینی راستەقینە و تەکیەرستانی راستی پتر بوو.

دەروێشگەل ئاور و ئاسنیان دەخوارد و دار و بەردیان قووت دەدا! خەڵکیان سەر دەبڕی و مار و دووپشکیان دەگرتن، مەلا زاناکان سەریان لێ شێوابوو لە داخان وەخت بوو دیق بکەن! مەلای گەورە گوتەنی:

ئەوەی زانـــــایە نـــــاو جەرگـــــی پەڵاســــە
ئەوەی نــــــادانە نـــــازانێ چ باســــــە

مەلای نەزان و نەخوێندەوار بێسیوادەکانیش دەیانگوت ئەوە کەرامەتی ئەولیایانەو کەرامەتی ئەولیایانیش هەقە! ئەو مەلایانەی لێیان بەدەنگ هاتبان و کەمێک بەرهەڵستی کردبان زوڕنایان بۆ لێدەدان و دەیانگوت کافر بوون، یان بوونەتە کەڵبەش و وەهابی و لە لایەن دەزگا و دەسەڵاتدارەکانی ناوچەیی سەروەزل و هێزی چەپەڵی ئینگلیزیشەوە دەخرانە ژێر زەخت و گوشار و پرسیارەوە و زیندانی و ئازار و ئەشکەنجە دەکران و لە لایەن خەڵکی بە نێو موسڵمانیشەوە لە دێیان و لە جێیان دەردەکران و رانەدەگیران و مووچە و بەراتی کەم و کوڕ و هەر نەبووشیان هەر لێ دەگێڕانەوەو بەو جۆرە دەبوونە هۆی ئاوارەیی و دەربەدەری و سەرگەردانی خۆیان و ماڵ و مناڵیان.

دام و دەزگـــای تەریــــقەت و شــــێخایەتی چ لە بـــارودۆخی نێونەتەوایەتی گشتییەوە و چ لە باری ناوچەیی و تایبەتییەوە گەلێــک پـــتەو و بەهێــز بـــوو، هەروا بە ئاســـانی نەک هەر

نەدەڕووخێنرا، بەڵکە هەر نەشدەڕووشێنرا!! چونکە لە لایەکەوە فەرمانڕەوا نارەواکان و هێزە دەسەڵاتدارەکانی سەر وە زلهێزی کۆنەپەرستی ئینگلیز پشتیوانیان بوون و کۆمەک و یارمەتی تەواویان پێ دەکردن و لە پارە و پووڵ پەکیان نەدەخستن و لە لایەکی دیکەشەوە ئاغاوات و کوێخا و گزیر، کە هەر کامێکیان گۆپاڵێکی سەرکوتکەری گەلی کورد بوون چونکە قازانجی خۆیان دەوەیدا دەدیت بە درۆ یان بەڕاست مریدی بێ دەسەڵات و نۆکەری ئاڵقە لەگوێی وان بوون. کە بێگومان ئاوا چاکتر دەیانتوانی خەڵکی هەژاری نەخوێندەواری کورد کەر بکەن و بچەوسێننەوە.

چا هەر بۆیە بە هەموو هێز و توانایی خۆیان داکۆکی کار و پشتیوانی دامودەزگای شێخ و شێخایەتی بوون. هەر مەلایەک بۆنی نەیاری یا دژایەتی شێخانی لێ هاتبایە دەهۆڵی گاوریەتی و بێدینی یان بۆ هەڵدەگرت و بە خوانەناس و لە دین وەرگەڕاو و فاسق و..یان بە خەڵک دەناساند و وەهایان لە بەرچاوی خەڵک سووک دەکرد کە هەمووان هەر بە چاوی دژمن و نەیار چاویان لێ دەکرد و تەنانەت هەروەک باس کرا لە جێیانیش هەر رایان نەدەگرت و وا هەڵدەکەت کە لە ساڵێدا ناچار بوو دوو سێ جێیان بکا و لە هیچیشیان نەحەسێتەوە.

مەلای بێچارە یا دەبوو مل راکێشێ و تەسلیمی خەڵکی نەخوێندەواری دیننەزان بێ، یا دەبوو بە یەکاری دەس لە مەلایەتی هەڵبگرێ، کە بێگومان ئێستاش ئەو حاڵەت و ژیوارە نالەبارە بۆ گەلێک لە مەلا هۆشیار و روونەکان روو دەدا و خۆشم هەر لێی بێبەش نەبووم.

بەسەرهاتی دڵتەزێنی هۆنەری هێژای گەلی کورد مەلا رەسووڵی ئەدیب نموونەیەکی چووکەیە لەو هەموو کارەساتە سەخت و

دژوارانەی کە لەو ڕێیەدا بە سەر مەلای هەژار و هۆشیاری کورد هاتوون.

خوا لێخۆشبێ مەلا ڕەسووڵی ئەدیب بە هۆی ئەوەی کە هەر لە بنی‌ڕا لە ژیواری زۆر دژواری مەلایەتی لە کوردستاندا زۆر جاڕس و بێزار دەبێ، دەس دەکا بە پیشە و پژگاڵەکانی وەک ئاش‌وەستایی، پزیشکی، دارتاشی و مامۆستایەتی وانە گوتنەوە بە کوڕە ئاغا و خاوەن دەسەڵاتەکانی ناوچەکە.

بەڵێ ئەو تەکپەرەستە ڕاستەقینەیە لە دوامین ساڵەکانی ژیانیدالە گوندی سەرگیزی ناوچەی شنۆیە دەبێتە مامۆستای کوڕەکانی ئاوڕەحمان ئاغای شێخ پەرستی مێشک بەتاڵ، مەلایەکی نامەلاش بە نێوی مەلا مەحموود کە بڵیندگۆی ڕاگەیاندنی کەشف و کەراماتی درۆزنانەی شێخی بورهان دەبێ و لەگەڵ ئەدیبا لە باری بیر و باوەڕەوە دژایەتی و ناکۆکییان دەبێ.

جا ئەو مەلا ئاڵقە لەگوێیە دەچێتە لای ئاوڕەحمان ئاغا و گەلێک شەیتانی و شۆڤاری لە ئەدیب دەکا ئەویش تەواوی مووچەو بەراتەکەی لێ دەبڕێ و سەرەڕای ئەوەش لێی دەکەوێتە بڕوبیانوو و دەیهەوێ کارێکی وای بە سەر بێنێ کە نەک هەر بە جارێک تەمبێی بکا و بەس، بەڵکە سەرەڕای تەمبێ کردنی یەکجارەکی وی لەمەولا هیچ کەس نەتوانێ لە رابەر شێخا بکۆخێ.

بەڵێ مەلا ڕەسووڵی تەکپەرست لە سەر تەکپەرستی خۆی بەو جۆرە لەگەڵ ئەو موسڵمانە ئیسلام نەناسە شێخ پەرستانە پێوە دەبێ. چەند مانگێکیش دەبێ کە مانگانەی وەرنەگرتووە و هیچیشی نابێ و ناچار دەس دەکا بە قەرز و قۆڵە و وام وەرگرتن، جا بەو جۆرە لە ماوەی سێ مانگدا سێ هۆقە گۆشت بە قاسابی دێی قەرزدار دەبێ و ناشیبێ بیداتێ. ڕۆژێک قەساب ئاوڕیشی دەبێ و

داوای وامەکەی لێ دەکات و سەرەڕای زۆر قسەی ناحەز دەچێ لە لای ئاغاش زۆر بەدگۆیی لەو هەژارە دەکا، جەنابی ئاغاش دەستوور دەفەرموێ سەد شەقی تەواوی بە بێ کەم و زیاد تێهەڵدەن!!

جا مامۆستای بەڕێز و پایە بەرزی گەلی کورد، هەم بە زەبری ئەو شەقانە و هەمیش لە شەرمی ئابڕوو چوون وەها نەخۆش دەکەوێ، کە دەگاتە خاڵی گیانەڵڵا و بە یەکجاری لە پێ دەپەڕێ، لەو کاتەدا ئاغاش ویژدانی نوستووی وەخەبەردێ و خۆی دە ماڵی ئەدیبی بە شەقان کوژراو دەهاوێ، ئەسپێک و دەمانچێک و تفەنگ و فیشەکدانێک و کاتژمێریکی زێڕی بۆ دەبا و دەڵێ بمبوورە، من پەشیمانم!! ئەویش بە هیچ جۆرێک لێی وەرناگرێ و دەڵێ جا من تازە ئەوانە چ لێ بکەم لە سەردەمی هەڵکەدانا؟! پێشی دەڵێ بگرە وا لێرە منیش بەخشیمی لە دادگای رۆژی پەسلاندا چ وەڵامێک دەدەیتەوە؟ من چ گوناحێکم هەبوو ئاوات لێ کردم؟ هەر ئەوەندە نەبێ کە دەمگوت شێخەکەی تۆ خوا نییە و نابێ بیپەرستی و خوای تاک و تەنیا بپەرستە و بەس؟!

بەڵێ ئەو شتانەی پێدا دەنێرێتەوە و پاشان گیانی پاکی تەکپەرستانەی خۆی بە خودای تاک و تەنیا دەسپێرێتەوە و ئیتر ماڵاوایی لە کورد و کورستان و لە هەموو تەکپەرستانی هاوبیر و باوەڕی دەکا. خوا بە بەهەشتی بەرینی شاد بکا.

جا ڕاستی ئا لەوەها کات و ساتێکدا و لە وەها هەل و مەرجێکد اکێ دە یتوانی هەر تەنیا بە حاڵودوو بەڵاش دژ و نەیاری شێخگەل وگارانی دەرویشان بێ؟! کێ دەیتوانی بە درۆ، یا بە ڕاست خۆی بەمریدو نۆکەری یەکێک لە شێخەکان نیشان نەدا؟جا مەلای نەزان و خەڵکی موسڵمانی بێڕامیاری وچاو بە ستراویش ئەوەندەیان

شێخەکان گەورە کردنەوە کە تەنانەت سوێندیان پێ دەخواردن ولە هەرحاڵەتێکدا هاواریان لێ دەکردن و هانایان دەبردنە بەر تەنانەت جاری وا دەبوو کە کابرا سوێندەکەی بە خواش دەخوارد بەڵام لە دواییدا هەر دە تگوت لەو تەکپەرستییەی پەشیمانە و بە دوای ویدا سوێندی بە شێخیش هەر دەخوارد. بۆ نموونە دەیگوت وەڵلا بە غەوس یا بە خوا بە فلان شێخی، کە رەنگە ئێستاش ئەوە کەم نەبێ و گەلێکی واشمان هەن کە لە بنیڕا خوایان لە بیر خۆیان بردۆتەوە و شێخیان لە جێی خوا داناوە.!!ئێستاش زۆر کەسی واهەیە، کە بۆ ڕواڵەتسازی و کارسازی خۆی هات و چۆی شێخیک دەکا ئەگەرچی باوەڕیشی پیی نییە. تەنا زۆر جاری واش هەبووە، کە مەلا وبیجگە لە مەلاش بە خودی خومیان گوتووە: تو بو نازانی نانی خوت بخوی کورە چت لە شیخان داوە ؟! ئەگەر هاوکاریشیان ناکەی نەیاریشیان مەبە. وات بە قازانجە کورە هەرخویان دەگەڵ ڕیک رەخە.

بێگومان لە وەها حاڵەتێکدا مەردێکی دلێر و ئازا و قارەمانی لە خۆ بوردووی دەوێ کە بتوانێ دەست لە سنگی خۆی بدا و بێتە مەیدانی خەبات و تێکۆشانەوەو خۆی بکاتە پێشمەرگەی هەمووان و بەهێزی بیرو باوەڕو زانیاری زۆری خۆی لەو شەوەزەنگی نەزانی و ناتێگەیشتوو ییدا جۆگەتێ بۆ خەڵک بشکێنێ و ڕێگەیان بۆ پانتاو بکات تا هەموو بتوانن پێیدا بڕۆن و لەو زەڵکاوی سەرشێواوی رزگارییان بێ و بێنەوە دەرێ.

بەڵێ ئا لەو ژیوارە تووش و دژوار و سەختە ولەم حاڵە تاڵ و ناهەموارەدا کە هیچ کەس هەر نەیدەوێرا تەنانەت بەرەو ڕووی ئەم دامودەزگایە بشکوخێ تاقە مەلایەکی کوردی خوا پەرست و زۆر بەهەست هاتە مەیدانی خەباتی خواییەوە و بە هێزی بیر وباوەڕی

پتەوی پۆڵایینی خۆی و زانیاری زۆری دەستی کرد بە خەبات و تێکۆشان و جۆگەتێ بۆ گش لایەک شکاند و ڕێگەی بۆ هەمووان پانتاو کرد خیرەتی بۆ هەموان شکاند و پێی گوتن وەرن بە دوامدا مەترسن من وام لێرە وەرن با وڵاتمان خاوێن کەینەوە وەرن وەرن... وەرن بۆ خاوێنکاری وڵات لە خەیانەتکاران. وەرن خوامان لەگەڵە با دڕک و داڵی شێخ و خەلیفە و دەروێش ریشەکێش کەین.جا ئەو کەسە جگە لە مەلای گەورەی کۆیی کەسێکی دیکە نەبوو. بەڵێ مەلای گەورە بوو کە هاتە مەیدانی خەباتی خوایی و قۆڵی خیرەت و پیاوەتی هەڵماڵی و شێرانە گوڕاند و بانگی ئیسلامی بەرز کردەوە و هاواری گەلی کوردی لە نهێنی هێنایە دەرو هەموو خەولێکەوتووەکانی لە خەوی بێئاگایی ڕاپەڕاند و تێیگەیاندن کە ئەو ڕێیەی گرتوویانە ڕێگەی وان نییە و لێیان گۆڕیون و ئێستا ئەوان بە ڕێی گۆڕاودا دەڕۆن و دەڵێ با بدەنەوە سەر ڕێبازی ڕاستیی ئیسلام کە ڕێگەی قورئانی پیرۆزە.

جا ئەو جار هێنای بە بۆمبا بەتەوژمەکانی هۆنراوە پڕ واتاکانی خۆی ئەوەندەی ئەو تەریقەت و مەریقەت و داموو دەسگای شێخایەتی و بازاڕی پیر و مریدییەی بۆمباران کردن و دانیە بەر دەستڕێژی چەکی هۆنراوە ئاگرینەکانی خۆی کە لانی کەم هێنانیە حاڵەتی نیوە گیانی. مەلای گەورە وەک باوکێکی گەورە کە دەبینێ منداڵەکەی گەورەترین ستەمی لێ دەکرێ هەڵدەکوتێتە سەر کابرای ستەمکەر هیچ جۆرە بەزەییەکی پێیدا نایەت و هەرچی بۆی بکرێ لەگەڵی دەکاو هەڵمەتی پاڵەوانانەی خۆی بردە سەر ستەمگەران لە ئیسلام و لە گەلی کورد و بەزەیی پێیاندا نەهات و روحمی پێ نەکردن و لێی دان و لێی دان تا بە جارێک لاوازی کردن.

جا ئەمجا لەوێڕاو بەدوای ویدا دەیان و سەدن و هەزاران مەلا و زاناو هۆنەری دیکەش خیرەتیان شکاو ترسیان نەما وەخۆ کەوتن و

بە دزی و بە ئاشکرایی ئەو بنکەی بێگانە پەرستییانەیان بە سەختی دایە بەر دەستڕێژی ئاوری چەکی هۆنراوە و نووسراوە و بە قسە و بە هۆنراوە و بەسراە لە دژی ئەو دامودەزگایە دەستیان کرد بە راگەیاندن.

راستی مامۆستای گەورە شۆڕشێکی وەهای کرد کە تا ئێستاش لە جیهاندا نەکراوە و لە توانای هەموو کەسێکیشدا هەر نەبووە. بەڵام لەمەولا زۆربەی هەرە زۆری نووسەران و هۆنەران وەخۆ کەوتن و هاتنە مەیدانی خەبات و تێکۆشان و رەگەڵ شۆڕشی مەلای گەورە کەوتن و دەستیان کرد بە بەربەرەکانی ئەو دامودەزگایە و رامالینی خورافات و پڕوپووچ پەرستی و ئاوری شۆڕشیان خۆشتر و خۆشتر کرد و ئیتر ئێستاش کاروانی شۆڕش نەپساوەتەوە و هەر لە ئاژوێندایە.

زۆر کەسی ترسەنۆکی واش رەنگە هەبووبن کە زۆریان ئارەزوو لەو خەبات و تێکۆشانە هەبووبێ بەڵام خیرەتی ئەوەیان نەبووە کە راستەوخۆ بێنە مەیدان و وەک مەلای گەورە دەنگی دلێرانەی خۆیان دەرببڕن. جا هاتن وەک چاو لێکەرانی خوا لێخۆشبوو عومەری خەییام هۆنراوە و نووسراوەکانی خۆیان بە نێوی مامۆستاوە بڵاو کردبێتەوە! کە بە ڕای من ئەوانەش هەر هی مامۆستای گەورەن.

هەر لەو کاتەدا گەلێکی رووناکبیر و ئازا و دلێری واش هەبوون کە بە پەیڕەوی و چاو لێکردنی مامۆستا و نەریت دەرهێنان لەو نەترسە راستەوخۆ هەڵمەتیان بردۆتە سەر ئەو خورافات و پڕوپوچ پەرستییانە کەوا زۆر لە دوایە لە ئیسلام زیاد کراون. چونکە تازە ترسیان نەمابوو خیرەتیان بە یەکجاری شکابوو. ئاخر ئەگەر جۆگەت شکێنرا منداڵیش هەر دەتوانن پێیدا بڕۆن.

ئەوەتا دەبینین کە لەم دواییانەدا هۆنەری چاو نەترساوی کورد مامۆستا مەلا مارفی کۆکەیی لە ناوەندی هێز و مەڵبەندی

تـــاپۆکراوی دوو شـــێخی زۆر بەهێـــز و مریـــد زۆری ناوچەکـــانی مەهابادو بۆکان کاتێک کە لێی دەپرسن:ئەرێ ماموستا لە بورهان و زەمبیل کامیان چاکترە و مریدی کێهەیـان بین و هـاتوچۆی کامیـان بکەین؟ بێترس و پەروا وڵامیان دەداتەوە و دەفەرموێ:

برهـــان برهـــان، بـــر ســـر زمبیـــل بـــزن بیـــل
هـــر دو انبـــان دروغنـــد چە برهـــان و چە زمبیـــل

بەڵێ ماموستا کۆیی بێترسو خـۆف هەڵـدەکوتێتە سـەر هەر دوو بنکەی بەهێزی هەردووک تەریقەتی قـادری ونەقشی و هەردووکیـان بە ئاشکرا بە هەمبانەی درۆ لە پێنـووس دەدات و دەڵـێ بـابە تـۆ چ دەڵێی؟ نە بورهان چاکە و نە زەمبیل، واتا نە نەقشی و نە قادری و هەر لە ماکـا تەریـقەت چـاک نییە و بنـاغەی لەسـەر درۆ دانـراوە کەوایە دەبێ دووری لێ بکەی.

جـا ئەوەش بـێگومـان هەر لە ژێـر رۆشـنـایی ئەو چـرایەدایە کە ماموستای گەورە هەڵیئاساندووە و شۆقی وە هەر چواری لای خۆی داوە و ئیتـر بەڕاسـتی ئـاوری شۆڕشـێکی کە ماموسـتای گەورە هەڵیکـردووە هەر وا بە ئاسـانی نـاکوژێتەوە و تـا سـەرکەوتنی یەکجاری ئەو شۆڕشە و تا رووناک کردنی هەمـوو دنیـا بەتـایبەتی جیهـانی ئیـسلام بە شـۆقی ئەو روونـاک نەبێـتەوە ئەو مەشـخەڵە بڵێسەی بەرز و بەرزتر دەبێ و هەرکەس لەبەر خۆی سووتەمەنی و دەستەچیلەی بۆ دێنـێ و تـازەش ئیتـر هەرکەس خیرەتـی شکاوە و هیچ رووناکبیرێک دووری لێ ناکا و هەر نەبێ فوویەکی لێ دەکـا و کەمێکی خۆشتر دەکا. سەرەنجام مەشخەڵی ئاوری شۆڕشـی مەزنـی مەلای گەورە لە ناوەندی کوردستانەوە بە هەموو جیهانی ئیـسلامدا بڵاو ئەبێتەوە.

ئەوەتا دەبینین کە لە ساڵەکانی ١٣١٤–١٣١٥ مەشخەڵی بەرز و بڵیندی بڵێسەی لە هەرێمی موکریان کە مەڵبەندی هێزی دوو نوێنەری زۆر بەهێزی دوو تەریقەتی قادری و نەقشبەندی بوو بەڕێز مامۆستا مەلا مارفی کۆکەیی مەلای نەترس و بەخیرەتی کورد بە پەیڕەوی لە مامۆستای گەورە، شێخ و خەلیفە و تەواوی دام و دەزگاکانی شێخایەتی دەداتە بەر توانج و پلار و هەروەها ڕێکوڕاست بە خەڵک دەڵێ هەموو شتێکی شێخ درۆ و دەلەسە و فێڵ و فووتە و جگە لە نەزان و نەخوێندەوار و بێئاگایان هیچ کەس فریوی ئەوانە ناخوات و دەڵێ ریش و پرچ و سەرومێزەری شێخ لانەی شەیتانە و مرگی نەفرینی لەو حەشارگەیەدا خۆی حەشار داوە هەروەها کە دەڵێ:

تەماعم بوو بکەم مەتحی خەلیفەی شاهی زەنبیلی
کە تێفکریم لە قووەت خاریجە تەشریح و تەفسیلی
سوئالم کرد لە ئوستادی تەبیعەت، بۆچی بێدەنگی؟
گوتی چ بکەم؛ تەخەییول ناکرێ تەسویر و تەشکیلی
فەقەت بیستوومە زۆر ئەهلی گوزەشتو عەفو و ئیغمازە
بە شەرتێ لێم نەڕەنجێ حازرم بۆ خەتم و تەکمیلی
لە باب و فەسڵی تەزویر و ریا هێند چوست و چالاکە
هەموو کەس خۆ دەپارێزێ لە مەکر و کەید و تەزلیلی
وەکوو جەردەی موسەللەح دەچتە سەر رێگەی موسڵمانان
بە ئیمان ئیکتیفا ناکا و دەکا نەزعی سەراویلی
هەموو رۆژێ لە مەکتەبخانەیی تەدریس و تەدلیسی
دەنووسن سەد جەوازی نومرە یەک، روتبەی عەزازیلی
بە ریش و سوورەت و عەممامە و شکڵ و هەیولائی
بە لەحنی نازک و قەولی ئەکازیب و ئەباتیلی

فریـــوی جـــاهیلی وەحـــشی دەدا، بێچـــارە نـــازانێ
مەقـام و مەنزڵـی ئیبلیـسە، ریـش و پـێچ و مەنـدیلی
أیـــا مـــن قُلـــتَ أنَّ الـــشِّعرَ عـــصیانٌ و نُقـــصانُ
لَکُـــم إحـــسانُکُم یـــا لائِمـــي، نَقـــصي و ذَنـــبي لِـــي

مانـای هـۆنراوە عەرەبییەکە ئەوەیە کە دەڵـێ: ئەرێ هـۆی ئەو کەسـەی کە لـۆمەم دەکەی و پێـت وایە هـۆنراوە گونـاح و تـاوان و نـاتەواوییە، بـۆ خۆتـان چـاکەی خۆتـان هـۆی لـۆمەکەرانی مـن و منـیش بـۆ خـۆم نـاتەواوی و گونـاحی خـۆم. چـونکە بەڕاستی ئەو هۆنراوانەی من نەک هەر ناتەواوی و گوناحیان تێدا نییە و بەس، بەڵکە وەک شمشێری یارانی پێغەمبەرﷺ کە لە پێناوی پەرە پێدانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام وەکار خـراون.هەروەهـا ئەمجـار راستەوخۆ هەڵـدەکوتێتە سـەر شـێخ و دوای هێنـدێک پێهەڵـدانی پـێچەوانە و توێدار پێی دەڵێ تـۆ پیـاوێکی زۆر بـێشـەرم و بـێئـابڕووی چـونکە لەگەڵ ئەوەشا کە ئەو هەموو هەڵمەت و گوشار و گورگەڕاوە کە بۆ تۆ کرا و چەپڵەیـان لـێ تەقانـدی مەیـدانت چـۆڵ نەکـردووە و وەک شێری لە مەیدانا چەقی و تۆ پیاوێکی وای هەموو شتێک بە مفتـی و بێحەق و کرێ دێتە بەر دەستت و مریـدە کەرەکانـت بـۆت دێـنن و تۆش هەرچی ئیشتیات لێ بـێ دەیخـۆی و هەرچـی پێـت خـۆش بـێ دەبەری دەکەی لە دوایەدا پێی دەڵێ ئەوا کـردم هەمـوو خووخـدەی تـۆ چـاک بـوو، بەڵام یـا شـێخ کە نەدەبوو وا بـی کەچـی نەزان و ئەحمەقی . کە بەو شێوە دفەرمێ:

ئەی جەنـابی شـێخ! دەزانـم تـو خەڵـیفەی بەرحەقـی
وەک دەڵـێن شەخـسێکی سـاحیب ئیحتـڕام و رەونەقـی
دەنگـی زیکـر و خەتـم و تەهلیلـت فەزای پـڕ کـردووە

زەلــزەلەی خــستۆتە خەیــمەی بێــستوونی ئەزرەقــی
ئـافەرین! سـەد ئـافەرین بـۆ غیـرەت و بـۆ هیممەتـت
تۆ کە مەحسووری لە چوار لاوە کە چەپڵەت لێ‌تەقی
با وجوودی ئەم هەمـوو حەمـلە و فـشار و گـورگەڕاو
مەرکەزت خـاڵی نەکرد، وەک شێر لە مەیدانێ چەقی
بـا لە بەینـی خـۆم و خۆتـدا پێت بڵـێم عـیللەت چ بوو
بەخـت و ئیقباڵـت سـەعیدە گەرچـی بـۆ خۆشـت شـەقی
مەوقیعــی ســوڵح و ســەفایە بــا شــتێکت پــێ بڵــێم
نابێ عـاجز بی لە هەق، گەر تـۆ لەسـەر ڕێگەی هەقـی
گەرچی دەوڵەتمەند و ساحیب پووڵ و پارە و سەروەتی
مـالیکی گـامێش و مـێش و گـوێ‌درێـژ و گـوێ‌لەقــی
هەر لە وشـتر تـا دەگـاتە کـاوڕ و گیــسک و فـرووج
دێـتە بەردەسـتت هەمـوو ڕۆژێ بە مفـتە و بـێ‌هەقــی
تَأکُــــلُ مِمَّـــــا تَــــشتَهِی، تَلْــــبِسُ مِمَّــــا تَــــشَاء
مِــــــن حَرِیــــــرِ نــــــاعِمٍ اَوْ سُــــــندُسٍ وَ اسْــــــتَبْرَقِ
گەرچی فەرزەن جوملە ئەخلاقت هەمـوو چا بێ وەلـی
دوور لە تـۆ، یـا شێخ! کەمێ نـادان و نەختـێ ئەحمەقـی
تـۆ وەکـوو مێـوی لەگەڵ ئەشخاسی بێ‌شـەرم و ئەدەب
بـۆ ئەدیبێکـی وەکـوو مـن بـۆچی وا سـەخت و ڕەقـی
بـۆ دەبـێ تـۆ بـۆم بنێـری یەک عەبـای کـۆنی ڕزیـو
تـا منـیش مەجبـوور بـبم عەرزت بـکەم تـۆ لەقڵەقـی
خزمەتــی ئەشخاســی شــاعیر لازمە، عەقڵــت بیــێ
اِنَّهُــــمْ کَالــــسُّمِّ قَتَّــــالٌ لِمَــــن لا یَتَّقِــــی

بەڵێ کاکی کۆیی لەو پارچە هەڵبەستەدا بە ئاشکرا هەڵدەکوتێتە سەر شێخ و خەلیفە و دەڵێ وەکوو جەردە و ڕێگری چەکدار ڕێ لە

موسڵمانان دەگرێ و بە تالآن کردنی بیر و باوەڕ (ایمان) وازیان لێ ناهێنێ و تەنانەت تەما لە ناموسیشیان دەکا و دەرپێشیان لە پێ دادەکەنێ!

جا هەر بۆیە لە پارچە هەڵبەستێکی دیکەدا دەڵێ نابێ بە هیچ جۆرێک خەلیفەت پێ هەژار بێ و بەزەییت پێیدا بێ چونکە بەڕاستی ئەو هەموو شتێکی هەیە جگە لەراستی و دروستی و چاکی و پاکی و نوێژ و ڕۆژوو.

واتــا ئەو هەر خــوا پەرســت نیــیە و ئەوەی کە موســڵمانێکی راستەقینە دەبێ هەیبێ نییەتی، دەنا ماشەڵڵا لە بێدینیدا زۆر دەوڵەمەندە و هەر لە خودا دوور و لە چاکە بەرییە جا هەر بۆیە نابێ بە هیچ جۆرێک بەزەت پێیدا بێ وەک دەفەرموێ:

مەڵــێ خـــەلیفە فەقـــیرە دەڵــێن بـیحـــەمدیللا
هەموو شتێکی هەیە، غەیری سیدق و سەوم و سەلات

هەروەهــا بەڕێــز و پــایەبەرز مامۆســتا رەمـزی مەلاو هـۆنەری دڵسووتاوی کـورد هەر لەو هەرێمـی مەهابـاد و بۆکـانە لە پـارچە هەڵبەسـتێکی زۆر جـوان و تەڕ و پـاراودا وێـڕای دادگـایی کردنـی خەڵکی فریو دراوی کورد دڵسۆزییان بۆ دەنـوێنێ و ئامۆژگارییـان دەکا و بە داخ و کەسەرەوە پێیـان دەڵـێ کە ئەمڕۆ ئـایینی پیرۆزی ئیسلام زۆر بێهێز و چیلازە و یەکیەتی و برایەتی لە نێوان خەڵکـی موسڵماندا هەر نەمـاوە و .... هـۆی هەمـووی ئەوانەش هەر تەنیـا شێخ و خەلیفە و بازاڕی شێخ و تەریقەتە و بەس!!

لە حاڵ و ژیواری ئەم دامودەزگایە و فێر کـردن و بارهێنانەکـانی وان کە هەر کە مرید و نۆکەری وان یـا یەکێک لە شێخەکانی دیکە نەبـێ بە چـاوێکی زۆر کەمـی دەڕوانینـێ و لایـان وایە کە تەنـانەت

لە... یــش خەراپتــرە. مریــدەکانیش ئەوی بە بێگــانە دەزانــن و هەرکەسێکیش کە بە بێگانەی بزانن ئەگەر بتوانن و بوێرن هەر خێرا دەشــیکووژن. یــا لانــی کەم رێــگەی هەمــوو جــۆرە پێــشکەوتن و سەرکەوتنێکی لێ دەگرن.

ئەمجا زۆر رێکوڕاست و بێتوێڵک بە مریدەکان دەفەرموێ ئــاخر ئێوە ئەی ماڵوێرانینە جگە لە دژمنایەتی و دووبەرەکایەتی و رق و قینــی موســڵمانان و خەرافــات و پڕوپــووچ پەرەســتی چیــدیکە لەو شێخانە فێر بوون؟ لەوەتا بوونەتە مریدی وان بە یەکجاری رێبازی دینتان لێ تێک چووە؟ ئەنکۆ بــۆچی پێتــان وایە کە شــێخ وەکیــل و نــوێنەری خــوایە و رۆزی و گیــانی گیــانلەبەرانیش هەر بە دەســت وییە؟

پاشان بە بەڵگەی لۆجیک (منطق)ی پێیان دەڵێ ئەگەر راستە ئەو شــێخانە زانیــاری نهێنــی (علــم غیــب)یــان هەیە و خــاوەنی کــشف و کەراماتن بۆچی ناچن لەو هەموو خەزێنــانە ژێر زەوی یەکێکــی بــۆ خۆیان دەرهێنن و بە یەکجاری پێی پێ بگەن و لەو چاو لەدەستی و سواڵکەری و تالانکەری و راو و رووت و چاو بەستنەی کە دەیــکەن رزگارییــان بــێ؟ خــۆ ئەگەر وا بــکەن لەو هەمــوو حەرام خــواردنەش رزگار دەبن.

ئەمجــا ئەو بەڕێــزە دێــتە ســەر ئەوە کە دەفەرمــوێ: شــێخە چاوبەستەکان بو فریو دانی خەڵک هەر خۆیان وتەیەکیان بە زمانی پێغەمــبەرەوە هەڵبەســتووە و بە درۆ دەڵــێن ئەو خۆشەویــستە فەرمــوویەتی (مــن لا شــیخ لە فــشیخە شیطان) پەنــا بە خــودا لەو بوختــانە؟ چ بوختــانێکی گەورەیە؟! کە دەڵــێن هەر کەس شــێخێکی نەبــێ، شــێخی وی مــرگ (شــیطان)ە. جــا منــیش ئەو درۆ زلەم بە زمانی خۆمەوە نەک بە زمانی پێغەمــبەرەوە ئــاوا راست کــردۆتەوە

(من کان لە شیخ فشیخە شیطان) (ای کالشیطان فی المکر و الحیل)
بەڵێ رەمزی دەڵێ بەڕاستی ئەو درۆ و بوختان و چاو و راوە بۆ فریو دانی خەڵک دروست کراوە. دەنا ئاخر یارانی پێغەمبەر و پەیڕەوانی وان کوا مریدی کێ بوون؟ و شێخی وان کێیە؟
یان دەڵێن (من اعتقد حجرا فقد نفعە) هەرکەس باوەڕی بە بەردیکێش هەبێ قازانجی پێدەگەیەنێ.

جا ڕێزدار رەمزی راز زان دەفەرموێ ئەگەر خوا نەخواستە ئەو قسە راستە دەبێ بوتپەرەستەکان بیر و باوەڕیان لە هەموو کەس راستتر بێ و لە دیندا دەبێ لە هەموو کەس لە پێشتر بن چونکە ئەوان خۆ یەکجار زۆریان باوەڕ بەو دار و بەرد هەیە!!

پاشان پەلامارێکی زۆر ژیرانە دەباتە سەر بیر و باوەڕی نەزانانەی موسڵمانە سادە و ساویلکە فریودراوەکان کە دەڵێن تۆبە هەر دەبێ لە سەر دەستی شێخ بێ و بە بێ شێخ تۆبە قەبووڵ نابێ!!
جا ئەویش لە وڵامیانا ئەفەرمێ: پێغەمبەری خوا رۆژێ حەفتا جار لە خزمەت خوادا تۆبەی دەکرد و دەپاڕایەوە. چونکە تۆبە هەر لە بەینی خوا و بەندەی خوادایە و بەس، بۆ تۆبە شێخیش هەر وەکوو بەندەکانی دیکە وایە و هیچ جیاوازییەکیان نییە و خۆ هەر لە بنیڕا پیر و مرید و شێخ بازاڕی بۆیە پەیدا کردنی ماڵ و پڕ کردنی تێر و جەواڵە! دەنا نە شێخ زانیاری راستەقینەی هەیە و نە مریدەکانیش ڕێگا و تەریقەتیان دیوەتەوە. چونکە خۆ لە ئیسلاما شتێک بە نێوی تەریقەت هەر نییە.
ئەوجار بە راشکاوی دەفەرموێ: بۆ بەدبەختی و لە بەر ناکۆکی و دژایەتی ئەوانە ئێمەش هەموومان یەکترمان لەبەرچاوان کەوتووە، جا ئاخر هەتا کەنگێ ئاوا بین؟ برایانی خۆشەویست مەسڵەحەت

وایە با بدەینەوە سەر ڕێبازی شەریعەت و ڕوو لە خوا بکەین، تەریقەت و مەریقەت و شێخ و مێخ هەمووی هەر هەوایە و نرخێکی نییە. بەڵکە بە ڕوحم و بەزەی خوای گەورە ئەو هەموو ڕق و قین و ناخۆشەویستی و دژایەتییەمان لە دڵ بچێتە دەرێ و برایەتی و خۆشەویستی پێشوومان بۆ تازە ببێتەوەو تۆوی پیسی مریدایەتی و نۆکەریمان لەنێو نەمێنێ. ئیتر بەسە و شێخ مەکەنە لات و مەنات و بوت و سەنەم. جگە لە خوای گەورە سەری بەندەکی بۆ کەس نەوی مەکەن.

جا ئەوەش گوڵبژێرێک لە هۆنراوە درێژ و پڕ واتا و دەردە دڵەکەی "ڕەمزی" کە هەمووی هەر ڕاز و ڕێنوێنی و ڕەمزی سەرکەوتن و خۆشبەختی و کامەرانی و ئامۆژگاری دڵسۆزانەیە بۆ موسڵمانان:

هاواری ئیسلام

براییانی دین میللەتی ئیسلام
تابیعی شەرعی شای خەیرول ئەنام
عەرزێکم هەیە ئەم بەندەی فەقیر
خاڵی لە غەرەز، بێ بوغز و تەقسیر
بە فەرموودەی حەق ئایەتی قورئان
موسڵمان هەموو پێکەوە بران
ئیمڕۆ ئەبینم برایانی من
فیرقە فیرقە بوون لێک بوون بە دژمن
بێ ئیتتیحادن، بێ ئیتتیفاقن
نیسبەت بە یەکتر ئەهلی نیفاقن

دینی ئیسلامی ئەوڕۆ زەعیفە
باعیسی چییە؟ شێخ و خەلیفە
هەرکەس ئەیبینن غەیرە موریدە
لەبەرچاوانیان هەر وەک یەزیدە
موریدیش کەسێک بە غە یر بزانن
فەوری ئەیکووژن، ئەگەر بتوانن
پێی وایە بەهەشت بە دەس شێخانە
مایەی ویش کاوڕ و گیسک و بەرانە
غەیری عەداوەت بوغزی موسڵمان
ئێوە چ فێر بوون لە خزمەت شێخان
یا شێخ نایب و وەکیلی خوایە
رزق و رۆزی و رۆح، لە دەس وی دایە
چی موسڵمان و ئەهلی تاعەتە
بە ئەمری خودا جێگەی جەننەتە
ماڵوێرانیش بووین هێندەی برینج و رۆن
بۆ شێخان بەرین، بە مفتی بیخۆن
ئەگەر لە عیلمی غەیبین باخەبەر
خەزێنەی قەدیم بۆ ناهێننە دەر؟
ئەوە بوختانە و خەڵک فریو دانە
چی شێخی نەبی شێخی شەیتانە
ئەسحابی رەسووڵ، یا خۆ تابیعین
مریدی کێ بوون برایانی دین؟
دەڵێن ئاقیدە بە بەرد کافییە
قسێکی درۆیە و هەرگیز وا نییە
گەر ئەوە راستە خودای نەخواستە

چــی بــوت پەرەســتە ئاقیــدەی راســتە
ئاقیـــــدەی عەوام ئەزانـــــن چیـــــیە؟
پێــــی وایە تــــۆبە لە لای شــــێخییە
پێغەمـــبەر ئەیکـــرد رۆژی حەفتـــا جـــار
لە خـــزمەت خـــودا تـــۆبە و ئیـــستیغفار
تـــۆبە لە بەینـــی عەبـــد و خـــودایە
بـــۆ تـــۆبە شـــێخیش وەک عەبـــد وایە
هەم پیـــر هەم مریـــد مەقـــسوودیان مـــاڵە
مەقـــسوود پـــڕ بـــوونی تێـــڕ و جەواڵە
نە شـــێخ شـــک ئەبـــا عیلمـــی حەقـــیقەت
نە مریـــد دیـــویە ڕێگـــای تەریـــقەت
لەبەر نـــاکۆکی شـــێخان و مریـــد
لەبەر چـــاوی یەک گـــش بـــووینە یەزیـــد
مەســـــڵەحەت وایە بـــــرای تەریـــــقەت
بـــا بـــدەیتەوە بـــۆ لای شـــەریعەت
بەڵکـــوو بە روحمـــی خـــودا و پێغەمـــبەر
بـــوغز و غەرەزمـــان لە دڵ بچـــتە دەر
تـــازە بێـــتەوە حـــوببی قەدیمـــان
تـــۆوی مریـــدی نەیەتە نێومـــان
ئیتـــر شـــێخ مەکەن بە لات و مەنـــات
هەر بیپەرســـتن تـــا مـــاوە حەیـــات
هـــاواری ئیـــسلام بـــۆ ئەوەی مـــاوە
ئـــاڵقەی غـــوڵامی لە گـــوێ نەکـــراوە
کەســـێک کە دارای عیلمـــی غەیبیـــیە
موحتـــاجی مـــاڵی فەقیـــران نیـــیە

بەســـە ئەی رەمـــزی جاهیـــل چـــا نـــابێ
مەلاش بەعزێکیـــان ماڵیـــان خەرا بـــێ
ئەوان راوەســـــــتان بە دەســــــتەو نەزەر
جـــاهیلیش کەوتـــنە ســـوجدە سەراســـەر

سوپاس لەسەر تەواو کردن

سوپاس بۆ تۆ ئەی خودایە ؛ پڕاوپڕی ئەو دنیایە
ستایشیش لەگەڵدایە؛ پەسنی زۆریش بە دوودایە
بێپایان و بڕانەوە بێ ؛ بۆ دڵ هۆی بووژانەوە بێ
هۆی هێز گرتن و ژیانەوە بێ ؛ مایەی سەرهەڵدانەوە بێ
لە ناخی دڵی پڕ کوڵەوە لە قزگەی مێشک و دڵەوە
بە بۆوبەرامەی گوڵەوە وەک چنووریّ بە چڵەوە
بۆ تۆ یەزدانی پاک و تاک خودای زارۆک و باب و داک
لە چاکیدا چاکتر لە چاک ؛ لە گش نەنگێکی دوور و پاک
تەنیا و بێهاوتا و دڵۆوان ؛یەزدانی مەزن و میهرەبان
خودای ئێمە و ئێوە و ئەوان ؛ بوویتەری بوونەوەران
زانا و دانا و توانا و بەهێز ؛ زۆر گەورە و لێزان و بەڕێز
بۆ گش بۆنێک هەوێن و پێز ؛ بۆ هەموو کارێک ئەوە تێز
ڕۆزیدەری زیندەوەران ؛ سازێنەری بوویتەران
ژینەری گش ژیناوەران ؛ ماکی خونچە و گوڵ و بەران
خودای هۆشیار و مەستانی ؛خۆشەویستی بەهەستانی
ڕێکوپێک خەری خوستانی ؛خوای بە دەست و بێدەستانی
زیندووکەرەوەی مردووگەل ؛هێنەری گش دەرفەت و هەل
بەخێوکەری ئیفلیج و شەل ؛ بەخشەری هێزی فڕینی مەل
ئەی بەخشەری تیرێژ بە خۆر ؛ پێلدەر بەدە ریای شین وبۆر

ئەی وەدیهێنــی کەم و زۆر ؛ بینــایی چــاوی ســاخ و کــۆر
هـۆی پارێزەری نووسـەران ؛ بەخـشەری هەسـتی هـۆنەران
تۆی بەخشەری بەبەخشەران ؛ سـەرداری گەورەوسـەروەران
پێکهێـنەری گەل و هـۆزان ؛ هـۆزان و لێـزان و چـازان
ئاگـادار لە هەمـوو نیـازان ؛تـۆی پێـزان و بە هەمـوو رازان
دانەری یاســا و رێــسایان ؛ تــۆی زانــاکەری زانایــان
زانایــان هەر وایە لایــان ؛ پەســن هەر بـۆ تـۆیە شـایان
هـۆ یەزدانە مەزنەکەم هـۆو ؛ بە تـۆ ئـاخر بـێچکە لە تـۆو
وزەت کەس نییە ئاخر خۆ و ؛ چەقر و زەدەر بە دەنگی تۆو
ئەی روێـنەری گـوڵی ئەویــن ؛ رەنگێـنەری رووی زەمــین
گش ئەوانەی بەرز و نەوین ؛ دەڵێن هەموو کار هەر بەوین
خودای بێوێنە و بێهاوتای ؛ خودای ئێرە و خودای ئەولای
وەدیهێنەری گش تەوای(شت) ؛ خـودایەکی تاق و تەنیای
خـاوەن هێـز و وزەی زۆری ؛ پڕشـنگ‌هـاوێژتر لە خـۆری
هەر تـۆ گەنجـی سـەربەمۆری ؛ پـارێزەری شـەل و کـۆری
ئاگا و ئامادە و لە هەر جێ ؛چی ویستت دەیکەی جێبەجێ
بێتێرامـان و هەر لەجێ ؛هەمـوو شتێک بە تـۆ دێتە جـێ
بیــسەر و بیــنەر و وریـا ؛ لە دونـدی چیـا و بنـی دەریـا
لە ئاسمانانیش چـی کریـا ؛ گـشتی نەخـشی تـۆی لـێ دریـا
ئاگـاداری هەر کـۆمەڵێ ؛ چـی مانـگ و رۆژی لـێ هەڵـێ
بــۆ هەر فەرمانکێــت دەڵــێ ؛ یەزدانەکەم بەڵــێ بەڵــێ
هەرچی بووە و هەیە و دەبێ ؛ هەرچی جۆرێک بوونی هەبێ
مەگەر هیچ ئاوەز (عقل)ی نەبێ ؛ دەنا دەڵێ هەر وا دەبێ
تەنیــا ئەوە پەروەردگــار؛ پەروەردگــاری جــانەوار

ئەو جـانەوەری بـێژومـار ؛ لە نـاو دەریـا و لە لێـڕەوار
گـش بـوونەوەری دوا بـڕاو ؛ یـا دوانەبـڕاو و هەروا مـاو
پیـر و منـاڵ، جحێـڵ و لاو ؛ پەروەردەی دەسـتی ویـن تەواو
بە گش گیانـدار و بێ‌گیان ؛ بە بوون بە نەبوون بە جیهان
بە گـش کـورات و کاکێـشان ؛ ئاگـادار هەر ئەتـۆی یەزدان
هەرچـی دەبـێ و رابـردووە ؛ هەرچـی زینـدووە و مـردووە
هەرچی هەرچییەکی کـردووە ؛ بە ئاوی تـو خـۆی شردووە
ئەو دنیـایەی وا گەورەیە ؛ بەم خـول و سـوڕ و دەورەیە
بەو هەمـوو نـازە گەورەیە ؛ میلیاردهـای وای لە دەورەیە
کە بێ لە خـۆت کەس نـازانی ؛ لە کـوێ‌ڕا هـاتووە بنـاوانی
پەروەردەی خۆتە بە جوانی ؛ هەر خۆت خـودای میهرەبانی
کـێ پـسپۆڕ و ژیـرە و زانـا ؛ دەڵـێ بە گـش هێـز و توانـا
بـێجگە لە تـۆ خـودای دانـا ؛ کـێ جیهـانی ئـاوا دانـا؟!
کـێ دەزانـێ کە بـوون چییە ؛ ئاسـمانی سـەرەوخوون چیـیە
زەمـین لە نـاو دەروون جیـیە یـا مـاکی ئـاوی روون چیـیە
کێ دەزانێ لە کوێوە هات ؛ یا مەرگ بەرەو کوێی دەبات
یـا تـاوێکی تـر چـی دەکـات ؛ تەمبێ دەکـرێ یـانە خەڵات
کـێ دەزانـێ ئەو دنیـایە ؛چەنـدەی دیـکەی بە دوادایە
چەنـدی چووە و چەنـدی مایە ؛ بێجگە لە تۆ ئەی خودایە
کێ دەزانێ کە کێی ئەتـو ؛ چەنـدی و چۆنی و لە چی ئەتۆ
چۆن بووی و چۆن دەبی ئەتـۆ ؛ دەبێ چ بی و نەبی بە تـۆ
کـێ دەزانـێ کە تـۆ چـۆنی ؛ خاوەن تـام یا رەنـگ و بـۆنی
بـێجگە لەوەی بڵێـی کـۆنی ؛ بە خـوا هەرچـی بڵـێن تـۆ نـی
جـا هەر بـۆیە لە نـاخی دڵ ؛ لە دەروونێکـی پـڕ لە کـوڵ

هەڵـدەخوێنم وەکـو بولبـوڵ بولبـولی بـراو لە سـوورە گـوڵ
دەڵـــێم خـــودای خـــاون هەســـتانێ ؛ خـــودای
خـــــۆموخەڵـــــکوخوســـــتان(کائنـــــات)
ئـاودێری دێـم و باغـستان ؛ خـودان‌کەری دەستەوسـتان
دەیـدرکێنم بە دڵ و گیـان ؛ پێـی لـێ دەنـێم بە پـێ لێنـان
دەڵـێم یەزدانـی دڵـۆوان ؛ بەخـشەر و پـوگ و میهرەبـان
بە هـیچ لەونێکـی نـاتوانم ؛ نە بە دسـت و نە بەزمـانم
نە پێنـــووس و وەجەکـــانم ؛ نە بەو دڵەی پەرێـــشانم
بـکەم پەسـن و سوپاسـی تـۆ ؛ پـێم تەواو نـابێ باسـی تـۆ
دڵخۆشـم کە دەمناسـی تـۆ ؛ کە خـوا خـوایەکی خاسـی تـۆ
بۆ ئەو ڕێزەی لە منت ناوە ؛ بۆو یارمەتییەی بەمنـت داوە
هەتـا بنـێم ئەو هەنگـاوە ؛ جـا تـا گیـانم لەبەر مـاوە
قەت پەسـنی تـو تەواو نـاکەم ؛ ئـاوڕ وە نـارەوا نـادەم
ئـابڕووی خۆمـت لە لا نـابەم ؛ لە خۆمـت تەوەلـلا نـاکەم
ئـاخر بـێ‌یـارمتی تـۆیی ؛ کـوڵی دڵـی مەلای کـۆیی
بـۆ مـاوەی چەن سـاڵی ڕۆیـی ؛ کە نووسیم بە لەسـەرخۆیی
چلـۆن دەکـرا بە منـی چـیلاز ؛ مـنێـکی بـێ‌هێـز و لاواز
منـــی ناتامـــادە و ناســـاز ؛ دامـــاو و رامـــاو و بـــێ‌واز
پەرتـــووکێکی ئـــاوا مەزن ؛ کە ونـیە و نمـــوونەی نەبـــن
نەنگ و هەڵەشی کەم هەبن ؛ بێ تۆ چۆن دەنووسرا بە من؟
ئەویـش لەمەڕ مەلای کـۆیە ؛ کە بـێ‌کومـان دۆسـتی تـۆیە
تەکپەرســـتی ســـەربەخۆیە ؛ کـوڕی کـوردی ڕەنـــجەڕۆیە
کەتۆ لەمنت خۆشتر دەوێ؛ چون تـۆی پەرسـت ڕۆژوشەوێ
یـاخوا بەر بەزەت کەوێ ؛ کـێ وەک وی بـێ لێـرە و لەوێ

گەنـد و گەڵاشـت نـاهەوێ ؛ تـۆ تۆپەرسـتی وات دەوێـو
هەرکەس کەوا تۆپەرسـتە؛ تەکپەرسـت و دڵ بەهەسـتە
هەر بە تۆپەرستیش مەستە ؛ لەبەنـدەگیت نـابێ خەسـتە
خـوایە لێـت دەپـاڕێمەوە ؛ تـا کـاتێ بـۆ لات دێـمەوە
لەو تەمەنەی بەڕێـمەوە ؛ هەرگیـز بێکـار نەخـولێمەوە
چی دەیکەم پەسندی تۆ بێ ؛ تاکوو هۆشم لەسەر خۆ بێ
نەگۆڕێ و هەروەکوو خۆ بێ ؛ دەبێ چاوم هەر لە تۆ بێ
زۆر زۆرم ماون کاری دیش؛لەو جیهانە پڕگاڵ(شغل)و ئیش
گەلێکم ئیش بوون وە ریش ؛ لە کەس داوا ناکەم ئەمیش
کەوایە ئەی یەزدانەکەم ؛ ئەی خـــودا مێهرەبـــانەکەم
تـــاکوو خـــوا نەکـــا وا نەکەم ؛ دەردم بە تـــو دەوا نەکەم
بۆ ئەنجامی ئەو کارانە؛ لەبۆ پەرا (خزمە ت)ی ئەو قورئانە
تـــاکوو مـــاوم لەو جیهـــانە ؛ بـــۆ خزمەتـــی ئەو کـــوردانە
خـودایە هەر خـۆت یارم بێ ؛ دەسگیر و یاری کارم بێ
دەرمـانی دڵەی بیمـارم بـێ ؛ لەو خەبـاتەم هاوکـارم بـێ
خوایە خۆت یارمەتیم بدەی ؛ ریسوای ئێرە ئەولام نەکەی
خۆت بمدەیەی چی پێم دەدەی ؛ ژێرباری بەندانم نەبەی
گومـانم لەوەیـدا نیـیە ؛هەرکەس خـودای لە لا نیـیە
هـیچ سـەرکەوتنێکی بـۆ نییە ؛ کە بـشبێ تـام و بـۆی نییە
بـێ هێـزی تـۆ نـاکرێ کـارێ ؛ بـێ ودمـت باران نابـارێ
بەفـریش لێی نـایەتە خـوارێ ؛ گـوڵ ناکـا هـیچ گیـا و دارێ
لە تـۆڕایە هەرچـی هێـزە ؛ کـێ تـو نەتـهەوێ بـێ ڕێـزە
بـێ تـۆ بـوون بـێتێـزە و پێـزە ؛ لە تـۆڕا چـی پێـزە و تێـزە
ئەی خـوایە تۆ خـوای هەمـووانی ؛ بۆ هەمـو زامـێ هەتـوانی

هەرچی بتهەوێ دەتوانی ؛ بە گورزی بیکەی بە جوانی
ئەی خودا چاک و پاکەکەم ؛ یەزدانە تەنیا و تاکەکەم
من هەر لە تۆ داوا دەکەم ؛ کە رووناک کەی رەوانەکەم
ئای چەندەم پێ خوشە خوایە ؛ وای چەندەشی تام تێدایە
بێژی گورزی خوای لە لایە ؛ سەربەرزیش هەر دەوەیدایە

مەهاباد سالی ٢٦٩١ کوردی

دوامین جاری پێداچوونەوەی ئەو پەڕتووکە لە مانگی گەلاوێژی ساڵی٢٦٩١ی کوردی رێکەوتی مانگی موردادی ١٣٧٨ی هەتاوی دابوو و دوامین چاو رێخشاندنەوەی لەشەوی یەکشەممۆ ٢٢ی رەزبەری ساڵی ٢٧٠١ کوردی (١٣٨٠/٧/٢٢) هەتاویدا بوو.

و صلی الله علی سیدنا محمد و علی آله و اصحابه و اتباعه
اجمعین و آخر دعوانا ان الحمد لله رب العالمین

ناوەڕۆک

٣تێبینی...٨
بەباڵا بڕین لە لایەن چاپەمەنی هیواوە.......................١٣
بە باڵا بڕین لە لایەن مامۆستا ئەسعەدییەوە....................١٥
بە باڵا بڕین لە لایەن مامۆستا ئەحمەدیانەوە ١٩
دیباچە ٢٣
خواناسی...٢٣
چۆن تۆ نیی ؟!..٢٦
مەلای کۆیی...٢٨
کوڵی دڵی مەلای کۆیی ٢٩
سەرەتا ٤٣
پێشەکی ٤٩
ژیواری کوردەواری..٥٨
کۆیە لە کوردستاندا ٦٥
راز زان و زار دار و رابەرە.....................................٦٨
حەماغای کۆیە..٧١
مزگەوتەکانی شاری کۆیە ٧٢
ئەو مزگەوتانەش هەر نەماون:...................................٨٤
گوندەکانی خۆرئاوای کۆیە بریتین لە:...........................٨٧
گوندەکانی خۆرئاوای کۆیە بریتین لە:...........................٨٨
بنەچەکەی مامۆستا کۆیی ٩٠
ناسنامەی مەلای کۆیی ١١٠
پەیام بۆ مەلا ١١٨

بەرنامەی مامۆستا کۆیی بۆ کوردان ١٣٥
تەشەر..١٤٨
تەکیە و خانەقا لە روانگەی مامۆستاوە......................١٥٤
خانەقا و تەکیە...١٥٨
تەکیە و خانەقا...١٦٣
مزگەوت...١٦٨
هیواداری مەلای کۆیی...................................١٧٢
هیواداری...١٧٤
بیرو باوەڕی جاهیلانی خەڵەتاو و مامۆستا کۆیی...............١٧٧
وەهابیگەری لە روانگەی مامۆستا کۆیی‌یەوە......................١٨٠
باوەڕی جاهیلانی نەخوێندەوار..............................١٨٤
سروودی تەکپەرەستی ١٩٢
روون کردنەوەیەک ١٩٥
بۆ خەلیفەیەکی ناخەلەف ١٩٧
ئامۆژگاری ١٩٩
ئامۆژگاری ٢٠٢
شێخ عەبدولکەریم..٢٠٥
مەمنوونی شێخ عەبدولکەریم................................٢٠٨
بیلێ و دەیلێم، مەیلێ و نایلێم...........................٢١٠
یەخە دادڕینی مامۆستا....................................٢١٦
روون کردنەوەیەک لە سەر هۆنراوەی شێخ رەزا ٢٢١
کورتەیەک لەژیانی سەرداری موسلمانی کورد سەلاحەددینی ئەییوبی ٢٢٨
بۆ ئاگاداری و هۆشیاری لاوان ٢٣٤
بۆ ئاگاداری و هۆشیاری لاوان ٢٤٠
شۆڕەژن ٢٤٣
دەروێش..٢٤٣
وەلامی شۆڕەژن...٢٤٦

لای لایەی دایک ٢٤٦
عیسا لە ئاسمان مەهدی لە ئاوبیر.............................. ٢٥٢
مەسەلەی عیسا لە روانگەی زانایانی ئیسلامەوە ٢٥٧
تەڵاق.. ٢٦٩
ژنی ژێر ٢٧٣
ژ نی کەر.. ٢٧٦
تەڵاق.. ٢٨٣
پارچە پەخشانێک سەبارەت بە ئەخشی ژن........................... ٢٨٦
ژنی باش.. ٢٩١
ژنی خەراپ ٢٩٢
ماموستاو گاندی، یا کورد و هیندی............................... ٢٩٣
من و گاندی ٢٩٧
روون کردنەوەیەک لەسەر گاندی................................... ٢٩٨
خۆزگەی ئیمامی رازی ٣٠١
روون کردنەوەیەک لە سەر بیروڕای رازی و بەسەرهاتی وی ٣٠٨
١. رازی ٣٠٨
٢ . تیرمیزی.. ٣١٥
٣. داره قوتتی ٣١٦
٤. ماتوریدی ٣١٧
٥. موعتەزیلە ٣١٧
تووڕە بوونی ماموستا ٣١٩
رێگای ئێوە ٣٢٤
هەواڵی کورد و کوردستان... ٣٢٦
روون کردنەوەیەک لەسەر ژیانی ماموستا شێخ مارفی نۆدێیی.......... ٣٥٣
ئەمین زەکی بەگ ٣٥٨
هەواڵی کورد و کوردستان.. ٣٦٩
شۆخی کوردی ٣٧٤

سۆفیایەتی ٣٧٨
هەناسە هەڵکێشان و پاڕانەوەی مامۆستا ٣٨٤
ئەم خاکە...٤٠٤
چەند ڕوون کردنەوەیەک..٤١٢
وڵاتی ئێمە ٤١٩
کێم ئەمن؟...٤٢٤
روون کردنەوەیەک لە سەرئەفغانستان ٤٣٩
پەیام بۆ ئەفغانستان...٤٤٣
روون کردنەوەیەک لەسەر ئەو زانا ناو براوانە ٤٤٩
سیبویە: ٤٤٩
خا لویە: ٤٤٩
مازنی:...٤٤٩
نفطویە:..٤٥٠
مامۆستای کۆیە و کانەکانی کوردستان ٤٥٣
چەند نموونە لە دراوەکانی سکەلێدراوی ساسانیان ٤٧٧
گەڕانەوە سەرباسی پێشوو: ٤٨٢
ژیانی وا بەئالام و بەمیحنەت ٤٨٤
بەدیل گیرانی شێخ مەحموود ٤٨٦
پەیمانەکانی دژی کوردو بۆ کورد لەزمان بێخاڵەوە ٤٨٨
ژیانی وا بە ئالام ٤٩١
شیوەن بۆ سەعد زەغلول ٤٩٣
سەعد زەغلول..٤٩٣
شیوەن بۆ سەعد زەغلول ٤٩٤
فێڵی شێخەکان ٤٩٨
وەزنی شێخان ٥٠٤
لاڵ بم بۆ نەتەوەی کورد ٥٠٦
عەشرەتی میراودەلی ٥١٣

چەند چوارینە لە مامۆستاوە........................ ٥١٦
بەزمی خانەقا و تەکیە ٥١٩
روون کردنەوەیەک لە سەر مزگەوتی زیان ٥٢٥
ناهومێدی........................ ٥٢٧
زەکات بۆ ئاغاوات........................٥٣٤
تا کەی لە غەمت!........................ ٥٣٩
چەند نموونەیەک لە خیرەت و مەردانەگی و زیرەکی مامۆستای کۆیی ٥٤٣
حوسێن حوزنی موکریانی........................٥٤٩
چەند نموونەیەک لە خیرەت و دلێری و بوێری مامۆستای کۆیی........................ ٥٥٦
ژیانی پڕ لە ژانی مامۆستا ٥٦٥
بۆ مەلای کویی........................ ٥٦٩
وتوویژ لەگەڵ یەکێک لە فەقێکانی مامۆستا ٥٧٣
نامەی یەکێک لە فەقێکانی مامۆستا........................ ٥٨٣
نامەکەی خۆم بۆ مامۆستا مەلا محەمەدئەمینی کانی مازوییی ٥٨٤
ئەوەش وەڵامی نامەی مامۆستا مەلا محەمەدئەمینی کانی مازوویی:........................ ٥٨٦
بۆلای جەنابی زۆرخۆشەویستم کاک مەلاحوسێن! ٥٨٦
بیروڕای زانایان لەبارەی مامۆستادا........................٥٩٠
بابامەردوخی رۆحانی ٦٠١
گۆشە یەکی دی لە ژیانی پڕ لە ژانی رامیاری و کۆمەڵایەتی مەلای گەورە...... ٦١٩
دیارییەکی بەنرخ لە مامۆستایەکی بەڕێزەوە........................ ٦٣٤
روون کردنەوەیەک لە سەر ژیانی مەلا محەمەد ئەمینی بیژوویی. ٦٤٨
نامەی مەلای کۆیە بۆ مەلا محەممەدئەمینی بیژۆوێ........................ ٦٥٢
نامەی میرزا ئەحمەدی ئەشکەیی بۆ خزمەت جەنابی مامۆستای کۆیە............ ٦٥٧
دەقی ئیجازەنامەی مەلای کۆیە بۆ مەلا سەعدی قەڵادزەیی........................ ٦٦١
روون کردنەوەیەک لەسەر ژیانی حاجی مەلا سەعدی کۆیی ٦٦٥
بیروڕای جەنابی حاجی مەلا سەعدی لەبارەی مامۆستای کۆیەدا ٦٦٧
فڕی فڕی قەل فڕی........................٦٦٩

کوڵی دڵی مەلای گەورەی کۆیی..٧٢٦

دەقی نامیلکەی فڕی فڕی قەل فڕی.. ٦٧١
دەردی دڵی مەلای کۆیی..٦٨٢
هاواری ئیسلام..٧١١
سوپاس لەسەر تەواو کردن..٧١٥
ناوەڕۆک.. ٧٢١

هەتا دەمرم لە بۆ کوردان دەناڵم

عیلاجیان چۆن بکەم هاوار بەماڵم

دەبێ من کەیفی چیم بە دنیا بێ

قەومی من وا ڕەزیل و ڕیسوا بێ

بێکەس و بێدەرو فەقیر و هەژار

بێ سەروسەرفراز و بێ سەردار

ئەوی ڕێگەی لە کوردان گۆڕێ

لە عیززەتی خودا لەحەدو گۆڕێ

مەلای گەورە

نوسینگەی تەفسیر

هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر ئوتێلی شیرین پالاس
ت: 2230908 - 2221695- 2518138
مۆبایل: 07701387291 - 07504605122

www.al-tafseer.com
E-mail: tafseeroffice@yahoo.com
altafseer@hotmail.com